تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

د. ئەلبێرت عیسا

خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی

لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی لەسەر بەعسی عێراقی

2004

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

د. ئەلبێرت عیسا

خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی

لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی لەسەر بەعسی عێراقی

٢٠٠٤

پێشکەشە
بەمیللەتی کوردو هەموو مرۆڤێکی دیموکرات

ناوی کتێب: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی

نووسەر: د. ئەلبێرت عیسا

نەخشەسازی و بەرگ: هونەر وەهبی

تایپ: ئەمیرە، سازان، نەهرۆ، نیاز، شاناز

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپخانە: چاپخانەی روون

ژمارەی سپاردنی (٧٠٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

پەیڤێک

کاتێك کە لە کۆتایی ساڵی حەفتا لەکۆلێژی زانستە رامیاریەکانی زانکۆی تۆرینۆ لەئیتالیا خوێندکار بووم، چەند وانەیەك لەسەر نەسیۆنالیزم و فاشیزمی ئیتالی دەوترایەوە. لەو ساتانەدا بنچینە فەلسەفیەکانو رەفتاری سیاسی بەعسم بیر دەکەوتەوە، بە تایبەتی لە بواری گەڕانەوە بۆ رابردو وشانازی بێ هاوتا بە نەتەوەو پەرستنی سەرۆك و بە دەزگایی کردنی توندو تیژی. ساڵانی پاش دەرچونم لە زانکۆ، ئەم کێشەیەم پشت گوێ نەخستو دواییش لەکۆلێژی زانستی سیاسی لە ستراسبورگ(فەرەنسا) بابەتی لەیەکچونم لەنێوان بەعسو فاشیزمی مێژویی بۆ تێزی دکتۆراکەم هەڵبژارد.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بریتیە لەفراوان کردنو نوێ کرنەوەی بابەتی دکتۆراکەم، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتنی دیاردەی بەعسی لەرێگەی شیکردنەوەی ئەدەبیاتی فەلسەفیو سیاسی فاشیزمی مێژوییەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە تەقەللایەکی نوێ یە بۆ دۆزینەوەی تەریبیو لەیەکچون. هیچ ترسێکی ئەکادیمیو پیشەییو ئەخلاقیم نییە ئەگەر پێ لەسەرئەوە داگرم کەفەزڵی ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردکاریە دەگەڕێتەوە بۆ نوسەر کە بۆ یەکەم جارو بەشێوەیەکی سیستێماتیك توانیویەتی ئەم تەریبیە لەنێوان بەعسو فاشیزمی مێژویی نەسیۆنالیست بدۆزێتەوە. بەم بۆنەیەوە دەتوانم بڵێم کەئەوەندەی بزانم هەتا ئەمڕۆ هەوڵێکی سیستێماتیك لەم بوارەدا نەدراوە چ لەجیهانی کوردو خۆرهەلاتیدا، چ لەجیهانی خۆرئاواییدا. ئومێدەوارم لێکۆڵەرو توێژەران کێشەی ترسناکترین دیاردە پشت گوێ نەخەن و هێشتا زۆر درەگ نییە بۆ ئەم تێگەیشتنە.

وابزانم ئەرکێکی سیاسیو ئەکادیمیو ئەخلاقییە کە بەتایبەتی سیاسەتمەدارو رۆشنبیرو توێژەری کورد خۆیان سەر قاڵ بکەن بۆ خوێندنەوەی دیاردەی بەعسی کەساماناکترین دیاردەیە لەسەرجەم مێژووی مرۆڤایەتیدا. کاتێك فاشیزمی ئیتالیو ناسیۆنالسیزم هاتنە سەر حوکم، هەر لەساڵانی یەکەمەوە رۆشنبیرو توێژەری ئەورووپیو ئەمریکی زانستیانە کەوتنە دراسەت کردنیانو پەردەیان هەڵماڵی لەسەر مەرامیان لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی ئەو ماکە فەلسەفیو سیاسیانەی کەسیستێمەکەیان راگرتووە. لەبەر رۆشنایی ئەم شیکردنەوە زانستیانە، میللەتەکانیان هەڵسان بەهێرش بردنەسەر رژێمەکانیانو بەرگری کردن دژی خۆ سەپاندنی تۆتالیتاری.

د. ئەلبێرت عیسا

پێشەکی

لەوە دەچێت کەئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانــەی کەتائێستا بــە جێـهێنراون لەسـەر ئایدیۆلۆژیای بەعس، نەیانتوانیبێ وەڵامی پرسیارێکی ئاسان بەڵام بنچینەیی بدەنەوە: سروشتی ئایدۆلۆژیای بەعس لەچی پێکهاتوە؟ مێژونوسو سیاسەتمەدارو کۆمـەڵناسو رۆژنامەنوسو پسپۆڕانی فەلسەفەی سیاسـی، زۆریـان لەسـەر ئایدیۆلۆژیـای بـەعس نوسـیوە، بـەڵام بەداخـەوە بەشـێوەیەکی زۆر دروسـتکراوو روکـەش ئـەم دیاردەیـەیان شیکردۆتەوە، چونکە بەزۆری هەوڵیان داوە بیخەنە ناو چوارچێوەی گوزارشتێکی ساکار لەعەقیدەی ناسیۆنالیزمی دژ بە "ئیمپریالیزم". لـەجیاتی ئـەوەی لێکۆڵینـەوەکانیان ملکەچ پێ بکەن بـۆ مێتۆدێکـی شـیکاریانە کـەتوانای دۆزینـەوەی پەیوەندیـەکانی لەنێوان ماکە ئایدیۆلۆژیەکان هەبێت، هەڵساون بەپێشکەشکردنی ئەم ئایدیۆلۆژیایـە وەك بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی ئاسایی کە لەبارودۆخێکی دژوارسـەرچاوە دەگـرێ و بەشوێن ناسنامەیەکی (هویة) ناسیۆنال دەگەڕێو لەبـەر ئـەوە بـەیاغی سەربەسـتیو ئازادی دژ بە ئیمپێریالیزمی بەرزکردۆتەوە. لەبەر ئەم هۆیە، بەعس وەك ئایدیۆلۆژیـاو وەك فۆرمی حوکم، بەشێوەیەکی چەوتو نازانستیانە شیکراوەتەوە. دەتوانرێ، زۆرجـار، پرسیارێکی رەوا بکرێ سەبارەت بەوەی کەچۆن تائێسـتا رۆشـنبیران و سیاسـەتمەداران (بەتایبەتی کورد ئەمجا عەرەب) نـەیانتوانیوە پـەردە لـەڕوی دیاردەیـەکی وائاشـکراو لەهەمان کاتدا ترسـناك هـەڵماڵن. چـۆن سەرسـوڕهێنەر نـەبێ کـەزیاتر لەچارەکـە سەدەیەکە ئەنجامدانی سێ جەنگو هەڵمەتی لـەناوبردنی میللـەتی کـوردو کوشـتنو بڕینی هاوولاتیانی عیراقی، سەرنجی ئەوانی رانەکێشا بکەونە هەڵسەنگاندنی سروشتی ئەو ئێلێمێنتە فەلسەفیانەی کەجوڵێنـەری رەفتـاری سیاسـی رژێمـی عـیراقی بـوون.

چونکە، بۆ ئەوەی بتوانرێ پەردە لەڕوی هەڵسوکەوتی سیاسی رژێمێك هەڵماڵرێ، پێویستە بەشێوەیەکی ئیمپێرەتیڤو پێش هەموو شتێك تێگەیشتن هەبێ سەبارەت بەجەوهەرو سروشتی ئەو ماکە پێکهێنەرانەی کەسیستەمی بیرو باوەڕ رادەگرن. مۆنتسکیۆ (١٦٨٩-١٧٥٥) یەکەم نوسەر بوو کەپاش ئیفلاتونو ئەرسیتۆتالیس، توانی حکومەت لەسەر بناغەی سروشتو پرنسیپ جیابکاتەوە.

مۆنتسکیۆ دەڵێ کەیاسا لەسەر سروشتو پرینسیپی حکومەت دەوەستێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی لەسروشتو پرینسیپی حکومەت تێبگەین، پێویستە بزانین مەبەست لەیاسا چی یە؟ بەلای مۆنتسکیۆوە، یاسا ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە کەدەوەستنەوە سەر سروشتی شتەکان. بەم واتایە، هەموو بونێك یاسای خۆی هەیە: جیهانی مادی، مرۆڤ، ئاژەڵو زیرەکی مەزن یاسای خۆیان هەیە [١].

بەبەردەوامی، مرۆڤ روو لەیاسا هەڵدەماڵێو ئەو یاسایانەی کەخۆی دایناون لەپێناوی رێکخستنی خۆی دەیانگۆڕێ. مۆنتسکیۆ دوو جۆر لەیاسا جیادەکاتەوە: یاسای سروشتیو یاسای پۆزەتیڤ. یاسای سروشتی لەئەنجامی زنجیرەیەك لەهۆکار دێتەکایەوە کەپەیوەندی بە پێویستی بەئاشتیو ئارامیو خۆراكو بەکۆمەڵایەتی بون هەیە. یاسای پۆزەتیڤ بریتییە لەوەی کاتێك مرۆڤ لەگەڵ هاوجۆری خۆی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵ یەك دەگرێ، پێویستی بەبونی دەسەڵات، واتا حکومەت دەبێ. لەم دۆخەدا، ئەندامانی کۆمەڵ پێویستیان بەیاسای پۆزەتیڤ هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندی حوکمکارو حوکمکراو رێکبخات. ئەم پەیوەندیە پێی دەوترێ مافی سیاسی. لەخوێندنەوەی مۆنتسکیۆ بۆ ئیفلاتونو ئەریستۆتالیس، دەردەکەوێ کە بەڕای فەیلەسوفی فەرەنسی حوکم نابێ بخرێتە ژێر دەسەڵاتی تاکێك. بەبۆچونی مۆنتسیکۆ، بیرکردنەوە لەدانی حوکم بەتاکێك وەك باوك بۆکۆمەڵ شتێکی هەڵەیە. بەم بۆنەیەوە دەڵێ هەندێك وادەزانن کە لەکاتی دروستبونی حکومەتدا، سروشت وای کردوە کە دەبێ دەسەڵات بخرێتە ژێر دەستی تاکێك، چونکە دەسەڵاتی باوك گونجاوترە لەدەسەڵاتی زۆرینە. بەڵام نمونەی دەسەڵاتی باوکایەتی هیچ شتێك ناهێنێتە دی چونکە ئەگەر باوك

بمرێ، براکانی دەسەڵات دەگرنە دەستو ئەگەر ئەوانیش نەمان کوڕی مامەکان ئەوکارەدەکەن. بەم شێوەیە، دەسەڵاتی سیاسی دەچێتە ژێر دەستی خێزانێکەوەو ئەمەش لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا گونجاو نییە. بەڵام ئەو حکومەتەی کەگونجاوترە لەگەڵ سروشت، بریتییە لەحکومەتی میللەت کە یاساکانی لەمیللەتەوە سەرچاوە دەگرن. لێرەوە، مۆنتسکیۆ دەست دەکات بەشیکردنەوەی سروشتو پرنسیپی حکومەت چونکە کاتێك باس لەیاساکان دەکرێ دەبێ بزانرێ کە ئەم یاسایانە پەیوەندیان بەسروشتو پرنسیپی حکومەتەوە هەیە [٢].

بەم بۆنەیەوە، مۆنتسکیۆ سێ جۆر لەحکومەت جیادەکاتەوە:١- حکومەتی دیموکراتی٢- حکومەتی پادشایەتی ٣- حکومەتی ستەمکار. حکومەتی دیموکراتی ئەو حکومەتەیە کەمیللەت یان بەشێك لێی خاوەنی سەروەری مەزنە. حکومەتی پادشایەتی ئەو حکومەتەیە کەتاکە کەسێك دەیبا بەڕێوە بەڵام بەگوێرەی یاسای جێگیرو نوسراو. لەحکومەتی ستەمکاردا، تاکە کەسێك حوکم دەکات بەبێ ئەوەی خۆی بەیاساو پەیڕەوەوە ببەستێتەوە. ئەم تاکە کەسە بەگوێرەی خواستو ویستو ئارەزوی خۆی رەفتار دەکات.

لەحکومەتی دیموکراتیدا، میللەت وەك پادشای لێدێت چونکە هاوکات حوکم دەکاتو حوکم دەکرێ. بەڵام مۆنستکیۆ ئەوەش تێبینی دەکات کەمیللەت نابێ بەپادشا ئەگەر توانای دەنگدانی نەبێو ویستی خۆی بەدەنگدان دەرنەبڕێ [٣].

میللەت کەسەروەری مەزنی هەیە، دەبێ کارێك نەکات کە بەباشی بۆی ناگەڕێتەوەو دەبێ ئەوانە هەڵبژێرێ کەمتمانەیان پێدەکاتو بەبێ ترس دەسەڵاتی خۆی بەوان ببەخشێ.

لەحکومەتی پادشایەتی. دەسەڵاتە ناوەندیەکان سروشتی ئەم جۆرە لەحوکم پێکدێنن. تاك سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسیو مەدەنیەو جەوهەری دەسەڵاتە ناوەندیەکان بریتیە لەخانەدانی (النبالة). خەسڵەتی تایبەتی پادشایەتی لەم چوارچێوەیەی خوارەوە بەدی دەکرێ: پادشا بونی نییە بەبێ خانەدانیو ئەمیش ناتوانێ

بونی هەبێ بەبێ پادشا. ئەگەر پادشایەك پشت نەبەستێ بەخانەدانیو ئـەمیش نـەبێ بەپاڵپشتی پادشا، ئەوا دەسەڵاتی تاكێك دێتە پێشەوەو سـەردەكەوێ [٤] . لـەم جـۆرە حكومـەتەدا، یاسا رۆڵی خۆی دەبینێو جەستەیەكی سیاسی هەڵدەستێ بەدانانی یاساو راپەڕاندنی.

دەبێ بوترێ كەمۆنتسكیۆ هوشیارە، بەرامبەر ئەوەی كەئەنجومەنی مـیر نابـێ ببـێ بەسەرچاوەی دانانی یاسا چونكە لەسروشتیدا بەو شێوەیە دروست بوە كەویستی كاتی میر رادەپەڕێنێ. پێویستە جەستەیەكی سیاسی هەبێت كـە لەمەسـەلەی یاسـادانانـدا رێزو پسپۆڕی هەبێت. هەر چۆنێك بێت، حكومـەتی میر بەبێ چوارچێوەیـەكی یاسـایی نابرێ بەڕێوە [٥] .

لەحكومـەتی ستەمكاردا، یاسا بونی نییەو سروشتەكەی وادەكات كـە ئـەو تاكـەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، هەست بكات خۆی هەموو شتێكەو ئەوانی دیكە هیچ نین.

ئەو جیاوازیانەی كە لەنێوان ئەم سـێ فۆرمـەدا بـەدی دەكرێـن، دەوەسـتنەوە سـەر سروشتو پرینسیپ. مۆنتسكیۆ دەڵێ كەحكومـەت "سروشـتەكەی ئەوەیـە وای لـێ دەكات كە وابێت"و پرنسیپەكەشی "ئەوەیـە كـە وای لـێ دەكـات رەفتـار بكـات". سروشتی حكومـەتێك، بریتیە لە "پێكهاتە تایبەتیەكـەی"و "پرینسیپەكەشـی" ئـەو حاڵەتە عاتفیانەن "كەدەیخەنە جوڵانەوە" [٦] .

پرینسیپی ئەم سێ فۆرمە چـی یـە؟ پرینسـیپی حكومـەتی دیموكراتـی پێكـهاتوە لەهێزی یاساو فەزیلەو [٧] پرنسیپی پادشایەتیش پێكهاتوە لە "شەرەف" كەسـەرجەم لایەنەكانی ژیانی سیاسی دەگرێتەوەو پرنسیپی ستەمكاریش پێكهاتوە لـە "تـرس" . لەحكومەتی سـتەمكاردا هاووڵاتیـان لـەچوارچێوەی كۆیلایـەتیدا یەكسـانن‌و تـاكی ستەمكاریش خۆی بەسەركەوتو دادەنێ لەچاوشـۆڕكردنی (تحقیر) ژیـانی هاووڵاتیـانو هێزەكەی پێكهاتوە لەسەركوت كردنی خەڵكی. ئەو كەسانەی كەرێزی خۆیـان دەگـرن مەترسی دەخولقێنن بۆ میری ستەمكار. لەبەر ئەوە پێویسـتە كـە "تـرس" غیرەتیـان نەهێڵێو هەستی ئارەزویان (طموح) دامركێنـێ. لەحكومـەتی سـتەمكاردا، كـاتێك

میری ستەمکار ئاگاداری خۆی نابێ "پەت شل دەکاتەوە"، دەتوانرێ لەناو ببرێ چونکە بەنەمانی ترس میللەت لـێی هەڵدەگەڕێتەوەو لەناوی دەبات.

مۆنتسکیۆ هێما بۆ ئەوە دەکات کـە "نـاتوانین لـەرز نـەمانگرێ کـاتێ بـاس لـەم حکومەتـە ترسـناکە دەکـرێ" . حکومـەتی سـتەمکار، سروشـتەکەی واداوا دەکـات کەملکەچی رەها هەبێت بۆ ویستی مـیرو هیـچ هەڵوێسـتی مامنـاوەندیو مناقشـە کردنو ئیحتتاج (احتجاج) بەرامبەر ئەو کەسەی کە تەنها "دەیەوێ" پەسەند نـاکرێ. لەحکومەتی ستەمکاردا، میللەت ملکەچی دەکاتو میر دەیەوێو ئەندامانی کۆمـەڵ وەك ئاژەڵ لەقەوارەی "غەریزەی ملکەچیو سزا وەرگرتن" هەڵسـوکەوت دەکـەن. لـەم جۆرە حکومەتەدا بێ کەڵکە ئەندامی کۆمەڵ بەگوێرەی هەستی سروشتی خۆی رەفتار بکات. هیچ رێزێك بۆ باوك، ژن ، منـداڵ یـان بـۆ یاسـای شـەرەف یـان بـۆ حاڵـەتی تەندروستی بونی نییە. گرنگ ئەوەیە کە ئەندامانی کۆمەڵ فەرمانیان پێکراوەو هـەر ئەوەندەو هیچیکە نا [٨] . ملکەچی رەها داوا دەکات کە ئەوەی ملکەچ دەبـێو ئـەوەی خەڵکی ملکەچ پێ دەکات دەبێ نـەزان بـن. هیـچ بوارێـك نییـە بـۆ مناقشـە کـردن لەپێناوی گەیشتنە بڕیارێك. هیچ بوارێك نییە بۆ گومانکردن، بۆ بیرکردنـەوە. ئـەوەی کە دەبێ رەچاو بکرێ بریتییە لە "ویست" (واتا ویستی میر).

لەحکومەتی ستەمکاردا، کاری یاساو دەزگاکانی پەروەردە بریتیە لەوەی ترس بخاتـە دڵـی هاوولاتیـان چونکـە زانسـتو پێشـبڕکێ خەتـەرناکن بـۆ مانـەوەی حکومـەتی ستەمکار. لەم جۆرە حکومەتەدا ، کاتێك، شتێك دەدرێ بەهاوولاتی، هەموو شـتەکانی دیکەی لـێ دەسێنرێتەوەو دەسـت دەکـرێ بـەخولقاندنی دەسـتو پێوەندێکـی خـراپ لەپێناوی دروستکردنی کۆیلەیەکی باش [٩] .

پرینسیپی حکومەتی ستەمکارو زەبرو زەنگ کە بریتییە لە "ترس"، بۆ میللـەتانی شەرمنو نەزانو سـەرکوتکراو دەلـوێ کـە پێویسـتیان بـە یاسـای زۆر نییـە. هـێزی حکومەتی ستەمکار لەدەوڵەتەوە سەرچاوە ناگرێ بەڵکو لەلەشکر سەرچاوە دەگرێ کە

دامەزرێنەریەتی‌و ئەم حکومەتە ئەگەر بیەوێ بەرگری لەدەوڵەت بکات پێویستی بەهێشتنەوەی لەشکر هەیە کەئامرازێکی گرنگە بۆ هێشتنەوەی میر [١٠].

جگە لەم تێبینیە مەزنانەش، مۆنتسکیۆ جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کەپرنسیپی حکومەتی ستەمکار بەبەردەوامی توشی گەندەڵی دەبێت چونکە سروشتەکەی لەبناغەدا بۆگەنەوکاتێك پرنسیپەکەی بۆگەن دەکات، باشترین یاسا سیمای یاسای خراپ وەردەگرێ‌و دژی دەوڵەت هەڵدەگەڕێتەوە [١١].

ئەم گەندەڵیە سەرجەم پێکهاتە سایکۆلۆژی‌و سیاسیەکان دەگرێتەوەو وا دەکات یاسا لەگۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هیچ رۆڵێکی نەمێنێ. پەیوەندیەکان دەبن بەپەیوەندی نێوان تاکە کەسەکان‌و، سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ یەکسان دەبن نەك بەرامبەر یاسا بەڵکو بەرامبەر میر کەبەگوێرەی خواست‌و ئارەزوی خۆی رەفتار دەکات.

ئاماژە بەوەی کە تائێستا هێڵمان بەژێردا هێناوە، دەتوانین بڵێین کە لەرێگەی مێتۆدۆلۆژی مۆنتسکیۆوە سەبارەت بەسروشت‌و پرنسیپی حکومەت، دەتوانین لەئایدۆلۆژیای بەعس‌و وەفتاری سەدام حوسەین تێبگەین. لەسەر ئەم بناغەیە، دەتوانین ئایدۆلۆژیای بەعس شیبکەینەوەو وردی بکەینەوەو ماکە پێکهێنەرەکانی دیراسەت بکەین‌و لۆژیك و"ستروکتورە تایبەتیەکەی" تێبگەین‌و روهەڵماڵین لەو بنچینە مۆرفۆلۆژی‌و فەلسەفیانەی کە بەعسیان راگرتوە.

لەراستیدا، ئایدۆلۆژیای بەعس ناتوانرێ بخرێتە ریزی ئایدۆلۆژیا سیاسیەکانی دیکە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست‌و رژێمی بەعس کەبەرهەمی راستەوخۆی ئەم جیهانبینیەیە ناکرێ وەك سیستەمێکی سیاسی ئاسایی تەماشا بکرێ، سەدام حوسەینیش ناکرێ بخرێتە ناو چوارچێوەی ناونانی (تسمیە) نەریتی (تەقلیدی) وەك دکتاتۆرەوە.

"سروشتی" ئایدیۆلۆژیای حکومەتی بەعس چییە؟ ئایا سەدام حوسەین دەچێتە ناو چوارچێوەی کام جۆر لەدکتاتۆرەوە؟ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، دکتاتۆرو دەسەڵاتخوازو ئۆتۆکرات‌و حاکمی رەها هەمیشە بونیان هەبوەو بۆهەزارەهاساڵیش چەند جۆرێ لەحکومەت هەبوە لەژێر ناوی جیاواز جیاوازدا: دیکتاتۆریەت، ئۆتۆکراسیەت، رژێمی

ڕەها، ڕژێمی ستەمکار، پادشایەتی ڕەها...هتد. ئەمانە هەموویان بونیان هەبووەو دەستوپێوەندیان ملکەچ کردوە. پادشاو میری ڕژێمە ئۆتۆکراسیەکانی ڕابردوو ڕژێمە ستەمکارەکانی ڕۆژهەلاتو مێزۆپۆتامیاو میسرو یۆنانی کۆنو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی...هتد. بەناوی یەزدان حوکمیان کردوەو دژی کۆمەڵ ڕەفتاریان کردوە. حوکمی ڕەهای پادشایەتی لەئەورووپای نوێ، دەسەڵاتی کاتیو مادی خۆیان سەپاندوە. ڕژێمە سەربازیەکانی ئەمریکای لاتینیو ڕۆژهەلاتو ئەفریقیا بەردەوام بون لەمومارەسەکردنی دەسەڵاتی نێگەتیڤ. ئایا بەعس دەچێتە ناو چوارچێوەی هەمان ئەمانەی باسی لێ دەکەین؟ نەخێر. چونکە بەعس بەرهەمی ئایدۆلۆژیایەکە کەلە "سروشتیدا" دەچێتەوە ناو قەوارەی ئەو فۆرمە تازانەی تۆتالیتاریزم کەپیشەیان فابریکە کردنی مرۆڤەو کاری ڕۆژانەیان بریتییە لەگرموڵەکردنی مرۆڤ لەناو تەواوی ئایدۆلۆژیای ڕەسمی [١٢]. بەعس کەسەرکردایەتی دەکرا لەلایەن سەدام حوسەینەوە، هەر لەخۆیەوە نەبوو بەحکومەتێکی تۆتالیتار. هەروەك ڕایمۆن ئارۆن Raymond Aron هێمای بۆ دەکات، حکومەتێك لەخۆیەوە نابێ بەتۆتالیتار لەژێر تەوژمی هەندێ بارودۆخی تایبەتی. حکومەتێك دەبێ بەتۆتالیتار لەسەر بناغەی "مەبەستێکی ئەسلیو ویستێکی ئایدۆلۆژی بۆ بەدیهێنانی گۆڕانێکی بنەڕەتی بارودۆخی حازر" [١٣]. حکومەتی بەعس لە "سروشتو پرنسیپدا" تۆتالیتارە. حکومەتی بەعس ڕەنگدانەوەی ناخی سیستەمێکە لەبیروباوەڕ کە لەزۆر لایەنەوە لەوەی فاشیزمی مێژوویی دەکات. ئەم لێکچونە وامان لێدەکات بڵێین کەئایدۆلۆژییای بەعس هەوڵدانێکە بۆ نوێکردنەوەی فاشیزمی مێژوویی لەسەر بنچینەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و پەرستنی سەرۆك.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەباسکردنی ژیانی میشێل عەفلەقو مێژووی دامەزراندنی حیزبی بەعس دەست پێدەکات. خوێنەر تێبینی دەکات کەمیشێل عەفلەق لەنێوان ١٩٢٨-١٩٣٢ دیسیپلینی مێژووی لەئەوروپا خوێندوەو لەساڵی١٩٣٣ گەڕاوەتەوە سوریاو لەگەڵ (صلاح الدين البيطارو زكي الارسوزي) حیزبی بەعسی دامەزراندوەو

رۆڵێکی گەورەی بینیوەو لەبڵاوکردنەوەی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی توندوتیژ. پاشان هەوڵدەدرێ باسی مێژووی حیزبی بەعس و دامەزراندنی لەعیراقدا بکرێ. خوێنەر تێبینی دەکات کە لەژینگەیەکی توندوتیژ ئایدۆلۆژیایەکی توندوتیژ رادەپەرێنرێ. حیزبی بەعس کەدووجار دێتە سەرحوکم دەبێ بەحیزبی جەماوەر بەواتا تۆتالیتارەکەی و بەتایبەتی پاش ساڵی ١٩٧٩ دەبێ بەداردەستێك لەژێر دەستی سەدام حوسەین و ئەمیش لەرێگەی پەیوەندی خزموکەس وکارو دام و دەزگای نهێنی و توندوتیژ مۆنۆپۆلی دەسەڵاتی دەبێ. پاش شیکردنەوەیەکی سیاسی و مێژوویی، هەوڵدەدرێ قەوارەی ئایدیۆلۆژیای بەعس پێناسە بکرێ. لەشیکردنەوەی "سێ کۆچکەی پیرۆز" (الثالوث المقدس)[١٤] هەروەك چۆن لەساڵانی حەفتادا رۆشنبیرانی عیراق ئاماژەیان بۆ دەکرد بەمەبەستی پیرۆزاندنی دروشمی بەعسی، وحدة، حریة، اشتراکیة، دەردەکەوێ کەگرنگترین ماکی ئەم سێ کۆچکەیە بریتیە لەیەکێتی(الوحدة) چونکە رەنگدانەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیە. کاتێك کەخواستی خۆی بۆ یەکگرتنەوەی نیشتمانی عەرەب تەنها لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا دەردەبرێ ، ئایدۆلۆژیای بەعسی، ناسیۆنالیزم دەکاتە سومبولی کۆکردنەوەی نەتەوەی عەرەب. پرۆسەی یەکگرتنی ناسیۆنال دەیەوێ سەرجەم ئەندامانی عەرەب و گروپە ئیتنیکی و ئاینیەکان بتوێنێتەوە لەناو هەستی ناسیۆنالیزم کەدادەنرێ بە جوڵێنەری هێزی خەبات بۆ یەکیەتی. پاش بنیادنانی یەکێتی، بەعس دەیەوێ ئازادی(الحریة) بەدی بێنێ. بەڵام ئازادی ناسیۆنال مەرجێکی پێویستە بۆ ئازادی تاك. ئازادی گشت پێش ئازادی بەشەکان دێت، چونکە ئەرکی نەتەوەی عەرەب پێش هەموو شتێك بریتیە لەخەبات دژی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم کەنەهی دەکەن لەیەکێتی عەرەب و بەرپرسی مێژویین بەرامبەر دابەشبونی نیشتمانی عەرەب. لەبەر ئەوە نەتەوەی عەرەب بۆ ئازادی سەرجەم میللەت و ئاین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان کە لەناو نیشتمانی عەرەبدا دەژین خەبات دەکات. لەبەرئەمە، بەشەکان ناتوانن و نابێ خۆیان بکەنەوە لەخەبات بۆ ئازادی. بەشەکان بریتین لەچەند "سیتەمێکی لاوەکی"

کەهەموو پێکەوە کۆیەکی سیستەمیی دروست دەکەن بۆ خەبات لەپێناوی رزگار بوون لەداپلۆسینی(القمع) ئیمپیریالی.

تەواوکەری یەکێتیو ئازادی بریتییە لەپرینسیپی سۆسیالیزم کە پێش هەموو شتێك پێکهاتوە لەهێزێکی رۆحی، واتە کاتێك لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا یەك دەگرێ، هێزێکی گەورە دەخولقێنێ بۆ یەکگرتنی کۆمەڵایەتی. سۆسیالیزم بریتیە لەئامرازێك کەهەستی ناسیۆنالیزم پتەودەکاتو دەبێ بەهۆکارێکی بنەڕەتی بۆ ژیانەوەی (بعث) ناسیۆنالیزمی عەرەبی. سۆسیالیزمی بەعسی نەمارکسیەو نەقەوارەیەکی چاکسازی (ریفۆریست) تێدا هەیە، بەڵکو هاوکات ناسیۆنالو شۆڕشگێڕە. سۆسیالیزمی بەعسی سەرمایەداری ڕەتدەکاتەوە چونکە نوێنەرایەتی ئیمپیریالیزم دەکاتو سۆسیالیزمی خۆرئاوایی پەسەند ناکات چونکە خزمەتی لیبرالیزمو تاکەگەری(individualism)دەکاتو کۆمۆنیزمیش پەسەند ناکات چونکە خزمەتی ئینتەرناسیۆنالیزم دەکات کەنەهی لەبونی کۆمەڵگەی ناسیۆنالو بەش بەشی دەکات.

خوێنەر تێبینی دەکات کەداواکاریەکانی بەعس بۆ بەدیهێنانی یەکێتی ناسیۆنال لەسەر بنچینەی گەڕانەوە بۆ رابوردوو تێکەڵکردنی ناسیۆنالیزم لەگەڵ سۆسیالیزمدا، چوارچێوەی ناسیۆنال سۆسیالیزمان بیر دەخاتەوە. ئەوەش واناسراوە کەدامەزرێنەرانی بەعس، میشێل عەفلەقو زەکی الارسوزیو صلاح الدین البیطار کاریگەری ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیو بیری فیختەیان زۆر بەسەرەوەیە. ئەوەش ئاشکرایە کەعەفلەقو البیطار کاتێك لەسەردەمی فاشیزمدا بەپەرۆشەوە نیتچەیان خویندۆتەوە دان بەوەدا دەنێن کە لەسالانی١٩٢٩-١٩٣٤ نیتچە نوێنەرایەتی "یەکێتی رۆحی لەنێوان ئەڵمانیو عەرەبدا دەکرد "[١٥]. بەڵام تەنها لەبەرئەوە نیە کەدەمانەوێ ئەو تەریبە بدۆزینەوە لەنێوان بەعسو ناسیۆنال سۆسیالیزمدا. شێوازی ئایدۆلۆژیای بەعس سەبارەت بەکێشەی دەوڵەتو رۆڵی سەرۆك وەك زامنێك بۆیەکێتی ناسیۆنال بەتەواوی لەوەی ناسیۆنال سۆسیالیزم دەکات، هەروەها کاریگەری فاشیزمی ئیتاڵیش لەسەریان لەوەدا رەنگ دەداتەوە کەئایدیۆلۆژیای بەعس باوەڕبەوە دەکات کەیەکێتی ناوخۆ (واتا

ێوان ئەندامان) لەرێگەی دەوڵەتێکی تۆتالیتارەوە بەدی دەهێنرێ. هەروەك ناسیۆنال سۆسیالیزمو فاشیزمی ئیتالیی، بەعس باوەڕیەوە دەکات کەئەم دەوڵەتە دەبێ لەلایەن تەنها حیزبێکەوە بەڕێوەبرێو سەرۆکەکەش دەبێ بەرجەستەی ویستی ناسیۆنال بکات. هەروەها بەعس، فەلسەفەی هەڵسوکەوتی سیاسی لەسەر بناغەی خەباتو ووزەو هێرشو پاڵەوانیەتی بنیاد دەنێ لەناو قەوارەیەکدا کەرێگە بۆ توندوتیژیو زەبروزەنگ خۆش دەکات.

ئالەم فەلسەفەیەوە، لەم جیهانبینینەوە حکومەتی بەعس دروست دەبێ کەبەبێ هیچ گومانێك نەك تەنها مۆدێلێکە لەمۆدێلەکانی تۆتالیتاریزم [١٦]، بەڵکو حکومەتی بەربەریە یاخود دەوڵەتە دژ بەکۆمەڵ [١٧]. لەرووی تیۆری سیاسیو فەلسەفیەوە، ئایدۆلۆژیای بەعس زۆر تەریبی هەیە لەگەڵ ناسیۆنال سۆسیالیزمو فاشیزمی ئیتالی، بەڵام لەسەر ئاستی کردەوەو رەفتاری سیاسیشەوە کەمتر دڕندەو توندڕەو نییە. بەبێ ئەوەی بمانەوێ لەبەربەریەتی ناسیۆنال سۆسیالیزم کەم بکەینەوە، ناتوانین بەشێوەیەکی جیاواز تەماشای زەبروزەنگو وەحشیەتی بەعس بکەین. راستە نازییەت زیاتر لەشەش ملیۆن جولەکەی لەناوبرد هەر لەبەرئەوەی جولەکە بوون. بەڵام هەتا پێش جەنگی دوەمی جیهانی بەرنامەی پاکتاوی رەگەزی بە شێوەیەکی واخەست رانەپەڕێنرا. پێویستە خوێنەر بەهەڵە تێنەگات چونکە نامانەوێ نەڵێین کەوەحشیەتی نازیو هەڵسوکەوتی رەگەز پەرستانەی دژی جولەکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بێ هاوتانیە. بەڵام وەحشیەتی بەعسی عیراقیش، لەهەڵسوکەوتی رەگەزپەرستانەی دژی میللەتی کورد، ئەمیش بێهاوتا بوو لەمێژووی نوێو هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا. بەعسی عیراقیش ١٨٢ هەزار کوردی لەناوبردو هەزارەها کەسی بێ شوێنو رێکردو چەکی کیمیاوی بەکارهێنا بۆئەوەی بەچەند چرکەیەك هەزارەها کورد بکوژێو هاوردەی عەرەبی هێناو جێگیری کردن لەناوچە جیاوازەکانی کوردستانو هەزارەها خێزانی کوردی بۆ ناوچەکانی خوارووی عیراقی عەرەبی راگواست و سەدەها ئۆردوگای زۆرە ملێی کردەوە لەپێناوی سڕینەوەو کوشتنی پێکهاتەی سایکۆلۆژی کوردیو هەزارەها شارۆچکەو

لادێی کوردستانی لەسەر نەخشەی جوگرافی سڕیەوەو هەزارەها کوردی لەم لاو لەولا کوشتو. . . هتد. هەر وەك ناسیۆنال سۆسیالیزم کەبەگوێرەی نەخشەی ئایدۆلۆژی جولەکەی لەناو دەبرد هەر لەبەر ئەوەی جولەکە بوون، هەروەها بەعسیش بەگوێرەی نەخشەی ئایدۆلۆژی کوردی لەناو دەبرد هەر لەبەر ئەوەی کورد بوون. ئامێری زەبروزەنگو وەحشیەت دەبێ بەشتێکی ترسناك کاتێك دەوەستێتەوە سەر بنچینەیەکی ئایدۆلۆژیو فەلسەفەیی، کاتێك ئەم بنچینە ئایدۆلۆژیو فەلسەفیە لەپێشدا دەبێ بەپاڵ پشتێك بۆ ئەم ئامێرە، کاتێك تیۆریو پراکتیك، فەلسەفەو کردەوە، ئایدۆلۆژیاو رەفتار یەك دەگرنەوە. لەبەرئەم هۆیەیە کەدەڵێن :

ناسیۆنال سۆسیالیزم و بەعس دوو دیاردەی بێ هاوتان لەمێژوی مروڤایەتیدا. سەرسورهێنەرە کەدوودیاردە لەدوو ناوچەی جوگرافیو دووکولتورو ژینگەی سیاسیو دووسەردەمی جیاواز لەدایك دەبن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەزۆر لایەنەوە ئێلێمێنتە فەلسەفیو ئایدۆلۆژیەکانیان لەیەك دەکەن، هەمان شێوازی سیاسی بەکار دێنن و بەهەمان شێوە رەفتار دەکەن. ئەڵمانیای نازی لەساڵی١٩٣٣ بنیادنرا لەسەر پاشماوەی ئەڵمانیای ڤایمەری دیموکراسی، ئەو ئەڵمانیایەی کەهەرچۆنێك بێت لەساڵی١٩١٩ کۆماری سۆسیال دیموکراتی تێدا جێگیر بوبو، ئەو ئەڵمانیایەی کەئەزمونی دیموکراسی لانامۆ نەبوو سەرمایەداری لەمێژەوە تیایدا سەری هەڵدابو، ئەو ئەڵمانیایەی کەهیتلەر لەناویدا بەمیکانیزمی هەڵبژاردن دەسەلاتی گرتەدەست. چی بڵێین سەبارەت بەعیراقی بەعسی؟ عیراقی بەعسی لەسەر دەزگاکانی دەوڵەتی توندوتیژ، لەسەر مێژوی سیاسی توندوتیژ، لەسەر بیری سامی شەوکەتو ساطع الحصریء پادشایەکی عەرەب،کەعیراقی نەبوو و لەسەر ناسیۆنالیزمی پان عەرەب تێکەڵ بە عەقلیەتی تیرەگەریو لادێ، ئەمجا لەسەر رەفتاری سەدام حوسەین بنیادنرا. لەگەڵ جیاوازی سەردەمو ناوچەی جوگرافیو کولتورو ژینگەی سیاسی، دەتوانین بڵێن کەئەڵمانیای هیتلەری لەناو عیراقی سەدامدا بەرجەستە دەبێت. بەرجەستە دەبێت لەناو کۆمەڵێك کە لەسەر ئاستی پێکهاتەی سایکۆلۆژیو سایکۆسۆسیۆلۆژی زۆر جیاوازە. بەرجەستە

دەبێت لەناو ئەوکۆمەڵەی کەچەمکی میللەت تیایدا دەبێ بەکیانێك کە لەلایەن تاکێك دژی هەموو بەرگری لیّ دەکریّ.

سەدام حوسەین کێیە؟ ئەو کەسەیە کەهەرەشەی تیۆری میشێل عەفلەقی لەپراکتیکدا جێبەجێکرد. ئەو کەسەیە کەوەك بەرهەمی پوختی فەلسەفەی بەعس، وڵاتی عیراقی گۆڕی بۆ بارودۆخێکی "پێش سیاسەت" (prepolitical). لەچ کولتوورو کۆمەڵگەیەکدا پەیدا بوەوکاری دەکرد؟ لەوەی کەئیبن خەلدون پێی دەڵێ" البادیة" بەرامبەر" الحضارة " بەو واتایەی کەشار دانراوە وەك ناوەندی شارستانیەت، بەڵام شارستانیەت وەك بەرهەمی هاوکاری ئورگانێك (ئێمیل دورکایم Emile Durkheim) ناگونجێ لەگەڵ هاوکاری "البادیة" لەگەڵ "عەسەبیە"ی بەدەوی [١٨] کەتەنها خۆی مافی دانی دەسەڵاتی هەیەو دەتوانێ یەکگرتنی کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکات. بەم شێوەیە، شار ملکەچە بۆ دەسەڵاتی"عەسەبیە". بەعس بەهیچ شێوەیەك لەناو شار رەگی دانەکوتیبو و کادرو سەرکردە سیاسیەکانی نامۆ بوون بەکولتوری شار. بەعس بەشێوەی "باند" چوە ناو کۆمەڵگەی مەدەنیەوەو بەوشێوەیەش مایەوە[١٩]. کادێرە سیاسیەکانی بەعس ئەوانە بوون کە لەساڵی١٩٦٣ وە خەڵکیان ئەشکەنجەدەداو خەڵکیان دەکوشت یان مومارەسەی توندوتیژیان دەکردو ئەندام بوون لەجیهازی نهێنیو موخابەراتی بەعسی. لەو کولتورە هاتبون کەشانازی دەکات بەکوشتنو بڕین، کەبە دز دەڵێ "دواس اللیل"و بەپیاو کوژیش دەڵێ "رجل "[٢٠]، کەبەهاکانی توندوتیژی بەرز دەنرخێنێو نەزانیو نیفاقو حەسودیو کوشتنو بڕینو دزی بەچاوێکی پۆزەتیڤ تەماشا دەکات [٢١]. ئەگەر وانەبێت چۆن ئەم رەفتارەی خوارەوە لەنێوان زۆر رەفتاری دیکە پاساو دەکرێ: پیاوێك لەبەندیخانە دەردەکرێو بەپەت دەستو قاچو لەشی دەبەستنەوەو دەخرێتە ناو تابوتێکەوەو دواییش بەمشار تابوتەکە دەکرێ بەدوو بەشەوە یاخود بەدەستی رووت سەگێکی زیندو تا ئاستی مردن دەخنکێنرێ [٢٢].

سەرۆكی كۆماری عیراقیش خۆی لەچ ژینگەیەكەوە هاتبو؟ لەناو چوارچێوەی عەسەبیەی خەلدونی گەورە نەبوو؟ سەرجەم عەسەبیاتی ناوچەیی لەخۆی كۆنەدەكردەوە؟

سەدام، بەرهەمی پوختی ئایدۆلۆژیای بەعسی، ئەو كەسەبوو كەبەعسی كرد بەداردەستێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی خۆیو ئەندامانی خێزانە گەورەكەی. یاساو فۆرمی سیستەمی عەسەبیەی لەگەڵ دەزگای سیاسی دەوڵەت گونجان و نزم بووەوە بۆسەر ئاستی دۆزینەوەو دروستكردنی "سۆزی" بۆخۆی بەم شێوەیەی خوارەوەش رەفتار لەگەڵ هاولاتیان بكات:

سەرۆك: "میخائیل، دایكت خەڵكی كوێیە"؟

هاولاتی: " خەڵكی كاظمیة". یە

سەرۆك:"لەوانەیە باوكم سەردانی (كاظمیة)ی كردبێو چاوی بەدایكت كەوتبێ. ئەمە شەرحی لێكچوونمان دەكات" (٢٣).

هەروەك مۆنتسكیۆ دەڵێ لەشیكردنەوەی سروشتو پرنیسیپی حكومەتی ستەم كار، پیاو مەخلوقێكە كەملكەچی دەكات بۆ مەخلوقێك كەدەیەوێ. بەم شێوەیە هاوولاتی لەناو حكومەتی بەعسیدا، ئەو كەسەبووكەملكەچی دەكرد بۆسەرۆك كەدەیویست، بۆ سەدام حوسەین كە دەیویست. هیچ سنورێكی ئەخلاقیو مادی نەبوو بۆ ویستی سەرۆك چونكە بەرجەستەی "بیری" نەتەوەی عەرەبی دەكرد. خەوی میشێل عەفلەق لەخولقاندنی سەرۆكێك كەبەرجەستەی "بیری" نەتەوەی عەرەبی كرد بۆ ماوەی پتر لەچارەكە سەدەیەك هاتەدی. سەدام حوسەین، هەڵگری "بیری" نەتەوەی عەرەب بوو، میللەتی عیراقی كرد بە "كۆیلەیەكی باش"(ئەگەر بمانەوێ هەمان زاراوەی مۆنتسكیۆ بە كار بێنین) و ویستیشی میللەتی كورد بكات بەخزمەتكاری ئەم كۆیلە باشە لەسەر بنچینەی دارشتنی تیۆری پەیامبەرانی ناسیۆنالیزمی عەرەب.

پەراوێزەکان

1- Montesquieu, de l'esprit des Lois, GF-Flammarion, Paris, 1979, p. 123.

2- Ibid. ,p.125-129

.3- Ibid. ,p.132

.4- Ibid. ,p.139

.5- Ibid. ,pp. 140-141

Ibid. ,p 143 6-

٧- مۆنتسکیۆ مەبەستی لە"فەزیلە"، فەزیلەی مۆراڵی یان فەزیلەی ئاینی نیە، بەڵکو مەبەست لەفەزیلەی سیاسییە. فەزیلەی سیاسیش، لەروانگەی مۆنتسکیۆوە، ئەو فەزیلەیە نییە کەمەکیەڤێللی باسی لێ دەکات. فەزیلەی سیاسی واتای یەکسانی دەگەیەنێ بۆ وڵات، مرۆڤی سیاسی چاکیش، ئەو مروڤەیە کەخاوەن فەزیلەی سیاسییە، واتا کەیاسای وڵاتەکەی خۆش دەوێ‌و هەڵسوکەوت‌و رەفتاری خۆی لەگەڵ یاسای وڵاتەکەی دەگونجێنێ. بروانە هەمان سەرچاوە، ل١١١ .

.8- Ibid. ,pp. 150-153

.9- Ibid. ,p. 159

.10- Ibid. ,p. 186

.11- Ibid. ,pp. 250-251

١٢- بڕوانە:

.Hannah Arendt, La nature du totalitarisme, Payot, Paris, 1990

13- Raymond Aron, Democratie et totalitarisme, Editions Gallimard, 1965, p. 287.

١٤- بڕوانە:

Albert Issa, I Kurdi et regimi che governano il Kurdistan, in, Politica . ed economia, xx11, n. 12, 1991, p. 25

15- Olivier Carre, Le nationalisme arabe, Fayard, 1989, 240.

١٦- بڕوانە:

.Hannah Arendt, Le systeme totalitaire, Paris, Le Seuil, 1972

بەشی یەکەم

میشێل عەفلەق و بەعسی عەفلەقی لە عیراق

لەپێناوی ئەوەی بە باشی لەدینامیکیەتی ئایدیۆلۆژیای بەعسی تێبگەین، پێویستە چاوێك بخشێنین بەسەر ژیانی دامەزرێنەری حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست لە ڕوانگەی سیاسی و ڕۆشنبیریەوەو قۆناغەکانی دامەزراندنی ئەم حیزبە شیبکەینەوە.

عەفلەق و حیزبی بەعس

ئەو سەرچاوانەی باس لەژیانی میشێل عەفلەق دەکەن یەك دەنگ نین لەسەر بەرواری لەدایك بونی. هەندێك دەڵێن لەساڵی ١٩١٠ لەدایك بوەو هەندێکی تریش ڕۆژی لەدایك بونی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی١٩١٢ [١]. بەم بۆنەیەوە نوسەرێك دەڵێ، لەراستیدا میشێل عەفلەق لەساڵی ١٩١٢ لە دایك بوە، بەڵام بۆ ئەوەی هاوبەشی بکات لەتاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریا، تەمەنی خۆی دوو ساڵ بچوك کردۆتەوە[٢]. هەرچۆنێك بێت، دەزانرێ کەمیشێل عەفلەق لەخێزانێکی دیانیی لەئاینزای ئۆرتۆدۆکسی یۆنانی لەدیمەشق هاتۆتە دنیاوەو باوکی بازرگان بوەو موچەکەی ژیانێکی ئاسودەو زۆر بەختەوەری بۆ خێزانەکەی مسۆگەر نەکردوە. لەڕووی سیاسیەوە باوکی نیشتیمانپەروەرێکی بەجۆش بوەو هەر لەدامەزراندنی کوتلەی نیشتیمانی لەساڵی ١٩٢٨ ئەندام بوە تیایداو[٣] لەقۆناغی جیاواز جیاوازدا چەند جارێك گیراوەو لەلایەن تورك و فەرەنسیەکانەوە ئەشکەنجە دراوە. دەتوانرێ بوترێ کەدایکیشی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوەو زۆر بایەخی داوە بەسیاسەت و بەشێوەیەکی گشتی باوەڕێکی زۆری هەبوە بەناسیۆنالیزمی عەرەبی[٤].

لەوانەیە هەر لەمنداڵییەوە میشێل عەفلەق کاریگەری بیروڕای باوك‌و دایکی زۆر لەسەر بوبێ و راهاتبێ لەسەر بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی پێش ئەوەی ببێ بە کەسایەتییەکی سیاسی گرنگ[٥]. کاتێك کەخوێندکار بووە لەخوێندنگەی ئامادەیی ئاینی لەگەڕەکی باب توما لەدیمەشق، کەسێکی زۆر کۆنفۆرمیست نەبووەو هەرچەندە لەناو ژینگەیەکی ئاینی ژیاوە ،بەڵام بیروڕای ئورتۆدۆکسی برادەرە خویندکارەکانی‌و مامۆستاکانی قبوڵ نەدەکردوەو چەند جارێکیش بەشەڕ هاتوە لەگەڵیاندا. لەبەر ئەم هۆیانە برادەری زۆری نەبوەو خوێندکارێکی زۆر گوێ ڕایەڵ‌و زیرەکیش نەبوە. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نووسەری عیراقی حەننا بەتاتو لە ١٣/٧/١٩٥٨، میشێل عەفلەق دەیگوت: " لەنێوان دیانەکاندا جیاوازبووم و بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ بیروڕای برادەرە خوێندکارەکان و مامۆستاکانم نەبووم . لەوساڵانەی دواییدا، پاش پێکداچوونم لەگەڵ ئیدارەی خوێندنگە(. . .)، گوێزرامەوە بۆ خوێندنگەی ئامادەیی دەوڵەت "[٦]. لەچاوپێکەوتنێکی دیکەدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس پاتریك سیل(Patrick Seal) لە ٣ /١/١٩٦١، میشێل عەفلەق دەیگوت کەپێش ئەوەی بڕوات بۆ فەرەنسا،" ناسیۆنالیستێکی ساکار" بوەو، وسۆسیالیزمی لەفەرەنسا ئیکتیشاف کردوە[٧]. شایستەی ئاماژەیە کە لەزۆر چاوپێکەوتندا لەگەڵ رۆژنامەنوس‌و پیاوی سیاسی، میشیل عەفلەق ویستویەتی ئەوە بخاتە ڕوو کەسەرەڕای چونەوەی (ئینتمائی) بۆ ژینگەیەکی ئاینیی، ئەوەندە لەگەڵ بیروباوەڕو میولی کۆنفۆرمیستی سەردەمی خۆی نەگونجاوەو هەستی ناسیۆنالیستی زۆر بەهێزبوەو زانیویەتی کەڕۆژێك ئەم هەستەی لەگەڵ سۆسیالیزمدا یەك دەگرێ. هەرچۆنێك بێت، کاتێك کەخوێندنی ئامادەیی کۆتایی پێ هێنا، میشیل عەفلەق توانی زەمالەیەکی خوێندن لەئەوروپا پەیدابکات وبڕوات لەزانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسا زانستی مێژوو بخوێنێ. هەرچەندە نووسەران یەك دەنگ نین سەبارەت بە ساڵی سەفەرکردنی بۆ فەرەنسا، بەڵام لەوە دەچێت کەزۆربەیان ساڵانی خوێندنی بگەڕێننەوە بۆ نێوان ساڵانی ١٩٢٨ و ١٩٣٢ [٨] . بۆ ماوەی چوار ساڵ میشێل عەفلەق لەپاریس مایەوەو زۆر خوێندکاری عەرەبی ناسی

وپەیوەندی بەهێزی لەگەڵ دروست کردن. هەر لەم ساڵانەدا بوو کە سەلاحەدین بەیتاری ناسی کەموسڵمانێکی سوننی بوو، ئەویش خوێندکار بوو لەزانستی فیزیاو مەتماتیك، پاش چەند ساڵێك پێکەوە پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستیان دامەزراند. لەو ماوەیەی کە لەپاریس بوون هەردوکیان پێکەوە (مارکس ونیتچەو ئەندرێ جید و دۆستۆیڤسکی وتۆلستۆی و رۆلاند رۆمان و بیرگسن وئەنەتنول فرانس)یان خوێندۆتەوەو یەکێتی خوێندکارانی عەرەبیان دامەزراندو لەرێگەی ئەم رێکخراوەوە توانیویانە پەیوەندی ببەستن بە خوێندکاری وڵاتە عەرەبیەکان و[٩] سەبارەت بەخەبات کردن بۆ یەکێتی نەتەوەی عەرەبیش کاربکەن بۆ هوشیار کردنەوەی ئەو خوێندکارانە. پاش گەڕانەوەیان بۆ سوریا لە ساڵی ١٩٣٣ ، عەفلەق و بەیتار بوون بەمامۆستا لەخوێندنگەی ئامادەیی حکومی لەدیمەشق: عەفلەق بوو بەمامۆستای مێژوو و بەیتاریش بەمامۆستای زانستی فیزیا.

لەم ساڵانەدا، سوریا دووچاری بارودۆخێکی سیاسیو کۆمەلایەتی زۆر سەخت بووەوە. هەرلە ساڵی ١٩٢٥ ەوە سوریا لەژێردەستی هێزی مەندەتاری فەرەنسی ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی. هەرلەو ساڵانەدا چەند ڕاپەرینێك بارودۆخی سوریایان سەخت کردبوو وبۆماوی دووساڵ سوریەکان نەیان توانی فەرەنسیەکان لەخاکی سوریا دەربکەن. هەرچەندە لەساڵی ١٩٢٨ دەست کرابوو بەهەڵبژاردنی کۆمەڵەی(جمعیە) دامەزرێنەرولەئەنجامدا" کوتلەی نیشتمانی" لغاوی دەسەڵاتی گرتبوە دەست و دەستوری سوریا دانرابوو، بەڵام ناکۆکی لەنێوان فەرەنسیەکان ونیشتمانپەروەرە سوریەکان نەیدەهێشت ئارامیو دۆخێکی چەسپیو (مستقر) دروست ببێ و بۆ ماوەی دوو ساڵ خستنەڕووی (تەتبیق کردنی) ئەو دەستورە دواکەوت. دەبێ بوترێ کەلەنێوان ساڵی ١٩٣٣و ١٩٣٦ سوریا بەڕاستی تووشی ئاڵۆزترین و دراماتیکترین دۆخ ببو. لەم ساڵانەدا فەرەنسیەکان و سوریەکان هەوڵیان دەدا کەچارەسەرێکی گونجاوو هەلومەرجی ئاشتی بدۆزنەوە لەنێوانیاندا، بەڵام هەموو هەوڵ دانێك بۆئەم مەبەستە سوودی نەبوو. لەساڵی ١٩٣٦ مانگرتن وخۆپیشاندان سەراپای سوریای گرتەوەو نزیکەی پێنج ڕۆژ

بەبێ هوودە دەوامیان کرد. جگە لەسەرنەکەوتن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك، قەیرانی ئابووریو سیاسی سووریای خستبوە ناو قۆناغێکی تازەو هەستی ناسیۆنالیزمی زیاتر بەهێزکردبوو. پاڵەپەستۆی سیاسیو مانگرتنی پەنجا ڕۆژ، پاڵی بەفەرەنسیەکانەوەنا ڕازی بن لەپاریس گفتوگۆو ڕێکەوتن لەگەڵ وەفدێکی نشتیمانی ئەنجام بدەن. بەڵام ئەنجامی ئەم گفتوگۆیە سەربەخۆیی بۆ سوریا مسۆگەر نەکردو دیسانەوە ناخۆشیو ناکۆکی کەوتەوە نێوانیان. هەرلەم ساڵەشدابوو کەتورکیا داوای ئەسکەندەرۆنەی دەکردو لەئەنجامدا لەساڵی ١٩٣٨ ئەسکەندەرۆنە کەجگە لەعەرەب زۆر تورکۆفۆن (زۆرخەڵکی تیا دەژیا کەبەتورکی قسەیان دەکرد) ی تیا دەژیا، لکێنرا بەتورکیاوە.

لەم بارو دۆخە ئاڵۆزەدا، ئەوپارت وڕێکخراوە سیاسیانەی کە لەسەر گۆڕەپانی سوریا کاریان دەکردکامانە بوون.؟

یەکەمیان کوتلەی نیشتیمانی بوو. کوتلەی نیشتمانی حزبێك نەبوو بەواتای ووشە ،بەڵکو کۆمەڵەیەك (تجمع) بوو کەزۆربەی ئەندامانی پێك هاتبون لەدەرەبەگ و بۆرژوازی بچوك وسەرۆك عەشیرە تەکان، هەروەها عەقیدەیەکی سیاسی دیاریکراوی نەبوو. هەرلەدامەزراندنیەوە لەساڵی ١٩٢٨ ،کوتلەی نیشتمانی بۆ ماوەیەك توانیبوی زۆرلەجەماوری سووری بخاتە جۆش وسەرکردایەتی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان بگرێتە دەست خۆی. لەساڵی١٩٣٣ ژمارەیەك لەئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە جیابوونەوەو بەهاوکاری هەندێ لەوڵاتە عەرەبیەکان" کۆمەڵەی کاری نەتەوەیی" (عصبةالعمل القومی) یان لەساڵی١٩٣٣ دامەزراند کەدژایەتیەکی زۆری کۆمونستیەکانی دەکردو داوای یەکێتی وولاتە عەرەبیەکانی دەکرد .ئەم کۆمەڵەیە زۆری نەخایاندو لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٠ هەڵوەشایەوە. بێ گومان کوتلەی نیشتمانی نەیتوانی بەرامبەر گێروگرفتی سیاسی لەسوریا یەکێتی خۆی بهێڵێتەوەو جگە لەجیابوونەوەی ئەوکەسانەی کەکۆمەڵەی کاری نەتەوەییان (عصبة العمال القومی) دامەزراند، زۆرلەئەندامانی پرش وبلاو بونەوەو پارت و ڕێکخراوی تریان دامەزراند وەك پارتی نیشتمانی (الحزب الوطنی) کەئەویش " پارتی هەرەوەزی سۆسیالیستی" (الحزب التعاونی الاشتراکی)

لـیٚ دروسـت بـوو و"پـارتی گـەل" (حزب الشعب) کەلەسـالّی ١٩٤٨ دامـەزرا. دووهەمیان"پارتی میللی عەرەبی" بوو. ئەم پارتـە لەسالّی١٩٣٣ لەلایـەن ئـەنتوان سعادەوە کەدیانیٚکی لوبنانی بوو دروشمەکـەی پیٚـك هاتبوولـە:"سـوریا بۆسـوریەکان وسوریەکانیش نەتەوەیەکی تەواون". پـارتی میللـی عـەرەبی داوای سوریای گـەورەی دەکرد (واتابەشی ڕۆژئاوای هلال الخصیب). پارتی میللی عەرەبی بەشیٚوەیەکی نـهیٚنی کاری دەکردو زۆربەی زۆری ئەندامانی پیٚـك هـاتبون لەگـەنج و ڕۆشـنبیری عـەرەب و هەندیکیشـیان ڕۆلیٚکـی گـەورەیان هـەبوو لەڕاپەڕینەکـەی ڕەشـید عـالی گـەیلانی لەعیراقدا. دەشیٚ بوتریٚ کەئەم پارتە تەوژمو کاریگەری فاشـیزمی لەسـەر بـوو و زۆر گرنگـی دەدابـە پـەیرەو و هـیٚزو مەشـقی سـەربازیی[١٠]. هـەندیٚ لەئەندامـەکانی ڕیٚکخراوی" ناسیۆنالیستە عەرەبەکانیان" (القومی العـرب) دامـەزراندو ئامانجیـان پیٚك هاتبوو لەم سیٚ کۆچکەیە: "یەکیەتی، ئازادی، تۆڵە" وهەروەها کاریگەری بـیری (ساطع الحصری)یان زۆرلەسەربوو[١١]. سیٚهەمیان"پـارتی گـەنجان" (حزب الشباب) بوو. ئەم پارتە تاسالّی ١٩٥٠ نەی توانی لەسەرجەم سوریا بناغەی خـۆی دابکوتـیٚ و وەك پارتیٚکی لۆکال(محلي) مایەوەو لەدوایدا ناوی خـۆی گـۆڕی و بـوو بـە "عـەرەبی سۆسیالیسـتی" (العـرب الاشـتراکي) کـەتوانی تاڕادیـەك چینـی جووتیـار لــەخۆی کۆبکاتـەوەو جوتیـاران دژی دەرەبەگایـەتی هـان بـدا. جگەلـەم پـارت و ڕیٚکخـراوە ناسیۆنالیست یان نیشتمانپەروەرانە، هـەندیٚ پـارتی دیکـەش هـەبوون وەکـو پـارتی کۆمونیستی مارکسی لینینی کەلەسالیٚ ١٩٢٤ دامـەزرابوو و لەسـەرەتاکانی١٩٣٠ چالاکی خۆی دەنواندو هەروەها برا موسلّمانەکان کەلەسالاّنی ١٩٣٠ دەستیان کردبـوو بەچالاکی ڕیٚکخراوەکەیان بەهیٚزبوو بوو. شایسـتەی ئاماژەیـە، لـەم سالاّنەدا پـارتی بەعسی بوونی نەبوو و میشیٚل عەفلەق و بـەیتاریش تاسـالّی ١٩٣٩ لەسـەر شـانۆی سیاسی سوری زۆر نەناسرابوون. ئەوەش دەبیٚ بخریٚتەڕوو کـە لەسـالّی ١٩٣٩ میشـیٚل عەفلـەق و بـەیتار هـەردوکیان ڕیٚکخراویٚکیـان دامـەزراندبو بـەناوی" بزووتنـەوەی ژیانـەوەی عـەرەبی" (حرکـة الاحیـاء العربـی) [١٢]. ئـەم ڕیٚکخـراوەی عەفلـەق و

بەیتارکەپێکهاتبو لەچەند کەسێك لەساڵیٚ ١٩٤١ چەند بەیانێکیان بلاٚوکردەوە دژی کۆلۆنیالیزمی فەرنسی و زۆر هێرشی کردبوە سەر سەرۆکی کوتلەی نیشتمانی، شوکری قواتلی.لەڕێگەی ئەم بەیانەش دەیویست هەڵویستی خۆی بەرامبەر لکاندنی ئەسکەندەرڕۆنە بەتورکیاوەو دەربخات ڕەخنە لەکوتلەی نیشتمانی لەبەر بیٚ تواناییان بەرامبەر کێشەی میللەتی عەرەب بگرێت. بیٚ گومان کودەتاکەی رەشید عالی گەیلانی لەساڵیٚ ١٩٤١ بۆنەیەکی بەپیتو پۆزیتیڤی دروست کرد بۆ عەفلەق و رێکخراوەکەی کەخویان بەجەماوەر بناسێنن و دەریبخەن کەبەهەموو هێزێکیانەوە چالاکانە پشتگیری لەکێشەی نەتەوەی عەرەب دەکەن [١٣]. سەبارەت بەکودەتاکەی گەیلانی بەیانێکی زۆریان بلاٚوکردەوەو خەڵکی خۆبەخشیان (متطوع) بۆ بەغدا نارد تا شان بەشانی موفتی گەورەی بەیت لەحم (بیت لحم)شەڕبکەن .هەربەم بۆنەیەوە عەفلەق و رێکخراوەکەی کۆمیتەیەکیان دامەزراند بەناوی " بزووتنەوەی پشتگیری لەعیراق" (حرکة نصرة العراق) و دەستیان کرد بەناردنی چەك و تەقەمنی بۆبەغدا. بەدڵنیایی ئەم هەڵسوکەوتە ئەوەی دەردەخست کەپەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ عەرەبە عیراقیەکان هەبوو ورۆڵی عەفلەقیش بەرێژە (نسبیا) گەوەبوو.بەتایبەتی تێبینیٚ ئەوە کرا کە لەژێر چاوی عەفلەقدا زۆر لەجولەکەکانی بەغدا کوژران وسەرنگون کران[١٤].

ئەو سەردەمە دەسەلاٚتی فەرەنسی لەسوریا لەگەڵ حکومەتی ڤیشی سەربەنازیەکان دەستی کردبوو بەگفتوگۆ و رێکەوتبون لەسەر ئەوەی کە فڕۆکە ئەڵمانیەکان بەسەر ئاسمانی سوریادا بفڕن بۆئەوەی بگەنە گۆڕەپانی ئۆپێرەسیۆنی سەربازیی لەبەغدا[١٥]. بەلاٚم پاش هەرەس هێنانی کودەتاکەی رەشید عالیو داگیرکردنی سوریاو لوبنان لەلایەن ئینگلیزو فەرەنسیەکان و پێکهێنانی کۆماری سوریا بەسەرۆکایەتی الشیخ تاج الدین الحسینی لەحوزەیرانی ١٩٤١ ، چالاکیەکانی عەفلەق و بزووتنەوەی ژیانەوەی عەرەبی بۆپشگیری کردن لەعیراق کەمبوونەوە. هەرلەم ساڵانەشدابوو کەعەفلەق و بەیتار کەوتنەخستنەڕووی بیری یەکێتی پان

عەرەب بەشێوەیەکی سیستیماتیك و باسکردنی پێویستیی شۆڕش لەدەرەوەی وڵاتی سوریاو بەستنی کۆڕ بۆخوێندکارانی زانکۆ . هەروەها نابێ ئەوەش پشت گوێ بخرێ کەڕووداوە سیاسیەکانی عیراق ئۆپۆزیسیۆنی عەفلەق و دەستوپێوەندەکەی بەهێزو فراوانتر کرد لەسەر شانۆی پان ناسیۆنالیزمی عەرەبی. بێ گومان، کاتێك کەعەفلەق و بەیتار گەڕانەوە بۆ سوریا لەلایەن سووریەکان باشتر ناسران و عەفلەقیش وەك پاڵەوانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەرکەوت کەدەبوایە قوتابیەکانی و ئەوانەی دوایکەوتبون ڕێزێکی گەورەی لێ بگرن.

"سەرکەوتن لەعیراق" وەکوخۆی دەیگوت ، ڕێگەیەکی بەپیتی بۆپاك کردەوە بۆچاندنی تۆوی ڕق و کینە دژی دوژمن‌و هەستی ناسیۆنالیزم‌و بلاوکردنەوەی بەهاکانی یەکێتی عەرەب. بەبۆنەی کودەتای سەربەنازیەکانی عیراق، عەفلەق دەیگوت کەئەو"سەرکەوتنە لەعیراق بۆنەیەك بوو بۆ ئەوەی بتوانین واتای عەقیدەی بنەڕەتی حیزب‌و یەکێتی عەرەب بگوێزینەوە بۆ قوتابیەکانمان" [١٦]. ئینکاری لەوە ناکریت کە گورج‌و گوڵی‌و کاری سیاسی‌و توانای ڕۆشنبیری عەفلەق ئەرکی ڕاکێشانی ئەو کەسانەی کەگوێیان لێدەگرت ئاسان دەکرد. هەروەها ئینکاری لەوەش ناکرێ کەعەفلەق کابرایەکی ڕەق بوو بەرامبەر بەخۆی‌و روحیەتێکی جدی هەبوو و خاوەن سایکۆلۆژیەتێکی ئاڵۆز بوو،" جگە لەوەش هەموو ژیانی تەرخان کردبوو بۆ کێشەی عەرەبی‌و ژیانی ڕۆژانەی بێ لاف‌و گەزاف دەبردەسەرو باکی نەبوو بۆ خۆ دەڵەمەندکردن"[١٧] .ئەم شێوە ژیانەو هەڵویستی سیستێماتیکی بەرامبەر بەکێشەی عەرەب جۆشی دروست کردبوو لەناو خەڵکیداو کەسانی ڕادەکێشاو وای لەخەڵکی دەکرد کەژیان‌و کات‌و ووزەی سایکۆلۆژیان تەرخان بکەن بۆ پاشەڕۆژی میللەتی عەرەب. جگە لەوەش، عەفلەق پاش چوارساڵ لەخوێندنی مادەی مێژوو لەسۆربۆن بەزانیاریەك‌و باگراوندێکی باوەڕپێکراوەوە گەڕابوەوە بۆ سوریا. لەبەرئەم هۆیەش توانی کارێکی زۆر بکاتە سەر ئەوانەی کەگوێیان لێ دەگرت. بۆماوەی دەساڵ کەمامۆستا بوو لەخوێندنگەی ئامادەیی لەدیمەشق، خۆی تەرخان کردبوو بۆ

بڵاوکردنـەوەی پرینسـیپەکانی ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی لەسـەر بناغـەی زمـانییو مێژوویی. هەر لەسـاڵی ١٩٣٥ تـا سـاڵی ١٩٤٢ توانـی ژمارەیـەکی زۆر لـەخوێنکار لەخۆی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی فێری پەیامی ناسیونالیزمی عـەرەبیان بکـات. لەوانەیـە ئەم سەردەمە زۆر گرنگ بووبێ بۆ دروست کردنی شانەو پـەیداکردنی لایـەنگیران بـۆ پارتی بەعس کە لەساڵێ ١٩٤٣ وە بەشێوەیەکی ئاشـکرا دەسـتی کـرد بـەکارکردن. لەساڵی ١٩٤٣ عەفلەقو پارتەکـەی کـە بـۆ یەکـەمین جـار لەپرۆسـەی هـەڵبژاردن لەسوریا هاوبەشیان دەکرد، بەیانێکیان بڵاوکردەوەو دەستیان ڕاکێشا بۆ چەند خـاڵێك کە لەم دێڕانەی خوارەوە دەتوانرێن دابڕێژرێن.

١. گرنگی دان بەبیری ناسیۆنالیزمی ژیاو (حي) کەڕۆحی عەرەبی نوێنەرایـەتی دەکات"

٢. گرنگی دان بەکەسایەتی ڕابووردوی عـەرەبو ڕۆحی نەتـەوەیی عـەرەبو هـەروەها پێوستیی پاراستنی لەداگیرکردنی لەلایەن کولتورو فەلسەفەی ڕۆژئاوایی"

٣. کولتـور نـابێ ئەبسـتراکت بـێ بـەڵکو دەبـێ ڕێگەیـەك بێـت بـۆ بـەهێزکردنی مۆراڵ(ئەخلاق) و پێگەیاندنی ڕۆحی خەبات"

٤. ڕەتدانەوەی تایەفەگەریو هەرێمایەتیو ئاڕاستەی تەسك"

٥. ڕەفزکردنی کۆمونیزم کـە نوێنەرایـەتی مـەتێریالیزمو پێشـکەوتنی دروسـتکراو دەکات"

٦. هەوڵ دان بۆ هاوجووت کردن لەنێوان بەرژەوەندی ناسیۆنالیستیو ئـاین، واتـا لـە نێوان عەرەبایەتیو ئیسلام"

٧. گرنگی دان بەئازادی چونکە جەوهەری عەرەبایەتیو نەتـەوەی سەربەسـتو ئـازاد پێکهاتوە لە مرۆڤی سەربەستو ئازاد"

٨. بایەخ دان بەیەکێتی وڵاتە عەرەبییەکان لەسەر بناغەی ئەم بیرەی (فکرە) خـوارەوە"

"تاکە یەك نەتەوەی عەرەب ،خاوەنی پەیامێکی هەتاهەتاییە"[١٨].

ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هیچ شانسێکی نەدا بەعەفلەق و ڕێکخراوەکەی کە هاوبەشی بکەن لەدەسەلآت و ئەنجامی پۆزیتیڤ گەرایەوە بۆ کوتلەی نیشتیمانی. دەشێ ئامـاژە بەوەش بکرێ کە هەر لە سێ هەڵبژاردنەکەی سالآتی ١٩٤٣ و ١٩٤٧ و ١٩٤٩ نـە عەفلەق‌و نە بەیتار هەڵنەبژێردران بۆ پەرلـەمانی سووری‌و بـەم بۆنەیـەوە دەتوانـرێ بوترێ کـە لەسـاڵی ١٩٤٥ پـاش ئـەوەی کـە زۆر لەسـەرکردەکانی بـەعس نێردرانـە بەندیخانە، میشێل عەفلەق‌و ئەندامانی بەعس کە کەمایەتیەك بوون، دەسـتیان کـرد بە بەکارهێنانی خەباتی چەکدارو بۆ ئەو مەبەسـتەش " فـرق الجهاد الوطـني " یـان دامەزراندو لەئەنجامدا کەوتنە کاری نهێنی.

ئەم ململانێیە بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٤٧ کە پارتی بەعس بەرەسمی داوای مۆڵەتی لەوەزارەتی ناوخۆ کرد تا بەئاشکرا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی سووریا کاربکەن.

شایستەی باسە کە تا دووی حوزەیرانـی ١٩٤٧ بـەعس تەنـها لەعەفلـەق‌و بـەیتار پێکنەهاتبو، هەرچەندە بناغەی تیۆری‌و ئایدیۆلۆژی لەمێژەوە بنیاد نرابوو. بێگومـان چەند کەسایەتیەکی تریش لەدامەزراندن‌و دانانی بناغەی تیۆری هاوبەشیان کردبوو.

کێ بوون ئەوانەی لەگەڵ عەفلەق‌و بەیتار بەعسیان دامەزراندو کـەی بـە تـەواوی بەعس ناوی بوو بەوەی کە ئێستا پێی دەوترێ پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست؟

ئەو سەرچاوانەی کە لەناوی بەعس‌و ساڵی تەواوی دامەزراندنی دەدوێـن لەسـەر زۆر شت کۆك نین. هەندێك دەڵێن کە دامەزرێنـەری بـەعس کەسـایەتیەکە بـەناوی زکـي الارسوزي. بەم بۆنەیەوە، سامي الجندي، کەیەکێکە لەدامەزرێنەرانی بەعس، دەڵـێ: کە لە ٢٩ی تیشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٠ ژمارەی بەعسیەکان پێکـهاتبوو لەشـەش کەس‌و زەکی الارسوزیش پێشنیازی دەکرد پارتێك دابمەزرێ بەناوی "البعث العربي" و ڕێکخراوەکـەش بکـرێ بـە دوو بەشـەوە: بەشـی سیاسـی‌و بەشـی کولتـووری[١٩].

نووسەرێکی دی دەڵێ کە زەکی الارسوزی‌و جەماعەتەکەی بەعسی عەرەبیان لەسـاڵی ١٩٣٩ لەناوچەی ئەسکەندەرۆنە دامەزراند. هـەرچۆنێك بێـت، دەتوانـرێ بوتـرێ کـە بەلایەنی کەمەوە الارسوزی بە "دەستپێشکەری ڕۆحی بەعس"[٢٠] دادەنرێت.

زكي الارسوزي كێ بوو ؟ الارسوزي (١٨٩٥-١٩٦٨) موسـڵمانێكی عەلـەوی بـوو لەخێزانێكی دەوڵەمەند لەلادێی الارسوز لەدایك بووبوو. عەلەویەكان (نوسەیریەكان) [٢١] لقێكی ئاینزای شیعەن كە زیاتر لەخۆرئاواو ژوورووی سوریاو خۆرهەڵاتی خـوارووی توركیا دەژین. لە سوریا بەشێوەیەكی سەرەكی لەو ناوچەیە دەژین كە بەناوی خۆیانـەوە "جبل العلويين" ناسراوە، بەڵام لەو شارانەی كە دەكەونـە دەورو‌پشـتی جبـل العلويـين زۆربەی دانیشتوان پێك ناهێنن وەكو لازقیە، جبلە، بنیاس‌و ترتـوس...هتـد. هـەندێ كەمایەتی عەلەویش لە حەلەب‌و دیمەشق دەژین‌و لە ساڵی ١٩٦٤ ژمارەیان دەگەیشتە شەش سەد هەزارو ئـەمڕۆ لـە ١١٪ ی دانیشـتوانی سـوریا پێـك دێنـن. لـە ژووروی لوبنـانیش نزیكـی خـوارووی سـنووری سـووریا كەمایەتیـەكی عەلـەویش هـەن‌و لەتوركیاش لە ساڵی ١٩٢١ ژمارەیان دەگەیشتە هەشت سەد هەزارو ئەمڕۆ پـانزە تـا بیست ملیۆنن كە بەشێوەیەكی سەرەكی لە ئەنتاكیاو ئەسكەندەرۆنە دەژین.

ئـاینزای عەلـەوی لـەنێوان سـەدەی سـێیەم‌و نۆیـەم لـەعیراق بناغـەی داكوتـاو عەلەویەكان ناوی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ (محمد ابن نصير النميري). ابن نصـير النمـيری خۆی وەكو كەسایەتیەك دەزانێ كەخاوەنی سروشـتی ئیمـام بـێ‌و خـۆی بـە پەیامبـەر دادەنا. بە گوێرەی ترادیسیۆنی عەلەوی، ابن نصير قوتابیەكی چالاكی یانزەهەمین ئیمام الحسن العسكري بوەو لەوەوە ئیلهام‌و وەحی تازەی وەرگرتوە.

بەشێوەیەكی گشتی، عەقیدەی عەلەوی تەقدیسی عەلی كوڕی ئەبی تـالب دەكـات‌و دای دەنێ بە: " الاله الاعزم القديم الازل ". ناوەڕۆكی عـەقیدەی عەلـەوی پێكـهاتوە لەكۆزمۆگۆنیەكی جۆری گنۆستیك* . ئەم عەقیدەیە باوەڕی بەوەیە كە هـەر لەدەسـت پێكردنی كات و گەردونەوە، چـەند ڕوناكیـەك ڕۆحـی عەلەویـەكانیان پێـك هێنـاوە. ئەمانە لەو ڕوناكیانەن كەخودای مەزنیان دەورە داوەو ئەركی عەلەویەكانە سوجدەی بۆ

---

* كۆزمۆگۆنی تیۆرییەكە كە بەشێوەیەكی گشتی باسی دروست بوونی گەردوون دەكات‌و گنۆستیكیش لەگنۆزەوە هاتووە: پێكهاتووە لەفەلسەفەیەك كە دەڵێ مرۆڤ دەتوانێ بگاتە ئەوەی شتی خودایی‌و دیاردەكانی تێبگات.

بەرن و بەشانوباڵیدا هەڵدەن. پاش ماوەیەك، ئەم ڕوناكیانە باوەڕێكی تەواویان نەهێنا بە پیرۆزیی (موقەدەسیی) خوداو دژی وەستانەوە. لە ئەنجامدا، لە ئاسمانەوە كەوتنە خوارەوەو پەنایان بردە سەر زەوی و كەچوونە ناو لەشی ئادەمیزادەوە دووچاری مێتامپسیكۆز(تناسخ)بوون(ئەم عەقیدەیە باوەڕی بەوە هەیە كە ڕۆح دەتوانێ چەند جارێك بچێتە لەشی ئادەمیزاد یان ئاژەڵەوە). ئەمجا، لەكاتی كەوتنە خوارەوەیان، خوای گەورە حەوت جار دەردەكەوێ بۆ ئەوەی پێیان رابگەیەنێ كە دەبێ ملكەچی بۆ بكەن. هەر جارێك كەخودای گەورە(كەناوی "معنی" یە) دەردەكەوێت، بە شێوەی دوو ناوەڕۆك دێتە ڕوو، واتا پێك هاتوە لەدوو شت كە بەراستی ناویان هەیە" یەكەمیان "الاسم" ە كە پێشی دەوترێ "الحجاب" و دووەمیان "الباب"ە. ئەم سێ كوچكەیە چەند جارێك لە سەر زەوی خۆی پیشان داوە، واتا " المعنی "، پاشان، چۆتە ناو لەشی ئەو پەیامبەرانەوە كەدوایەمینیان عەلی كوڕی بن ئەبی تالبە" پاشان چوەتە ناو لەشی ئیمامەكانیش تا گەیشتۆتە ئەوەی یانزەهەمیان كەناوی ئیمام الحسن ئەلعسكرییە. ئەم ئیمامانە هەمویان "واتا"ی خودایی چۆتە ناو لەشیانەوە.

بێگومان، بەلای عەلەویەكانەوە، سێ كۆچكەی مەركەزی یان سەرەكی سەردەمی ئیسلامی پێك هاتوە لە عەلی كوڕی ئەبی تالب وەك "المعنی"، لە پەیامبەر وەك "الاسم، الحجاب" و سەلمان الفارسی وەك "الباب". "دەرگاكانی"(ابواب) هەر یانزە ئیمامەكە پەیوەندیەك دروست دەكەن لەنێوان خودای شاراوەو باوەڕهێنەران" بۆ نمونە، محەمەد بن نصیر، "دەرگای" الحسن العسكری، یانزەهەمین ئیمام بووە كە متمانەی تەنها بە عەلەویەكان كردوە وەك باوەڕهێنەر. هەر بەلای ئەم عەقیدەیەوە، ئەوەی كەپێناسەی ئەم "واتا"یە بزانێ و باوەڕی پێبهێنێ، ڕزگاری دەبێت لەمێتامپسیكۆزو ڕووی لە لەش دەبێتەوەو دەبێ بەئەستێرەیەك و لەحەوت تەبەقەی ئاسمانەوە ڕێی ئامانجی كۆتایی دەگرێت و دەست دەكات بەچاودێری كردنی(المعاینە، contemplation)ی ڕوناكی خودایی[٢٢].

لەم تێڕوانینە فەلسەفیو تیۆلۆژیەوە، ئاینزای عەلەوی بیر دەکاتەوە کەئیسلام واتایەکی شاراوەی هەیەو تەنها باوەڕهێنەران توانای ئەوەیان هەیە لێی تێ بگەن. بەکورتی، عەلەویەکان تەقدیسی عەلی کوڕی ئەبی تالب دەکەنو دای دەنێن بەوێنایەکی پێش پەیامبەرو بیر دەکەنەوە کە وەحی بۆ ئەوان هاتۆتە خوارەوە، ئەوان وەك کەمایەتیەکی موسڵمان. لە بەر ئەم هۆیە، عەلەویەکان عەلی کوڕی ئەبی تالب بە "واتایەکی خودایی"[٢٣] دادەنێن.

ئەمجا، بەلای حەنا بەتاتوەوە، زکی الارسوزی کاریگەری ئەم تێڕوانینەی لەسەر بووەو لەبەر ئەوە لەباری سیاسیەوە نەتەوەی عەرەب وەك "واتای بەڕێوەبەرو دروستکەر"[٢٤] دەبینێ ئەم تێڕوانینە کە نەتەوەی عەرەبی بە نەتەوەی پیرۆز دادەنا، باسو بابەتێکی سەرەکی ئەو پاڵەپەستۆیەی پێکدەهێنا کە لەسەر تورکیا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٦ و ١٩٣٩ سەبارەت بە ناوچەی ئەسکەندەرۆنە[٢٥] دروست بوو بوو.

زکی الارسوزی کەداوای ژیانەوەی پیرۆزیی نەتەوەی عەرەبی دەکرد، ئەوەی دەخستە ڕوو کەپێویست بوو عەرەب خەبەربکرێنەوە. بەم بۆنەیەوە حەنا بەتاتو جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کەدیدو بۆ چونەکانی زکی الارسوزی لەسەر ئاستی سیاسیەوە لەڕەگەز پەرستیەوە سەرچاوە دەگرن[٢٦]. ئەمجا لەو ساڵانەدا، زکی الارسوزی بەمەیلێکی ڕەگەزپەرستانە هێرشی دەبردە سەر تورکەکانو ئەرمەنیو سوریەکانیشی بە "عەرەبی بەتورك کراو" لەقەڵەم دەدا. کاتێك کە فەرەنسای لەبەر مامەڵە کردنێکی جیاوازو فەرق کردنی لەنێوان عەرەبو کەمایەتیەکان تاوانبار دەکرد، زکی الارسوزی دەیگوت "بێگانە لەعەرەب دەترسا کە بەرژەوەندی بخاتە مەترسیەوە، لەبەرئەوە جولەکەی بەکار هێنا بۆئەوەی ئەم مەترسیە لابەرێت" ودەیگوت کە" ئەمجا زۆر سروشتیە کە(فەرەنسیەکان) بۆگەنی سەر زەویان زیاتر ویست لەئێمە، ئێمەی کەجاران خاوەنی جیهان بووین"[٢٧]. زەکی الارسوزی هەر لەگەنجیەوە زۆر بایەخی دابوو بەڕۆحیەتی عەلەوی و مەسەلەی عەرەبایەتی. خوێندنی دکتۆرای لەفەلسەفە لە پاریس لەنێوان ١٩٢٦-١٩٣٠ بەجێ هێنابوو. هەتا مردنی لەساڵی ١٩٦٨ لەدانیشگا جیاجیاکانی

سوریا مامۆستای مێژوو فەلسەفە بوە [٢٨]. کاتێك کەگەڕایەوە بۆسوریا پەرتوکێکی نووسی بەناوی" العبقرية العربية في لسانها". سەنتەری بیری سیاسی زکی الارسوزی لەدەوری ناسیۆنالیزمی زمانیی دەخولێتەوە کەبنەڕەتەکەی لەجۆری ناسیۆنالیزمی ڕەگەز پەرستی فیختەیە. بەلای (الارسوزي)یەوە، نەتەوەی عەرەب‌و دەربڕە ساسیەکەی کەناسیۆنالیزمی عەرەبیە لەلایەن زمانەکەیەوە پێناسە دەکرێ. زمانی عەرەبی گوزارشت لەعەبقەریەتی نەتەوەی عەرەب دەکات. لەمۆرفۆلۆژی‌و سینتاکسی‌و سیحری وشەکانی، زمانی عەرەبی زۆر بەرزترە لەزمانەکانی تر. هەر لەسەرەتای مرۆڤایەتیەوە زمانی عەرەبی زمانێکی خۆشەویست بووەو خودا لەڕێگەی قورئانەوە بەعەرەبی دواوەو ئەم خۆشەویستیە بۆ زمانی عەرەبی هەر لەزەمانی ئادەمەوە دەست پێ دەکات. بەلای (زکی الارسوزی)یەوە، مێزۆپۆتامیا وسوریا یەکەم شارستانیەتی جیهان بوون‌و گۆڕەپانی زمانێکی تەواو بوون. تەورات‌و ئینجیل بەزمانی جولەکە هاتونەتە خوارەوە کە زمانێکی سامیەو زمانە ئارامیەکان کە ئەوانیش ڕەگەزەکەیان سامیە هیچ قسەیان پێ ناکرێ تەنها لەلایەن کەمایەتیەکی دیانی عیراق‌و سوریا و تورکیا نەبێ.لەبەر ئەوە تەنها زمانی عەرەبیە کەتائێستا زمانێکی ژیاوو هاوجووتە لەگەڵ وەحی ئاینی و لەبەر ئەوە زمانێکی ڕەسەنەو زمانێکی ئادەمیە (زمانی ئادەمە). عەرەب لەسەرئاستی غەریزە هەست دەکەن کە زمانی زگماکیان زمانی ئەسڵی ئادەمیزادە. لەڕێگەی هێنانی چەند نمونەیەکی زمانیی لەمۆرفۆلۆژیای زمانی عەرەبی‌و مۆرفۆلۆژیای کردارە عەرەبیەکان‌و نمونەکانیان، زەکی الارسوزی دەیویست بیسەلمێنێ کە زمانی عەرەبی هاوجوتە لەگەڵ سروشتی ئادەمیزادو زمانی سروشتە. وشە عەرەبیەکان لەستروکتورو دروست بونیاندا هاوجوت گوزارشت دەکەن لەواتای پڕی مەبەستیان. هەروەها ناوەڕۆکی وشە عەرەبیەکان بۆنمونە وەك " دادپەروەری، پەیڕەو، شیعر، جوانی"، گوزارشت لەڕۆحی عەرەب دەکەن. تەنانەت وشەی "الام" (دایك)و ووشەی "الامة" (نەتەوە)، لەسەرئاستی ئێتیمۆلۆژی هەمان ڕەگەزیان هەیەو لەبەر ئەوە نەتەوە بۆ ڕۆحی عەرەب وەك هێلێکی بەردەوامی خێزان واتا وەك دایك وایە.

جالەبەر ئەوەیە کە نەتەوەی عەرەب سەرچاوەی سەرجەم میللەتە سامیەکانەو خۆی لەخۆیدا جیهانێکەو هەر لەپەیدابوونی ئادەمیزادەوە لەسەر زەویدا هەرگیز نەفەوتاوە. لەڕوانگەی هەستی شانازی بەڕەگەزەوە، زکی الارسوزی تێبینی دەکرد کە ڕۆحی سامی عەرەبی ئاراستەی ڕۆحێکی نمونەییە (مثالی) و پەیامەکەی پێکهاتوە لەقەوارەیەك کە دەیەوێ لەڕێگەی ڕووناکی ڕۆحەوە مرۆڤایەتی بەرزبکاتەوە. زکی الارسوزی، وەك زۆر لەبەعسیەکانی تر، بەتایبەتی میشێل عەفلەق و سەدام حسین کە لەشوێنی خۆیدا باسیان دەکەین، دەیویست هێڵ بخاتە ژێر ئەوەی کەنەتەوەی عەرەب هەزارەها پەیامبەری خستۆتە سەر شانۆی مرۆڤایەتی و هەمویان بەزمانی سامی یان عەرەبی قسەیان کردوە. گشت مرۆڤایەتی لەبەر ڕۆشنایی عەرەبەوە ئەم ڕاستیەی وەرگرتوەو بەم شێوەیە وەکو بەعسیەکانی تر دەیویست لەسەر ئاستی مێژوویی "پەیامی مرۆڤایەتی یان عەرەب هەتاهەتایی" بکات، واتا بیکات بە دیاردەیەکی مێژویی بەردەوام و هەمیشەیی . جگە لەوەش، زکی الارسوزی تەورات و ئینجیل دەبەستێتەوە بەعەرەبایەتی و شارستانیەتی فەرعونی میسر یان شارستانیەکانی سۆمەری و بابلی و فینیقی و ئەفسانەی ئادەم و حەوا دەکات بە بناغەیەك بۆ عەربایەتی. زکی الارسوزی لەڕێگەی بەجیارکی کردنی (بە هەرەمی کردنی) زمان و وکولتور، دەیویست بەرزیی ڕەوایی (شەرعیەتی) زمانیی و کولتوری عەرەبی دەربخات و پەیوەندی ستونی (افقی) لەنێوان میلەتاندا ڕەتدەکردەوە. بەلای (الارسوزی)یەوە، شارستانی و ئاینەکان زۆرن بەڵام هەمویان دەگەڕێنەوە سەر یەك ڕەگەز کەڕەگەزی عەرەبە. هەروەها زمانی ئەوروپیەکان،بەتایبەتی زمانی یۆنانی و لاتینی، زمانی تێبینین و زمانی دۆزینەوەو زانستی و تەکنیکین و ئەگەر ڕۆحیەت پەیدا بکەن ئەوا لەڕۆژهەڵاتەوە وەریان گرتوەو لەپەیامبەرەکان و ئاینەکان کەئیسلام سینتەزەی (جمع) دواهەمینیانە، بۆیان هاتوەتەوە. هەموی سینتەزەی قورئانە کە بەعەرەبی نوسراوەو قورئان گەورەیی عەرەب پیشان دەدات. قورئان بۆعەرەب وەك ئیفلاتون بۆ یۆنانی یان سیسێرۆ بۆلاتینی وایە، یان شەکسپیر بۆ ئینگلیزو گۆتە بۆ ئەڵمانی وایە. هەر لەبەر ئەوەشە کە (الارسوزی)

دەیگوت کە عەرەبایەتی بەخەبەر بوونـەوەی ڕاسـتەقینەی عەرەبـە کـە لـەناو ڕۆحـی عەرەب خۆی شاردۆتەوە. لەبەرئەمـە بـەلای (الارسـوزی)یـەوە بەرامبـەر ئـەو دۆخـە دژوارەی کەعەرەب تیادا دەژی پێوسیتە ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەوری بنـەڕەتی خـۆی ببینێ بۆ ژیاننەوەی ڕۆحی پوختی عەرەبی، ناسیۆنالیزمێك کەبنچینەکـەی پێکـهاتیێ لەپـەیوەندی خـێزانیو بـاوو باپـیران. ناسـیۆنالیزم یـەکێتی سـەرەتایی (primitive) دەپارێزێو لەلایەکی تریشەوە یەکێتی نـاوخۆ مسـۆگەر دەکـاتو ئەمـەش لەڕێگـەی دەوری سەرۆك (زعیم)وە دەبێت.

سەرۆك (زعیم) بۆ میللەتێك وەك دایکێـك وایـە بـۆ منداڵـەکانی. بـەم شـێوەیە، دەرخستنو بایەغ دان بە سەنگو چەمکی سـەرۆك، وای لـە زەکـی الارسـوزی دەکـرد کە"خۆبەخت کـردن"،" کـار"،" پەرسـتنی سـەرۆك"و"بـەوەفایی" بـۆ سـەرۆك وەك یەکـەمین فەزیلـەی ئـادەمیزادی عـەرەب ببینـێ. زیـاتر لـەوەش الارسـوزی خـۆی وەك"پەیامبەر" یان وەك چارەنوسی (مصیر) پان عەرەبیەت لەقەڵەم دەدا. دەوترێ کـە زۆر لەبیرو بۆ چونە سیاسیەکانی الارسوزی لەلایەن میشیل عەفلەقەوە وەرگـیراون یـان دزراونو لەبەر ئەم هۆیە زۆر جار یەکێکیان ئەوی تری سـەبارەت بـەم کـارە تاوانبـار کردوە [٢٩].

هەندێکی تریش گەڕاندنەوەی دامەزراندنی بەعس بۆ زەکی الارسوزی پەسـەند ناکەنو دەڵێن هەرچەندە الارسوزی وشەی" بەعس" ی بەکار هێناوەو هەر لەوکاتـەی مامۆسـتا بـوە لـە(دیـر الـزور) وەهەرچـەندە زۆری کـردوە بـۆ دامـەزراندنی حزبێـك بەناوی"البعث" بەڵام ئەو دامـەزرێنەری ڕاسەقینە نییە. (جلال السـید) کـە یەکێکـە لەدامەزرینەرانی بەعس دەڵێ لەسەر ئاستی تیۆری الارسوزی ڕۆڵی خۆی بینیوە بـەڵام هیچ هەنگاوێکی عەمەلی بۆ دامـەزراندی حزبێکی سیاسی لەسەر ئـەو مۆدێلـەی کـە ئێستا حزبی بەعس خاوەنیەتی نەناوە، نابێ پشت گوێ بخرێ کە لەناو بەعسدا باڵێکی الارسوزی هەبوو [٣٠]. بەلای (جلال السید)ەوە بیرۆکەی دامـەزراندنی بەعسی لەڕاسـتیدا لەنێوان عەفلەقو بەیتارەوە بـوە و لەسـاڵێ ١٩٤٢ پـاش چـەند کۆبونەوەیـەکی زۆر

هەمویان پێکەوە ڕێکەوتون کەناوی ڕێکخراوەکەیان بنێن"البعث العربي"[٣١]. شایستەی ئاماژەیە کە هەرچۆنێك بێتو ڕای هەرکامێك ڕاست بێ یان ڕاست نەبێ، نکوڵی لەوە ناکرێت کە لەو کاتانەدا دوو حیزب هەبوە بەهەمان ناو: ئەوەی عەفلەقو ئەوەی الارسوزی. لەچلەکاندا گروپێ الارسوزی چوە ناو ئەو حزبەی کەپێی دەوترا"البعث العربي" .

لەساڵی ١٩٤٤ الارسوزی وازی لەکاری سیاسی هێناو زۆر لە ئەندامانی گروپەکەی ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لەناو ئەوگروپەی کە عەفلەق سەرۆکایەتی دەکرد. تەنها لەساڵێ ١٩٥٣ بەعس ئەو ناوەی ئێستای وەرگرتو بوو بە (حزب البعث العربي الاشتراكي) و لەئەنجامی بوون بەیەك لەگەڵ پارتی سوسیالسیتی عەرەبی (حزب الاشتركي العربي) کە سەرۆکەکەی (أكرم الحوراني) بوو. أكرم الحوراني خەڵکی شاری حماه بوو. لەساڵێ ١٩٣٦ ئەندامی پارتی نەتەوەیی سوری بوو و لەساڵی ١٩٣٨ لێی هاتەدەرەوەو لەساڵی ١٩٥٠ پارتی سۆسیالیستی سوریای دامەزراند. الحورانی کەسایەتیەکی سەیرو زیرەك بوو و لەناو ژیانی سیاسی سوریا چەند ڕۆڵێکی گەورەی بینیبو: لەساڵێ ١٩٥٤ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی سوری بوو و جێگری کۆماری عەرەبی یەگرتوبو لەسەردەمی یەکێتی لەگەڵ میسردا. جگە لەوەش چەند پۆستێکی وزاری جۆراوجۆری داگیر کردبوو. بەشێوەیەکی گشتی الحورانی دادەنرێ بەلێهاتوترین پیاوی سیاسی عەرەبو گرنگترین کەسایەتی سوریای پاش جەنگی جیهانی دووەم[٣٢]. پارتەکەی،پارتی سۆسیالیستی عەرەبی هەروەکو ناوەکەی ئاماژەی پێ دەکات هەڵگری دروشمی سۆسیالیزم بوو و خەباتی دەکرد بۆ ڕزگارکردنی جیهانی جوتیار[٣٣]. پاش ئەم یەکبونە، پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست بوو بەهەڵگری درووشمی: نەسیۆنالیزمو سۆسیالیزمو خەباتی دەکرد بۆ یەکێتی وڵاتە عەرەبیەکان لەژێر دروشمی"أمة عربية واحدة ذات رسالة خالدة" و بۆ ئەم مەبەستە لەساڵێ ١٩٥٤ سەرکردایەتی نەتەوەیی (القيادة القومية)ی دامەزراند. هەتاساڵی ١٩٥٨ سەرکردایەتی نەتەوەیی پێکهاتبو لە: (میشیل عفلق ،صلاح الدين البيطار، أكرم الحوراني) لەسوريا، (عبدالله نعواس

وعبداللە الريماوي) لەئەردەن، (فؤاد الركابي) لەعيراق، (علي جبر) لەلوبنان. هەروەها هەوڵی دا کە لەزۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان لق بکاتەوە. بەڵام لەعیراق و ئەردەن و لبنان توانی زووتر لقی خۆی بکاتەوە. بۆنمونە ئەو خوێندکارانەی کە لەزانستگای دیمەشق بوون توانیان گەرای ڕێکخراوی بەعسی لەئەردەن دابنێن و هەندێ لەگەنجی ئەردەنی ڕابکێشن. لەلوبنان پاش پاشەکشەی فەرەنسیەکان و وەرگرتنی سەربەخۆیی، بەعس دەستی کرد بەچالاکی لەنێوان خوێندکاران. هەندێ لەوسوریە عەرەبانەی کە لەزانستگای ئەمریکی لەساڵی ١٩٤٧ دەیان خوێندو هەندێ لەوانەی کە لەزانستگای دیمەشق خوێندنیان تەواوکردبوو، توانیان چەندشانەیەك دابنێن لەبەیروت و تەرابلس و صەیداو بەعلبەك و نبتیە..هتد.

ئەو سەردەمە پارتی بەعس ئەندامی زۆر نەبوو زۆربەی ئەندامانی پێك هاتبون لەخوێندکارو ڕۆشنبیرو ڕێژەی کرێکارو جوتیار زۆر لاواز بوو تیایدا تەنها لەشاری حماە نەبێ کە بەهۆی پارتەکەی الحوراني خەڵکێکی زۆری جوتیارو زەحمەتکێشی ڕاکێشابو. یەکگرتن لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی عەرەبی لەدوو لاوە سودی بەخشییە پارتی بەعس: یەکەمیان بریتی بوو لەراکێشانی جوتیارو زەحمەتکێشان و، دوومیان یارمەتی بەعسی دا کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گرنگی بەسیلکی سەربازیی بدات.

لەوانەیە سەرنەکەوتن لەجەنگی هەڵبژاردن وای لەپارتی بەعس کردبێ کە ئیتر بایەخێکی زۆر بەسیلکی عەسکەری بدات و هەوڵ بدات جێگەی ئەندامانی خۆی تیادا بکاتەوە تا لغاوی دەسەڵات وەربگرێ. ئەوەی ڕاستی بێت پارتی بەعس هەر لەدامەزراندنیەوە نەیتوانیوە خەڵکێکی زۆر لەخۆی کۆبکاتەوەو بەشێوەیەك یان بەشێوەیەکی تر لەتەنگژەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی قوڵدا ژیاوە. جگە لەسەرنەکەوتنی سکرتێرە گشتیەکەی، میشیل عەفلەق، لەپرۆسەی هەڵبژاردن، زۆر لەئەندامە سەرەکیەکانی وازیان لەپارتەکە هێنا: بۆنمونە أکرم الحوراني لەساڵی ١٩٦٢ وازی هێناو (جلال السيد و صلاح الدين البيطار) لەساڵی ١٩٥٥ خۆیان کێشایەوە [٣٤]. هەروەها هەموو هەوڵەکانیان بۆ یەکێتی لەگەڵ میسر لەساڵی ١٩٥٦و١٩٥٨

بەفیرۆ چووو لەکۆتایدا بەعس لەلایەن جمال عەبدولناسرەوە بەفاشـیـەت لەقەڵـەم دراو هەروەها سەرکەوتنی لەمەسەلەی یـەکێتی نێـوان سـوریاو عـیراق‌و میـسر بەدەسـت نەهێنا.

ئەوە دەمێنێتەوە بوترێ کەبەعس لەعیراقدا هەر لەدامەزراندنیـەوە ویسـتویەتی بە رکەبەرایەتی‌و دروشمی توندڕەو دەسەڵات بگرێتە دەست‌و ئـامرازی دیموکراسـی ڕەت بکاتەوەو دامەزرێنەرەکەی، میشیل عەفلەق، پاش ئەو هەموو شکست هێنانە هـەوڵی داوە بەراستەوخۆیی توندو تیژی بکات بەئامرازێکی شەرعی بۆگۆڕانـی کۆمەڵایـەتی‌و سیاسی. میشیل عەفلەق کەکاریگەریەکی بنەڕەتیی هەبوو لەسەر ئاڕاستەی بـەعس، زۆریش تەوژمی خۆی هەبوو بۆ سەر بەعسی عیراقی بەتایبەتی بۆ سەر سەدام حسـین‌و پـاش هـەڵبژاردنی بەسـکرتێری گشـتی بـەعس لەسـاڵی١٩٤٧ دانـراوە بەپاڵـەوانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی‌و جۆشی سەدام حسینی خـرۆش کردبـوو لەمەسـەلەی پـەیامی تایبەتی نەتەوەی عەرەب وەکو لەبەشەکانی داهاتودا بۆمان دەردەکەوێ.

کودەتاکەی تەمموزی ١٩٦٨ بۆنەیەکی چاکی دروست کرد بۆ ئەوەی عەفلـەق زۆر بەڕیزەوە وەك "مارکسی" عیراقییـەکان تەماشـا بکـرێ لەلایـەن بەعسـی عیراقـەوە. بەتایبەتی لەساڵانی حەفتاو سەرەتای هەشتاکان لەلایـەن ڕۆشـینبیرو پیـاوی سیاسـی عیراق لەهەموو شوێنیکدا باس دەکرا. لەڕۆژنامەکاندا، لەڕادیۆو تەلەفزیۆندا دەخرایە ڕوو. لەناو کتێب‌و گۆڤارو بلاۆکارەکانی پارتی بەعسی عیراق، خیتاب‌و نووسـینەکانی بوبوون بەیاسایەکی هاوبەشـی فەیلەسـوف‌و کۆمـەڵناس‌و سیاسـەتمەداران‌و پسـپۆری مێـژووی بیروبـاوڕ. تاسـاڵی مردنـی لەسـاڵی ١٩٨٩ لەنـهۆمی دووەمـی بیناکـەی سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، شوقەیەك دابـین کرابـوو بۆ "باوکی دامەزرێنەر" میشیل عەفلەق.

فوئاد مەتەر، ڕۆژنامەنوسی بەعسی‌و نووسەری ژیانی سەدام حسـین بـەم شـێوەیەی خوارەوە وەسفی سەردانی بەعسیەکان دەکات بۆ شوێنی دانیشتنی عەفلـەق: "هـەموو بەعسیەك کە دێت بۆ پایتەختی عیراق سـەردانی دامەزرێنـەری حـیزب دەکـات بـۆ

سلاوكردن ليێی(. . .). سەركردە عیراقیەكان سەردانی دەكەن بۆ ئەوەی دەورو پشتی سەركردە مێژووییەكەیان بدەنو ئەویش هەست بكات بەگرنگی ئەو ئامۆژگاریانەی كە پێشكەشیانی دەكات"[٣٥]. سەدام حوسەینیش دانی دەنا بەگرنگی میشێل عەفلق كاتێك كە باسی خۆیو ڕۆحی" شۆڕش"ی دەكرد لەعیراق [٣٦].

پارتی بەعسی عەرەبی لەعیراقدا

لقی عیراقی حیزبی بەعس لەساڵی ١٩٥٢ لەسەر ئامۆژگاریەكانی میشێل عەفلەق دامەزراو (فؤاد الركابي) بوو بەیەكەم سكرتێری گشتی. (فؤاد الركابي) ئەندازیارێكی شیعی خەڵكی ناسریە بوو. لەحكومەتی (عبدالكريم قاسم)دا بوو بوو بەوەزیری بیناسازیو دوایش بەوەزیری دەوڵەت (١٩٥٩-١٩٥٩). پاش ئەوەی كە لەساڵی ١٩٥٩ ڕێكخراوی بەعسی بەجێهێشت، چەند جارێك خرایە بەندیخانەو دوایش لەنۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧١ لەلایەن ئەمنی بەعسیەوە كوژرا[٣٧].

لە دەورو بەری ساڵانی ١٩٥٢ حیزبی بەعس ئەوەندە نەناسرابوو لە سەر گۆڕەپانی سیاسی و ئەندامانی لەپەنجا ئەندام تێنەدەپەڕینو ئەم ئەندامانەش بەهۆی پەیوەندی خێزانیو برادەرایەتی لەگەڵ یەكدا كاریان دەكرد بۆ هۆیەكی ئایدیۆلۆژی. ئەوەی ڕاستی بێت، بەرپرسی حیزب سەرپەرشتی ڕێكخراوێكی دەكرد كەپێكهاتبو لەخزمو كەسو كارو برادەری خوێندنگە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین كە یەكەم ڕێكخراوی بەعسی بەتەواوی پێكهاتبو لەخەڵكی شیعەو كاتێك (فؤاد الركابي) حیزبی بەجێهێشت، زۆر لەئەندامان وازیان هێنا لەچالاكی حیزبی.

پاش چەند ساڵێك، سەرۆكایەتی بەعس كەوتە ژێردەستی سوننیەكان. لەساڵی ١٩٦٨ تا ساڵی ١٩٧٧ ئەندامانی سەرۆكایەتی حیزبو ئەوانەی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش تقریبەن پێكهاتبون لەسونییەكان. تەنانەت لەساڵی ١٩٧٧ەوە چوار خەڵكی شیعە توانیان ببن بەئەندامی ئەم ئەنجومەنە[٣٨]. لەناو ڕێكخراوێكی كۆمەڵایەتی كە عەقڵیەتی خێڵەكی یان سیستمی عەسەبیە بەسەریا زاڵە، ئەوەی كە

گرنگە پەیوەندی خزمو کەس‌وکارە[٣٩]. لەساڵی ١٩٦٨ەوە عیراق لەڕاستیدا حوکم کراوە لەلایەن پەیوەندیە عەسەبیەکانی تکریت کـە بەشـێوەیەکی فـراوان دانرابـوون لـەناو ڕێکخراوی حیزبو شوێنی بەرپرسـێتی دەزگاکـانی دەوڵـەتو ئۆرگانـە نهێنییـەکانو پۆلیسی سیاسی[٤٠].

هەر چۆنێك بێت، لەساڵی ١٩٥٥ بەپێی تۆمارگـەی پۆلیسـی عـیراقی، ئـەندامانی حیزبی بەعسی بریتی بوون لە٢٨٩ ئەندامو ئەو سەردەمەی کە دوابەدوای کودەتاکـەی عەبدولکەریم قاسمەوە هات لە١٤ تەموزی ١٩٥٨ دژی دەسەڵاتی پادشایەتی، ڕێگـەی پاك کردەوە بۆ حیزبی بەعس کە ٣٠٠ ئـەندامی ئـەکتیڤ وەربگـرێ لـەناو ڕیزەکـانی خۆی[٤١] و ٢٠٠ لایـەنگیرو ١٢٠٠ ئـەندامی (منظم)و ١٠٠٠٠ خـەڵکی ناموـنـەزەم لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە[٤٢].

دەتوانرێ بوترێ کە لەسەر ئاستی ژمارەیی، حیزبی بەعس ئەو گرنگیەی نەبوو لەچاو ئەو گروپە سیاسیانەی کە لەمەڕ شـانۆی سیاسـی کاریـان دەکـرد. بـۆ نمونـە پـارتی کۆمونیست کە لەسـاڵی ١٩٣٤ بەشێوەیەکی نـهێنی دامـەزرابوو، لـەنێوان ١٩٤١و ١٩٥٨ ڕەگی خۆی باش داکوتیبوو بەڕاستی کاریگەریەکی بەرچاوی هـەبوو بـۆ سـەر ڕێژەیەکی فراوان لەهاووڵاتیانی عیراقیو بەتایبەتی لەنێوان کوردو جوتیارو کرێکـارو خوێندکارانەوە. سـاڵێك پـاش کـەوتنی پادشـایەتی، حـیزبی کۆمۆنیسـت گەیشـتبوە لوتکەی چالاکیەکانیو زیاتر لە٢٥,٠٠٠ ئەندامی چالاکی هەبوو، هەروەها پتر لـەنیو ملیۆن لایەنگیرانی هـەبوو، جگـە لـەوهێزەی کـە هـەیبو لـەناو ڕێکخراوەکـانی وەك یەکیەتی ئافرەتانو سەندیکاو یەکیەتی جوتیارانو ڕێکخراوەکانی لاوان[٤٣]. هـەروەها هـێزی سیاسـی دیکـەش ڕۆڵـی خۆیـان هـەبوو، وەك حـیزبی سـەربەخۆیی (حـزب الاستقلال)و حیزبی نیشتمانی دیموکراتی (حزب الوطني الديموقراطي).

شایستەی ئاماژەیە، کەوتنی پادشایەتی ڕێگەی پاك کـردەوە بـۆ ئـەوەی کەسـەرجەم حیزبـە سیاسـیەکان کۆبنـەوە بـەدەوری عەبدولکـەریم قـاسمداو ڕژێمـی کۆمـاریيو کەسایەتی عەبدولکەریم قاسم ببینن وەك هـێزێکی ژیـاو ئـامرازێکی پێویسـت بـۆ

خەبات دژی کۆلۆنیالیزمو ئیمپریالیزم. بۆ نموونە، حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی کە حکومەتی قاسمی پێناسە دەکرد وەك حکومەتێکی دیموکراتی بۆرجوازی، ئومێدەوار بوو کە پەیوەندیەکی پتەو دروست ببێ لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتو هاوکاری دروست بکات دژی سەرمایە داریو ئیمپریالیزمی ئەمریکی. هەروەها، پارتی بەعسو ناسیۆنالیستەکانیش بەلای خۆیانەوە، خستنی دەسەڵاتی پادشایەتی سەر بە کۆلۆنیالیزمیان دادەنا بەڕێگەیەك بەرەو یەکیەتی عەرەب. دەزانرێ کە ئامانجی سەرجەم حیزبە سیاسیە عیراقیەکان کەپشتگیریان دەکرد لەحکومەتی قاسمو لەدەوری بەرەی یەکیەتی نیشتمانی کۆبوبونەوە، بنیادنانی سیستمێکی دیموکراسی نەبوو کە بتوانێ ئازادی تاکەکەسو دیموکراسی سیاسی پیادە دەکات. بۆ سەرجەم حیزبە سیاسیەکان ئامانجی پێشینەیی بریتی بوو لەئاراستەکردنی وزەی سیاسی حکومەت بەرەو خەبات دژی ئیمپریالیزم. بۆ هەندێکیان، بۆ نموونە، بۆ (حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی)، بریتی بوو لەهێشتنەوەی یەکیەتی عیراقو هاوکاری لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت. بۆ حیزبی بەعسو نەسیۆنالیستەکانیش بریتی بوو لەخەبات بۆ سەر بەخۆییو یەکیەتی عەرەب. خەبات دژی ئیمپریالیزم ئامانجی سەرجەم حیزبەکان بوو. ئەوەی (حیزبی کۆمۆنیستو حیزبی دیموکراتی نیشتمانی) بریتی بو لە خەبات بۆ عیراقیەتو بۆ (حیزبی بەعسو استقلال، هەستی یەکیەتی عەرەب تێکەڵ بە بەنەسیۆنالیزمێکی بەجۆش پێش ئەو خەباتە دەهات کە ڕێز لەئازادی تاكو دیموکراسی بگرێت. هیچ سەرسوڕمانی تێدا نییە کە عیراقی کۆماریی لەراستیدا فیزیۆنۆمی دیکۆتۆمی عیراقی ساڵانی ١٩٣٠ دووبارە دەکردەوە: حیزبی کۆمۆنیستو حیزبی دیموکراسی نیشتمانی کە ڕەنگدانەوەی نوێی گروپی ئەهالییان پێکدەهێنا لەلایەکەوەو حیزبی بەعسو استقلال کەئەوەی ڕەشید عالی گەیلانیان دروست دەکرد لەلایەکی دیکەوە. بەم بۆنەیەوە دەتوانرێ پرسیارێك بکرێ: چۆن هەڵوێستی وا جیاوازو دژاو دژ دەیانتوانی پێکەوە بەردەوام بنو بنچینەی تەبایی (وفاق) دروست بکەن

بەدەوری رژێمی کۆماریی‌و سەرۆك قاسم بەبێ ئەوەی لەپڕ توندوتیژی ئەنجام نەدەن؟ با هەوڵ بدەین ئەم خاڵە روون بکەینەوە.

ساڵێك پاش هاتنەکایەی رژێمی کۆماریی‌و ئەو هیوایەی کەعیراقیەکان هەیان بوو پێیەوە، شانۆی سیاسی عیراق بوو بەدوو کەرتی دژ بەیەك: عەبدولکەریم قاسم‌و کۆمۆنیستەکان‌و لایەنگیرەکانیان لەلایەکەوە، بەعسی‌و نەسۆنالیست‌و لایەنگیرەکانیان لەلایەکی دیکەوە. لەنێوان بەعس‌و نەسیۆنالیستەکان کە داوای ئیمزاکردنی پەیمانێکی سەربازیان دەکرد لەگەڵ میسری ناسری لەپێناوی بەدیهێنانی یەکیەتی عەرەب بەزوترین کات‌و کۆمۆنیستەکان کەکێشەی یەکیەتی عەرەبیان دەخستە لاوەو پێشنیازی چارەسەرکردنی کێشەی ئابوری‌و یەکیەتی عیراقیان دەکرد، عەبدولکەریم قاسم وردە وردە دەبوە ئەکتەرێك کە بەرنگاری هەموو هەوڵدانێکی دەکرد کە دەیویست رێگە لەبەردەوامی ئەو شۆڕشە بگرێ کەخۆی خاوەنی سەرەکی بوو. عەبدولکەریم قاسم مرۆڤێکی سەربازیی بوو ئینتمای هیچ حزبێکی سیاسی نەبوو. لەباوکێکی عەرەبی سونني‌و دایکێکی کوردی شیعی هاتبوە دنیاوە لەگەڕەکی قەنبەر عەلی لەبەغداو دانیشتوانی ئەم گەڕەکەش بریتی بوون لەتێکەڵیەك لەمیللەت‌و ئایینی جیاجیا (شیعە، سوننی، جولەکە، دیانی، عەرەب، کوردو تورك). عەبدولکەریم قاسم کاریگەری ئەم ژینگە کۆمەلایەتیەی زۆر لەسەر بو و گشت ژیانی منداڵی لە ناو ئەم ژینگەیە بردەسەر. کەشی خێزانی‌و کۆمەڵایەتی، سەرۆك قاسمی دوور خستەوە لەرۆحێکی داخراو بەرامبەر ئەوانەی کە جیاواز بوون لێی‌و ئەوانەی کە بیروبۆچونی جیاوازیان هەبوو. هەرچۆنێك بێت، قاسم خوێندنی سەرەتایی‌و دواناوەندی تەواو کردو بوو بەمامۆستا لەخوێندگەیەکی سەرەتایی لەدیوانییە لەنێوان ١٩٣١و ١٩٣٢ و راهاتبو لەگەڵ ژینگەی قوتابخانەکەو جیاوازی ئایینی‌و مەزهەبی کێشەی بۆ دروست نەدەکرد. ئەوە راستە کەکاتێك خوێندنی ئەکادیمی سەربازی تەواو کرد لەبەغداو دوایش شوێنی گرنگی داگیرکرد لەهەرەمی سەربازی، عەبدولکەریم قاسم هاوبەشی کرد لەبزووتنەوەی رەشید عالی گەیلانی سەر بەنازیەکان، بەڵام بەهیچ شێوەیەك خۆی

نەخستە ناوگێژاوی ئایدیۆلۆژی یان عەرەبیـــەت. دەتوانـین بڵێـین کـەزیاتر کاریگـەری تەیاری سیاسی ئیسلامی بەسەرەوە بوو وئاستی رۆشنبیری زیاتر ئاراستەی دەکرد بـەرەو نەسیۆنالیزمێکی عیراقی نەك بەرەو نەسیۆنالیزمی یان عەرەبی[٤٤]، بـەڵام لەهـەمان کاتیشدا پێویستی هاوکاری لەگەڵ وڵاتە عەرەبیەکان پشت گوێ نەدەخست.

شایستەی وەبیرهێنانەوەیە کە لەو ماوەیەی کەحوکمی عیراقی کرد (١٩٥٨-١٩٦٣)، عەبدولکـــەریم قاســـم نـــەیتوانی بەلانســـێك بدۆزێتـــەوە لـــەنێوان رەهـــەندە زێدرەوەکانی(ئەوپەڕەکانی) حیزبە سیاسیە عیراقیەکان. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کـە لەتەنیایی‌و ئینعزالی (انعزال) سیاسیدا دەژیا. میولی بـۆ چـەپی عـیراقی‌و پـەیوەندی شەخسی بە ئەفسەرە کۆمۆنیستەکان وایان لێ دەکرد کە خۆشەویستیان رابکێشێ بەڵام بەبێ ئەوەی تەنازولیان بۆبکات. دەبێ بوتـرێ کـە سـەرەڕای راونـان‌و بـەگژا چونیـان، کۆمۆنیستەکان هەمیشە ئومێدیان هەبوو بۆ هاوکاریەکی فراوانترو پتەوتر لەگەڵیدا. دەشبێ تیشك بخرێتە سەر ئەوەش کە بەرامبەر نەسیۆنالیزمی هێرشبەری بەعسیەکان‌و نەتەوەییەکان، عەبدولکەریم قاسم نەیدەتوانی پشت نەبەسـتێ بەهـەندێ ئێلێمێنتـی چەپی عیراقی. هەر بە راستی، سێ مانگ پاش گرتنـە دەسـتی دەسـەڵات، دژایـەتی‌و ناحەزی کەوتە نێوان بەعسیەکان‌و نەسیۆنالیستەکان‌و ئەمەش دەستی کـرد بـەخراپ کردنی کەشی سیاسی‌و ئەم قەیرانەش کۆتایی پێ نەهات تاکەوتنی سـەرۆك لەسـاڵی ١٩٦٣. باهەوڵ بدەین ئەمە تێبگەین.

کاتێك کەیەکەم حەقیبەی وەزاری کۆماری عیراقی دروست کرد، عەبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام عارفی دانا بە جێگری سەرۆك وەزیران‌و وەزیری ناوخۆو جێگـری سـەرۆك هێزی سوپا. یەکەم ئەنجومـەنی وەزیـران پێکـهات لەکۆمـەڵێك لەئـەندامانی حیزبـە سیاسیەکان: پارتی نیشتمانی دیموکراسی دوو وەزارەتـی وەرگـرت: وەزارەتـی دارایـی‌و وەزارەتی کشت‌وکاڵ، پارتی سەربەخۆیی وەزارەتی تەوجیهی نیشتمانی وەرگرت‌و حیزبی بەعس وەزارەتی ئیعماری وەرگرت. حیزبی کۆمۆنیست نوێنەرایەتی وەزاری نەبوو. باقی

وەزارەتەکانی دیکە بەسەر برادەرو نزیکەکانی قاسم لەئەفسەری لەشکر دابەشکران[٤٥].

عەبدولسەلام عارف کێ بوو ؟ عبدالسلام هەڤاڵو برادەری قاسم بوو لەخەباتی سیاسیو رۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو لەرووخاندنی دەسەڵاتی پادشایەتی. لەباوكو دایکێکی عەرەبی سوننی هاتبوە دنیاوە لەگەڕەکی کەرخ کە زۆرینەی تەواوی بریتی بوو لەعەرەبە سوننیەکان.

عەبدولسەلام عارف نەسیۆنالیستێکی فەناتیك بوو. پاش تەواو کردنی خوێندنی سەربازیی، بوو بەئەفسەر لەسوپای عیراقی. بەبیست ساڵی دەستی کرد بەخۆخەریك کردن لەگەڵ ژیانی سیاسیداو هەروەها هاوبەشی کرد لەبزووتنەوەکەی رەشید عالی گەیلانیو دوایش چوە ناو رێکخراوی ئەفسەرە ئازادەکان کە عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی کۆمیتەی سەرکردایەتی بوو. رێکخراوی ئەفسەرە ئازادەکان لەساڵی ١٩٥٠ دامەزرابوو ئامانجەکەی بریتی بوو لەڕوخاندنی دەسەڵاتی پادشایەتیو خەبات دژی کۆلۆنیالیزم. ئەندامەکانی پێکهاتبون لەچەند نەسیۆنالیستێکی پان عەرەبو نەسیۆنالیستی ئاسایی[٤٦]. هەرچەندە هەلۆیستێکی باشی نەبوو بەرامبەر بەعسیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولسەلام عارف هەمان بیرو بۆچونی ئەوانی هەبوو. زیاتر لەوەش، عەبدولسەلام عارف ناسرابوو بۆ بیروبۆچونە رەگەز پەرستیەکانی. رۆژێك، پێش کودەتاکە بەئەفسەرێکی وتبوو: سبەینێ شۆڕشە، سێ ئامانجمان لەبەرچاوە: لەناوبردنی دیانیەکانو موسڵمانە شیعەکانو کوردەکان[٤٧].

عەبدولسەلام عارف نەسیۆنالیستێکی ناسری بوو وچەند رۆژێك پاش کودەتاکە دەستی کرد بە بەرزکردنەوەی بەیاغی یەکیەتی لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوی میسر. بەم بۆنەیەوە دەستی کرد بەگەڕان لەناوچە جیاجیاکانی عیراقو دانی وتاری بەجۆش لەپێناوی پەیداکردنی شەعبیەت لەنێوان جەماوەردا[٤٨]. ئەم کارانە بونە هۆی ناکۆکیەکی زۆر لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمداو پێنج لەوەزیرە نەسیۆنالیستیەکان استقالەیان کردو پاش ئەوانیش (فؤاد الرکابی) وازی هێنا لەبەرپرسێتی وەزاری. بەم

شێوەیە کۆمەڵگای سیاسی عیراقی بوو بەدوو بەشەوە: لەلایەکەوە ئەوانەی کە بانگەشەیان دەکرد بۆ یەکیەتی عەرەب لەنەسیۆنالیستو بەعسیەکانو لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی دژ بەم یەکیەتیە بوون کە بریتی بوون لە عەبدولکەریم قاسمو کۆمۆنیستەکان و لایەنگیرانیان[٤٩]. دوومانگی پێ نەچو، واتا لەسێپتەمبەری هەمان ساڵ عەبدولسەلام عارف لابرا لەوەزیفەی سەربازیی‌و وەزاری کاتێك لەدێسەمبەر عەبدولسەلام تۆمەتی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ (جمال عبدالناصر)و محاوەلەی کودەتای خرایە سەر، بەعسیەکان لەسەر زمانی رۆژنامەکەیان "الجمهورية" دەنگیان بەرزکردەوەو عارفیان مەدح کرد وەك داکۆکیکەری مەسەلەی نەتەوەیی عەرەب. لەراستیدا رۆژنامەی بەعسی "الجمهورية" خاوەنەکەی عەبدولسەلام عارف خۆی بوو و سەرکردایەتی ئەم رۆژنامەیەش کە ئەو کاتانە دروشمی ((یەکێتی، ئازادی، سۆسیالیزمی) (وحدة، حرية، اشتراكية) هەڵگرتبو، درابوە دەستی یەکێك لەبەعسیەکان بەناوی (سعدون حمادی)[٥٠]. دەبێ بوترێ کە "الجمهورية" وتارەکانی عارفو وێنەی سکرتێری گشتی حیزبی بەعس، (فؤاد الركابي) لەیەکەم لاپەرە بڵاودەکردەوەو دابەشی کرد لەناو بنکە سەربازیو شارەکانی عیراقدا[٥١].

شایستەی وەبیرهێنانەوەشە کە عەبدولکەریم قاسم لەلایەکەوە نەیهێشت بریاری دادگا لەسەر هەڵواسینی عارف راپەڕێنرێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە کەوتە راونانی نەسیۆنالستە عەرەبەکان. سزادانی بەعسیو ناسیۆنالیستەکان بەباشی گەڕایەوە بۆ حیزبی کۆمۆنیست کە راستەوخۆ پشتگیری کرد لەسەرۆکی کۆمارو سیاسەتەکەی. ئەنجامی ئەم بارودۆخە رێگەی پاککردەوە، بۆ ئەوەی کە بەعسیەکان بەنهێنی کاری سیاسی خۆیان بکەنو دەست بکەن بەهێرش بردنە سەر کۆمونیستەکان. تەشەسەندنی ئەم توندو تیژیە بو بەهۆی ئەوەی کەشەقامەکانی بەغدا بین بەگۆڕەپانی دوژمنایەتیو شەڕ لەنێوان بەعسیەکانو کۆمۆنیستەکان. لەساڵی ١٩٦١ کۆمۆنیستەکان ئاشکرایان کرد کە٢٨٦ ئەندامو لایەنگریان لێ کوژران لەلایەن بەعسیەکانو نەسیۆنالیستەکانو کەهەزارەها خێزان ناچار کران ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن[٥٢].

بێگومان، ئەم کوشتن‌و بڕینە تەنها سەرەتایەکی توندو تیژی بوو‌و دەبێ وەبیر بخرێتەوە کە لەمانگی ئاداری سالّی ١٩٥٩، ناسریەکان‌و بەعسیەکان‌و نەسیۆنالیستەکان لەشاری موسلّ ڕاپەڕینێکیان سازدا دژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم. ئەو ڕاپەڕینە کە بەناوی "ثورة الشواف" (٥٣) ناونرا لەلایەن قاسمەوە داشکێنرا، بەلاّم ئەم سەرکەوتنەی قاسم کۆتایی نەهێنا بەپێکداچون‌و توندو تیژی لەنێوان کۆمونیست‌و بەعسی‌و نەسیۆنالیستیەکان. بەپێچەوانەوە فراوانتر بوون‌و تەشەنەیان سەند بۆ ناو کوردەکانیش کە زۆر دەترسان لەهەلّوێستی زیدڕەوی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و لەبەر ئەم هۆیە خۆیان خستە پالّ لەشکر بۆ دامرکاندنی بزوتنەوەی نەسیۆنالیزمی زیدڕەو(٥٤). هەرچەندە کۆمونیستەکان کە بە ناچاری لەلایەن قاسمەوە پشت گیریان لیّکراو گەیشتنە ئەوپەڕی هێزیان لەناوەڕاستی سالّی ١٩٥٩، بەلاّم کاریگەریان وردە وردە دەستی کرد بەلاواز بوون لەقازانجی بەعس‌و نەسیۆنالیستەکان. شایستەی ئاماژەیە کەروداوە خوێناویەکانی شاری کەرکوك پەنجەی مۆریان خستە سەر سەرەتای کۆتایی تەوژمی کۆمۆنیست(٥٥).

شاری کەرکوك کە بەشێوەیەکی فراوان دەست کرا بەعەرەباندنی لەلایەن حکومەتی بەعسیەوە، دانیشتوانی پێکهاتبون لە زۆرینەیەکی کوردی‌و کەمایەتیەکی تورکمان‌و عەرەب‌و کلدانی‌و ئاشوری. دەبێ جەخت بخرێتە سەر ئەوەی کە تەنانەت پێش قاسمیش، سیاسەتی حکوماتی پێشوی پادشایەتی هیچ هەولّیان نەدا بۆ کەم کردنەوەی دژایەتی لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکوك. بەپێچەوانەوە، هزری تواندنەوەی دانیشتوانە ناعەرەبەکان لەپێناوی خزمەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، کە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانی ناو حکومەتی پادشایەتی لایەنگیری دەکرا، پتر دوژمنایەتی پەرە پێ سەند لەنێوان ئەم پێکهاتانەو کەرکوکی کرد بەگۆڕەپانی توندو تیژی. روداوەکانی کەرکوك کە لەکاتی یەکەم یادی "شۆڕشی" ١٤ تموز سەریان هەلّدا، ڕەنگدانەوەی ئەو رق‌و کینە شاراوەیە بوون کە لەرابردوودا کرو بێ دەنگ بوون لە نێوان کوردو تورکمانەکان کە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە تاوانبار کرابون وەك "ناسیۆنالیستی

عوسمانیو ناپاك لەخزمەتی تورکیادا"[٥٦]. لــەم بــارو دۆخــەدا، تورکمانــەکانیش بــێ دەنگ نــەمان و زوو بــەزوویی دەســتی تاوانیــان راکێشــا بۆیــانو ئــەوانیش تۆمــەتی خیانەتیان خستە سەریان. بەم شێوەیە ئاهەنگی یەکەم یادی "شــۆڕش"و خۆپیشــاندان لە ناو شەقامە سەرەکیەکانی شارەکە بوو بەڕژاندنی خوێــنو کوشــتنو تــاڵان کردنــی ماڵەکان[٥٧].

ئەوەی راستی بێت، بەرامبــەر ئــەم خوێــن ڕشــتنە، عەبدولکــەریم قاســم بەدەســت بەســراوی نەمایــــەوەو دەســــتی کــــرد بەپێشــــاندانی هەڵوێســــتێکی رەق دژ بەکۆمۆنیســتیەکان. زۆر لەکۆمۆنیســتەکان گــیرانو هــەموو مــانگی تــەموزو ئــاب هەڵمەتی راونانی کۆمۆنیستەکان بەردەوام بوو. چالاکیەکانی حیزبی شیوعی کۆنــتڕۆڵ کرانو رۆژنامەی "اتحاد الشعب" لەنزیکــەوە چــاودێری دەکــراو ئەفســەری ســەربازیی کــەگومانی کۆمونــیزم یــان لایــەنگیری کۆمونیزمیــــان لێ دەکــرا گــیرانو خرانــە بەندینخانەوە.

لەم کەشو هەوا خراپەدا، کۆمۆنیستەکان ناچار بوون بچنــە نــاو کــاری نهێنیــەوەو سەرەڕای یاسای بەڕەواکردنی حیزبە سیاسیەکان لەساڵی ١٩٦٠، حــیزبی کۆمۆنیــست دانرا بەحیزبێکی دەرەوەی یاساو ئیجرائات دژیان بەردەوام بــوون هــەتا کۆتــایی رژێــم. بەتــەنیاو ئینعــزال بــوونو لاواز، حــیزبی کۆمۆنیســت ئــەمجارەیان دەبــوو بــەرنگاری بەعسیەکان بوایە کە لەساڵی ١٩٦٣ هاتنە سەر حوکم. دەبێ ئەوەش وەبیر بخرێتەوە کە بەعســیەکانیش وەك کۆمۆنیســتەکان ڕێگــەی نــهێنیان هــەڵبژاردو لەگــەڵ حــیزبی سەربەخۆییو بزووتنەوەی نەسیۆنالیستی عــەرەب (حرکة القومیین العرب) یــەکیان گرت لەناو بەرەی نەسیۆنالیستی عەرەب و ئامــانجی خۆیــان جێگــیرکرد بــۆ خســتنی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم.

یەکەم رژێمی بەعسی

لە٢٨ی شوباتی ١٩٦٣، حیزبی بەعس بەهاوکاری عەبدولسەلام عارفو هەندێ ئەفسەری ناسری، توانی کۆتایی بێنێ بەحکومەتی قاسم. یەکەم هەنگاوی عارف بریتی بوو لەتۆڵە سەندن لەکۆمۆنیستەکان. پاش ئەوەی لە٩ی شوبات بە هاوکاری بەعسیەکان عەبدولکەریم قاسمی ئیعدام کرد، ئەندامانی رێکخراوە میلیشیاکەی، "الحرس القومي"، رژانە ناو شەقامەکانی بەغدا بۆ ئەوەی دەست بکەن بە لەناوبردنی دوژمنە مێژوییەکانیان. تەنانەت لەماوەی سێ رۆژدا هەزارەها خەڵك کوژران. بەگوێرەی لیستێکی تەواوو لەپێشدا ئامادەکراو[٥٨]، حەرەسی قەومی هەڵسا بەپشکنینی ماڵ بەماڵ بۆ دۆزینەوەو سزادانی کۆمۆنیستەکان. زۆر لەگۆڕەپانی وەرزشو هۆڵی سینەماو ماڵی خەڵکی کران بە بەندینخانەی کاتیو بارەگای حیزب[٥٩].

لەئێوارەی ٨ی شوبات بەیانێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش داوای لەبەعسیەکانو لایەنگیرانیان دەکرد "دوژمنەکانی گەل" لەناوبەرن: "لەبەر هۆی چەند هەوڵدانێکی بێ ئەنجامی کۆمۆنیستەکان- هاوبەش لەتاوانەکانی قاسم دوژمنی خودا- لەپێناوی ئاژاوەنانەوە لەریزەکانی میللەتو بێ رێزیان بۆ رێنماییو فەرمانە رەسمیەکان، دەسەلات دەبەخشرێ بەسەرکردایەتی یەکە سەربازیەکانو حەرەسی قەومی، ئەو کەسانە لەناوبەرن کەئاشتی دەلەقێنن. بانگەشە دەکرێت بۆ رۆڵە سەروەرەکانی میللەت کەهاوکاری بکەن لەگەڵ بەرپرسیاران لەدانی زانیاری دژی ئەم موجریمانە بۆ ئەوەی لەناو ببرێن"[٦٠].

لەو دە رۆژەی کە دوا بەدوای کودەتاکەی بەعسدا هاتن، زۆر ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی لەسێدارەدرانو لەپێش هەموپانەوە سالم عادل، سکرتێری گشتی حیزب. لەیانزەی ئازاردا، ٢٥ ئەندام ئیعدام کران، لە٢٥ی مایس یانزەی دیکە ئیعدام کرانو ٢٨ی دیکە لە٢٣ی حوزەیران، چونکە هاوبەشیان کردبوو لەرووداوەکانی کەرکوكو لەسەرەتای مانگی تەموز، ١١ی دیکە چونکە هاوبەشیان کردبوو لەرووداوەکانی موسڵو ٢١یش لەکۆتایی مانگی تەموز چونکە موئامەرەیان کردبوو

دژی حکومەت[٦١]. هەرچۆنێك بێت، لەو ماوە کورتەی حکومەتی بەعس، ٤٩ ئەندامی گرنگی کۆمۆنیست ئیعدام کران‌و حەوت هەزار فرێ درانە بەندیخانەوە. هەندێ بەڵگەنامە جەخت دەخاتە سەرئەوەی کە قوربانیانی بەعس لەو نۆمانگەدا گەیشتنە دەهەزار[٦٢]. بێ‌گومان، بەرگری کردن لە"شۆڕش" دژی "دوژمنەکانی گەل" درابوە دەستی حەرەسی قەومی کە لەساڵی ١٩٥٩ دامەزرابو و کە پێکهاتبوو لەلایەنگران‌و برادەرانی نزیکی حیزبی بەعس. بەچەند ووشەیەکی دوور لەسیاسەتەوە، دەتوانین بڵێین حەرەسی قەومی پێکهاتبوو لەخەڵکی خراپ‌و سەرجادەو دزو دەرەوەی یاسا([٦٣]. پێش کودەتاکە، سەرکردایەتی حەرەسی قەومی درابوو بە منذر المنداوي التكريتي، کە ئەفسەری هێزی ئاسمانی بوو، کە راستەوخۆ فەرمانی لەسکرتێری گشتی حیزبی بەعس، علي صالح السعدي[٦٤] وەردەگرت. حەننا بەتاتو بەم شێوەیەی خوارەوە توندوتیژی حەرەسی قەومی وەسف دەکات لەوماوەیەی کە بەعس حوکمی عیراقی کرد:

"نوسینگەی زانیاری تایبەتی حەرەسی قەومی بەتەنها١٠٤ کەسی ئیعدام کردبوو - لاشەی ٤٣ لەوئیعدام کراوانە ئاشکرا کران لەنێوان ١٩٦٣ -١٩٦٤ کە نێژرابوون لەگەڕەکی (جزيرة والحصوة). لەژێر زەمینەکانی قصرالنهاية کەنوسینگەی گشتی بوو، هەمووجۆرە ئامێری ئەشکەنجەیەك دۆزراوەتەوە، وەك پەتی کارەبایی‌و پلایس‌و شیشی ئاسن کە بەندکراوەکانیان لەسەر دائەنیشان‌و مەکینەیەك کە هێشتا ئاسەواری ئەو پەنجانەی بەسەرەوە بوو کەبڕابوون. (هەروەها) ژمارەیەك لەپارچە پەڕۆی خوێناوی لەم لاولەولا لەسەر زەوی کەوتبون‌و پەڵەی خوێن بەسەر دیوارەکانەوە بوو"[٦٥].

ئەو قەسابخانەیەی کەحەرەسی قەومی نابویەوە لەنۆ مانگی حوکمی بەعسی، بەراستی سوك کردنێك بوو بۆ شەرەفی مرۆڤایەتی‌و ئەندامانی بەعس وایان لێهات کە"هەزارەها قوربانیان بەزیندویی بخەنە ژێر گلەوەو شوشەی بیرەو ویسکی فڕێ بدەنە سەر تەرمەکانیان‌و لەگەڵ نوسراوێك کە دەڵێ: دەخوێنەوە بەبۆنەی سەرکەوتنمان بەسەر ئەم کلکانە (الذيليين)"[٦٦]. ئەمە رەنگدانەوی جیهانبینی فەلسەفەی بەعسیە

که (لەبەشەکانی داهاتودا بۆنــەمان دەبـێ شـی بکەینـەوە) وا دەکـات لەسـکرتێری حیزبو سەرۆکی حکومەتی بەعس علـی صـالح السـعدی بڵـێ:"سـەریان بـڕن هـەتا ئێسقان"[٦٧]. بەعسیەکی سـوری دەگێڕێتـەوە کـە توندوتیـژی دژی کۆمۆنیستەکان گەیشتە ئـەو سـنورەی کـەکاتێك فـەرمان درا بەئەفسـەرێکی بـەعس بـۆ کوشتنی ١٢کۆمونیست، لەبەر چاوی کۆمەڵێك خەڵك وەڵامی دایەوە: "مـن نـاچم بـۆ ئیعـدام کردنی ١٢، بەڵکو بۆ ئیعدام کردنی بەلایەنی کەمەوە پێنج سەد"[٦٨].

شایستەی باس کردنە، حەرەسی قەومی کە لەمانگی ئـەپریلدا بووبـە دەزگایـەكو بەرەسمی خرایە ژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شـۆرش، بـوو بەسـیلاحێکی ترسناك لەناو دەستی حیزب. لـەمانگی شـوباتدا ژمـارەی ئەندامـەکانی پێکـهاتبوو لەپێنج سەد، بەڵام پاش بەدەزگایی کردنی، ئەم ژمارەیە گەیشتە بیسـتویەك هـەزارو لەمانگی ئابدا گەیشتە سـیوچوارهەزار ئـەندام[٦٩]. بەرامبـەر ئـارەزوی توندوتیـژی منذرالمنداوي التکریتي لەلایەکەوەو، فراوان بوونی دەسەڵاتی سکرتێری گشتی حـیزب لەناو سیستەمی پۆلیسو موخابەراتی نهێنی لەلایەکی دیکەوە، وەڵامی عەبدولسەلام عارفو ناسریەکان زۆر درەنگ نەهاتە کایەوە. دەبێ بوترێ کە ناسریەکان هـەر چـەندە کەمایەتیەك بوون لەناو حکومەتی بەعسیدا، بـەڵام زۆر لایـەنگریان هـەبوو لـەنێوان ئەفسەرەکانی لەشکردا. لەراستیشدا هەر لەرێگەی عەبدولسەلام عارفو ناسریەکانو ئەفسەرەکانی لەشکرەوە بوو کەبەعسیەکان توانیبویان رژێمـی قاسم قلـپ بکەنـەوە. بوونی بەعسیەکان لەناو لەشکردا لاوازبوو و نوێنەرایەتیان لەناو حکومەتو حـەرەس قەومی بەس نەبوون بۆ ئەوەی بتوانن زامنی بەردەوامی دەسەڵات بکەن. زیاتر لـەوەش، سکرتێری حیزبو بەعسیەکان ئەوەندە تینوی دەسـەڵات بـوون کـە بەشـێوەیەکی رەق بەرگریان دەکرد لەداخوازیـەکانی عەبدولسـەلام عـارف سـەبارەت بەدروسـت کردنـی بەرەیەك کە بتوانێ هێزی ناسیۆنالیستەکان بگرێتەوەو سەبارەت بەسکاڵا دەربڕین دژی حەرەسی قەومی. بەکورتی ئەم دووبەرەکیەی نێوان عارفو ناسـریەکان (کـە لەلایـەن لەشکرەوە نوێنەرایەتی دەکرا) و بەعسیەکان کۆتایی پێ نەهات هەتا کەوتنی ئەوانەی

یەکەم. لەنۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٣ لەرێگەی کودەتایەکی دیکـە، دەســەڵات گەڕایـەوە دەسـتی ناسـریەکانو بۆمـاوەی زیـاتر لەچوارسـاڵ عەبدولسـەلام عـارفو براکــەی، عەبدولرەحمان عارف، حوکمی عیراقیان کرد بەشـێوەیەکی توندوتیـژ هـەتا دیسـانەوە بەعسیەکان دەسەڵاتیان لەساڵی ١٩٦٨ گرتەوە دەست.

دووەم رژێمی بەعسی

گەڕانەوەی حیزبی بەعس بۆسەر حوکـم لەتـەمووزی ١٩٦٨ ، بـەردەوامیی بەخشـی بەتوندوتیژیو بەکارهێنانی دەستی ئاسنین دژی هەموو تاکێك بیویسـتایە بـەرەنگاری دەسەڵاتی بێتەوە. ئەو ژێر کەوتن و سەرنەکەوتنەی کـە دوابـەدوای نۆمـانگ لـەحوکم هات، بەعسی فێرکرد دەسەڵاتی رەهای خۆی بسەپێنێ:

١-پێویست بوو کە ئەو دەسەڵاتە بۆ خۆی گل بداتەوەو دابەشی نەکات لەگـەڵ هیـچ هـێزێکی سیاسـی دیکـە: هاوپەیمانیـەتی لەگـەڵ ئێلێمێنتـــە ناســـریەکانو ناسیۆنالیستەکان لەساڵی ١٩٦٣ زۆر کەوت لەسەری.

٢-لەبـەر ئـەوە، پێویسـت بـوو کـەپێچو پـەنای سیاسـی بەشـێوەیەکی زانایانــە بەکاربهێنایە بۆ خستنە لاوەی منافەسەکان.

٣-پێویست بوو لەشکری راکێشایە بۆلای خۆیو زیاتر لەپێشوو بەعسو لایەنگیرانی تێدا دابنایە.

٤-لەگەڵ لەناوبردنی هەرکەسێك کە بیویستایە دژی بوەسـتایەتەوە، پێویسـت بـوو هەڵمەتێکی خەستی پروپاگـەندەی دەسـت پێبکردایـە دژی ئیمپریـالیزمو زایۆنـیزمو کۆنسێرڤەتیزم (کۆنەپەرستی) لەبەرژەوەندی "شۆرشی گەل".

٥-زۆر پێویست بوو کەرواڵـەتێکی دیموکراسـی پیشـان بدایـەو خـۆی وەك هـێزێك پیشانی میللەتی کورد بدایە کە دەیەوێ مەسەلەی کورد چارەسەر بکاتو بانگەشـەی بۆ بنیادنانی بەرەیەکی نیشـتمانی نەتـەوەیی پێشـکەوتنخواز بکردایـە، بـەڵام لـەژێر ویستو دەسەڵاتی خۆی.

٦-هەروەها پێویست بوو خۆی لەناو ڕێکخراوێکی پتەو ڕێکبخستایە کە توانای ئەوەی هەبوایە کاریگەری خۆی لەناو سەرجەم کۆمەڵی عیراقی فراوان بکات.

دەبێ هێڵ بەژێر ئەوەدا بهێنرێ کە کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٨ تەنها کاری بەعسیەکان نەبوو. هەرچەندە ڕۆڵی بەعسیەکان سەرەکی بوو، بەڵام ئەفسەری لەشکرو کەسایەتی سەربەخۆش بەشێوەیەکی ئەکتیف هاوبەشیان تێدا کردبوو. لەهەمان ڕۆژی کودەتاکە، ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش، کە ئاراستەی سیاسی وڵاتەکەی گرتە دەست، پێکهاتبوو لەحەوت کەسایەتی کە چواریان بەعسی نەبوون. جگە لەئەحمەد حەسەن بەکر وەك سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش کە دووساڵ پێش ١٩٦٣هاتبوە ناو ڕێکخراوی بەعسیەوەو دوایی خۆی لێ کێشابوەو دیسانەوە هاتبوە ریزەوەو صالح مەهدی عەماش‌و حردان تکریتی) کە بەعسی بوون، عەبدولرەزاق نایف‌و ئیبراهیم عەبدولرەحمان داودو سەعدون غیدان‌و حەماد شەهاب) بەعسی نەبوون. هەروەها لەناو یەکەم پێکهاتەی وەزاری کە لەلایەن هەشت ئەفسەری نابەعسیەوەو پێنج ناسیۆنالیستی سەربەخۆو سێ کورد نوێنەرایەتی دەکرا، تەنها دەکەسایەتی بەعسی بوون، واتا لەکۆی ٢٦ کەسایەتی سیاسیی، هەژدەی بەعسی نەبوون[٧٠]. یەکەم پێچ‌و پەنای سیاسی حیزبی بەعس بریتی بوو لەخستنەلاوەی دووکەسایەتی سەرەکی لەقڵپ کردنەوەی دەسەڵاتی عەبدولرەحمان عارف: عەبدولرەزاق نایف ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش‌و سەرۆك وەزیران و ئیبراهیم عەبدولرەحمان داود ئەندامی ئەنجومەن‌و وەزیری بەرگری. بێ گومان یەکەمیان لەلایەن کۆمەڵێك لەئەفسەر بە سەرۆکایەتی سەدام حوسەین گیرا وئیجبارکرا عیراق بەجێ بهێڵێ‌و لەساڵی ١٩٧٨ لە لەندەن کوژرا پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٧٣ لەهەوڵێکی تری کوشتن ڕزگاری بوبوو. دووەمیان کاتێك کەسەردانێکی ئەردەنی کردبوو، داوای لێ کرا کەنەگەڕێتەوە بۆ عیراق[٧١]. لەماوەی کەمتر لەدوو هەفتە سەرجەم وەزیرە نابەعسیەکان لابران‌و کەسایەتی بەعسی‌و لایەنگرانیان خرانە شوێنیان. لە ٣٠ تەمووز حیزبی بەعس کۆنترۆڵی تەواوی پەیدا کرد بەسەر پۆستە گرنگەکانی

دەزگاکانی دەوڵەتی عیراق: ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی کۆمار، لەهەمان کاتدا بوو بەسەرۆکی وەزیرانو حردان التکریتی بوو بە وەزیری بەرگریو سەرۆکی هێزی هەوایی و صالح مەهدی عماش بووبە وەزیری ناوخۆو عــەبدولکریم شـێخلی وەزیـری کاروبـاری دەرەوە.

دووەم هەنگاوی سیاسی بریتی بوو لەدانانی ئەفسەری بـەعسو لایـەنگیرانی حـیزبی بەعسی لەناو پۆستە هەرە گرنگەکانی هــەرەمی سـەربازیی. پـتر لـە١١٧ ئەفسـەری بەعسی کە لەپێشدا ئیستقالەیان دابو و یان کـەژیانی سـەربازیان بـەجێ هێشـتبوو، خرانەوە ناو ریزەکانی لەشکرو دووهەزار پیاوی سەربازی بەعسی گویزرانەوە بۆ شـوێنە بایەخدارەکانی دەسەڵاتی سەربازیی‌و مەدەنی‌و حەرەسـی قـەومی[٧٢]. بەتەنـها چـەند مانگێك، حیزبی بەعس توانی هێزی لەشکرو پۆلیسو موخابەرات بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی.

سێهەم هەنگاو بریتی بوو لەپرشو بلاوکردنەوەی هەموو ئەگەرێکی هەرەشە بۆسـەر دەسـەلات، واتـا لـەناو بردنـی هــەموو ئەوانـەی دژی "شۆرشــی بەعســی" بـوون. لەئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٨، ١٧ جولەکە دەسـتگیر کـران بەتۆمــەتی چونـەوەیان بـۆ ناوەندی جاسوسیەتی زایۆنی‌و بەدرێژی مانگی نۆڤەمبەر هەڵمــەتی خەسـتی خسـتنە بەندیخانە بەردەوام بــوو[٧٣]. لـەمانگی دیسـەمبەری هــەمان سـاڵ، مەحکەمەیـەکی تایبەتی "شۆڕش" دروستکرا بۆ حوکمدانی "دوژمنانی گەل" پەنجاوسێ کەس ئیعـدام کران[٧٤]. لـەمانگی یـەکی سـاڵی ١٩٦٩چـوارده کـەس کـەنیوەیان جولەکـە بـوون، بەتۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسـرائیل ئیعـدام کـران. ئەمانــە هێنرانــە بــەردەم کـامێرەی تەلەفزیۆنو دوایش هەڵواسران لە "ساحة التحريـر" لەبـەغداو هاوولاتیـانیش بـانگ کران بۆئەوەی برۆن تەرمە هەڵواسراوەکانیان ببینن[٧٥].

دوابەدوای هەموو دەستگیر کردنێــك یـاخود خسـتنە بەندیخانەیـەك یـاخود ئیعـدام کردنێـك مەکینـەی پرۆپاگـەندەی بـەعس دەکەوتـە کـار بـۆ حوکـم کردنــی ئــەو موئامەراتانەی کە لەلایەن "خائین" و "عەمیل"و "سیخوڕی" زایۆنزمو ئیمپریالیزمو

کۆنسێرڤەتیزم (کۆنە پەرست) دژی "شۆڕشی گەل" رادەپەڕێنران. هەروەك چۆن سالّی ١٩٦٣ بانگەشە کرا بۆ میللەت کە "دوژمن بهارێ هەتا ئیسقان" یان "ناپاکەکان بکوژێ" یان "بیانسڕێتە لەبوون"(٧٦)، هەروەها لەدووەم ئەزموونی بەعسیشدا هەمان گوزارشتی توندوتیژیو هەمان کاری توندو تیژی راپەڕێنرا. لەهەلّواسینە ترسناکەکانی مانگی یەك، صلاح عمر العلی التکریتی، وەزیری ئیعمارو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جاڕی دەدا.

"ئەی میللەتی گەورەی عیراق، ئەمڕۆ عیراق ئیتر ناپاكو سیخوڕ لەخۆناگرێت. ئەی ئێوەی زۆلّی ئیسرائیل، ئەی ئێوەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی، ئەی ئێوەی زایۆنی، باش گوێم لێ بگرن! ئێمە پیلانی ئێوە هەلّدەمالّین! ئێمە بەکرێ گیراوەکانتان سزا دەدەین! ئێمە سیخوڕەکانتان هەلّدەواسین ئەگەر هەزارەهاش بن! (...) ئەی میللەتی گەورەی عیراق! ئەمە هێشتا دەست پێکردنێکە! سەرجەم گۆڕەپانە گەورەکانی عیراق پڕدەکرێن لەتەرمی ناپاکانو سیخوڕان! بەس چاوەڕوان بکەن"(٧٧)

لەهەمان کاتدا رادیۆی بەغدا کاتێك وەلّامی رەخنەو نارەزایی جیهانی دەدایەوە، دەیگوت ئێمە سیخوڕمان هەلّواسیوە، بەلّام جولەکە عیسایان لەخاچ دا"(٧٨).

لەمانگی تەموزی سالّی ١٩٦٩ سەرۆکی کۆمار (ئەحمەد حەسەن البکر) جاڕی دەداو دەیگوت: "گرنگە کەچینی شۆڕشگێڕ تۆڕی سیخوڕەکان بهارێ چونکە پەیوەندیەکی خەستیان لەگەلّ چەوسێنەرەکان (...) هەیە. ئەم لەناوبردنە هەروەها کەلّکێکی ستراتیژی هەیە چونکە هاوبەشی دەکات لەو ئەرکانەی کەدەبێ بەجێ بهێنرێن لەپێناوی رزگارکردنی میللەتان (...) هەموو نەخشەیەك لەپێناوی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، دەبێ هەر لەسەرەتاوە پێشبینی لەناوبردنی ئەم خراپەیە بکات کە بریتییە لەوانەی زانیاری بۆ دوژمن دەبەنو لەرێگەی پروپاگەندەیەکی بێ بناغە هاوبەشی دەکەن لەلاواز کردنی ورەی میللەت.."(٧٩).

لەوسالّەدا ١٩٩ کۆمۆنیستی قیادەی مەرکەزی خرانە بەندیخانەوەو هەتا مردن ئەشکەنجە دران. عەزیز الحاج (٨٠)، سکرتێری گشتی حیزب کە نەیتوانی بەرامبەر

ئەشکەنجەبوەستێت، هێنرایە سەر تەلەفزیۆن بـۆ ئـەوەی "دانبنـێ بەتاوانـەکانیا دژی "شۆڕش" و لەبەردەم جەماوەر حزبەکەی خۆی تاوانبار بکاتو مەدحی حیزبی بـەعس بکات کە تەنها حزبی پێشکەوتنخوازی راستەقینەیە لە ولاتەکەدا [٨١]. مانگی پێنـج، کۆمەڵێکی دیکـە حوکـم دران بەتۆمـەتی پـەیوەندی لەگـەڵ سـی ئـای ئـەی cia و عبدالرحمن عارف و ژمارەیەك لەوەزیرانی حکومەتی پێشوو بە بەکرێ گیراوی ئەمریکا تاوانبار کران [٨٢]. لەمانگی یەکی ١٩٧٠، رادیۆی عیراقی دەسـتی دەکـرد بـەدووبارە کردنەوەی ئەوەی کە پیلانێکی ئـێرانی ویسـتویەتی زیـان ببەخشـێ بـە "شـۆڕش" و چەندەها کەس خرانە بەندیخانەوەو چلو چواریان لێ ئیعدام کران [٨٣].

ئەم رووداوانەو بێ گومـان رووداوی دیکـەش کەلەگـەڵ هاتنـەوەی رژێمـی بەعسیدا دەستیان پێکردو شـێوەی هـەوڵدان بـۆ هـاڕینی هـەموو ئۆپۆزیسـیۆنێکی سیاسـی، ئەوەمان پیشان دەدات کە تا چ رادەیەك حـیزبی بـەعس قەناعـەتی بەهەڵسـوکەوتو رەفتاری خۆی هەبوو. راپۆرتـی سیاسـی کۆنگـرەی هەشـتەمی حـیزبی بـەعس ئـەوە دەردەخات کە بەعس لەبەرئەوەی قەناعەتی بەوە هەبوو کەهەڵگری پەیامێکی نـەمرە "الرسالة الخالدة"و خاوەنی حەقیقەتی رەهایە، لەبەر ئـەوە دەبوایـە هـەموو کۆمـەڵی عیراقی لەگەڵیابێت. لەهەموو رستەیەکدا، لەهەموو لاپەڕەیەکداو لەهەموو بەشێکدا ئەم قەناعەتە دەخاتە روو و بەدڵنیاییەوە دەڵێ کـە ئـەرکی بەپەلـەی(زوو بـە زوویـی) حیزبی شۆڕشگێڕ، جێگیرکردنو بەهێز کردنی دەسەڵاتە لەپێناو رزگار کردنـی عـیراق لەپیلانو هەوڵدانی روخێنەرو ئەو ئەرکە پڕە لـە گرفـتو ئـاڵۆزیی [٨٤]. بەشـێوازێکی راستەوخۆو سەرسوڕهێنەر دان بەوەدا دەنێ کە دۆخی سایکۆلۆژی ولاتەکـەو ئـەنجامی ئەزمونی(٨ ی شوباتی١٩٦٣) ئەوەی فـێرکرد کـە پاکتـاو کردنـی کۆنـە پەرسـتانو گومان لێکراوان ئێلێمێنتی گەندەڵو خائینەکانی لەشکرو مخابەراتی ئـەمنو شـوێنی حەساسی دەوڵەت کـارێکی وائاسـان نـەبوو [٨٥]. دان بەوەشـدا دەنـێ کـە لـەپێناوی لەناوبردنی رکەبەرەکانی، پێویستی دەکرد کە بەنەرمیو بێ هەڵپـەیی رەفتـار بکـات چونکە ئەو هەڵوێستە هەلێکی بەوکەسانە دەبەخشی کە رەفتاریان چاك بکەنەوەو وەك

هاوولاتی بەرپرس هەڵسوکەوت بکەن [٨٦]. گومانی تێدانییە ئەم نەرمیەی کە بەعس باسی لێ دەکرد پەیوەندی هەبوو بەو بارودۆخە ناسەقامگیرەی کەحیزب تیایدا دەژیا. لەساڵی١٩٦٨، پشتگیری وڵات بۆ حیزبی بەعس زۆر لاواز بوو. بەگوێرەی بۆچونی بەعسیەکان، ئەندامانی ئەکتیڤی رێکخراوەکەیان لەپێنج هەزار تێپەری نەدەکرد [٨٧].

لەبەر ئەوە هەندێ "بارودۆخی بابەتی" و کێشەی کەمو کوری لەکادێری بەعسی کەتوانایان هەبوایە شوێنی بەرپرسیتی لەناو دەزگاکانی دەوڵەتو رێکخراوە میللیەکان وەرگرن، حیزبیان ناچار کرد پرۆگرامێکی پلە بەپلەیی(تدریجی) جێبەجێ بکات بۆ دانانی ئەندامانی خۆی لەپۆستە گرنگەکانی حکومەت [٨٨]. جگە لەمەش راپۆرتەکە جەخت دەخاتە سەر ئەوەش کەسەرەرای نارەزایی جیهانیی دژی کوشتنو برینی بەرچاو و رەخنەی خەست دژی شۆرشو گەل، حیزبی بەعس هیچ دوودڵی نەکرد لەپاك کردنەوەی عیراق لەدوژمنانو بەرگری کردن دژی تۆری سیخورپی لەناو لەشکرو مخابەراتی ئەمنو ناوەندی حەساسی دەزگاکانی دەوڵەتو کۆمەڵی عێراقی [٨٩].

ئەم کورتە باسە لەسەر چەند مانگێکی حکومەتی بەعسی دوەم، دەیەوێ تەنها ئەوە دەربخات کەئەو توندوتیژیەی کە لەسەر ئاستی سایکۆلۆژیو ئەخلاقیو مادی رەواکراو ئەو هەڵمەتی پروپاگەندەیە کە بەدوایدا هات، ئامانجێکی دوفاقەیی هەبوو:

١-هەوڵدان بۆ گرمۆڵەکردنی میللەت بەدەوری حیزبداو مسۆگەر کردنی سەقامگیریو سەپاندنی دەسەڵات.

٢- ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵگەی عیراقی بەشێوەیەکی رەهایی سەبارەت بەوەی کە هەموو هەوڵدانێك دژی دەسەڵات بەبێ بەزەیی سزا دەدرێت. ئەم ئامانجە جێگەی سەرەنجی حیزبی بەعس بوو هەر لەداگیرکرنی دەسەڵات هەتا هەرەسهێنانی.

ئامانجی ئێمە لەم بەشەدا گێرانەوەی ژمارەی سروشتی دەستگیرکردنو خستنە ناو بەندیخانەو وونبوونو تیرۆرکردنو ئەشکەنجەو لەسێدارەدان نییە، چونکە ئەم کارانە ئەوەندە زۆرن کە باس کردنیان پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی جیاواز هەیە. ئامانجی ئێمە ئەوەیە تیشك بخەینە سەر ئاکاری ئایدیۆلۆژیاو جیهانبینییەك کە لەبەشەکانی

داهاتودا باسی لێ دەکەین. پاساو کردنی کوشتن‌و بڕین لەڕێگەی دەست ڕاکێشان بۆ دوژمن‌و خائین‌و سیخوڕ ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای عەفلەقیە کەهاوبەشە لەگەڵ سەرجەم ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتاریەکان.

بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز

بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز (الجبهة الوطنية القومية التقدمية) لەمانگی تەموزی ساڵی ۱۹۷۳ دروستکرا. بێگومان مەبەستی حکومەتی بەعس دابەشکردنی دەسەڵات نەبوو لەگەڵ هیچ هێزێکی سیاسیدا. مەرامی بەعس، لەڕاستیدا، بریتی بوو لەدوو خاڵ: مژین‌و ملکەچ پێکردنی هەموو ئاراستە سیاسیەکان کە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عیراقی مابونەوە بۆ پێداویستیە ناسیۆنالیستە پان عەرەبەکانی حزبی بەعس‌و دانی ڕواڵەتێکی پۆزەیتڤ بەدەسەڵاتەکەی، لەسەر ئاستی ناوخۆو لەبەردەم جیهانی عەرەبی‌و ڕا یگشتی جیهانی.

لەدێڕەکانی پێشودا تێبینیمان کرد کە چەند مانگێك حکومەتی بەعس هیچ لایەنێکی بەبێ سزا نەهێشتەوە. هەموو ئەوانەی لەناو برد کە پێی دەگوتن "سیخوڕ ،ناپاك، بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم". بەم شێوەیە، هیچ لایەنێك لە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی نەمابوەوە جگە لەحیزبی کۆمۆنیست، دوژمنی ئایدیۆلۆژی‌و مێژویی، و هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان. بێ گومان، دەبێ بڵێین کە حکومەتی بەعس کاتێك هەنگاوی نا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەڕێگەی ڕێککەوتننامەی۱۱ی ئاداری ساڵی ۱۹۷۰ لەبەر هۆیەکی ئایدیۆلۆژی نەبوو. هەنگاونان بەرەو ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەی ئازار ڕەنگدانەوەی جیهانبینی بەعس نەبوو چونکە ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی تۆتالیتاری پان عەرەب ناتوانێ مەسەلەی میللەتێکی دیکە تەماشا بکات لەناو چوارچێوەی مافی ڕەوا. حکومەتی بەعسی عێراقی، بەئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی ئادارو دروست کردنی بەرەی نیشتیمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، ویستی بۆ ماوەیەك تاخۆی بگرێتەوەو خۆی بەهێز بکات‌و کەڵك لەکات وەربگرێ .

ئەگینا دوژمنی دوێنێ ناتوانێ ببێ بەبرادەری خۆشەویستی ئەمڕۆ. دەتوانین بڵێین کە ئەگەر لەساڵی ١٩٦٣ رۆحی تۆڵە سەندنەوە وای لێکرد کە بەبێ گوێدانە هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەتو وڵاتە سۆسیالیستەکان کۆمۆنیستەکان بهارێ، ئەمجارەیان لەبەر هۆی تەکتیکیو مانەوە، ناچاربوو ستراتیژیەتێك هەڵبژێرێ کەزامنی یارمەتی سیاسیو سەربازی بۆ بکات بۆ ئەوەی باشتر دوژمنەکانی دامرکێنێ. رێککەوتن لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست وەك شتێکی پێویست دەبینرا بەتایبەتی کاتێك پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بەرەو باشی دەڕۆیشت. کرانەوە لەگەڵ بلۆکی سۆسیالیستو بەتایبەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت ناچاری دەکرد کەهەڵوێستێکی "رێکەوتنانەی" هەبێ لەگەڵ کۆمۆنیستە عێراقیەکان. هەروەها کۆمۆنیستەکان بەدەوری خۆیان کاتێك ئەم کرانەوەیە ئومێدی رێکەوتنی پێ دەدان لەگەڵ حکومەتی بەعس، ئەوەی کەبەسەریان هاتبو لەنۆمانگی حوکمی بەعسدا لە ١٩٦٣ بۆیان بوو بەڕوداوێکی رابردوو. لەبەر ئەمە، دەستیان کرد بەڕازی کردنی خۆیان سەبارەت بەوەی کەحیزبی بەعس نوێنەرایەتی "بۆرجوازی ناسیونال" دەکات. سەرەڕای دەسەڵاتخوازی، حکومەتی بەعس بریتی بوو لەبۆرجوازییەکی ناسیۆنال کە بەلای کۆمۆنیستەکانەوە بەتوێژێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخواز لەخەباتدا دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی دەژمێردرا. خەوی هاوکارییەکی بەرهەمهێنەر، ئەندێشەی کۆمۆنیستەکانی زیاتر دەخرۆشان کاتێك کە حکومەتی بەعسی خۆی ئامادە دەکرد بۆ خستنەکاری پرۆگرامێکی سۆسیالیستو ناسیۆنالیزە کردنی نەوتی عیراقیو چارەسەرکردنی کێشەی میللەتی کورد. زیاتر لەوەش، حیزبی بەعس پێش دروستکردنی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، رێگەیدا بەحزبیی کۆمۆنیست هەفتەنامەی (الثقافة الجديدة) بڵاوبکاتەوەو عەزیز شەریفی کرد بە وەزیری داد. بەڵام قەوارەی "زۆرزانیی" بەعس زۆر لەوەی حیزبی کۆمونیست گەورەتر بوو. بەپاڵ ئەم ئیجرائاتانەوە، حیزبی بەعس دەستی کرد بەهەڵمەتی تیرۆرو فڕاندنو خستنە ناو بەندیخانەی ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیست. لەمانگی حوزەیرانی ساڵ ١٩٦٩ ستار خضیر، ئەندامی لیژنەی مەرکەزی

کوژرا، لەمانگی سێپتەمبەر کـادێری گرنگـی حـیزب، عبـد الامـیر سید، فڕێنرا، لەمانگی ئاداری ۱۹۷۰ ئەندامێکی دیکەی لیژنەی مەرکەزی، محمد احمد الخدری، لـە بەغدا کوژراو هەروەها زۆر لـەکادێری بـەرزی حـزب خرانـە بەندیخانـەو هـەتا مـردن ئەشکەنجە دران [٩٠].

حکومەتی بەعس هەمان سیاسەتی لەگەڵ میللەتی کورد بەکارهێنا. لەگەڵ ئیمـزا کردنی رێککەوتننامەی یانزەی ئاداری ۱۹۷۰ سەبارەت بـەئۆتۆنۆمی بـۆ کوردسـتان، پێنج وەزیری کوردی لەحکومەتی عـیراقی دانـا و مۆڵـەتی بڵاوکردنـەوەی رۆژنامـەو گۆڤاری بەزمانی کوردی داو هەروەها هێشتی زمانی کوردی لەخوێندنگە سـەرەتایی‌و ناوەندیەکانی کوردستان بخوێنرێ. بەڵام لەهەمان کاتدا، لە سـێپتەمبەری ۱۹۷۱ چـل هەزار (٤٠٠٠٠) کوردی بەرەو ئێران دەرکرد و لەهـەمان مـانگدا هـەوڵی کوشـتنی سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، (مـەلا موسـتەفای بـارزانی) داو رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر بەردەوام بـوو لەسیاسـەتی عـەرەباندنی کوردسـتان بەتایبـەتی لـە کەرکوك‌و خانەقین‌و شەنگارو شێخان‌و بەبێ سنور رەفتـاری تیرۆریسـتی خەسـتکزدەوە لەکوشتن‌و خسـتنە نـاو بەندیخانـەوەو فڕاندنـی چـەندەها کەسـایەتی کـورد [٩١]. لـەم بارودۆخەدا، حزبی بەعس مەبەستی خـۆی ئاشـکرا دەکـرد سـەبارەت بەدروسـتکردنی بەرەیەك کەسەرجەم هێزە سیاسیە "پێشکەوتنخوازو نیشتمانیەکان" بگرێتەوە. پـارتی دیموکراتی کوردسـتان، هاوبەشیکردنی لە نـاو ئـەم بەرەیـەدا رەتدایـەوە، بـەڵام حزبـی کۆمۆنیست مەرجەکانی چونە ناو بەرەی پەسەند کرد. شایستەی تیشك خستنە سـەرە کە بۆ پەسەند کردنی چوونە ناو بەرەی بەعسیەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان چـەند مەرجێکی دانا کە لە لایەن حیزبی بەعسەوە پەسەند نەکران. هەندێ لـەو مەرجانـە بریتی بوون لەهاوبەشی کردنی راسـتەوخۆی حیزبـە سیاسـیەکان لـە بەڕێوەبەرایـەتی دەوڵەت، لەپێناوی ئەوەی دەزگـای دەوڵـەت تەنـها لـەژێر کۆنـترۆڵی بـەغدا نـەبێ‌و، بەزوترین کات پرۆسەی هـەڵبژاردن رێکبخـرێ . . . هتـد [٩٢]. زیـاتر لـەوەش، پـارتی دیموکراتـی کوردسـتان نـارەزایی خـۆی دەربـڕی بەرامبـەر هەڵمـەتی عـــەرەباندنی

کوردستانو لەبەر ئەم هۆیەش هەتا ساڵی ١٩٧٥ لە دەرەوەی بەرەی بەعسی مایــەوە. بەڵام دەبێ زوو بەزوویی بوترێ کە لەم کاتانەشداو پاش هەرەسهێنانی ڕێککەوتننامەی ئادارو شۆڕشی کورد ، لە ساڵی ١٩٧٥ ڕێکخراوێکی سیاسی کوردسانی دیکە دروســت بوو: یەکێتیی نیشــتمانیی کوردســتان، کــە بەســەرۆکایەتی جــەلال تاڵــەبانی توانــی بەردەوامی بە شۆڕشی خەڵکی کوردستان بدات و ببێ بە ئاستەنگێك دژی سیاســەتی حکومەتی بەعسو ببێ بە هێزیك بۆ بەرزکردنەوەی وورەی خــەڵکی کوردســتان. دەبــێ ئەوەیش بوترێ کەحکومەتی بەعســی لەعــەرەباندنی کوردســتان نەوەســتا و هــەندێ گروپــی کــارتۆنی کــوردی لەگــەڵ حزبی کۆمۆنیســتی عــیراقی خســتە نــاو بــەرەی پێشکەوتنخوازەوە. بۆ هاتنە ناو بــەرەوە، حکومــەتی بەعســی هــەندێ مــەرجی دانــا. هەندێ لەو مەرجانە بریتی بوون لەم خاڵانەی خــوارەوە: حــیزبی کۆمۆنیست دەبوایــە بەشێوەیەکی "ڕوونو بابەتی" دانی بنایە بەسەر ئەوەی کەحیزبی بــەعس "حــیزبێکی شۆڕشگێری یەکێتیخوازی سۆسیالیستی دیموکراتیــە". دەبوایە ئیعلانێکی دەربکردایە لەسەر پێشکەوتنخوازیی شۆڕشی (١٧)ی تەمووز. دەبوایە دانی بنایــە بەســەر ڕۆڵــی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لەناو حکومەتو ڕێکخــراوە میللیــەکانو بــەرە. دەبوایــە لەسەر ئاستی ڕەسمی پەیمانی بدایە کە چالاکی سیاسی نەباتە ناو لەشــکرەوە، چونکــە ئەم چالاکیانــە بــەندن تەنــها بــەحیزبی بەعســەوە: تەنــها حــیزبی بــەعس ڕەوایــەتی ڕێکخستنی سیاسی هەبوو لەناو لەشکرو خوێندنگە کــاندا. دەبوایــە پــەیمانی بدایــە هەڵبستێ بەهەوڵدان بۆ ڕازی کردنی حیزبە کۆمۆنیستەکان کە هاوپەیمانیــەتی بکــەن لەگەڵ حزبیی بەعس لەوڵاتە عەرەبیەکانی دیکە. دەبوایە دەوڵەتی زایۆتی بەشێوەیەکی ڕەها ڕەتبدایەو بیری خەباتی میللی چەکدارانە بۆ ڕزگــار کردنــی تــەواوی فەلەســتینی پەسەند بکردایە. دەبوایە یەکێتی عەرەبی پەسەند بکردایــە، وەك "ئامــانجی یەکــەمو بنــەڕەتی" یــەکگرتنی ســەرجەم وولاتــە عەرەبیــەکانو هــەروەها دەبوایــە " گۆڕانــی سۆسیالیستی " پەسەند بکردایە لەناو وولاتەکەدا[٩٣]. حیزبی کۆمۆنیست هەندێ لەم مەرجانەی ڕەتدایەوە. بۆ نمونە چەمکی حیزبی سەرکردەی "الحـزب القـائد"ی پەسـەند

نەکردو فۆرمەلەی "گۆڕانی سۆسیالیستی" ڕەتدایەوە چونکە لەروانگەی حیزبی کۆمۆنیستەوە چەمکی گۆڕانی سۆسیالیست لەسەر ئاستی تیۆری ڕاستەو "زانستیانە" نەبوو، چونکە عیراق هێشتا "شۆڕشی ناسیۆناڵ دیموکراتی" تەواو نەکردووە. دەبێ بوترێ کەسەبارەت بە یەکێتی عەرەب و خەبات دژی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم، حیزبی کۆمۆنیست هیچ نارازییەکی دەرنەبڕی [٩٤] و پاش چەند چاوپێکەوتن و گفتوگۆیەك، ئەم مەرجانەی پەسەند کرد و بوو بە ئەندام لە بەرەی نیشتیمانی و نەسیۆنالیستی پێشکەوتنخواز. لە ٤ی ئەپریلی ١٩٧٢ حکومەتی بەعس ڕێکەوتننامەیەکی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت ئیمزا کرد [٩٥].

لەتەموزی ١٩٧٣، سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکرو سکرتێری یەکەمی لیژنەی مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیست کارتی کاری نیشتمانیان "ورقة العمل الوطني" ئیمزا کرد. بەم شێوەیە بەرەی نیشتمانی ناسیۆنالی پێشکەوتنخواز کە لەحیزبی بەعس و پارتی کۆمۆنیست پێکهات، کەوتە کارو لەلایەن لیژنەیەکەوە بەناوی "اللجنة العليا" سەرکردایەتی کرا. ئەم ئەنجومەنە بریتی بوو لە١٦ کورسی: هەشتی بۆ حزبی بەعس و سێی بۆ حزبی شیوعی و سێی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان (ئەگەر چونە ناو بەرەی پەسەند بکردایە) و دووش بۆ "کەسایەتیە سەربەخۆکان" [٩٦]. گومانی تێدا نییە کەکاتێك ڕێنمایی وەردەگرت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بەرەی نیشتمانی ناسیۆنالی پێشکەوتنخواز بوو بەداردەستێك لەژێر کۆنترۆڵی حیزبی بەعس. زیاتر لەوەش کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان هاوبەشیکردنی بەرەی ڕەتکردەوە، حیزبی بەعس توانی لەئەنجومەنی باڵا "اللجنة العليا" زۆرینەی هەبێ.

ئایا حیزبی کۆمۆنیست چاوەڕوانی چی لەحیزبێك دەکردکە مەرامی زۆر ئاشکرا بوو: نەك تەنها هەموو ئۆپۆزسیۆنێك بخاتە ژێر باڵی ناسیۆنالیزمی پان عەرەبییەکەی، بەڵکو هەروەها بەگوێرەی نەخشەیەك کە لەوەو پێش بیری لێ کراوەتەوە، هەموو ووزەی هێزە سیاسیەکان هەڵمژێ و لەسەر شانۆی سیاسی عیراقدا وونی بکات. گومانی تێدا نییە کە دەکرێ ئاشتی لەنێوان دوو دوژمندا بهێنرێتە کایەوە هەڵبەت تەنها

لەڕێگەی مەبەستیان نەك لەڕێگەی ئیمزا کردنی پارچەیەك کاغەز. یوتۆپیای کۆمۆنیستی سەر بەیەکێتی سۆڤیەت حیسابی ئەوەی دەکرد کە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ حیزبێکی "بۆرجوازی بچوك" وەك حیزبی بەعس پێویست بوو لەپێناوی ڕێگە خۆش کردن پێش هەموو شتێك بۆخەبات دژی ئیمپریالیزم، قۆناغی بالآی سەرمایەداری. هەروەها کرێکاران‌و جوتیاران‌و بەشێکی بەرچاوی بۆرجوازی ناسیۆنالی رادەکێشا بەرەو خۆی و وورده وورده عیراقی دەبرد بەرەو بنیادنانی سۆسیالیزمێکی زانستی. بەلآم نەیدەزانی کە بە پەسەند کردنی فۆرمەلەی: بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی عەرەب دەبێ سەرکردایەتی بکرێ لەلایەن حیزبی بەعسەوە کەنوێنەرایەتی زۆرینەی جەماوەری میللی عیراقی‌و عەرەب دەکات [٩٧]، قەبری مردنی خۆی لەپێشدا بۆ ئامادە دەکرد. حیزبی بەعس نەخشەی خۆی لەپێشدا دانابو. هەر لەیەکەم چرکەی گرتنی دەسەڵاتەوە، دەیزانی کاتێك کە بەرپرسێتی سەرکردایەتی وەردەگرێ دەبێ "بەرەیەکی پێشکەوتنخوازی راستەقینە بنیادبنێ نەك وەك رواڵەتێکی ئاسایی بێ‌کاریگەری بێ داهاتوا لەبواری ناسیۆنال‌و پان عەرەبدا" [٩٨]. حیزبی بەعس نەیدەتوانی زامنی ڕێزی شیاوی هەڵوێستە ئایدیۆلۆژی و سیاسیەکانی بکات‌و نەیدەتوانی "متمانەی گەل پەیدا بکات، پێش ئەوەی ژیانی سیاسی وڵاتەکە بگرێتە دەست لەسەر ئاستی ئەخلاقی و مادی" [٩٩]. لەبەر ئەم هۆیە، حیزبی بەعس پەیوەندیەکانی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان تەماشادەکرد نەك وەك قەوارەیەکی ئایدیۆلۆژی بەڵکو بۆ هۆیەکی پراکتیکی پوخت. هەروەها، هاریکاری، بۆ ماوەیەك، لەگەڵ کۆمۆنیستەکان ڕێگەی بۆخۆش دەکرد بۆ ئەوەی لەداهاتودا باشتر دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگەی عیراقدا بسەپێنی. راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی بەعس زۆر لەسەر ئەم خاڵە راستەوخۆو روونە. بەرامبەر بەرەواکردنی چالاکیە سیاسیەکانی حیزبی کۆمۆنیست‌و ڕێگە دان بە بلاوکردنەوەی هەندێ رۆژنامەو گۆڤارو دانانی هەندێ وەزیری کۆمۆنیست لەناو حکومەتدا، حیزبی بەعس توانی سەربەست بێ لەکارکردن بۆ راپەراندنی "پرۆگرامە پێشکەوتنخوازەکەی"و بەعساندنی تەواوی بواری کارگێری‌و سەرجەم دەزگاکانی

دەوڵەت لەلایەکەوەو ئامادەکردنی نەخشە باش حیسابکراوەکەی سەبارەت بەهارینی هەموو ئۆپۆزیسیۆنێك بۆ دەسەڵاتی خۆی لەلایەکی دیکەوە.

دروستکردنی بەرەی نیشتیمانی ناسیۆنالی پێشکەوتنخوازو پشتگیری پارتی کۆمۆنیست رێگەی بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ دژی میللەتی کورد ئاسان کردەوە. سەرکەوتنی بەسەر شۆرشی کورد لە ١٩٧٥ لەئەنجامی رێکەوتنامەی جەزائیر، رێگەی بۆ خۆش کرد بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر نەخشەی رەگەز پەرستی و عەرەباندنی کوردستانو راگواستنی هەزارەها خێزانی کورد بۆ ناوچەکانی خواروی عیراقو روخاندنو وێران کردنی هەزارەها لادێی کوردو هێنانی هاوردەی میسریو عەرەب لەجێگەی راگوێزراوە کوردەکان.. هتد [١٠٠].

پاش ساڵێك، حیزبی بەعس دەستی کرد بەشەڕ فرۆشتن دژی حیزبی کۆمۆنیست. سەدام حوسەین کەئەوسا بریکاری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوو کاتێك رەخنەی لەکۆمۆنیستەکان دەگرت لەبەر ئەوەی رێزیان نەدەگرت لەناوەرۆکی "ورقة العمل الوطنی" لەکۆبونەوەیەکی بەرە لە٢١/٨/١٩٧٦ دەیگوت: "ئۆتۆنۆمی ئایدیۆلۆژی" حیزبە سیاسیەکان لەناو بەرەدا نابێ وا لەهەندێ بکات کە خۆیان لەشۆرشی بەعسی دوور بخەنەوە. چونکە شۆرش وەك چەترێك وایە کە لەژێریدا سەرجەم هێزە سیاسیەکان بەپاڵ یەکتریەوە دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکەن. لەبەر ئەم هۆیە، شۆرش راستیەکی گەورەی ئێمەیە کە "ئۆتۆنۆمی ئایدیۆلۆژی" رەتناکاتەوە [١٠١].

سەدام حوسەین دەویست، لەراستیدا، بە کۆمۆنیستەکان بڵێ کە لەبەر ئەوەی حیزبی بەعس خاوەنی "شۆرشەکەیە"، واتا کودەتای تەموزی ١٩٦٨، لەبەرژەوەندی ئەوانە کە بەگوێرەی ئەو مەرجانەی کەبەعس دایناون رەفتار بکەن. لە بۆنەیەکی دیکەدا لە١٠/٢/١٩٧٦ دەیگوت کە پێویستە حیزبە سیاسیەکان هەست بکەن کە ئەوان بەعسین هەرچەندە ئینتماشیان بۆ حیزبی بەعس نییە. سەدام حوسەین جەختی دەختە سەر ئەم خاڵە: کاتێك بەعسیەکان باس لەتایبەتمەندی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست دەکەن، مەبەستیان کەمکردنەوەی رۆڵو گرنگی خەڵکی سەربەخۆی

نیشتیمانی لەکۆمەڵداو رۆڵی هێزە سیاسیەکان نییە ، چونکە بەعسیەکان حیزبی بەعس تەنها بەحیزبی خۆیان دانانێن، بەڵکو بەحیزبی هەموو کەسێك، تەنانەت ئەوانەی کە ئینتماشیان بۆ حیزبە سیاسیەکانی دیکە ش هەیە (١٠٢).

هەروەها لەبۆنەیەکی دیکەشدا لە ٢٥ /٢/١٩٧٦ دەیگوت: "ئێمە رامان وایە کە عیراقیەکان نابێ دژواو دژی ببینن لەنێوان ئەوەی کەئینتیمایان هەیە بۆ حزبە سیاسیەکانی دیکەو دانانی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست وەك حیزبی خۆیان. چونکە حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست سەرکردایەتی کۆمەڵو شۆڕش دەکاتو توانای خۆی لەم بوارەدا دەرخستوە " (١٠٣).

کاتێك کە ئامۆژگاریەکانی بۆ حیزبی کۆمۆنیست ئاراستە دەکرد ، سەدام حوسەین داوای لێ دەکرد کەدوای نمونەی شۆڕشی کوبا بکەوێ. بەلای ئەوەوە حیزبی کۆمۆنیستی (کوبا) هاوکاری دەربڕی لەگەڵ شۆڕشەکەی کاسترۆ تائەوکاتەی کاسترۆ بوو بەسەرۆکی حیزب لەکوبا (١٠٤). ئەگەر سەیری ئەم نمونەیە بکەین، تێبینی دەکەین کە لەسەر ئاستی لۆژیکی ئەم نمونەیە ئەوەندە روون نییە ، بەڵام سەدام حوسەین دەیویست بڵێ کە بەعسیەکان خاوەنی سەرەکی شۆڕشنو لەبەر ئەوە پێوست بوو ئەوانی دیکە بەبێ ئیحراج بوون، ملکەچی بۆ بکەن: "ئێمە زانیاریمان پێ گەیشتوە سەبارەت بەهەندێ لەبراکانمان بەتایبەتی حیزبی کۆمۆنیست کەتائەمڕۆ ئیحراج دەبن کاتێك داوایان لێ دەکرێ: ئێوە لەگەڵ حکومەتن یان نا؟ ئایا لەگەڵ شۆڕشن یان نا؟ ئایا بوون لەگەڵ شۆڕشی گەورەو حکومەتەکەی شتێکی موحریجە؟ ئەو شۆڕشەی کە هەموو هاونیشتمانیەکی بەوەفا شانازی پێوە دەکات، هیچ کەسێك ناتوانێ کاری بخاتە گومانەوە" (١٠٥).

لەنێوان ١٩٧٥-١٩٧٦ کۆمۆنیستەکان، لەناو رۆژنامەو کۆڕە میللیەکاندا، سکاڵای خۆیان دەردەبڕی بەرامبەر رەفتارو کردەوەکانی حیزبی بەعسو ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر هەڵوێستی ئیژێمۆنی حیزبی بەعس لەناو دەزگاکانی دەوڵەتی عیراقو دژی سیاسەتی راگواستنی میللەتی کورد دەردەبڕی.

داوای ئازادی سیاسیو هەڵبژاردنی ئازادیان دەکرد لەسەر بنچینەی رۆحی "ورقة العمل الوطنی". پێویستە بوترێ کەهەرچەندە ئەم رەخنەو سکاڵا دەربڕینە بەشێوازێکی مام ناوەندی ئاڕاستەی حکومەتی بەعس دەکران، بەڵام ئاشکرایە کە لەروانگەی حیزبی بەعسەوە دادەنران بە "هێرشێکی پەسەندنەکراو" بۆ سەر شێوازی حوکمکردنی وڵاتەکە [١٠٦]. بەم بۆنەیەوە، سەدام حوسەین دەیگوت: با بەپێچەوانەوە شتەکان گریمانە بکەین. ئەگەر ئێمەی بەعسی دەست بکەین بەهێرش بردنە سەر کۆمۆنیستەکان. لەرێگەی ووتارو ماسمیدیاکانمان ، چی روو دەدا؟ ئەم شتانە قبوڵ دەکرێن؟ ئەگەر وابێ ئێوە زیانتان لێ دەکەوێ. بۆ خۆ هەڵکێشان نییە کە ئێمە بەم شێوەیە گوزارشت دەکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە بڵێین کەپەیوەندی ئێمەو جەماوەر دەوەستێتەوە سەر هاوکاریەکی پۆزەتیف و متمانەی هاوبەش. لە بەر ئەم هۆیە جەماوەر گوێمان لێ دەگرێ (. . .). کاتێك بە شێوەیەکی پۆزەتیف لەناو بەرەدا باس لەرۆڵی ئێوەو رۆڵی هێزە نیشتیمانیەکانی دیکە دەکەین ، چونکە ئەمە بۆ بەرژەوەندی گەورەی ئێوەیە [١٠٧].

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کەهەر لەسەرەتاوە، حیزبی بەعس دڵنیا بوو کەکۆمۆنیستەکان کاتێك دانیان نا بەرۆڵی سەرکردەی حیزبی بەعس لەکاروباری دەوڵەتدا، هیچ ئیختیارێکی دیکەیان نەبوو جگە لەملکەچ بوون بۆ فەرمانی بەعس کەناونرا بوو بە "هاوکاری هاوبەش (متبادل)". بەم بۆنەیەوە، سەدام حوسەین بانگەشەی دەکرد بۆ ئەوەی کە ئەگەر بارودۆخی ئەم "هاوکاریە هاوبەشە" نەیەتە کایەوە، ئەوا حیزبی کۆمۆنیست باری بەرپرسیتی هەڵدەگرێ، چونکە "هاوکاری هاوبەش" ئەو واتایەی دەگەیاند کە سەرجەم هێزە سیاسیەکانی بەرە، هەمویان پێکەوە خەبات بکەن "لەناو یەك سەنگەر" (خندق واحد)، نەك لە ناو "دوو سەنگەری جیاواز" (خندقین منفصلین) دژی دوژمنەکانی شۆڕش. بەلای سەدامەوە، شتەکان بەو شێوەیە نەدەهاتنە پێشەوە، چونکە هەریەکە دەیویست بەهەڵوێستێکی جیاوازەوە خۆی بێنێتە پێشەوە [١٠٨].

گومانی تێدانییە، ئەم ووتارە سەرەتای کۆتایی هاوپەیمانیەکی مۆر کرد کەهێشتا بەتەواوی خۆی جێی خۆی نەگرتبو. میدیای بەعس، هەروەك پێشبینی دەکرا، دەستیان کرد بەتاوانبار کردنی حیزبی کۆمۆنیست چونکە، بەووتەی بەعسیەکان، نەیدەویست خۆی بگونجێنێ لەگەڵ رۆحی "ورقة العمل الوطنی" کەخۆی ئیمزای کردبوو. هەروەها کەم تەرخەمی دەکرد لەرێزگرتن لەپرەنسیپەکانی "شۆڕش" کە بواری پێدا بەشێوەیەکی رەواو ئاشکرا چالاکیە سیاسیەکانی بنوێنێ لەناو دەزگاکانی دەوڵەت‌و کۆمەڵگەی عیراقی.

بێ گومان، ئەم هەڵمەتە ئیعلامیە، هەڵمەتی گرتن‌و کوشتنی بەدواداهات. لەسەرەتای ١٩٧٦ ژمارەیەك لەکۆمۆنیستەکان خرانە بەندینخانەوەو ئەشکەنجەدران‌و دواییش ئازادکران. لەئەپریلی ١٩٧٢ چالاکیەکانی حیزبی شیوعی تارێژەیەکی زۆر لەناو رێکخراوەکانی وەك "اتحاد الشعب الديموقراطي"و "رابطة المرأة العراقية" کۆنترۆڵ کران‌و وەستێنران. هەتا ساڵی ١٩٧٨ لەم لاو لەولا هاوولاتیانی کۆمۆنیست راو دەنران. لەمانگی مایسی ١٩٧٨ میدیای بەعس دەستیان کرد بەئاگادار کردنەوەی حیزبە سیاسەکان کە "شۆڕش" سزای ئەو کەسانە دەدات کە هەوڵ دەدەن لەناو هێزەکانی لەشکر کاری سیاسی بکەن‌و بەشێوەیەك یان بەشێوەیەکی دیکە باسی ئەوەیان دەکرد کە کودەتایەك خەریکە رێك بخرێ لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە. ئەمجا بەشێوەیەکی ئاشکرا، حکومەتی بەعس دەستی کرد بەتاوانبار کردنی سەبارەت بەوەی کەئیتر حیزبی کۆمۆنیست حیزبێکی عیراقی راستەقینە نییە، بەڵکو حیزبێکی کلکە (ذيلي) بۆ بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت کار دەکات. دەرئەنجامی ئەم تۆمەتانە بریتی بوولە لەسێدارەدانی ٢١ کۆمۆنیست چونکە هاوبەشیان کردبوو لەرێکخستنی شانەی کۆمۆنیست لەناو هێزی لەشکردا. لەمانگی تەموزی ١٩٧٨، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڵاوی کردەوە کە جگە لە حیزبی بەعس، چالاکی سیاسی حیزبەکانی دیکە لەناو لەشکردا بەکارێکی ناڕەوا دادەنرێ و ئەو تاکەی سەر بە حیزبێکی دیکە بێت دەدرێ بە دادگاو سزاکەشی مردنە. بێ گومان ئەمە سەدەها

لەدەستگیرکردنو کوشتنی لەگەڵ خۆی گلان. بێ گومان، هەڵمەتی کوشتنو بڕین تەنها کۆمۆنیستەکانی نەگرتەوە، بەڵکو چەند کەسایەتەکی کوردیشی گرتەوە.

بەم شێوەیە، حیزبی کۆمۆنیست کە تاساڵی ١٩٧٩ دا بەفاکتەرێکی سیاسی لەناو بەرەی نیشتمانی ناسیۆنالی پێشکەوتنخواز دانرا، دەستی کرد بەسیس بونەوەو ئەمجا توانەوەو لەو چرکەیە بەدواوە دیسانەوە ڕێگەی لەگەڵ حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست کە لەلایەن میشێل عەفلەقەوە تیۆریزە کراو لەلایەن دوو کۆچکەی بەکرو سەدامەوە خرایە کارو جوڵایەوەو نهێنی هەڵبژاردو شاخەکانی کوردستانی کرد بەقەڵغانی بوونو مانەوەی خۆی. ئەمە بوو ئەزمونی "دیموکراسی" ئەمجا لەلایەن سەدامیشەوە باقی ئەو ڕێگەیەی بڕی کەکۆتایی هات بەترسناکترین سەردەم نەک تەنها لەمێژوی عیراقدا، بەڵکو لەمێژوی نوێو هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا.

لە لیڤیەتانی دوو سەرەوە بۆ لیڤیەتانی یەك سەر

هاڕینی ئۆپۆزسیۆنی کۆمۆنیستو خەستکردنی هەڵمەتی لەناوبردنی میللەتی کورد، سەردەمێکی دیکەی لەمێژووی حکومەتی بەعسی هێنایە کایەوە کەسەردەمی سەدام حوسەین بوو. لەناو جەرگەی هەڵمەتی ڕاونانی کۆمۆنیستەکان و میللەتی کورد، سەدام حوسەین لە١٧ی تەمموزی ١٩٧٩ بە دەنگێکی سادەو پڕ لەڕێزەوە گرتنە دەستی دەسەڵاتی بۆ میللەتی عەرەب ڕاگەیاندو باسی هاتنە سەر حوکمی خۆی کرد پاش ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆمار. لە ووتارەکەیدا ئەوەی ڕاگەیاند کە لەمێژووی کۆنی عیراقو عەرەبدا، هەروەها لەمێژووی نوێشدا، هەرگیز نەبووەو رووی نەداوە کە بۆ ماوەی یانزە ساڵ دوو دەسەڵات سەرکردایەتی وڵاتێك بکەن بەبێ ئەوەی پەیوەندی نێوانیان تێك نەچێتو یەکێکیان ئەوی تر لەناو نەبات[١٠٩].

هۆکانی وون بوونی ئەحمەد حەسەن بەکر لەسەر شانۆی سیاسی عیراقدا زۆر روون نین. بەڵام ئاشکرایە کە لەمێژەوە دەنگو باسی بێتوانایی سەرۆکی بەعسی بڵاوبوەوە لەنێوان بەعسیەکاندا. جگە لەوەش، لەمێژەوە دەوترا کەئیتر سەرۆك بەکر پیر بوەو

توانای بەجێ هێنانی "ئەرکە پیرۆزەکەی" نەماوە. نووسەری بەعسیو ژیاننوسی سەدام حوسەین بەم شێوەیەی خوارەوە باس لەئەحمەد حەسەن بەکر دەکات پاش خۆکێشانەوەی لەدەسەلات: " ئەم ئەفسەرە مێژووییە کاتێ بەتاڵی خۆی لەبەجێهێنانی هەندێ کار بەسەر دەبات کە هیچ پەیوەندیەکیان نییە بەئەرکو خەم خواردن بۆ دەسەلات. بەیانیان زوو دەچێتە باخەکەی خۆیو ئاوی گوڵەکان دەداتو لقەکان دەبڕێ. سەرۆك ماندوەو پشو دەدات یان لەگەڵ منداڵە بچوکەکانی خۆی یان هەر خۆی بەتەنها" (١١٠) .

هەر چیەك بێ ئەو بارو دۆخانەی کەسنوریان دانا بۆ لابردنی ئەحمەد حەسەن بەکر، ئەوەی گرنگە بۆ ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە بزانرێت کە بۆ ماوەی یانزە ساڵ ئەم دوو هاوسەرە سیاسیە بەبێ ماندو بون پێکەوە کاریان کردو بەپێکەوە گونجانێکی بێ هاوتا رەفتاریان کرد لەپێناوی گۆڕینی عیراق بۆ دەوڵەتێکی تۆتالیتارو ملکەچ پێکردنی هاوولاتیان بۆ ویستی رەهای حیزبی بەعسو گرمۆڵە کردنیان لەناو سیستەمێکی یەك حیزبی. هەتا ساڵی ١٩٧٩ دەسەلاتی فیعلی دابەش دەکرا لەنێوان ئەم دوو کەسایەتیە بەعسیە، یەکەمیان، ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆکی دەوڵەتی بەعسی بوو، دووەمیان، سەدام حوسەین، دەستە ڕاستی بوو. ئەگەر یەکێکیان، بەهۆی شوێنی رەسمیو ریزی نیشتمانپەروەری، جوڵێنەرو کارپێکەری دەزگای دەوڵەت بوو، ئەوی تریان لەرێگەی " زیرەکی " و فێڵبازی خۆیەوە، پلاندانەرو نەخشەکێشی ئەم دەزگایە بوو. ئەگەر یەکەمیان دەنگو "ووتە بێژی" دەسەلات بوو، دووەمیان دەستی ئەم دەسەلاتە بوو. هەروەها گرنگە هێل بەژێر ئەوەدا بهێنرێ کە بەپێچەوانەی ئەوەی کەزۆربەی نوسەران باسی لێ دەکەن، سەدام حوسەین سەرجەم لایەنەکانی دەسەلاتی بەشێوەیەکی رەسمی وەرنەگرت. لەرووی رەسمیەوە، ئەحمەد حەسەن بەکر زۆر لایەنی دەسەلاتی بەدەست خۆیەوە کەڵەکە کردبوو. هیچ کەسایەتیەکی سیاسی تائەم سنوورە ئەوەندە دەسەلاتی پێ نەسپێرابوو. بەدڵنیایی شیکردنەوەیەکی دەستوری عیراق دەتوانێ یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتنی ئەم راستیە. بەلام پێش ئەمە، پێویست دەکات بەکورتی ئاماژە بکرێ بۆ ئەوەی کەیەکەم بلاوکردنەوەی رەسمی دەستوری عیراق،

دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٦٨/٩/٢١، واتا کەمتر لەدوو مانگ پاش کودەتاکەی بەعس دژی عەبدولرەحمان عارف. ئەم دەستورە چەند جارێك گۆڕانی بەسەر هاتوەو هەموو جارێك کە حکومەتی بەعس تووشی بارودۆخێکی نوێ دەبو، دەستی دەکرد بەگۆڕینی هەندێ بڕگە بۆ ئەوەی باشتر بیلوێنێ لەگەڵ خواستو ویستە سیاسیەکانی خۆی. لەم بارەیەوە، لەساڵی ١٩٦٨ەوە تا ساڵی ١٩٨٣، واتا لەماوەی ١٥ ساڵدا، دەستوری عیراقی شەش جار هەموار کراوە. دەبێ بوترێ کەسەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانکاریە، بڕگەو پرنسیپە سەرەکیەکانی دەستوری عیراقی واتا جەوهەرو سروشتی هەروەکو خۆیان مابونەوە، هیچ گۆڕانکارییەك نەهاتبو بەسەر ئەو پرنسیپانەی کە پەیوەستن بەرێکخستنی دەسەڵاتەوە. بێ گومان هەتا کەوتنی سەدام حوسەین، دەستوری عیراقی کەراکتەری "کاتیی" بەخۆی هێشتبوەوە، چونکە ئەم کەراکتەرە کاتییە رەنگدانەوەی فەلسەفەی بەعسیە کە "شۆڕش" دادەنێ بە " شۆڕشی بەردەوام". هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەم دەستورەی بەعس کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دانرابوو، هەموار دەکراو هەمیشە کەراکتەری "کاتی" هەبوە[١١١].

ئەمجا، بەگوێرەی دەستوری عیراقی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی دەسەڵاتی باڵای دەوڵەتی پێکدەهێنا[١١٢]. ئەنجومەن ئەو یاساو رێنماییانەی پەسەند دەکرد کەهێزی یاساییان هەیە[١١٣]. ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەشی پێ ڕاسپێردرا بوو: رێنماییەکانی حکومەت سەبارەت بە بەرگری نیشتمانیو ئاسایشی گشتی دەبوایە لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەند بکرایە. ئەنجومەن مافی ئامادەکردنی گشتیو راگەیاندنی جەنگی هەبوو. ئەنجومەن پەسەندکردنی بوودجەی گشتی دەوڵەتی دەکرد. ئەنجومەن پەیمانە نێو دەوڵەتیەکانی پەسەند دەکرد. ئەنجومەن ئەو یاسایانەی دادەنا کە پەیوەست بوون بەتاوانبارکردنی هاووڵاتیانو مافی جێگیر کردنی مەحکەمەی تایبەتی بۆ حوکمدانیان[١١٤]. سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەهەمان کاتدا سکرتێری گشتی حزب بو و هەروەها سەرۆکی کۆمار بووو سەرکردەی هێزی لەشکرو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو[١١٥]. جگە لەوەش، سەرۆکی ئەنجومەن جێگری

سەرۆك و حاكمەكان و فەرمانبەرە سەربازیەكانی دادەناو دەسەڵاتی لابردنیانیشی هەبوو[١١٦].

هەروەكو تێبینی دەكەین، سەرۆكی كۆماری عیراقی، ئەحمەد حەسەن بەكر، ئەم هەموو دەسەڵاتانەی كەڵەكە دەكرد لەدەستی خۆیدا لەرێگەی میكانیزمی ئەنجومەنی سەركرایەتی شۆڕش (ئۆرگانی یاسادانەرو راپەڕاندنی دەوڵەتی عیراقی).

كە سەدام حوسەین مومارەسەكردنی ئەم هەموو دەسەڵاتانەی پاش ئەحمەد حەسەن بەكری بۆ مابێتەوە، ئەمە شتێكە كەنابێ بەتەنها دەسەڵاتی رەهای سەرۆك شیبكاتەوە. پێویستە بگەڕێین بەشوێن فاكتەرێكی دیكە. كۆنترۆڵ كردنی تاكەكەسی (شەخسی) بەسەر سەرجەم ئۆرگانەكانی زانیاری مەدەنی و عەسكەری و پۆلیسی سیاسی، فاكتەرێكی سنووردانەری پێكدەهێنا بەرەو دەسەڵاتێكی رەها. شیكردنەوەیەكی كورتی ژیانی سیاسی سەدام حوسەین یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتنی ئەم بابەتە.

سەركەوتنی سەدام حوسەین لەناو حزبی بەعسدا، لەراستیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سالانەی كە دوا بەدوای چونە ناو حیزبەوە هاتن لەساڵی ١٩٥٧ [١١٧]. ئەو كاتانە، سەدام تەمەنی ١٨ ساڵ بوو كە لەلایەن حیزبی بەعسەوە لەسەر ئاستی سیاسی پەروەردە كراو زۆر جۆش و ئارەزووی خۆی دەربڕی بۆ ئایدۆلۆژیای بەعس. دەبێ بوترێ كە یەكەم چالاكی سیاسی سەدام حوسەین بریتی بوو لەپاڵ پێوەنانی هەڤاڵان و خوێندكارانی گەڕەكەكەی بۆ كاری ناڕەواو دزی و لێدانی خەڵكی. بەنۆزدە ساڵی پیاوێكی كۆمۆنیستی كوشت بەناوی سعدون ئەلناصری و شەش مانگ پاش بەندیخانە ئازاد كرا[١١٨]. لەساڵی ١٩٥٩ هاوبەشی كرد لەهەوڵدانی كوشتنی عەبدولكەریم قاسم[١١٩]. بێ گومان، ئەم روداوە بوو بە هۆی راكردنی بۆ سوریاو لەوێ لەلایەن میشێل عەفلەقەوە بەگەرمیەوە پێشوازی لێ كراو پلەی حیزبی بەرز كرایەوە. چوار مانگ پاش نیشتەجێ بوونی لەسوریا، نێرا بۆ میسر بۆ ئەوەی لە كۆلێژی یاسا لەقاهیرە خوێندن تەواو بكات. كاتێك حیزبی بەعس لەساڵی١٩٦٣ دەسەڵاتی گرتە

دەست، سەدام گەڕایەوە بۆ بەغداد و بەرپرسیتی نوسینگەی کاروباری جوتیاریی وەرگرت. بەڵام مێژووی سەدام حوسەین وەك کەسایەتییەکی گرنگ لەناو حیزبی بەعسدا، بەراستی پاش کەوتنی یەکەم حکومەتی بەعس دەستی پێکرد.

لەمانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٦٣و ١٩٦٤، رێکخراوی حیزبی بەعس تارێژەیەك پرش‌و بڵاو بوو بوەوە بەهۆی راوەدووی رژێمی حیزبی بەعس. سەرکردایەتی ناسیۆنال کە ئەو کاتانە لەدیمەشق جێگیر بوو بووو لەلایەن میشێل عەفلەقەوە سەرکردایەتی دەکرا، بەرپرسێتی رێکخستنەوەی حیزبەکەی وەرگرت. پاش چەند پەیوەندییەك لەگەڵ کەسایەتییە بەعسیەکان، سەرکردایەتی ناسیۆنال توانی لقی عیراق لەرێگەی سکرتێرە گشتییەکەیەوە رێکبخاتەوە. لەساڵی ١٩٦٤ ئەحمەد حەسەن بەکر بەسەرۆکی سەرکردایەتی "هەرێمی" عیراق هەڵبژێردرا و بەپەسەند کردنی میشێل عەفلەق سەدام حوسەین بو بەئەندامی سەرکردایەتی ناوچەی عیراق‌و بەرپرسی رێکخستنی سەربازیی حیزبی بەعس[١٢٠].

لەنێوان ١٩٦٤و ١٩٦٦، سەدام حوسەین توانی شانەکانی ئەوەی کەدوایی دەبێ بەدڵی پۆلیسی سیاسی‌و موخابەراتی نهێنی رژێمی بەعس، رێبخاتەوە. ئەو کاتانە ئەم رێکخراوە پێی دەوترا "جهاز الحنين".

لەسەر بناغەی دابەشبونی حیزبی بەعس بەسەر چەند شانەیەکی پچڕاو لەیەکتری، سەدام حوسەین دەستی کرد بەخستنە چوار چێوەی ئەو بەعسیانەی کەزۆر بەتین‌و جۆشەوە کاریان دەکردو دوایش بوون بەپسپۆڕی موخابەراتی نهێنی[١٢١].

بەم شێوەیە، پاش گرتنە دەستی دەسەڵات لەساڵی ١٩٦٨، موخابەراتی تاسایشی حیزب وورده وورده بون بەمسۆگەرترین چەك بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر حیزبی بەعسدا. کاتێك لەنۆڤەمبەری ١٩٦٩، سەدام حوسەین بو بەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و جێگیری سکرتێری گشتی حیزبی بەعس، بەتوانایەکی مەکیەڤێللیانە سەرکەوت لەئەرکی گۆڕینی لقی نهێنی حیزب بۆ ئامرازێکی کۆنترۆل بەسەر کەسایەتییە بەعسیەکاندا. لەبەر ئەوە، لقی نهێنی بەعس

بوو بەهێزێکی سیاسی راستەقینە لەناو حیزبدا و بوو بە حیزب لە ناو حیزبدا. شایستەی جەخت خستنە سەرە، کە لەرێگەی ئەم "حیزبە بچوکەوە" ، سەدام حوسەین توانی بەراستو بەچەپ هەمو ئەو کەسانە لەناو بەرێ کەدژایەتی دەسەلاتیان دەکرد. نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کەکاتێك بوو بەسەرۆکی کۆمار، زۆر کەلکی لەم "حیزبە بچوکە" وەرگرت بۆ هارینی زۆر لەحیزبییە کۆنەکانو دوورخستنەوەیانو هێنانی بەعسی دیکە لەپلەی نزمتر لەخزمو کەسو کارو برادەرە کۆنەکانی[١٢٢]. لەوانەیە، چاوخشانێك بەسەر ئەو رووداوانەی کەدوا بەدوای لابردنی ئەحمەد حەسەن بەکردا هاتن، زۆر کەلکی هەبی بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتە.

لەیانزەی تەمموز، کۆبونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بڕیاری دا لەسەر لابردنی ئەحمەد حەسەن بەکرو دانی دەسەلات بەسەدام حوسەین. بێگومان، دەبێ بوترێ کەدانی دەسەلاتی سەرۆك بەسەدام ، رەزامەندی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی لەسەر نەبوو. هەندێك پشتگیری لابردنی ئەحمەد حەسەن بەکریان نەکردبوو. لەوانەیە لەبەر خۆشەویستی بۆ سەرۆکی بە تەمەنتر یاخود لەبەر هەندێ رق یان حەساسیەت بۆ سەدام حوسەین. گومانی تێدانییە، لەناو سیستەمێك کەعەقلیەتی هاوکات عەشایەریو تۆتالیتار بەسەریا زالە، مەسەلەی زۆرینە یان زۆرینەی فراوان پشو نادات بەدڵی ئەو کەسەی کەدەیەوێ ببێ بەخاوەن دەسەلاتی رەها. لەدیدی عەقلیەتێکی لەم بابەتەوە، پێویستە سەرجەم ئەندامان بەبێ مشتومڕو بەبێ "تحفظ" هەلسن بەهەلبژاردنی سەرۆك. ئەگەر وانەبێت، ئامێری دەسەلاتی رەها دەست دەکات بەجولانەوە بۆ داهێنانی دوژمن لەهەموو شوێنێك. ئەوەی کەڕوویدا لەکۆبونەوەکەی ٢٢ی تەمموزی ١٩٧٩، بەبێ گومان جەخت لەسەر ئەم باسە دەکاتەوە. ئەو رۆژە، کادێرە گەورەکانی حیزب کۆبونەوە بۆ گفتو گۆکردن لەسەر کاروباری دەولەتی بەعسی. کۆبونەوەکە بەوتارێکی ئیرتجالی دەستی پێکرد لەلایەن تەها یاسین رەمەزان، برادەری سەدام حوسەینو سەرکردەی میلیشیای حیزب، "الجیش الشعبي" . بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، تەها یاسین دەستی کرد بەباس کردن لەبونی

"كودەتايەك" دژی "حیزبو شۆڕش"و لەوەی کەهەندێ "ناپاك" لەهۆڵەکەدا هەن. بێ گومان، ئەم ناپاکانە کەکۆکرابونەوە، تەنانەت ئاگاداریش نەکرابونەوە لەسەر بابەتی کۆبونەوەکە. ئەمجارەیان کێ هەڵسوڕێنەری ئەم کودەتایە ؟ سوریا. دەزانرێ کە لەساڵی ١٩٧٥ەوە، سوریا هەوڵی لەناوبردنی ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام حوسەینی دەدا بۆ ئەوەی ڕێگە خۆش بکات بۆ بەدیهێنانی یەکێتی نێوان عیراقو سوریا لەژێر دەسەلاتی حافظ الاسد. لەسەر بنچینەی تاوانبار کردنو شایەتی هەندێ بەعسی، سەدام حوسەین لەو کۆبونەوەیەدا بەدەنگێکی پڕ لەغەم دەستی کرد بەخوێندنەوەی ناوی ئەو"ناپاکانە". پاش تەواوکردنی وتارەکەی، شەستو شەش کەسایەتی لەهۆڵەکە هێنرانە دەرەوەی هۆڵەکەو ئەو ئەندامانەی کە مانەوە، دەستیان کردبە بەرزنرخاندنی سەرۆکی نوێو ووتنی سرودی سەرکەوتن دژی دوژمنەکانی میللەت. لە٢٨ی تەموز مەحکەمەیەکی تایبەتی پێکهێنراو ٥٥ کەسایەتی تاوانبارکران. لەم ژمارەیە، ٢٢یان لەسێدارە دران کە پێنجیان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوون: محی عبدالحسین مشهدی، محمد عایش حمد، عدنان حسین الحمدانی، محمد محجوب مهدیو غانم عبد الجالی. سیوسێ کەسایەتی فرێدرانە بەندیخانەوەو سیانزەیان ئازادکران. لە هەمان کاتدا، حکومەتی بەعسی سەدامی، دەستی کرد بەخرۆشاندنی هەستی میللیو سەدەهاهەزار لەهاوولاتی پاڵ پێوەنران بۆ خۆپیشاندان لەشەقامەکانی بەغدا بۆ ئەوەی وای دەرخەن کە لەسێدارەدانی ئەو کەسایەتانە بریتی بوە لە هەلوێستێکی دادوەرانە [١٢٣]. رادیۆی بەغداش لەناوبردنی ئەو ناوبراوانەی وەك هێمایەك بۆ سەرکەوتنی "حزبو شۆڕش"و "سەرۆكو پاڵەوان، سەدام حوسەین" ناو زەند کرد [١٢٤]. لە ڕۆژی هەشتی مانگی ئابدا، سەدام حوسەین ڕاگەیاندنی ئەو کودەتایەی بە دەستکەوتێکی "شۆڕشی بەعسی" لەقەڵەم داو دادگایی کردنی ئەو "ناپاکانە" لەلایەن دادگایەك بەڕێوەچوو کەنیوەی پێکهاتبون لەئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو ئەم ڕەفتارەشی بەرەفتارێکی مەزنی دیموکراسیی تۆتالیتار دادەنا. بەم بۆنەیەوە دەیگوت: ئەمە یەکەم جارە لەمێژووی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی یان لەمێژووی خەباتی

مرۆڤایەتی کەپتر لەنیوەی سەرکردایەتی باڵا هاوبەشی دەکات لەناو دادگایەك(...) لەپێناوی زامن کردنی دادوەریو دەنگی حەقیقەت"[١٢٥]. دەبێ بوترێ کەتەنها چەند مانگێك بوو کە سەدام حوسەین جڵەوی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی گرتبوە دەست. هەموو بەعسیەکانی سەر بە"هێزی ئیبلیسی ئیمپیریالیزمو زایۆنیزم"[١٢٦] دەبوایە لەمەودوا لەناوبرانایە لەلایەن موخابەراتی نهێنی. لەهەمان مانگدا، جێگری سەرکردایەتی ناسیۆنال، منیف الرزاز، دەستگیر کرا، لەئەپریلی١٩٨٠ عبدالکریم الشیخلی کە یەکێك بوو لەبرادەرە کۆنەکانو کە پاش ١٩٧١ دوور خرابووەوە لەحیزب، تیرۆر کرا لەبەغدا، پاش دوومانگ سعد عبدالبکي الحدیثی کە یەکێك بوو لەئەندامانی سەرکردایەتی ناسیۆنالو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش هەتا ١٩٧٤تیرۆر کرا. لیستی کوشتنو برینو خستنە بەندیخانەو تیرۆری ئەندامانو کەسایەتی بەعسو خزمو کەسوکار زۆر دوورو درێژەو نامانەوێ لێرەدا ناوو بارودوخی لەناو بردنی ئەم خەڵکە دارێژین. بەڵام پێویستە بوترێ کە لەگەڵ هەڵمەتی لەناوبردن دژی"دژمنانی شۆرش" هەنگاوێکی سیاسیی نرا کە بەراستی" زیرەکیو زۆرزانی" بێهاوتای سەدام حوسەینی دەرخست.

ئەم هەنگاوە سیاسیە چی بوو ؟ دروستکردنی ئەنجوومەنی ناسیۆنال"المجلس الوطني".

ئەنجومەنی ناسیۆنال کەپێشبینی دەکرا لەلایەن دەستوری کاتی ١٦ تەموزی ١٩٧٠[١٢٧] بەگوێرەی یاسای ژمارە ٥٥ لەئاداری ١٩٨٠ دروستکرا[١٢٨]. ئامانجی ئەنجومەنی ناسیۆنال، بەرۆکەش یاسادانەر، چی بوو؟

هەر وەك بەرەی نیشتمانی ناسیۆنالیستی پێشکەوتخواز، ئەنجومەنی ناسیۆنال دەبوایە رواڵەتێکی دیموکراتیکی ببەخشیایە بەدەسەڵاتی بەعس کەسەرکردایەتی دەکرا لەلایەن سەدامەوە. ئەمەش چ لەناو وڵاتو چ بەرامبەر رای گشتی جیهانی. لە٢٠ی حزیرانی ١٩٨٠، ٢٥٠ دووسەدو پەنجا لەکۆی٨٤٠ چوارسەدوچل کاندید کران[١٢٩]. بارودۆخو هەلومەرجی هەڵبژاردنی کاندیدە بوون چی بون؟

هەڵبژێردراو دەبو تەمەنی زیاتر بێ لە ٢٥ ساڵو هاوولاتی عیراقی بێتو باوكو دایكیشی عیراقی بن. زیاتر لەوەش، نەدەبوو ژنەكەی بێگانە بوایەو بەتایبەتی دەبو "باوەڕی بە پرینسیپەكانی شۆرشی تەمموز" هەبوایە[١٣٠]. بۆ ئەم مەبەستە، لیژنەی تایبەتی دروستكران لەپێناوی زامنكردنی ئەم هەلومەرجەو رۆژی هەڵبژاردن، سەدام حوسەین لەسەر تەلەفزیۆن دەردەكەوت بۆ ئەوەی بلێ:

"ئێمە دەبێ ئەوە مسۆگەر بكەین كەسیانزە ملیۆنو نیو هەمان رێگە وەربگرێ. ئەوەی كەرێگەی چەوت وەردەگرێ، خۆی بەرامبەر شمشێر دەدۆزێتەوە"[١٣١]. لەكەشو هەوایەكی وا ترسناكدا، كێ دەیتوانی دەنگ نەدات بۆ بەعسیەكان؟

زیاتر لەوەش، هەلومەرجی خۆهەڵبژاردن بەشێوەیەكی وا وورد داڕێژرابون كە بوبون بەبەربەستێك بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی كەبەعسی نەبون. لەباودۆخی وادا چەند كەسایەتی سەربەخۆ دەیانتوانی هەڵبژێردرێن؟

رۆژی دوای پرۆسەی هەڵبژاردنەكە، حكومەتی بەعس ئەنجامی هەڵبژاردنی رادەگەیاند: لەكۆی ٢٥٠ ئەندام، تەنها١٧ "سەربەخۆ" هەڵبژێردران[١٣٢]. لەنێوان نوێنەرە بەعسیەكان، چواریان ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش بوونو چواریان وەزیر بوون. بەم شێوەیە، ئەم "هەڵبژاردنە"، لە روانگەی دەسەلاتی بەعسیەوە، "بەراستی بریتی بوو لەرەنگدانەوەی پاڵپشتی میللی بۆ سەرۆك سەدام حوسەین"[١٣٣].

سەرۆكی بەعسیش لەكاتی كردنەوەی ئاهەنگی سەركەوتنی حیزب، رۆژنامەنوسی عیراقیو عەرەبو بیانی بانگكردبوو بۆ ئەوەی "ئەزمونی هەڵبژاردنو واتای ئەم پرۆسە دیموكراتیە"[١٣٤] لەعیراقدا پیشانی رای گشتیو جیهان بدات. رۆژنامە نوسێكی New York Times بەم شێوەیەی خوارەوە جەژنی خۆشی ئەنجامی ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەی لەشارێك لەشارەكانی عیراق وەسف دەكات:

"لێرە، لەنەجەف، شارێكی نزیك رۆخی فورات، كەپیرۆزە بۆ موسڵمانە شیعەكان، پارێزەر مضبان خدیر پێشوازی كرد لەمیوانەكان لەناو ژورێك (نوسینگەی خۆی) كە هەشت تەلەفۆنو شەش وێنەی سەدام حوسەینی تێدایە". كاتێك كەسوپاسی"

سەرکردەی حیزبو شۆرشی دەکرد" بۆ ئەم روداوە مێژووییە دەیگـوت کـە "پشـگیریو خۆشەویستیان بۆ سەدام حوسەین دەردەبڕن. سەدام حوسەین ئومێدی نەتەوەی عەرەبو نیشتمانی عەرەبە"[١٣٥].

دەبێ تیشك بخرێتە سەر ئەوەی کە هەتا حوزەیرانی ١٩٨٠، عیراقی بەعسـی لەلایـەن سیستەمێکی سیاسیەوە دەبرا بەڕێوە کەجەستەی یاسادانەری بریتی بوو لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش. لەگەڵ هاتنی سەدام حوسـەین، چـالاکی تەشـریعی بەرواڵـەت گوێزرایەوە بۆ ئەنجومـەنی ناسیۆنال. بەڵام چۆن دەتوانـرێ باسـی وەزیفـەی تەشـریعیو سەربەخۆی ئۆرگانێکی دادوەری بکرێ کەنزیکەی سەرجەم ئەندامانی بەعسینو فەرمان وەردەگرن لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش کە بەدەوری خۆی بەتەواوی ملکەچـە بـۆ ویستی سەرۆك؟

لەراستیدا، ئەوەی کەگرنگ بوو ئەوەبوو کە(جگە لەرواڵەتێکی دیموکراسی کەسەرۆك دەیویسـت بیـدات بەدەسـەلاتی خـۆی) لـەپراکتیکدا سـەدام حوسـەین دەیویسـت لەسەردووپەت یاری بکات: لەگەڵ هەندێ پەرلەمانتاری کوردی" بێلایەن " دەیویست هەموو ئەو بەرگریە هەلمژێت کە دەجولایەوە دژی دەسەلاتی مەکینەی بـەعس، بـەلام لەهـەمان کـاتدا دەیویسـت هەلمـەتی کوشـتنو بڕیـن داپۆشـێ لەرێگـەی هەلوێستی"چاکە" بەرامبەر عیراقیەکان بۆ ئـەوەی بۆنـەی هـەبێت نوێنـەری خۆیـان هەلبژێرن . ئەم یاریە بریتی بوو لەیاری "گوێزەرو دار" یاخودلەیاری "رێـویو شـێر" کە مەکیەڤێلی باسی لێ دەکات: "میریك دەبێ بزانێ کەلك لەئاژەل وەربگرێ . دەبێ بۆ ئەو مەبەستە رێویو شێر هەلبژێرێ ، چونکە شـێر ناتوانـێ خـۆی بپـارێزێ لـەتۆڕی تەلەو رێویش لەگورگ. لەبەرئەوە دەبێ وەك رێوی بێت بۆ ئەوەی تۆڕی تەلە بناسـێتو وەك شێر بێت بۆ ئەوەی گورگ بترسێنێ"[١٣٦]. جگە لەوەی کە تائێستا هێلمان بـەژێردا هێناوە، پێویستە بوترێ ئەوەی کە سـەدامی کـرد بـەخاوەنی رەهـای عـیراق ، بریتیـە لەتوانای بۆ شاردنەوەی مەرامی خۆیو پەنابردن بۆ فێلو وورییایی بەرامبەر مەترسیو سروشتی عەمەلیو سەرکەوتن لەهونەری ترساندنو تۆقاندنی ئەوەی بەرامبەری. بـەلام

لەهەمان کاتدا سەدام دەیزانی چۆن خۆی خۆشەویست بکـاتو بـرادەر لـەدەوری خـۆی کۆبکاتەوەو خۆشەویستیو توندوتیژی پێکەوە تێکـەڵاو بکـات . لەبـەردەم جـەماوەر، سەدام بەباوکێکی بەبەزەییو بەسۆزی عیراقیەکان خۆی پیشان دەدا، بەڵام بـەباوکێکی بێ بەزەیش لەگەڵ برادەرەکانیداو لەگەڵ ئەوانەی کە دەوروپشـتیان دابـوو بەتایبـەتی لەگـەڵ دەسـتوپێوەندو موخابـەراتی نـهێنی باشـترین پـەیوەندی هـەبوو. پـەیوەندی برادەرایەتی لەگەڵ ئەوانەی کـە کوێرانـە ملکـەچیان بـۆ دەکـرد) بـەکاردەهێنا دژی ئەوانـەی کەهەسـتی دەکـرد برادەرنـین یـاخود دوژمنـن. لەکۆبونـەوە تایبەتیەکـەی ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆرش لەبـەرواری١١ تـەموزی ١٩٧٩ کـەبڕیاری پـاڵاوتنی سەرۆکایەتی بۆدا، سەدام حوسەین گوێی گرتبوو لە محي عبدالحسين مشهدي کەقسـەی کردبوو دژی لاچونی ئەحمەد حەسەن البکـر . گوێـی لێگرتبـوو کـەوتبوی :"شـتێکی ناپەسندە کە تۆ دەبێ خۆت بکێشیتەوە"، " ئەگەر تۆ نەخۆشی بۆچـی نـەختێ پشـوو نادەیت ؟"[١٣٧]. هەروەها تێبینی کردبوو کە محەمـەد عـایش حەمـەد" بەشێوەیـەکی نائاسیی رەفتاری دەکرد و " دەیزانی" کە بەرقەوە" تەماشای دەکرد. گومـان کردن لـەم هەڵوێستە، وای لێ کرد کەرۆژێکی پێش کۆبەنەوەکە، تارق عەزیز را بسپێرێ کـەبڕواو ئێواریەك لەگەڵ عایشـدا بەرێتـە سـەر بـۆ تاقیکردنـەوەی هەڵسـوکەوتی . بـرادەری سەروەرو نێردراوی خۆشەویستی سەدام پاش ئەوەی ئێوارەیەکی لەگـەڵدا بـردە سـەر، بەدەستی خاڵی گەڕایەوە . بەڵام پەیامی تارق عەزیز سـەرۆکی رازی نـەکرد . بـەرزان تکریتی، زڕبرایو جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو عزەت ئیبراهیمی نارد بـۆ لای[١٣٨] . ئەم شێوازە، رێگەیەك بوو لەرێگاکانی لەناو بردنی دوژمنو ئـەو کەسـانەی ملکەچی رەهایان بـۆ نـەدەکرد. شـێوازی دیکـەش بریـتی بـوو لەبـەرەنگار بونـەوەی راستەوخۆ. لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٩، سەدام حوسەین دوو وەزیری کۆمۆنیسـتی بـانگ کردبوو بۆ نوسینگەی خۆی بۆ ئەوەی باسی بەرزکردنەوەیان بکات لـەدەزگای دەوڵـەت. پاش دانیشتنیان، سەرۆك چەکەکەی دەرهێناو کوشتنی[١٣٩] . یاخود لەکۆبونەوەیـەکی ئەنجومەنی وەزیران لەساڵی ١٩٨٢، وەزیری تەندروستی رياض ابراهيم حسين پێشنیازی

کردبوو بۆ سەدام کە بەشێوەیەکی کاتی خۆی بکێشێتەوە لە بەرپرسیێتی‌و رێگە بدات بە احمد حسن البکر کە (هەتا ئەوسا لەژیاندا بوو) رێگە خۆش بکات بۆ وەستانی جەنگ‌و وتووێژ لەگەڵ ئێراندا. وەڵامی سەدام چی بوو؟ "بابڕۆین بۆ ژوورەکەی دیکەو پاشان گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەین". بێ گومان وەزیر ئەمەی پەسەند کردبوو و پاش چەند چرکەیەك، دەنگی گوللەیەك بەرزبووەوە. سەدام حوسەین بەتەنها گەڕایەوە بۆ کۆبونەوە کە هەر وەکوهیچ روی نەدابێ[١٤٠]. ئەوانی دیکە توانیان هیچ بڵێن یان هیچ بکەن؟ لەترسی ئەوەی تاوانبار نەکرێن بە ناپاك‌و هەڵسوڕێنەری پیلان‌و دوایش بکوژرێن یان تیرۆر بکرێن، لەبەر ئەوە باشتر نەبوو بێ دەنگ بن؟ کامیان باشتر بوو: بێ دەنگ بن یاخود زووبەزویی دەستگیر بکرێن لەلایەن موخابەراتی نهێنی کە دەوروپشتی هۆڵەکەیان گرتبو؟

ئەم شێوازە، شێوازی بەرەنگار بونەوەی راستەوخۆو کوشتن، سروشتی سایکۆلۆژی سەدام پێکدێنێ. هەوڵدانی کوشتنی عبدالکریم قاسم‌و کوشتنی سعدون الناصری لەتەمەنی ئەو پەری گەنجیەتیداو پێشنیازکردن بۆ کوشتنی علی صالح السعدی"بەگوللەیەکی پەنجا فلسی"[١٤١]، ئەم شێوازە دەردەخات. شێوازی خەڵکی عیراقی بیابان بەداب‌و نەریتی تیرەگەری‌و پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی پڕ لەرق‌و کینەو گیانی تۆڵە سەندنەوە کاتێك کە زمانی خۆشەویستی فەشەل دەکات. سەرەڕای هەموو شتێك، سەدام حوسەین بە"سومبول"، سومبولی حیزب‌و شۆڕش‌و میللەت دادەنرا. لەساڵی ١٩٨١ تەها یاسین رەمەزان دەیگوت: لەناو رێکخراوی ئێمەدا، سەرۆك سەدام حوسەین هەمیشە سکرتێری گشتی حیزبەو رێزی لێ دەگیرێ چونکە گوزارشت دەکات لە ئایدۆلۆژیای حیزب‌و ویستی میللەت"[١٤٢]. راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی ناوچەیی نۆهەم لەساڵی ١٩٨٢ دەیگوت "سەدام حوسەین سومبولی ئازادی‌و سەربەخۆیی‌و فەخرو راستگۆیی‌و ئاواتە لەپێناوی داهاتویەکی باشتر بۆ عیراق‌و میللەتی عەرەب‌و ئەم راستیە(. . .) پاڵ بەئێمەوە دەنێ دوای ئەو بەیاغە کەوین کە ئەو بەرزی کردۆتەوە بەهەموو خۆتەرخانکردن‌و لەخۆبوردەیی‌و توانای پێویستەوە.[١٤٣]

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١- بڕوانە:
Magid Khaddury, Political Trends in the Arab World , The Role of Ideas in Politics, Baltimore: John Hopkins University Press, 1970, P. 153.

یان

Middle East Forum, Forum Interview, Michel Aflaq, Tome III, February, 1958, P.9.

2- Shafik A.R. assamarraie, Le Parti Bath Arabe – Socialiste et son role dans la politque arabe depuis sa creation a nos Jours, (these de doctorat d'etat, Univeraite de droit et des sciences economiques, Nice, nov., 1976, P.23 .

3- Olivier Carre, Le nationalisme arabe, Fayard, 1993, Paris, P. 43.

4-Middle- East Forum, ibid, P.9 .

5- Norma Salem Babikian, "Michel Aflaq, A Biography outline , in , Arab Studies Quartery, Institute of Arab Studies and A.A.U.S. , Vol. II, P.162.

6- Hanna Batatu, The Old Social Classes and Revolutionary Mouvement of Iraq, A Study of Iraq's Old Landed and Commercial Classes and of its Communists , Bathists and Free Offices , 1978 , Princeton University Press , P. 725.

7- Patrick Seale , The Struggle for Syria, A Study of Post–War Arab Political 1954 – 1958 , 1965 , Oxford University Press , London, New York , Toronto, P. 148 .

8- Norma–Salem Babikian , Ibid, P. 164.

بڕوانە هەروەها Magid Khaddury , Arab Contemporary , The role of Personalities in Politics , 1973 , Baltimore : Johns Hopkins University , P. 213;

Kamel S. Abu Jaber , The Arab Bath Socialist Party , History , Ideology and Organization , 1966 , Syracuse University Press, P.10- 119.

Walfik Raouf , Nouveau regard sur le nationalism arabe, Bath et Nasserisme , 1984 , L'Harmattan , Paris , P. 92 .

9- Samir al–Khalil , Iraq , La machine infernale , Politique de l'Iraq moderne , 1991, Edition Jean–Claude Lattes , P.241 .
10- C . R . M . A . C , Parti Bath , Cahier 5 , p. 2 .

لەسەر پارتی میللی عەرەب ببینە:

Labib Yamak , The Syrien Social National Party , 1966, Cambridge , Mass , Harvard UN. Press ; Ed . SAAB, La Syrie Ou La revolution dans la rancoeur , 1968 , Julliard P.47.

١١- شبللى العيسمي، حزب البعث العربي الاشتراكي ، مرحلة الاربعينيات التأسيسية ١٩٤٠-١٩٤٩ ، دار الطليعة ، بيروت، الطبعة الثالثة، ص ٢١ .

12- Norma – Salem Babikan , of . cit ., P. 169 .
13- Patrick Seale, the Struggle for Syria , of . cit . p. 15
14- Roger Faligot et Remi Kauffer , Le Croissant et La Croix gammee , Les Secrets de l'alliance entre l'islam et le nazisme de Hitler a nos Jours, Editions Michel Albin , 1990 , Paris , Paris , p . 83 .

١٥- بۆ زیاتر لەزانیاری تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، ص ٨١- ٨٤ .

16- Patrick Seale, of. Cit, p. 8.
17- Samir al – Khalil, of. Cit., p. 243

١٨- شيبلي العيسي، حزب البعث العربى الآشتراكي، نفس المصدر ، ص ٣٣ – ٣٤ .

١٩- سامي الجندي ، البعث ، بيروت، دار النهار للنشر ، ١٩٦٩ ص ١٩ .

20- Wafik Raouf, of. Cit., P. 96.

٢١- عەلەویەکان پێشیان دەوترێ نوسەیری. لەسالآنی دوای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، عەلەویەکی عەدەنە بەناوی محمد غالب الطویل کە سەرکردەی پۆلیس بوو دەستی کرد بەنووسینی " مێژووی عەلەویەکان" کە لەساڵی ١٩٢٤ بەعەرەبی بڵاوکرایەوە (تأريخ العلويين) . لەم پەرتوکەدا محمد غالب الطویل بۆ یەکەم جار ناوی نووسەیریەکانی گۆڕی بۆ عەلەوی . لەو ساڵانە بەولاوە عەلەویەکان کە هەر لەسەدەی ناوەڕاستەوە بەنووسەیری ناوبراوون ئەو ناوەیان وەرگرت . پەرتوکەکەی محمد امین غالب الطویل دەیویست نوسیرییەکان دوور بخاتەوە لەسومعەی نێگەتیڤ چونکە ناسرابوون وەك ئەوانەی کە لەئایین لایان داوە (heretiques) یاخود ئەوانەی کە بێ ئایینن و هەروەها دەیویست عەلەویەکان دەربخات وەك شیعەی دوانزە گرێ . هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە لەساڵی (١٩٢٤)ەوە کە لەشارەکانی خواروو حاکم کرا بەجەعفەری دوانزە گرێ. ببینە:

Encyclopedie de l'Islam, Editions Leiden, E.j. Brill, 1995, p. 149.

٢٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٨ – ١٥٠ ، بڕوانە:

23- Hanna Batatu, of. Cit. P. 723

٢٤- هەمان سەرچاوە، ل ٧٢٣ .

٢٥- هـ. س. ل ٧٢٣ . هەروەها ببینە

Hisham B. Sharabi, Governments and Politics of the Middle – East in the Twetieth Century, 1982, New York, pp. 125 – 126.

٢٦- هـ . س . ل ٤٢٣ .

27- Samir al–Khalil, Iraq, of. Cit., p. 244.
28- Olivier Carre, of. Cit. 1p.42.

٢٩- سەبارەت بە بیری زکی الارسوزی، بڕوانە ئەم پەرتوکانەی خوارەوە:

زکی الارسوزی ، العبقرية العربية في لسانها، مطبعة الحياة، دمشق(الطبعة الثانية).

Samir al–Khalil, op.cit., p.244- 245 .Olivier Carre, Le Nationalisme Arabe , op. cit., pp, 71-90 .

٣٠- جلال السيد، حزب البعث العربي، بيروت ، دار النهار للنشر ، ١٩٧٣ ، ل ١٩ .

٣١- هـ . س . ل٢٧ .

٣٢- حسن السعيد، نواطير الغرب، صفحات من ملف علاقة اللعبة الدولية مع البعث العراقي ١٩٤٨- ١٩٦٨ ، بيروت، لبنان، ١٩٩٢، الطبعة الاولى ، ل. ٥٣- ٥٤.

٣٣- ببینە:

Bichara Khader, le Parti Bath, C. R. M. A. C., Institut des Pays en developpement, Universite Catholique de Levain, Cahier v, p, p 1-7

٣٤- بڕوانە حسن السعيد، هـ . س . ل٦٢-٦٩ .

35- Fouad Mater , Saddam Husayn ou le devener irakien , la Sycomore, Paris, 1980, pp. 17-18.

٣٦- هـ. س . ل١٥٤ .

٣٧- بڕوانە :

Marion Farouk-sluglett and Peter-Sluglett, Iraq since 1958 , From Revolution to Dictatorship , 1987 , p. 90 and p. 157 .

بڕوانە هەروەها :

John Bullock and Harvey Morris , Saddam's War : The origins of the Kuweit Conflict and the International Response , Faber and Faber , London , 1991, p. 71 .

بۆ زیاتر لەزانیاری سەبارەت بەڕۆڵی لەناو حیزبی بەعسو بارودوخی کوشتنی، بڕوانە:

John F. Devlin , The Bath Party , A History From its Origin to 1966 , Hoover Instution Press Stanford , 1976 , p p . 149- 191 and n . 13 . 207 .

38- Amazia Baram , The Ruling Politcal Elite in Bathi Iraq , 1968 – 1986 : The Changing Features of a Collective Profile , in , Internationual Jouranal of Middle East Studies , vol . 24, Fasc. 4 , 1989 , pp 447 – 492 .

٣٩- بڕوانە کتێبەکەی ابن خلدون کە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتنی میکانیزمی سیاسی بەعس: ابن خلدون ، المقدمة، دار احياء التراث العربي، بيروت، (بدون تأريخ) .

٤٠- بۆ زانیاری فراوانو دورو درێژ سەبارەت بەپەیوەندی خزمایەتیو ناوچەیی رژێمی بەعسی عیراقی بڕوانە : طالب الحسن، حكومة القرية، فصول من سلطة النازحين من ريف تكريت، الجزء الاول، دار اور للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٢ . بڕوانە هەروەها: جعفر الحسيني، على حافة الهاوية، العراق ١٩٦٨- ٢٠٠٢، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٣، بەتایبەتی ل ٩-١٢٠ .

٤١- بەلای بەتاتوەوە رێکخراوی حزب دوو جۆر لە ئەندامی هەبوو: ئەندامی ئەکتیڤو پالێوراو. پالێوراوەکان پاش شەشە مانگ تەزکیە دەکران بۆ ئەندامی ئەکتیڤ:

Hannah Batatu, The Old Social Classes and the Revolutionary Movement of Iraq, A Study of its Communists, Bathists, and Free Officers, Princeton University Press, Princeton, 1976, pp.742-745.

42- Ibid, p 816.
43- Marion Farouk – Sluglett, p. 69.

٤٤- بۆ زیاتر لەزانیاری بڕوانە:

Ala Tahir, Iraq aux origines du regime militaire, Editions L'Harmattan, Paris, 1989, pp. 40-45, pp. 152- 163.

٤٥- بۆ زانیاری سەبارەت بە ناوی وەزیرەکان ، بڕوانە:

Ala Tahir, Ibid. Pp. 132-133.
46- Ibid. Pp. 21-77.

٤٧- ليث الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، وزارة الاعلام، بغداد ، ١٩٧٩، لەناو کتێبی:
Ibid, p. 182.

٤٨- حسن السعيد، نواطير الغرب، مؤسسة الوحدات للدراسة، بيروت، ١٩٩٢، ل ١٠٤- ١٠٥ .

٤٩- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥

٥٠- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥

51- Ala Tahir, Ibid, p.188.
52- Marion Farouk – Sluglett, Ibid. Ibid, p.65

٥٣- بۆ زیاتر لەزانیاری بڕوانــە: لیـث الحسـن الزبیـدي، ثـورة ١٤ تمـوز١٩٥٨ في العـراق، مکتبـة الیقضـة العربیـة، بغـداد، ١٩٨١، ل. ٣٦١-٣٧٥. بڕوانـە هـەروەها، خلیـل ابراهیـم حسـین، ثـورة الشواف في الموصل ١٩٥٩.

٥٤- بۆ زیاتر لەزانیاری سەبارەت بە کەراکتەرو ئامانجو بارو دۆخی ئەم ڕووداوانە، بڕوانە:

Hanna Batatu, op. cit., pp. 866- 889.

Marion Farouk- sluglett, op. Cit., pp.66-70:

Ala Tahir, op. cit., pp. 198-204.

55- Marion Farouk – sluglett, Ibid, p. 65.

56- Ala Tahir, op. cit., p. 214

٥٧- یاسای بەرەسمی کردنی حزبە سیاسیەکان لەمانگی یەکی ١٩٦٠ دەرکرا، بەڵام ئەوەندە ناتەواو بوو کە نەیتوانی (جگە لەحزبی نیشتمانی دیموکراسیو حزبی جەمهوری) حزبـە سیاسـیەکان بخاتـە گۆڕەپانی سیاسی شەرعیەوە. بڕوانە:

Ala Tahir, Ibid. Pp. 233- 240.

٥٨- هەندی لەنووسەران پرسیار دەکەنو دەڵێـن چـۆن بەعسـیەکان توانیـان ئـەو لیسـتە دوورو درێژەیان هەبێت بەناوو ئەدرەسی کۆمۆنیستەکان. دەڵێـن کـە بـەدڵنیایی ئـەم لیسـتەیە لەلایـەن مخابراتی ئەمریکیەوە درا بوو بەعسیەکان لەترسی زیاد بوونـی هـێزو شـەرعیەتی کۆمۆنیسـتەکان لەساڵانی ڕابوردا. بڕوانە:

Marion Farouk – slugett, op. Cit., p.86.

زۆر روون نییە چۆن سی ئای ئەی (CIA) لەو مانگانەی پێش کودەتاکـە نـاوی کۆمۆنیسـتەکانی نەقڵ کردبوو بۆ حیزبی بەعس. پادشای ئەردەن لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ محمد حسنین دەیگوت: " بهێڵین با پێتان بڵێم کەدڵنیام لەوەی کە ئەوەی ڕووی دا لە٨ ی شوباتی ١٩٦٣ لەلایـەن سی ئای ئەیەوە پشتگیری لێکرا بوو. هەندێ لەوانەی کەحوکمی بەغدا دەکەن ئەم حەقیقەتە نازانن. زۆر ووتووێژ هەبوو لەنێوان حزبی بەعسو سی ئای ئەی لەوڵاتی کوەیت. دەزانـی (. . .) کـە لـە٨ی شوبات بنکەیەکی ڕادیۆی نهێنی هەبوو کە ناوو ئەدرەسی کۆمۆنیستەکانی ئاڕاستەی عیراق دەکـرد بۆ بەرپرسە عیراقیەکان؟ "

Hanna Batatu, op. Cit., pp. 985-986

جگە لەمەش، لەچاوپێکـەوتنێکدا لەلایـەن گۆڤـارێکی میسـری لەسـاڵی ١٩٦٧، علـی سـاڵح ئەلسەعدی دەیگوت: " ئێمە بەشەمەندەفەرێکی ئەمریکی دەسەڵاتمان گرتەدەست" بڕوانە:

Mahdi F., Les limites du development: remarques sur l'etat et la societe irakienne, in, L'Iraq, le Petrole et la gurre, peuples Mediterraneens, n. 40, Juil – sept, 1987, p.119

بەڵام حسن ئەلسەعید دەڵێ کە علی ســاڵح ئەلســەعدی وتویــەتی: " ئێمــە بەشــەمەندەفەرێکی ئەنگلۆ- ئەمریکی دەسەڵاتمان گرتە دەسـت" بڕوانــە: حســن ئەلســەعید، نواطــیر الغـرب، هـ . س. ل ١٢٥. بۆ زیاتر لەزانیاری بڕوانە هـ . س گشت کتێبەکە. هەروەها بڕوانە:

Edith and E, F. Penrose, Iraq International Relations and National Development, London, 1978.

59- Samir al-Khalil, Iraq, La machine infernale, Editions Jeans Claude Latte's, 1991,p.60 .

60- Hanna Batatu, Ibid., p. 982 .

ناوەڕۆکی ئەم بەیانە لەلایەن حەنا بــەتاتوەوە وەرگــیراوە لــە: الوقـائع العراقیـة، ژمــارە ٧٧١ لــە ١٨/٢/١٩٦٣. بەڵام د. مجید خوری لەناوەڕۆکی ئەم بەیانە بەشێوەیەکی جیاواز دادەڕێژێ: بڕوانە، د. مجید خدوری، العراق الجمهوري، انتشارات الشریف الرضي، امیر رقم، ل ٢٦٤- ٢٦٥ .

61- John F. Devlin, The Bath Party, A History from its Origins to 1966, Hoover Institution Press, Stanford, California, 1976, p. 255 and n.2 p. 276.

٦٢- بڕوانە حسن السعید، هـ. س. ل ١٣٩ .

63- Ibid, p. 990.

٦٤- علی ساڵح ئەلسەعدی دەرچوی خوێندنگەی بازرگانی بوو لەبــەغدادو لــە ١٩٦٠ەوە بوبــو بەسکرتێری گشتی حیزبی بەعس هەتا ساڵی ١٩٦٣و بو بەسەرۆکی حکومــەتی بــەعس لەشــوباتی ١٩٦٣. کاتێك پاش کەوتنی حکومەتی بەعسی لە نۆڤەمبەر هەوڵی دا "باڵی چەپ" دوور بخاتــەوە لەحیزب (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو ئەو بەعسیانەی کە دوایی لە ١٩٦٨ دەسەڵات دەگرنە دەســت)، خۆی دوور خرایەوەو ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر خرایە شوێنی.

65- Hanna Batatu, Ibid. p. 990.

٦٦- حسن السعید، نواطیر الغرب، ە. س. ل ١٣٩ .

٦٧- حسن السعید، ە. س. ل ١٣٩.

٦٨- محمد سعید النجدي، حصیلة الانقلابات الثوریة في بعض الاقطار العربیــة، دار امیـة، ١٩٦٦، ل٤٤، لەناو حسن سعید، هـ. س. ل ١٣٩ .

69- Hanna Batatu, Ibid., p. 1012.

لەراستیدا یەك دەنگی نییە لەژمارەی ئەندامانی حەرەسی قەومیدا: بۆنمونە: نوسەرێك کە ئامــاژە دەکات بۆ رۆژنامەی بەعس دەڵێ کە لەمانگی ئازار ژمارەیان دەگەیشتە حەفتا هەزارو علــی ســاڵح ئەلسەعدی دەیگوت کە لەمانگی مایسدا ژمارەیان بیست هەزار بوو. بڕوانە:

John Devlin, op. cit. P.264.

بڕوانە هەروەها:

Uriel Dann, Iraq under Kassem, Praeger, New York, 1969, p.367.

٧٠- بۆ زانیاری سەبارەت بەلیستی ناوەکان بڕوانە:

Phebe Marr, The Modern History of Iraq, Westview Press, London, 1985, pp.331-332.

هەروەها بڕوانە، حسن ئەلسەعید، نواطیر الغرب ، هـ. س. ل. ٤٢٩-٤٣١ .

٧١- راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی حزبی بەعس بەدرێژی ئەو رووداوانە بــاس دەکــات کــە دوا بــەدای کودەتاکەی ١٧ی تەمموز هاتن‌و عەبدلرەزاق نایف‌و ئیبراهیم عەبدولرەحمان داودیان خستە لاوە، بڕوانە:

The 1968 Revolution in Iraq, Experience and Prospects, The Political Rapport of the Eith congress of the Arab Bath Socialist Party, January 1974, Ithacha Press, London, 1979, pp.20 –29.

72-Marion Farouk – sluglett, Ibid. P. 115. Phebe Marr, Ibid., p. 212 and n.2, p.332.

73- Samir al – khalil, Iraq, la machine infernale, op. cit., p. 83 .

74- Marrion Farouk- sluglett, Ibid. p.121.

75- Ibid, p.121 Samir al – Khalil, op. Cit., p. 86s.

٧٦- حسن ئەلسەعید، هـ. س ، ل ١٦٥ .

77- Max Sawdayee, All Waiting to be Hunged: Iraq Post Six Days Diary, Tel Aviv, Leranda Press, 1974, p,90.

78- Samir al-khalil, op. cit., p. 87.

79- Ibid. , p,88.

٨٠-لەسەر حیزبی کۆمۆنیست (قیادەی مەرکەزی)و عزیز الحاج بڕوانە

Abbas Kelidar, Aziz al- Haj: A Communist Radical, in, The Integration of Modern Iraq, Croom Helm LTD, London, 1979, PP. 183-192.

81-Hanna Batata. Of. Cit., PP. 1069-1071.

82-Marion Farouk- Sluglett., of. cit., PP. 121-122.

83-Samir al- Khalil, Ibid., P. 88.

84-The 1968 Revolution in Iraq, of. cit., P. 39.

85-Ibid., P. 40.

86-Ibid., P.40.

87-Phebe Marr, The Modern History of Iraq, of. Cit., P. 213

88-The Revolution in Iraq, Ibid., P. 41.

89-Ibid., PP. 45-48.

٩٠-بۆ زیاتر لەزانیاری بڕوانە:

.Hanna. Batatu, op. cit., PP. 11o1- 1105

91-Chris Kuschera, Le mouvement national Kurde, Flammarion, Paris, 1979, pp. 279-299.
92- Ibid., p. 287.
93- Hanna Batatu, op. cit., p.1103.
94- Ibid., pp. 1103-1004.

٩٥- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتن نامەیە بڕوانە:

Ibid., pp. 1107-1008.
96- Richard F. Nyrop, Iraq, ACountry Study, the American University, Washington, D.C., 1979, po.199.
97- Ibid., pp. 198-199.
98- The 1968 Revolution in Iraq, op. Cit., p. 67.
99- Ibid., p. 68.

١٠٠- زۆر کتێبو نامیلکەو لێکۆڵینەوە هەیە لەسەر سیاسەتی بەعس دژی میللەتی کورد.

بڕوانە بەتایبەتی:

Mirella Galletti, Sviluppi del problema Kurdo 1976- 1978, in, Oriente moderno, n. 58, 1978, pp. 463-474.
Mirella Gallrtti, L'ultima rivolta kurda in Iraq, Oriente Moderno, n. 55, 1975, pp.462-472.
Edmond Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq, Syracuse University Press, 1981.
Ismat cherif Vanly, Le Kurdistan d'Iraq, in, les Kurdes et le Kurdistan Couvrange Collectif dirige par Gerard Chaliand), Paris, 1978, pp. 285-305.
Chris Kutsuchera, le Mouvment national Kurde, op. Cit., 301-333.
Hans Rimscha et Ralf Schneider, Les Deportations dans le Kurdistan irakien et les refugies Kurdes eu Iraq , in, Les Kurdes Par-dela- l'exode, l' Harmattan, Paris, 1992, pp. 24-40.

١٠١- سەدام حوسەین، خندق واحد ام خندقان، لەناو کتێبی: الثورة والنظر الجديدة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ل ٢٢٠.

١٠٢- هـ. س. ل ١٠٨٧.

١٠٣- وتاری سەدام حوسەین لەناو:

P. Mansfield, Iraq; the Contemporary State, London, croom Helm, 1982, p.68.

١٠٤- الثورة والنظر الجديدة، هـ. س، ل ٢٢٢.

١٠٥- هـ. س. ل ٢٢٤.

106- Marion Farouk- Sluglett, op. Cit. P. 183.

١٠٧- سەدام حوسەین، خندق ام خندقان، هـ. س. ل ٢٢٥ .

١٠٨- هـ. س، ل ٢٣٣ .

109- Fouad Matar, Saddam Hasayn ou le devenir, Le Sycomore, Paris, 1980, p.225.

110- Ibid., p. 37

١١١-سەرچاوەی لێکۆڵینەوەمان دەگەڕێتەوە بۆ دەستوری عیراق سالّی ١٩٧٠ کەبە بڕیاری ژمارە ٧٩٢ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەرکرا: " الدستور الموقت و تعديلها، الجمهورية العراقية، وزارة الاعلام، مديرية الاعلام العامة، الطبعة الثانية". بڕوانە مادەی ٣٧ لەدوستوری عیراقی، هـ . س ل١٦

١١٢ - هـ. س.، مادەی ٤٠، ل١٤.

١١٣ - بڕوانە مادەی ٢، ٣، ٤، ٥، ٦ لەناو هەمان سەرچاوە، ل١٨-١٩.

١١٤ - مادەی ٥٧، ل٢٤.

١١٥ - مادەی ٥٧، ل٢٥.

١١٦ - نوسەرێك چونە ناو حیزبی بەعس دەگەڕێتەوە بۆ سالّی١٩٥٧، بەلاّم زۆر لەسەرچاوە دەیگەڕێننەوە بۆ سالّی١٩٥٥. ئەم دژاو دژیەش بەڕای ئەم نوسەرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەدام حوسەین ویستویەتی دووساڵ خۆی گەورە بکات، واتا سالّی لەدایکبونی بگەڕێنێتەوە بۆ سالّی ١٩٣٧ نەك بۆ سالّی ١٩٣٩و بۆ ئەوەی دژاودژی نەکەوێتە نێوان سالّی خۆنوسینی لەناوحیزبی بەعس و بەرواری لەدایکبونی، هەموو چوارچێوەکانی نفوسی گۆڕیوە. ئەم نوسەرە کەبە دۆکۆمێنتو پرۆفەوە سالّی لەدایکبونی سەدام دەسەلمێنێ، ڕەخنە لەحەننابەتاتو و لەنوسەران دەگرێ بۆئەم مەبەستەو دەڵێ کە سەدام دووساڵ خۆی گەورە کردوە بۆ ئەوەی لەگەڵ تەمەنی خێزانەکەی، ساجدە، بگونجێ کە دووساڵ لەمێردەکەی گەورەتر بووە ئەمەش هەندێ کێشەی سایکۆلۆژی بۆ سەدام دروست کرد لەناو ژینگەیەکی عەشایەری و حوکمی لادێ.

بڕوانە: طالب الحسن، حكومة القرية، فصول من سلطة النازحين من ريف تكريت، دار ادرللنشر، بيروت، ٢٠٠٢، ل٣٤٩-٣٥٨.

١١٧ - بۆزیاتر لەزانیاری بڕوانە جعفر الحسيني، على حافة الهاية، العراق ١٩٦٨- ٢٠٠٢ دار الحكمة، لندن،٢٠٠٣، ل ١٠٤. لەسەرمندالّی و دزی و لەخەڵکی دان و توندوتیژی سەدام، بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو: طالب الحسن، ل٣٣٧-٥٢٥

بڕوانەبەتایبەتی:

Efraim Karsh and Inari Rautsi, Saddam Husayn, A Political Biography, Bpcc
Wheaton, London, 1991

١١٨- بۆ زانیاری سەبارەت دورو درێــژی هەوڵدانەکــە- بڕوانــە طــالب الحســن، هـ . س، ل. ٣٥١-٣٥٥. بڕوانە هەروەها:

Marion Farouk-Sluglett, op.cit. p.p 72-74.

نوسەری ژیانی سەدام، فؤاد مطر بەمەدحەوەو بەدوردرێژی باسی بارودۆخی هەوڵدانەکــە دەکـاتو باسی بریندار بوونی دەکات:

Frouad Matar, op. cit., pp. 27-37,

ئەم باسە دژاودژە لەگەڵ گێڕانەوەکەی طالب الحسن، سەرچاوەی پێشور، ل. ٣٥١-٣٥٥.

119- Efraim Karsh and Inai Rautsi, op. cit., pp. 24-25.
120 -Samir al-Khalil, op. Cit., p. 61.
121-Christine Moss-Helms, Iraq, Eastern Flank of the Arab World, Washington, D.C., 1984,P.94.

بۆ زیاتر لەزانیاری، بڕوانە:

122-Efraim Karsch and Inari Rautsi, op. Cit. Pp. 113-116.

123-Ibid., p.116.
124-Ibid., p.117.
125- Ibid., p.117

١٢٦ - بۆزیاتر لەزانیاری بۆئەم مەبەستە زۆر کتێب هەیە. بڕوانە بۆ نمونە:

عثمان الرواندوزی المحامی، استجواب صدام حسین رجل المتناقصات، الدار الاندلسية، ل٢٠٠٢.

طالب الحسن، فصول من ساطة النازحين من ريف تكريت، ه. س.

حسن السعيد، نواطيرالغرب، سەرچاوەی پێشو .

حسن العلوی، العراق دولة المنظمة السرية، لندن، ١٩٩٠

بڕوانە بەتایبەتی: جعفر الحسنی، علــى حافة الهاويــة، العــراق ١٩٦٨-٢٠٠٢، دار الحكمــة لنــدن، ٢٠٠٣.

Efraim Karsch, op. Cit.وەهەروەها

١٢٧ - بڕوانە: الدستور الموافت وتعديلاته، ل٢٠-٢٤.

بڕوانە:

128- The National Assembly, Legislation, Supervision, Ministry of Information and Culture, Dep. of Information, al- Hurriyya Press, Baghdad, 1989, p, 12.
129- Ibid., p.14, p.18.
130- Efraim Karsch, op. cit, p.120.
131- Ibid.,p. 120.
132-Ibid. ,p.120.
133- The National Assembly, Ibid, p. 19.
134- Ibid., p.20.
135- New York Times, June 21, 1980.
136- Nicolo Machiavelli, Il Principe, Milano, 1960, X .V111-3,P.72
137- Efraim Karsh, op. cit., p. 113

١٣٨ - بڕوانە وتاری سەدام بەم بۆنەیەوە لە :Ibid., p.114.

139- Ibid., p. 96.
140- Ibid., p. 66.

١٤١ - طالب الحسن،حكومة القرية، هـ . س . ل٢٠٢.
نوسەر دەگێڕێتەوە کە لە ساڵێ ١٩٦٣ ، لەململانێیەك لەنێوان طالب حسين الشبيب، وەزیری دەرەوەی عیراقو علی صالح السعدی لەسەر فراوان کردنەوەی بناغەی حیزبو حەرەس قەومیو پێشنیازی میشێل عەفلەق بۆبەستنی کۆنگرەیەکی قطری بۆدۆزینی چارەسەرێك بۆئەم ململانێیە، سەدام حوسەین ڕێگەیەکی دیکەی دۆزیەوە: بۆئەوەی علی صالح السعدی سەرنەکەوێ پێویست بوو بکوژرێ بەگوللەیەکی پەنجا فلسیو دوایش دوو لەکۆمۆنیستەکان تاوانبار بکرێن بەکوشتنیو ئەوانیش ئیعدام بکرێن. بڕوانە هـ . س، ل. ٢٠٠١-٢٠٠٣ .
142- Christine Moss- Helms, op. cit., p.95

١٤٣ - راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی قطری نۆهەم لەناو:
Marion Farouk- Sluglett, op. cit., p. 262.

بەشی دووەم
میكانیزمی كاركردنی رژێمی بەعسی عیراقی

رێكخراوی حیزبی بەعس و پۆلیسی سیاسی

پاش ئەوەی حكومەتی بەعسی عێراق لە١٧ی تەموزی١٩٦٨دەسەڵاتی گرتەدەست، زوو بە زوویی دەستی كرد بەپلان دانان بۆ بەعساندنی كۆمەڵی عێراقی بە گوێرەی جیهانبینیەكی تۆتالیتار . بێگومان ، ئەم پرۆسەیە پێش گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسەوە پێشبینی كرابوو و راپۆرتی سیاسی كۆنگرەی هەشتەمی حیزبی بەعسیش زۆر روونە لەسەر ئەم بابەتە [١] .

یەكەم هەنگاو بریتی بوو لە رێكخستنی رێكخراوی ناوخۆی حیزب بە شێوەیەكی تەواو و لەرێگەی مەكینەی پروپاگەندەوە هەڵسان بە هەڵمەتی رێكخستنی هاوڵاتیانی عێراقی . بە چەند ساڵێك ، بەتایبەتی پاش ساڵی ١٩٧٥ ، حیزبی بەعس توانی ببێ بەجیهازێكی رێكخستنی تەواو و بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر پێكهاتەی ناوخۆی خۆی پەرەپێبسێنێ . رێكخراوی حیزبی بەعس پێكهاتبوو لە چەند شانەیەكی جیا جیا كە شێوەیەكی هەرەمی هەبوو . ئەم شانانە لەرێگەی زنجیرەیەكی هەرەمی بەسرابوون بەیەكەوەو لە هەمان كاتدا بەسرابوون بە ئەندامانی موخابەرات و ئاسایش كەراستەوخۆ لە لوتكەدا پەیوەندیان بە دەست و پێوەنی سەدام حوسەینەوە هەبوو . لەگەڵ رۆیشتنی كاتدا ، رێكخراوی بەعس بوو بە داردەستێكی ترسناك كەكاری بریتی بوو لەكۆنترۆڵ كردنو چاودێری كردنی سەرجەم هاوڵاتیانی عێراقیو تەنانەت خودی ئەندامانی حیزبی بەعسیش.

لەپێناوی باش تێگەیشتنی کاری ئەم مەکینە ترسناکەدا ، پێویستە پێش هەموو شتێك دەست بکەین بەشیکردنەوەی ستروکتوری ڕێکخراوەیی .

هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەساڵی ١٩٤٧ و پاش ساڵانی گرتنە دەستی دەسەڵات ، حیزبی بەعس پێکهاتەی شانەیی کرد بەبنچینەی ڕێکخستنی سیاسی. لەراستیدا ، ڕێکخستنی شانەی حیزبی بەعس لە ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٥٠ لەلایەن میشێل عەفلەقەوە ، کەدامەزرێنەری بەعس بو، بنیاد نرابوو . ئامانج و ستراتیجیەتی بەعس بریتی بوو لەوەی کەبتوانێ لەهەر وڵاتێکی عەرەبیدا کاریکات و " شۆرش " بەرپاکات . بەم واتایە ، دەتوانرێ بوترێ کە بە گوێرەی تێروانینێکی پرێتۆریەوە (٢) و لە ڕێگەی میتۆدی نادیموکراتیانە ، حیزبی بەعس هەوڵیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا یان نهێنی تۆری خۆی لە هەروڵاتێك لەو وڵاتە عەرەبیانەی کەدەیتوانی کاریان تیادا بکات بنیاد بنێ. شایستەی ئاماژەیە، لقی ئەردەنی لەساڵی ١٩٤٨ و لقی تونسی ١٩٥٠ و لقی عێراقی لەساڵی ١٩٥٢ و لقی لوبنانی و لیبیی لەساڵی ١٩٥٤ دا مەزرێنران . هەروەها ، حیزبی بەعس توانی لەعەرەبیستانی سعودی و قەتەرو عومانو کویتو یەمەن خۆی ڕێکبخات (٣) .

یەکەی بنچینەیی حیزب پێکهاتبوو لەوەی کە پێی دەوترا " الخلیة " ، " الحلقة " یان " حلقة الانصار " . " الخلیة " بچوکترین یەکەی ڕێکخراوەیی بوو . "الخلیة "، واتا شانەیەك بریتی بوو لەسێ تا حەوت ئەندام . دوو تا حەوت شانە " فرقه " یان پێك دەهێناو بە لایەنی کەمەوە دوو " فرقه " "شعبة" یەکی دروست دەکرد .لەساڵانی ١٩٨٠ بیست و یەك "شعبة" لە عێراقدا هەبو کە دابەش بوبون بەسەر پارێزگاکان و سێ "شعبة"ش لە بەغدا(٤) .سەرجەم شعبەکان پێکەوە "قطر"یان پێکدەهێنا و لەهەر ئاستێك لە ئاستەکانی هەرەمی حیزبی سەرکردایەتیەك هەڵدەبژێردرا کە پێ ی دەوترا "القیادة القطریة ". لەتیۆریدا دەبوایە لە هەروڵاتێکی عەرەبی "سەردکردایەتیەکی هەرێمی " " القیادة القطریة " هەبوایە . بەڵام لەواقیعدا جگە لەعێراق و سوریا(لەوانەیە لە ئەردەن و لوبنانیش) ، بەعس نەیتوانی بگاتە ئاستی

دامەزراندنی ئەم ئۆرگانە بەرزە . هـەرچۆنێك بێـت ، بەسـەروی "القيـادة القطريـة"ی بەعسی عێراقیدا ، ئۆرگانی "القيادة القومية"هـەبوو کـە بریـتی بـوو لـە بـالاترین دەسەلاتی حیزب و ئەندامەکانی پێکهاتبوون لەخەلکی عێراق و ولاتـە عەرەبیـەکان . بۆنموونە ئـەندامانی " القيـادة القوميـة" لەسـالانی ١٩٨٠دا بریـتی بـوون لەمانـەی خوارەوە:

میشێل عەفلەق ، دامەزرێنەرو سکرتێری گشتی حیزب (هاولاتی سوری) ، سـەدام حوسەین جێگری سکرتێری گشتی (عیراقی) ، شیبلی العیسمی (هاولاتی سـوری) ، عبدالمجيد الرفاعي (لوبنـانی) ، علـی غنـام (عـەرەبی سـعودی) ، قاسـم سـلام (یەمەنی) ، بدرالدین مدثر (سـودانی) ، عـزت ابراهيـم (عـیراقی) ، تەهایاسـین رمضان (عیراقی)، معین حداد (عێراقی) ، طارق عزیز (عیراقی) [٥] .

لەسەرئاستی تیۆری، "القيادة القومية" بەرزترین ئۆرگانی راپەراندن بوو ، هـەروەها بەرپرس بوو لە بـەدانانی چوارچێـوە بـۆ عـەقیدەی بـەعس‌و بـەرێوەبردنی سیاسـی‌و رێکخستن لەنێوان سەرکردایەتی هەرێمەکان‌و هاوبەشیکردن لەناو کۆنفرانسی جیهانی . . . هتد ، بەلام لەراستیدا پاش بوونی بەعس بەدووبەشەوە لەسالی ١٩٦٦ لـە نێـوان سوریاو عێراق ، وورده وورده ئەو گرنگیەی کەم بوەوە .

هەرچۆنێك بێت ، نابێ ئەوە پشت گوێ بخرێ کە چ سـەرکردایەتی هـەرێم (القيـادة القطرية) و چ سەرکردایەتی نەسیۆنال (القيادة القومية) لە ژێر سێبەری ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆرشدا کاریان دەکرد . ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریتی بوو لـە بەهێزترین جەستەو بریاردەری سیاسەتی عێراقی‌و دەسەلاتی یاسـادانان‌و راپـەراندن و دادوەریشی هەبوو . لەراستیدا پاش ئەوەی سەدام حوسەین بوو بەسەرۆکی کۆمـار ، ئەم ئۆرگانەش بوو بە داردەستێك لە ژێر دەستی خۆی و خزم‌و کەس‌و کارو برادەری کەکاری موخابەرا ت‌و سیخوریان پێ راسپێردرابو.

ڕێکخراوی حیزبی بەعسی عێراقی لەساڵی ١٩٨٤



سەرچاوە

Christine Moss Helms, Iraq Eastern Flank of the Arab World, Washinton, D. C., 1984, P. 84.

لەسالآنی ١٩٦٤ کاتێك کەرێکخراوی حیزبی بەعسی عێراقی بەسەر چەند قەیرانێکدا رۆیشت ، شێوەیەکی تایبەتی لە رێکخستنی هەڵبژارد کە پێی دەوترا " التنظیم او الجهاز الخیطي " ئەم شێوەیە لە رێکخستن هەروەها لەسوریا لەپاش سالّی ١٩٧٦ ەوە و لە هەندێ ولآتی دیکەش بەکار هێنرا . " الجهاز الخیطي " بە شێوەیەك رێکخرابوو کەئەندامێکی حیزب تەنها دوو کەس لەرێکخراوەکەی دەناسی: ئەوەی سەروی خۆی و ئەوەی خوار خۆی .

لەکۆتایی سالّی ١٩٦٢ چەند بەشێك لەحیزب هەبوو کەپێیان دەوترا"لجان الانذار" کەپێکهاتبوو لەچەند ئەندامێك کەرۆڵی گەورەیان هەبوو لەحیزبدا .پاش کەوتنی رژێمی بەعس لەنۆڤەمبەری سالّی ١٩٦٣ و تاسێپتەمبەری ١٩٦٤ ، کاتێك کەحیزبی بەعس بەئەزمونێکی ناخۆشدا رۆیشتو بارودۆخی بەعسیەکان لەقەیراندابوو، گروپێکی بچوك لەبەعسیەکان رێکخراوێکی زۆر نهێنی وتەریب لەگەڵ رێکخراوێکی ناسراودا دروست کرد کەلەلایەن فایلی حیزبی بەعس خۆیەوە نەناسرابو. سەدام حوسەین کاری لەم رێکخراوەدا دەکرد (٦).

ڕێکخراوی " خیطي " حیزبی بەعسی عیراقی



یەك خانە



دوو خانە



سێ خانە

سەرچاوە:

Christine Moss Helms , Iraq Eastern Flank of the Arab World , op. cit. p.86.

ئەوەی کەئینتمای دەکرد بۆ ڕێکخراوی بەعس دەبوایە بـە لایـەنی کەمــەوە تەمــەنی حەڤدە ساڵ بوایە و وەك لایەنگیر "مؤيد" دەبوایە دووساڵی لەناو حیزبدا بردایەتەســەر بۆئەوەی دوایی ببوایە بە "نصير". ئەمیش دەبوایە بۆماوەی دووساڵی دیکـە یـان سـێ ساڵ لەناو حیزبدا پەروەردە بکرایە.پاش ئەم ماوەیەش بۆ ماوەی ساڵ ونیوێـك دەبـو بـە "مرشـح " بـۆ ئـەوەی پاشـان بـیێ بـە"متـدرب".لـەماوەی سـاڵێکدا "المتــدرب " بەشێوەیەکی قوڵ پرنسیپەکانی عەقیدەی بەعسی دەخرایە مێشکیەوە وپاشان دەبو بــە ئەندام "عضو" لەپێشدا ئەندام وەك سەرۆکی "الانصار "،ئەمجا ئـەندامی "الفرقـە"و دوایش بەرپرسی ئەندامان، ئەمجا ئەندامی "الشعبة"و دواییـش بەرپرسـی ئـەندامانی "الفرقة" و ئەگەر ببوایە بـە ئـەندامی "الفـرع" دەبـوو بـە بەرپرسـی ئـەندامانی " الشعبة". . . هتد. لە راستیدا ڕێکخستنی بەعسـی بـە شـێوەیەك بـوو کـە بـەردەوام سەرۆکێك هەبو بە سەر سەرۆکێکەوە [٧] کە کۆنترۆڵی خوار خۆی دەکردو راپۆرتی بــەرز دەکردەوە سەبارەت بە هەموو بارو دۆخێکی تایبەتی.

دەشی بوترێ کەپانتایی حیزبی بەعس لەهەموو شوێنێك بەدی دەکرا وشانەو لقــی بەعسی لەسەرجەم یەکە کارگێڕیو ناوچەییەکاندا بڵاوبوبونـــەوەو: لـەناو لادێ وشـارو شارۆچکەو کارگەو دائیرەو خوێندنگەو زانکـۆو سـەندیکاو نەخۆشـخانە . . ..هتـد [٨]. شێوەی ڕێکخستنیشی بەکەمترین کات ڕێگەی بۆگواسـتنەوەی زانیـاری لەنزمــەوە بـۆ بــەرز خـۆش دەکـرد . بـۆ نمونـە ئـەندامانی شـانەکانی خـوارەوە وناوەڕاسـت دەبوایـە بەشێوەیەکی سیستێماتیك لەسەر خەڵك و بارودۆخی شوێنی کـاری خۆیـان راپۆرتیـان بەرز بکردایەتەوە. رادەی سەروەریی وخۆتەرخان کردن، بۆپێشـکەوتنی ئـەندام سـنوری دادەنا. چەند ئەندام لەنوسینی راپۆرت و گواستنەوەی زانیاری ئەکتیڤ بوایە، ئــەوەندە بەخێرایی بەرزدەبوەوە بۆ پۆستی حیزبی بــەرزتر . لـەناو ڕێکخـراودا ئـەندامان مــافی مشتومرو رەخنەیان لەسەر میکانیزمی کـارکردنی حـیزب و بڕیـاری نـاوخۆ نـەبوو و بەشێوەیەکی گشتی پێویست بوو لەسەریان فەرمانی بەرپرسەکەیان لەسـەر بنچینـەی پرینسیپی دەسەڵات لەسەرەوە بۆ خوارەوە و پرنسیپی بەرپرسیەتی دەسـەڵات لـەخوارەوە

بۆ سەرەوە راپەڕێنن. بەم شێوەیەو بەهۆی ستونی پەیوەندیەکان لەنێوان ڕێکخراوە بەعسیەکان و پچڕانی شانەکان لەیەکتری ، حیزبی بەعس دەیتوانی کۆنترۆڵی سیستەمی وەرگرتنی ئەندام بکات و ئەندامان ملکەچ پێ بکاتو ئاستەنگ دابنێ بەرامبەر دابەشبونی حیزب .

بە گوێرەی فایلی پۆلیسی عێراقی ، حیزبی بەعس لەساڵی ١٩٥٥ تەنها ٢٨٩ ئەندامی هەبوو . پاش کودەتاکەی عبدالکریم قاسم لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دژی پادشایەتی ، حیزبی بەعس توانی ٣٠٠ سێ سەد "ئەندامی ئەکتیف "[٩] و٢٠٠ دوو سەد لایەنگیر و١٢٠٠ هەزارو دوسەد خەڵکی ڕێکخراو و ١٠٠٠٠دە هەزار هاوڵاتی بێنێتە ناو جوڵانەوەی حیزبەوە [١٠]. لەساڵی ١٩٧٦ توانی ٥٠٠٠٠٠پێنج سەد هەزار عێراقی رابکێشێتە ناو حیزبەوە و لەمانەش ١٠٠٠٠دە هەزار ی بریتی بوون لە "ئەندامی ئەکتیف "کە زۆربەیان ئەو کەسانە بون کەهاوبەشیان کردبوو لەهەوڵدانی کوشتنی عبدالکریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٩ و کودەتاکەی ساڵی١٩٦٣ و ئەوەی ١٩٦٨[١١] .ئەمانە کە دادەنران بە ئەریستۆکراسیەتی حیزب ، بوون بە بڕبڕەی پشتی دەزگاکانی حکومەتو پۆلیسی سیاسیو پۆستی حەساس لەحیزبدا . لەساڵانی ١٩٨٠ بناغەی لایەنگیرانی بەعس فراوان کراو لەو ساڵەدا سەدام حوسەین بە دەنگی بەرزو فەخرەوە دەیگوت کە"زیاتر لە یەك ملیۆن هاوڵاتی ڕێکخراو، مومارەسەی دیموکراسیەت لەناو حیزبدا دەکەن بەشێوەیەکی فراوان قوڵ لەسەر کاروباری میللەت گفت گۆ دەکەن.." [١٢] . ئەم ژمارەیە بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر زیادی کرد و لەساڵی ١٩٨٤ گەیشتە یەك ملیۆن ونیو لە لایەنگر ،واتا ١٠,٧% ی دانیشتوانی گشتی چواردە ملیۆن لەعیراقی و٢٥٠٠٠ بیست وپێنج هەزار لەئەندامی ئەکتیف [١٣].

گرنگی ئەم ژمارانە کاتێك دەردەکەوێ ، کەدەزانرێ لەکۆتایی ساڵی١٩٨٠ ،حیزبی بەعس بوو بەشەیتانەماسیەك کەئەندامی هەستەوەری لەهەمو رەهەندێکدا بڵاوبوەوە: لەناو دەزگاکانی دەوڵەت ، لەناو ڕێکخراوی لاوان ، لەناو خوێندنگەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی ، لەناو زانکۆکاندا ، لەناو دەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەتی،

لەناو کۆمەڵەی بازرگانی ، لەناو سەندیکاو کۆمەڵەی وەرزشی و هونەری‌و پیشەییداو . . .هتد . دەشێ بوترێ کە "تۆتالیتاریزەکردنی " کۆمەڵی عێراقی بەگوێرەی ئەو لۆژیکە بەعسیە رۆیشت کەدەیویست هەموو عێراقیەك خۆی لەگەڵ هزری شۆرشگێڕی حیزب نەك تەنها لەرێگەی بوون بەئەندام بەڵکو بە بیرکدنەوەو واقیع و باوەریش بگونجێنێ . لەساڵی ١٩٧٦ ، سەدام حوسەین ئەم لۆژیکەی بەدرۆ نەدەخستەوە بەڵکو جەختی دەخستە سەر: " ئێمە ئومێدەوارین هەموو عێراقیەك لەم وڵاتەدا بکەین بە ئەندامی بەعس و بەعسیەکی ئیماندار (. . .) ، وە هەموو میللەتەکەمان لەناو نیشتیمانی عەرەب بکەین بە بەعسی "(١٤) .

گومانی تێدا نییە ، بەرزخوازیەکان (تموحاتی) بەعس بریتی بون لەوەی کەسەرجەم عێراقیەکان بکات بەجەماوەرێکی بێ وێنەو بیانگۆرێ و بیانکات بەکوتلەیەکی ئایدۆلۆژی بەدەوری ئەریستۆکراسیەتی حیزب. مەرام و مەبەست پێکهاتبوو لەتێکەڵ کردنی کوردو عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوری و کرێکارو جوتیارو بۆرژوازی و خوێندکارو سەرباز بۆئەوەی جەماوەرێکی مردو و بێ جوڵەیان لێ دروست بکات . سەدام حوسەین باش گوزارشتی دەکرد لەم مەرام و مەبەستە لەرێگەی " مێتافۆری " (metaphor تعبیر مجازي) " پاپۆڕ " کەسەرجەم عێراقیەکان بەخۆیەوە بگرێ : " لەگەڵ ویستی خودا (انشاء الله) کەس ناهێڵین لەدەرەوەی ئەم پاپۆڕە ، چونکە لەبارو دۆخی ئێستادا ، ئەم پاپۆڕە ئەوەندە گەورەیە کەدەتوانێ هەموو عیاق بگرێتە خۆی"(١٥) .

لەپێناوی ئەوەی سەرجەم عێراقیەکان بخاتە ناو ئەم "پاپۆڕە گەورەیەی " بەعس ، حیزب داوای دەکرد لەئەندامان کەوەکو خەڵکی بیرۆکرات رەفتار نەکەن و تەنها لەزەت لەخۆشی دەسەڵات لە ناو دەزگاکانی دەوڵە تدا وەرگرن ، بەڵکو دەبێ بەجۆش و " پەرۆشی شۆرشگێرانەوە " کار بکەن بۆ راکێشانی ژمارەیەکی زیاتر لە دانیشتوانی عێراق . ئەگەر لەساڵی ١٩٦٣ " هەندێ لە هەڤاڵان خۆیان جێگیر کرد لەناو خزمەتگوزاری حکومەت وەك فەرمانبەری رژێمی رابردوو بەبێ ئەوەی رەنج بدەن بۆ

راكێشانی برادەرانیان لە پێناوی رازی كردنی خەڵكی نیشتیمانپەروەر لــە بــەرژەوەندی حیزب و شۆرش " [١٦]، لەگەڵ شۆرشی نوێدا ، داوایــان لــێ دەكـرا كـە هەسـت بـە بەرپرسێتی بكەن . لەبەر ئەوە ، رەوشت و رەفتــاری شۆرشـگێڕی چـاك پێویسـت بـوو لەگەڵ بەلایەنی كەمەوە دوو پێوانە بگونجایە : لەلایەكەوە ئەندامی نوێ پەیدا بكرێ ، لەلایەكی دیكەوە ، زانیاری نهێنی كۆ بكرێتەوە لەسەر هاوڵاتیان .

بەم شێوەیە حیزبی بەعس كە بووبوو بەرێكخراوێكی پۆلیســی ، پێكـهاتبوو لـەدوو جۆر لەئەندام : كاستی (توێژێكی كۆمەڵایەتی داخراو) ئەریستۆكراسی حــیزب كـە بەشێوەیەكی وورد چوبووە نــاو مخابــەراتی ئــەمن و ئاسـایش ، و جــەماوەری لایــەنگیرو ئەندامی شانەكانی خوارەوە كەپیشەیان بریتی بوو لە جاسوسیەتو چـاودێری كـردنو زانیاری كۆكردنەوەو گواستنەوەیان بـۆ ئۆرگانــەكانی بــەرپرس ســەبارەت بــە چـالاكی دراوسێكانی گەڕەكو برادەرو خەڵكی شوێنی كار لەلایەكەوەو هــاندانی هاوڵاتیــان بـۆ خۆپیشاندانو نارەزایی دەربڕین دژی ئیمپریالیزم كاتێك كــەرژێم مەكینــەی كوشــتنی ئیش پێ دەكرد دژی دوژمن لەلایەكی دیكەوە .

ناتوانرێت ئینكاری لەوە بكرێت كە لەگەڵ هەموو جیاوازیەكدا ، شێوەی رێكخســتنی رێكخراوی بەعسی بەوشێوەیەی كەباسمان كرد زۆر خەسڵەتی هاوبەشــی هەیــە لەگــەڵ ئەوەی رژێمە تۆتالیتاریەكان . ئەگەر بمانەوێت بۆ نمونە شێوەی رێكخستنی حیزبی نازی یان فاشی شیبكەینەوە ، دەتوانین زۆر لایەنی هاوبــەش تێبیــنی بكــەین . رێكخــراوی نەسیۆنال سۆشیالیزمو فاشیزمیش بەسرابوو بە مەركەزیەتێكی ئەوپەڕەوەو دەوەستایەوە سەر " سیستەمێكی پــەیوەندی ســتونی كــە لــەناویدا ماكــەكانی بناغــە پچرابــوون لەیەكتری " . ئەم سیستەمە دارێژرابوو بەتایبەتی بۆ " پاراستن دژی هەموو هــەوڵێك كەئامانجەكــەی پارچــە پارچــەكردنو دابــەش بــوون بــێ " [١٧] . راســتە ئــەم شــێوە رێكخستنە تایبەتــە بەســەرجەم ئــەو حیزبانــەی كــە لــەبارودۆخی جــەنگو خــەباتی چەكداریدا كاردەكەن . بەڵام نــابێ لــەبیر بچێتــەوە كــەحیزبی بــەعس یــان نەســیۆنال سۆسیالیزمیش ئەو جۆرە رێكخستنەیان هێشتەوە تەنانەت كاتێك لەسەر حوكم بوون و

هیچ مەترسیەك نەبوو لەئۆپۆزسیۆن و خۆیان مۆنۆپۆلی سەرجەم دەزگاكانی دەوڵەتیان دەكرد . دەبێ بوترێ كە لەكاتی جەنگدابێت یان لەكاتی شەڕی چەكداری یان لەكاتی ئاشتیدا بێت ، ئەم جۆرە حیزبانە كەلەسروشتیاندا تۆتالیتارن ، باوەڕیان هەیە بەوەی كەكۆمەڵ لەباروودۆخی دوژمنایەتی و ناسەقامگیری بهێڵنەوە .

لەبەر ترسی كەوتن و ئەگەری كەمترین هەڕەشە بۆ مانیان شێوەی رێكخستن لەناو چوارچێوەیەك دەهێڵنەوە كەبتوانێ زامنی "دیسپلینێكی زۆر سەخت" بكات وڕێگە خۆش بكات بۆ دانانی بەر پرس لەسەرەوەو " دەسەڵاتی رەهای سەركردایەتی مسۆگەر بكات لەسەرەوە بۆ خوارەوە وملكەچی رەها لەخوارەوە بۆ سەرەوە "[١٨]. نەسیۆنال سۆسیالیزمیش پێكهاتبو لەشانەی بچوك بچوك كە بۆ "خۆگونجاندن لەگەڵ بارو دۆخی شەری ئاشكراو خەباتی نهێنی "[١٩] دروست كرابو. خواروی هەرەمی حیزب پێكهاتبو لەشانە. شانە بچوكەكان سەرپەرشتی و چاودێری كۆمەڵێك ماڵیان لەناو شار دەكردو لەلایەن بلۆكلایتەرەوە Blockleiter سەركردایەتی دەكران. ئەوانەی بەسەروی بلۆكلایتەرەوە بون پێیان دەوترا زێللێنلایتەر Zellenleiter . ئەمانە چاودێری لەچوارەوە بۆ هەشت كۆمەڵە ماڵیان دەكرد . بۆ نمونە شەقامێكی گەورە پێكهاتبو لەچەند شانەیەك كەلەلایەن زێللێنلایتەرەوە سەركردایەتی دەكرا. ئەوانەی بەسەروی زێللێنلایتەرەوە بون پێیان دەوترا ئۆرتسگروپێنلایتەر Ortsgruppenleiter كە بەر پرسی ژمارەیەكی زۆر لەشانە بون لەناو شارەكاندا وهەروەها بەرپرسی لادێ یەك یان چەند لادێ یەك بون. بلۆكلایتەرو زێللێنلایتەرو ئۆرتسگروپێنلایتەر كاریان گواستنەوەی فەرمانی حیزب بوو بۆ شانەكان و چاودێری راپەڕاندنی فەرمان وئاگاداركردنەوەی دەسەڵاتی سەرەوەیان لەزانیاری سەبارەت بە هاوڵاتیان و هەڤاڵانی حیزب دەكرد. ئۆرتسگروپێنلایتەر لەژێر دەسەڵاتی سەرۆكی دیكە كاریان دەكرد كەپێیان دەوترا كرایزلایتەر Kreisleiter وئەمانیش راستەوخۆیانە ئیعتیمادیان دەكردە سەر گاولایتەر Gauleiter. گاولایتەریش لە ژێر دەسەڵاتی ئەریستۆكراسی حیزبی نازی

کاریان دەکرد کە بەر پرسێتی کارگێڕی دەوڵەت وحیزبیـــان هـەبوو. لـەنێوان ئـەمانو هیتلەردا ، نوێنەری فوهرەر هەبوو [٢٠].

پێکهاتەی حیزبی نەسیۆنال سۆسیالیزم کەبەم شـێوەیە دارێژرابـو ، هـەروەك ئـەوەی حیزبی بەعس ، کۆنـتڕۆڵی سیسـتەمی کـارکردنو هەڵسـوکەوتی ئـەندامانی ئاسـان دەکردو سورانەوەی زانیاریشی کەم دەکردەوەو ملکـەچی ڕەهـای شـانەکانی خـوارەوەی مسۆگەر دەکرد . پـەیوەندی سـتونی کەدیسـیپلینو پـەیرەوو ڕەقـی هـەرەمی بەسـەر ئەنداماندا دەسەپاند ، مەتێریالیزەکردنی ویستی فوهـرەری ، وەك سـەرۆکی دەوڵـەتو حیزب ئاسان دەکردەوە .

حیزبی نازی کەدەیویست بچێتە ناو " ناخی کۆمەڵ " و ناو قوڵایی جەماوەرەوە [٢١] تاتوانی هاوڵاتیانی ناچار کرد بۆ کارکردن لـەناو ڕێکخـراوداو بەشێوەیەکی بـەردەوام پانتایی لایەنگیرانی گەورەکردو لەهەمان کاتدا (هەروەك حیزبی بەعس) سنوری دانـا بۆ ژمارەی ئەریستۆکراسی حیزب [٢٢] . دەبێ بوترێ کەسەرەڕای هەمووشـتێك ، نـە نەسیۆناڵ سۆسیالیزم و نە فاشیزم نەیانتوانی وەك بەعس بەشێوەیەکی وا خێرا بـناغەی حیزبەکەیان ئەوەندە فراوان بکەنەوە. بۆنمونە ، فاشیزمی ئیتالی لە ساڵی ١٩٣٩ توانی بگاتە تەنها لە ٥% (لەسەدا پێنجی) دانیشتوانی ئیتالیا [٢٣] . هەروەها نەسـیۆناڵ سۆسیالیزم تەنها لەساڵی ١٩٤٤ توانی بگاتــە ١٢% لەسـەدا دوانزەی دانیشـتوانی ئـەکتیڤ [٢٤] و هـەروەکو دەشـزانرێت نەسـیۆنال سۆسـیالیزمو فاشـیزم لەڕێگـەی میکانیزمی هەڵبژاردنی دیموکراتیەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست .

هـەرچۆنێك بێـت ، هیتلـەر دەیگـوت کـەحیزب وەك ئیلیتێـك (هەڵبژاردەیـەك) دەمێنێتەوە و بوون بەئەندام تەرخان دەکـرێ تەنـها بـۆ ئەوانـەی خۆیـان دادەنێـن بـە خزمەتکەرانی دەوڵەتی نەسیۆنال سۆسیالیسـت [٢٥] . ئـەم جیاکردنەوەیـەی لـەنێوان ئەندامانی حیزب (ئیلیتی سیاسی) و لایەنگیران ، یەکێکـە لەپێکهاتـەکانی ڕژێمـە تۆتالیتاریەکان کە ئایدۆلۆژیایان لەجیهانبینیـەکی ئیلیتیسـتانە سـەرچاوە دەگـرێ .

ئانـە ئـەرێندت Hannah Arendt بەشـێوەیەکی فـراوان پیشـانی داوە کـە ئـەم

جیاکردنەوەیەی نێوان کەمینەیەکی حیزبیو زۆرینەیەك کە بەدەوریا دەسورێتەوە ، گرنگە چونکە رژێمە تۆتالیتاریەکان هەمیشە دەیانەوێ بەتەواوی زاڵبوونی خۆیان بەسەر تەواوی بەشەکانی ژیان بسەپێنن. دەزانن کە پرۆژەی" تۆتالیتاریزەکردنی " کۆمەڵ نەلەلایەن "دەوڵەت و نە لە لایەن ئامرازێکی ئاسایی توندو تیژەوە بەدی ناهێنرێ، بەڵام لەرێگەی بزوتنەوەیەك کە هەمیشە لەجوڵانەوەدا بێتە دی "[٢٦]. ئەم بارودۆخی جموجۆڵ و وروژاندنە هەمیشەییە، نایەتەدی ئەگەر لەرێگەی جوڵانەوەی لایەنگیرانەوە نەبێت . رژێمە تۆتالیتارەکان کاتێك بەم " دیوارە پارێزەرە " دەورە دەدرێن ، هەرگیز ترسیان نییە جاڕی جەنگ بدەن دژی ئەو ئێلیمێنتانەی کەنیازیان نییە بچنە ناو خولگەی (فلك) ئەوانەوە ، واتا کە لۆژیکی وروژاندنی هەمیشەیی پەسەند ناکەن . لەرێگەی ئەم " دیکۆتۆمیزەکردنە " (واتا جیاکردنەوە لە نێوان کۆمەڵی ئەندامان و لایەنگیران لە جموجۆڵداو کۆمەڵی دەرەوەی ئەم توێژانە) ، رژێمە تۆتالیتاریەکان بەئازادیەکی رەهاوە پەنجە بۆ دوژمنانی خۆیان رادەکێشن . هەرەمی ناوخۆیی رێکخراوە تۆتالیتاریەکان پرینسیپی " ئەم دیکۆتۆمیزەکردنە " رادەپەرێنێ . بەسەروی لایەنگیرانەوە ، ئەندامانی ئاسایی هەن کە دەورەی ئەریستۆکراسی بەرزی حیزب دەدەن کە لەناو جیهازی نهێنی و پۆستە هەرەبەرزەکانی بریاری سیاسی کاردەکەن . لەراستیدا ئەم ئەریستۆکراسیە بەرزەیە کە کۆنترۆڵی ئەم جموجۆڵە دەکات و بۆ هەڵس و کەوتی ئەندامانی سنور دادەنێ و پاڵیان پێوە دەنێ دژی هەموو رەفتارێکی بێ لایەنیی (محايد) بوەستنەوە چونکە بەلای رژێمی تۆتالیتاریەوە بەرەفتارێکی دژ بە رەهەندە شۆرشگێرەکان دادەنرێ . بەسەروی دەوڵەتەوە و هەروەها بەسەروی حیزبەوە ، دەسەڵاتی رەهای پۆلیسی سیاسی هەیە کەلەهەموو شوێن و کونجێکدا خۆی دەشارێتەوە . رژێمە تۆتالیتاریەکان بە بەردەوامیی دەسەڵاتیان بەندە بە هێزی پۆلیسی سیاسی . لەراستیدا ، پۆلیسی سیاسیە کەهاوڵاتیان رادەکێشێت بۆ ناو رێکخراوی حیزبو جۆش دەخاتە ناو دڵی جەماوەرو " دژی دوژمنانی گەل " رەفتار دەکات و پەردە لە رِوی پیلان و گۆبەند نانەوە هەڵدەماڵێ . هەروەها پۆلیسی سیاسیە

که دوژمنی شاراوه لێرەو لەوێ دەدۆزێتەوە کاتێ بۆی بلوێ و بەشوێن ئەوانەدا دەگەڕێ کەگومانیان لێ دەکرێ وەك ئیلیمێنتی دژ بە شۆرش‌و هەرئەویشە کەهەڵدەسێ بە راستکردنەوەی " هەموو بیرێك کە لەهێڵی رەسمی کێشراو(دانراو) لادەدات " [٢٧] . پۆلیسی نهێنی دەوڵەتی نەسیۆنال سۆسیالیزم ، گێستاپۆ Gestapo یان گێهایم ستادپۆلیسای (Geheim Staatpolizei) بەتەواوی هەر وەك پۆلیسی نهێنی بەعسی ، ئەم کارەی هەبوو ، واتا پیشەی " لەناوبردنی دوژمنانی نەسیۆنال سۆسیالیزم " [٢٨] . گێستاپۆ Gestapo کەلەساڵی ١٩٣٣ لەلایەن گۆرینگەوە Goering دروست کراو لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی هیملەر Himmler بوو ، بریتی بوو لەزۆرینەیەکی تەواوی یەکەی س.س (Schutzstaffeln) کەئەندامەکانی بلاوبوبونەوە لەناو حیزب پێش ئەوەی نەسیۆنال سۆسیالیزم دەسەلات بگرێتە دەست [٢٩] . بەهاوکاری لەگەڵ گێستاپۆ ، چەندین رێکخراوی دیکەی وەك (Sicherheitsdienst)S.D و S.S . . .هتد [٣٠] ، بەرپرسبوون بەرامبەر "ئەوەی کەئایدۆلۆژیای نازی بەقوڵی بچێتە ناو سەرجەم توێژەکانی میللەتی ئەڵمانی " و بەرێوەبەرایەتی هەموو خۆپیشاندانێك بکات لە ئەڵمانیاو جیهاندا [٣١] . هەرلەساڵی ١٩٣٦ەوە، بەشەکانی پۆلیسی سیاسی بەسەرۆکایەتی یەکەکانی S S لەکۆنترۆڵی دەوڵەت چونە دەرەوەو بوون بەچەند کیانێکی سەربەخۆو پێگەی نارەوایی یاسایی [٣٢] . جگە لە (دوژمنی بابەتی) واتە جولەکە ، گێستاپۆو یەکەکانی .S.Sو S.D ئەرکیان بریتی بوو لەراوەدونانی دوژمن و سیخوڕ کەلەم لاو لەولا دەردەکەوتن هەمووکاتێك کە ئەریستۆکراسیەتی بەرزی نازی (کەبەشێوەیەکی ئاینانە بە هیتلەرەوە بەسرابوون) دەیویست دوژمن لەدەرەوەو لەناوەوەی حیزب لەناو بەرێ. گومانی تێدا نییە، پێکهاتەی پۆلیسی سیاسی ئالۆز بوو ، بەلام لەروی میتۆدی لەناوبردن‌و شێوازی تاوانبارکردن‌و کۆنترۆڵی سیاسی ئەوەندە جیاواز نەبوو لەوەی رژێمی بەعسی. دەتوانین بەدڵنیایی بڵێین کەهەروەك رژێمی نازی ، پۆلیسی نهێنی بەعسی بریتی نەبوو لەسیستەمێکی بەرگری‌و پارێزگاری ئاسایشی دەوڵەت، .بەڵکو پێکهاتبولە ئامرازێکی هێرشبەری بەر پرس سەبارەت بەبلاوکردنەوەی

ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی لەناو دانیشتوانی عێراق وراپەڕاندنی ئارەزوەکانی سەدام حوسەین وکۆنترۆڵ کردنی خەلکی وگەڕان بەشوێن دوژمنەکانی "شۆرش" . شایستەی ئاماژەیەکە لەسالانی ١٩٧٠و ١٩٨٠ ،پۆلیسی سیاسی بەعسی پێکهاتبوو لەسێ بەشی تایبەتی : "الامن " کەپیشەی ئاسایشی ناوخۆبو ،"الاستخبارات " کەبریتی بو لەگەیاندنی زانیاری سەربازیی و"المخابرات " کەپێکهاتبو لەهەلسان بە کاروباری زانیاری حیزب .پۆلیسی سیاسی بەعسی بریتی بوو لەمەکینەیەکی ئالۆزی ترسناك وبەهاوکاری لەنێوان بەشەکانیداو لەژێر کۆنترۆلی راستەوخۆی سەدام حوسەین و خزم وکەس وکاری ،هەلدەسابەچەند کارێکی سەرەکی: چاودێری کردنی تۆڕەکانی حیزب لەناو کۆمەلگەی مەدەنیدا ،کۆنترۆلکردنی هاوولاتیانی عێراقی لە دەرەوەی عێراق ، کوشتنی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن لەدەرەوەی عێراق ، هەلسان بەکاری سیخوڕی لەناو هێزەکانی لەشکرو دامەزراوەکانی دیکە .

بەشە هەرە ترسناکەکەی بریتی بوو لە " المخابرات " . ئەم دەزگایە راستەوخۆ لە " جیهاز الحنین " ەوە هاتبووە کایەوە و ئەرکی پێکهاتبو لە "چاودێری کردنی تۆڕەکانی دیکەی پۆلیسو کۆنترۆلکردنی چالاکیەکانی دەزگاکانی دەولەتو لەشکرو کاروباری حکومی و دامەزراوە جەماوەریەکان" .

لەسالی ١٩٧٠ ەوە هەتا سالی ١٩٨٣ ، ئەم دەزگایە لەلایەن زڕبرای سەدام حوسەین ، بەرزان ئیبراهیم التکریتی یەوە بەرێوە دەبرا لەسالی ١٩٨٣ هەتا سالی ١٩٨٩ فاضل البراك بەرێوەی دەبردو لەسالی ١٩٨٩ ەوە لەلایەن زڕبراکەی تری سەدام حوسەین ، السبعاوی بەرێوە دەبرا (٣٣) .

لەسالی ١٩٨٥ەوە دەست و پێوەنی ئاسایشی بەعسی پێکهاتبو لە نزیکەی چل هەزار ٤٠٠٠٠ کەس (٣٤) . ئەمانە بە گوێرەی مێتۆدی توندو تیژو تەعداکردن مەشقیان پێدەکرا و وەك ئەنجام هیچ بوارێکیان نەدەدا بە هیچ سەرپێچیەك دژی یاسای بەعسی . لە هەموو بەشێکی کارگێڕی دەولەت ، لە هەموو یەکەیەکی سوپا، لەهەموو خوێندنگەیەك و زانکۆو لادێ و گەڕەك و تەنانەت مزگەوتیش قۆمیسەرێکی

سیاسی دانرابوو کەپەیوەندی بە تۆڕەکانی پۆلیسی سیاسیەوە هەبوو [٣٥] و ئەمانیش ڕاستەوخۆ بەسرابون بەسەدام حوسەینەوە . سەدام حوسەینیش هەرخۆی بەتەنها ڕێکخراوێکی نهێنی تەواو بوو [٣٦] .

سوپای عیراقی

شایستەی ئاماژەیە کەهەر لەسەربەخۆیی عیراقەوە لەساڵی ١٩٣٢، دەست تێ وەردانی سوپا لەکاروباری سیاسی بوو بوو بەفاکتەرێکی بڕیاردەر بۆرێگرتن لەژیانێکی سیاسی سەقامگیرو ئاسوودە. بەم شێوەیە سوپا بوو بووبە "کۆڵەکەی هێزی سیاسی وهۆکاری کودەتای سەربازی" [٣٧]. بەم بۆنەیەوە دەبێ بوترێ کە لەنێوان ١٩٣٦-١٩٤١، حەوت کودەتا بەجێ هێنرا دژی دەسەڵاتی دەوڵەت لەلایەن ئەفسەرانی سوپاوە. وە ئەگەر لەدوای ١٩٤١ سوپا توانی " دەسەلاتی ڤیتۆ بسەپێنێ بەسەر سیاسەتی ناوخۆ" [٣٨]، لەساڵی ١٩٥٨ دەستەبژێری سوپا، لەپێناوی کۆنترۆڵ کردنی تەواوی ژیانی عیراق بەدەست بەسراوی نەمایەوە، کاتێك کەپادشایەتی روخێنراو هەتا ساڵی ١٩٦٨، ئەم دەستەبژێرە توانی دەسەلاتی خۆی هاوکات بەسەر سوپاو بەسەر بیروکراسیەتی دەوڵەتدا بسەپێنێ. کودەتای بەعسی ساڵی ١٩٦٨، ئەویش، کاری ئەفسەرانی سوپا بوو، بەلام بەجیاوازی لەگەڵ کودەتاکانی پێشو، ئەم روخساری دەوڵەتو سوپای عیراقی گۆری. بەپێچەوانەی دەستە بژێرەکانی دیکە کەتا رێژەیەك خاوەن تێروانینێکی ئایدیۆلۆژی تایبەتی نەبوون، دەستە بژێری بەعسی نوێنەرایەتی حیزبێکی سیاسی دەکرد کە ئامانجی بریتی بوو لەئێژمۆنی سەربازیی بەسەر ژیانی سیاسیدا، یان بە لایەنی کەمەوە ئەمە ئامانجی یەکەمی نەبوو، بەڵکو ئامانجی بریتی بوو لەملکەچ پێکردنی سوپا بۆ پێداویستیەکانی حیزب. ئەم دەستە بژێرە چەکدار بوو بوو بەئایدیۆلۆژیایەکی چونیەك کە لەژێر کاریگەری باڵی مەدەنی حیزب دەیویست دەسەلات بخاتە ناو دەستی ئەوانەی کەبتوانن هێزی سوپا ئاراستەی ئامانجە پان

عەرەبەکانی حیزبی بەعس بکەن، ئەو حیزبە کە لەپێشدا نەخشەی بۆئەم ستراتیجیەتە دانابو.

دەزانرێ کە هەر لەساڵی ١٩٦٣ دوە، حیزبی بەعس جوت بوونی ئۆرگانێکی پێشەوای شۆڕشگێڕی مەدەنی و سەربازیی وەك تەنها ڕێگە بۆ بنیادنانی کارلێکێکی (interaction) ئایدیۆلۆژی لەنێوان هەردوو لادا دادەنا [٣٩]. لەپێناوی پێکنانی ئەم ئامانجە ڕژێمی بەعس، هەر لەکاتی گرتنە دەستی دەسەلات، دەستی کرد بەئایدیۆلۆژیزە کردنی سوپاو " نا سەربازاندنی" دەسەلاتی سیاسی لەڕێگەی " بەعساندنیەوە ". دەتوانرێ، بەم بۆنەیەوە، ئەوە بیربخرێتەوە کەلەکاتی کودەتاکەی بەعس، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش پێکهاتبوو لەپێنج ئەندام، کە هەموویان ئەفسەری سوپا بوون. بەماوەی کەمتر لەدەساڵ ئەم ئەنجومەنە بوو بەئۆرگانێك کە زۆربەی ئەندامانی پێکهاتبوون لەکەسایەتی مەدەنی. لەساڵی ١٩٧٨، تەنها سێ ئەندامی سەربازیی بوون لەکۆی بیستو دووئەندام. لەساڵی ١٩٧٩ ئەم سێ ئەفسەرە تەنها کەسایەتی سەربازی بوون لەناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرشو ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەوانیش (سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر، عەدنان خیرالله تفاحو سەعدون غیدان) بوون[٤٠]. لە هەمان کاتدا، کاتێك کە بەعس کاری دەکرد بۆ (چاندنی پرینسیبی پان عەرەبو سۆسیالیست لەنێوان سەربازەکاندا) لەپێناوی جێگرکردنی " پێوانەی ئایدیۆلۆژیو سەربازیی کە یارمەتی هێزی سەربازیی دەدا بۆجێبەجێ کردنی ئەرکەکەی بەشێوەیەکی باشو چەکداری دەکات دژی لاچون" و دەیخاتە ناو "جوڵانەوەی گەل بەسەرکردایەتی حیزب"، ڕژێمی بەعس توانی بەشێوەکی کاریگەرو پتەو ڕێکخراوی خۆی بچەسپێنێ لەناو هێزی سەربازیدا[٤١]. ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی بەعس لەساڵی ١٩٧٤ زۆر ڕاستەوخۆو بەڕوونی دەری دەخات کە لەماوەی پێنج ساڵدا حکومەتی بەعسی توانی "ژێرخانی حیزب فراوانو بەهێز بکات " و لەڕێگەی پێشەنگی هێزی سوپاو "بەهاوکاری ئەفسەرو سەربازی نیشتیمانی " توانی ببێ بەدەستو چاوی شۆرش کە چاودێری وڵاتو سەرکەوتنەکانی گەل دەکەن[٤٢].

جگە لەبەعساندنی هێزی سوپا، رژێمی عیراقی هەوڵی دا ژمارەی زیادبکات. لەنێوان ١٩٦٨-١٩٧٨، واتا لەماوەی دەساڵدا هێزی سوپا فراوان بوونێکی بێ پێشنەیی بەخۆیەوە بینی. کاتێك کە لەنێوان ساڵی ١٩٦٨-١٩٧٣ ژمارەی هێزی سوپا لە ٨٠,٠٠٠ەوە بوو بە ١٠٠,٠٠٠، لەساڵی ١٩٧٨ گەیشتە ٢٣٠,٠٠٠، واتا نزیکەی سێ جار زیاتر لەوەی ساڵی ١٩٦٨ [٤٣].

جێی ئاماژەیە کە ئەم فراوان بوونە گەوریە پێش جەنگ لەگەڵ ئێراندا بوو. لەسەرتای جەنگەکەدا ژمارەی هێزی سوپا گەیشتە ٢٤٢,٠٠٠ و لەکاتی جەنگدا لەساڵی ١٩٨٤ پێکهاتبوو لە ٦٠٧,٠٠٠ [٤٤]. و لەساڵی ١٩٩٠ گەیشتە یەك ملیۆن [٤٥]. بێ گومان، بەبێ ئەژمارکردنی ژمارەی سەربازی یەدەگو پۆلیسو میلیشیای بەعسی. خزمەتی ئیجباری یاریدەدەرێك بوو بۆئەم زیادبوونە. لەساڵی ١٩٧٨ نزیکەی ملیۆنو نیوێك لەعیراق کەتەمەنیان لەنێوان (پانزە تا چلونۆ ساڵ) بوو ئامادەبوو بۆخزمەتی سەربازیو هەموو ساڵێك نزیکەی ١٢٠,٠٠٠ دەگەیشتە تەمەنی خزمەتی سەربازی [٤٦]. پاش دوو ساڵ لەخزمەتی سەربازی، هاوولاتی عیراقی ناچار دەکرا هەژدە ساڵ بەرێتە سەر لەناو یەکەیەکی یەدەگیی. لەساڵی ١٩٧٨ هێزی یەدەگ ئەژمار دەکرا بە ٢٥٠,٠٠٠ هاوولاتیو ئەگەر تا پێش ساڵی ١٩٨٠ بەهیچ شێوەیەك رێز نەدەگیرا لەتەسریح کردنی سەربازو سەربازەکان تا پێنج ساڵ لەناو لەشکردا دەهێڵرانەوە بەبێ تەسریح [٤٧]، پاش ئەم بەرواره خزمەتی سەربازی بوو بەشتێکی بێکۆتایی، چونکە بوو بەدەزگایەك کەگوزارشتی دەکرد لەحاڵەتی باری ناکاو. لە کاتی تەنگەتاویەکانی دواییدا، سوپای عیراقی گەیشتە دوو ملوێن، واتا لە ٧٥٪ سەرجەم ئەو عیراقیانەی کەتەمەنیان لە نێوان ١٨-٣٢ ساڵ بوو.

جگە لەهێزی سەربازیی رێکخراو، رژێمی بەعسی خاوەن دەزگایەکی سەربازی دیکە بوو: گاردی نیشتیمانی(الحرس الجمهوری). گاردی نیشتیمانی بریتی بوو لەدەستەبژێرێکی بەعسی کە لەسەرجەم سەربازەکانی دیکە موچەی باشتر بو و بە شێوەیەکی تایبەتی مەشقی پێ دەکراو باشترین چەکی هەبوو. ئەرکی ئەندامانی

گاردی نیشتیمانی بریتی بوو لەپاراستنی سەدام حوسەین و پارێزگاری ئاسایش لە بەغدا. زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەم دەزگایە پێکهاتبون لەپیاوی موخابەرات‌و ئاسایش لە خزم‌و کەس‌و کاری سەرۆك‌و بڕیاردەر بوون بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی سەدام.

میلیشیای بەعس: سوپای میللی

سوپای میللی(الجیش الشعبي) بریتی بوو لەرێکخراوێکی پەرە سەربازی para military(واتا لەسەر بناغەی دیسیپلین‌و پێکهاتەی سەربازی رێکخرابوو) حیزبی بەعس. سوپای میللی داردەستێك بوو بەدەستی حیزبەوە بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر میللەتی عیراقدا. لەساڵی١٩٧٠ کرا بەدەزگایەك کەئامانجەکەی بریتی بوو لەمسۆگەرکردنی پاڵپشتێکی سیاسی بۆ رژێم‌و یارمەتی دانی هێزی سوپا بۆ جوڵانەوە دژی هەموو هەوڵدانێکی هەرەشە دژی پەیڕەوی بەعسی. راپۆرتی سیاسی حیزبی بەعس لەساڵی ١٩٧٤ زۆر بە روونی‌و ئاشکرا وەسفی ئەرکی سوپای میللی دەکات‌و دەڵێ "پرۆگرامی گشتی گۆرانی شۆرشگێڕانە لەقۆناغی داهاتودا پێویستیی بە هەوڵێکی زۆر هەیە لەپێناوی بڵاوکردنەوەی بەها ناسیۆنالیست‌و پان عەرەبەکان‌و هەروەها بەهاکانی غیرەت‌و خۆبەخش کردن‌و بەرپرسێتی‌و رێز بۆ کاری بەکۆمەڵ". هەروەها جەختی دەخستە سەر ئەوەی کە "مەشقی سەربازیی جەماوەر شوێنێکی تایبەتی دەگرێ لەم بوارەداو پێویستە ئەم مەشقە فراوان بکرێتەوە بۆ ئەوەی گەورەترین ژمارە بگرێتەوە لەهاوولاتیان بەتایبەتی گەنج‌و گروپی رێکخراو".

پێویست بوو کە "بەکارهێنانی چەك، پێکهاتە بنەڕەتیەکانی هاوولاتی‌و کۆمەڵی نوێی بگرتایە". زیاتر لەوەش، مەشقی سەربازیی بۆ ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیان، لەشکرێکی یەدەگی زامن دەکرد بەپاڵ لەشکری ئاسایی کە دەیتوانی بەشێوەیەکی ئەکتیف هاوبەشی بکات لەپاراستنی شۆرش‌و وڵات‌و ئەرکی پان عەرەبیش راپەڕێنێ[٤٨].

هەر لەسالآنی یەکـــەمی حەفتاکانـەوە، خۆنوسـین لەناولیسـتی میلیشـیای بـەعس تەرخان کرابوو بۆ ئەو لایەنگیرە بەعسیانەی کـە تەمـەنیان لەهـەژدە سـالّ پـتر بـوو. سەرۆکی ئەم میلیشیایە (تەها یاسین رەمەزان) بو کـەهاوکات ئـەندامی ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆرش‌و سەرکردایەتی هەرێم‌و نیشـتمانی بـوو. بەرپرسـەکانی سـوپای میللی لەنێوان حەرەس قەومی‌و ئیلیمێنتـــی موخابـەرات‌و ئاسـایش هـەڵدەبژێردران: ئەوانەی کە هاوبەشیان کردبوو لەکودەتاکـەی سـالّی ١٩٦٣ و١٩٦٨. بـەلاّم لەسـالّی ١٩٧٥ەو رژێمی عیراق دەستی کرد بەناو نووسینی هاوولاّتیانی نابەعســی لـەناو ئـەم میلیشیایە. بەم شێوەیە، لەبەشی دوەمی سالآنی حەفتادا، سوپای میللـی ژن‌و پیـاوی سەرجەم توێژە کۆمەلاّیەتیەکان دەگرتەوە{کرێکار، مامۆسـتا، فەرمانبـەر، ...هتـد}. ئەندامانی سوپای میللی، دوو مـانگ لەسـالّێکدا مەشـقی سـەربازی‌و ئایدیۆلۆژیـان دەکرد لەژێر دەستی ئەفسەری سوپاو سەرکردە بەعسیەکان لەناو"خوێندنگەی مەشقی میللی" (مدرسـة التدریـب الشـعب). لەسـالّی ١٩٧٠ پێکـهاتبوو لەچـەند هـەزارێك لەپیاوو ژن، بەلاّم لەسالّی ١٩٧٨ەوە فراوانبوونێکی بێ هاوتای بەخۆیەوە بینـی، واتـا پێکهاتبوولە (١٠٠,٠٠٠)ئەندام[٤٩]. لـەنێوان (١٩٨٠و١٩٨١)ژمـارەی ئـەندامانی گەیشتە (٢٥٠,٠٠٠)و لەسالّی (١٩٨٢)گەیشتە (٤٥٠,٠٠٠).گرنگـە هێـلّ بـەژێر ئەوەدا بهێنرێ کە ئەگەر بەپالّ ئەم ژمارانەوە، ژمارەی پۆلیسیش(٢٦٠,٠٠٠) ئـەژمار بکەین (بێ گومان ئەم ژمارەیە پۆلیسی نهێنی‌و پۆلیسی سنورو هـێزی جولاّنەوەشـی دەگرتەوە)، دەتوانین بلّێین کە ژمارەی سوپای میللی زیاتر بوو لەژمارەی هێزی سـوپای ئاسایی کە ئەو کاتانە بریتی بوو لە (٢٤٢,٠٠٠). دەبێ بوترێ کـە پۆلیسـی سـنورو هێزی جولاّنەوە بریتی بوو لەهێزێکی دیکەی زیـادە لـەناو دەزگـای ئاسـایش. ئەمانـە پێکهاتبوون لە(٥٠,٠٠٠) پیاو کە بەتایبەتی‌و بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەکوردسـتان لەسەر سنووری ئێران‌و تورکیاو سوریا جێگیرکرابوون. هـێزی جولاّنـەوەش بریتـی بـوو لەهێزێکی سەربازیی کە پـالّ پشـتی پۆلیسـی ئاسـایی دەکـرد لـەکاتی پێویسـتداو بەتایبەتی دژی پێشمەرگەی کورد (بەکاردەهێنرا [٥٠]. بەم شێوەیە بۆ مـــان دەردەکـەوێ

کە توانای کۆنترۆڵی بەعس چەند بڵاوبوو و چەندگرنگتر بوو لەوەی هێزی سەربازیی. لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەپاڵ هەوڵی سیستیماتێك بۆ دروست کردنی لەشکرێکی گەورە وبێ سنور، چەند رژێمی بەعس هەوڵی دا بۆ سەربازاندن و سیاسەتاندنی میللەتی عیراقی. هەر لەسەرەتاوە، کاتێك میلیشیای کرد بە ئۆرگانیزمێکی دەزگایی، رژێمی بەعس مەرامی بریتی بوو لەچاندن و پتەوکردنی یەکە لەشکرەکان لەناو سەرجەم لادێ و شارۆچکەو شارەکاندا: زۆر لەچاودێران بیردەکەنەوە کە رژێمی بەعس توانی ئەم ئامانجە هەر لەساڵی ١٩٨٧ەوە بپێکێ [٥١]. دیارە ئامانجی بەعس بریتی بوولەوەی کە بەپاڵ سەرجەم لقە نهێنیی و ئاساییەکانی پۆلیس، میلیشیا بکات بەئامێرێکی بەرگری چالاك بەرامبەر هەموو هەڕەشەیەك دژی بەردەوامیی دەسەڵات. دەشێ ئەویش وەبیر بخرێتەوە کەهەر لەسەرەتای دروستبونیەوە، میلیشیای بەعسی لە ناو هێزیسەربازیی تێکهەڵکێش کرا. هەر لەساڵی (١٩٧٥)ەوە، بۆ نموونە، یەکەکانی میلیشیای بەعس بەشێوەیەکی ئەکتیڤ لەئۆپێرەسیۆنە سەربازیەکان دژی پێشمەرگەی کوردو جەنگی لوبنان هاوبەشیان دەکرد [٥٢] وهەروەها رۆڵێکی زۆر گرنگیان بینی لەجەنگی دژ بەئێران و جەنگی کەنداو. شایستەی ئاماژەیە کە لەچوارچێوە پەرەسەربازیەکان، هەموویان، بریتین لەپێکهاتەیەکی بنەڕەتی بزوتنەوە تۆتالیتاریەکان. سیستەمی میلیشیا، لە رژێمە تۆتالیتاریەکان، وەزیفەی هێشتنەوەی هێزێکی سەربازیی حیزبیان هەیە کەتوانای بەرگری هەبێ دژی هەموو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن لەناوەوەی وڵات لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانێ هەموو ئەرکێکی سەربازی بەپاڵ هێزی لەشکرەوە لەدەرەوەی وڵات بەجێ بێنێ. بۆ نمونە رێکخراوە پەرەسەربازیەکانی ناسیۆنال سۆسیالیزم (SA ss یەکەکانی کوشتن . . . هتد)ئەم وەزیفەیەیان هەبوو . هەروەها میلیشیای خۆبەخشی ئاسایشی ناسیۆنالی (Milizia Volontaria Per la Sicurezza Nazionale) فاشیزمی ئیتالیش هەمان وەزیفەی هەبوو. چەند جیاوازی هەبێت، لەسەر ئاستی بەهای سەربازیی لەنێوان پێکهاتە رێکخراوەییەکانی ئەم حیزب و

رژێمانە، بەلاّم وەزیفەو ئامانجیان زۆر هاوبەشن و لەیەك دەچن. بۆ نموونە، یەکەکانیSA کەپێش گرتنە دەستی دەسەلاّت بنیاد نران، بریتی بوون لە ئامێرێکی سەربازی نازی لەمەسەلەی وروژاندن و ئاژاوەی سیاسی و کۆمەلاّیەتی. پاش گرتنە دەستی دەسەلاّت، بوون بەتەواوکەری یەکەکانی ss کەبریتی بوون لە "کۆپیەکی راستەقینەی سوپا" یان لە" دووەم سوپای ئەلّمانی"(٥٣). ئایا ئەمانە، هەر وەك هێزە پەرە سەربازیەکانی بەعس، بریتی نەبوون لە هێزی ترسناك و سامناکی چەوساندنەوەی سەربازی و سیاسی؟ بێ گومان ئەمانیش بون بە زامنکەری دەسەلاّتی نازی و تەواوکەری سوپای پیشەیی پێش و پاش جەنگی جیهانی دووەم. هەروەها لەئیتالیاش، میلیشیای خۆبەخشی ئاسایشی ناسیۆنال "بریتی بوو لەفۆرمێکی "بەدەزگاکراوی "پۆلی جولّەوکار" (Squadre d’azione) کە هاوبەشی لەوەرگرتنی دەسەلاّت کرد. پۆلی جولّەوکار لە سالّی١٩٢٣ بەشێوەیەکی ڕەواکراو کاری دەکرد و ئەرکی پێکهاتبوو لە بەجێهێنانی وەزیفەی هێزێکی گەورەی سوپا لەپێناوی بەرگری کردن لەفاشیزم و حکومەتی فاشی و نەتەوەی ئیتالی(٥٤).کاتێك کەفاشیزمی ئیتالی هێزی میلیشیای بەپیاوە هەرە ئەمەکدارو دلّسۆزەکانی رێکخراوی خۆی سپارد، ئەو ئەرکەی پێ راسپاردن کەچوار چێوەی شۆرش بپارێزن و بە هاوکاری هێزی پۆلیسی ئاسایی یان بەبێ ئەو هاوکاریە بتوانن رێگە بگرن لەهەر هەولّدانێك کە بۆ تێکدانی ئاسایشی گشتی و هەرکۆسپێك کە لەبەردەم حکومەتی فاشی دابنرێ (٥٥). رژێمی فاشی ئیتالیش، کەمیلیشیای خۆی بەجەستەیەکی سەربازیی دەولّەت دانا (٥٦)، ئامۆژگاری پیاوەکانی رێکخراوی خۆی کرد کەبەرگری لە دەولّەت و نەتەوە لە ناوەوەو لە دەرەوەی ولاّتدا بکەن، بۆ نمونە لەئەسوبیاو ئەسپانیا(٥٧).

هەندێ دەزگای پەرە سەربازی دیکە

لەم ساڵانەی دواییدا رژێمی بەعس درێغی نەکرد لە دروست کردنی چەندین رێکخراوی پەرە سەربازی دیکەش: "فدائیی صدام"، "سیف القائد"، "اشبال صدام". مندالانی نێوان ١٢-١٧ لە ناو ئەم هێزەی دوایین لەسەر چەکی سوك بۆ ماوەی یەك مانگ لە هاویندا مەشقیان پێ دەکرا. جگە لەمانەش، لەمانگی دووی ٢٠٠١، رژێمی بەعسی رێکخراوێکی دیکەی دروست کرد بە ناوی " جیش قدس". هەر وەك لەشکری میللی، ئەم رێکخراوەش خۆویستی (تەتەوعی) بوو. ئەندامان بۆ ماوەی دوو مانگ لە سەر کلاشینکۆف و قونبولەو مەدفەعیەتی سوك مەشقیان پێ دەکرا. جگە لە کاری بەرگری لەهێشتنەوەی دەسەڵات، ئەندامان هەڵدەسان بەئەرکێکی دیکە: بەهاوکاری لەگەڵ موخابەرات، سەردانی ماڵی کوردو تورکمان و ئاسوریان دەکرد لە پێناوی ئەوەی ئینتمای نەتەوایەتیان بۆ عەرەب بگۆڕن. لەبەر رۆشنایی بڕیاری " تصحیح القومیە"ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ١٩٩ی ٦. ٩. ٢٠٠١، هەڵدەسان بە تۆمارکردنیان وەك عەرەب و دواییش لە ژێر فشاری سایکۆلۆژیو هەڕەشە کردن، وەك بەعسیو ئەندام لەم رێکخراوەدا تۆماریان دەکردن*.

سەربازاندنی لاوان و پەروەردەی منالان

هەر لەدامەزراندنیەوە، حیزبی بەعس گرنگی بێهاوتای لاوان و پەروەردەی لاوان و رۆڵیان لەناو شۆڕشی بەعسی، خستە ناوەندی ئاگایی خۆی. دەزانرێ کە میشیل عەفلەق دامەزرێنەری حیزبی بەعس، چەندەبایەخی بەلاوان دەدا و هەوڵیدا "بەرپرسێتیەتی مێژوویی"یان لەپێناوی ئامادەکردنی داهاتوی نەتەوەی عەرەب پێ ببەخشێ. هەروەها دەزانرێ چەندین جار پێشنیازی ئەوەی دەکرد کە" نەوەی نوێ" (الجیل الجدید) بکرێ بە"سەربازی شەڕکەر" (جنود محاربین) و "تاکی خەبات گێڕ" (افراداً مناضلون)ی پڕ لە"رۆحی سەروەرو رەسەن و بەهێز" (روحاً صادقة، اصیلة، قویة). گومانی تێدانییە کەبەلای عەفلەقەوە ئەرکی حیزبی بەعس بریتی بوو

لەپەردە هەڵماڵین لەسەر توانا و بلیمەتیی سیاسی لاوان بۆ ئەوەی واتای "پەیامی نەمری" (الرسالة الخالدة) بەعسیان بۆ بگوازێتەوەو بکرێن بەئامرازێکی ئەکتیڤی بزووتنەوەی بەعسی لەناو نیشتمانی عەرەبدا[٥٨]. لەڕوانگەی میشێل عەفلەقەوە لاوان مەرجێکی بنەڕەتی پێك دەهێنن بۆ بەدیهێنانی "بیری" نەتەوەی عەرەب بەواتا هێگلیەکەی. لەپێناوی ئەوەی کە ئەم "بیرە" بەدی بهێنرایە، نەتەوەی عەرەب پێویستی بە "جۆرێکی تایبەت بەلاوان" (نوع معين الشباب) هەبوو چونکە ئەم جۆرە تایبەتییە، توانای هەبوو لەو " واقیعە گەندەڵە" (الواقع الفاسد) بێتە دەرەوەو هێزی خۆی دژی بەکار بێنێ. نەوەی نوێ نەیدەتوانی بگاتە ئامانجی مەزنو خۆی بەدی بهێنێ ئەگەر خۆی جیا نەکردایەتەوە لەنەوەی کۆنو ئەم جیابونەوەیەش نەدەگەیشتە ئەنجام ئەگەر ئەم "بیرە" لەناو رۆحی لاوان بەرجەستە نەبوایە.

کاتێك حیزبی بەعس لەعیراقدا دەسەڵاتی گرتە دەست، کارکرا بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئامادەبکرێ بۆ بەدیهێنانی "بیری" نەتەوەی عەرەب کەمیشێل عەفلەق چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر تیۆریزەی کردبوو. بەم شێوەیە، پێویست بوو هەموو هەوڵو تەقەلایەکی سیستیماتیك بدرایە بۆ پەروەردەکردنی گەنجو گەنجیش دەبوایە خۆی لەگەڵ رۆحی شۆڕشی بەعسی بگۆڕیایە. بۆ بەدیهێنانی ئەم مەرامە، رژێمی عیراقی، هەر لەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە، دەستی کرد بەناونوسینی لاوان لەناو بەشە تایبەتیەکانی " یەکیەتیی گشتی لاوانی عیراق" (الاتحاد العام لشباب العراق). ئەم لقە تایبەتیانەی گەنجان پێکهاتبوون لە " الطلائع" کەمندالانی خوێندنگە سەرەتاییەکانی دەگرتەوە، "الطليعة" کەکچو کوڕی مێر مندالْ (١٠-١٥) ساڵی دەگرتەوەو هەروەها رێکخراوی "الفتوە" کەگەنجی (١٥-٢٠) ساڵی دەگرتەوە.

ئەم رێکخراوانە کە پاش ١٩٦٩ دامەزرێنرا بون، بەشێوەیەکی رەسمی بەدەوڵەتەوە لکێنران و خرانە ژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە. "الطليعة" رێکخراوە هەرە گرنگەکانی لاوانی عیراقی، کە پێکهاتبوو لەزنجیرەیەك لەهەرەمی هاوشێوە بەوەی حیزبی بەعسو کۆنگرەی ناوچەییو هەرێمیو نەسیۆنالی

هەبوو، وە هەروەها ئەندامانی فێری بیروباوەڕو ناوەڕۆکی ئـایدۆلۆژی حیزب دەکـرانو لەسەر چەكو ئۆپەراسیۆنی بەرگری مەدەنی مەشق پێدەکـران. جگـە لەمـەش، جلـی تایبەتی خۆیان لەبەر دەکردو سوێندی دڵسۆزیان دەخوارد بۆ حیزبو شۆڕشی بەعسیو داوایان لـێ دەکرا راپۆرت بنوسنو هەموو جۆرە زانیارییەك سەبارەت بەڕاو هەڵوێستی دەورو بەر کۆبکەنەوە [٥٩].

لەساڵی ١٩٨٧، نزیکەی ٥٥ یان ٦٠٪ لەدانیشتوانی عیراقی بریتی بـون لەگـەنجی کەمتر لە٢٠ساڵ [٦٠]. ئیعتبارمان بۆ رێژەی ئـەم گەنجانـە، دەتوانـرێ وێنـابکرێ تـا چ رادەیـەك رژێمـی بـەعس توانیویـەتی ئـەم جبەخانـە ئایدۆلۆژیـە بجاتـە جولاّنـەوەوە. شیکردنەوەیەکی کورتی راپۆرتی سیاسی حیزبی بەعس لەساڵی ١٩٧٤ ئەمـەمان بـۆ روون دەکاتـەوە. راپۆرتـی سیاسـی بەعسـی ئـارەزووی بـەرز خـوازی خـۆی سـەبارەت بەئامادەکردنی کۆمەڵی عیراقی (لەرێگـەی بزووتنـەوەی لاوانـەوە) بـۆ " گۆڕانێکـی شۆڕشگێرانە" دەردەخات. دوپـاتی دەکاتـەوە کـە " لاوان سـەرچاوەیەکی هەمیشـەیی هێزی نوێی حیزبن"و حیزبیش دەبی رۆڵی ئەکتیڤ وەرگرێ لەنێوان لاواندا بەشێوەیەك کە بتوانێ (سروش)یان بۆ بێنێ (ئیلهامیان بداتێ)و سەرکردایەتیان بکات. پێویستی ئەم رۆڵە زیاتر دەبێ کاتێك کە "زۆربـەی زۆری لاوان هـەتا ئێسـتا لـەژێر کاریگـەری نەریتو شێوەی بیرکردنەوەی دژ بەرۆحی نەسـیۆنالو سۆسیالیسـتو پێداویسـتیەکانی گۆڕانی شۆرشگێڕانەن" [٦١]. راپۆرتی سیاسی بەعسی ئەوەش دەخاتە روو کەسـەرەڕای زیـاد بوونـی ژمـارەی لاوان لـەناو رێکخـراوە تایبەتیـەکانو هاوبەشـیان لـەرەفتاری شۆڕشگێڕانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە لەسەر ئاستی ئارەزو و بەرز خوازی حـیزبدا نین [٦٢]. کاتێك کەویستی خۆی دەردەبڕێ سـەبارەت بـەپاڵ پێوەنـانی گـەنج بـۆ نـاو رێکخراوە تایبەتیەکان لەماوەی پێنج ساڵی داهاتودا، واتا لە١٩٧٤- ١٩٧٩، بـەعس دووپاتی کردەوە کە" ئەوەی کەکراوە هەتا ئێستا لەم بوارەدا تەنها دەست پێکردنێکـە. ئێمە لەبەرزخوازی (طموح) حیزبو پێداویستیەکانی قۆناغی نوێ دواین. لەم بارەیـەوە حیزب دەبێ زوو بەزوویی هەوڵی زۆر بـدات بـۆ پێشخسـتنی چـالاکی رێکخراوەکـانی

لاوانو ئەمانەش دەبێ زۆربەی زۆری گەنج بگرێتەوە لەکچو کوڕو هاوبەشی بکەن بەشێوەیەکی ئەکتیڤ لەچاندنی پرنسیپی پان عەرەبیزمو سۆسیالیست. حیزب دەبێ دیدێکی تایبەتیان بۆ دروست بکاتو بەشێوەیەك پەروەردەیان بکات کەبتوانن هاوبەشی بکەن لەبنیادنانی شۆڕشو داکۆکی کردن لەنیشتمانو راپەڕاندنی ئەرکە پان عەرەبیەکان (٦٣).

یەکێك لەو فۆرمۆلە ئایدۆلۆژیانەی کە بەگوێرەی ئەو دەبوایە گەنجی عیراقی لەناو بۆتەی (بوتقە) بزووتنەوەی ئایدۆلۆژیای بەعسییەك بخرانایە بریتیی بوو لەم ناونیشانەی خوارەوە:" نکسب الشباب لنؤمن المستقبل" (٦٤) . سەدام حوسەین کەئەم وتارەی لە ١٩٧٦/٢/١٥ پێشکەش دەکرد ، دەیگوت کەهۆکاری ناونوسینی لاوان لەناو رێکخراوە تایبەتیەکان پێکهاتبو لەوەی کەلاوان زیاتر ژیانیان لەبەردەمدایە.

لەبەر ئەمە ، دەتوانن پتر هاوبەشی بکەن لەبنیادنانی داهاتوو. کاتی تەرخان کردنی هەوڵو تەقەللا بۆ گەنج هاوکاری دەکات بۆ ئامادەکردنی داهاتو لەناو چوارچێوەی پرۆسەی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەو ئەم کاتەش دەبێ درێژتربێ (٦٥). زامن کردنی داهاتوو واتای ئەوەبو کەئەو میانەیەی کەتەمەنی گەنجیەتیو تەمەنی کاملی جیادەکردەوە، دەبوایە بخرایەتە ژێر "خزمەتی ئامانجەکانی شۆڕش" (٦٦)، چونکە کاتێك دەگەنە تەمەنی کاملی، لاوان کە بەگوێرەی پرنسیپی حیزبو شۆڕش پەروەردە کراون، دەتوانن مناعەی (الحصانة) تەواویان هەبێ دژی لادانی ئایدۆلۆژی. زیاتر لەوەش، حیزب دەبێ تێبگات کەهاوجوتکردنی گەنجان لەگەڵ پرینسیپو بیری نوێ، زۆر ئاسانترە لەوەی خەڵکی کاملێ (٦٧). کاتێك کە بایەغ بەلاوان دەداو متمانەیان رادەکێشێ، حیزب دەتوانێ ئەو لقانە ببڕێ کە هێزی دژ بەشۆڕش بەهێز دەکەن (٦٨) و وا دەکات کە دوژمنانی شۆڕش بواری ئەوەیان نەبێ خراپە بگەیەنن بەدەزگاکانی دەوڵەتو زیان بە رێپێوانە(مسيرة) شۆڕشگێڕانەکەی بگەیەنن (٦٩).

لەم بوارەشدا خۆمان بەرامبەر هەمان لۆژیکو دامەزراوەی بزووتنەوەی تۆتالیتاریەکان دەدۆزینەوە. چونکە فۆرمۆلەی زامن کردنی متمانەی لاوان بۆ مسۆگەر

کردنی داهاتوو ئاراستە کردنی بزوتنەوەی گەنجان بەرەو خزمەتی تەنـــها یـەك حـیزب، تایبەت نییە بەتەنـــها ئایدۆلۆژیـــای بەعســـی. پـرۆژەی ســـەرجەم ئایدۆلۆژیـــاو رژێمـە تۆتالیتاریەکان هەمان رەهەندیان هەیـــە. بـۆ نمونـە پـرۆژەی نەسـیۆنال سۆسـیالیزمو فاشیزمی ئیتالی ســەبارەت بەئاڕاســتە کردنــی ئایدۆلۆژیــای لاوان بـەرەو بـەرزخوازی تۆتالیتار زۆر لەیەکتری دەکەنو لەگەڵ ئەوەی بەعسیشدا وەك دوو دلۆپەی ئاو وان. بـۆ نمونە، کاتێك لەیەکی دێسەمبەری ساڵی ١٩٣٦ یاسای لاوانی ئەڵمانی دانـا، هیتلـەر دەیگوت: " داهاتوی میللەتی ئەڵمانی دەوەستێتەوە سەر لاوان. بەم شـێوەیە سـەرجەم لاوانی ئەڵمانی دەبێ ئامادە بکرێن بۆ ئەم ئەرکانەی داهاتو" [٧٠] . هەروەها، دروشمـی سەرەکی ریتۆریکـی (واتـا هونـەرو تـەکنیکی قسـەکردن) موسـۆلینی بریتـی بـوو لەبانگەشـە کـردن بـۆ لاوان (Giovinezza) [٧١] کـاتێك کەنەسـیۆنال سۆسـیالیزم دەیویست ووزەی دەوڵەت بەرەو هێزێکی رەها بەرێت، هیتلەر بانگەشەی بـۆ میللـەتی ئەڵمانی دەکرد کە لەپێناو رزگارکردنی ئەو میللەتە لەلادانو خراپ بون، پێویست بـو رێگەیەك بدۆزرێتەوە بۆ هێشتنەوەی گیانی رۆڵـــەی ئـەڵمانی کـە لەنـەوەی داهـاتودا لەدایك دەبوو [٧٢] . پێش هەموو شتێك هیتلەر ووتەی ئاڕاســتەی "هـێزی سـەربازیی" لاوان کرد، چونکە بەڕای ئەو لەســەردەمی روداوە گرنگـەکانی مێـژوو، لاوان دەبوایـە رۆژێك نوێنەرایەتی " ئەندازیاریی دەوڵەتی نوێی رەگەز پەرستیان بکردایە" [٧٣] . بەم شـێوەیە کـاتێك نەسـیۆنال سۆســـیالیزم گەیشـــتە ســـەر حوکـم، هیتلـــەر داوای هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوە کۆنەکانی لاوانی کردو ویســتی بزووتنـەوەی لاوان دروسـت بکاتەوەو خستیە ناو چوار چێوەی " لاوانی هیتلەرەوە" (Hitler- Jugend). ئـەندامی ئەم رێکخراوە سوێندی دڵسۆزی دەخواردو سەروەریی خـۆی پیشـان دەدا بـۆ نەسـیۆنال سۆســـیالیزم. هـــەروەك ئەوانـــەی رژێمـــی بەعســـی، رێکخراوەکـــانی لاوان بـــۆ کوڕ(Jungmadel) بریتیی بون لەمنداڵی کوڕ لەتەمەنی ١٤-١٨ساڵو منداڵی کچ لەتەمـەنی ١٤-٢١ سـاڵ [٧٤] . ژمـارەی ئـەندامانی لاوانـی هیتلـــەر بەشـــێوەیەکی سەرسوڕهێنەر فراوان کرایەوە: لەسـاڵی ١٩٣٣ ژمارەیـان ١٠٨,٠٠٠ بـوو و لەسـاڵی

١٩٣٤ ئەم ژمارەیە گەیشتە سێ ملیۆن و شەش سەد هەزارو لەساڵی ١٩٣٩ لە ٧ ملیۆن تێپەڕ بوو[٧٥] .

گرمۆڵە کردنی لاوانی ئەڵمانی لەناو ڕێکخراوە ئایدۆلۆژییەکانی توندو تیژی، پشت گیری قەناعەتی نەسیۆنال سۆسیالیزمی دەکرد بۆ بەنازیکردنی گشت میللەتی ئەڵمانی بەدەست پێکردن لەلاوانەوە. ئامادەکردنی داهاتوی میللەتی ئەڵمانی دەبوایە لەڕێگەی "بوون بەخاوەنی (خاوەندارێتی) تەواوی لاوان" [٧٦] لە سەر بنچینەی ئەم هەڵوێستەی خوارەوە مسۆگەر بکرایە:

"لەم سەردەمەدا، ڕێگە نادرێ بەوەی کە لاوان دوور لەمیسالیەتی نەسیۆنال سۆسیالیزم گەورە بن. ئەڵمانیای گەنج دەبێ هەر لەمنداڵیەوە فێری بیرو باوەڕی نەسیۆنال سۆسیالیزم بکرێ[٧٧] . فاشیزمی ئیتالیش هەمان لۆژیك و میکانیزمی کارکردنی هەبوو. فاشیزمی ئیتالیش هەڵسا بەسەربازاندنی لاوان لەپێناوی مسۆگەر کردنی داهاتوی نەتەوەی ئیتالی. ئامانجی بنیادنانی L'opera Nazionale di Balilla لەئەپریلی ساڵی ١٩٢٦ بریتی بو لە " دروستکردنەوەی" لاوان لەسەر بنچینەی ئایدۆلۆژیای فاشی. ئۆپێرە بەلیللە Opera Balilla بەگوێرەی تەمەن دابەش بوبو بەچەند بەشێکەوە: منداڵانی تەمەنی ٤-٨ ساڵ لەناو ڕێکخراوی بەلیللەو پیککۆڵی ئیتالیانێ (Piccole Italiane) ، مێردمناڵ لەتەمەنی ١٤-١٨ ساڵ لەناو ڕێکخراوی " پێشەوای و کچی گەنجی ئیتالی" (Avanguardisti Giovani Italiane) و گەنجی ١٨-٢١ ساڵ لەناو ڕێکخراوی "گەنجی کوڕو کچی فاشی" (Giovani Fascisti e Fasciste)[٧٨] .

لەساڵی ١٩٣٣ بەلیللە پێکهاتبو لە ٣٦٠٠٠٠ ئەندام و پێشەوا لە ٢٤٤٠٠٠و پیککۆلا ئیتالیانێ لە ٧٢٠٠٠٠و کچی گەنجی ئیتالی لە ٩٢٠٠٠ . لەساڵی ١٩٣٦ ژمارەی لاوان لەناو ڕێکخراوە تایبەتیەکان بو بە پێنج ملیۆن و گەیشتە شەش ملیۆن لەساڵی ١٩٣٧و نزیکەی هەشت ملیۆن لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم[٧٩] . لاوانی ئیتالی دەبوایە سوێندیان بخواردایە بۆ خزمەتکردنی مەسەلەی شۆڕشی فاشی . یاسای

ژماره ١٨٣٩ لەساڵی ١٩٣٧ لاوانی ناچار دەکرد کە ئەم سوێندەی خوارەوە بخۆن: "سوێند دەخۆم فەرمانی دوچێ (Duce واتا موسۆلینی) جێبەجێ بکەمو خزمەتی مەسەلەی شۆڕشی فاشی بکەم بەهەموو هێزێکمەوەو ئەگەر پێویستیش بکات بەخوێنی خۆم"(٨٠).

بێ گومان، دەتوانرێ بەئاسانی پتر باس بکری لەو یەکچونەی کە بە دی دەکرێ لەنێوان پرۆژەی بەعسیو نەسیۆنال سۆسیالیزمو فاشیزمی ئیتالی سەبارەت بەناو نوسینی ئایدۆلۆژی لاوان لەبەرژەوەندی ئارەزوە تۆتالیتاریەکان. بەلاَم گرنگ ئەوەیە بزانرێ کە میکانیزمی کارکردنی بزوتنەوە تۆتالیتاریەکان هەمیشە دەچەمێنەوە بۆ فریوبردنی لاوان. چەند بێ جیاوازی نێوان ئەو ماکە ئایدۆلۆژیانەی کەدەیانبزوێنن، چەند بێ جیاوازی مۆرفۆلۆژی سیستەمەکانیان، چەند بێ جیاوازی ترادیسیۆنی کولتوریو مێژوییانو چەند بێ جیاوازی ئەو روداوانەی کە دەیانهێننە سەرحوکم، بەلاَم سروشتیان لەیەك دەکات لەلایەنی قۆزستنەوەیان بۆ جۆشو دڵ گەرمیو بەهەلپەییان لەبەرژەوەندی رژێمەکانیان کە لەسەر ناهەمواری (Intolerance)و رقو کینەو پەسەند نەکردنی ئەوی تر رەگیان داکوتیوە. ئەم بزوتنەوە تۆتالیتاریانە دەزانن کە مەیلی گەنجان بۆ پەسەند کردنی تەنها حەقیقەت کە هی خۆیانەو بۆ نەدانی ماف بەوی دیکە حەقیقەتی خۆی دەربڕێ، دەتوانرێ کریستالیزە بکری (واتا ئێلێیمێنتەکانی کۆبکرێنەوە لەناو کۆیەکی سەقامگیر) لەو چرکەیەی کە هەڵدەسن بەداکوتانی حەقیقەتی رەسمی حیزب لە ناو زەینیان (مێشکیان) بە شێوەیەکی دۆگماتیكو بەکۆکردنەوەیان لەناو رێکخراوی ئایدۆلۆژی توندو تیژ. دەزانن کەئاسانترین رێگە بۆ زامن کردنی جۆشو دڵسۆزیان بریتییە لەفێرکردنیان بۆ ژیان لەگەڵ حەقیقەتی ناڕاست بەشێوەیەکی رەقو سەختو خۆگرو توندو تیژ. دەزانن کە بۆ بەجێهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستیان بەوە هەیە کە هەمو ئاسۆیەکی زانیاریو هۆشیاری سەبارەت بەبونی حەقیقەتی دیکەیان لێ داخەن. دەزانن کە لەو ساتەی جیهانێکیان پیشان دەدەن کە سەرچاوە دەگرێ لەچەند ئۆنتۆلۆژیەکی دیکۆتۆمی

(حەقیقەتی پوختی بیرۆکەی حیزب ـ ناراستی پوختی بیرو باوەڕی ئەوانی دیکە، باشی ئەم حەقیقەتە- خراپی رەفتاری نەگونجاو لەگەڵ ئەم حەقیقەتە .. هتد.) ، لاوان ئامادەدەبن خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەو ئامانجەی کە لەپێناوی پەروەردە کراون بەشێوەیەکی وا زێدڕەو کە پەسەند نەکردنی ئەوی تر و تەحەمول نەکردنی رەفتاری جیاوازی، دەبن بە پێشمەرجێك بۆ خۆتەرخان کردنی ئایینی. خۆشەویستی رەها بۆ ئەم ناڕاستیە (ئەم راستیە ناراستە) دەیانگۆڕێو دەیانکات بەو تاکانەی کەدڵیان دەکرێتەوە لەرێگەی کینەی رەها دژی ئەوی تر. هەستی پیرۆزیی قوربانی دان لەناو پیس کردنو بەدنیەوی کردنی هەڵوێستی ناحیزبی خۆی دەدۆزێتەوە کەدادەنرێ بەخۆپەرستیو کەم تەرخەمی. حیزبی سەرکردە، مەتێریالیزە دەبی لەرێگەی ریسواکردنو بەسوك تەماشاکردنی ئەوی دیکە.

بەپاڵ ناونوسینی گەنجان لەناو رێکخراوە چونیەکیەکانی حیزبی رەسمی، نەسیۆنالیزمە تۆتالیتاریەکان بەشێکی زۆر لەووزەی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ گۆڕینی خوێندنگەو دەزگا پەروەردەییەکانو کردنیان بەناوەندی پڕپاگەندە لەبەرژەوەندی رۆحی نەسیۆنالیزمو سەربازیو زینۆفۆبی. سروشتی فیزیۆنۆمی خوێندنگەکان دەگۆڕنو تێکی دەدەن چونکە وەزیفەی سروشتی گەشە سەندنی توانا رۆشنبیریەکانی خوێندکارانو نەقڵ کردنی زانست بەئاراستەیەکی ئایدۆلۆژی گشتگردا دەبەن. بەم شێوەیە، ئامانجی سیستەمی خوێندنگەیان بریتی نابێ لەپەروەردەکردنی هاوولاتی بەواتا تەکنیکیو گەردونیەکەی، بەڵکو پێك دێت لەهەوڵ دان بۆ فابریکەکردنی شێوەی بیرکردنەوەی تۆتالیتار. ئەرکی مامۆستاو پسپۆڕی پەروەردە دەبێ بەگوێزانەوەی جۆشی باوەڕ بۆ ناو حیزب کەسەرچاوە دەگرن لەشانازی نەسیۆنالو رۆحی شەڕو ئێتیکی سەربازی. سەرجەم بزووتنەوەو رژێمە توتالیتاریەکان ئەم جۆرە تێڕوانین و هەڵوێستەیان هەیە. کاتێك کەخوێندنگە دادەنێین بە رێگەیەکی تایبەتی لە پێناوی پتەوکردنی هێزی رۆحی منداڵانو گەنجان، ئەمان سیستەمی پەروەردەیان بەرەو ئاراستەی ئامانجە ئایدۆلۆژیو سیاسییەکانی حیزب دەبەن. بۆ نموونە بەلای هیتلەرو

موسولنییەوە، پێویست بوو زوو بە زوویی سیستەمی پەروەردە چاك بكرێ كــە تیــایدا ئایدۆلۆژیای نازی یان فاشی جێی كەڵەكە بوونــی كــەم و كــوڕی رابــردوو و نیشــانەی نزمبــون و رزینــی ســەردەمی حــازری بگرتایــە. هیتلــەریش بزوتنــــەوەی نەســـیۆنال سۆشیالیزمی پێناسە دەكرد لەناو چوار چێوەی پەیامی پــەروەردەیی كــە بــە گوێــرەی پێویست بوو میللەتی ئەڵمانی گەورە بكرایــە: "نەســیۆنال سۆشــیالیزم تــێروانینێكی ئاسایی نییە سەبارەت بە (كێشەی) دەوڵەت (. . .) . وەك عەقیدەیــەك، بریتییــە لــە كێشەی پەروەردەیی گشت نەتەوە" [٨١]. لە پێناوی راپەڕاندنی "ئەركی پــەروەردەیی"، دەوڵەتی نازی پێویست بوو پێش هەموو شتێك خوێندنگەكان بكات بە كۆڵەكەیــەكی پتەوی سیستەمەكەی و بە بنچینەیەكی بەهێز بۆ دابین كردنی داهــاتوو. لــە مایســی ساڵی ١٩٣٣، واتا چەند مــانگێك پاش گرتنە دەستی دەســەڵات، لەرێگــەی فــەرمانی دادوەرییەوە، نەسیۆنال سۆشیالیزم دەستی كرد بە وێنە كێشانی هێڵە رێپیشاندەرەكانی سیستەمی پەروەردە. لەژێر ناونیشانی "ئامانجەكانی خەباتی خوێندنگە ئەڵمانییەكان" پێویست بوو سیستەمی خوێندنگە (هەروەكو وەزیــری نــاوخۆ، دكتــۆر ویلــهێم فریــك Wilhelm Frickدەیگوت) فابریكەی پیاوێكی سیاسی بكات كە بیرو كــردەوەی خــۆی تەرخان بكات بۆ خزمەت كردنو قوربانی دان لــەپێناوی میللەتەكــەی. لەبــەر ئــەوە، خوێندنگەكان دەبوایە جۆرێكی نوێیان لەپیاو پەروەردە بكردایە كــە بەلــەشو بــەرۆح رێكو پێك بوایە [٨٢]. پرۆســـەی پــەروەردە كــە لەلایــەن جۆزێــف گۆبلســەوە Joseph Goebbels تەشبیە كرا بە "مەكینەی هەویر شێلان" [٨٣]، دەستی كــرد بــە ئاراســتە كردنی منداڵان بەرەو ئەوەی كە "بەقوڵی تەجریبەی نازی خۆیان بكەن" [٨٤]. پێویست بوو گۆڕان بۆ میستیكی نەسیۆنال سۆسیالیست جێ بەجێ بكرێ هــەر لــە بێشكەوە تابگەیشتایەتە تەمەنی كامڵ: هیتلەر دەیگوت "لەیەكەم كتێبی وێنەوە بــۆ منداڵــی شیرخۆر پێویستە هەموو شتێك خزمەتی دەوڵەت بكات" [٨٥]. لێرە، لەسەر بنچینــەی ئەم جیهانبینییە، ئــەركی مامۆســتا بریتــی بــوو لــەبنیادنانی داهــاتووی هــاوڵاتی نەسیۆنال سۆسیالیست. بە توانایی مامۆستا دەبوایە پێش هەموو شتێك دەربكەوتایــە

له بواری "پەروەردەی نیشتمانی" له ڕێگەی فێرکردنی مێژووی رابـــووردووی نەتـــەوەی ئەڵمان، لەبواری خوڵقاندنی کەراکتەرو بونیەتی منداڵ لەپێناوی گەشەپێدانی ڕۆحـــی شەڕو لەبواری دابین کردنی (ئامادە کردنی) ڕۆحی "هەژاندنی زریاناوی ئەڵمانی بەرەو چالاکیو خەباتو سەرکەشی (ســـەرچڵی) "[86]. هیتلـەر زۆر بەئاشـکرا کینـەی خـۆی نەدەشاردەوە بەرامبەر پەروەردەی مەدەنیو کولتور چونکە ئەم شێوە پەروەردەیە، بـەلای ئەوەوە، دژی گرنگی بنیادنانی کەسایەتی منداڵ بوو کە دەبوایە دروست بکرایە لــەناو چوارچێوەی ڕۆحێکی نەسیۆنالیستو ڕەگەزپەرستانەوە[87].

هەروەها فاشیزمی ئیتالیش دەیویست ببێ بە مسۆگەرکەری "یەکێتیو کۆك کردنی لایەنە جیاوازەکانی سەرجەم بەهاکان" و ئەکتەری "هەموو ژیانی گەل" و خۆی دادەنـا بە "مامۆستاو بەڵێنگری ژیانی ڕۆحی" میللەتی ئیتالی"[88] . لەپێناوی پتەو کردنــی "کەرائەکتەری ئیتالییەکان" [89]، هەڵسا بە دانی بەرپرسیێتی بــە خوێندنگــەکان بـۆ ئامادە کردنو پەروەردەکردنی گەنجان لەناو چوارچێوەی "کەشی ڕۆحی و ئەخلاقی" [90] ئایدۆلۆژیای فاشی. بــەم شـێوەیە، بـۆ ئــەوەی دیـدە توتالیتارییەکـەی بـەدی بێنــێ، فاشیزمی ئیتالی هەستا بە فراوان کردنی کاریگەری خۆی لـــەناو هــەموو سیستـــەمی پەروەردە، هەر له خوێندنگەی سەرەتاییەوە هەتا دەگاتە زانکۆ. بەم بۆنەیــەوە لەســاڵی ١٩٢٥ وەزیــری پــەروەردەی گشـتی، پیـــێرۆ فیدێلـــێ Piero Fidele " دەیگـــوت: "حکومەت داوا له سەرجەم خوێندنگەکان دەکات، لەسەر هــەموو ئاستـێكو هــەموو پرۆگرامی وانە ووتنەوە، هەڵسێت بە پەروەردە کردنی گەنجی ئیتالی بۆ ئــەوەی فاشـیزم تێبگاتو بژی لەناو دۆخێکی مێژوویی کە لەلایەن شۆڕشـــەوە خوڵقێـنراوە" [91]. بـەم شێوەیە، خوێندنگەکان، هەرلەئاستی سەرەتاییەوە هەتا زانکۆ، بون بەو دەزگایانەی کە خۆیان گونجاون لەگەڵ داخوازیەکانیو بانگەشـــەی پروپاگـەندەی فاشـیزمو پرۆگرامــی خوێندنیان گونجاون لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ڕەسمی. لەژێر گوشـــاری حیزب، مامۆســتایان داوایان لێ کرا نەوەی نـــوێ ئامـــادە بکـەن بـۆ "ڕاپـەڕینی ڕۆح" دژی نـەریتی کـۆنو پتەوکردنی کۆڵەکەکانی باوەڕی پڕ له هەستو ســۆز. بـەم شـێوەیەی خـوارەوە گـەنجان

پەروەردە دەكران: "خوێندنگە ژیانەو ژیانی ئیتالیش بریتییە لەجۆش بۆ باوەڕو دیسیپلینی فاشی": " تۆ دەبێ بە دڵسۆزیەوە پەروەردە بكرێی بۆ فاشیزم"[٩٢]. جۆزێپیێ بۆتتایJuseppe Bottai دەیگوت "یەكێتی ئۆرگانیكی" حیزبو لاوان لەگەڵ "سەردەمی خوێندنگەی ئەگنۆستیك" [٩٣] دەبێ نەمێنێو خوێندنگەی فاشیو پێداگۆژی pedagogy فاشیو فێركردنی فاشی"[٩٤] دەبێ جێی بگرنەوە.

ئایا هیچ جیاوازییەكی پێكهاتەیی دەبینین لەگەڵ بەعسی عێراقیدا؟ نەخێر. بەڵام با برێك زیاتر لەنزیكەوە تەماشای توتالیتاریزمی بەعسی بكەین.

هەر لەگرتنە دەستی دەسەڵات، رژێمی بەعس دەستی كرد بەبڵاوكردنەوەی ئامۆژگارییەكانی بۆ پسپۆرانی پەروەردە بۆ ئەوەی بتوانن پرۆگرامی خوێندنگەیی بگونجێنن لەگەڵ پێداویستییەكانی پرۆسەی "گۆڕان بەسەركردایەتی حیزب" [٩٥]. تەكنیكی فابریكەكردنی خوێندكاران، واتا فابریكە كردنی بەعسییەكانی داهاتوو پێویستی هەبوو بە جێ بەجێ كردنی"پرۆگرامی نوێ" كە لەسەر هەر ئاستێك، لەدایەنگاوە بۆ زانكۆ، سەرچاوە بگرێ لەپرنسیپی حیزبو شۆڕش [٩٦]. بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجە، چەندین كۆمیتەی (لیژنەی) پیاچوونەوە دروستكران بۆ گۆڕینی پرۆگرامی پەروەردەیی لەپێناوی راهێنانی "نەوەی نوێو دژی ئەو ئایدۆلۆژیو كولتورانەی كە ناگونجێن لەگەڵ بەرز خوازی (طموح) نەتەوەی عەرەبو ئامانجەكانی بۆ یەكێتیو ئازادیو سۆشیالیزم"[٩٧]. لە ساڵی ١٩٧٣ سەدام حوسەین دەیگوت ئەو لیژنانەی كە بەرپرسێتی چاكسازی پرۆگرامی خوێندنگاكانیان وەرگرتووە نابێ "بیرۆكەی دەست راكێشان یۆ دوژمنە تەقلیدییەكانی" نەتەوەی عەرەبیان لە بیر بچێتەوە و دەبێ كار بكەن لەپێناوی ئەوەی كە"منداڵ و خوێندكار بەردەوام بن لە رقو كینە دژی ئیمپریالیزم" [٩٨]. لە بۆنەیەكی دیكەدا، سەدام حوسەین ئامۆژگاری پسپۆرانی پەروەردەو بەڕێوەبەرانی خوێندنگەكانی دەكرد كە بایەخ بدەن بە خوێندكارو نەهێڵن دۆگمی حیزب لەبەر بكات" وەك توتی" چونكە دڵسۆزی ناوەوە كە حیزبی بەعس دەیەوێ بیخولقێنێ لەناو گیانی خوێندكار نابێ گوزارشتی لێ بكرێ تەنها لە

ڕێگەی فێربوونێکی رووکەشیی هەندێ فۆرمەلەی بەعسی، بەڵکو "لە ڕێگەی ڕاهێنانێکی دڵسۆزو تەندروستو داهێنانی پرۆگرامی شۆڕش" (٩٩).

لە پێناوی "چاککردنی" پێکهاتەی ئەخلاقیو سایکۆلۆژی تاکی عێراقی،" پەروەردەی نیشتمانی" کە دەیویست" کارلێکێکی دوور و درێژ و دڵسۆزانە" (تفاعلا تفصيليا و صميما) زامن بکات لەنێوان هاوولاتیو ئامۆژگارییە گشتییەکانی حیزب، دەستی کرد بە جێ بەجێ کردنی ئەو یاساو ڕێنماییانەی کە دەسەڵاتی سەدام حوسەین سەپاندبووی. "کەسایەتیاندنی" personification ویستی بەعس لەلایەن سەدام حوسەینەوە، دڵسۆزی ناوەوەی بۆ حیزبو کینە دژی دوژمنی میللەتی کرد بە پرۆپیدیتیکی Propaedeutic خوێندن لەعێراقدا.

بەم بۆنەیەوە، پێش هەموو شتێك ئەرکی ئەم پرۆپیدیتیکەی خستە سەرشانی مامۆستای سەرەتایی: "بەرپرسێتی مامۆستای سەرەتایی پێش ئەوەی مامۆستای ناوەندیو دواناوەندیە، ئەمیش پێش ئەوەی زانکۆیە" (١٠٠). لە بەر چ هۆیەك؟ چونکە مامۆستای سەرەتایی پەروەردەی ئەو مندالەی کەوتۆتە سەرشان کە لەپارچەیەك مەڕمەڕی خاو دەکات لەژێر دەستی پەیکەر تاش دا. لەبەر ئەوە مامۆستای سەرەتایی دەسەڵاتی ئەوەی بەدەستە کە چۆنی بوێ بەو شێوەیە دەتوانێ فۆڕمێکی ئیستاتیکی بداتێ بەبێ ئەوەی بهێڵێ کە وازی لێ بهێنرێ بۆ ڕەحمەتی کاتو ناهەمواری سروشت (١٠١). ئەوانی دیکە، بۆ نموونە مامۆستایانی زانکۆ، ئەو خوێندکارانەیان لەژێر دەستایە کەپێکهاتەی خولوقیو سایکۆلۆژیان دروست بووەو ئەگەر ئەم پێکهاتەیە چەوت بێ، زەحمەتێکی زۆر دەبینین لەچاککردنەوەی بە قولّی (١٠٢). لەبەر ئەم هۆیە، پسپۆڕانی پەروەردە دەبێ تێ بگەن کە بەرپرسێتی مامۆستای سەرەتایی زۆر ناسكو گرنگە. لەبەر ئەم هۆیەش، پەروەردەی منداڵ لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە، پێویستی بە "فڵچەی هونەرمەندێکی بە توانا" (ريشه فنان مقتدر) هەیە کە بتوانێ ڕۆحی بە "ڕەنگی گونجاو" (١٠٣) برازێنێتەوە.

لەپێناوی پاراستنی منداڵ لەو بیروباوەڕانەی کەباویان نەماوە، پێویستە بنەماکانی ئایدۆلۆژیای بەعسی بەهێز بکەین لەناو نەوەی نوێدا. دەکەوێتە سەر حیزب کە منداڵ بکات "بەناوەندی روناکی لەناو خێزاندا کە بریتییە لە دایكو باوكو خوشكو برای بۆ ئەوەی بتوانێ بدرەوشێتەوە (لیشع) و (.. ..) فێری شێوەی هەڵسوکەوتو رێزیان بکات کە دەوەستنەوە سەر چەمکەکانی شۆڕش "چونکە کاتێك منداڵ لە خوێندنگە پەروەردە دەکرێ، ئەو لەوێ فێری ئەوە دەبێ چۆن لە خێزانەکەیدا شێوازێکی نوێ لەژیان دەخوڵقێنێ لەسەر بنچینەی پارتی عەرەبی سۆسیالیست و گۆڕانی شۆڕشگێڕانە"[١٠٤]. بەلای سەدام حوسەینو بەعسەوە گواستنەوەی بەهاکانی شۆڕشی بەعسی لەرێگەی منداڵو گەنجەوە بۆ خێزان دەبوایە رێگەی بگرتایە لەرەنگدانەوەکانی نەریتی کۆن لەناو خێزاندا: "بۆ ئەوەی رێگە نەدەین بە باوكو دایك دواکەوتن بسەپێنن بەسەر خێزاندا پێویستە وا بکەین کەمنداڵ لەماڵەوە بدرەوشێتەوە لەپێناوی دەرکردنی ئەم دواکەوتنە، چونکە هەندێ چونکە هەندێ باوكو دایك لەدەستمان دەرچوون لەبەر چەندین هۆکار، بەڵام منداڵی بچووك هێشتا لەدەستمان دەرنەچووەو پێویستە بیکەین بە ناوەندی روناکی لەناو خێزاندا (.. ..) لە پێناوی گۆڕینی بۆ بارو دۆخێکی باشتر و دووری بخەینەوە لە شتی خراپ"[١٠٥].

سەدام حوسەین ئەم ووتارەی ئاڕاستەی فەرمانبەرانی پەروەردەی نیشتمانی دەکرد لەساڵی ١٩٧٧ و بەم بۆنەیەوە ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی بەرامبەر ئەو بەرپرسیەتییەی کە وەریان گرتبوو. سەدام حوسەین دەیویست بڵێ کە ئەوەی تا ئەوسا کرابوو هێشتا زۆری مابوو. داوای لێ دەرکردن کە زیاتر قوربانی بدەنو زیاتر تێبگەن کە زۆرینەی میللەت هێشتا " بەتەواوی رزگاری نەبوە لەبیرو نەریتی کۆمەڵی رابردوو"[١٠٦]. ئەو نۆ ساڵەی پاش شۆڕش بریتی بوون لەتەنها سەرەتایەكو حیزبی بەعسیش هۆشیار بو بەرامبەر ئەوەی کەدەسکەوتی شۆڕش هێشتا لەسەر ئاستی ویستو بەرزخوازی بەعس نەبوو لەپێناوی رێپێوانێك بەرەو خولقاندنی "پەیرەوی نوێ" و لە پێناوی ئەوەی ئەم

ڕێپێوانە ڕێگەی لێ نەگیرێ، پێویست بوو کە مامۆستایان خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم فۆڕم و یاسایانەی خوارەوە:

١- پێویستە لەسەرتان دەورەی گەورەکان (خەڵکی کامڵ) بگرن لەڕێگەی منداڵەکانیانەوە.

٢- منداڵو خوێندکار فێربکەن کە بەرەنگاری باوکو دایکیان ببنەوە کاتێك دەبیستن باسی نهێنی دەوڵەت دەکەنو ئاگاداریان بکەنەوە کە ئەمە ڕاست نییە.

٣- فێریان بکەن کە ڕەخنە لەباوكو دایکییان بگرنو بە ڕێزەوە کاتێك دەبیستن باسی نهێنییەکانی ڕێکخراوە حیزبییەکان دەکەن .

٤- لەهەموو کونجێك دەبێ ڕۆڵەیەکی شۆڕش دابنێین (. . .) کە ئامۆژگاری لەناوەندە بەرپرسەکانی شۆڕش وەربگرێو بەززوویی ئەم ئامۆژگارییانە جێ بەجێ بکات.

٥- فێری بکەن کە بەڕێزەوە ئیعتراز (اعتراض) بگرێ لە یەکێك لەخێزانەکەی کاتێك تێبینی دەکات کە زێدڕەوی دەکات لە سەرف کردنی ئەموالی دەوڵەت.

٦- پێویستە فێربن کە لەم قۆناغەدا متمانە نەکەن بە بێگانە چونکە بێگانە چاوی وولاتەکەیەتیو هەندێك ئامرازی ڕوخێنەری شۆڕشن. لەبەرئەمە ڕۆیشتن لەگەڵ بێگانەداو قسەکردن لەگەڵی بەبێ هەندێ یاسای ناسراو شتێکی جائز نییە.

٧- تۆوی ئاگاداری بچێنین لەناو گیانی منداڵدا کە نهێنییەکانی دەوڵەتو حیزب نەدات بە بێگانەو بە ڕێزەوە ئاگاداری بچووكو گەورە بکاتەوە کە لەبەردەم بێگانە قسە نەکەن بەبێ پاراستن (تحفظ) سەبارەت بە نهێنییەکانی دەوڵەت [١٠٧].

ئەمە بوو لەسەردەمی ئاشتیدا ئەرکی خوێندنگەو دەزگاکانی پەروەردە. لەڕوانگەی فەلسەفەی پەروەردەیی بەعسی ، پێویست بوو ئەمە بوایە ڕۆڵی خوێندکارانو مامۆستایان. لەساڵانی ئاشتی ناوخۆ، پێش جەنگ لەگەڵ ئێراندا، سەدام حوسەین بانگەشەی بۆپسپۆڕانی عەرەب لەبواری پەروەردەدا دەکرد کەکۆبوونەوە لەبەغدا لە٧-١٥ حوزیرانی ساڵی ١٩٧٥ و دەیگوت کە بەیەك گەیاندنی فەلسەفەو

رەفتـار، مـەرجێكی بنـەرەتی "سـەربازاندنی پەروەردەیـە" (عسـكرة التربيـة) [١٠٨]. دەوڵەمەندكردنی منداڵو خوێندكار بەبەهاو فەلسەفەی بەعسی ، رێگە خۆش دەكات بۆ تێگەشـتنی ئامـانجی "هـەڵگرتنی چـەك" لەخزمـەتی فەلسـەفەی پـان عـەرەبی بەعسیو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە سەرجەم هاووڵاتیان دەبێ برۆن بۆ ئەولای سـنوری عیراق لەپێناوی بەرگری كردن لەنیشتیمانی عەرەب [١٠٩]. دووساڵ پـاش ئـەم ووتـارە، بـەعسو سـەدام حوسـەین تـێروانینی خۆیـان بەتـەواوی خسـتە روو سـەبارەت بە"سەربازاندنی پەروەردە":

"(. . .) كاتێك پێویست دەكات، خوێندكار دەتوانێ بەچەكـەوە بوەسـتێ لـەژێر خـۆر شـەوو رۆژ بـەبێ ئـەوەی بجولێتـەوەو كـاتێك داوای لێ دەكـرێ بـەرنگاری دابەزینێكی(انزال) ئیمپریالی یان دژ بێتەوە لەناو ئەم ناوچە دژوارەدا ، ئەم داواكاریـە رادەپەڕێنێ چونكە هەر لەمنداڵیەوە فـێری كـاری رێكخراەیـی بـووە(٠٠٠)، چونكـە ژیانی سەربازییو حیزبی بووە بەبەشێك لەژیانیو بەشێك لەپەروەردەی گشـتی كـاتێك كەخوێندكارێكی بچوك بوە لەخوێندنگە" [١١٠].

لەحەفتاكاندا، بەپاڵ گۆرانو كردنی خوێندنگەكان بەگۆرەپانێكی ئـایدیۆلۆژیو گونجاندنی پرۆگرامی خوێندگەكان لەگەڵ دیدو تێروانینی نەسیۆنالیستو سـەربازیی، بواری پەروەردە فراوان بونەوەیەكی بێ پێشینەیی بەخۆیـەوە ناسـی. لـەنێوان ١٩٦٨-١٩٧٧ ژمارەی منداڵانی سـاوا لەدایەنگـەكان لـە١٣,٤٦٢ ەوە گەیشـتە ٥٦,٣٤٧ و ئەوەی مامۆستایان لە٧٦٢ەوە گەیشە ٢,٦٠٣ مامۆستا. هـەروەها ژمـارەی منداڵانـی خوێندنگـەی سـەرەتایی لـە١,٠٠٧٠٥٠ ەوە گەیشـتە٥٦٦ ٢,٠٤٨ و ژمـارەی مامۆستایانی سەرەتایی لـە٤٧,٠٥٨ ەوە گەیشـتە ٠٧٨,٠٦٠. ژمـارەی خوێندنگـەی ناوەندی و دواناوەندی لە ٩,٤٢٨ەوە گەیشتە ٢١,٢٥٦. ژمارەی خوێندنگە پیشـەیەكان لە٩,٧٥٣ ەوە گەیشتە ٣٥,١٨٨ وژمارەی مامۆستایان لە٢,١٩٣ەوە بۆ ٢,٣٣٣ لەساڵی ١٩٧٥ەوە هـەتا سـاڵی ١٩٧٧ ژمـارەی خوێندكـارانی خوێندنگـەی ئامـادەكردنی مامۆستایانی سەرەتایی لە٢٣٨, ٨ ەوە گەیشـتە ١٧,٣٣٧و ئـەوەی مامۆسـتایان لـە

٤٠٥ ەوە بۆ٦٦٦ . لەساڵی ١٩٧٧ ژمارەی خوێندکارانی زانکۆ عیراقییەکان بریتی بوو لە ٨٥,٣٩٩و ژمارەی مامۆستایانی زانکۆ بریتی بوو لە٤٩٧ ,٤ مامۆستا [١١١].

ئەگەر چاوێك بخشێنین بەسەر ژمارەی دانیشوانی گشت عیراق لەساڵی ١٩٧٧، تێبینی دەکەین کەبریتی بوو لە ١٢, ٠٢٩٠٠٠ دوانزە ملوێن‌و بست و نۆ هەزار[١١٢]. لەم ژمارەیەوە دەتوانین ئەوە هەڵنجێنین (استنتاج بکەین) کە٢٤,٢٪ ی عیراقیەکان پێکهاتبوو لەمنداڵانی کەمتر لەتەمەنی ٢٢ ساڵ. لەساڵی ١٩٨٤، ژمارەی خوێندکارانی خوێندنگەی سەرەتایی پێکهاتبوو لەدووملیۆن‌و ئەوانەی خوێندنگەی ناوەندی‌و دواناوەندیی ئەوانیش لەدووملیۆن و ئەوانەی زانکۆ لەیەك ملیۆن‌و ئەوانەی ناو خوێندنگەی ئامادەکردنی مامۆستایان‌و دەزگا پەروەردەییەکانی دیکە لەیەك ملیۆن [١١٣]، واتا زیاتر لەسەدا چل ٤٠٪ لەژمارەی گشتی دانیشتوانی عیراق. دەتوانرێ بوترێ کە لەکۆتایی هەشتاکاندا، نەوەیەکی تەواو لە گەنج کەتەمەنیان کەمتر بوو لە٢٦ ساڵ گەورە بوبوون‌و پەروەردە کرابون لەژێر سێبەری تۆتالیتاریزمی بەعسی. مامۆستای هەموو ئاستەکان‌و کادێری حیزبی‌و فەرمانبەری برۆکراسیەتی دەوڵەت‌و پزیشکی کەمتر لە٢٦ساڵ ، هەموویان گەورەبوون لەناو ئەو خوێندنگایانەی کە ئەرکیان بریتی بوو لەڕیشەکێش کردنی کەسایەتی تاکی عیراقی‌و بەمیکانیکی کردنی شێوەی بیر کردنەوەی‌و هەتا ئێسقان سیاسەتاندنی سایکۆلۆژی‌و گۆرینی لاشعوری‌و بەرنگارکردنەوەی دژی هەموو کەسێك کە نەدەگونجا لەگەڵ پەیڕەوی تۆتالیتاری. ئەمانە هەموویان گەورە بوون لەناو سیستەمێکی پەروەردە کەدەیویست هاووڵاتی بخاتە ناو بوتگەی باوەری بەعسی‌و لەسەر ئاستی رۆحی "پاکیان بکاتەوە" بۆئەوەی رێگەی فەزیلەی بەعسی بدۆزنەوە. هەمویان پەروەردە کران لەسەر پرینسیپی نەسیۆنالیستی "باووباپیرەیی" و زینۆفۆبی رۆشنبیری عەرەبی وەك میشێل عەفلەق‌و زکی الارسوزی‌و ساطع الحصری. هتد. هەمویان دووچاری هەوڵی تێکدانی (تشویە) ئایدۆلۆژی- سیاسی بونەوە بەتایبەتی لەجەنگی ئێران - عیراقەوە. لەساڵی ١٩٨٠ ەوە منداڵان‌و گەنجی عیراقی راهێنران لەسەر ناوەرۆکی شۆڤینی‌و رەگەزپەرستانەی ئەو

نامیلکەو کتێبانەی کەدەنوسران بۆیـــان: "هــەڵۆی عــەرەب"، "منــداڵو زرێپــۆش"، "سەرۆکی سەرکەوتن" ، "گۆرانی سەرکەوتن"، "گۆرانی بۆ جـەنگ"، ئەمانــە بــوون هەندێ لەناوی سەرگروشتەو چیرۆك بۆمنداڵان (١١٤).

"سێ شت کەنەدەبو یەزدان بیانهێنێتە دنیاوە: فــارسو جولەکــەو مێــش"، چونکــە "فــارس ئــاژەڵن لەســەر شــێوەی مــرۆڤ" وجولەکــە "تێکــەڵێکن لــەزبڵو پاشمــــاوەی میللەتانی دیکەو " و مێشیش "مەخلوقی بێ واتانــە" "کــەس نــازانێ هــۆی هاتنــە دنیاوەی چیە" (١١٥). ئەمە بوو ئاستی خیرواللە تفاح، زڕبــاوكو خــاڵو خــەزوری ســەدام حوسەین. لەسەر ئەم پرۆپدیتیکە هاووڵاتیانی عیراق پــەروەردەکران. ئــەوە نــەبێت کــە سیستەمی پەروەردەیی عیراق هــەر لەدامەزراندنیــەوە، چوارچێوەیــەکی رێــكو پێکــی هەبوبێت. بەڵا م دەبێ بوترێ کە بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمی بەعســـدا سیســتەمی پەروەردەیی عیراقی کرا بەبناغەیەك بۆ بەکۆیلە کردنی عەقڵیو رۆحــیو ســایکۆلۆژی منداڵو تێکشکانی یەکیەتی خێزانو پارچە پارچەکردنی نەسیجی(النسیج) پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاسایی لــەنێوان ئــەندامانی کۆمــەڵی عــیراقی. لــەناو کۆمەڵگەیــەکی تەقلیدی وەك ئەوەی وڵاتی عیراقی، پەیوەندیە خێزانیــەکانو پــەیوەندی برادەرایــەتیو خۆشەویستی بۆدراوسێو کەسو کار، یاساو فۆرمی پیرۆزی هەڵسوکەوتی پێکدەهێنــا. رێزی منداڵ بۆ باوكو دایكو رێزی گەنج بــۆ خــەڵکی بەتەمــەنترو متمانــە بــەبرادەرو دراوسێ، دەردەکەوتن وەك بەها هەرە پارێزراوەکان. لــەو کاتــەی کــە ویســتی منداڵــی خســتە جــێی دەســەڵاتی بــاوكو دایــكو خۆشەویســتی برادەرایــەتی خســتە جــێی خۆشەویستی بۆ حیزبو متمانە بە دراوسێی خستە جێی بێ متمانەییو دوو ڕوویــیو ترس، تۆتالیتاریزمی بەعسی عیراقی گۆڕیو کردی بەکۆمــەڵی سیخوروجاسوسیەت. تۆتالیتاریزمی بەعسی منداڵی دا بەگژی باوكو دایكو خوشكو براودراوســێ کــەسو کار، برادەری دا بەگژ بــرادەرو دراوســێ بــەگژ دراوســێ... هتــد. لەروانگــەی ســەدام حوســەینو نەســیۆنالیزمی عەشــیرەگەری بەعســیەوە، ئەمــە دژاو دژ نــەبوو لەگــەڵ سروشتی کۆمەڵگەی عیراقی. منداڵی خستە سەرووی دەسەڵاتی باوکەوەو بەرزی کردەوە

بۆسەر ئاستی مامۆستا لەناو خێزانداو فێری کرد کە "بەرێزەوە" بەرنگاری باوكو دایکی بێتەوەو شکاتیان لێ بکات کاتێك لەگەڵ بیروڕای حیزب نەدەبوون یاخود دژی حیزب دەبون، ئەمانە هەموو دژاو دژ نەبون لەگەڵ ڕێزگرتن بۆ باوكو دایكو پرنسیپی یەکیەتی خێزان چونکە: "نابێ یەکیەتی خێزان بوەستێەوە سەر بنچینەی تێڕوانینی دواکەوتن، بەڵکو دەبێ سەرچاوە بگرێو پتەو بێ لەسەر بنچینەی گونجان لەگەڵ ئاراستەی ناوەندی سیاسەتو نەریی شۆرش لەپێناوی بنیادنانی کۆمەڵگەی نوێ. هەموو جارێك کەیەکیەتی خێزان دژاو دژ دەوەستێەوە لەگەڵ ئەم ئاراستەیە (٠٠٠) دەبێ ئەم دژاودژە چارەسەر بکرێ لەبەرژەوەندی ئارستەی نوێ"[١١٦].

چ وەڵامێك دەتوانرێ بدرێتەوە بۆ سیستەمێکی سیاسی کەیەکیەکی خێزان دەوەستێنێتەوە سەر ئاراستەو نۆرمویاسای بەعسی، کەخێزان بێ بەش دەکات لەئازادی رەفتارو هەڵسوکەوتی رۆژانەو دوری دەخاتەوە لەسەربەخۆیی بۆ چارەسەرکردنی کێشە لەنێوان ئەندامانداو مخالەفەی ئەو پرینسیپە گەردوونیە دەکات کەخێزان دادەنێ بەکیانێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ دوور لەهەموو دەستێوەردانێکی سیاسیو ئایدۆلۆژی . بەلای تۆتالیتاریزمی عەشیرەگەری بەعسی عیراقیەوە، خێزان کۆمەڵێکی سروشتی نییە کەسەرچاوە دەگرێ لەچەمکی ئازادی، بەڵکو کیانێکە کەدەبێ بوەستێتەوە سەر ئەو پەیوەندیە سیاسیانەی کەئەندامان ئاراستە دەکەن بەرەو ئامانجێك کە بە تەواوی بگونجێ لەگەڵ " نەریتی شۆرشگێڕانە". رەفتارو هەڵسوکەوتی ئەندامانی خێزان دەبێ لەخزمەتی ئایدۆلۆژیای حیزبدا بن. پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان دەبێ ڕێك بخرێت لەسەر بنچینەی هەستو سۆزو "ئاراستەی نوێ" ی حیزبی بەعسو سەرۆکەکەی.

لەڕاستیدا، ئەگەر چاوێك بخشێنین بەسەر ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژیاو هەڵسوکەوتی رژێمە تۆتالیتابیەکان، تێبینی دەکەین کەسیاسەتی بەعس سەبارەت بە "ئۆتۆمیزە" کردنی خێزان لەرێگەی "سۆزانی کردنی" prostitution کردنی سایکۆلۆژی لاوانو مندالانو نەهێشتنی متمانە لەنێوان ئەندامانی خێزاندا، هاوتەریبە لەگەڵ ئەوەی نەسیۆنال سۆشیالیزم. بالەنزیکەوە ئەم خوێندنەوەیە بکەین.

کاتێك کەبنیادنانەوەی نەریتو خولقـاندنی کۆموڵگەیـەکی نوێـی هـان دەدا، نەسیۆنال سۆشیالیزمیش خێزانی ئەڵمانی کرد بەپێکەی توندوتیژی لەنێوان منداڵانو دایكو باوكو خوشكو برا. منداڵان کەدەسیاسەتێنران لـەناو خوێندنگـەو ڕێکخـراوی لاوان، هان دەدران بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەوەی کە لـەلای نازیـەت بریتـی بـوو لـەهێزی هەڵوەشاندنەوەی ئەخلاقی هەڵوێستی باوكو دایك. هیتلەر دەیگوت "ئـەوەندە گرنـگ نییە بەلامانەوە(. . .) کە لاوان بەشێوەیەکی کاتی بکەونـە ململانـێ لەگـەڵ بـاوكو دایکیان، بەمەرجێك لەڕێگەی هەڵوێستیانەوە یارمەتیمان بدەن هەیکەلی کۆمەڵگەی نوێ بنیاد بنێن بۆ چەند سەدەیەك"[117]. ئۆپێرەسیۆنی" سینکرۆینیزە کردنی ڕۆحـی" (spiritual synchronization)[118] ئامانجەکـەی بریتـی بـوو لەبـەخێوکردنی ئایدیۆلۆژی نەوەی نوێو ڕاهێنانی لەسەر "یەك شێوەی بیرکردنەوە". هەر وەك گۆبلـز Goebbels لەساڵی ١٩٣٤ دەیگـوت" ئێمـە دەتوانـین بڵێـین، ئەوانـەی کـە لـەناو جیـهانێکی بیروبـاوەڕی جیـاواز لەئێمـە گـەورەبوون، ڕایـان دەهێنـین بەیـەك شـێوە لەبیرکردنەوە. تەنـها ئومێدمـان بـە نـەوەی داهـاتوە(چونکـە) کەراکتـەری کۆتـایی دەبەخشێ بە نەتەوەکەمان"[119]. ئـەم بەرزخوازیـە، بـەلای نازیزمـەوە، بـەدی دەهات لەڕێگەی گواستنەوەی متمانەی منداڵ بەباوكو دایك بۆ متمانـە بـەحیزبو شۆڕشـی نازی. ئەو پەیوەندیە بەسۆزیەی کە منداڵ هەییو بەباوكو دایکی پێویست بـوو ڕێگـە چۆڵ کات بۆ داخوازیەکانی خولوقیەتی نازی. لەبەر ئەم هۆیە، گۆڕینو کردنی منـداڵ بە ئەکتەرێکی کۆنترۆڵ کردن لەناو شانەی خێزانیدا دەبوایە خزمەتی پرینسیپی قوڵـی بیروباوەڕی نەسیۆنال سۆشیالیزمی بکردایە. بێ گومان، ئەنجامەکە نەیدەتوانی جیاواز بێ لەوەی ڕژێمی بەعس: شکات کردن لەباوكو دایكو برا لەپێناوی خزمـەت کـردنو هێشتنەوەی سیستەمی نازی. لەناو ڕژێمێکی وادا کە ئومێـدی بەتواندنـەوەی "منـی بچوك" هەبو لەناو " ئێمەی کۆ" دا[120]، شتێکی سروشتی بوو کە "کەنجی مـەزن" ی هیتلەری، هەروەك " گەنجی عەرەبێ سەدامی، ڕابهێنرێ "بەڕێزەوە" شـکات بکـات لەوانەی کە لەناو" جیهانێکی جیاواز لەبیروباوەڕ" گـەورەبوبون. برونـۆ بێتتێلـهایم

Bruno Bettelheim کـەخۆی شـایەتی زەبروزەنگـی نـازی بـوو بـەفراوانی شـێوازی نەسیۆنال سۆشیالیزم روون دەکاتەوە:

" منـدالان، بەتایبـەتی ، لەخوێندنگـەو رێکخراوەکـانی لاوانـی هیتلـەری(. . .) دەسیاسەتێنران‌و هان دەدران بۆ جاسوسیەت بەسەر باوك‌و دایکیانەوەو لەلای دەسەلات شکاتیان لێ دەکردن "[١٢١]. هەر وەك حالەتی عیراقی بەعسی، چەندین باوك‌و دایـك‌و خوشك‌و برا هـەبون کـە فـرێ درابونـە بەندیخانـەوە بـەهۆی شـکاتی منـدالانیـان. " ژمارەیـەك لـەباوکی خـێزان خۆیـان دەدۆزنـەوە لەبەندیخانـەو ئۆردوگـای زۆرە ملـێ، کەشکاتیان لێ کـراوە لەلایـەن کورەکانیانـەوە، لەبـەر ئـەوەی هەسـتی دژیـان هەیـە بەرامبەر دەولەتی نوێ، لەلایەن ئەو کورانـەی کـە(گـەنجی) بەپـەروش‌و لێنـەبوردون لەپێناوی مەسەلەی (نازی)" [١٢٢]. شایستەی هێلێ بەژێر هێنانە کە لەناو پێکـادانـدا لەگەلێ باوك‌و دایکیان، مندالان هوشیار نەبون بەرامبەر ئەوەی "دلسۆز بن بەرامبـەر باوك‌و دایکیان یاخود ئەرکی خۆیان راپەرێنن بەرامبـەر دەولـەتێك کـەفێری شـکات کردنی کردبون دژی خائنان "[١٢٣]. ئەگەر لەناو خێزانێکدا، ئەندامانی نازی نەبونایـە یـان دژی نەسـیۆنال سۆسـیالیزم بونایـە، "منالـەکانیان نـارەزایی خۆیـان دەردەبـرِی بەرامبەر بیروباوەرِی باوك‌و دایکیان" یـاخود رەخنـەیان دەگـرت لـە "بـاوك‌و دایکـی خۆیان". ئەنجامی ئەم هەلسوکەوتە بریتی بـوو لـەوەی کـە بـاوك‌و دایـك وابەسـتەی ئـەوەبون" هـەولێ بـدەن بـۆ شـاردنەوەی بـیرورِا راسـتەقینەکانیان" تەنانـەت لـەناو مـالیش[١٢٤]. بێ گومـان، بێ متمانـەیی بەرامبـەر منـدالان، رەنگـی دەدایـەوە لـەناو پەیوەندی نێوان باوك‌و دایك‌و خزم‌و کەس‌وکارو بـرادەر[١٢٥]. هـەندێ جـار هـەبو کـە لەرێگەی مندالەوە پەیوەندی دروست دەبو لەنێوان ئەوخێزانانەی کە سەر بەرژێم بـون، بەلام ئەم پەیوەندیە زۆری نەدەخایەندو منـدالێ دەبو بەفاکتەری تێکچـون‌و توندوتیـژی. لەهەمـان کاتدا، ئەو پەیوەندیانە تێك دەچون کەسەرچاوەیان نەدەگرت لەبەشداری بـون لەهەمـان بەهای نازی. تێبینی دەکرا کە دایك‌و باوك دەسـەلاتی تـەقلیدی خۆیـان وون

دەكرد لەسەر منداڵ چونكە رژێمی نازی ئازادی دەدانێ لەكۆنترۆل كردنیانو شكات كردن لێیان لەكاتی نەگونجانیان لەگەڵ یاساكانی رژێم[١٢٦].

ئەم هەڵسوكەوتەی هاوبەش لەگەڵ هەموو تۆتالیتاریزمێك لەراستیدا تەواوكەری چەوترینو خراپترین حیساباتی نەسیۆنال سۆشیالیزم بوو: ئەوەی پەیوەست بە خۆراك بەخشین بەهەستی جیاوازی ئەخلاقیو سایكۆلۆژی لەنێوان دوو نەوەدا بەشێوەیەكی سیسێماتیكو، ئەوەی پەیوەست بە هاندانی بەنزم تەماشاكردنی یەكتری لەپێناوی دەرخستنی گەورەییو مەزنی پەیامی ئایدۆلۆژی[١٢٧]. باوكو دایك دەیانتوانی چی بكەن؟ بێ گومان، لەناو بێ دەسەلاتیو باری سیاكۆلۆژی دژوارو خەمو خەفەت، ناچار بون خۆیان بدەن بەدەستەوە. قەناعەتی سیاسیو ئەخلاقیو باوەڕ بەبەهای بەرز، نەیان دەتوانی بەرگری بكەن بەرامبەر زەبرو زەنگی رژێم. ئەوانەی كە دژ بەنازیزم بون، زۆربەی زۆریان وازیان هێنا لەخەبات كردنو تنازلیان كرد بۆ رژێم. بەبێ ئەوەی خۆیان بنوسن لەناو حیزبو بەبێ پەسەند كردنی بەهاكانی، دەستیان كرد بەكەڵك وەرگرتن لەرژێم. لەپێناوی ژیانێكی ئاسودە لەگەڵ خێزانیانو دراوسێدا(. . .)، لەپێناوی ئەوەی هەڕەشە نەكرێن لەلایەن پۆلیسی نهێنیەوە، وكاتێك كەسوودیان وەردەگرت لەو چاكەیەی كەرژێم دەی رەخساند بۆ ئەندامانی خۆی، لەم بارودۆخەدا، زۆربەی زۆریان سەرجەم بەهاكانی رژێمیان پەسەند كرد" [١٢٨].

شایستەی وەبیرهێنانەوەیە كە نەسیۆنال سۆشیالیزم لەسالآنی ١٩٣٠دا ئەزمونی خۆی تەواو كردو ئێستاش باوی نەماوە، بەلایەنی كەمەوە ئومێد دەكرێ بەهاكانی لەناو بچن. ئەو كۆمەڵگە تۆتالیتارەی كە دەیویست بنیادی بنێ وەك كۆشكی كارتۆن روخا. هەروەها بەعسی عیراقیش هەرەسی هێناو ئەو كۆمەڵگە تۆتالیتاریەی كەدەیویست بنیادی بنێ، ئەویش، وەك كۆشكی كاتۆن روخا. لەماوەی پتر لەچارەكە سەدەیەك، بەعس چوارچێوەی ئەخلاقیو سایكۆلۆژی تاكی عیراقی تێكو پێك شكاند. جگە لەوەی كەتائێستا باسمان لێوەكرد، شایەتی نوسەرێك باشتر هەڵسوكەوتی تۆتالیتاریزمی بەعسیمان تێ دەگەیەنێ: "باسی منالێكی یانزە سالیان كرد كە

لەخوێندنگە شتێکی ووتبو. پاش قسەکردن لەگەڵی، بۆ ماوەی دوو مانگ دایكو باوکی وون بوون(. . .). باوكو دایك کە بەعسی نەبون بەبەردەوامی لەبەردەم منالەکانیان خۆیان بەو کەسانە لەقەڵەم دەدا کە پشتگیری لەرژێم دەکەن یان هانیان دەدان کە لەناو رێکخراوەکانی لاوان خۆیان بنوسن. خۆ گونجان بەم شێوەیە لەگەڵ یاسادا ئەوەندە سەرنجی ئەمو ئەو راناکێشێو پتر زامنی ئاسودەیی دەکات بۆ منالان"[١٢٩]. نوسەرێکی دیکە دەڵێ کە لەساڵی ١٩٨١، واتا کەهێشتا رژێمی بەعسی نەگەیشتبوە ئەو درندەییە، زۆر لەعیراقیەکان کەتەمەنیان لەچل ساڵ زیاتر بوو دەیانگوت کەبەعسی نەبون، بەڵام زوو بەزوویی لەترسا دوپاتیان دەکردەوەکە "شانازی" دەکەن بەوەی کە کچو کوڕیان ئەندام یاخود لایەنگیری حیزب بوون[١٣٠].

گومانی تێدانییە، ئەمە هاوبەشی دەکات لەگەڵ جیهانبینی نۆرمەتیڤی ئایدۆلۆژیای بەعس کە مندالان جیا دەکاتەوە لەخەڵکی کامڵ. مندالان، هۆشیاریان نییە بەرامبەر خۆیان، مندالان کەلەپوری حیزبینو دەکەوێتە سەرحیزب پەروەردەیان بکات پێش ئەوەی موڵکی باوكو دایکیان بن، موڵکی حیزبن. سەدام حوسەین دەیگوت کە مندالو گەنج ئینتیمای کۆمەڵایەتی یان هی چینایەتیان نییەو رەهەندێکی دیاریکراوی سیاسیان نییە. لەبەر ئەم هۆیە حیزبو دەوڵەت دایكو باوکیانن[١٣١]. نەسیۆناڵ سۆشیالیزم چی دەگوت؟ گەنج موولکی هەموو میللەتە بەو واتایەی کەموڵکی حیزبە چونکە باوكو دایكو مامۆستا تەنها ئیدارەی پەروەردە دەکەن [١٣٢]. بۆ هەردوو ئایدۆلۆژیو رژێم ئەمە واتای ئەوە بوو کەئەوانەی ئاستەنگ دادەنێن لەبەردەم گەشە کردنی مندالْ، دەبێ تەحەموولی ئەنجامەکەی بکەن. ئەمە بوو کەوانەی نەسیۆنالیزمی تۆتالیتار لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا.

پەراوێزەکان

١-بڕوانە

The 1968 Revolution in Iraq: Experience and Prospects , The Political Peport of the Eighth Congress of the Arab Bath Socialist Party , January , 1974 , Itacha Press, London, 1979.

٢-لە ڕۆمانی کۆندا حەرەسی پرێتۆری ئەو سەربازانە بوون کە ئیمپراتۆریان دەپاراست . لە سەدەی سێهەمدا حەرەسی پرێتۆری توانیان کودەتایەك رێك بخەن دژی ئەوەی کــە دەیــان پاراســت و یــەکێك دابنێن لە جیاتی .

مەبەست لە تیڕوانینی پرێتۆری، رێکخستنی کودەتایە لە ناو دەوڵەتدا . بڕوانە :

. Maurice Duverger, De la dictature, R. Julliard, Paris, 1961, p.ll.

3- Shafik al- Samarraie, Le parti bath arabe socialist et son role politique depuis sa creation a nos jours (these de Doctorat), Faculte de . -droit et des sciences economiques, Universite de Nice, 1976 ,pp. 73-78.

4- Christine Moss Helms, Iraq Eastern Flank of the Arab world, The Brookings Institution ,Washington ,D.c,1984 ,p.85.

5- Ibid . ,p.88.

6- Ibid. ,pp.86-87

٧- حسن العلوي ، العراق دولة المنظمة السرية ،١٩٩٠ ل ١٨ .

8- Kamel, S.Abu jaber, The Arab Bath socialist Party, History andOrganization , Syracuse University Press,1966 , p.141.

٩- بەلای حەننا بەتاتوەوە رێکخراوی حیزبی بەعس دوو جۆر لە ئەندامی دەگرتەخۆی :"ئــەندامی ئەکتیف " "پالێوراو".

پالێوراو پاش شەش مانگ دەیتوانی ببێ بە ئەندام بڕوانە :

Hanna Batatu ,The Old Social Classes and the Revolutionary Movement of Iraq :op.cit. , pp.742-745.

10- Ibid. P.816

11- Ibid. p 1078.

12- Samir al-Khalil, op. cit. PP.71-72.

13- Christine Moss Helms,op. cit .P.87.

١٤- الثورة و النظرة الجديدة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ل ١٤٠.

١٥- سەدام حوسەین لە:

Efraim Karsh and Inari Rauts:
Saddam Husayn ,A political Biography,Bpcc
Wheaton ,London ,1990,p.177.

16- The 1968 Revolution in Iraq,op .cit .,p.111.

17- Maurice Duverger ,Les Partis Politiques ,Librairie Armand Colin (2e edition),Paris ,1976,p.44.

18- Hannah Arendt ,Le systeme totalitaire, les Origines du totalitarisme,Ed. Du Senil ,p.92.

19- Maurice Duverger ,Ibid .,p.45.

٢٠-ئەم زانیارانە وەرگیراون لە :

Jean Sigman ,Qu'est-ce qu'un nazi ?, Etude de la division de l'Education publique (sans date),pp.23-28,p.46.

21- Hannah Arendt ,op.cit.,p.242.

22- I bid .,p.50, p.93.

23- J.Friedrich and Zhigniew K. Brzezinski ,Totalitarian Dictatorship and Autocracy ,Friedrich , A. Praeger Publishers , New York , Washington , London , 1965 , p.57 .

24- Henri Bergelin , Qui etait nazi , in , Les annees trente , De la. crise a la guerre , Ed.du Seueil , 1990 , p.21

25- I bid . , p.21

26- Hannah Arendt , op.cit ., p.49.

27- Ibid ., p63.

28- Jean Sigmann , op.cit.,p.34.

بۆ زیاتر لە زانیاری لەسەر پۆلیسی نهێنی نەسیۆنال سۆسیالیزم و کەسایەتیەکانی گێستاپۆ ، بڕوانە :

Louis Saurel , La Gestapo , Ed . Rouff, Paris, 1967.

هەروەها:

Heinz Hohne , Lordre noir , histoire de la S.S., Casterman , 1968 , p.19

29- Hannah Areudt , op.cit., p.269.

هەروەك Heinz Hohne دەڵێ ، مێژوی یەکەکانی S.S. لە بەهاری ١٩١٩ دەستی پێکرد لەکاتی بارو دۆخە ناخۆشەکەی پاش جەنگی جیهانی یەکەم و تێکەڵ بوو بە ئەزمونی بزوتنەوەی نەسیۆنال سۆسیالیزم ، بڕوانە :

Heinz Hohne , Ibid . p.19.

30- Pierre Aycobery , La question nazie , les interpretation du national-socialisme, Ed.du seuil , p.274.

31- Francois Bayle , philosophie et ethiqne du national-socialisme , Etude anthropologique des dirigeants S.S. (These de doctorat) , PUF , Paris , 1952,p.379.

32- Carl J.Friedrich , op.cit., p.178.

بڕوانە هەروەها :

Pierre Angel , Hitler et les Allemands , Editions sociales , Paris , 1982 , pp.337-340.

٣٣- ئەم زانیاریانە لەم لێکۆڵینەوانەی خوارەوە وەرگیراون :

Samir al-khahil , op . cit., pp.40-45، Judith Miller and Laure Mylroie , Saddam Husayn and the Crises in the Gulf , Random House , Inc., New York , 1990 , pp.48-49 ،Richard F.Nyrop, Iraq , A country Study , Washington , D.C., 1979 , pp.249-250، Efraim Karsch , op. cit., pp.180-181 ، Pierre Salinger et Eric Laurent , Guerre du Golfe , le dossier secret , Olivier Orban , 1991 , p.25.

34- Paul Battata, Iran Irak, une guerre de 5000 ans, Editions Anthropos, Paris, 1987, p.73.

35- Ibid.,p.73

٣٦- حسن العلوى ،العراق دولة المنظمة السرية ، ١٩٩٠ ، ل٤٢ .

37- Morroe Berger, Les regimes du militaires du Moyen orient, in Orient, 3e trimestre, M. 15, p. 23, ١٩٦٠.

38- Ibid.,p.24.

٣٩ –بڕوانە:

ڕاپۆرتی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی بەعس عەرەبی سۆسیالسیت لەناوکتێبەکەی:

Kamel S.Aba Jaber, The Arab Bath Socialist Party, History and Organization, Syracuse University Press, 1966,P.162.

40- Richard R.Nyrop, Iraq, A Country Study,Washington, D.C., 1979, 252.

بۆزانیاری لەسەر رۆڵی سەدام حوسەین لەناو" ناسەربازاندنی" دەسەڵاتی بەعس، بڕوانە:

Amazia Baram, The Ruling Political Elite in Bathi Iraq, 1968- 1986, The Changing Features of a Collective Profile, in, International Journal of Middle- East studies, vol. 2, Fosc. IV, 1989, pp.447-493.

41- The 1968 Revolution in Iraq, Experience and Prospects, The Political Report of the Eighth Congress of the Arab Bath Socialist Party, 1974, Itacha Press, London ،1979 ،PP.103-105.

42- Ibid., P105.

43- Richard R. Nyrop, op. cit., P. 238.

44- Samir al- Khalil, La machine infernale, politique de l'Iraq moderne, Ed. Jean-Claude Lattes, 1991, P.99.

45- Le monde, 3/8/1990, n. 14157.

46- Richard R.Nyrop, Ibid., P.242.

47- Ibid P.239, PP.242- 243.

48- The 1968 Revolution in Iraq, Experience and Prospects, op.cit.,p.175

Anthony H. Cordesman, Iraq and the Conventional Military Balance, 28 June 2002.

49- Rechard R. Nyrop, Iraq, A Couutry Study ،op.cit.,248,

بڕوانە:

The Guardian, November, 2002 .

50- Ibid .,249.

51- I bid. , p.248.

52- I bid. , p.248.

بۆ زیاتر لە زانیاری فراوان، بڕوانە:

International Institute for Stratetegic Studies, The Military Balance, 1987-1988, London, p. 100. International Peace Research Institute, World Armament and Disarmament, SIPRI, Oxford University, 1987, pp. 250-253.International Herald Tribune, November 18, 2002. International Herald Tribune, March 26, 2003.

53- Pierre Angel, Hitter et les Allemands, Editions Sociales, Paris, 1982, p.321,p.337.

54- Recueil des actes du Grand Conseil Fasciste, in, Alberto Acquarone, Organizazione dello stato totalitario, Studi e documeuti del tempo fascista, Giuliono Einaudi editore, Torino, 1965,p.20.

55- Francesco Luigi Ferrari, Il regime fascista Italiano, Edizioni di storia e letteratura, Roma, 1983,p.218.

56- I bid.,pp.219-220.

57- Pierre Milza et Serge Berstein, Le fascisme italien, 1919-1945, Editions du Seuil, Paris, 1980,p.197.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میلیشیای ئیتالیو پەرەسەندنی، بڕوانە:

Alberto Acquarone,op.cit.,pp.15-24
Alberto Acquarone, La Milizia

هەروەها:

Volontaria nello stuto fascista, in, La Cultura, II,n.3, 1964, pp.259-271, n.4,1 964, pp.360-374.

* بۆ زیاتر لە زانیاری سەبارەت بەم ڕیکخراوانەو پەرەسەندنیان لەم ساڵانەی دواییدا، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

Helen Chapin Metz, A Country Study, Federal Research Division, Library of Congress,1988.Sarah Graham-Brown, Sanctioning Saddam: The Politis Intervention in Iraq, London and New York: IB Taurus, 1999. Human Rights Watch, Forced Expulsion, Sept. 2002

٥٨-میشل عفلق، الجیل العربی الجدید، في سبیل البعث، دار الحریة للطباعه، الطبعه الرابعة عشر، ١٩٧٥، ل١٥٠-١٥٧.

٥٩-ئەم زانیاریانە لەم سەرچاوانەی خوارەوە کۆکراونەتەوە:

Charles Saint –Prost, Saddam Husayn,un gaullisme Arabe? Edition Albins Michel, Paris 1987- p.89. Christine Moss Helms, Iraq Eastern flank of the Arab world, Washington, D.c., 1984, pp.96-98.
Samir al-khalil, La machine infernale, Politique de l'Irak moderane, ed. Jean-Claude Latte's, 1991,p.249.

60- Charles Saint Prost, Ibid.,p.87.

61- The 1968 Revoliton,op.cit., p.p117-118.

62- Ibid.,118.

63- Ibid.,p.174.

٦٤- بڕوانە صدام حسین، الثورة والنظرة الجدیدة، دار الحریة للطباعه، بغداد، ١٩٧٨، ل ١٣٧.

٦٥- هـ. س، ل ١٣٨.

٦٦-هـ. س، ل ١٣٩.

٦٧- هـ. س، ل ١٣٩.

٦٨- هـ. س، ل ١٤٠و١٤١.

٦٩- هـ. س، ل ١٤٥.

70- Jean Sigman,Qu'est-ce qu'un nazie? op.cit.,p.38.

71- Carl J.Friedrch and Zbigniew K.Brzezinski, Totalilarian Dictatorship and Autocracy,New York,1966,p.61.

72- Adolf Hiller, Mein Kampf , Nouvelles Editions lalines, Paris, P.401.

73- Ibid.,p.404.

74- Bernard Otto, Le Livre Pour la jeunesse et le troisieme Reich, in, Nazisme et les jeunes, actes du Collque Franco – Allemands, 18-19 November, 1983, Prresse Universitaire de Nancy, p.p39-40.

: بڕوانە هەروەها:

Jean Sigman,op.cit.,p.58.

٧٥- بۆ زانیاری زیاتر لەزانیاری، بڕوانە:

Henri Bergeling ,Qui etait Nazi?op.cit.,p.19.

Martin Brozat,L'etat Hitlerien, L'origine et l'evolution des structures du troisieme Reich, Fayard, Paris, 1985, p.395. Carl J.Friedrich and zbigniew K.Brzezinski, op.cit., p.62.

76- Henri Berr, Le mal de la jeunesse allemande, Problemes d'avenir, Ed. Albin Michel, Paris, 1946,p. 23.

77- Baldur Von Schirach, in, Henri Berr,Ibid, p,34.

78- Carl J. Friedirch, op.cit., p.396.

٧٩- بڕوانە هەردوو سەرچاوە:

Pierre Milza et Serge Berstein, Le fascisme italien 1919-1945, Editions du Seuil,Paris, 1980,p.203,p.212.

Carl J. Friedricl,Ibid.,p.62.

)80- Alberto Acquarone,L'organizzazione dello stato totalitario, op.cit., pp. 61-62.

81- Louis Cavare،

La notion d'etat dans le regime hitleien, Travaux Juridiques de l'Universite de Rennes, Tome XIV, Librairie Plihon,Rennes, 1935,p.30.

82- Gelmer W. Blackburn, Education in the Third Reich, Race and Hitistory in Nazi Textbooks, State University of NewYork Press, NewYork, 1985,p.97.

٨٣- بڕوانە هـ. س، ل٢.

84- Edmond Vermeil, Hitler et le christianisme, Gallimard, Paris, 1939, p.66.

85- Claudia Koontz, Les meres–Patrie du lllem reich, Les femmes et le nazisme, Lieu commun, 1986, p.478.

86- Gilmer W.Blackburn, op.cit., p.95.

٨٧- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:

Hitler, Mein Kampf, op. cit., pp.24-25, p.413-427

88- Benito Mussolini, La doctrine du fascisme, Wallecchi Editore, Firenze, 1935, p.15,p.18.

89- Ibid., p.69.

90- Pierre Milza et Serge Berstein, Le fascisme italien ،op.cit., p.207.

91- Ibid.,p.205.

92- Carl J.Friedrich, op.cit.,p.157.

٩٣- ئەگنۆستیك agnostic ئەو کەسەیە کەتەنها باوەڕی هەیە بەوەی کە ناتوانرێ هیچ شـــتێك بزانرێ سەبارەت بەیەزدان. سەرچاوەی زانین بریتیە تەنها لەشتی مـــادی و هـەموو شـتێك لەرێگـەی تەجریبەوە دەناسرێ. بەشێوەیەکی گشتی ئەگنۆستیك ئەو کەسەیەکە بیرو رای نییە سەبارەت بەئایین.

94- Ibid., p. 158.

95- The 1968 Revolution, Experience and Prospects, op. cit., p.113, p.171.

96- Ibid., p. 170.

97- Ibid., p. 171.

٩٨- صدام حسين، الموازنة بين الحقوق و الواجبـات، الثـورة والنـظرة الجديـدة، دار الحريـة للطباعـة، بغداد، ١٩٨٧، ل٥٢.

٩٩- صدام حسين، الديمقراطية مصدر قوة الفـرد والمجتمـع، الثـورة و النظـرة الجديـدة، ه ـ س. ، ل ٢٣ـ ٢٤.

١٠٠- هـ ـ س. ل ٢٥.

١٠١- ل، ٣٢

١٠٢- ل، ٢٥

١٠٣- ل، ٢٨

١٠٤- ل ، ٢٤

١٠٥- ل٢٨.

١٠٦- ل.٢٩ـ ٣٠

١٠٧- ل٣١ـ ٣٢

١٠٨- صدام حسين، حول أفاق التربية واستراتيجيتها، الثورة والنظرة الجديد، ه ـ س، ل٩٣.

١٠٩- هـ ـ س، ل ٩٣ـ ٩٤

١١٠- سەدام حوسەین، هـ ـ س.، ل ٢٧ـ٢٨

١١١- ئەم زانیاریانە وەرگیراون لە:

Statitical Pocket Book, 1977, Republic of Iraq, Ministry of Planning, Publication and Pulic Relations Department, Baghdad, 1977, table, n. 27, 28 49, 50, 52, pp. 46- 50.

بۆ زیاتر لەزانیاری بڕوانە:

Annual Abstract of Statistics ،Republic of Iraq, Ministry of Planning, Central Statistical Organization, Publication and Public Relations Department, 1977, pp. 205- 208, pp. 341- 366 .

١١٢- هـ - س، ل١٣

١١٣- ئەم زانیاریانە وەرگیراون لە:

HeLms. Iraq Eastern Flank of the Arab World . Christine Moss .washington .D.C., 1984, P.87

114- zubaier, Dhaoudi, petrole, guerre et culture, in, Irak et la guerre, Peuples .mediterraneens, n.40, 1987, pp.82-83

115- Samir al-khalil, La machine infernal, politique de l'Irak moderne, Editions Jean-Claude Lattes , 1991,p.45

١١٦- سەدام حوسەین، هـ. س. ل٢٨ .

117- Edmond Vermeil, Hitler et le christianisme, op. cit., p.66

118- Edmond Vermeil , Doctrinaires de le revolution allemande (1918- 1938)، .Fernand Sarlot, Paris, 1939, p.238

119- Henri Berr, Le mal de la jeunesse allemande, Editions Albin Michel, Paris ،1946 ،P. 25

120- Claudia Koontz, op. cit. p. 252

121- Bruno Bettelheim, Survivre, collection pluriel, Editions Robert Laffont, Paris, 1979, P398.

122- Henri Berr, Le mal de la jeunesse allemande ،op. cit., P. 38

بۆ زیاتر لە زانیاری، بڕوانە هەروەها:

Claudia Koontz, Les meres patries du troisieme Reich, op. cit., P. 48.

123- Ibid. p.398

124- Ibid. p.399

125- Ibid. p. 399

126- Ibid.p. 404

127- Henri Berr, Le mal de al jeunesse allemande, op. cit., P. 48.

128- Bruno Bettelheim, Survivre, op. cit., P. 402.

129- Samir al-khalil, op. cit., P. 119.

130- Christine Mosse Helms, op. cit., P. 96.

١٣١- صدام حسين، الشباب الصحيح طريق الثورة الصحيحة، م. س. ل. ١٤٩.

132- Edmond Vermeil, Hitter et le christianisme, op. cit., P.65 .

بەشی سێهەم
ئایدیۆلۆژیای بەعسی

بەعس چییە؟

ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی سکێماتیك پێناسەی بەعس بکەین، دەتوانین بڵێین کە بەعس پێك هاتوە لەسیستێمێك لەبیرو باوەڕ کە لەسەر بنچینەی ئەم تێمەی(بابەتەی) خوارەوە خۆی ڕێك دەخات: بەرزڕاگرتن‌و پیرۆزاندنی هەستی ناسیۆنالیزم کەبۆ بەعس دەژمێردرێ بەبەرزترین بەهای پەیڕەوی سیاسی. لەم هەڵوێستەوە بەعس بانگەشە دەکات بۆ کیلیازمێکی* شۆڕشگێرانە کەئامانجەکەی بریتیە لەدروستکردنی جۆرێکی نوێ لەئادەمیزادو بنیادنانی پەیڕەوێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی نوێ، یاخود وەك سەدام حوسەین دەڵێ بەعس ئەوەیە کەدەیەوێت " کۆمەڵ‌و دەوڵەتێکی بەعسی دروست بکات"[(١)]. لەسەر بناغەی ئەم ئیدێیالە بەعس دوو قەوارەی سیاسی پێکەوە کۆدەکاتەوە: ناسیۆنالیزم‌و سۆشیالیزم. بەواتایەکی دیکە، دەتوانین کەئەگەر ناسیۆنالیزمی بەعسی سۆسیالیستە (القومیة الاشتراکیة)و بیری "میللەتی پرۆلیتار" دەردەبڕێ، سۆشیالیزمەکەشی ناسیۆنالیستە (الاشتراکیة القومیة)، واتا دەیەوێ کەدەوڵەت دەسەڵاتی مەرکەزی هەبێت بۆ خزمەت کردنی یەکێتی ناسیۆنال. لەم جۆرە هەڵوێستەوە بەعس تیشك دەخاتە سەر پان عەرەبیەت‌و داوای شۆڕشگێڕی دەکات

---

* لەتیۆلۆژیدا ئەو عەقیدەیە دەگرێتەوە کە باس لەگەڕانەوەی عیسا دەکات بۆ سەر زەوی لەهەزار ساڵی داهاتوودا. لەتیۆری سیاسیدا واتای گەڕانەوە بۆ دواوە دەگرێتەوە

لەجەماوەر بۆ بەدیهێنانی "پەیامی نەمر" (الرسالة الخالدة) کەپێکهاتوە لەم سێ کوچکەیەی خوارەوە:

یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیزم (وحدة،حریة، اشتراکیة). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەبەعس خەبات دەکات بۆ یەکگرتنەوەی نیشتمانی عەرەب لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێك کە لەلایەن پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستەوە ببرێت بەڕێوە.

سێ کۆچکەی بەعس

١-یەکێتی (الوحدة): یەکەم ئامانجی بەعس بریتیە لەمەسەلەی یەکێتی. بەڵام بۆ ئەوەی بەڕوونی قەوارەی ئیدیالی بەعس سەبارەت بەیەکێتی تێبگەین ، پێویستە پێش هەموو شتێك دوو خاڵ بخەینە بەر چاو: یەکەمیان دەبێ بزانین کەبەشێوەیەکی سەرەکی تیۆریزەکردنی مەسەلەی یەکێتی(هەروەك دوو ماکەکەی تری سێ کۆچکەی بەعسی: ئازادی سۆسیالیزم) کاری دامەزرێنەری پارتی بەعس، میشێل عەفلەقە. لەبەر ئەم هۆیە، پێوسیتە پێش هەموو شتێك بیروباوەڕو جیهانبینی میشێل عەفلەق بەشێوەیەکی سیستێماتیكو دوورودرێژ شیبکەینەوە. دوەمیان ئەوەیە کە ناتوانین بە تەواوی پرۆژەی سیاسی بەعس سەبارەت بەیەکێتی تێ بگەین ئەگەر پەنجە بۆ پرینسیپو بنچینە فەلسەفیەکانی ئەم پرۆژەیە ڕانەکێشین. بەم بۆنەیەوە پێویستە بوترێ کەزۆر لەنوسەران ئەم لایەنەیان پشت گوێ خستوەو تەنها باسی یەکێتیان کردوە لەڕوانگەی سیاسیەوە، واتا لەڕوانگەی خەباتی بەعس بۆ سەربەخۆیی و بنیادنانی سیاسیی نیشتمانی عەرەب . ئەم شیکردنەوە ساکارو یەکلایەنیە یارمەتی ئەوەی نەداوە کەتائێستا بەتەواوی لە " جەوهەرو سروشتی" بەعس تێبگەین.

لەپێشدا دەمانەوێ هەڵوێستی بەعس ڕوون بکەینەوە سەبارەت بەیەکێتی لەسەر بنچینەی بیری میشێل عەفلەق.

لەڕوانگەی عەفلەقەوە یەکێتی عەرەب پێش هەموو شتێك دەبێ یەکێتی ڕۆحی بێت. عەفلەق دەڵێ هەر لەو کاتەی یەکێتی خۆی وون کردووە، گەلی عەرەب نەیتوانیوە

پەیامە نەمرەکەی (الرسالة الخالدة) جێ بەجێ بکات. جگە لەوەش، بۆچەند سەدەیەك کە لەنێوان چەند کیانێکی دەوڵەتیی بچوك بچوکدا دابەش بووە، میللەتی عەرەب زۆر لەبەهرەو توانای دروستکەری خۆی وون کردوە[٢]. ئەنجامی ئەم دابەش بوونە وای لێکردوە ئەو تەوژمو چالاکییەی کەهەیبوە لەمێژووی دوورو درێژیدا، ووردە ووردە کاڵ ببنەوەو رۆحی بەرەو هەرەسهێنان و ڕوخاندن بڕوات. هەروەها، هەرچەندە عەرەب هەست دەکەن کەجاران یەك میللەت بونو لەژێر فەرمانڕەوایی یەك دەوڵەت ژیاونو ئێستاش بەیەك زمان دەدوێنو یەك خوو ڕەوشتیان هەیە (ئەمانە چەند فاکتەرێکی پۆزەتیڤو دروستکەرو پتەوکردنی هەستن)[٣]، بەڵام ئێستا ناتوانن لەچەند فاکتەرێکی نێگەتیڤ ڕزگار بن. ئەم فاکتەرە نێگەتیڤانەش پێکهاتوون لەخۆپەرستنو سەپاندنی بەرژەوەندی خۆیی بەسەر بەرژەوەندیە پێشوییەکانی میللەتدا. عەفلەق دەڵێ هەر ئەم فاکتەرانە بوون کەنەیان هێشتوە عەرەب یەکتری بگرنو هەر لەبەر ئەوەشە کەعەرەب پێش ئەوەی لەسەر ئاستی سیاسی یەکتری بگرن پێویستە یەکێتی رۆحی دروست بکەن. ئەم یەکێتییە بە چ شێوەیەك دێتە دی؟ عەفلەق دەڵێ، ناتوانین باسی یەکێتی سیاسی بکەین بەبێ ئەوەی بتوانین لەسەر ئاستی رۆحی یەك بگرین. ئەمڕۆ پێوستە لەسەر ئاستی ڕۆحی یەك بگرین (کە بنچینەی بوونی میللەتە) بۆ ئەوەی بگەینە یەکێتی ناسیۆنالو سیاسی[٤]. بەم شێوەیە، یەکێتی دەبێ بەشێوەیەکی زۆرەکیو پێش هەموو شتێك یەکێتیەکی رۆحی بێت، چونکە تەنها ئەم جۆرە یەکێتیەیە کەدەتوانێ لاوازیی میللەت بگۆڕێو بیکات بەهێزێکی گەورەو عەرەب بژێنێتەوە.

یەکێتی عەرەب ناتوانێ بەڕاستی بێتە دیو بەرگری لەناڕەوایی بکات ئەگەر لەدایك بونەوەیەکی رۆحی لەناو کۆمەڵگای عەرەب روونەدات بۆئەوەی بتوانێ دیسانەوە میللەت دروست بکاتەوەو لاوازیەکانی بگۆڕێو بیکات بە ووزەیەکی پاڵپێوەنەر[٥]. کەواتە خەبات کردن بۆ یەکێتی، نابێ ساکارانە بێتو تەنها لەقەوارەیەکی سیاسی دا خۆی بگرێتەوەو ئامانجەکەی تەنها لابردنی سنوربێت بەشێوەیەکی ڕوکەش[٦]. ڕاستە

ئەمە خۆی لەخۆیدا ئامانجێکی بەرز و ستراتیژییە، بەلاّم پێش هەمووشتێك دەبێ بەشوێن "پرۆسەیەکی ژیاو" دا بگەڕێین بەشێوەیەك کە ئەم پرۆسەیە بتوانێ "دەوڵەمەندیی چالاکییەکی شاراوە" بخاتە ڕوو کەپێکهاتوە لەرۆح. رۆح خۆی لەخۆیدا هێزێکی مێژوویی‌و شۆرشگێرانەی بێ هاوتایە[٧]. بەلای عەفلەقەوە، رۆح هەموو توانا پۆزیتیڤەکان لەخۆیا کۆدەکاتەوەو ڕێگا پاك دەکاتەوە بۆ ئەو ناسیۆنالیزمەی کەلەبنەمای مێژووەوە شان بەشانی عەرەب ڕۆیشتوەو گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی لەویست‌و خواست‌و پێداویستەکانی میللەتی عەرەب کردوە. لەم ڕوانگەیەوە، یەکێتی عەرەب دەبێ کۆیەکی جۆریی بێنێتە کایەوە کەتوانای ئەوەی هەبێت جەوهەری ڕۆحیی بەدیبهێنێت. یەکێتی، بەتەنها، هیچ واتایەك نابەخشێ‌و تەنها گوزارشت لە" کۆیەکی ساکاری مەتماتیکی یان لەکۆیەکی ژمارەیی دەکات" واتا لەسەرخستنەسەریەکی چەند شتێکی بێ جووڵەو پچڕاو لە "خواست‌و ویستی ڕۆحیی" کەپیوێستن بۆ ژیاننەوەی میللەتی عەرەب.

عەفلەق دەڵێ پیاوە سیاسیەکان وادەزانن یەکێتی پێکهاتوە لەکۆیەکی ساکاری مەتماتیکی یان لەکۆیەکی ژمارەیی(. . .) بەلاّم شتی بێ جووڵە ناتوانێ ژیان دروست بکات(. . .) لەبەر ئەوە ئەم کۆمەڵە پێوستی بەژیاننەوەیەکی ڕۆحی هەیە. لەسەر ئەم ئاستە ئۆپێرەسیۆنی ڕێکخراوەیی شتێکی بەکەڵکو پێویستە(. . .).

لەجیهانێکی دواکەوتوو لاوازدا یەکێتی دروست نابێ. هیچ یەکێتیەك لەنێوان دوو بەشدا دروست نابێ ئەگەر تۆوی خواستوویستی ڕۆحیی تێدا پەرەی نەسەندبێ، پێویستە ئەم شتانە پێکەوە بەیەکەوە ببەسترێنەوە بۆ خزمەتی ئامانجێکی گشتی زۆر بەرزتر لەخۆپەرستنی کەسیی(شەخسی)[٨]. باشە، چۆن دەتوانرێ دیسانەوە ئەندامانی میللەت ببەسترێنەوە بە کۆی نەتەوایەتی‌و کامانەن ئەو ئامرازانەی کەکاری ئەنجامدانی یەکێتی نەتەوەی عەرەب ئاسان دەکەن؟

وەلاّمی ئەم پرسیارە لەناو دروشمی پارتی بەعسدا خۆی دەدۆزێتەوەو، بە گوێرەی دیدی بەعسی، ئەوەی کە پێویستە عەرەب باوەڕی پێ بکات، بریتیە لە دروشمی:

"تەنهایەك نەتەوەی عەرەب، خاوەنی پەیامێکی هەتاهەتایی" (امة عربية واحدة ذات رسالة خالدة). پێش ئەوەی عەرەب بیر لەئامرازە گرنگەکان بکەنەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم دروشمەو کاری بۆبکەن، پێویستە تێبگەن کە ئەم دروشمە خواستو ویستی ئایدیۆلۆژیای بەعسی دەخاتەڕوو کە لەهەمان کاتدا بۆ یەکێتی ڕۆحیو سیاسی نەتەوەی عەرەب خەبات دەکات. نابێ ئەوە لەبیر بچێتەوە کە ئەم "پەیامە نەمرە" نابێ ملکەچی حوکمو دەمەتەقێی ئەمو ئەوبێت. نابێ ئەمو ئەو دەمەتەقێ لەسەر ڕاستیی یان ناڕاستیی یان توانای ئەنجامدان یاخود ئەنجامنەدانی بکەن" ئەم پەیامە دەبێ گوزارشت لەباوەڕێك بکات کە لەجەوهەریدا لەسەرووی هەموو " زانینێکی ڕاستەوخۆیە". عەفلەق دەڵێ: "پەیامی عەرەب پێش هەموو شتێك پێکهاتوە لەباوەڕ، باوەڕ لەسەرووی هەموو زانینێکی ئاشکرایە"(...). لەبەر ئەم هۆیە، باوەڕ ئەکسیۆماتیکە(ڕاستیەکی ڕەهای ڕوونە) [٩] (...) کە دەچێتە ناودڵەوەو زاڵ دەبێ بەسەر توانای عەقڵدا"[١٠]. ناوەڕۆکی ئەم "پەیامە نەمرە" چیە ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە وتارێکی عەفلەقدا دەدۆزرێتەوە کە لەساڵی ١٩٤٦ بەناوی" الرسالة العربية الخالدة" بڵاو کراوەتەوە: "ئەم نەتەوەیە کە ئەمڕۆ هەڵدەسێتەوەو خۆی بۆ ڕابون ئامادە دەکات، نەوەی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو هەمان ئەو نەتەوەیەیە کە بەر لە هەزار ساڵ بوونی هەبووە. خەسڵەتەکەی بریتیە لەیەکێتی ڕەچەڵەكو ڕەگەز لەڕۆژێگارێکدا کەیەکێتی ئەو یەکگرتنە پەنهانە بوو کەتاکەکانی کۆدەکردەوەو یەك مۆرکی پێ دەبەخشینو یەك هەوێنی تیا دەچاندن. دواتریش یەکێتی زمانو ڕۆحو مێژو و کولتور بەهێزی کردنو خۆراکی پێ بەخشین . کاتێکیش ئەم ڕەگەزە پێگەی سەرەکی خۆی لەنێوان فاکتەرە پێکهێنەرەکانی نەتەوەدا لەدەستدا، نەتەوەش شتێك لەهاوڕەگەزی(تجانسها) بەرتەسکی خۆی لەدەستدا. بەڵام ئەو کێشەیەی بەهەمو جۆرێ لەبەهرەو لێهاتوییو سەرچاوەگرتن لەفیکرو باڵابوون لەواتای مرۆیی قەرەبووکردن. ئەم نەتەوەیەی کەگوزارشتێکی هەمە جۆرە لە ترادیسیۆنی حامورابیو شیعری جاهلیەو ئاینی محمەدو کولتوری سەردەمی مەئمون،

تەنها هەستێکی تێدایە کە لەهەموو کاتێکدا دەی هەژێنێو تاقە ئامانجێکی هەیە سەرەڕای ئەو لەیەکدابڕان و لەڕێ دەرچوونەی دێتە ڕێ"[١١].

باشە، ئەگەر عەرەب هەست بکەن بەوەی کەجاران یەك ڕەچەڵەكو یەك ڕەگەز بوون لەبەر ئەوەی خاوەنی یەك بیروباوەڕ بوون هەر لە بنەمای مێژووەوەو بگرە لەکاتی ئیمپراتوریەتی بابلیو جاهلیەتو چەرخی پەیامبەرو هەتا ئیمپراتۆریەتی عەباسی، ئەوا پێوستە لەسەر یەکتری بکەنو خۆیان بتوێننەوە لەناو "یەکێتیەکی هەتاهەتایی"و دووربکەونەوە لەبەگژداچونی یەکترو دابەش بوونو دووبەرەکی، ئەی چۆن عەرەب دەتوانن ئەم ئامانجە بپێکن؟

لەڕێگەی بەرپەت دانەوەی هەمان فاکتەرو هەمان هێز بۆئەوەی شۆڕشێکی گشتی(تەواو) بەرپا بکەن کە توانای زاڵبونی هەبێت بەسەر "هێزی خراپو بەدکار" (وەك ئیمپریالیزمو کۆلۆنیالیزمو زایۆنیزم) کە لەدەرەوە خۆی سەپاندوە بەسەر میللەتی عەرەبداو بتوانێ دوژمنی ناوەوە (وەك هێزی کۆنەپەرستو دواکەوتنخواز) لەناوبەرێ کەدەیەوێ بەردەوام بێت لەلاوازکردنو نەهێشتنی نەتەوەی عەرەب. پاش ئەوە، نەتەوەی عەرەب دەتوانێ هێزی دروستکەری عەرەب بژیێنێتەوە. لەڕوانگەی عەفلەقەوە، سیاسەتی شۆڕشگێریی تەنها چارەسەرە بۆ پاراستنی ژیانی ناسیۆنالی نەتەوەی عەرەبو تەنها ئامرازە بۆ خستنەڕووی هێزە ساغەکانو دروستکەرەکانی نەتەوەی عەرەبو تەنها سیاسەتی شۆڕشگێریی بەعسی دەتوانێ سەرکەوتێنێکی بێ پایان بەسەر دوژمندا بەدیبهێنێ. ئەم سیاسەتە توانای ئەوەی هەیە کە لەلایەکەوە هوشیاری میللەت بخاتەکارو هەستی بەرپرسێتی بەرزبکاتەوەو بیهێنێتە سەر ڕێگەی هاوکاری لەنێوان ئەندامانو، لەلایەکی تریشەوە پەردە لەسەر ڕووی ماکە(ئیلێمێنتە) لاوازو پارچەپارچە کراوەکان لابباتو فریویان بدات. بەم شێوەیە هیچ دوژمنێك ناتوانێ لەناو ڕیزی میللەتدا ئاژاوە بنێتەوە" ئەو میللەتە لەکۆتایدا دەبێ بەسەر سەرجەم کەندو کۆسپەکاندا سەرکەوێ، چونکە دەتوانێ پەنجە بۆ دوژمن رابکێشێو هێزو ووزەی خۆی دەدۆزێتەوە[١٢].

بەم شێوەیە، سیاسەتی شۆڕشگێڕانە دوو قۆناغ لەژیانی نەتەوەی عەرەب جیادەکاتەوە: یەکەمیان پێکهاتوە لەبێ هەستییو بێ جولەیی ، دوەمیان پێکهاتوە لەتەجاوزکردنی ئەم نەخۆشیانەو دروست کردنی نەتەوەیەکی نوێ. عەفلەق لای وایە سیاسەتی شۆڕشگێڕانە ئەو واقعە بۆگەنەی کەخەسڵەتەکەی سایکۆلۆژیەکی هەڵچوو و ئەخلاقیێکی نەفعی وشیوە بیرکردنەوەیەکی کۆنەپەرستانەیە دادەمرکێنێو دەیگۆڕێ بۆبزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە بەسەرۆکایەتی نەوەی نوێو ڕزگاربووی عەرەب[١٣]. عەفلەق، تایبەتمەندیەکی گەورە دەدات بە بەعس کەوەك پارتێکی شۆڕشگێرانە نەك تەنها جیاوازە لەڕێکخراوو پارتە کۆنەپەرستەکان کەبەرگری دەکەن لەدروست بوونی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوی سۆسیالیستی پێشکەوتنخواز، بەڵکو جیاوازیشە لەپارتە بەڕوکەش پێشکەوتنخوازەکان کە لایان وایە دەتوانن یەکێتیو ئازادیو سۆسیالیزم بەدیبهێنن[١٤]. بەم شێوەیە، شۆڕشی گشتگیرو یەکگرتنی ڕۆحی دوو پێوانەن کە کردەوەی سیاسی دەژیێننەوەو بەردەوامیی پێدەدەن. کردەوەی سیاسی بەتێکهەڵچونیا لەگەڵ شۆڕشی گشتگیرو ژیاننەوەی ڕۆحیی، ڕێگە پاك دەکاتەوە بۆ ناسیۆنالیزمێك کەبەگوێرەی تێڕوانینی بەعس، جاران تۆوی یەکێتی عەرەبی پێکدەهێنا. ئەم پەیوەندیە دیالێکتیکیە لەنێوان فاکتەری ڕۆحی (هەستی ناسیۆنالیزم) ویەکێتی سیاسی، بنچینەی بوونی نەتەوەی عەرەب پێکدێنێ. بەعس ئەم پەیوەندیە دەگەڕێنێتەوە سەرئەوەی کە "عەرەب هەر لەبنەمای مێژووەوە نەتەوە بوون"[١٥] و هەر وەکو عەفلەق دەڵێ "لەژێر دەسەلاتی یەك دەوڵەت" بوونو بناغەی بوونیان هەمیشە ناسیۆنالیزم بوە. بەم بۆنەوە بەعس ئەرکی "پیرۆز" دەخاتە سەر شانی خۆی کە لەسەر وێنەی رابوردوی مەزنی عەرەب، نەتەوەی عەرەب کۆ بکاتەوە لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێك کە ناسیۆنالیزم بێ بەپرینسیپی ڕێگە پاککەرەوەی. لەم هەڵوێستەوە بەعس خۆی دژی هەموو پەرەسەندنو پێشکەوتنێکی خاو و چاکسازیەکی ڕوکەشو پارچەیی " کە بیانەوێ ڕێگە بگرن لە "پەیامی نەمری" پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست قوت دەکاتەوە.

هەر لەسەر بنچینەی ئەم قەناعەتەوە، مادەی یەکی دەستوری پارتی بەعس کە لەسالیٚ ١٩٤٧ دارێژراوە دەڵێ: "پارتی بەعسی عەرەب پارتێکی شۆڕشگێڕە، باوەڕی بەوەیە کەئامانجە سەرەکیەکانی ژیانەوەی نەتەوەی عەرەبو بنیادنانی سۆسیالیزم، نایەتەدی لە ڕێگەی شۆڕش و خەباتەوە نەبێت. پشت بەستن بە پرۆسەی گەشەسەندنی خاو و ریفۆرمی پارچەییو ڕووکەشیی، ئەم ئامانجانە بەرەو سەرنەکەوتنو وون بوون دەبەن"[١٦]. پێشەکی پرینسیپە بنەڕەتیەکانی دەستورەکە دەڵێ: "عەرەب یەك نەتەوە پێکدێننو مافی سروشتی خۆیان هەیە کە لەدەوڵەتێکدا بژینو ئازادبن لەبەڕێوە بردنی داهاتویان" [١٧]. مادەی یەك دەڵێت:" نیشتمانی عەرەب یەکێتیەکی سیاسی ئابوری نادابەشکراو پێکدێنێتو هیچ وڵاتێکی تر ناتوانیٚ بەجیا لەوانی دیکە بژی. مادەی دوو لەدەستورەکە دەڵێ: "نەتەوەی عەرەب پێکهاتوە لەیەکێتیەکی کولتوریو ئەو جیاوازیانەی کە هەن لەنێوان ڕۆڵەکانیدا گرنگ نینو ڕواڵەتین. ئەوجیاوازیانە لەگەڵ راپەڕینی هۆشی عەرەبی نامێنن ".

ئێستا، دەمانەوێ بزانین سنووری جوغرافی ئەم وولاتە عەرەبیە کامەیە کەدەبیٚ لەژێر دەسەڵاتی پارتی بەعسدا بێت؟ دەبیٚ لەسەر بنچینەی چ پێوانەیەکی جوگرافی و مێژویی ئەم نیشتمانە حسابی بۆ بکریٚ؟ مادەی حەوتی دەستوری بەعس دەڵێ:"نیشتمانی عەرەبی ئەو پارچە زەویەیە کە دانیشتوانی لەنەتەوەی عەرەب پێکهاتون و دەکەوێتە نێوان شاخەکانی تۆرۆسو پشتکێو و روباری بەسرە و دەریای عەرەبیو شاخەکانی حەبەشەو بیابانی ئۆقیانوسی ئەتلەسیو دەریای سپی ناوەند"(**)

ئەگەر تەماشایەکی نەخشەی جوگرافی بکەین، ئایا زۆر بەزویی یەك شت سەرنجی تایبەتیمان راناکێشیٚ؟ ئایا ئەم داخوازیەی بەعس شتێکی خەیاڵیو یوتۆپی نییە؟ واتا

** ئەوەی راستی بێت، ئەم داخوازیە نوێ نیە لەمێژووی میللەتی عەرەبدارو بەعسەدا نییە هێناوە. لەبڕگەی چواری داخوازییەکانی ناوی ((المثنی)ی نەسیۆنالیستی عیراقی، ئەم هەڵوێستە بەدی دەکریٚ. بڕوانە بۆ ئەم مەبەستە: حازم المفتي، العراق بين عهدين، ياسين الهاشمي وبكر صدقي، مكتبة اليقظة العربية، ١٩٩٠، ل ١٤٨.

ئایا ئەمە ئیدێیالێك یان تێڕوانینێكی سیاسی یان كۆمەڵایەتی نییە كـەهیچ نرخێك بۆ واقیع دانانێ؟) چۆن دەكرێ ئەم هەموو پارچە لێكپچڕاوانە لەیەك بدەینو بیكـەین بەیەك دەوڵەتو بیخەینە ژێر دەسەڵاتی پـارتی بـەعس؟ ئـەو وڵاتـەی كەبـەم شـێوەیە پێناسە كراوە لەلایەن دەستوری بەعسەوە ئەمڕۆ پێكهاتوە لـە ٢٢ دەوڵـەت كـە هـەر یەكە لەم دەوڵەتانە سیستمێكی سیاسـی تایبـەتی خـۆی هەیـە كەكۆیـەكی دادوەری وئابوریو كولتوریو كۆمەڵایەتی دەنوێنێ لەناو چوار چێوەی دەوڵـەتێكی سـەربەخۆدا كەئەندامی كۆمەڵگەی جیهانیە. چۆنو بەچ ڕێگەیەك دەتوانرێ ئـەو هـەموو سـنوورە سیاسیانە لابرێن كە لەنێوان ئەم دەوڵەتانەدا هەن؟ پاش ئـەوە، كامەیـە شـەرعیەتی پارتێك كە دەیەوێ ئەم دەوڵەتـە بـەرێوە بـەرێ؟ تەنانـەت هـەر بـۆ لێكدانەوەیـەكی نالۆژیكی، گریمانە بكەین كە ئەم تواندنەوەیە لەتوانادا بێت، چۆن دەتوانین ئەو وێنەیە بخەینە پێش چاومان كە دەوڵەتێكی بەم قەوارە بتوانێ لەلایەن تەنها یـەك ڕێكخـراوی سیاسی ببرێ بەڕێوە بەبێ ئەوەی نـەبێت بەدەوڵـەتێكی "بۆناپـارتی" یـان "سـێزاری" تۆقێنەر؟ ئایا ئـەم دەوڵەتـە نابـێ بەئیمبراتۆریـەتێك كەبیـەوێ هـەموو ئیلێمێنتـە ئێتنیكیو ئاینیەكان لەناو ئەو ناسیۆنالیزمەدا كە بنچینەكەی باوەڕ بتوێنێتەوە، وەك ئەوەی كە عەفلەق دەڵێ؟ ئەی كامەیە پاساوی مێژوویی ئەم "دەوڵەت ئیمبراتۆریەتە"؟ دەزانرێ كەجگە لەنیمچە دورگەی عەرەب، ئەو میللەتانەی كە ئەمڕۆ لەناو ئەو وڵاتـە عەرەبیەی كە بەعس باسی لێدەكات هیچ كامیان پێش ساڵی٦٦٣ز هەرگیز بەعەرەبی نەدواون. ملیۆنەها بەربەرو سۆدانی كەزمانی زكماكیان عەرەبی نیەو ملیۆنەها كوردو زۆر گروپی ئێتنیكی دیكە كەعەرەب نین لەناو سنوری ئەم وڵاتە عەرەبیەی كەبەعس باسی لێدەكات دەژین. باشە، ئەی هەڵوێستی بەعس بەرامبەر بەم میللەتانە چییە؟

پرینسیپی پێنجەمی پارتی بـەعس بـەڕوونی هەڵوێسـتی خـۆی دەردەبـڕێ: "ئـەو كەمایەتیانەی كەعەرەب نینو ناتوانن لەناو عەرەبدا بتوێنەوە یاخود ناتوانن بەتـەواوی بن بەعەرەب، دەبێ سەر شۆڕبن بۆ ئەو یاسا تایبەتیانەی كەسنور بۆ ئـەركو مافیـان دادەنێن بۆ ئەوەی نەتوانن زیان بە بەرژەوەندیەكانی میللەتی عـەرەب بگەیـەنن "[١٨].

زیاتر لەوەش، ئەم وولاّتە عەرەبیانە، سنورەکانیان ڕوون نین‌و خراپ دەستنیشان کــراون. بۆ نمونە، جگە لەدەریای بەسرەو زەریای ئەتلەســی‌و دەریــای غــەزال، ســنورەکانی ئــەم وولاّتە عەرەبیانە کە لەلایەن دەستوری بەعسەوە پێناسە کراون زۆر تەواونین. بۆ نمونــە، ڕووبەری شاخەکانی تورۆس یاخود شاخەکانی ئەسیوپی یاخود ســەحرا کامەیــە؟ هــەر یەکێ لەم زنجیرە شاخانە پێکهاتوە لەهــەزارەها کیلــۆ مــەتر. زۆر ناوچــەی ئــەم ولاّتــە عەرەبیانە بەتەنها جێنشینی عەرەب نین. کوردستانی عــیراق‌و دەریــای غــەزال‌و نیلــی سەرو و ناوچەکانی ئێکواتۆری سۆدان بە بەشێك لەنیشــتیمانی عــەرەب دانــراون [١٩]. جگە لەوەش، بەعس ئیســرائیل بــە بەشــێك لەنیشــتیمانی عــەرەب دەژمــێرێ [٢٠] و هەروەها ئەسکەندەرۆنە لەتورکیاو ناوچــەی خوزســتان (ئــەهواز) لــەئیران کەزۆربــەی دانیشــتوانی عــەرەبن‌و جــاران لەلایــەن هــەندێ خــێزانی عەرەبیــەوە حوکــم کــراون، بەنیشتیمانی عەرەب لەقەڵــەم دەدا. پرۆگرامــی وانــەی جوگرافــی کــە لەخوێندنگــە ســەرەتاییەکان دەخوێــنرا لــەعیراق کەراکتــەری ئــیرریدێنتیزم (irredentism) * دەردەخات واتا ئەوە دەردەخات کە ئەو ناوچانەی ئەمڕۆ دەکەونە ئێرانەوە دەبێ هاوبــەش بن لەو نیشمانە عەرەبیەی کەبەعس دەیەوێ بنیادی بنێ. بۆ نمونە خوزستان کەئێســتا ناوچەیەکە لەناوچــەکانی ئــێران، بــەعس بــە بەشــێك لەنیشــمانی عــەرەبی دادەنــێ. لەپەرتوکی پێنجی سەرەتایدا نووسراوە:" ناوچەیــەك لــەئێران کەدەکەوێتــە خــوارووی ولاّتی ئێمەو پێی دەوترێ ئەهواز. ئەم ناوچەیە عەرەبستانەو بەلاّم ئێران وەری گرتوە بۆ خۆی. خاکی ئەهواز دەکەوێتە سنوری دەشتی خوارو وئاوو هەواکەشی هەرلەوەی ئێمــە دەکات. دانیشتوانەکەی بەهۆی زمان‌و ئاین‌و نزیکی‌و پەیوەندی خێزان بەسراونەتەوە بە دانیشتوانی دەشتی خواروو. خوونــەریت‌و ڕەوشــت لــەیــەك دەکــەن(..). ئــەم ناوچەیــە

* ئیردێنتیزم عەقیدەیەکی سیاسیی ناسیۆنالیزمی ئیتاڵییە کە پاش بەجێهێنانی یەکێتیی، داوای بەیەکەوەلکاندنی ئەو زەویيانەی دەکرد کە لەژێر دەستی بێگانەدا بوون. لەئەدەبیاتی سیاسیدا، ئەمڕۆ هەموو بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیست دەگرێتەوە کە لەهەمان پرنسیپ سەرچاوە دەگرێت.

دەوڵەمەندە بەنەوت و برنج. شارە هەرەگرنگەگانی پێیان دەوترێ ئەهوازو عەبادان و محەمەرە"[٢١].

٢- ئازادی(حرية):

دووەم کوچکەی ئایدیۆلۆژیای بەعسی پێکهاتوە لەئازادی. بەڵام واتای ئازادی لای بەعس چییە؟ دەبێ بوترێ کەپێش هەموو شتێك بەعس، یەکێتی ڕۆحی و سیاسی دەکات بەپرینسیپی یەکەم و مەرجی بنچینەیی ئازادی مرۆڤ. هەموو تێڕوانین و جیهانبینی بەعس سەبارەت بەئازادی لەسەر ئەم پرینسیپەی خوارەوە دەوەستێتەوە:

لەبەر ئەوەی نەتەوەی عەرەب لەبارودۆخێکی دژوار دەژی، نابێ ئازادی شەخسی و تاکە کەسیی جیاوازبێت لەئازادی نەتەوەیی، واتا دەبێ لێکچونێك هەبێت لەنێوان ئازادی شەخسی و ئازادی نەتەوە. ئەمە چ واتایەك دەبەخشێ؟

لەڕوانگەی بەعسەوە ئازادی نەتەوەیی دەبێ شان بەشانی ڕزگارکردنی نیشتمانی عەرەب بڕوات. ئەگەر وابێت، واتا ئەگەر ئازادی نەتەوەیی و ڕزگارکردنی نەتەوەو نیشتمان شان بەشانی یەکتری بڕۆن، ئەوا دەبێ ئازادی شەخسی کەم بێتەوەو ملکەچی بکات بۆ "ئیمپێرەتیڤی بەرژەوەندی نەتەوەیی"[٢٢]. لەخەبات کردندا بۆ ئازادی نیشتمان و نەتەوە، بەعس کێشەی یەکێتی دێنێتە پێشەوە وەك هێزێك کە دەبێ بەرنگاری هەموو دابەشبونێکی نەتەوە بکات. بەم واتایە، هەستی نەتەوەیی تەنها سەرچاوەی ئازادی پێکدێنێ: هەستی نەتەوەیی وەك تەنها گوزارشتێك لەخۆچاککردن و خۆسەپاندنی هاونیشتمانی عەرەب. لەبەرئەم هۆیە، بوونی تاکە کەس دەبێ سەرفروبێنێ بۆ هێزی کۆکەرەوەو لەخۆباوەشگرو عصیری ڕۆحی نەتەوە کەهەستی ناسیۆنالیزمە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بۆ نمونە مرۆڤ دەتوانێ ئازاد بێت ئەگەر ناسیۆنالیست بێت چونکە ناسیۆنالیزم وەکو عەفلەق دەڵێ "بەئامانجگەیشتنی ڕابوردومانە، لەناو فەزیلەو چەوتیمانە، لەمێژوی نوسراومانەو لەمێژەوە لەقوڵایی

ناوخۆییماندا ڕەگی داکوتیوە"[٢٣]. بەم شێوەیە، لەگەڵ ڕزگارکردنی گشت نیشتمانی عەرەب، بەعس ناسیۆنالیزم بەو میستیسیزمەوە دەلکێنێ[٢٤] کە دەیەوێ ئازادەمیزاد لەناو باوەشی کۆی نەتەوەیی بتوێنێتەوە. خۆی لەخۆیدا، ناسیۆنالیزم گوزارشتە لە "باوەڕێکی هوشیار کەمرۆڤ لەناو نەتەوەدا دەتوێنێتەوەو دەیکات بەناوکێکی ڕاستەقینە بۆ یەکێتی"[٢٥]. بەلای عەفلەقەوە، ئازادی تاکەکەسیی عەرەب دەبێ تەسک بێتەوە لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی، چونکە تاکە کەس ئەو کیانەیە کەبەتەواوی بەسراوەتەوە بەڕۆحی نەتەوەوە"[٢٦]. هەرچەندە عەفلەق دەڵێ کە تاکە کەس" بنچینەیەو" " شتێکی زۆر گرنگە"، بەڵام دووپاتی دەکاتەوە کە تاکە کەس وەکو ئەندامی میللەت دەبێ "ئەو مەرجانە" جێبەجێ بکات کەپەیوەندی نەتەوەیی بەسەریا دەسەپێنێ[٢٧]. بەڵام لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ و هەر وەکو حەننا بەتاتو دەڵێ، کامەیە ئەو دەسەڵاتەی کە ئەم" مەرجانە" دەکات بە "بەرزترین بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب"؟[٢٨]. باهەوڵ بدەین ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی دیکە لێك بدەینەوە. عەفلەق دەڵێ هیچ شتێك نییە کەبەرزتر بێت لەعروبە" (عروبە بەواتای ناسیۆنالیزمی عەرەبی)، چونکە عروبە خۆپەرستی و بەرژەوەندی کەسایەتی ڕەتدەکاتەوەو تەنها "ڕاستی" دەتوانێ لەپلەیەکی بەرزتر دابنرێ. "هەندێك دەڵێن کەعروبە لەسەروی هەموو کەسێکەوەیەو مەبەستیان لەعروبە ئەوەیە کەگروپێك بڕیار دەدا لەسەر شتێك . ئەم باسە هەندێ خەتەری تێدا هەیە. بەلای ئێمەوە، باوەڕمان بەوە هەیە کەعروبە لەسەروی هەموو کەسێکەوەیە بەو واتایەی کە لەسەروری هەموو بەرژەوەندیەکی "تەسك" و خۆپەرستی و بۆچونێکی بێ بناغەو بێ کەڵکە. بەڵام باوەڕیشمان بەوە هەیە کەتەنها شتێك لەسەروی عروبەوەیە، ئەویش ڕاستیە (..) .لەبەر ئەوە، دروشمی ئێمە ئەوەیە کەڕاستی دەبێ لەسەرووی عروبەوە بێت هەتا ئەو سنوورەی کەعروبە بتوانێ لەناو ڕاستیدا بتوێتەوە "[٢٩]. هەرچەندە ئەم وشانە زۆر تێکەڵ و پێکەڵن، بەڵام لەوە دەکات کەعەفلەق ئەم مەبەستەی خوارەوەی هەبێت: هەرچەندە عروبە شان بەشانی ڕاستی ناڕوات و ناگاتە ئەو ئاستە، بەڵام ئەگەر دابنرێ بەهێزێك لەسەروی هەموو

بەرژەوەندی کەسایەتی‌و خۆپەرستنێك، ئەوا زۆر جیاوازی نییە لەگەڵ ڕاستیدا چونکە بەم شێوەیە پەیوەندیەکی زۆر تەسك هەیە لەنێوانیاندا چونکە عروبەو ڕاستی فۆرمێکی ئیزۆمۆرفی (isomorphic) دروستدەکەن‌و بابڵێین هەر یەکن.

بێ گومان، دەبێ بوترێ کەعەفلەق بەبێ پێشنەیەکی پتەو زۆر حەزی لەفەلسەفە کردوەو کاریگەریی بیری ئەورووپی (ناسیۆنالیزمی ئەورووپی) وای لێ کردوە کە لەوتارەکانیدا دیالێکتێکی فەلسەفە بەکار بهێنێ بە بەبێ ئەوەی بەقوڵی لێی تێبگات‌و زۆر بەشێوەیەکی ڕووکەش بیری فەلسەفەی سیاسی بەعسی دەخاتە ڕوو. لەچوار چێوەی لۆژیکە ناسیۆنالیستەکەیدا، عەفلەق دەیەوێ بڵێ هەر وەکو عروبە گوزارشتێکی "پوختی" نەتەوەییە، کەواتە هاواتای (سینۆنیم) ڕاستیە چونکە لەناویدا دەتوێتەوە. لەڕێگەی ئەم شێوە لێدوانە فەلسەفیە، عەفلەق بەعس دەکاتە ئەوەی کەخۆی بەمایکرۆکۆزمی (جیهانی بچوکی) نەتەوەی عەرەب دابنێ، واتا "وێنەی بچوکی"(صورة مصغرة) نەتەوەیەکی پاك‌و پوخت‌و پێشکەوتوو"[٣٠]. بەم شێوەیە، دەرئەنجامی ئەم جیهانبینیە ئەوە دەگەیێنێ کە "ڕاستی" پێك هاتوە لە"ئارکێ"ی بەعسی، واتا لە"پرینسیپی یەکەمی" ("arkhe" بە یۆنانی کۆن) بەعسی(ئەگەر بمانەوێ زارەوەیەکی کۆنی فیزیۆلۆژیست‌و کیمیاوییەکانی چەرخی ناوەڕاست بەکار بهێنین). بەزاراوەی سیلۆژیزمی(syllogism) فەلسەفی دەتوانین بڵێین کەئەگەر ڕاستی بەرزتر بێت لەعروبە، هیچ کۆسپێك نییە کەعروبە بتوێنێتەوە لەناو ڕاستیدا بۆ ئەوەی هەردوکیان پێکەوە یەکێتیەکی نەتواوە پێکبهێنین . بەڵام هەر لەبەر ئەوەی بەعس گوزارشتی "پوختی" عروبەیە ، ئەم توانەوەیە لەڕاستیدا توانەوەی بەعسیەتە لەناو عروبەدا (ئەمە لەلایەکەوە)، لەلایەکی تریشەوە توانەوەی بەعسیەت لەگەڵ ڕاستیدا هەتا ئەو سنورەی کەبەعس‌و عروبەو ڕاستی دەبن بەیەك‌و ئەم یەکێتیەش هیچ شتێکی کەنییە بەعس خۆی نەبێ.

بەم شێوەیە، تەسك کردنەوەی ئازادی تاکە کەس لەپێناوی خزمەتی نەتەوەو ڕۆڵی لاوەکی تاکەکەس بەرامبەر نەتەوەو پەیوەندی ڕۆحی تاکە کەسی عەرەب

کەبەسراوەتەوە بەنەتەوەی عەرەبەوە، دەمان باتە سەر ڕێگەی لۆژیکێکی تایبەتی: ملکەچبون بۆ بەعس کەدەبێ بەپێناسەی(identity) نەتەوەی عەرەب، واتا بەتەنها نوێنەری "پوختی" یان تەنها نوێنەری نەتەوەی عەرەب. ئازادی بەو شێوەیەی کەبەعس حسابی بۆ دەکات، دەبێ بە بەرهەمی بەرپرسیێتی مۆڕاڵی هاونیشتمانی عەرەب کەبریتیە لەملکەچبونێکی بێ مەرجو تەواو و بێهاوتا بۆ هەستو ویستی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، تەنها خاوەنی "باشی گشتی".

٣- سۆسیالیزم :

سۆسیالیزم (الاشتراکیة) سیهەم ئامانجی سێ فاقەی بەعسیە. ئایدیۆلۆژیای بەعسی دەڵێ: "سۆسیالیزم پێویستیەکە کە لەناخی ناسیۆنالیزمی عەرەبیەوە هەڵدەقوڵێ"[٣١]. ئەم ئۆنتۆتێلیێیۆلۆژیە مۆراڵیە (moral onto-teleology) واتا پێویستی سۆسیالیزم وەك ڕەنگدانەوەی قوڵایی ناسۆنالیزمی عەرەب لەڕێگەی بەیەکداچونی (بە پێکەوە لکاندنی) یان بە "هاوسەری پێکردنی" ناسیۆنالیزمو سۆسیالیزم پاساو دەکرێ. ئەگەر ناسۆنالیزمی عەرەبی لەجەوهەردا ناسیۆنالیزمێکی سۆسالیستە، سۆسیالیزمەکەشی ناتوانێ بێتەدی ئەگەر بەهاوکاری ناسیۆنالیزم نەبێ. دەبێ بوترێ کە لەنێوان هەردوکیان هاو واتاییەك یان تێکەڵ بۆنێك یان کارلێکێك هەیە، بەو واتایەی کەهەردوکیان لەیەکتری جیا ناکرێنەوەو هیچ هێزێکیش ناتوانێ لەیەکتریان بکات[٣٢]. بەلاّم دەبێ ئاگاداربین کە بەیەکداچونو تێکهەڵکێشی، واتای ئەوە ناگەیێنێ کەناسیۆنالیزمو سۆسیالیزم هەمان بەهایان هەیەو کەهەردوکیان لەسەر یەك تەرازوو دادەنرێنو بەیەك چاو تەماشا دەکرێن. سۆسیالیزم کەمتر گرنگە لەناسیۆنالیزم. سۆسیالیزم شتێکە کە بەشێوەیەکی زۆرەکی دەژمێردرێ بەهێزی دوەم لەبەردەم ناسیۆنالیزم، کەناسیۆنالیزم "سەرچاوەی سەرەکی" پێکدێنێ: عەفلەق دەڵێ " سۆسیالیزم بەلای ئێمەوە لقەو ئەنجامی دۆخی نەتەوایەتیو پێداویستی نەتەوایەتیمانە. سۆسیالیزم ناتوانێ ببێ بەفەلسەفەی یەکەم یان بەجیهانبینیەکی

گشتگیری ژیان(. . .). سۆسیالیزم لقێکە کە لەسەرچاوەیەکی ڕەسەن دێتە کایەوەو ئەم سەرچاوەیەش بریتییە لەبیری ناسیۆنالیزم"[٣٣]. لەبەرئەوەی کە لەبنەڕەتدا ناسیۆنالیستە، سۆسیالیزمی بەعسی نابێ ببێ بە "فاکتەری پێکداچوونو دابەش بوونی ناوخۆیی"[٣٤]، " چونکە ئەم فاکتەرە دەبێتە هۆی تێکچوونی ڕەنگدانەوەی کۆیەکی مرۆڤایەتی کە هەر لەکۆنەوە دەقی گرتوە لەناو قاڵبی ناسۆنالیزمدا. ئەم "هاوسەریە میستیکیە" [٣٥] لەنێوان ناسیۆنالیزمو سۆسیالیزم، ئامانجەکەی هیچ شتێکی دیکە نییە ئەوە نەبێت کەهێزێکی سینێرژێتیك (synergetic) پێکبێنێ لەناو بیری ناسیۆنالیزمو لەهەمان کاتدا ڕێگە لەسۆسیالیزم بگرێ کە نەبێ یان نەگۆڕێ بۆ کۆمۆنیزمی مارکسیو لەئەنجامدا ببێ بەگۆڕەپانی هەستی دژایەتی لەکۆمەڵدا. ئەگەر ناسیۆنالیزم گوزارشتێکی ڕاستەقینەی یەکێتی ڕۆحیو سیاسی بێ، زۆر سروشتیە کەهەموو فاکتەرێکی دابەش بوون بەرپەرت بداتەوە. ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی کەناسیۆنالیزمی بەعسی پێوستی بەیەکسانیەکی مەتماتیکی هۆشوبیر هەیە بۆ خزمەتی ئیمپێرەتیڤی مەسەلەی نەتەوایەتیو لەو ڕێگایەوە داوا دەکات کەهاوبەشیەکی ئەکتیڤ هەبێت بۆ بنیادنانی یەکێتی بەبێ جیاوازی لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیەکانو ئینتمای ئاینی دیانیو ئاینزاو سێکتەکان، لەئیسلامدا: شیعە، سنە..) و ئێتنیکی (ئەوکەمایەتیو گەلانەی کە لەناو نیشتمانی عەرەبدا دەژین). بەم شێوەیە، ژیاندنەوەی ڕۆحی عەرەب بەپێوسیتی دەزانێ هاوتایی یان بەلانس لەناو کۆمەڵگەی نوێدا لەڕێگەی "ستانداردیزەکردنی" سەرجەم هوشیارە تایبەتیەکانو بەیەکسانیکردنی یان "بەئۆمۆژێن" کردنی[٣٦] سەرجەم هەستە تایبەتیەکانو بەکۆمەلاندنی سەرجەم هەڵسوکەوتە کەسایەتیەکان بەدی بێت. کاتێك کەئایدیۆژیای بەعسی دەڵێ "سۆسالیزم شێوەیەکی ژیانە" و" هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە: باری ئابوری، سیاسەت، پەروەردە، بەکۆمەڵایەتی بوون، تەندروستی، خووڕەوشت، ئەدەب، زانست، مێژوو و هەموو شتێکی دیکە، جازۆر گرنگ بێ یان کەم"[٣٧]، مەبەستی لەوەزیفەیەکی کۆکەرەوەی ژیانی مادی نییە (ئەگەر بمانەوێ زاراوەیەکی

مارکسی بەکار بهێنین) ، بەڵکو ئایدیۆژیای بەعسی دەیەوێ بڵێ کە کار بۆ "بە ڕۆحی کردنی" ئەو ژیانە دەکات کە لەناو جەرگەی هەستی ناسیۆنالیزمدا هەڵدەقوڵێ. ئەم هاوکێشەیە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی بەعسی ڕوونتر دەکاتەوە کەدەیەوێ هەموو دەرکەوتەکانی ژیان ملکەچی یاسایەکی ناسیۆنالیست بن کەبەعس خۆی دروستکەرو خوڵقێنەریتی. بەم واتایە سۆسیالیزمی بەعسی زیاتر ڕۆحیە وەك لەوەی لەئیدێیالێکی مەتریالسیتەوە سەری هەڵدابێ‌و زیاتر سەرخانەییە وەك لەوەی ستروکتوریی بێت. لەبەر ئەوە هەڵەیە سۆسیالیزمی بەعسی دابنرێ بەسۆسیالیزمێکی مارکسی‌و هەروەها ڕاست نییە تیۆریزەکردنی بەعسی بەسۆسیالیزمێکی نزیك بەمارکسیزم دابنرێ. لەجەوهەریدا، ئایدیۆلۆژیای بەعسی هەڵوێستێکی دژ بەکۆمونیزمی هەیەو مارکسیش دادەنێ بەڕۆشنبیرێك کە لەبنیادنانی " ئایدیۆلۆژی کۆمونیزم، کاریگەریی ڕۆحی جولەکەی تۆڵەسێنەری بەسەرەوەیە". سۆسیالیزمی بەعسی، ناسیۆنالیست‌و ڕۆحی‌و "نیۆچینیە" کەبەسراوەتەوە بەڕابوردوەو ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریی ڕەفز دەکات. سۆسیالیزمی بەعسی هیچ خاڵی هاوبەشی نییە لەگەڵ کۆمۆنیزمی ئینتەرناسیۆلیسدا کەخەباتی چینایەتی‌و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارو مەتێریالیزمی دیالێکتیکی‌و مێژوویی پەسەند دەکات.

بۆ بەعس "کۆمونیزم بەرهەمی بیری ئەورووپیە" نەك بیری عەرەب‌و "نامۆیە بۆ هەموو عەرەبێك". بەم بۆنەیەوە عەفلەق دەڵێ " هیچ نەتەوەیەك یان ئاینزانیەکی ئەورووپی، پێگەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیشی هەرچیەك بێ، هەرگیز رق‌و کینەی ناگاتە رق‌و کینەی عەرەبێك بەرامبەر بەکۆمونیزم"[٣٨] . بابزانین بۆچی.

یەکەم، نەتەوەی عەرەب میراتی رابوردویەکی مەزنە، "نەتەوەیەکی بچوك نییەو گرنگیەکی لاوەکی نییە". لەبەر ئەوە نابێ "جگە لەپەیامەکەی خۆی پەیامێکی دیکە هەڵبگرێ‌و بەدوای نەتەوەیەکی دیکەوە بێت‌و چلکاوی بخواتەوە"[٣٩] . لەبەر ئەوەی نەتەوەی عەرەب پێگەی سەرجەم شارستانیەکانی دیکە بوە، دەبێ لەمێژوی خۆی‌و بیری خۆی مۆدێلی سۆسیالیزم دروست بکات نەوەك لەمارکسیزمی خۆرئاوایی.

نەتەوەی عەرەب تایبەتمەندی خۆی هەیەو لاسایی کردنەوەی مارکسیزمی ئەورووپی ئەم تایبەتمەندیەی لەناو دەبات. سەدام حوسەین دەڵێ ئەگەر ئەفریقەکانو ئاسیاویەکان مارکیسزم وەك ڕێگایەك بۆ گۆڕانکاری شورشگێڕیی وەربگرن، گلەییان لێناکرێ چونکە هیچ ترادیسیۆنێکی مێژوییو میراتی فکریان نییە کەبەراورد بکرێ بەمێژووی نەتەوەی عەرەب.

بۆ نمونە ئەفریقی رۆدیسیا هیچی لەدەست ناچێت ئەگەر مارکسیزم پەسەند بکات چونکە هیچ قەوارەیەکی مێژوویی وەك نەتەوەی عەرەبی نییەو هیچ میراتێکی کولتووری نییە کەبتوانێ ڕێبدات بەدروست بونی تیۆری ڕێکوپێکی ژیان. نەتەوەی عەرەب پێگەیەکە کەپێشوازی لەپەیامبەران کردوەو شارستانیەتی زۆر کۆنە. هیچ کەسێك ئەوە ناخاتە گومانەوە کە کۆنترین شارستانیەتی جیهان لەمێزۆپۆتامیا لەدایك بوە(٤٠). بیرۆکەی مارکسی کەئەم ئەزمونە مێژووییەی نەتەوەی عەرەب پشتگوێ دەخات، "دان بەبنچینە ڕۆحیەکانی میللەتدا نانێ". کاتێك کۆمونیزم ڕێ دەگرێ لەهێزی جوڵێنەری نەتەوەی عەرەب بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە لەمێژووی خۆی، دوو ڕەهەند لەرابووردوی عەرەب رەتدەکاتەوە: یەکەمیان ئاینەو دوهەمیان ناسیۆنالیزمە.

ئاین "هێزێکی جوڵێنەری سەرەکیە" کەجاران توانیویەتی هێزە شاراوەکانی عەرەب بخاتە بەرچاوو یەکێتیو هاوکاریان بێنێتە دیو دڵیان خرۆش بکاتو توانایان فراوان بکاتەوەو بیانژێنێتەوە". دوهەمیان، واتا ناسیۆنالیزم ،یەکەم هێزی جوڵێنەری نەتەوەی عەرەبە... کەدەتوانێ دەماری دڵی عەرەب بلەرزێنێتەوەو بگاتە ناخیانو پێداویستیە سەرەکیەکان جێبەجێ بکات.

دووهەم لەبەر ئەوەی کاتێك کەناسیۆنالیزم بەقۆناغێکی کاتیی دادەنێ، کۆمونیزم دەبێ بەهەڕەشەیەك بۆ وون کردنی کەسایەتی نەتەوەیی عەرەبو لەوێوە دەبێتە هۆی "نەهی کردنی پەیامی نەمری عەرەب".

سێهەم: کۆمونیزم نەهی لەقەوارەی ڕۆحی دەکاتو ئەیخاتە ژێر زەبری مەتێریالیزمی دیالێکتیکیەوە. عەفلەق دەڵێ "پێویست ناکات فەلسەفەی مادی پەسەند بکەین بۆ

ئەوەی سۆسیالیست بین چونکە بۆ ئێمە ڕۆح ئامانجێکی گەورەیەو جولێنەرێکی قولی ژیاننەوەمانە... بەلای ئێمەوە سۆسیالیزم لقەو ئەنجامی دۆخی نەتەوایەتی‌و پێداویستەکانی نەتەوەکەمانە. (لەبەر ئەمە سۆسیالیزم) ناتوانێ ببێ بەفەلسەفەی یەکەم‌و تێڕوانین بەرامبەر ژیان.(سۆسیالیزم) لقەو سەر بۆ ڕەسەن دادەنوێنێ کەبریتییە لەبیری نەسیۆنالیزم".

چوارهەم: کۆمونیزم وێنایەکی(تصور) نێگەتیف دەدات بەکۆمەڵ چونکە کۆمەڵ بەش بەش دەکات‌و دەیکات بەدوو چینی دژبەیەك. "ئەو ژینگە کۆمەلایەتیەی کەمارکس ئاماژەی پێ دەکات کەبریتیە لە(کیانێکی) بێ بنەچەو بێ ڕۆحیەت"، بەپێچەوانەی "سۆسیالیزمی پۆزەتیڤی" بەعسیەو لەگەڵ ئیدێیالی بەعسی ناگونجێ کەنەتەوەی عەرەب وەك "هوشیاری پەیوەندیەکانی ڕابوردو لەگەڵ هەستی یەکێتی کۆمەڵ دەبینێ ". کۆمونیزم، کەخەباتی چینایەتی دەکاتە بەیداغێك لەژێر ئالای خۆیدا، کۆمەڵ پارچە پارچە دەکات، ئەندامانی نەتەوە لەیەکتری دوور دەخاتەوەو دەیانکات بەنێچیری شەڕی ناوخۆو خۆپەرستن‌و دڵبردنی (شهیە) مەتێریال . بەم شێوەیە عەرەب لەخەبات کردن دژی نەخۆشیە ڕاستەقینەکانی دوور دەخاتەوە [٤١]. بەلام سۆسیالیزمی پۆزەتیڤ لەپێناوی ئەوەی خۆی لەگەڵ پێداویستەکانی نەتەوەی عەرەب‌و و خەباتە سیاسیەکەی بلوێنێ، ناتوانێ ببێت بەئامرازێك کە بۆ پیلان دانان دژی نیشتمانی عەرەب بەکاربهێنرێ‌و بێ بەفاکتەری پارچە پارچەکردنی کۆمەڵ‌و کێبڕکێی ناوخۆو پێشەوای بزوتنەوەی شعوبیە "[٤٢]. بەپێچەوانەی کۆمونیزمەوە، سۆسیالیزمی پۆزتیڤ ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی نەتەوەیی‌و مێژوویی ژیانی عەرەب‌و گوزارشتی جەوهەری مرۆڤی ناسیۆنالیستە. لەبەر ئەوە دەبێ بکرێ بەئامرازێك لەپێناوی هوشیار کردنەوەی عەرەب‌و پالیان پێوە بنێ بۆ خەبات کردن، هەموو پێکەوە، بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان چین‌و کەتێگۆریە کۆمەلایەتیەکان یاخود باشتر هەلسەنگاندنی بەشێك بەسەر بەشێکی تردا. عەفلەق دەلێ : " ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، تێ دەگەن کەسۆسیالیزم ڕێگەیەکی دلنیایە بۆ ژیاننەوەی نەتەوەو ناسیۆنالیزم چونکە دەزانن

کەخەباتی عەرەب لەم قۆناغەدا ئەرکی هەموو عەرەبێکەو عەرەبیش ناتوانن هاوبەشی بکەن لەم خەباتەدا ئەگەر لەنێوان خاوەن‌و کۆیلەدا استغلال‌و دابەش بکرێن [٤٣].

ڕۆڵی چینی کرێکار چیە کەمارکسیزم بەئەکتەرێکی مێژوویی دایدەنێ؟ چینی کرێکار بۆ بەعس، ڕۆڵێکی سەرەکی (مەرکەزی) لەشۆڕشی بەعسیدا هەیە، بەڵام ئەم ڕۆڵە ڕەنگدانەوەی دۆخی مەتێریالی نییە، واتا دۆخی مەتێریالی ڕۆڵی سەرەکی بەچینی کرێکار نابەخشێ. شۆڕشگێڕیی چینی کرێکار بەو شێوەیەی کەمارکسیزم لێکی دەداتەوە ڕەنگدانەوەی ستەکتوری بابەتیی نییە. شۆڕشگێڕی چینی کرێکار، بۆ بەعس، دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کەچینی کرێکار پێش هەموو کەتێگوریەکی کۆمەڵایەتی دیکە، ئامادەیە خۆی ڕزگار بکات لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆی‌و ئەو ئاکارانەی پێیەوە بەسراونەتەوە، ئامادەیە کەخەباتی بخاتە ناو چوار چێوەیەکی ناسیۆنالیستی. بەڵام شایانی باسە کەهەرچەندە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، چینی کرێکار ناتوانێ مۆنۆپۆلی شۆڕشی عەرەبی بکات چونکە شۆڕشی بەعسی شۆڕشی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ‌و توێژو چینەکانە. هەموو کەتیگۆریەکی کۆمەڵایەتی‌و هەموو چینێك بەمەرجێك شۆڕشگێڕ بێت دەتوانێ لەشۆڕشی بەعسیدا* هاوبەشی بکات. شۆڕشی بەعسی گوزارشت لەمۆنۆپۆلی چینێکی تایبەتی ناکات چونکە شۆڕشی گشت نەتەوەیە، شۆڕشێکی ئینتێگرالە. لەنووسراوێکی وەزارەتی ڕاگەیاندن بەناوی" الفكرالاشتراكي" لەسالێ ١٩٧٣، بەعس بەم شێوەیەی خوارەوە تێڕوانینی خۆی سەبارەت بەشۆڕش ڕوون دەکاتەوە: "ئایا شۆڕشی عەرەبی ئەم چەرخە شۆڕشی چینێکی تایبەتیە یاخود شۆڕشی هەموو میللەتی عەرەبە بەبێ جیاوازی لەنێوان چینەکانیدا؟ ئایا دەیەوێ هەندێ لەچینەکانی بخاتە دەرەوەی ئەم چوار چێوەیە؟ ئایا دەبێ بۆ نمونە بەرەو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بمانبات ؟ لە چوار چێوەی مێژوویی ئەمڕۆماندا، واتا لەچەرخی دابەش بوونی نەتەوایەتی‌و داگیرکردنی زایۆنیزم‌و خۆسەپاندنی ئیمپێریالیزم، شۆڕشی عەرەب ناتوانێ ببێ بەشۆڕشی چینێك، بەڵکو پێکهاتوە لەشۆڕشی نەتەوەیەك دژی واقعێکی دواکەوتو و دابەشبوو و ئیستیغلال

کراو....لەڕوانگەی بەعسەوە، چەمکی نەتەوە لەقۆناغی شۆڕشگێڕیدا، ئەو تاکەکەس و توێژو چینە شۆڕشگێڕانە دەگرێتەوە کەکەرەستەی شۆڕش و مەبەستیشمان لەمیللەت ئەو جەماوەرە گشتی و ڕێکخراوەیە کەبنچینەی شۆڕش پێکدێنن. کاتێك کە لەناو ئەم چوار چێوەیەدا، چینی کرێکار بەچینێکی سەرەکی دەژمێردرێ، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کە بەهەر شێوەیەك بێ، ڕۆڵێکی مەرکەزی هەیە....لەناو شۆڕشی عەرەبدا کەپێکهاتوە لەیەکێتی ئەو چین و توێژو خەڵکانەی کەکاردەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی "[٤٤].

ئەم شێوە بیرکردنەوەیە بیروباوەڕی بەعس ڕوون دەکاتەوە کەدەیەوێ نازناوی سۆسیۆلۆژی و سیاسی جەماوەری چەوساوە بەکێشەی نەتەوەوە بلکێنێ. بۆ بەعس جەماوەری چەوساوەی عەرەب بەم شێوەیە دەردەکەوێ چونکە کیانێکە کە لەناسیۆنالیزمی عەرەبی جیاناکرێتەوە. بەواتایەکی دیکە، خەباتی ئەم جەماوەرە دژی بورژاو سەرمایەداری، لەڕاستیدا خەباتی نەتەوەیە بۆ یەکێتی و دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. بەعس کە خۆی دادەنێ بەنوێنەری "جەماوەری چەوساوەی عەرەب کە بریتییە لەڕاستی (حەقیقەتی) نەتەوە لەدۆخە پوختە کەیدا"[٤٥]، وەك ناوك و جەوهەری ئەم خەباتە تەماشای خۆیشی دەکات. لێرەدا خەبات بۆ یەکێتی دەبێ پێش هەموو شتێك خۆی بسەپێنێ بەسەر "سەرجەم فۆرمەکانی پێناسە" و دەبێ "نەتەوەی ئینتێگرال" ئەو نەتەوەیە بێت کەسەرجەم ئێلێمێنتە پێکهێنەرەکانی ملکەچ بن بۆ ئەم پێوستییە بێ هاوتایە. ئەگەر نا، چۆن دەتوانرێ تەحەمولی هەڵوێستی کەسێك یان چینێك بکرێ کە نایەوێ سەر دابنەوێنێ بۆ یاساکانی ئەم پێداویستییە. کەواتە سۆسیالیزمی بەعسی، سۆسیالیزمی "گشتە"(بە واتا هێگلیەکەی) کەخۆی بەسەر "بەشەکاندا" دەسەپێنێ و بەدەسەڵاتەوە ڕەفتار دەکات بۆ نەهێشتنی هەموو سنورێکی ئابوری و ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئێتنیکی لەخزمەتی یەکێتی نەتەوەی عەرەب.

شۆڕشی بەعسی:

ناوەڕۆك‌و پوختەی "پەیامی هەمیشەیی عەرەب" کەبریتیە لەبنیادنانی "کۆمەڵگای بەعسی" و بنچینەکەی پێك هاتوە لەسێ کوچکەی یەکێتی‌و ئازادی‌و سۆسیالیزم، دەتوانێ لەڕێگەی کرداری شۆڕشگێڕانەوە بێتە دی. بەعس کەدەیەوێ بۆ بەدیهێنانی ئەم پەیامە کاربکات، دەبێ ئامرازێك یان ڕێگایەك بدۆزێنەوە بۆ مسۆگەر کردنی. بیرکردنەوە لەئامانجێك، هەمیشە فەرزی هەڵبژاردنی گونجاوترین ڕێگادەکات بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. بەواتایەکی دیکە، بەدیهێنانی "پەیامی نەمر" دوو شێوە ئایدیۆلۆژیای پێویستە، واتا دوو ئایدیۆلۆژیای بەیەکەوە بەستراو کە لەنێوانیاندا پەیوەندیەکی هاوبەش هەبێ: "ئایدیۆلۆژیای ئامانجەکان"(یەکێتی، ئازادی سۆسیالیزم) و"ئایدیۆلۆژیای ئامراز" (ئەو ئامرازانەی کەدەبێ بەکار بهێنرێن بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجانە)[٤٦]. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم دوو جۆرە ئایدیۆلۆژیایە بخەینە کارو پاساوی بکەین ، پێویستە ماف بدەین بەخۆمان بۆ نوێنەرایەتیەکی بێ هاوتا، واتا دەبێ بەگوێرەی "ئیمپێرەتیڤی کە تێگۆریکی" نۆرم ویاسای ئەخلاقی‌و کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوە ئەرکی بەرپرسێتی‌و شەرعیەتی ئەم نوێنەرایەتیە هەڵ بگرین. ئایدیۆلۆژیای بەعس بۆ پاساوی ئەمە پێش هەموو شتێك دەستدەکات بەپێناسە کردنی خۆی:

یەکەم، پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست پارتێکی شۆڕشگێڕەو " دەیەوێ جۆرێکی نوێ لەکۆمەڵ دروست بکات" [٤٧]. دوهەم ،پارتی بەعس "باوەڕ دادەنێ بەمەرجێکی سەرەکی شۆرش"[٤٨]. سێهەم، پارتی بەعس تەنها دیدگایەکی ئێتیکی نییە بۆکۆمەڵ، بەڵکو خاوەن تێڕوانینێکی فەلسەفی گشتیشە، واتا سنوور دادەنێ بۆ شێوەی بینینی هۆی ژیان‌و دیاردەکانی‌و واتای ژیان‌و ئەخلاقی مرۆڤ[٤٩]. چوارهەم ،بەعس پێك هاتوە لە "بزووتنەوەیەك کە لەدڵ‌و ناخی عروبەو قوڵایی خاکی عەرەبەوە سەری هەڵداوە"[٥٠]. پێنجەم، "پوختیی جەوهەر" ڕێگا دەدات بە بەعس نەك تەنها

نوێنەرایەتی نەتەوەی عەرەب بکات، بەڵکو رەفزی گشت هەوڵو تەقەللایـەکی لۆکـاڵ یان لاوەکی یان شەخسی دەکات کە ئەم نوێنەرایەتیە پەسەند نەکات(٥١).

ئەم پرۆپیدیتیکە (propaedeutic) عەفلەقیە هاوبەشی دەکات لەدروسـت کردنـی چوارچێوەی ئەخلاقیو سنوور بۆ ئەو پەروەردە بنچینەییە دادەنـێ کەسـەدام حوسـەین بەپەرۆشەوە کەڵکی لـێ وەردەگرێ. بەم بۆنەیەوە سـەدام دەڵـێ: "هـەر چۆنێـك بێـت، وابزانم بەعس رۆحی پوختی نەتەوەیەو نابێ عەرەبێك، هەرکەسێك بێـت، بـەبێ بـاوەڕ بەرۆحی ئەم نەتەوەیە ژیاندەوەی نەتەوەییو پێشکەوتنی شارستانی بێنێتـە دی "(٥٢). بەم شێوەیە، بەعسی عەفلەقی کە ئایدیۆلۆژیـای بـەعس بـە"مـایکرۆکۆزمی" یـان "وێنە بچوکی"(صورة مصغرة) ئەو نەتـەوە "پـاكو پوختـە" دادەنـێ (٥٣) و ئـەوەی سەدامیش کـە دایدەنـێ بـە "رۆحـی پوختـی نەتـەوە" دەرژێنـە هـەمان دەریـا کـە لەخۆشەرعی کردندا، دەبێ بە خۆ شەرعی کردن خۆی لەخۆیداو بۆ خۆی ئەگەر بمانەوێ شێوە زاراوەیەکی هێگل بەکار بهێنین. لەڕاستیدا، لەم ڕوانگەیەوە بەعس خۆی دادەنێ بەنوێنەری خولوقیو سیاسی نەتـەوەی عـەرەبو بـەبێ پـرس خـۆی هـەڵدەبژێرێ بـۆ نوێنەرایەتیو خۆی دەکات بە"پارتێکی گـەردونی"(٥٤) (. . .) و بەرپرسـێتی بـەخۆی دەدا بۆ خستنەکاری "ئایدیۆلۆژیـەی ئامرازەکـان لـەپێناوی بەدیـهێنانی ئـایدۆلۆژی ئامانجەکان"

ئێستا بابزانین بەعس چۆن ئایدیۆلۆژیای ئامرەزەکان دەخاتە کار بەواتایـەکی دیکـە بەعس چۆن ئایدیۆلۆژیـای شـۆڕش دەخاتـە کـار؟. پێـش هـەموو شـتێك نـابێ ئـەوە فەرامۆش بکرێ کەهیچ چەمکێك بەئـەندازەی چـەمکی "شـۆڕش" بەشـێوەیەکی وا تیکەڵو پێکەڵ لەلایەن ئایدیۆلۆژیە سیاسیەکانەوە بەکار نەهێراوە. نامانـەوێ لـێرەدا حوکمێکی لایەنگیری یان پێناسەیەکی زاراوەیی بدەین بەوشەی" شۆڕش". ئەمـە، بـێ گومان، لەسنووری بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە نییەو دەچێتە دەرەوەی ئەم سـنورە. بـەڵام دەمانەوێ تەنها ئەوە شیبکەینەوە کە لەسـەر ڕێـژەی ئـایدیۆلۆژی بـەعس مەبەسـتی لەشۆڕش چیە؟

لەسەر ئاستی سیاسیو پراکتیکدا، هەر وەك یاسا ناسو پسپۆری زانستی سیاسی مۆریس دیوڤیرژێ Maurice Duverger ئاماژەی پێ دەکات، دەتوانرێ دوو جۆر لەشۆڕش جیا بکرێتەوە: " ئەو شۆڕشەی کە سوود لەهێزی میللی وەردەگرێ" و ئەو "کودەتایانەی کەهەوڵ دەدەن خۆیان بەشۆڕش لەقەڵەم بدەن"[٥٥]. یەکەمیان بریتییە لەکردەوەی جەماوەر لەپلەی خواروی کۆمەڵەوە: ئەم جەماوەرە کە لەلایەن باوەڕێکی تایبەتیەوە دەهێژێنرێو لەبارو دۆخێکی دژوار یان لەقەیرانێکی ئابووری فرسەت دەهێنێ و دەڕژێتە ناو شەقامەکانو شوێنی کارگێڕیو سیاسی حەساس داگیر دەکاتو لەئەنجامدا دەبێتە هۆی هەرەس هێنانی دەزگاکانی دەوڵەت. نوێنەری ئەم جەماوەرە پێکهاتوە لەچینێکی هەڵبژاردەی سیاسی(ئێلیت) کەپاش ئەوەی دەسەڵات دەگرێتە دەست، هەوڵ دەدات ویستو خواستی جەماوەرەکە بێنێتە دی. ئەمەیە بۆ نمونە حاڵەتی شۆرشی فەرەنسی، ئینگلیزی، روسی .. هتد.

دوهەم جۆر، بەرهەمو ئەنجامی کرداری گروپێکی بچوکە کە بەبێ پشتگیری جەماوەر هەوڵ دەدات لەسەرەوە خۆی بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتدا بسەپێنێ. هەر لەسەرەتاوە ئەم گروپە بەهۆی رێکخراوی نهێنیەوە چەند ئۆپێرەسیۆنێکی سەربازیی دەکاتو لغاوی دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەم گروپە کەپێك هاتوە لەکەمایەتیەك، دەتوانێ پارتێکی سیاسی خاوەن ئایدیۆلۆژیایەك، یاخود گروپێکی بچوکی سەربازیی بێت. پاش ئەوەی دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەم گروپە هەوڵ دەدات ئایدیۆلۆژیای خۆی بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنێ. لەمێژووی کۆمەڵاندا نمونەی ئەم گروپانە لەجیهاندا زۆرنو تەنانەت ئەمرۆش زۆربەی زۆری رژێمە سەربازیو پارتە خاوەن ئایدیۆلۆژیە توندرەو و توندوتیژەکان دەگرێتەوە.

دەتوانین دەربارەی مەبەستی ئایدیۆلۆژیای بەعس لەباس کردنی زاراوەو پراکتیکی شۆرشدا چی بڵێین؟

پێش هەموو شتێك مەبەستی بەعس کەتێگۆری دوەم دەگرێتەوە. یاخود دەتوانین شۆڕشی بەعسی بەگوێرەی لۆژیکی شۆڕش بەلای نازیزیەتی ئەڵمانیەوە پێناسە بکەین.

دەتوانین واتای شۆڕشی بەعسی بگوێزینەوە (ترانسپۆزە بکەین) بۆ ئەوەی هەروەك پییێر ئایسۆبێری (Pierre Aycoberry) مێژووناسی فەرەنسیو پسۆڕی نازیزم دەڵێ بەبۆنەی نازیزمی ئەڵمانیەوە، واتا دەتوانین ئەم مەبەستەی شۆڕش لەلایەن بەعس بدۆزینەوە لەناو ئەو گوزارشتانەی کەئایسۆبێری بەکاری دێنێ بەبۆنەی شیکردنەوەی لۆژیکی شۆڕش لەلای ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمانیەوە: پییێرئایسۆبێری دەڵێ "بە پێچەوانەی سکێمە کلاسیکیەکانەوە، شۆرش (لەلای نازیەکان) نەك پێش گرتنەدەستی دەسەلاّت بەلّكو پاش ئەوە دێتە کایەوە "(٥٦). بەعس دەیەوێت لەپێشدا "ئیلیمێنتەکانی پەیڕەو لەڕێگەی کودەتاوە هەرەس پێ بێنێ " و دواییش کار بکات بۆ بەرپاکردنی"شۆڕشێکی بەردەوام" :"شۆڕشێك لەسەرەوە"، دواییش دەستکردن بە "شۆڕش لەخوارەوە". زیاتر لەوەش، "شۆڕش لەتەنها یەك وولاّتدا، خۆی لەخۆیدا ئامانجێك نییە، بەلّكو ڕێگەیەکی خەباتە بۆ گرتنە دەستی دەسەلاّت لەهەموو وولاّتە عەرەبیەکاندا. بەم شێوەیە "شۆڕش لەتەنها ولاّتێکدا" دەبێ بەبنچینەیەکی "شۆڕشی بەردەوام" کە ئامانجەکەی یەکگرتنەوەی بەشەکەکانی تری نیشتمانو نەتەوەی عەرەبە. ئەم لۆژیکە، لەڕاستیدا، ئەوە دەردەخات کەپارتی بەعس لەسەر ڕێژەی ئایدیۆلۆژیدا دان بەبوونی ولاّتە عەرەبیەکاندا نانێو وەکو کیانێکی سیاسی سەربەخۆیان لەقەڵەم نادات، بەلّكو بەچەند ناوچەیەکی جوگرافییان دادەنێ کەگشت پێکەوە یەکێتیەکی نادابەشکراوی نیشتمانی عەرەب پێکدێنن . ئەنجامی ئەم لۆژیکە، بەشێوەیەکی ئیمپێرەتیڤ ئەم جیهانبینیەی خوارەوە دروست دەکات: کاتێك کە لەولاّتێك (یان وەك بەعس ناویان دەبا بە"هەرێمێك" یان "ناوچەیەك") دەسەلاّت دەگرێتە دەست، "شۆڕشەکەی" بەبێ مەرجو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێ بەناوەندی ولاّتە عەرەبیەکانی (هەرێمە عەرەبیەکانی، ناوچە عەرەبیەکانی) دیکە. ئەرکی بەعس ئەوە دەبێ کەسەرجەم ولاّتە عەرەبیەکانی دیکە ڕزگار بکات یان ئازادیان بکاتو بیان کات بەیەك چونکە هەر وەکو ئاماژەمان پێکرد ئامانجی بەعس بنیادنانی تەنها دەوڵەتێکی عەرەبیە لەژێر کاریگەریی یان لەڕێگەی تەوژمی شۆڕشەوە.

دەتوانرێ ئاکاری پراکتیکی ئەم هەڵوێستە تیۆریە لەهەڵسوکەوتی ڕژێمی بەعسی عێراقی دا تێبینی بکرێ. یەکسەر پاش هاتنی بۆسەر حوکم لەساڵی ١٩٦٨، حکومەتی بەعسی عیراقی، لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو پڕوپاگەندە، دەستی کرد بەباس کردنو داواکردنی یەکێتی عەرەبو بەرز کردنەوەی بەیداغی "شۆڕشی بەردەوام" (الثورة المستمرة). هەرخێرا خۆی دانا بەپێشڕەوی "شۆڕشی عەرەب" لەپێناوی یەکێتیداو بەم بۆنەیەوە داوای لەجەماوەری عەرەب کرد کەخۆیان لەڕژێمەکانیان ڕزگار بکەنو کاربکەن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی عەرەبیو گرتنە ڕێی کۆمەڵێکی سۆسیالیستو دیمۆکراتیکی ڕاستەقینە"[٥٧]. بەم شێوەیە ڕژێمە عەرەبیەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ، بەئاشکرا یاخود بەشێوەیەکی شاراوە ناوەناتۆرەی "کۆنەپەرست" ، "ریفۆرمسیت"، "ناوچەگەر" یاخود "ئیلیتیست" یان لێنرا. بۆنمونە، عەرەبی سعودی وەکو "سەرکردەی کۆنەپەرستە عەرەبەکان" لەقەڵەم دراو وڵاتەکانی کەنداو وەك قەڵای ئیمپریالیزمی ئەمریکیو حکومەتی ناسر وەك ڕژێمێکی " ئیلیتیست"،" بیرۆکراتیك"،" بەزەبرو زەنگ" و دوور لە جەماوەری گەلو حکومەتی سوری وەك "گەورەترین دوژمن" کەدەبێ سەرکردایەتیەکی ڕاستەقینە جێگەی بگرێتەوە، هتد. . ."[٥٨]. لەکۆنگرەی هەشتەمی ساڵی ١٩٧٤ کە لەبەغدا بەسترا، پارتی بەعس رایدەگەیاند کە "ستراتیژیەتی پراکتیکی" ڕێکخراو ئەوەیە کە"ڕاپەڕینێك لەبەشێك لەبەشەکانی نیشتمانی عەرەب بەرپا بکات " بۆ ئەوەی "سنوری ناوچەیی" نەهێڵێو دواییش تەشەنە بسێنێ "تا ڕزگار کردنی تەواوو بەدیهێنانی یەکێتی"[٥٩]. ناردنی شۆڕشی بەعسی بۆ دەرەوە دەبوایە بەگوێرەی ئەم پرینسیپەی خوارەوە کاری بکردایە: "پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، پارتی شۆڕشی عەرەبە. لەو شوێنەی کەبوونی هەیە، خەبات دەکات لەچوار چێوەی ئەم شۆڕشە...(پارتی بەعس) تەنها پارتێکەو تەنها یەك سەرکردایەتی هەیە: سەرکردایەتی پان عەرەب... لەوشوێنەی کەبوونی هەیە، واتا لەفۆرمی ئۆپۆزیسیۆنێکی نهێنی بێت یاخود لەسەر حوکم بێت ، ئامانجی سەرەکی چالاکیەکەی

ئەوەیە کەسەرکردایەتی شۆڕشی عەرەب بەگوێرەی ئامانجە مێژووییەکانی بکات کەپێکهاتون لەیەکێتی، ئازادی، سۆسیالیزم"[٦٠].

لەساڵی ١٩٨٠ سەدام حوسێن جاڕی ئەوەی دەدا کەشۆڕشی بەعس "پرۆسەیەکی بێ کۆتاییە" و تاکی بەعسی دەبێ بزانێ کەئەرکەکەی ناوەستێتە سەر تەنها پاراستنی شۆڕش‌و دانانی ئەم شۆڕشە تەنها لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا: ئەرکی نەتەوەیی عەرەب چاوەڕوانی دەکات لەهەموو شوێنێکی نیشتمانی عەرەب. نابێ هەرگیز لەبیر بچێتەوە کە ئێمە شۆڕشگێڕی عیراقی ساکار نین "ئێمە شۆڕشگێڕی تەواوی گشت نەتەوەین"[٦١]. وەك "شۆڕشگێڕو سەرکردەی میللەت(. . .) ئێمە بەشێکین لەو نەتەوە گەورەیەی کەشۆڕشەکەمان دەبێ بۆی ببێ بەمۆدێلێك کەهەموو کەس بەدوایەوە بڕوات".

نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کە وەك ڕەنگدانەوەی ئەم جیهانبینیە حکومەتی بەعسی عیراقی هەر لەوکاتەی دەسەڵاتی گرتە دەست، خۆی بەڕزگارکەری نیشتمانی عەرەب داناو لەخەوی بیری گەورەیی ئیمپراتۆریەتدا دەیوست عیراق بکات بەقەڵای ئەم ئیمپراتۆریەتە. بۆ ئەوەی عیراقیەکان ڕازی بکات سەبارەت بەو ڕۆڵە مێژوویەی بەعس‌و دەوڵەتی عیراقی دەیانبینی لەبەدیهێنانی یەکێتی عەرەبدا، هەوڵێ دەدا هەموو سنورێکی ئێتنیکی‌و ئاینی نەهێڵێ لەنێوان نەتەوەو کەمایەتی‌و ئاینزان‌و ئەو میللەتانەی کە کۆمەڵی عیراقی پێك دێنن‌و لەناو بۆتەقەی نەتەوەی عەرەبدا بیانتوێنێتەوە. هەر لەساڵانی یەکەمەوە پێناسەی سیاسەتی خۆی کرد بەرامبەر نەتەوەو ئاینن‌و کەمایەتیە عیراقیەکان (بەتایبەتی بەرامبەر نەتەوەی کورد). بۆ ئەم مەبەستە پشتی بەمادەی حەوتەمی دەستوری بەعسی ساڵی ١٩٤٧ بەست: "تیۆری ناسیۆنالیزم دەڵێ سنوری ژووروی عەرەب لەزنجیرە شاخەکانی تۆرسەوە دەست پێ دەکات‌و ئەو زەویەی کەکەوتۆتە خواروی ئەم زنجیرەیەوە، خاکی عەرەبەو (ئێستا) چەند میللەتێك تیایدا دەژین کە کەمایەتین لەنیشتیمانی عەرەبداو هیچ دوور نییە کەئەمانە دوور بخرێنەوەو رابگوێزرێنەوە بۆ پشتی ئەم سنورە ئەگەر هاتو بوونە

سەرچاوەی دروست کردنی کێشە بۆ نەتەوەی عەرەب"[٦٢]. لەهەوڵ دانیا بۆ "بەهارمۆنی کردنی" کورد لەگەڵ پان عەرەبیەتی بەعسیدا، میشێل عەفلەق لەساڵی ١٩٦٩ لەبەغدا هەوڵو تەقەللای ئەوەی دەدا کە نەك تەنها شەرعیەتی داخوازیە کولتوریو سیاسیەکانی میللەتی کورد حاشا لێبکات، بەڵکو لەرێگەی چەند باسو دوانێکی ساکار، دەیویست ڕەگەزی کوردیش بکات بەعەرەبو ئۆباڵی هەڵگێڕانەوەی کورد لەعەرەبو جیاوازیان لەعەرەب بگەڕێنێتەوە سەر کۆلۆنیالیزم. بەم بۆنەیەوە عەفلەق دەیگوت: "بۆچەند سەدەیەك، لەکاتێکدا کەوڵاتە عەرەبیەکان تەنها یەك دەوڵەت بوون یاخود چەند دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامییان پێك دەهێنا، کوردەکان هاونیشتمانی عەرەبی موسوڵمان بوونو بەبێ جیاوازی وەکو ئەوان بوون. (بەڵام) ئەمڕۆ ووڵاتە کۆلۆنیالیستەکان دەستیان کردوە بەدروست کردنی جیاوازی لەنێوان عەرەبو کوردو دەستیانکردووە بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەتایبەتمەندی مێژوویيو زمانيو ئیتنیکیان"[٦٣].

سەدام حوسەین کاتێك کە "چەمکی مۆدێرنی نەتەوە" پێناسە دەکات بەگوێرەی " تێڕوانینی شۆڕشی تەموزی ١٩٦٨"، دووپاتی دەکاتەوە کە "کوردە عیراقیەکان بەشێکی تەواوی نەتەوەی عەرەبن" [٦٤] و بۆ ئەوەی پێناسەی فرەنەتەوەیی عیراقیەکان بتوێنێتەوە لەناو ناسیۆنالیزمی پان عەرەبیدا دەڵێ: " عیراقیە نوێکانی (ئەمڕۆ) بریتین لەعەرەبی نوێ)[٦٥].

ئەم هەڵویستە تەنها یەك لایەنی سیاسەتی تواندنەوەی حکومەتی بەعسی پیشان دەدا. لایەنەکەی تریشی دەستی رادەکێشا بۆ سەر تێکدانو گۆڕینی مێژووی کۆنی میزۆپۆتامیاو هەوڵی دەدا لەگەڵ زەوقی پان عەرەبیەتی پارتی بەعسدا بیگونجێنێ. لەساڵی ١٩٧٨ بەبۆنەی ئامۆژگاریەکانی بۆ مێژوو نووسان، سەدام حوسەین دەی گووت: " لە دیدەو شێوەی نووسینەوەی مێژوو، پێویستدەکات کە (. . .) مێتۆدێکی بەعسی بەکار بهێنین"[٦٦]. هەر لە ساڵی ١٩٧٥ پاڵی بەسەرجەم مێژوونووسو نووسەرو هونەرمەندو هۆنراوەبێژو، هتد.. دەنا کە نەك تەنها دانیشتوە کۆنەکانی

میزۆپۆتامیا بکەن بەعەرەب، بەڵکو بەرهەمەکانیشیان بلکێنن بە وێنەی(. . .) شۆڕشی بەعسیەوە. بەم شێوەیە تەموزی (خوای بەپیتی تەموز) میتۆلۆژی میزۆپۆتامیا، بۆ نمونە، دەلکێنرا بە شۆڕشی تەموزی ١٩٦٨وە. "ئەگەر چاوێك بخشێنین بەڕووداوەکانی مانگی تەموز لەوڵاتەکەماندا، تێبینی دەکەین کەچەندەها شۆڕش بەدوای یەکدا هاتوون بۆخۆشی میللەتە خۆشەویستەکەمان(. . .). ئەمە یەکەم بزووتنەوەی ئازادی خواز دەگرێتەوە دژی خۆسەپاندنی بێگانە لەعیراقدا، لەکاتێکدا یەکەم پاشای سۆمەری (ئەلوەرکا ئوتو هێگال)(. . .) دەستی دایە ڕاپەڕین لەساڵی ٢١١٦ ی پێش زاینی دژی داگیرکەرە بێگانەگان(. . .). لەوەدەکات کەتەموز مانگێکی بەختەوەرە بۆ داهاتوی عیراقیەکان چونکە (هەروەها) مانگی تەموز مانگی خوای تەموزیشە"[٦٧]. لەهەوڵ دانیدا بۆ دروست کردنی پردێك لەنێوان سۆمەری و ئەکەدیو بابلیو ئاسوریەکان..هتد. و "عیراقیە نوێکان" لەلایەکەوەو لەپێناوی لکاندنی ئەم "عیراقیە نوێیانە" بەمێژووی نەتەوەی عەرەبی پێش ئیسلامدا لەلایەکی ترەوە، سەدام حوسەین دەی گوت:" مێژووی نەتەوەی عەرەب لەئیسلامەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی کۆن. سەرجەم ئەو شارستانیەتە سەرەکیانەی لەنیشتمانی عەرەب سەریان هەڵداوە، هەموویان گوزارشتیان لەکەسایەتی ڕۆڵەی ئەم نەتەوەیە کردوە کە لەیەك سەرچاوەوە پەیدا بووە"[٦٨]. بۆ ئەوەی نازناوی عیراقیش مل کەچ پێ بکات بۆ مەیلی پان عەرەبیەتی ئایدیۆلۆژیای بەعسی، سەدام سڵی لەوە نەدەکردەوە کەبڵێ: تەنانەت "ئەگەر ئەم شارستانیەتە کۆنانە تایبەتمەندی دانیشتوانی ڕەسەنی خۆشیان هەبوو بێ، بەڵام دەبێ بوترێ کەکەسایەتی نیشتمان هیچ بەهایەکی نییە ئەگەر بەراوردبکرێ بەکەراکتەری بەگشتگرترو تەواوتری پان عەرەبیەت"[٦٩]. لەڕێگەی لێشێواندنی مێژوو و ڕوداوە مێژوویەکان، ئەم هەڵوێستە گوزارشتی دەکرد لە "عەرەباندنی دانیشتوە کۆنەکانی ئەوەی کەبەعس پێی دەڵێ نیشتمانی عەرەب. هەوڵ دەدرا عەرەبایەتی ئەم دانیشتوانە پاساوی ئەوەبێت کەئەمانە لەبنچینەدا لەڕەگەزی سامیی بوون یاخود بابڵێین عەرەب بوون[٧٠].

پاش ئەوەی کێشەی ڕەسەنی سامیی، واتا(بە گوێرەی دیدەی بەعسی) عەرەبی ئەم میللەتانەی مێزۆپۆتامیای حەل دەکرد، حکومەتی بەعسی عیراقی هەوڵی دەدا گشت کەمایەتیو میللەتانی دانیشتوانی عیراق بەرەو ڕێگەی ناسیۆنالیزمی خۆی (عەرەب) بەرێو عیراق وەك پێگەی پێشکەوتنو شارستانیەت نیشان بدات، لەبەرئەوە مافی ئەوەی هەیە کەببێتە پێشەوای گشت نەتەوەی عەرەب[٧١]. بەم شێوەیە، مێزۆپۆتامیا، دەبوو بە سەنتەری "شارستانیەتی نەتەوەی عەرەبو دایکی شارستانیەتە کۆنەکان"[٧٢] دەبوایە بەشێوەیەکی پێویست جارێکی تر ئاوەدان بێتەوەو تیشکی پێشکەوتنو شارستانیەت بەسەر باقی نیشتمانی عەرەبدا پەخش بکاتەوە. قەناعەتی بەعسی سەبارەت بەوەی کە بەرپرسێتی باوکانەی هەیە بۆ داکۆکی کردن لەنەتەوەی عەرەب، لەراپۆرتێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا بەهەمان شێوە دەردەکەوێ کە لەساڵی ١٩٧٨ دا پاش رێککەوتنامەی کامپ دەیفید بڵاوکرایەوە: لەو راپۆرتەدا، دەوترا "ئەوە ڕوونە کەگۆڕەپانی عەرەب چاوەڕوانی سوارێکی خەباتگێڕ دەکات کە بتوانێ بەرپەرچی هەموو بەرهەڵستکاریەك بداتەوەو تاریکی ڕووناك بکاتەوەو و ناخۆشی کەم بکاتەوە(...). لەهەموو شوێنێك چاوەکانی میللەتی عەرەب تەماشای ئەو شۆڕشە گەورەیەت دەکەن لەم ناوچەیەدا (عیراق)(...). پێویستە کەپارتو شۆڕشەکەت پێشکەون بۆ ئەوەی بەرپرسێتی مێژوویی بگرنە سەرشانی خۆیانو قورسایی مێژووی عیراقی کۆنو نوێ هەڵبگرن بۆ بەرگری کردن لەشەرەفی نەتەوەی (عەرەب)(...). هەر لەکۆنەوە عیراق بایەخی داوە بەخەبات دژی زایۆنیزمو ئازادکردنی فەلەستین، ئەمە هەر لەسەردەمی ئاسووریو بابیلیەکانەوە، هەرلەسەردەمی سەلاحەدینو شەڕی ١٩٤٨ و ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ ەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ"[٧٣].

بێ گومان دەتوانرێ ئەمە وەك بەرپەرچدانەوەیەك بەرامبەر کێشەی فەلەستین تەماشابکرێ، بەڵام ئەگەر بەتێکڕایی هەڵسوکەوتی بەعس هەڵبسەنگێنین، تێبینی دەکەین کەجگە لەهەندێ ئیعتباراتی سیاسی کە پەیوەندیان بەکۆنتێکستی ئێستاوە

هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا جیهانبینیی بەعس مەرجی یەکــەمی هەڵسـوکەوتی عیراقیـە. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە ئەمە بەرپەرچ دانەوەی هەڵوێستی هەندێ وڵاتی عەرەبە بـۆ مەسەلەی فەلەستین لەوکاتانەداو ڕژێمی عیراقی هەڵوێستێکی زۆر ڕەقی هــەبێت دژی ئیسرائیل، ئەوەش ڕاستە کە حکومەتی بەعسی عیراقی هەمیشە هەڵویسـتی نـەرمی وولاتـە عەرەبییـەکانو کێشـەی فەلەسـتینی لەبـەرژەوەندی پـان عەرەبییـــەتی خــۆی بەکارهێناوە. لەزۆر بۆنەداو پاش دەسەلاّت گرتنە دەست، بەعسی عـیراقی ئـازادکردنی تەواوی فەلەستینی بەئازاد کردنی هەموو نیشتمانی عەرەبەوە بەستەوە. لەزۆر بۆنـەداو پاش گرتنە دەستی جڵەوی دەسەلاّت، بەعس بەشێوەیەکی سیستێماتیك ئــازاد کردنــی تەواوی خاکی فەلەستینی دەبەستەوە بەســەرجەم نیشـتیمانی عــەرەب. ئـەوە زانـراوە کەهەر لەساڵی ١٩٦٩ وە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لەسەر زمانی بەعسەوە جاڕی دەدا: "(ئەرکمان ئەوەیە) میللەتی عەرەب لەهەموو شوێنێك ئــازاد بکـەین. کۆلۆنیـالیزم نابێ بمێنێ نەك تەنها لەفەلەســتین بــەڵکو(. . .) لەگشــت ولاّتــە عەرەبییــەکان. بـەم شێوەیە دەبێ ئاگری شۆڕشی عەرەب بەربەینە هەموو نیشتمانی عـەرەب"(٧٤). کــاتێك کەنەبوخوزنەسـر دەکـرا بەوێنەیـەکی مێژوویـی کـەتوانی زاڵ بێـت بەسـەر "ئــەو ئیلێمێنتانەی کەهەوڵیان دەدا خاکی عەرەب وێران بکەنو (توانــی) بــە کەلەبچـەیی بیانهێنێ بۆ بابل" ، سەدام حوسەین لەساڵی ١٩٧٩ دەی گوت: "ئێوە نابێ هیواتـــان تەنانەت ئەوەبێت کەعیراقێکی بەهێزو دەوڵەمەند دروست بکەن، بەڵکو دەبێ هەروەها ڕۆڵێکـی سـەرکردەیی پـان عـەرەبی بێـهاوتاتان هـەبێ بـۆ ئـازاد کردنـی نەتـەوەی عەرەب"(٧٥). لەوتەیەکیشدا بۆ ئەفسەرانی هێزی سەربازیی لەساڵی ١٩٨٠ دەیگـوت: " لەعیراقدا زۆر توانا هەیـە کـەوامان لــێ دەکـات ببـین بەسـەنتەری ڕوونـاکی بـۆ نیشتمانی عەرەب(..). زۆر پێویستە کەفرسەتی مێژوویی بقۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە مێژوویيە ببینین کە باوباپیرانمان بۆ خزمەتی نەتەوەو مرۆڤایەتی کردویانە"(٧٦).

پاش ئەم شیکردنەوەیە لەسەر واتای شۆڕش بەگوێرەی دیدەی بەعسی، نابێ بەراستی چاو پۆشی لەوە بکرێ کە بانگەشە کــردن بـۆ جـەنگ بـەناوی "شۆڕشـی جـەماوەری

عەرەب" یەکێکە لەپێکهاتــە بنچینیــەکانی ئــەم ئایدیۆلۆژیایــە. دەبـێ بوتـری کـە لەجەوهەریدا ، ڕژێمی بەعسی باوەڕ ناکات نە بەئاشتی نەبەو هەلومەرجو بارودۆخانەی کە دەیڕەخسێنن. چۆن دەتوانرێ ،بۆ نمونــە ، هـێرش بـۆ سـەر کوەیـت لەسـاڵی ١٩٩٠ شیبکرێتەوە. جگە لەزۆر هۆکاری ستراتیژیو ئابوریو سیاسیو مێژوویی..هتد.، داگیر کردنی کوەیت لەناو چوارچێوەی لۆژیکی هێرشبەری ناوەرۆکی فەلسـەفەی بەعسـەوە دەخوێنرێتەوە. دەتوانرێ پرسیار بکرێـت: ڕژێمـی عـیراقی چـۆن داگـیرکرنی دەوڵـەتی کوەیتـی ناونـا؟ نـاوی نـا "شۆڕشـی کوەیتـی"، "شۆڕشـی جـەماوەری عـەرەب دژی ئیمپێریالیزم"، یاخود " یەکێتی پێکـەوەنان" (الوحـدة الاندماجیـة). ئـەم زاراوانـە ، لەبنچینەدا ، ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی بەعسن بەرامبەر "یەکێتی عەرەب"، "شۆڕشـی بەردەوام"، " شۆڕشی بەعسی" و فۆرموڵەی بەعس ڕوون دەکەنەوە: "من المحیـط الی الخلیج". حکومەتی بەعسی عیراقی ئەگەر وازی لـێ بهێنرایـە چـۆن هەڵسـوکەوتی دەکـرد ؟ لەبـەجێ هێنـانی پرینسـیپی "پـەیامی نـەمر" بـەردەوام نـەدەبوو ؟ بەسەراسەپێنەرەکانی تۆتالیتاری هەمیشە هەوڵیان داوە بـارو دۆخ بگـۆڕن لـەپێناوی گەیشتنە ئامانجە یوتۆپیەکانیان. بەڵام ئەگەر توانیبێتیان بـارودۆخ بگـۆڕن، هـەرگیز لەبەدیهێنانی ئامانجەکانیان سەرکەوتو نەبوون.

هەوڵدان بۆ "پێکەوەنانی" کوەیت جیاناکرێتەوە لـەبیرو سیاسـەتی "پێکـەوەنانی" بەعسیو ئەم هەڵوێستانە لەمێژووی دەوڵەتاندا نوێ نین.

ئۆکیسمۆرۆنی oxymoron **بەعسـی: ناسـیۆنالیزمی ئیسـلامی یـان ئیسـلامی ناسیۆنالیست.**

بەعس کە "ئایدیۆلۆژیایەکی نەسیۆنالیستی ئینتێگرال (تێکـڕا)و گشـتگیرە"[٧٧] ، ئیسـلام لەسـەر ئاسـتی ئۆنتۆلـۆژیو ئـایدیۆلۆژی دەبیـنێ وەك "بزووتنەوەیـەکی" سیاسیو ناسیۆنالیست کەئامانجەکەی یەکێتی نەتەوەی عەرەبەو لەهەمان کاتدا زیاتر وەك دیاردەیـەکی داگـیرکردنو شارسـتانیەت تەماشـای دەکـات نـەك وەك وەحیـەکی خوداییو چەند پراکتیکێکی پیرۆز. ئەم هەڵویسـتە خـۆی لـەخۆیدا لـەوەوە دێـت کـە

لەڕاستیدا بەعس هەوڵ دەدات خواستو ئاواتی پان عەرەبی پارتەکەی کەدەیەوێ هەموو عەرەب لەتەنها دەوڵەتێك کۆبکاتەوە، بگونجێنێ لەگەڵ مۆزایکیی ئەو هەموو ئیلێمێنتە ئاینیو بیرو باوەڕانەی کە نیشتمانی عەرەب پێکدێنن.

چۆن ئیسلامو پان عەرەبیەت پێکەوە بگونجێنێ؟ چۆن کێشەی زەویو ئاسمان یاخود کێشەی سیاسەتو ئاین حەل بکات؟ بەچ شێوەیەك موحەمەد پەیامبەری خودا کە هیچ جیاوازیەك ناکات لەنێوان هەموو بەشەکانی مرۆڤایەتی، لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبی هارمۆنیزە بکات (بەهارمۆنی بکات)، واتا لەگەڵ پەیامی بەعس؟ کەپەیامبەر عەرەب بوبێت، ئەوە شتێکە کە ناتوانرێ بەدرۆ بخرێتەوە، بەلاّم ئەو ئاینەی کەبلاّوی کردەوە ئایا پەیامێکی ناسیۆنالیست بوو و گوزارشتی لەپەیوەندی ئادەمیزادی عەرەب لەگەڵ "کۆی نەتەوایەتی" دەکرد بەوشێوەیەی کەبەعس باسی لێ دەکات؟ یاخود کۆمەڵێك بوو لەباوەڕو هەڵسوکەوتی ئاینیی کەئەو پەیوەندیەی لەنێوان ئادەمیزادو خوداو شتی پیرۆزدا دەردەخست؟ ئایا پەیامبەر خۆی ناسیۆنالیستێکی عەرەب بوو بەو واتایەی کەپێشەوایەکی ناسیۆنالیزمی بەعسی بوو؟

باهەوڵ بدەین وەلاّمی ئەم پرسیارانە بدەینەوە. لەڕوانگەی بەعسەوە، ئیسلام پێش هەموو شتێك بزووتنەوەیەکە کە ڕۆحی عەرەب دەنوێنێ، واتا کەرەنگدانەوەی ڕۆحی عەرەبە بزووتنەوەی ئیسلام کە خۆی لەژیانی پەیامبەری پیرۆز دەنوێنێ، تەنها ڕوداوێکی مێژوویی نییە بۆ عەرەب کەباسی کاتو شوێن بکات لەناو چوارچێوەی هۆکارو ئاکامەکانی، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەژیانی گشت عەرەب لەقولاّییو توندوتیژیو بلاّوبوونەوەیدا ، واتا وێنەیەکی ڕاستەقینەو سومبولێکی تەواو و نەمری سروشتی سایکۆلۆژی عەرەبە"(٨٧). ئەگەر بزووتنەوەی ئیسلام "پاڵەپەستۆیەکە" کەهەوڵی داوە بۆ گۆڕینی ژیانی عەرەب، باشە دژی چی یاخود دژی کێ کاری دەکرد؟ دژی بارودۆخی میللەتی عەرەبو دژی سیستێمێ جیهانبینیان؟ باشە ئەم بارو دۆخە چۆن بوو؟ ئایا بارودۆخیك بوو کەگوزارشتی لەژیانی بت پەرستی دەکرد

یاخود واقعیێك بوو كە پێك هـاتبو لەپێشـبڕكێو ململانـێو نـاكۆكی لـەنێوان هـۆزە عەرەبەكاندا؟ لەو ماوانەی كە دوا بەدوای فتوحاتی پەیامبـەردا هـاتن، ئیسـلام چـی بوو؟ ڕاپەڕینێك بوو دژی ناعەدالـەتیو زەبـرو زەنـگ؟ ئـەی چـی بوتـرێ سـەبارات بەفتوحاتی چوار خەلیفەی ڕاشدین، ئیمپراتۆریەتی ئەمەویو عەباسی؟ ئەوەی سـەیرە، بەعس ئیسلام شی ناكاتـەوەو تەنـها وەك وێنەیـەكی ئیحتیحـاج پێكەشـی دەكـاتو دەیكاتـە ئـامرازێك یـان داردەسـتێك لـەپێناوی ڕاگـەیاندنی پـان عەرەبیـەتو ناسیۆنالیزمی خۆی. بەم شێوەیە، ئیسلام، بۆ بەعس، دەبێ بەدیاردەیەك كە پـەیوەندی ڕاستەوخۆی بە"ژیانی ڕەهای عەرەبەوە هەیە " و "وێنەیەكی ڕاستەقینەو سومبولێكی تەواو و نەمرە بۆ سروشتی سـایكۆلۆژییەتی عـەرەبو توانـای دەوڵەمـەندو ڕەهـەندی ڕەسەنی". "ئیسلام جوڵەیەكی ژیاوە كەسەرجەم هـێزە شـاراوەكانی نەتـەوەی عـەرەب دەجوڵێنێتەوە"و " ئەزمونێكی ئیتیكی مەزنـە"(العبقریـة الاخلاقیـة العصبیـة) كـە لەڕێگایەوە عەرەب زانیان چۆن ڕاپەڕن دژی دۆخەكەیانو بەرەنگاری خۆیـان ببنـەوە بۆ ئەوەی بگەنە یەكێتیەكی بەرزتر[٧٩] لەم هەڵۆێستەی كەئیسلام پێشكەش دەكـات وەك ویستێكی عەرەب بۆ "یەكێتیـەكی بـەرزتر" و بەرپەرچدانەوەیـەك دژی واقیـع ، ئایدیۆلۆژیای بەعسی فتوحاتی ئیسـلامی دەكـات بـە بیانویـەك بـۆ شـانازی كـردن بەڕابوردووەو عەرەب دەكات بەهەڵگری ئاڵای شارسـتانیەتو پێشـكەوتن كـە بەوتـەی عەفلـەق هەرچـەندە زۆر دەوامـی نـەكردو ئـەو شارسـتانیەتەی كـەبڵاویان كـردەوە بەدیهێنانێكی مادیو جوزئیو تەسك بوو ئەگەر بەراورد بكرێ بەوخەوە مەزنـەی كـە دەیان ویست بەدی بهێنین.

"هە موو ئەو شتانەی كەئیسلام لەبیست ساڵی یەكەمی پەیامبەریدا بەرهـەمی هێنا لەداگیركاریو شارستانیەت لەدۆخی تۆوی سەرەتاییدا بوو. بـەر لـەوەی عـەرەب زەوی داگیر بكەن ناخی خۆیان ئازاد كردو ڕۆچوون بەقوڵایی ناخیانداو شارەزایی كرۆكو ناخی خۆیان بوون، بەرلەوەی دەسەڵات بەسەر میللەتانی تردا بگرن دەسەڵاتیان بەسـەر خۆیاندا گرتو ئارەزوەكانی خۆیان كۆنترۆڵ كردوو بوونە خاوەنی شوناسی خۆیـان. ئـەو

زانستانەی کە بنیادیان ناو ئەو هونەرانەی دایان هێناو ئەو تەلارسازیەی کە بەرزیان کردەوە شتێك نەبوو جگە لەبەدیهێنانێکی مادیو جزئی کەتوانای بەسەر بەدیهێنانی خەونێکی بەهێزو گشتگیر نەدەشکا کە لەو سالانەدا بەهەموو هەستیانەوە ئاواتیان پێ دەخواست، دەنگ دانەوەیەکی کزی ئەو دەنگە ئاسمانیە بوو کەبیستبویانو سێبەرێکی لێڵی ئەو خەونە جادوگەرە بوو کە لەرۆژگارێکدا بینیبویان فریشتەکان لەریزی ئەواندا بوونو بەهەشتیش لەسەر نووکی شمشێرەکانیان دەدرەوشایەوە"(٨٠).

نەتەوەی عەرەب لەرێگەی پەیامبەرەکەیەوە لەلایەن خوداوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی پایامەکەی جێ بەجێ بکات. پیاوێك لەنێوان عەرەبەکاندا پەیامی ئاسمانیی خۆی داو بەهۆیەوە بانگەشەی بۆ مرۆڤایەتی کردو ئەو پیاوانەی کە بەدەورو پشتیەوە بوون تەنها عەرەب بوونو ئەو خاکەی کەپەیامی خۆی تیا بلاوکردەوە خاکێکی عەرەب بوو "داستانی ئیسلامیی جیا ناکرێتەوە لە پێگە سروشتیەکەی کە بریتیە لەخاکی عەرەبو پاڵەوانو ئەکتەرەکانی کەهەموویان عەرەب بوون"(٨١). خودا لەتوانایدا هەبوو کە چەند سەدەیەك لەوەوبەر ئیسلام بلاوبکاتەوە لەنێوان نەتەوەیەکی دیکە، بەلام نەیویستوە لەنێوان میللەتانی تردا بلاوی بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە "نەتەوەی عەرەبو پاڵەوانە عەرەبیەکەی هەڵبژارد". خودا عەرەبی هەڵبژارد بۆ بلاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام چونکە خاوەنی سیفاتو چاکەی سەرەکی بوونو هەروەها سەردەمێکی هەڵبژارد بۆ دەرکەوتنی ئیسلام کەعەرەب تیایدا گەیشتبوونە رادەیەك لەپێگەیشتنو کامڵ بوون بۆ وەرگرتنی ئەو پەیامەو بلاوکردنەوەی لەنێوان خەڵکیدا(٨٢). هەروەها ئیسلام نەك تەنها بزووتنەوەیەکی عەرەبی بوو بەڵکو نوێنەرایەتی نوێکردنەوەو تەواوکردنی عروبە بوو. ئەو زمانەی کە لەرێگەیەوە هاتە خوارەوە بریتی بوو لەزمانی عەرەبیو رەنگدانەوەی عەقڵی عەرەبی بوو و ئەو فەزیلانەی (هێژایی) کە پتەوی کردن پێکهاتبوون لەفەزیلە شاراوەو دەرکەوتوەکانی عەرەب، هەروەها ئەوانەی کەدژی جولانەوە بریتی بوون لەکەموکوری عەرەب کەبەرەو نەمان دەرۆیشتن. لەو کاتانەدا موسڵمان عەرەب بوو بەلام عەرەبێکی نوێو پێشکەوتوو و تەواو.

شایستەی ئاماژە پێکردنە کە ئـەم جیهانبینییـەی عەفلـەق و بەعسـی سـالآنی چـل دەنگدانەوەو سەدای خۆی لەناو بەعسی عیراقیدا دەدۆزێتەوەو ئاو دەبات بۆ ئاشـەکەی بیرۆکەی سەدام حوسەین.

لە ساڵی ١٩٨٣دا سەدام حوسەین لەبـەغدا پرسـیاری لـەپیاوانی ئـاینی دەکـردو دەیگوت بۆچی خودا قورئانی بەزمانی عەرەبی وەك پەیامێك بۆ مرۆڤایەتی دەرخسـت[٨٣]. هەر وەکو تێبینیمان کرد کەچل ساڵ لەوەوبـەر میشـێل عەفلـەق وەلآمـی ئـەم پرسیارەی دابووەوە: لەو کاتانەدا تەنها عەرەب موسـڵمان بـوو، بـەلآم جۆرێکـی نـوێ لەعەرەب کەگەیشتبوە ئاسـتێکی تـەواو و پێشـکەوتو. ئیسـلام وەك "بزوتنەوەیـەکی عەرەبی" واتای تازە کردنەوەی عروبەو تەواوکردنی عروبە بوو[٨٤].

نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کە ئەگەر عەفلەق نەختێك وریـاتربوو لـەدەربڕینی بـیرو باوەڕە توندڕەوو شۆڤێنیەکەی، سەدام حوسـەین زۆر راسـتەوخۆتر بـوو. بـەلای سـەدام حوسەینەوە ئەگەر قورئانی پـیرۆز چـەند ئایـەتێکی دارشـتوە کـە پـەیوەندیدار بـووە بەنیشتمانی عەرەبەوەو قورئان لەناو میللەتانی تردا دەرنەکەوتوە چونکە خودای (..) گـەورە ویسـتویەتی (...) عەرەبـەکان سـەبارەت بەپەیامەکـەی ڕازی بکـاتو بەشێوەیەکی باش ئەوە بچەسپێنێت لـەناو دەرونیـاندا ڕاپـەڕن[٨٥]. قورئـان بـەزمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە چونکە تەنها عەرەب توانای ئەوەی هەبووە ئەو ڕۆڵە ببینێ کـە خودا پێیانی سپاردوە. بەم شێوەیە، خودا بانگەشەی نەتەوەی عەرەبی کـرد بـۆ ئـەوەی پێی رابگەیێنێ کەعەرەب لەنێوان میللەتانی سەرزەویدا توانـای ئـەوەیان هەیـە ئـەم ڕۆڵە ببینن[٨٦].

مەبەستی سەدام حوسەین چیە؟ کەنەتەوەی عەرەب هەڵبژێردراوە بۆ سـەرکردایەتی ئەو هەموو میللەتە بێگانانەی کەجاران لەژێر دەسـەلآتی ئیمپراتۆریـەتی ئیسـلامیدا بوون؟ بێ گومان، ئەوکاتانە شارستانیەتی ئیسلامی بریتی بـوو لەئیمپراتۆریـەتێکی گەورەو کاستی (caste) عەرەبیش کە ئیسـلام بـوو ڕۆڵـی سـەرەکیو تایبـەتی خـۆی هەبوو[٨٧]. لەسالآنی یەکەمدا عەرەبەکان بەبلآوکردنەوەی ڕێنمایی و بەهای ئیسلامیی

تەنها "بلاوكەرەوەی" ئیسلام بوون، بەلام نكولی لەوە ناكرێت كەسەركەوتنی عەرەبو تەشەنەسەندنیان تەنها لەسالانی فتوحاتی پەیامبەرو ئیمپراتۆریەتی ئەمەوی بوو. پێكهێنەرەكانی سروشتی دەولەت لەژێر دەسەلاتی عەباسیەكاندا گۆڕانكاری بەسەردا هات. ئیمپراتۆریەتی عەرەبیی ئیسلامیی گۆڕاو بوو بەئیمپراتۆریەتی ئیسلامیی عەرەبیی ، بەو واتایەی كەدەزگای دەولەت تەنها لەعەرەب پێكنەهاتبوو بەلكو پێكهاتبوو لەموسلمان (٨٨). بەو شێوەیە شارستانیەتی ئیسلامیی هەموو جۆرە ئاینو ئێتنیەكی دەگرتەوە (فارس، كورد، تورك، بەربەر، ئەسپانی، دیانی، جولەكە. . . هتد). ئەگەر شارستانیەتی "عەرەبیی ئیسلامیی" پێش عەباسیەكان عەرەبایەتی بەستبووەوە بەئیسلامەوە، شارستانیەتی ئیسلامیی ئەم پەیوەندیەی بەشێوەیەكی توند پچڕاندبوو. ئیدی هوشیاری "خۆناسەیی" یان شوناسی عەرەب، كەپان عەرەبیەت (پێش هەموویان پان عەرەبیەتی بەعسی) كردوییەتی بەئایدیۆلۆژیای خۆی تەنها لەوەوە دێت كە لەسەر ئاستی مێژوویی، ئەو میللەتانەی كەبەزمانی عەرەبی ئەدوان، لەسەر ئاستی سیاسیدا، تەنها یەك میللەت بوونو بەهۆی ئاینەكەیان كەزۆرینەی خەلكەكەی دەگرتەوە هەمیشە یادگاری ئەم یەكێتیەیان هەلگرتبو (٨٩). بەلام هەرچەندە شارستانیەتی ئیسلامی چەند میللەتێكی جیا جیای گرتبووە خۆی ، لەوە دەچێت كە ئەو میللەتانەی عەرەب نەبوون خزمەتی كێشەی عەرەبیان كردبێ (عروبەیان كردبێ). لەوانەیە بەواتای ئەو خزمەتەی كەناعەرەبەكان پێشكەشیان كردوە بەكێشەی عەرەب، وا لەبەعسو سەدام حوسەین بكات بلێ كە خودا "عەرەبی هەلبژاردوە بۆ ئەوەی بتوانن سەركردایەتی مرۆڤایەتی بكەن چونكە لۆژیكین (٩٠). بەلای سەدام حوسەینەوە ئەو گەلە بێگانانەی كە دژی هێرشی ئیسلام بەرگریان دەكرد ، بوون بەموسلمان چونكە پێویستیان بەوە هەبوو لەژێر دەسەلاتی سەرۆكێك كە نوێنەری عروبە یاخود ناسیۆنالیزمی عەرەب بوو یەكبگرن. ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە ، سەدام حوسەین كەباس لە"ڕۆلی سەركردایەتی"(الدور القیادی) دەكات مەبەستی لەو ڕۆلە نییە كە زەبروزەنگ بەكار بهێنێ. ڕۆلی تایبەتی عەرەب

ڕۆڵی خۆبەختکردن‌و خزمەتە. لەڕاستیدا ئەم ووتارە کە لەدژی ئێرانی خومەینی خوێنراوەتەوە ئامانجەکەی ئەوەیە کەدەری بخات کە لەسەر نەتەوەی عەرەبە پەیامی ئیسلام بلاوبکاتەوە نەوەك فارس چونکە پەیامبەر عەرەب بوەو قورئانیش بەعەرەبی هاتۆتە خوارەوە. ئیدی کە خومەینی دەیەوێ موسڵمان بێ (بەقسەی سەدام) تەنانەت پرێسیپە ساکارەکانی ئیسلامیش بەرپەرچ دەکاتەوە چونکە "ڕۆڵی سەرکردایەتی" عەرەب پەسەند ناکات. ئەم دیدەیە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستێکی کاتی نییە کەپەیوەندی بەجەنگ یان قەوارەیەکی تەکتیکیەوە هەبێت، بەڵکو فەلسەفەو هەڵوێستی جێگیری بەعسە. بەعس ئیسلام بەرز دەنرخێنێ بۆ ئەوەی لایەنە ناسیۆنالیستەکەی دەربخات، واتا وەك تێبینیمان کرد دەیەوێ دەری بخات کە ئیسلام بۆ خزمەتی نەتەوەی عەرەب هاتۆتە کایەوەو عەرەب سەرۆکایەتی کردوەو عەرەب دەبێ سەرکردایەتی بکات‌و میللەتانی موسڵمانیش دەبێ هەموویان لە خزمەتی عەرەبدا بن. دەبێ بوترێ کەکاتێك بەعس خۆی بە"مایکرۆکۆزمی"(وێنەی بچوکی) نەتەوەی عەرەب دادەنێ‌و کاتێك "ڕۆڵی سەرکردایەتی" دەبەخشێ بەنەتەوەی عەرەب، ئایا مەبەستی لەخۆی نییە؟ وەلامی ئەم پرسیارە ئەوەندە ڕوونە کەبەڕاستی پێویستی بەدرێژکردنەوەو ڕوونکردنەوەی زیاتر نییە.

بەبەرزڕاگرتنی" ئیسلامی ناسیۆنالیست"، بەعس بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیەوێ تیۆریەکی مێژوویی نوێ بهێنێنە کایەوە: تیۆری مێژوویی ئیمپریالیزمی عەرەبی بۆ سەپاندنی جۆرێك لەجۆرەکانی مۆنۆپۆلی سیاسی. بەم شێوەیە، بەعس تەنها دان بەمەزنیی ڕابوردووی ئیسلامدا نانێ وەك شارستانیەت‌و دیاردەیەکی مێژوویی، بەڵکو وەك دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژیش سەیری دەکات: جەوهەری ئیسلام "ئایدیۆلۆژیزە" دەکات‌و لەگەڵ ناسیۆنالیزمی پان عەرەبدا دەیگونجێنێ. بەئایدیۆلۆژیزەکردنی ئیسلام، بەعس پەیامی پەیامبەر لەلایەنە ئاینیەکەی بەتاڵ دەکاتەوە. ئیدی، دەست ڕاکێشان بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب‌و دانانی بەمەرجێکی مێژوویی ژیانی عەرەب دەبێتە پاساوێك بۆبەرزڕاگرتنی ڕۆحی عەرەب‌و دەرخستنی ئیسلام وەك کولتورێك بەواتاهێگلیەکەی.

ئەم لایەنە رۆحیەیە کەعەرەب دەکات بەنەتەوەیەکی باش نرخێنراو لەنێوان گەلانی جیهاندا. بەگوێرەی لۆژیکی بەعس، پەیامبەرو چوار خەلیفەی ڕاشدین‌و ئەمەویەکان‌و عەباسیەکان دەبێ وەك ئەو پیاوە سیاسیانە دەرکەون کەنوێنەرایەتی ئەم رۆحەیان کردوە. وەك دەرئەنجام، ئەم "بەداردەستکردنە" ئەم واتایەی خوارەوە دەگەیێنێ: ژیاننەوەی (بعث) ئەم رۆحە. میشێل عەفلەق کاتێك کەهەوڵی دەدا ئیسلام‌و ناسیۆنالیزمی عەرەب پێکەوە بلکێنێ (بەوشێوەیەی کەبەعس دەیەوێ دەری بخات) دەیگوت. " وەك ئەمڕۆ بەهەندێك دەڵێین نیشتمانپەروەر(وطني) یاخود ناسیۆنالیست (قومي)(هەرچەندە دەبێ هەموو نەتەوە ناسیۆنالیست بێ) مەبەستمان لەوکەسانەیە کە باوەڕیان بەکێشەی وڵاتەکەیان هێناوە چونکە گشت مەرج‌و چاکەی پێویستیان لەخۆیاندا کۆکردوە بۆ ئەوەی هوشیارین بەرامبەر پەیوەندی قوڵیان لەگەڵ نەتەوەکەیان‌و باری بەرپرسێتی ئەم ئینتمائە هەڵدەگرن. لەڕابوردوشدا موسڵمان ئەو عەرەبە بوو کە باوەڕی بەئاینی نوێ هێنابوو چونکە هەموو مەرج‌و چاکەی پێویستی لەخۆیدا کۆکردبوەوە بۆ ئەوەی تێبگات کەئەم ئاینە نوێنەرایەتی هەڵ بەزینی عروبە بۆ یەکیەتی‌و هێزو پەرەسەندن دەکات "[٩١]. عەفلەق لێرەدا دەیویست بڵێ ئەگەر لەڕابوردودا پیاوی موسڵمان پێش هەموو شتێك عەرەب بوو، باوەڕی هەبوو بە ئیسلام چونکە نوێنەرایەتی " بزووتنەوەی عروبەی دەکرد"، ئەمڕۆ عەرەب دەبێ پێش هەموو شتێك ناسیۆنالیست بێ‌و باوەڕی هەبێت بەکێشەی نیشتمانیی. لەم تێڕوانینەوە، مەبەستەکە زۆر ئاشکرایە: عەرەبی ڕابوردوو دەگۆڕێ‌و (مێتامۆرفۆزە دەکات metamorphosis): ئەمجارەیان لەسەر شێوەی ناسیۆنالیزمی بەعسی دەردەکەوێ. بەگوێرەی ئەم لۆژیکە، بەعس کێشەی ئیسلام وەك ئاین‌و، عەرەب وەك نەتەوەو، بەعس وەك پارتی سیاسی، بەم دوو ڕێگایەی خوارەوە چارەسەر دەکات: یەکەمیان "هێڵی" باوەڕ بەئیسلام دەگوێزێتەوە بەرەو باوەڕ بە ناسیۆنالیزم. دوهەم، ئیسلام لەناو ناسیۆنالیزمی بەعسی دا دەتوێنێتەوە. بەم شێوەیە بەعس هەوڵ دەدات ئەو

ناچونیەکیەی، ئەو دژاودژیەی کەهەیە لەنێوان شوناسی (هویەی) ناسیۆنالو شوناسی ئاینی، چارەسەر بکات:

لەڕابوردودا موسڵمان ئەو کەسە بوو کەباوەڕی بەئاینی نوێ هێنابوو چونکە ئەم ئاینە نوێنەرایەتی عروبەی دەکرد ئەمڕۆ، هەمان شت، موسڵمان دەبێ ئەو کەسەبێ کەپێش هەموو شتێك باوەڕ بەناسیۆنالیزم بهێنێ چونکە ناسیۆنالیزم نوێنەرایەتی بەردەوامی هەمان بیروباوەڕ دەکات کە پەیامبەرو عەرەبەکان هەڵگری بوون. بەلابردنی سنوور لەنێوان پێناسەی ناسیۆنالو پێناسەی ئاینی، بەعس ناسیۆنالیزم دەکات بەباوەڕ (ئیمان)، هەروەکو لەبەشی داهاتوو روونی دەکەینەوە.

شایانی ئاماژەپێکردنە لەمێژووی بیری سیاسی عەرەبدا، زۆر لەپان عەرەبەکانی پێش عەفلەق ئیسلامیان لکاندوە بەناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە، بەڵام هیچ بیرمەندێك ئەو ئەندێشەیەی نەبوە کە "باوەڕ" بکات بەمەرجێکی بێهاوتاو بنەڕەتیی ناسیۆنالیزم. دەبێ بوترێ کەعەفلەق تەنها بیرمەندی پان عەرەبی ئەو سەردەمە بوو کەتوانی چەمکی کۆمەڵگای نوێ لەئەزمونی ئیسلامیەوە وەربگرێت (اقتباس بکات): واتا متمانە کردن بە "باوەڕ"[٩٢]. "باوەڕ" وەکو پێشمەرجێك بۆ لکاندنی ئیسلام بەو ناسیۆنالیزمەی کە گوزارشتێکی راستەقینە لەئامانجو ویستەکانی بەعس دەکات. سەدام حوسەین دەڵێ لەکاتێکدا باسی موحەمەدی مەزن دەکەین، دەبێ وەك پەیامبەرێکی مرۆڤایەتیو پاڵەوانێکی ناسیۆنالیستی گەورەی نەتەوەی عەرەب سەیری بکەین، چونکە کەسانی گەورەی وەك پەیامبەر لەباوەشی نەتەوەیەکی گەورە لەدایك دەبن[٩٣].

بێ گومان مەبەستی سەرەکی بەعس ئەوە نییە قەوارەیەکی خودایی theist بدات بەپەیامی پەیامبەر، چونکە (وەکو ئاماژەمان پێکرد) هەوڵ دەدات ناوەڕۆکی ئاینی ئیسلام بۆ مەبەسێتکی سیاسیو تەکتیکیو لەهەمان کاتدا ستراتیژی بەتاڵ بکاتەوە. کاتێك عەفلەق دەڵێ " ژیانی پەیامبەر نوێنەرایەتی سایکۆلۆژیەتی (رۆحی) عەرەب دەکات لەڕاستیە ڕەهاکەیدا"[٩٤] وکە "موحەمەد(ص) بریتی بوو لەهەموو عەرەب،

باهەموو عەرەبێکیش وەك موحەمەد بێت"[٩٥] مەبەستی لەمەسیرەی ئاینی یان ناسیۆنالیزمی ئاینی پەیامبەر نییەو نالێ کە لەنێوان عەرەب و ئیسلامدا پەیوەندیەکی تایبەتی هەیە ، وەکو زۆر نووسەری ڕۆژ ئاوایی ئەیانەوێ باسی بکەن[٩٦]. کەبەعس ناسیۆنالیزمی ئاینی رەتبکاتەوە ، ئەوە شتێکی ئاشکرایە، بەلام بەعس بەشێوەیەکی ئایدیۆلۆژی یان ئەگەر بتوانین بڵێین بەشێوەیەکی بەعسیانە پەیامبەر پێشکەش دەکات وەك ناسیۆنالیست. موحەمەد بریتی بوو لەهەموو عەرەب، باهەموو عەرەبێك لەمەودوا موحەمەد بێت: مەبەست لەمە ئەوە نییە کەهەموو عەرەبێك دەبێ ئایندار (متدين) بێت، یاخود باوەڕی بەئاینی ئیسلام هەبێت. ئەمە لەلای بەعس کێشەیەکی لاوەکیە. کێشەی سەرەکی ئەمەیە: بەعس کەخۆی وەك ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی ڕاستەقینە پێناسەدەکات، هیچ ناچونیەکیەك (دژاودژیەك) نابینێ لەنێوان یەکێك کەموسڵمان بێت یان نوێژکەر بێت یان کافر، بەمەرجێ کە بەعسی بێت و باوەڕی بەموحەمەد هەبێت وەك "پاڵەوانێکی ناسیۆنالیستی مەزنی نەتەوەی عەرەب"، چونکە ئەگەر پەیامبەر نوێنەرایەتی ڕۆحی عەرەبی دەکرد ، بەعسیش، بەهەمان شێوە، نوێنەرایەتی ڕۆحی عەرەب دەکات. کۆتایی ئەم سیللۆژیزمە (syllogism) ئەوەندە ڕوونە کە بەڕاستی پێوستی بەسەلماندنێکی دوورو درێژ نییە. سەدام حوسەین بە زۆرو زەبەنگی بۆمان ڕوون دەکاتەوە: "وابزانم حیزب وەك تیۆری و وەك پراکتیك حیزبی هەموو بزووتنەوەیەکی عەرەبەو تەنها حیزبە کەڕۆحی یەکەمی عەرەبی لەبەرکردوە"[٩٧].

بێ گومان هەڵوێستی ئاشکرای بەعس بەرامبەر بەئیسلام تەنها فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بەپێکهاتەی ئاینی و مەزهەبی ئەو نیشتمانە عەرەبەی کە دەیەوێ پارچەکانی بکات بەیەك و حوکمڕانی بکات. ئەگەر تەماشایەکی کارتی جوگرافی وڵاتە عەرەبیەکان بکەین، دەبینین کە زۆر ئاینی جیاوازو مەزهەبی ڕەنگاو ڕەنگ ئەو وڵاتانە پێك دێنن. ئەگەر مارۆینەکان و ئۆرتۆدۆکسەکانی لوبنان و قوبتییەکانی میسرو بەربەرەکانی جەزائیرو تونس و مەغریب و دیانەکانی سوریاو

سودانو ئەردەنو عیراقو ئەنیمیستەکانی سودان بەعەرەب دابنرێن پێویستە کۆکەرێکی هاوبەش هەبێت کە سەرجەم ئەم گروپانە بکات بەیەك.

ئەم کۆکەرە هاوبەشە چیە؟ نەسیۆنالیزمی عەرەبو ئاینی ئیسلام وەك کولتور. مارۆنیەك یاخود قوبتیەکی میسر. . .هتد. دەبێ تێبگاتو ئەندێشەی بڕازێنێتەوە بەوەی کەخۆی بەعەرەب بزانێو قەوارەی پێناسەیی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبدا بگونجێنێ. گرنگ ئەوەیە کە لەعەرەبێکی موسڵمان خۆی جیا نەکاتەوە چونکە ئیسلام بۆ عەرەبێکی موسڵمان کولتورێکە وەك چۆن بۆ عەرەبێکی دیان مەسیحیەت کولتورێکە. ئەوەی کەهەردووکیان پێکەوە کۆدەکاتەوە ئەو ناسیۆنالیزمە عەرەبیەیە کە جەوهەرەکەی بریتیە لەناسیۆنالیزمی بەعسی.

بێ گومان، ناتوانین ئەم باسە تەواو بکەین بێ ئەوەی ئاماژە بەخاڵێکی زۆر گرنگ بدەین. زۆر لەنووسەران پارتی بەعس بەعەلمانی لەقەڵەم دەدەنو دەڵێن گوایە بەعس عەلمانیە چونکە پارتێکی ئاینی نییەو ئاین لەئایدیۆلۆژیای رەسمی جیا دەکاتەوە. بۆ پەرتدانەوەی ئەم باسانە پێش هەموو شتێك پێویستیمان بەپێناسەکردنی زاراوەی عەلمانی هەیە. عەلمانیەت واتای چییە؟ عەلمانیەت پرینسیپێکە کە داوا دەکات دەوڵەت دەست وەرنەداتە کارو باری ئاینیو هەڵسو کەوتی ئاینی تاکەکان. هەروەها داوا دەکات کەدەوڵەت سەر بە هیچ بەشێك لە بەشەکانی هاوولاتیان نەبێو هیچ کەسێك جیانەکاتەوەو جیاوازی لەنێوان هاوولاتیاندا بە گوێرەی ئینتیمای ئاینیان نەکات. بەم شێوەیە دەوڵەت نابێ جیهانبینیو دیدی بەشێك لەبەشەکانی کۆمەڵ بەسەر بەشەکەی دیکەدا بسەپێنێ، کەداوا دەکات کۆمەڵگەی مەدەنیو کۆمەڵگەی ئاینی جیا بکرێنەوە لەناو دەزگاکانی دەوڵەتدا. دەرئەنجامی ئەم پرینسیپە بریتیە لەوەی کەیاساکانی دەوڵەت لەسەر بنچینەی جیابونەوە (ئاوتۆنۆمی) لەنێوان دەوڵەتو دەزگا ئاینیەکان سەرچاوە دەگرن: دەوڵەت دەست وەرناداتە کارو باری دەزگا ئاینیەکانو ئاینیش دەست وەرناداتە کارو باری سیاسی. ئەمەیە بە کورتی واتای عەلمانیەت. ئایدیۆلۆژیاو رژێمی بەعسی بە هیچ شێوەیەك عەلمانی نین لەبەر ئەوەی

وەك سەرجەم ئایدیۆلۆژیاو بزوتنەوە تۆتالیتاریەکان، دەیەوێ بە شێوەیەکی رەهـا خـۆی بە سەر هەموو دەرکەوتە ئاینیەکاندا بسەپێنێ. حکومەتی بەعسی عیراقی نەك تەنـها هیچ ئازادیەکی ئاینی نەدا بە دەزگا ئاینیەکانو ئاینزای سوننەی بەرز نرخاند، بـەڵکو بە ناوی ئایدیۆلۆژیای نەسیۆنالیستی بەعسیەوە دەسـتیکرد بـە داپلۆسـینی شـیعەو سەرجەم ئاینزاکانی دیکە. لەبەر ئەم هۆیە، دەتوانین بڵێین کەبەعس هەرگیز بنچینـەی حکومەتو ئایدیۆلۆژیای بەعسو سیاسەت یان دەوڵەت لەئاین جیا ناکاتـەوە. بـەڵکو لەسەرئاستی ئۆنتولۆژی ئاین ملکەچ پێ دەکات بۆ دەزگاکانی دەوڵـەت. بـێ گومـان ئایدیۆلۆژیـا تۆتالیتاریـەکان بـەهیچ شـێوەیەك نەدەیانـەوێو نـەدەتوانن بـهێڵن کەدەزگاکانی ئاینیی بەسەربەخۆیی بجولێنەوەو رێز ناگرن لەئازادی ئاینی. ئاین دەکـەن بە داردەستو دەیخەنە ژێر ویستو مەرامی خۆیانەوە.

پەراوێزەکانی بەشی سێهەم

1-Fouad Matar, Saddam Husayn ou le devenir irakien, Le sycomore, 1980, Paris, p. 19.

٢-بڕوانە میشیل عەفلەق ، في سبيل البعث، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ل ٢٤٢.

٣-هـ ، س، ل ٢٤٢

٤-هـ، س، ل ٢٤٢

٥-بڕوانە میشیل عەفلەق، لە ناو:

Elyas Farah, Parti bath arabe et socialiste evolution de l'ideologie arabe revolution naire, La pensee nationale, Michel Aflak, Menuesa, Madrid, 1978, P. 128

٦-بڕوانە:

Patrick seale, The struggle of Syria, A Study of Past War Politics (1945-1958), Oxford University Press, London, 1965, P. 154.

7-Elyas Farah, Ibid, P. 194

٨-میشیل عەفلەق لە ناو:

Elyas Farah, Ibid, P. 128.

٩-ڕاستیەك كەخۆی دەسەپێنێ‌و پێویستی بەسەلماندن نییە.

١٠-میشیل عفلق، في سبيل البعث، هـ. س. ل٩٧

١١-میشیل عفلق، هـ. س. ل. ٩٨-٩٩.

12-Michel Aflak, Parti bath arabe et socialiste, choix de textes de la pensee du fondateur du parti bath, Bol. Ind. La Albarreja, Madrid, 1977, P. 85.

١٣-میشیل عەفلەق، هـ. س. ل. ٦٨.

١٤-بڕوانە وتاری میشیل عەفلەق، هـ. س. ل. ٦٧-٧٠

15-Itimar Rabinovich, Syria under the bath: 1963-1966, The Army Party Symbiosis, Jerusalem University Press, 1977, PP. 9-10.

١٦-مادەی شەشی دەستوری پارتی بەعس.

١٧-پرنسیپی یەكەمی دەستوری پارتی بەعس. بەلای حنا بطاطوقوة یەكێتی عەرەب كەبەعس داوای دەكات "ئامرازێك نییە كەبیەوێ بگاتە ئامانجێك یاخود شتێكی بەكەڵك پێك بهێنێ"، بەڵكو

مافێکی سروشتی یە ". بە واتایەکی تر نەتەوە دەبێ لــەچوارچێوەی دەوڵــەتێکدا بــژی". لەبەرئــەوە یەکێتی "پێویستییەکی ئەخلاقیە" و "لەسەر ئاستی مێژوویی دەبێ بەدی بهێنرێ". بڕوانە
Hanna Batatu, The Old Social Classes and the Revolutionary Movement of Iraq, A study of Iraq's Old Landed and Commerical Classes and of it's Communists, Bathists and Free Officers, Princiton University Press, 1978, P. 731.

١٨-بڕوانە نضال البعث، ل. ٧٢-٧٣ و هەروەها:
Wafik Raouf, Nouveau regard sur le nationalisme arabe, Bath et Nasserisme, Paris, 1989, P. 109.

19-John J. Devlin, The bath party, A History from it's Origins to 1966, California, Hoover Institution Press, 1976, P. 26.

٢٠-لە ئەدەبیات‌و بڵاوکراوەکانیدا، بەعس ئیسرائیل بە فەلەستینی داگیرکراو لەقەڵەم دەدا. لــەم ڕووەوە بەعس بانگەشە دەکات بۆ ڕزگاردکردنی سەرجەم خاکی فەلەستین (تحرير كامل تراب فلسطين). کاتێك کەبەعسی عیراقی تەمجیدی (نبوخذنصر) یان صەلاحەدین دەکات وەکو ڕزگارکــەری گــەورەی فەلەستین لەقەڵەمیان دەدا، یەکەمیان دادەنێ بە ڕزگارکەری گەورەی فەلەستین لــەمێژووی کۆنــدا (مێــژووی پێــش ئیســلام) و دووەمیشــیان لــەناو چوارچێــوەی "ڕوحێکــی ئیســلامیدا". لــە چــاو پێکەوتنێکدا لەگەڵ نووسەری بەعس، (فؤادمطر) سەدام حوسەین دەڵێ کــە (نبوخذنصــر) پیــاوی گەورەی مێژووی کۆنی پێش ئیسلامەو تجاوزی ژیانی ئاسایی دەکات. پێش هــەموو شــتێك پیاوێکــە کەپەیوەندیەکی بەنرخ دروست دەکات لەنێوان تیۆری‌و پراکتیکیدا. تا ئەم خەســڵەتانەن کەدەیکــەن بەپیاوێکی گەورەو وای لــێ دەکەن کەبگات بەئامانجەکانی خۆی. ســەدام حوســەین دەڵــێ کــەژیانی نبوخذ نصر کاری زۆر کردۆتە سەری چونکە پێش هەموو شتێك توانای عەرەب دردەخات‌و لەلایــەکی تریشەوە ڕزگارکەری فەلەستینە. ڕاستە کە(نبوخذ نصر) عەرەبی عیراقە، عــەرەبی عــیراقی کۆنــە، بەڵام عیراق بەشێکە لەنەتەوەی (عەرەب) لەهەموو چەرخەکانی مێژووداو نبوخذ نصر یش جووەکانی بەزان لە فەلەستین. سەدام حسین درێژە دەدات بە باسەکەی و دەڵێ کاتێك کە بیرلەوە دەکەمەوە بڵێــم بەعەرەبەکان بە تایبەتی عیراقیــەکان مێــژوو بەرپرســیارتان دەکــات بەرامبــەر ئەرکەکــەتان‌و ئــەم ئەرکەش دەبێ ببێ بەچەکێك کەجەڵەتان تێ بخات نەك ببــێ بەقورســاییەك کــەرێتان لــێ بگــرێ‌و سڕتان بکات. دەبێ ئەم چەکــە بەکاربــهێنن چونکــە ئێــوە خــاوەنی مێژوویــەکن (٠٠) و ئەوانــەتان لەبیرنەچێت کەفەلەستینیان ڕزگار کردووە پێش‌و پاش ئیسلامیش هەروەها صەلاحــەدینیش هــەمان تایبەتمەندی هەیە بــەڵام لــەچوارچێوەی ڕۆحێکــی ئیســلامی‌و موســڵمانێکی عیراقیــە. لــەکۆنگرەی جوتیاران کە لەبەغدا بەسترا لە ساڵی ١٩٧٩ بە ئەندامەکانم ووت کەســەریان ســوڕنەمێنێ کــاتێك

فەلەستینییەك شەهید دەكرێ لەفەلەستین كـە لەفەلەسـتین لـەدایك نـەبووە، هـەروەها سـەرتان سوڕنەمێنێ كـاتێك كەعیراقیـەك یـان لوبنانییـەك یـان سـوورییەك یـان هەرعـەرەبێكی تـر دەبـێ بەشەهیدی فەلەستین . من صەلاح الدین دەژمێرم بەسـەرۆكێكی گـەورە چونكـە توانـی لەچـەرخی خۆیدا رۆحی نەتەوە بوروژێنێو بەرەو ئامانجێكی تەواوی بەرێ: یەكیەتی بـۆ سـەركەوتنێكی گـەورە بەسەر خاچ هەڵگرەكاندا. بڕوانە:

Fouad Mater, Saddam Husayn ou le devenir Irakien, Ibid, PP. 158-159.

٢١-جغرافية: العراق للصف الخامس الابتدائي، وزارة الثقافة، العراق، ١٩٧٥ ل ٧-٨ ، لە:

Christine Moss Helms, Iraq, Eastern Flank of Arab World, Washington D. C., 1984, P.17.

22-Bassel Youssef, Les droits de l'homme dans la pensee du parti bath arabe et socialiste, etude comparee, Bagdad, dar al-mamoun, 1982, P.143.

٢٣-مشیل عفلق لە :

Hanna Batatu, Ibid, PP. 733-734.

٢٤-میستیسیزم (mysticism) عەقیدەیەكی فەلسەفیە كەبریتیە لەكۆی بۆچوونو پراكتیزەكان كەئامانجیان یەكێتی ناوەخنی نێوان مرۆڤ و پرینسیپی بوونە (واتا خودایەتی).

٢٥-میشیل عەفلەق، في سبیل البعث، هـ. س، ل ٧١

٢٦-بڕوانە

Hanna Batatu,Ibid, P.736.

٢٧-هـ. س. ل ٧٣٦.

٢٨-هـ. س. ل ٧٣٦.

٢٩-هـ. س. ل ٧٣٥.

٣٠-هـ. س. ل ٥٦.

٣١-بڕوانە مادەی چواری دەستوری پارتی بەعس.

٣٢-مشیل عەفلەق، في سبیل البعث، هـ. س. ل.٣٠٧.

٣٣-هـ. س. ل ٣٠٧.

34-Hanna Batatu,Ibid, PP. 736-737

35-Patrick seale, The Struggle for Syria, A Study of Post –War Arab politics 1945-1958, 1965, London, P.154

٣٦-وەكو كۆیەك كەپێكهاتووە لەوماكانەی كەهەمان سروشتیان هەیەو دابەش بوون بەشێوەیەكی یەكسان.

37-Kamal S. Abu Jabar, The Arab Bath Socialist Party, History and Organization, 1966, Syracuse University Press, P. 112.

38- Michel Aflak, in , Samir al – Khalil, La machine infernal, politique de l'Iraq morderne, Editions Jean-Claude Lattes, 1991, p. 290 .

39- Michel Aflak, in, Jean- Pierre Viennot, Le role du bath dans la genese du nationalisone arabe, 9e annee, 3e trimestre, n. 35, 1965, 155.

40- Saddam Husayn , in, Foud Matar, op. cit ., 150.

٤١- بڕوانه ، هـ. س. ل. ٢٩٩-٣١٢.

٤٢- شعوبيه بزوتنەوەیەك بوو لە سەردەمی عەباسیەکان کە فارسی بەرز دەنرخـاندو بـەچاوێکی نزمـەوە تەماشای عەرەبی دەکرد. بەڵام ئەمڕۆ شعوبیه گوزارشت دەکات لەچوارچێوەیەکی فیکری کـە لا دەدات لەنەسیۆنالیزم. لەئەدەبیاتی بەعسیدا، شعوبیه بە شـێوەیەکی نێگـەتیڤ بـەکاردەهێنرێو ئاماژە دەکات بۆ لایەنی خراپی خەڵكو بزوتنەوە کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای بەعسی ناگونجێن. بۆ نمونـە عبدالکريم قاسم لەزۆر لایەنەوە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ تەماشا نەدەکرا لە لایەن بەعسـەوە چونکـە بەباشی خۆی تەرخان نەکردبوو بۆ مەسەلەی یەکیەتی عەرەب. بڕوانە:

John Devlin, The Bath Party, A History from its Origins to 1966, Hoover Institution Press, 1976, p. 45.

بڕوانە هەوەها: د. عبد العزيز الدوری، الجذور التأريخية للشعوبية، دار الطليعة، بيروت، ١٩٨٠. د. عبدالله سلوم السامرائي، الشعوبية، حركة مضادة للأسلام والأمة العربية، المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة، بغداد ، ١٩٨٤.

٤٣- ميشيل عفلق، هـ. ل ٣٠٧.

٤٤-" في التفكير الاشتراكي" ، وزارة الاعلام، دار الحرية للنشر، بغداد ، ١٩٧٣، ل ١٨-١٩ .

٤٥- ميشيل عفلق، معركه المصير، هـ. س. ل ١٧.

٤٦- ئەم دوو چەمکەمان لەحەننا بەتاتو وەرگرتوە، بەڵام ئەو دەرئەنجامەی ئێمە پێـی گەیشـتوین جیاوازە لەو، بڕوانە:

Hanna Batatu, op. Cit., p. 738.

٤٧- ميشيل عفلق، في سبيل البعث، ل ٧ .

٤٨- بڕوانە ل ١١، ل١٣، ل٧٢ .

٤٩- ل ٢٩- ٣٠.

٥٠- ل ٢٨.

٥١- ل ٢٨.

52- Fuad Matar, op. cit., p. 166.

٥٣- هـ. س. ل. ٥٦، ل. ٥٨.

٥٤- بڕوانە مادەی یەکەمی پرینسیپە گشتییەکانی پارتی بەعس.

55- Maurice Duverger, Droit constitutionnel et institutions politiques, Puf, Paris, 1956, p1. 123-124.

56- Pierre Aycoberry, La question nazie, Les interpretations du national socialisme, 1922- 1975 , Ed. Du Seuil, 1989, P. 62.

57- Amazia Baram, Qawmiyya and Wataniyya in Bathi Iraq; The Search of a New Balance, in, Middle Eastern Studies, fast. 2,n.19, 1983, p.189.

58- Ibid ., pp. 189-190.

59- The 1968 Revolution in Iraq, Experience and Prospects, the Political Report of the Eighth Congress of the Arab Bath Socilist Party, January 1974, Itacha Presse, 1979, pp. 120- 121.

60- Ibid., p. 121.

61- Fuad Matar, op.cit., p. 161.

٦٢- جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، دار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٧١، ل ٣٢٣.

٦٣- ميشيل عفلق، احاديث الامين العام الرفيق ميشيل عفلق، بغداد، ١٩٦٩، ل ٧. هەروەها:
Halkawt Hakim,in (ouvrage collectif), Le Panarabisme irakien et le probleme kurde, Les Kurdes Par- dela l'exode, L'Harmattan, Paris, 1992, P. 140.

64- Orfa Bengio, Bathi Iraq in Search of Identity; Between Ideology and Praxis, in, Orient, Vol. 28,1987, p.513.

65- Ibid., p. 513.

66- Amazia Baram, Mesopotamian Identity in Bathi Iraq, in, Middle Eastern Studies, Vol. 19, Fasc. 4, 1983, p. 246.

بۆ ئەو مەبەستە، بڕوانە ئامۆژگاریەکانی سەدام حوسەین لەسەر نوسینەوەی مێژوو: صدام حسين، حول كتابة التاريخ، دار الثورة، ١٩٧٨. بڕوانە هەروەها: صدام حسين، كيف يكتب التاريخ، ١٩٧٥، هەروەها: يجب ان لا نتحدث عن التاريخ بصوره معزوله عن الزمن وتفاعلات الاحداپ، ١٩٧٥، لەناو نامیلکەی، الثورة و التربية الوطنية، وزارة التربية، ١٩٧٧، ل. ٣١-٣٦، ل. ٥٣-٦٨. بڕوانە پێشوکی کتێبەکەی د. فاضل البراك کە لەبەر ڕۆشنایی ئامۆژگاریەکانی سەدام حوسەین پێشنیز دەکات نوسینەوەی مێژوی میللەتی عەرەب دوبارە بکرێتەوە لە سەر شێوازی نوێ، ل. ٩-١٤. لە

شوێنێكی دیكه د. البراك جەخت دەخاتە سەر ئەوەی كەموامەرات كراوە لەسەر كەسايەتی عەرەبی كەخاوەنی یەكەم شارستانیەتی مرۆڤەو یەكەم شەریعەی بەخشیوە بەمرۆڤایەتی لەسەر زەوی. . هتد. بڕوانە : د. فاضل البراك، المدارس اليهودية و الايرانية فى العراق، دراسة مقارنة، بغـداد ، ١٩٨٤، ت. ٢٢٤.

67- Ibid., pp. 436-437.
68- Ibid., p. 439.
69- Ibid., p. 439.

٧٠- بەم بۆنەیەوە بڕوانە هەڵوێستی رۆشنبیرە بەعسیەكان لـەناو هـ. س.، ل ٤٣٩-٤٤٣. هـەروەها بڕوانە:

Amazia Baram, Culture in Service of Wataniyya: The Treatmeat of Mesopotamian Inspired Art in Bathi Iraq, in , Asian and African Studies, Vol. 17, Fasc. 1-3, 1983, pp-225-313.

٧١- بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە:

Amazia Baram, National Integration and Local orientation in Iraq Under the Bath, in, The Jerusalem Journal of International Relations, Vol.9, Fasc.3,1987, p.45.

72- Amazia Baram, Mesopotamian Identity, Ibid., p.444.
73- Ibid., p. 444.
74- Amazia Baram, Qawmiyya and Wataniya, op.cit., p.190.
75- Ibid., p.445.
76- Ibid., p.45.
77-Jean- Pierre Viennot, Le bath enter theorie et le pratique, in, Orient, 8em annee, 2em trimestre, n.30, 1964, p.14.

٧٨- ميشيل عفلق، في سبيل البعث، ل ١٢٤.

٧٩- ل ١٢٤.

٨٠- ل ١٢٤- ١٢٥.

٨١- ل ١٢٦.

٨٢- ل ١٢٧.

٨٣- صدام حسين، الدور القيادي لرسالة الاسلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣، ل ٤.

٨٤- ميشيل عفلق، ل ١٢٧.

٨٥- صدام حسين، هـ. س. ل ٧.

٨٦- ل ٨.

87- Maxime Rodinson, Les Arabes, Puf, Paris, 1979, p.28.

88- Ibid., pp. 28-29.
89- Samir al-Khalil, op. cit., p.259.

٩٠- بڕوانە، ل. ١٤.

٩١- ميشيل عفلق، في سبيل البعث، ل ١٢٧- ١٢٨.

92- Samir al-Khalil, op. cit., p.261.

٩٣- صدام حسين، الثورة والنظرة الجديدة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ل ١١٢- ١١٣.

٩٤- ميشيل عفلق، في سبيل البعث، ل ١٢٥.

٩٥- ل ١٢٦.

٩٦- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:

Jean- Pirre Viennot, op. Cit., p.69.
97- Fuad Matar, op. cit., pp.169-170.

بەشی چوارەم
بەعس و فاشیزمی مێژوویی

بەعس و ناسیۆنال سۆسیالیزم:

لەبەشی پێشودا بەعسمان بەشێوەیەکی سکێماتیك پێناسە کردو پیشانمان دا کەئایدۆلۆژیای بەعسی نوێنەرایەتی پان عەرەبیەت دەکات و دەیەوێ ببێ بەتەنها نوێنەری نەتەوەی عەرەب لەناو چوارچێوەی تەنها دەولـەتێکدا. ئەم دەولەتە دەبێ گوزارشت بکات لەیەکێتی ناسیۆنال و هێزو ووزەی لە "یەکچونی رۆحی" ئەندامەکانی وەربگرێت. یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیزم کۆلەکەی مەرکەزی بینای ئایدیۆلۆژیای بەعس و "شۆڕش لەسەرەوە" تەنها ڕێگایە کەتوانای ئەوەی هەبێت "پەیامی نەمری عەرەب" بەدی بهێنێ . ئەم شۆڕشە ڕێگا پاك دەکاتەوە بۆ شۆڕشێکی کۆمەلایەتی ڕاستەقینە کەهەوڵ ئەدات، لەڕێگەی ژیانەوەی ڕۆحی عەرەب و گۆڕینی بنەڕەتیی عەقلییەت ، ئادەمیزادێکی نوێ دروست بکات و پەیڕەوێکی کۆمەلایەتی لەسەر مۆدێلی ڕابوردوی مەزنی نەتەوەی عەرەب بخولقێنێ.

لەم بەشەدا دەمانەوێ لەسەر ئاستی فەلسەفەی سیاسیی بزانین ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییانە کامانەن کەبەعس لەناسیۆنال سۆسیالیزم نزیك دەکەنەوە. بەلاّم پێش ئەوەی ئەم قەوارەیە شیبکەینەوە، دەمانەوێ هێلّ بەژێر ئەوەدا بێنین کەلێرەدا نیازمان نییە هاوتەریبیی مێژوویی و سۆسیۆلۆژی پیشان بدەین. ئاشکرایە کەفاشیزم دیاردەیەکی پوختی ئەورووپیەو لەسەردەمێکی زۆر تایبەتی مێژووی ئەورووپادا هاتۆتە کایەوەو پاشماوەی لۆژیکێکی تایبەتی مێژووی ئیتالیاو ئەلّمانیایە. لەسەر حساب کردنی

ئەم ڕەچاوگرتنە، هەموو شیکردنەوەیەك کە " هۆکار" و"ئەنجامەکانی" بەرەچاوگرتن وەردەگیرێ دەخەینە ئەولاوە. باسێك کەبیەوێ شیکردنەوەیەکی هۆیی بکات کەڵکی نییە چونکە بەعس وەك زۆر دیاردەی تۆتالیتار لەکۆمەڵگەیەك یان لەکەلتورێك سەری هەڵنەداوە کەئەزموونێکی دوورو درێژی سەبارەت بەکارکردنی دەزگاکانی دیموکراسی هەبێت. لەبەر ئەم هۆیە نابێ بەعس بە "کەوانەیەك" یان "نەخۆشیەکی مۆراڵ" بژمێردرێ یان ئەگەر بمانەوێ هەمان گوزارشتی نوسەری ئیتالی بەناوبانگ بێنێدێتتۆ کرۆچێ (Benedetto Croce) بەکاربهێنین سەبارەت بەفاشیزمی ئیتالی "لەهۆش چوونێك و خەمۆکیەکی مەدەنیو سەرخۆشییەکی"[1] سەردەمێکی تایبەتی مێژووی عەرەب یان ڕۆژهەلاتە. بەعس، هەروەکو هەموو دیاردەیەکی سیاسی دەسەلاتخواز لەڕۆژهەلاتدا، بەشێکە لەمێژوویەکی پڕ لەکێشەو پاڵەپەستۆی کۆمەلایەتی و ئاینی و سیاسی و ئابوری کە لەژیانیدا نەیتوانیوە بەرەو ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی بە واتا گەردونییەکەی هەنگاوبنێت. لەم ڕوانگەیەوە، بەعس درێژەدانی بازنەیەکی مێژوییە، کەنازانێ لەکوێوە دەست پێدەکات و لەکوێدا کۆتایی دێت. بەلام ڕووخساری نوێی بەعس وای لێدەکات کەهێڵێکی بچڕاو یان لادانێکی ئایدیۆلۆژی دروست بکات کەهاوتای نەبێت لەنێوان چوارچێوە ئایدیۆلۆژییە تەقلیدییەکانی جیهانی عەرەب و ڕۆژهەلات. ئەم ڕوخسارە نوێیە سەری لە زۆر بیرمەندو ڕۆشنبیر شێواندوە کەتائێستا بە ووتەی مۆنتسکیۆ جەوهەر و "سروشتی" بەعسیان فەرامۆش کردوە. بۆ نمونە چیرۆك نوسی بە توانای فەرەنسی جان پییر ڤیێننۆ (Jean-Pierre Viennot پسپۆری جیهانی عەرەبە زۆر لە ووتارەکانی میشیل عەفلەقی لەعەرەبییەوە بۆ فەرەنسی وەگێراوە دەڵێ" هیچ ئایدیۆلۆژیایەك وەکو ئەوەی بەعس، وابەکەموو کورپی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا نەناسراوە "[2]. ڕاستە. بەلام بۆچی واباش نەناسراوە؟ لەوانەیە ئەوانە هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتیان بۆ توێژینەوەی قوڵ و ئالۆز لەسەر بنچینە تیۆریەکانی هەیکەلی بەعسی نەبوبێ. پێش جەنگی کەنداو زۆربەی زۆری نوسەرانی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتی، بەعسیان دەخستە ڕیزی ئەو

ناسیۆنالیزمە پێشکەوتنخوازانەی کەدژی کۆلۆنیالیزمو ئیمپریالیزمو زایونیزم ئالای سەربەخۆییو سەربەستیان هەڵگرتوە. شایستەی ئەوەیە زوو بەزوویی بوترێ کەبێگومان بەعس لەئەنجامی کاردانەوەیەکی بەهێزو توند دژی دۆخێکی دژواربەدەرکەوت، هەر لەئەنجامەکانی پارچە پارچە بوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم بگرە هەتا دەگاتە ئەو سەردەمەی کەناوچەی ئەسکەندەرونە لەلایەن فەرەنساوە لەساڵی ١٩٣٩ درا بەتورکیا. دەتوانین بڵێین کەبەعس بەم شێوەیە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی کرد بەئامانجێکی سەرەکی کینەو رکەبەرایەتی. بەڵام ئەگەر کینەو رکەبەرایەتی هاوبەشە لەنێوان سەرجەم هێزە سیاسیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کەبوونی خۆرئاواو سیاسەتە کۆلۆنیالیستو ئیمپریالیستەکەی تاوانبار دەکەنو کولتورو عەقلیەتیان بەتەواوی رەفز دەکەن، ئەوەی بەعس بوو بەهۆی دروست کردنی فەلسەفەیەکی سیاسی کە قەوارە تیۆریەکەی زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ پارتە سیاسیە رۆژهەڵاتیو عەرەبیەکان. هیچ ئایدیۆلۆژیایەك کەدەسەڵاتی سیاسی گرتبێتە دەست ئەو تایبەتمەندیەی بەعسی نییە. دەمانەوێ باس لەو تایبەتمەندیە بکەین، واتا ئەوەی کەبەندە بەناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیو تیۆری بەعسو کاریگەریی بۆ سەر هەڵسوکەوتی سیاسی حکومەتی بەعسی عیراقی. لەڕێگەی شیکردنەوەی ئەم ناوەرۆکەوە دەمانەوێ ئەو "خزمایەتیە" یاخود ئەو هاوتەریبیە یان ئەو لەیەکچوونە فەلسەفیو ئایدیۆلۆژیە لەنێوان بەعسو فاشیزمی مێژوویی دەربخەین. ئەم هاوتەریبیە پەیوەندی بەبیرو باوەڕی سیاسییەوە هەیە واتا نەخشەی گشتی ئایدیۆلۆژیای بەعس: ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە لەسەر کۆمەڵێك پرینسیپو بەها پێناسە دەکرێ کەجیهانبینیەك دەخەنە ڕوو بۆ بەدیهێنانی پرۆژەیەکی سیاسی کردەوەو گۆڕان.

دەوڵەتی ناسیۆنالی بەعسو ناسیۆنال سۆسیالیزم

یەکەم تایبەتمەندی گشتی کەبەعس لەناسیۆنال سۆسیالیزم نزیك دەکاتەوە بریتییە لەویستی بەعس بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال لەسەر بنچینەی ڕابوردوو. ئەم ئاواتە دەوەستێتەوە سەر کیلیازمێکی یوتۆپی کە لەڕاستیدا لەدۆخێکی جیۆپۆلیتیکی لەیەکچوو یان هاوبەش سەرهەڵدەدات. بەم واتایە ناسیۆنال سۆسیالیزم دەبێ بە "سەر چاوەیەکی ئیلهام" بۆ ئایدیۆلۆژیای بەعس. وەفیق ڕەئوف تێبینی ئەوە دەکات کە مۆدێلی ئەڵمانی زۆر شیاوە بۆ ئەوەی کار بکاتە سەر بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی: "(. . .) ئەمە تەنها بەهۆی خۆشەویستی ئەڵمانیای ڕایخی سێیەم نییە بۆ سەربەخۆیی جیهانی عەرەب لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا، بەڵکو بەتایبەتیش، لەبەر ئەوەی پێوانەی یەکێتی ناسیۆنال پشتی دەبەست بەگەڕانەوە بۆڕابوردوو و گەڕان بەشوێن یەکبونێك کەبنچینەکەی زمانو کولتورو ڕەگەز بوو"[٣]. ناسیۆنال سۆسیالیزم دەیویست "ڕایخی هەزارساڵە" دابمەزرێنێ: ئەم ئیمپراتۆریەتە نوێیە دەبوایە هەموو ئەوروپای بگرتایەتەوە لە " ئۆقیانۆسەوە بۆ ئورال". ئەو کۆمەڵگا جەرمانییەی کەناسیۆنال سۆسیالیزم دەیخواست بنیادبنرێ "هەمووی لەناو سنوری سیاسی ئەڵمانیادا نەبوو". ئیدیالی ناسیۆنال سوسیالیزم ئەوە بوو کە"دایکی نیشتمان" هەمووی لەناو تەنها یەك دەوڵەتدا کۆبکاتەوە. پەیوەندی لەنێوان ئەم کۆمەڵگایەو دەوڵەتی نوێ، دەبوایە لەسەر بناغەی یەکگرتنی ئەڵمانیای گەورە بنیادبنرایە، بەلابردنی سەرجەم سنورە سیاسیەکان. ڕایخی سێیهەم نەدەبو"لەسەر بناغەی دەوڵەتە جەرمانیەکان بوەستایە، بەڵکو دەبوایە لەسەر بنچینەی تەواوی میللەتی ئەڵمان وپارتی ناسیۆنال سۆسیالیزم بنیاد بنرایە"[٤].

ئایا بەعسیش هەمان تێڕوانینی نییە؟ هەروەکو تێبینیمان کرد لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەعسیش بەهەمان شێوە دەیەوێت ئەو دەوڵەتەی نوێنەرایەتی نیشتمانی عەرەب دەکات لەگەڵ هەمان ئەم پێوانانە بگونجێ: ئەم پێوانانە تەواوی ئەوزەویانە دەگرنەوە کەعەرەب تیایاندا دەژیو تەنانەت ئەو زەویانەش

که لەناو سنووری چەند ولاتێکی ناعەرەبدان. یان عەرەبی "ئێریدێنتیستی" بـەعس (بڕوانە بەشی یەکەم) هەروەکو ئـەوەی ناسـیۆنال سۆسیالیسـتە. دکتـۆر ستێیناشـەری Steinascher حیزبی نازی دەیگوت: " ئێمە میللەتێکی سەدملیۆنین. ئەڵمانیا تەنها دەوڵتیك نییە کەپێی دەڵێن ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان‌و هەموو ئـەو زەویانـە دەگرێتـەوە کەئـەڵمان تیـادا دەژی، ئـەڵمانیا سـەرجەم ئـەو زەویانـە دەگرێتـەوە کەدانیشـتوانی بەئەڵمانی ئاخافتن دەکەن‌و بەئەڵمانی بیر دەکەنەوە. ئـەڵمانیا هاونیشـتیمانی ئـەڵمان دەگرێتەوە کـەهاوولاتی دەوڵەتـەکانی دیکـەن[٥]. ئـەم داخوازیـە ئێتنیکـی‌و زمانیـە کەبنچینەکەی پێکهاتوە لـە مـافی مێژوویـی، وا لـەدروشمی بەعسـی دەکـات "مـن المحیط الی الخلیج" کە لەدروشمی ناسیۆنال سۆسیالیزم " لە ئۆقیانوسەوە بۆ ئـورال" نزیك بێتەوە، چونکە نەوەك لەبەئەوەی لەڕووکەشـدا لەیـەکتری دەکـەن بـەڵکو لەبـەر ئەوەی ئـاوات‌و خواسـتی هـەردوکیان لەسـەر هـەمان پـرۆژەی یوتۆپـی دەوەسـتنەوە. بێگومان، ئەم هاوتەریبیە واتای کۆنکرێتی خۆی وەرناگرێ‌و هیچ گرنگیەکی زانسـتی نابێ ئەگەر ماکـە ئایدیۆلۆژیـەکانی دیکـە تەواوکـەری نـەبن، واتـا ئـەو ماکانـەی کەپەیوەندیان هەیە بەتیۆری دەوڵەت‌و دیدی دەسـتەبژێریی ئریستۆکراسـی‌و چـەمکی نەتەوەو. . .هتد.

تیۆری دەوڵەتی بەعسی

بیرو باوەڕی تیۆری بەعس سەبارەت بەپەیوەندی نێوان دەوڵەت‌و کـۆی ناسـیۆنال زۆر جـار لەوانـەی ناسـیونال سۆسـیالیزم دەکـەن. لـەم بارەیـەوە بـەعس‌و ناسـیۆنال سۆسیالیزم، هەردوکیان، هەمان لۆژیکیان هەیە. ئـەم لۆژیکـە لـەچی پێـك هـاتوە؟ دەتوانین لەم خالآنەی خوارەوە تێبینیان بکەین:

یەکەم/ لەڕوانگەی بەعسـەوە، نەتـەوەی عـەرەب لـەبارو دۆخێکـی زۆر نـاخۆش‌و دژواردا دەژی. خراپ بوون‌و شێواندنی نەتەوە لەئەنجامی هەرەسهێنانی ڕۆحـی ڕەسـەنی عەرەبە.

دووەم/ پێویستە ئەم ڕۆحە زیندو بکرێتەوە، بەلاّم ئەم زیندوکرنەوەیە یان ئەم ژیاننەوەیە (بەعس) نایەتەدی ئەگەر ئەو سنوورە دادوەریانەی کەنەتەوە جیا دەکەنەوە لەدەوڵەت دانەمرکێنرێن. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە دەوڵەت بەشێوەیەکی بەهێزو کاریگەر ببەستێنرێت بەنەتەوەوە ، بەشێوەیەك کەدەوڵەت لەناو باوەشی نەتەوە خۆی بدۆزێتەوە.

سێیەم/ ئەم بەیەکەوەبەستنەوەیە نایەتەدی بەبێ لکاندنی نەتەوە بەحزبەوەو دەبێ هەموو هێزێکی سیاسی کەنیازی هەیە هاوبەشیەکی دیموکراسی بکات بخرێتە لاوە.

کاتێ میشیل عەفلەق بەرەنگاری کێشەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتو نەتەوە دەبێتەوە، تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کەنەخۆشی نەتەوەی عەرەب بریتیە لەنەتەوەی عەرەب "خۆی لە خۆیدا". چونکە نەخۆشیەك نییە کەپەیوەست بێ بەئۆرگانیزمێك کەپێی دەوترێ دەوڵەت، واتا نەخۆشیەکە کەنەتەوەی عەرەبی گرتۆتەوە: نەخۆشیەکە کە "خۆی لە خۆیدا" نەخۆشی نەتەوەیە. بەشێوازێکی دووروو درێژی زیاد لەپێویستو بەبێ خۆبەستنەوە بەشێوازێکی لۆژیکێکی ڕێکوپێکی فەلسەفی دادوەریو پڕلەهەڵەی گرامەرو سینتاکس، میشێل عەفلەق تێبینی دەکات کە بەپێچەوانەی میللەتانی دیکە کەژیانی سیاسیو ئابوریان تەواوە، کێشەی وولاّتە عەرەبیەکان سەبارەت بەپەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆی ناسیۆنال جیاوازە. لەم کۆمەلاّنەدا گەورەترین کێشەی پارتە سیاسیەکان ئەوە نییە بیربکەنەوە چۆن چاکسازی لەنەتەوەدا بکەن، چونکە "نەتەوە لەوێ بوونی هەیە" (فالامة هناك قائمة)[٦]. قەوارەی نەتەوەیی شتێکە کەبوونی هەیەو میللەتانی ئەو ولاّتانە بەهێزو گونجاوو هوشیارن سەبارەت بەبوونو بەرژەوەندیەکانیان[٧]. بەلاّم جیهازی کارگێڕی دەوڵەتیان کەمو کورتی زۆرە. لەبەر ئەوە کێشەی سەرەکی ئەم کۆمەلاّنە پێکهاتوە لەچۆنیەتی ئامادەکردنی رای گشتیو ڕێکخستنی ئەندامان لەپێناوی چاکسازی کردنی دەزگاکانی دەوڵەت پاش گرتنە دەستی دەسەلاّت[٨]. لەم وولاّتانەدا، دەوڵەتو جیهازی کارگێڕی باش کار ناکەنو پارتە سیاسیەکان کە بەنۆرە حوکم دەگرنە دەست سەرقاڵی چاکسازی کردنی دەوڵەتن.

لەدارِشتنی ئەم لۆژیکە دەتوانین چ شتێك تێبگەین ؟

لەراستیدا ئەم لۆژیکــە دەیــەوێ ئــەوە بخاتــە ڕوو کــەپلورالیزمی(فرەلایــەنی) سیاسی لەولاتە دیموکراسیەکان بەدی هاتوەو هەیە لەبەر ئەوەی کێشــەی بەشــی زۆری پارتە سیاسیەکان ئەوە نییە کەکار بکەن بۆ بنیادنانی کۆمەڵ.

کۆمەڵ لەم ولاتانــەدا ســەبارەت بــەبوونی خــۆی هۆشــیارەو گەیشــتۆتە قۆنــاغێك لەگەشــەکردنو پێشــکەوتن کــە دەزانــێ ویســتو بــەرژەوەندی خــۆی چیــە. بــەلام بەپێچەوانــەی ئــەم کۆمەلاتــە، نەتــەوەی عــەرەب زۆر ئەشــگەنجە دەکێشــێ چونکــە لەقۆناغێکی زۆر ئالۆزو دژوار ئــەژی. کــەموکورتیو کارنــەکردنی دەوڵــەت لەوولاتــە عەرەبیەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بارودۆخــە[٩]. ئــەم کەموکورتیــە ئەنجامی ناتەواوی ژیانی گەلەکەیــەو هــەر لەبــەر ئەوەشــەکە " نەتەوەکــە پێوســیتی بەچارێك هەیە"[١٠]. لە بەرئەم هۆیە پارتی بەعس بە شــوێن وەلامــی ئــەم پرســیارەی خوارەوە دەگەڕێ: چۆن دەتوانرێ " پێش چارەکرەسەرکردنی دەوڵــەت نەتــەوەی عــەرەب چارەســەر بکــرێ "(؟)[١١]. گومــانی تێــدا نییــە، پێشــینەیی بەعســی بنیادنــانێکی دیموکراسی نییە: بنیادنانێکی دیموکراسی نییە کە پەیوەســت بــێ بــەوەی کــار بــدرێ بەچەند ئۆرگانێکی بڕیاردان یان ژمایەك لەپارتی سیاسی. چونکــە کێشــەی بــەعس بریتیە لە دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو نەخۆشیو ئازارەی کە نەتەوەی عەرەب تووشی بوە. "نەتەوەکەمان نکولّی لەوە دەکات کەلەئەنجامی خەوتنێکی درێــژ خایــەن توشــی شێواندن بوەو وای لــێ هــاتوە کــە ئیــتر خــۆی نەناســیتەوەو پارچــەکانی لــە یــەکتری جیانەکاتەوە. بەشێوەیەکی وا دابەش بــووە کەئــەندامو بەشــەکانی نکولّــی لەیــەکتری ئەکەنو گەیشتونەتە ئاستێکی نزم لەخۆپەرســتیو لێکدانــەوەی بــەرژەوەندی بچــوكو ئاستێکی رەقو بێ جولّە"[١٢].

دەبێ زوو بەزوویی تێبینی بکەین کە ئەم شــێوازە فیختەییــە لــەدەربڕینی نــاڕەزایی سەبارەت بــە میللــەت بەشــێوەیەکی گشــی هیــچ دوور نییــە لــەلۆژیکی فاشــیزمی مێژوویيو بەشێوەیەکی تایبەتیش لەناسیۆنال سۆسیالیزم. ئەگەر بەم بۆنەیەوە بمانــەوێ

بیرو باوەڕی نازیەت شیبکەینەوە، ئەم دابەزینە بۆسەر گیانی میللەتو ئەم سکالاّ دەربرینە سەبارەت بەناخۆشیو ئەشکەنجەی میللەتو لەئەنجامدا دانی مافو شەرعیەت تەنها بەخۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەشێوەیەکی سیستیماتیك هاوتەریین لەگەڵ بیرو تێڕوانینی نازیەت. لەزۆر بۆنەو زۆر شوێندا لەئەڵمانیای ڤایمەردا هیتلەر نارەزایی خۆی دژی ئەودۆخە دەردەبڕێ کە ئەڵمانیای کۆماری ڤایمەر تیایدا دەژیا. هیتلەر ژیانی ئەڵمانیەکانی لەگۆشەیەکی ئابڕوبەرانەوە پیشاندەدا. ئەو خەتەرو مەترسیەی کەهەڕەشەی لەئەڵمانیا دەکرد لەڕوانگەی هیتلەرەوە پێکهاتبو لەهەرەسهێنانێکی مۆرالی[١٣]. هیتلەر دەیگوت،" هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتو میللەتی ئەڵمان ئەوەندە قوڵە کە لەوە دەکات هەموو کەسێك تووشی کوێرەوەریو بێ هەستیو بێ عەقڵیی بوبێت.. کەس بەشێوەیەکی تەواو مەزنیی ڕابوردووی لەبیر نەماوەو ئەو هێزو جوانیەی جاران وەك خەوێك دێتە پێش چاو کاتێك بەو هەژاریە زۆرەی ئەمڕۆ بەراورد دەکرێ"[١٤]. هەر وەکو ئاماژەمان پێکرد، ئەم هەڵوێستە بە شێوەیەکی سیستێماتێك لەبیری هێتلەردا تێبینی دەکرێ. ئەم قەوارەیە کۆکەرێکی هاوبەشە (قاسم مشترك) لەنێوان بەعسو ناسیۆنال سۆسیالیزمداو کۆڵەکەی بیری هەردوکیان دەباتەوە سەر سەقفێکی دیکەی بیری فیختەیی. باتەماشای لایەنێکی تری ئەم لۆژیکە بکەین.

ئایا میشێل عەفلەقو بەعس پشت بە چ لۆژیکێك دەبەستن بۆ ئەوەی هۆکارەکانی تێکوپێك چوونو هەرەسهێنانی تەواوی نەتەوەی عەرەب بخەنە ڕوو؟ لەڕاستیدا ئەپۆلۆژی apology بەعسی ئەوەندە جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی نازیەتدا. بێ گومان، بە پاڵ هەندێ تەبریراتی سیاسی پوختدا، عەفلەق شێوە باسێك دێنێتە پێشەوە کەسروشتێکی ئۆنتۆلۆژی مێژوویی هەیە. عەفلەق دەڵێت هۆی ئەم تێكو پێکچوونە دەگەڕێتەوە سەر هەرەسهێنانی ئەو ڕۆحەی کەجاران پاڵی بەعەرەبەوە دەنا یەکگرتوبن. لادانو دواکەوتنو شێواندن تەنها ڕووکەش نین، بەڵکو تەنجامی لاواز بوون یان کەوتنی یان کاڵ بوونەوەی ڕۆحی عەرەبیە[١٥]. ئەم دۆخە نێگەتیڤە دەگەڕێتەوە سەر زۆر

فاکتەری جیاواز لەچەند کاتێکی جیاوازدا[١٦]. باشە، ئەم فاکتەرانە چین و لەچ سەردەمێکدا بوونە هۆی هەرەسهێنانی ڕۆحی عەرەبی؟

بۆ ئەوەی باش لەمە تێبگەین، پێوستە بەکورتی هەندێ خاڵی تر ڕوون بکەینەوە کە لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەرەنگاری بوین. میشێل عەفلەق دەڵێ "پەیامی نەمری عەرەب پێش هەموو شتێك پێکهاتوە لەباوەڕ"[١٧]. واتای ئەم باوەڕە ئەوەیەکە یەکێتی عەرەب دەبێ "بناد بنرێتەوە" نەك تەنها لەڕوی سیاسیەوە، بەڵکو لەڕوی ڕۆحیشەوە[١٨].

باشە، ئەگەر یەکێتی سیاسی واتای ئەوەبێ کە هەموو وڵاتە عەرەبیەکان بین بەیەك لەناو دەوڵەتێکداو لەژێر دەسەڵاتی بەعس، ئایا واتای یەکیەتی ڕۆحی چییە؟ ئەوە ڕوونە کە واتاکەی لەناو جەوهەری "پەیامی نەمر" دا خۆی دەدۆزێتەوە. ئەم پەیامە لەچی پێکهاتوە؟ پێکهاتوە لەبوونی نەتەوەی عەرەب لەسەردەمێك کەیەکێتی ڕەچەڵەك و ڕەگەزی (وحدة الاصل والعنصر) دەخستە ڕوو.[١٩]. پاش ئەوەی کە ئەم "ماکە"، کاریگەری و تەوژمی خۆی وون کرد، نەتەوەی عەرەب دەستی کرد بەپرۆسەیەکی تێکشکاندنی بەردەوام و بێ کۆتایی. کەواتە دەبێ ئەم پەیامە نەمرە بژێنرێتەوە، واتا بەعس دەبێ دیسانەوە ڕابوردو لەسەر بنچینەی یەکێتی" ڕەچەڵەك و ڕەگەزی" جارانی نەتەوەی عەرەب دووبارە بکاتەوە. بیرۆکەی "پەیامی نەمر" بەشێویەکی زۆرەکی وادەکات کەڕابوردوو نەك تەنها وەك ڕوداوێك کەیەکێتی نەتەوەی عەربی بەرز دەنرخان و پیرۆزی دەکرد بەڵکو بەتایبەتی وەك پەیوەندیەکی ڕاستەقینە لەنێوان ئێستا و داهاتودا تەماشا بکرێت[٢٠]. "ڕابوردوو شتێکی ڕاستەقینەیە و شتێکی ڕەسەنە لەژیانی نەتەوەکەمانداو کارێکی هەڵەو نەزۆکانەیە ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە نکوڵی لەو ڕابوردوە بکەین.... ئێمە مەبەستمان لەڕابووردو ئەو سەردەمەیە کەڕۆحی عەرەبی هاتبوە دی". ئەی مەبەستمان لەداهاتوو چیە؟ ئەو داهاتوەی کە پاڵمان پێوە دەنێ بۆ تێکۆشان بریتیە لەو سەردەمەی کەدەبێت ڕۆحی ڕەسەنایەتیمان بێتە دی[٢١].

بە پێچەوانەی تەیارە ئایدیۆلۆژیەکانی دیکە (کۆمونیزمو لایەنگرانی خۆرئاواو شارستانیەتی خۆرئاوا) کە هەوڵ دەدەن ڕابوردو رەتبکەنەوە، بەعس ژیانی نەتەوە بەلەشێکی ژیاو (جسم حی) دەچوێنێ کە لەڕابوردودا تەندروست بوەو دواییش نەخۆش کەوتوەو پێشکەوتنیش واتای چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییەو واتای گەڕانەوەی نەتەوەیە بۆ دۆخێکی ساغ[٢٢]. لەچ سەردەمێکدا نەتەوەی عەرەب توشی ئەم نەخۆشیانە بوە؟

لێرەدا میشێل عەفلەق دەبێ قورسترین کێشە چارەسەر بکات: ئیسلام. ڕاستە ئاینی ئیسلام لەسەر پرینسیپی مرۆڤایەتی هاتۆتە کایەوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە بەلای عەفلەقەوە ئیسلام گوزارشتی لەپەیامی عەرەبو هەستی ناسیۆنالیستی عەرەبی دەکرد[٢٣]. ئیسلام سەرجەم ئەو بەهایانەی تێکشکاند کەپاڵپشتی جاهلیەت بوون. ئیسلام نوێنەرایەتی رۆحی عەرەبی دەکرد[٢٤] بەو واتایەی کەمرۆڤی عەرەب متمانەی بەداهاتو هەبوو. بەم شێوەیە جیهان بوو بەشانۆی چالاکیەکانی، ئەو شانۆیەی کە بەهاکانی نوێی ژیانی عەرەبی دەردەخست. بەم شێوەیە گواستنەوە لەجاهلیەتەوە بۆ ئیسلام ئازادی ئادەمیزادی عەرەبی دەردەبڕی. دیسانەوە ئەم پرسیارە دووبارە دەکەینەوە: میشێل عەفلەق دەست بۆ چ سەردەمێك ڕادەکێشێت؟ بۆ ئەوسەردەمەی کەکشانو پاڵەپەستۆی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی کەتیایدا "رەگەزی" عەرەب خۆی دەسەپاندو زۆر میللەتانی جیا جیا توانەوە لەناو بۆتەقەی عەرەبدا؟ یاخود بۆ سەردەمی پەیامبەرو چوار خەلیفەی ڕاشدینو ئەمەویەکانو ئەو بنەماڵانەی کەدوا بەدوای ئەودا هاتن بەتایبەتی پاش ساڵی ٧٥٠؟ ئەم ئاماژەپێکردنە مێژووییە زۆر پێوسیتەو بڕیاردەرە بۆ تێگەیشتنێکی باشی دەرئەنجامی داستانی عەفلەقی . گومانی تێدا نییە کەئاینی ئیسلام دەکەوێتە نێوان مێژووی عەرەب لەسەردەمی جاهلیداو سەردەمی فتوحات. دەزانرێ کەپەیامبەر توانی بەماوەیەکی زۆر کورت باوەڕی تازە بەسەر عەرەبدا بسەپێنێ. لەڕیگەی ئەم باوەڕە نوێیە، عەرەب توانیان خۆیان بەسەر زۆر لەگەلانی جیهان بسەپێنین. لەماوەی کەمتر لەسەدەونیوێك توانیان زۆر میللەت بخەنە ژێر دەسەڵاتی خویانەوە: تورك، فارس، کورد، بەربەر، هتد.. لەسەردەمی چوار

خەلیفەی ڕاشدیندا (٦٥٦ ـ ٦٣٢)، عـەرەب سـوریاو میزۆپۆتامیـاو ولاَتـی فـارس‌و کوردستان‌و میسرو لیبیایان داگیرکرد. ئەمجا، لەژێر دەسـەلاَتی ئەمەویـەکاندا(٧٥٠ ـ ٦٦١) گەیشتنە هندو ئاسیای بچوك‌و ئـەفریقای ژووروو ئەسپانیا. بـەلاَم نابـێ ئـەوە فەرامۆش بکرێ کەئەو قۆناغەی پێی دەوترێ عـەرەب لـەمێژووی ئیسـلامیدا تەنـها "کاتێکی کورتی خایاند"[٢٥] وەکو عەفلەق دەڵێ هەمووی یەك سەدەو نیوی خایـاندو لەگەڵ کەوتنی ئەمەویەکان لەساڵی ٧٥٠ دا گەیشتە کۆتایی.

ڕوداوی بنەماڵـەی عەباسـیەکان سـەرەتایەکی پـڕ لەپرۆسـەیەکی دوورو درێـژی هەرەسـهێنانی خسـتە ڕووەو ئیژێمۆنـی hegemony ئیلێمینتـی عـەرەب وورده وورده دەستی کرد بەپاشەکشەو گەڕانە دواوەو گۆشەیەکی بەتاڵکرد بۆ پێکەوەژیانی ئیتنیـە جوراو جۆرەکان. ئەگەر لـەبارەی کولتـوری‌و کۆمەلاَیـەتی‌و ئابووریـەوە عەباسـیەکان توانیبێتیان بگەنە لوتکەی درەوشاندنەوەو پەرەسەندن، لەسەر ئاستی سیاسیدا هـێزی پاڵپێوەنـەری خەلیفـە نوێکـان وورده وورده ڕوی کـردە سـیس بونـەوەو نـەیانتوانی کۆنترۆلێکی ڕاستەوخۆ بەسەر خەلیفەکانی کۆردۆڤاو مەغریب‌و تورکیاو ئەسپانیا. . . هتد بکەن. بەپێچەوانەوەی ئەمەویەکان کەسیاسەتێکی ئیژێمۆنـی عـەرەبیان پـەیڕەو دەکرد، عەباسیەکان کە لەڕێگەی فارسەکانەوە دەسەلاَتیان گرتـە دەسـت، وورده وورده دەستیان کردبوو بـەونکردنی ئیژێمۆنـی‌و لەدەسـت نـەمانی دەسـەلاَت‌و کاریگـەریی کولتـوری فارسـی خـۆی بەسـەر ژیـانی سیاسـی عەرەبـەکاندا سـەپاندبوو. ژیـانی ڕۆشنبیریی‌و کولتوریی، لەپاڵ چوارچێوەیەکی عەرەبیەوە، زۆر لایـەنی ژیـانی فـارس‌و ئاسوری‌و کلدانی‌و هندی‌و هتـد.. دەگرتـەوە. بـەهاتنی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی بـۆ سەردەسەلاَت لەسەدەی چواردەهەمدا، چەرخی عەباسیەکان کوژایەوەو سەرەڕای چـەند قۆناغێکی کەوتن‌و لاوازیی، عوسمانیـەکان توانیـان سـەرکەوتن بـەدیبێنن‌و کۆتـایی بەمەزنیی گروپێکی ئیتنیکی بهێنین کەچـەند سـەدەیەك لـەوەو پێـش ئەکتـەری بـێ هاوتای مێژووی جیهانی ئەوسا بوون. ئەم ڕوداوە تەنها هەرەسهێنانی تەواوی دەسـەلاَتی عەرەب‌و ملکەچیان بۆ هێزێکی بێگانە مۆرنەکرد، بەڵکو زۆر ئیلێمێنتـی ئیتنیکیـی

پێکەوە تێکەڵاوکردو کوتلەیەکی سۆسیۆلۆژی دروست کرد کەعەرەب لەناویدا هەرچەندە زۆر بوو، بەڵام تەنها بەشێکی پێکدەهێنا. ئیدی نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کەئەم مێژووە بەشێوەیەکی گشتی هاوبەشیی دەکات لەچوارچێوەیەکی مێژوویی وەك کۆی چەند ڕوداوێك کەتەواو بووە لەکتێبەکانی مێژوودا دەخوێنرێ. بەڵام دەرخستنی ناوەرۆکە ئێتنیکیەکەی یان ڕەگەزیەکەیو "بەئایدیۆلۆژی کردنی" یان "بەسیاسی کردنی" یان "بەناسیۆنالیزەکردنی" یان "بەڕۆحی کردنی"، نابێ جیهانبینیەکی تایبەتی بخاتە ڕوو. مێژوو و پرۆسەی مێژوویی نابێ بکرێ بەداردەستێك بۆ پیرۆزاندنی ڕۆڵی گروپێکی ئێتنیکی. لەم ڕووەوە باهەوڵ بدەینو بزانین چۆن بەعس بەزمانی میشێل عەفلەقەوە "کەوتنو لاوازبوونی رۆحی عەرەبی" باس دەکاتو بۆچی ئایدیۆلوژیای بەعس داوای ژیانەوەی (بعث) ڕۆحی عەرەبی دەکات.

"ئەو سەردەمەی کەعەرەب لەدۆخی پێش ئیسلامەوە کەبەسرابونەوە بە ژیانی پەیوەست بە بەهاو نەریتی کۆ، هاتنە ناو ئیسلام و ژیانێکی پڕ لەئازادی تاكو یەکسانی نێوان تاکەکانیان بە دی هێنا، زۆر کورت بوو. زۆری پێ نەچوو جارێکی تر نوقم بونەوە لەناو زەریای بێ کۆتایی گەلانی بێگانە. لەو کاتەوەی کەهەستیان بەیەکیەتی نەتەوەیی نەماو نوقمی ژیانی گەلانی جیا جیا بوون، جارێکی تر گەڕانەوە سەر نەریتی دوا کەوتو و کێشەی تیرەو بەیەکادانیان . . . هەر بەدوای ئەمانەدا، سەدەی لاوازبونیان دەستی پێ کردو ئەو هاوڕەگەزیەیان وون کرد"(٢٦).

گرنگی ئەم جیهانبینیە لەوەدایە کەزۆر لایەنی سەیر دەخاتە پێش چاو. بێگومان عەفلەق لاواز بوونو هەرەسهێنانی "ڕۆحی عەرەبی" دەگەڕێنێتەوە سەر تێکەڵبوونی میللەتان، واتا تێکەڵ بوونی میللەتان بەعەرەبەوە، عەرەب وەك ماکێکی پۆزەتیڤ.

ئایا هیچ هاوتەریبیەك لەگەڵ ناسیۆنال سۆسیالیزمدا تێبینی دەکرێ؟ چ لۆژیکێك ئەم دوو تێڕوانینە لەیەك نزیك دەکاتەوە؟

بائەم دوو لۆژیکە شیبکەینەوە: کاتێك عەفلەقو بەعس (بەتایبەتی سەدام حوسەین) سەرنجمان سەبارەت بەئیسلام وەکو دیاردەیەکی ناسیۆنالیست ڕادەکێشن،

ئەوان پەنجە بۆ سەردەمی فتوحاتی بێ هاوتای عەرەب ڕادەکێشن، واتا ئەو سەردەمەی کەعەرەبی دەرپەڕانو بردینیە دەرەوەی دورگەی عەرەبو کردنی بەخاوەنی چەند ناوچەیەكو دەسەڵاتیانی فراوان کرد. لەو کاتانەوە وەکو عەفلەق دەڵێ "غرقوا فی تلك اللجة المتباینة المتماوجة من الشعوب". هەروەها وون کردنی "التجانس القومی" دەستی پێ کرد لەو کاتانەی کەعەرەب لەدەریایەکی بێ سنوور لەناو گەلانی بێگانەی جیاوازدا"نوقم بوون" ، واتا تێکەڵبوونی ئەو ڕەگەزو میللەتانە بوو بەهۆی تێکدانی "یەکێتی ڕەچەڵەكو ڕەگەز". ئایا ئەم لۆژیکە لەناو فەلسەفەو جیهانبینیی چ ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژی بەدی دەکرێ؟ ئایا هیچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەوەی ناسیۆنال سۆسیالیزمدا؟ بابزانین چ پەیوەندیەکی ئۆنتۆلۆژی تێبینی دەکرێ. عەفلەقو سەدام حوسەیەن نازناوی " وێنەیەکی بچوككەرەوەی نەتەوەی عەرەب" و "ڕۆحی یەکەمی عەرەب" دەدەن بەپارتی بەعسو وامان تێ دەگەیەنن کەبەعس بەبێ هیچ مەرجێ هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی نەتەوەی عەرەب لەتێکچونو هەڵوەشاندن ڕزگار بکات. ناسیۆنال سۆسیالیزمیش پارتی نازی دەکرد بەجەوهەری ڕەگەزی ئەڵمانو "بزوتنەوەکەی" دەسەپاند بەسەر میللەتی ئەڵماندا وەك ڕزگارکەرێکی ئەم ڕەگەزە کەبوبوو بەقوربانیی ئەم تێکشکاندنە. بێگومان، هیتلەر نەیدەتوانی "ڕەگەزی مەزن"[٢٧] لەتێکچونو بۆگەنکردنی ڕۆحیو ڕۆشنبیری رزگار بکات ئەگەر خۆی بەچاککەری ئەم هەرەسهێنانە دانەنایە. هیتلەریش دەیگوت تێکەڵبوونی خوێنی ڕەگەزی ئاری بەمیللەتانی نزم، ئاکارەکەی ئەم شتانەی خوارەوە بو: "نزم بوونەوەی ئاستی ڕەگەزی بەرز"، "گەڕانەوە دواوەی فیزیکیو ڕۆشنبیریو لەئەنجامدا دەرکەوتنی جۆرێك لەدیدەی دواکەوتوو"[٢٨]. هەروەها هیتلەر هێڵی بەژێر ئەوەدا دەهێنا کە تائەو کاتەی کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ڕەگەزی ئاری توانی لەدۆخێکی مۆرالیی خاوەن دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، توانی بەپاڵ ئەوەشەوە ببێ بەپارێزەری شارستانیەتو بەردوام بێ لەگەشەپێدانیدا. لەکاتیگدا کەمیللەتانی ژێر دەست گەشەیان سەندو پەروەردە کران، دەستیان کرد بەنزیکبوونەوە لەداگیرکەری ئەڵمان. بەم شێوەیە ئەو جیاوازیانەی

کەخاوەن‌و خزمەتکارانیان جیا دەکردەوە نەمان. ڕەگەزی ئاری وازی لەپوختیی خوێن هێناو بەهۆی تێکەڵ بوونی چەند ڕەگەزێك توانا شارستانیکارەکانی وون کرد. لەکۆتاییدا وەك دەست بەسەراگرتوەکانی لێهات، ئەمەش نەك تەنها لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری بەڵکو لەسەر ئاستی فیزیکیش. بەم شێوەیە ئەو پلە بەرزەی وون کرد کەباوو باپیرانی هەیبوو بەسەریاندا[٢٩].

پێویستە بەم بۆنەیەوە ئەو ڕاستیە بخەینە پێش چاو کەمیشێل عەفلەق ئەو ڕاستەوخۆییەی هیتلەری نییەو ئەگەر بەراوردی بکەین بەهیتلەر، تێگەیشتنی بۆ مێژوو و ڕەگەز پەرستی زۆر ناراستەوخۆترە. لەسالانی نێوان هەردوو جەنگدا هیتلەر لەهەموو شوێنێکدا ئەم لۆژیکەی بەئاشکرا دەردەبڕی. بەلام هەرچۆنێك بێت، سەرەرای تەوژمی جیاوازی حوقبەی (حقبة) مێژوویی‌و کولتوری‌و دۆخی بابەتی سیاسی دوو جیهانی دوور لەیەك، میشێل عەفلەق‌و هیتلەر، بەعس‌و ناسیۆنال سۆسیالیزم بەهەمان شێوە تەماشای مێژوو دەکەن. هەردووکیان هیچ دوودڵ نین سەبارەت بەدانانی ملکەچکردنی میللەتانی بێگانەو تواندنەوەیان لەناو ئێلێمێنتە دروستکەرەکانی میللەتی داگیرکەر وەك چەرخێکی ئالتونی کەتیایدا لەیەکچونی ئێتنیکی کامەرانی‌و بەختەوەری بۆ مرۆڤ دەخەملاند. هەروەها، هیچیش دوودڵی ناکەن لەهاوێشتنی نەعلەتی شەیتان دژی ئەو پرۆسەیەی کە ئەو "لەیەکچونەی" لەناو بردو میللەتی بەرەو ئاراستەی پرۆسەی "هەڵوەشاندن" و"بۆگەن کردن"برد. هیچیش دوودڵی ناکەن لە"ئایدیۆلۆژیزەکردنی" مێژوو وەك کۆمەڵێك لەچەند ڕوداوێکی بابەتی.

جگە لەمەش، میشێل عەفلەق مەبەستی لە "ماوەیەکی زۆر کورت" ئەو سەردەمەیە کەئێلێمێنتی عەرەب خۆی بەسەر میللەتانی تردا سەپاندبوو، بەو واتایەی کەهەموو ئەو شارستانیانەی کەعەرەب بەدیانهێنابوو، "بەدیهێنانێکی لاوەکی‌و تەسکی خەوێکی مەزن‌و تەواو بوو"[٣٠]. ئایا بەم واتایەشە کە ڕابەرانی بەعس دەڵێن: "گەورەیی نەتەوەیەك بەژمارەی ئەندامەکانی ناپێورێ، بەڵکو بەژمارەی پیاوە زیرەك‌و سەرکردەکانی"؟[٣١]. میشێل عەفلەق دەڵێ، بە نەمانی یەکێتی عەرەب،

"مرۆڤی عەرەب گەڕایەوە تەنیایی‌و نائومێدی "(عاد الفرد الى الوحشة واليأس)[٣٢].

بۆ چی؟ "چونکە ئەو پەیوەندیە ژیاوەی کەمرۆڤ بەکۆیەکی ژیاو دەبەستێ لەسەردەمی لاوازی‌و ئیژێمۆنی ئێلیمێنتە بێگانەکان‌و پارچە پارچە بوونی کیانی عەرەبیدا وون بوو"(لان العلاقة الحية التي لايمكن للفرد أن يعيش بدونها وهي الارتباط بمجموع حي، قد فقدت في عصر الضعف وطغيان العناصر الاجنبية وتفكك الكيان العربي)[٣٣].

دەزانرێ کەتایبەتمەندی ئایدیۆلۆژیایەك تەنها بەداڕشتنی ووشە دەرناکەوێ، بەڵکو لۆژیکی گشتیش (کە سیستێمێتك بنیاد دەنێ‌و دواییش دەبێ بەرژێمێکی سیاسی) زۆر گرنگە. داڕشتنی ووشە خۆی لەخۆیدا گرنگیەکی ئەوتۆی نییە ئەگەر پشت بەلۆژیکێك نەبەستێ کەنیازی بەدیهێنانی ئامانجێك‌و خستنە رووی پرۆگرامێکی سیاسی نەبێت. وەك تائێستا بینیمان، لۆژیکی بەعس دەیەوێ جەخت بخاتە سەر گرنگی‌و بەهای پۆزیتیڤی ئیژێمۆنی ماکی عەرەبی‌و گەڕانەوە بۆ ئیژێمۆنی ماکی عەرەبی دژی ئیژێمۆنی ماکی بێگانە. لەراستیدا، واتای سێمانتیك‌و سیاسی ووشەی "بەعس"، لەسەر ئاستی ئۆنتۆلۆژی، ژیاننەوەی ئەم قەوارەیەو گەڕانەوە بۆ ئەم ئیژێمۆنیە دەگەیێنێ. ئەم لۆژیکە لەناو سەرجەم دیاردە ناسیۆنالیستە گشتگرەکاندا هاوبەشە. بەلام بابزانین چ هاوتەریبیەکی دیکەش هەیە لەگەڵ ناسیۆنال سۆسیالیزمدا. لۆژیکی گشتی ناسیۆنال سۆسیالیزمیش ئەوە دوپات دەکاتەوە کەگەلانی ئاری بەژمارەیەکی کەمەوە توانیان گەلانی بێگانە ملکەچ پێبکەن‌و لەژێر کاریگەریی دۆخی تایبەتی باری ژیان کەڵك لەدانیشتوانی ئەو ناوچانە وەربگرن کەداگیریان دەکرد بۆ ئەوەی خەڵکی " ڕەگەزی نزم" کاریان بۆ بکەن. لەوکاتانەدا ، ئەڵمانیەکان گەشەیان بەو توانا ڕۆشنبیریەدا کە بۆ ماوەیەك شاراوە بوو و پاش چەند هەزار ساڵێك یان بگرە چەند سەدەیەك پێیان خستە ناو شارستانیەت. بەلام کاتێك ئەم داگیرکەرانە وورده وورده وەفایان بۆ ئەو پرینسیپانە نەما کە لەڕێگەی پوختیی خوێنەوە باوەڕیان پێ هەبوو، دەستیان کرد بەتێکەڵبوون لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکان‌و کۆتاییان بەبوونی خۆیان هێنا. بەم شێوەیە، پاش نزیکەی هەزار ساڵێك،

خوێنی ئەو داگیرکەرەی کەجاران خاوەن بوو، تێکەڵ بەوەی ڕەگەزی ژێردەستە بوو و شارستانیەتی وون کرد. کاتێك خوێنی ڕاستەقینەی داگیرکەری ڕۆحی وون بوو لەناو ئەوەی گەلانی ژێردەستە، ئەو مادە سوتێنەرەی کەمەشخەڵی لێ دروستکرابوو و کەرێپێوانی بەرەو شارستانیەتی مرۆڤایەتی ڕوناك دەکردەوە ئەویش وون بوو [٣٤].

تێڕوانینێکی خۆیی بۆ چوارچێوەی بابەتیی مێژوویی، تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژی بۆ مێژووی "ڕووداوەیی"، تێڕوانینێکی داهاتو بۆ مێژووی ڕابوردوو، تەماشایەکی" نۆرمەتیف" بۆ مێژوویەکی" پۆزەتیف"، گۆڕینی تەماشایەکی مێژوو کەوابوو بۆ تەماشایەکی مێژوو کەدەبوایەو دەبێ لەداهاتودا وابێت. ئەمەیە لەڕاستیدا لۆژیکی گشتی هەردوو ئایدیۆلۆژیا. چونکە لەڕوداوی بابەتیی مێژوو دەیانەوێ هەڵوێستی نۆرمەتیڤی خۆیان بسەپێنێن و مێژوو بکەن بەداردەستێکی ئایدیۆلۆژی لەخزمەتی ئامانجە ناسیۆنالیستەکەیان. هەر بۆ ئەم مەبەستەشە کەبەعس دەڵێ نەتەوەی عەرەب دەبێ خەبات بکات بۆ ئەوەی " خودی ڕاستەقینەی خۆی بگەڕێنێتەوە" (حتى يسترد ذاتها الحقيقية) و لەڕێگەی "هەوڵ و ئەشکەنجە دەگاتە ڕەسەنیتی خۆی"(حتى يصل بالجهد والمشقة الى اصالتة)[٣٥].

ئەم ڕوانگەیە دەیەوێ لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ "ڕەسەنیی ڕۆحی عەرەبی"، دەوڵەتێك دروست بکات کە لەسەر "شێوەێ نەتەوە بنیادبنرێ و پێوستە دروست بکرێ و بژێنرێتەوە"[٣٦] (على صورة الامة المبتغى خلقها او بعثها). دەوڵەتێك نوێنەرایەتی ئەو نەتەوەیە نەکات کە پێویستە "بنیادبنرێ"(خلقها) و پەروەردە بکرێت لەسەر وێنەی قەوارەی "ڕۆحی ڕەسەن"، ناتوانێ ئەو "ئامانجە مەزنە"(الغاية الكبرى) مسۆگەر بکات کەبەعس خەباتی بۆ دەکات. ئیتر، ئەم دەوڵەتە دەبێ "نەتەوەیەکی ژیاو و گونجاو وهوشیار" (امة حية منسجمة واعية) بگرێتە باوەشی خۆی[٣٧]. کاتێك کەپێشنیازی بنیادنانی دەوڵەتێك دەکات کەناوکەکەی "نەتەوەیەکی ژیاو و گونجاو وهوشیار" بێت، بەعس ڕاستەوخۆ ئەوە پەسەند دەکات کە تەنها بنچینەی بەکۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤی عەرەب و "خۆبەدیهێنانی" لەو کیانەدا خۆی دەدۆزێتەوە

کەپێی دەوترێ نەتــەوە. هــەروەها فــۆرمو نــاوەرۆکی ئەوسیستــێمە دەوڵەتیــە بریتیــە لەنەتەوەو ئەو هەستە نەتەوەییەی کەسیمبۆلیزەی symbolize دەکــات. بــەم شــێوەیە ناسیۆنالیزم لەدەوڵەتی بەعسیدا دەبێ بەتەنها گوزارشــتێك بــۆ ژیــانی کۆمــەڵایــەتی. بەتواندنەوەی دەوڵەت لەناو نەتەوەداو فرێدانی لــەناو باوەشــی نەتــەوە، تەنــها مــاکی بەکۆمەڵایەتیبوون دەبــێ بەناســیۆنالیزم. مــادەی ســێهەمی پرینســیپە گشــتیەکانی دەستوری پارتی بەعس ئاماژە بەوە دەکات کەباوەڕی هەیــە بەناســیۆنالیزم(ئــەو جــۆرە نەسیۆنالیزمەی بەعس) وەك راستیەکی نــەمر: "(..) ناســیۆنالیزم راســتیەکی ژیــاوو نەمرەو هەســتی ناسیۆنالیستی هۆشیار کــەمرۆڤ بەشــێوەیەکی تونــد بەگەڵەکەیــەوە دەبەستێتەوە هەستێکی پیرۆزەو پڕە لەهێزی خولقێنــەرو پاڵپێوەنــەری خۆبــەختکردن و هەست بە بەرپرسیارێتیو کاریگــەریی هەیــە بــۆ ئاراســتە کردنــی مرۆڤایــەتی تــاك بەشێوەیەکی پراکتیكو بەکەڵك"[٣٨].

زۆر بەدڵنیایی، کەدەوترێ "ناسیۆنالیزم راستیەکی ژیاوو نەمرە"، دان بەوەدا دەنــرێ کەناســیۆنالیزم(ئــەو جــۆرە نەســیۆنالیزمەی بــەعس) لەجولانەوەیــەکی بــەردەوامو هەمیشەییدایە. ئاکاری ئەم تێڕوانینە باوەڕکردنە بەوەی کەمێژوو (بەلایــەنی کەمــەوە مێژووی عەرەب بەلای بەعسەوە) پێکــهاتوە لەپرۆســەیەکی نــەپچڕاو لەبــەرزڕاگرتنی بیرۆکەی نەتەوە، چونکــە ئەمــە واتــای ئــەوە دەگــەیێنێ کەناســیۆنالیزم دیاردەیەکــە کەهەبوەو هەیەو لەداهاتوشدا هەر دەبێ. بە "ئەبەدی کردنــی" ناســیۆنالیزم، بــەعس راستەوخۆ دان بەوەدا دەنێ کەناسیۆنالیزم بریتیە لەهێزی "داهاتوی گەردونی" مێــژوو و گوزارشتی سیستێماتیكو نەمری هەموو کۆمەڵێکــە. کۆمــەڵێك ناتوانــێ دروســت ببێو لەسەر شێوەی دەوڵەت بەراســتی دەق بگــرێ ئەگــەر لەلایــەن ناســیۆنالیزمەوە نوێنەرایەتی نەکرێ، چونکە ناسیۆنالیزم لەلایەن هیچ پرینسیپێکی دەرەکییەوە سنوری بۆ دانەنراوە و وێنەو ڕەنگ دانەوەی کیــانێکی نــەگۆڕاوە کــەپێی دەگوتــرێ نەتەوەیــە. چونکە ناسیۆنالیزم بەستراوەتەوە بەئەزمونێکی "بــوون"ەوە (بــوون بــەواتا فەلســەفیو ئۆنتۆلۆژیەکەی) کەتەجمید کردنیو گەورە کردنەوەی، پەیوەندی بــەبوونێکی رابــوردوو

ئێستاو داهاتووەوە هەیە: لەراسیتدا، ئەم تیۆروانینەیە کەخۆی لەخۆیدا، سنوری داناوە بۆ بەردی بناغەی ئایدیۆلۆژیای بەعسیو ئامانجو سروشتی دەوڵەتی بەعسی دیاری کردوە. دەوڵەتی بەعسی کەدەبێ هەلومەرجی ئەو نەتەوەیە جێبەجێبکات کەبەردی بناغەکەی ناسیۆنالیزمە، ناتوانێ بەرەو پێشەوە بڕوات ئەگەر پێکهاتەکانی نەتەوەیەکی "ژیاوو هەلکردو هۆشیار نەبێت". بەڵام بەعس ئەوەی لەبیر دەچێتەوە کەئەگەر دەوڵەت نوێنەرایەتی کۆی مرۆیی یان "نەتەوەیەکی کۆمەڵیی" نەکات (چونکە دەوڵەتێك تەنها لەنەتەوەیەكو پارتێك پێك نەهاتوە، دەوڵەت دەتوانێ چەند میللەتێك بگرێتە باوەشو چەند حزبێکی سیاسی تێیدا کار دەکەن)، دەبێ بەداردەستیك، بە "ئامرازێك" کەخزمەتی جێبەجێ کردنی خواستو ویستی پارتێك دەکات. هەر لەبەر ئەوەشە کەبەعس دەوڵەت دادەنێ بەئامرازێك: " دەوڵەت ئامرازێکە نەکەم نەزۆر، دەوڵەت دەزگاییێکە، دەوڵەت لەشێکە بە بێ رۆح(. . .)"[٣٩].

تێڕوانینی ناسیۆنال سۆسیالیزمیش هەمان چوارچێوە دەخاتە ڕوو. یەکەم ئەرکی ناسیۆنال سۆسیالیزم کەهیتلەر دیاری دەکات "بوونی ئەو تێڕوانینەیە سەبارەت بەسروشتو هۆکاری بوونی دەولەت". ئەم تێڕوانینە لەچی پێکهاتوە ؟ لەوە پێکهاتوە کەئەرکی دەوڵەت بەشێوەیەکی توند دەبەستێتەوە بە "ئەرکەکانی ڕەگەز"[٤٠]. لەمەوە دەتوانین تێبینی بکەین کەدەوڵەت، داردەستە نەك ئۆرگانیزمێکی دادوەری خۆی بۆ خۆی یاخود بەگوێرەی تەعبیری ئەلفرێد رۆزێنبێرگ دەوڵەت Alfred Rosenberg "شتێکە بۆ خۆی"[٤١]. هیتلەر دەڵێ کە "چەمکی بنەڕەتی پێکهاتوە لەوەی کەدەوڵەت ئامانجێك نییە بەلکو ئامرازێکە"[٤٢]. وەکو ڕێگەیەك یان "ئامرازێك"، دەوڵەت دەبێ بەشێوەیەکی لۆژیکی ئەرکی سەرەکی ئەوە بێت کە ئەم رەگەزە بهێڵێتەوەو چاکی بکات. ئەمە مەرجێکی بنچینەییە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی"[٤٣]. بەلای ناسیۆنال سۆسیالیزمەوە، ئەگەر دەوڵەت، "نەتوانێ نوێنەرایەتی سەروەری غەریزەی هێشتنەوەی میللەتێك بکات" وەك "میکانیزمێکی ئۆتۆماتیکی پوخت" دەمێنێتەوە[٤٤].

ئایا ئەم لەیەکچوونی تێڕوانینە، لەمەشدا، ئەمەش سەر سوڕهێنەر نییە؟ ئەگەر بۆ میشێل عەفلەق دەوڵەت "لەشێکی بێ ڕۆحە" و ئامانجەکەی خزمەتکردنی ئیمپێرەتیڤی "پەیامی نەمرە"، بەلای هیتلەرەوە هەمان شت، دەوڵەت "مێکانیزمێکی بێ ڕۆحە. . . و ئامانجە تەواوەکەی خزمەتکردنی بیری مەزنە"[٤٥].

وەك دەبینین، بەلای بەعس‌و ناسیۆنال سۆسیالیزمەوە، بەلای عەفلەق‌و هیتلەرەوە، دەوڵەت، یەکەم دەبێ ببێ بە "محتوای"(محتوی) نەتەوە یان ڕەگەز، دووەم دەبێ ببێ بە ئامرازێك کە لەخزمەتی چاککردنی نەتەوە یان ڕەگەزدا بێت. بەلای بەعس‌و ناسیۆنال سۆسیالزمەوە، دەوڵەت ئۆرگانیزمێکە کەکەڵکی بریتیە لەرێکخستنی نەتەوە یاخود ڕەگەز. بەعس‌و ناسیۆنال سۆسیالیزم هەمان تێڕوانینی ئۆرگانیکییان سەبارەت بەدەوڵەت هەیە: یەکگرتنی دەوڵەت‌و نەتەوە، واتا تواندنەوەی دەوڵەت لەناو نەتەوەدا. چەمکی دەوڵەت وەك ئۆرگانیزمێکی دادوەری سەربەخۆ لە "کۆمەڵگای مەدەنی" بەرەو ئاراستەیەك دەبات کەداهاتوی بریتیە لەقەوارەیەکی میستیك. بەم شێوەیە، دەوڵەت بە "نەتەوەی سیاسیەوە" دەلکێنرێ. بەم شێوەیەش، دەوڵەت دەبێ بە "فۆرمی ژیانی" نەتەوەیەك یان ڕەگەزێك کە دەمارەکەی یان مادەکەی ناسیۆنالیزمە. بۆ بەعس‌و بۆ ناسیۆنال سۆسیالیزمیش، دەوڵەت "شێوەیەکە لەبوونی" نەتەوەیەك یان ڕەگەزێکی ژیاو. "دەوڵەت - نەتەوە" یاخود "دەوڵەت - ڕەگەز" کیانێکە کە لەرێگەی ناسیۆنالیزمەوە دەبێ بەراستیەك: نەسیۆنالیزمی بایۆلۆژی، بێ گومان.

بەعس و تیۆری دەستەبژێر

ناتوانین لەجەوهەری "دەوڵەت - نەتەوەی" بەعس تێبگەین ئەگەر کاراکتەرە ئێلیتیستەکەی elitistکە پرینسیپی دیموکراسی نەهی دەکات، فەرامۆش بکەین. دەوڵەتی بەعسی، بەرهەمی "شۆڕشی گشتگر" ، ناتوانێ فۆرمێکی ژیاو وەربگرێ ئەگەر ئەو نەتەوەیەی کەباوەشی پیاکردوە نەبێ بەمادەی ویستی کەمایەتییەك‌و ئەمیش، وەکو لەبەشی داهاتودا بۆ نەمان دەبێ باسی لێبکەین، نەبێ بەخواست‌و

ویستی سەرۆکێك کە "پاشماوەی رۆجی ئەسڵی" دەهێنێتە کایەوە. بڕبڕەی پشتی سەرجەم سیستەمی دەوڵەتی بەعسی دەوەستێتەوە سەر ئەم تێڕوانینە کە تا ئێستا بەداخەوە خراوەتە لاوە چ لەلایەن زۆربەی زۆری رۆشنبیرانی رۆژهەلات، پێش هەموویان، کوردو عەرەب، چ لەلایەن ئەوانەی رۆژئاواو چ لەلایەن پسپۆڕانی بیری سۆسیۆلۆژی‌و سیاسی عەرەب. خستنە لاوەی ئەم تێڕوانینە، کۆسپ دەخاتە بەردەم تێگەیشتنی لایەنێکی تری ئایدیۆلۆژیای بەعسی.

ئەوەی کەبەعس ئاواتێتی‌و خەباتی بۆ دەکات، بنیادنانی دەوڵەتێکە کەسەرکردەکانی پێکهاتبێت لەو تاکانەی کە بەهەموو لەخۆبردنێکەوە ئەرکی رزگارکردنی نەتەوەی عەرەب لەگەندەڵی‌و تێکشکاندن جێبەجێ دەکەن: ئەوتاکانەی کە بەرگرییان (المناعە) دژی دوو شت وەرگرتوە: دژی ئەو "نەخۆشیانەی" کەزۆربەی زۆری نەتەوەی عەرەب تووشی بوەو دژی ئەو دوژمنەی کە بەرپرسیارە لەبڵاوکردنەوەی ئەو نەخۆشیانە: ئەو کەسانەی کەچالاك‌و خەباتگێڕو ڤیتالیست vitalist. ئەم تاکانە کەبریتین لەهەڵبژاردەیەك، نمونەی تۆوی "هێزی شاراوە"، یان "گورج‌و گۆڵی شاراوەی" نەتەوەیان تێدا هەیە، کەکراون بە سەرکردایەتی‌و لەسروشتیاندا دوورن لەو خۆپەرستیەی کەنەتەوەی عەرەب تیادا نوقم بووەو توانای قوربانی دانیان لەپێناوی خزمەتی پەیامی نەمر هەیە. بەلاّم ئەگەر سەرکردایەتی "دەوڵەت- نەتەوە" بدرێتە دەستی ئەم ئێلیتە(دەستەبژێرە)، تەنها لەبەر ئەوە نییە کەئەم کەمایەتیە پێکهاتوە لەناوکی نەتەوە لە "دۆخە پوختەکەیدا" و باوەڕی هەیە بەپەیامی نەمر، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی زۆری نەتەوەکە، هەر لەسروشتیدا، توانای تێگەیشتنی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی نییە. " کۆی کۆمەڵ یاسای خۆی هەیە، هەر کۆمەڵێکیش سروشت‌و غەریزەی خۆی پاڵنەرێتی لەبەرزڕاگرتنی دیاردەو ڕواڵەت‌و ناونیشان‌و سیفاتە گشتیەکاندا، چونکە کۆ سیفەتی زیرەکی‌و هەستەوەری‌و توانای رۆچونی تاکی نییە " (المجموع لە قانون، وکل جمع مدفوع بطبیعتە، بغزیرتە الی تمجید الضواهر

والشكليات والعناوين والالفات والصفات العامة، لان الجمع ليس له اوصاف الفرد وحساسيته وقدرته على التعمق)[٤٦].

بزووتنەوەی بەعسی لەپێناوی ئەوەی کەرێگەی ڕاست وەربگرێ، دەبێ "ڕۆڵی تاکەکان بەرزبنرخێنێ" (علينا ان نقدر دور الافراد")[٤٧] ، چونکە هەر تاکەکانن کەنابن بەکۆیلە لەناو دۆخێکی کۆییدا (کۆمەڵیدا) کەپارێزگاری ئازی خۆیان دەکەن، کەسەربەخۆیی بیریان هەیە، کەبانگەشەی واتا دەکەن لەگفتەکاندا،کە لەگوزارشتە گشتیەکاندا بەدوای شتی ژیاودا دەگەڕێن، کەزۆر جار بێدەنگن‌و قسەو کاریان لەئەنجامی بێدەنگیەکی بەرهەمهێنەرەوە دێت، کەچاودێری بزووتنەوەکە دەکەن‌و چاکی دەکەنەوە کاتێك کە توشی ڕووکەشی دەبێت‌و شپرزەیی دەخولقێنن کاتێك کەشپرزەیی ناوەکی لاوازدەبێت[٤٨]. زۆرینە کەخەسڵەتی هەڵپەیی هەیە، دەبێ لەلایەن ئەو کەسانە پێشڕەوی بکرێ کەدەزانن چۆن جۆش‌و سۆزیان دەجولێننەوە.

بێ گومان، ئەم تیۆرانیە، کۆنە لەمێژووی ئەو فەلسەفە سیاسیەی کەڕۆڵی کەمایەتی هان دەدات لەمومارەسە کردنی دەسەلآت. بۆ نمونە گوستاڤ لبۆن Gustave Le Bon (١٨٤١ـ ١٩٣١) یەکێکە لەو نوسەرانەی کەمیراتیەکی گەورەی بیرو باوەڕی ئێلیتیستی بۆ ئایدیۆلۆژیە توندوتیژەکان بەجێهێشتوە. لەلێکۆڵینەوەی بۆ سایکێۆلۆژیای زۆرینە (جەماوەر، مێگەل)، لبۆن تێبینی دەکرد مرۆڤ ئاژەڵێکی لۆژیك نییە، کاتێك کەتێکەڵی گروپ (جەماوەر) دەبێ، مەیلی نزم دەبێتەوە بۆ ئاستێکی ڕۆشنبیری‌و مۆڕاڵیی زۆر نزم. مرۆڤ لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری‌و مەنتەقی دواکەوتوترە لەتاکێك بەتەنها. تاکێك بەتەنها دەتوانێ بەشێوەیەکی بەردەوام بیر بکاتەوەو بەشێوەیەکی مەنتەقی ڕەفتار بکات چونکە توانای ئەوەی هەیە خۆی بەرامبەر ویستە ناشعوریەکانی ڕابگرێ، بەلاّم زۆرینە (کۆی کۆمەڵ) خاوەن ئەو توانایە نییە[٤٩]. عەقلیەتی زۆرینە، سۆزی غەریزەو بەهەڵپەیی خۆی بەسەریا سەپاندوەو بێ ئارامی‌و جولاّنەوەو بزێوی‌و شتی نامەنتقی بەشێکن لەپێکهاتەی سایکۆلۆژی[٥٠]. ئەنجامی ئەم دۆخانە، چوارچێوە بۆ کەراکتەری ناسەقامگیریی

عاتفی‌و بێ سەبری‌و بێ تەحەمولی‌و بێ هەستی بەرامبەر بەقەوارەی بەرپرسێتی دادەنێ. سەبارەت بەگۆشەی ترادیسیۆنی دەوڵەتیەوە، لیۆن بە بەردەوامی‌و بەشیوەیەکی سیستێماتیك هانی کۆنترۆڵێکی توندو تیژو دەسەڵاتخوازی جەماوەر دەدات لەلایەن کەمایەتیەکەوە یان لەلایەن ئەرسیتوکراسیەتێکی مەنتەقی. هەر بۆ ئەوەی شارستانیەت بتوانێ پێش بکەوێت‌و گەشەبسێنێ، جەماوەر دەبێ کۆنترۆل بکرێ‌و لەلایەن ئەم "کەمایەتیە لۆژیکییەوە" پێشڕەویی بکرێ [٥١].

ئەگەر باش لەتێڕوانینی ئایدیۆلۆژیای بەعسی بکۆڵینەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەپێکهاتەیەکی تری لەهەمان کاتدا پەرێتۆ Pareto و فیختە Fichte دێتە پێش چاو: عەفلەق هێڵ بەژێر ئەوەدا دێنێ کە ئەم نەتەوەیە (واتا نەتەوەی عەرەب) دەزانێ کە لەژیانی حازریدا هیچ شتێك نییە کەشایستەی هێشتنەوە بێت [٥٢]. بەڵام سەرەڕای ئەم دۆخە نێگەتیڤە، "پاشماوەیەکی ڕۆحی ڕەسەن ماوە"(بقایا الروح الاصلیة) [٥٣] کەهێشتا پیس نەبوە، کەهێشتا هێزێك ماوە لەدۆخێکی شارەوەدایەو لەبەرئەوە پێویستە نەتەوەی (عەرەب) ئەو جەوهەرە لەخۆیدا بدۆزێتەوە [٥٤]. ڕزگار کردنی "پاشماوەی ڕۆحی ڕەسەن" واتای ئەوەیە کەدەبێ کاربکرێ بۆ "ژیانەوەی هێزی شاراوەوو ڕێگە پاکبکرێتەوە بۆ ئەوەی هێزی کاریگەری هەبێ‌و بتوانێ لەناو سەرجەم نەتەوەدا بڵاوبێتەوە.

ڕزگار کردنی "پاشماوەی ڕۆحی ڕەسەن" واتای ئەوەیە ئیتر، کەدەبێ ئەو حەیەویەتەی (چالاکییەی) کە شاراوەتەوە "بخرێتە روو و دەرپەڕێنرێ لەو ژینگە خاوو خلیچکە بێ جوڵەیەدا و "بشۆڕشێنرێ" و بگۆڕدرێ بۆ "بزووتنەوەیەکی پاڵپێوەنەری یەکەم"(الحرکة الدافعة الاولی) و بۆ "تەیارێکی سایکۆلۆژی بەهێز"(التیار النفسی القوی) [٥٥] و لەئەنجامدا ببێتە هۆی ژیانەوەیەکی گشتگیر. بیر نەکردنەوە لەم ژیانەوە گشتگیرە، دەبێتە هۆی ڕوخاندنی نەتەوەکە. دەوڵەتی بەعسی دەبێ لەنەوەیەك لەدایك بێت کە هەل‌و مەرجی یەکەمی جوڵانەوەی چالاککردنەوەی ئەم "ژینداری‌و چالاکیە شاراوەیە"ی تێدا بێت. ئەگەر بەشێکی نەتەوەکە توشی پۆخڵیی نەبوەو بەپاکی

ماوەتەوە، ئەم بەشە دەبێ بپارێزرێت. خۆی لەخۆیدا، ئەم بەشەیە کەخاوەنی ژینــداری‌و چالاکیەکی شاراوەیەو هەر ئەویشە کەخەبات دەکات بۆ بەدی هێنانی پەیامی نەمر.

شایســتەی وەبیرخســتنەوەیە، ئـەم لۆژیکـەش زۆر نزیکـــە لــەلۆژیکی ناســیۆنال سۆسیالیزمەوە. بەم بۆنەیەوە، هیتلەر ئاماژە بەوە دەکات کەزۆر لەمێژەوە ئەڵمانیــەکان "غـەریزەی گرێگری بە هێزیان وون کردوە کەزۆر پێویستە بۆ ئــەو کاتانــەی کەنەتــەوە لەخەتــەردا دەبێــت‌و ئیلیمێنتێکــی بــێ هاوتایــە کــەناهێڵێ نەتــەوە بڕووخێـــت"[٥٦].

"غـەریزەی گرێگر" بەلای هیتلـــەرەوە تەنــها فاکتــەرە کــە" بەرەیــەکی یــەکگرتووی گەلێکی گونجاو" دروست دەکات دژی دوژمن. ئیتر، دەبێ گەلی ئەڵمان بگەڕێتــەوە بــۆ ئەو سەردەمەی کە ئەم" غەریزەیە" بەردی بناغەی یەکێتی پێك دەهێنا. ئەو"هاوکاری گرێگر"ەی کەجاران ئەڵمان خاوەنی بوون، ئەمڕۆ خەریکە لەناو دەچــێ. لــەناو چوونــی ئەم "یەکێتی گرێگرە"یە کەبوە بەهۆی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی کەدوچاری نەتەوەکــە بۆتەوە، چونکە "یەکگرتنی گیــانیی"ی جــاران پارچــە پارچــە بــوو. میللــەتی ئــەڵمان ئێستاش دوچاری کەم‌و کوڕیی ئەم "یەکگرتنە گیانیەیــە". بــەڵام ئەگــەر "نــەبوونی تواندنەوەی ڕەها لــەنێوان ئــەو ئیلیمێنتانــەی کــە لــەزۆر کۆنــەوە نەتــەوەی ئــەڵمانیان پێکدەهێنا" شتێکی ڕاستە، هەروەها شتێکی دیکەش هەیە کـــەزۆر "دڵخۆشــکەرە": "بەلایەنی کەمەوە بەشێك لەخوێنمان بەپوختی ماوەتــەوەو توشــی ئــەو تێکشــکاندنە نــەبووە کەڕەگەزەکــەمان بــەرەنگاری بۆتــەوە"[٥٧]. لەبــەر ئــەوە، ئــەرکی ناســـیۆنال سۆسیالیزم ژیانـــەوەی ئــەو بەشــەیە کــە لەپیســبون‌و تێکشــکاندن خــۆی پاراســتوە. خۆشبەختانە، نەتەوەی ئەڵمان خــاوەنی "ئــەو توانــا شــاراوانەیە کــە لــەناو بەشــێکی میللەتەکەدا بێ دەستوەردان ماوەتەوە". دەبێ "بزانرێ کەئەم توانایانە هێشــتا مــاون‌و خەبەر کردنەوەیان بەسە (کافیە) لەلایەن باروهەلی دەرەکــی بــۆ ئــەوەی بێنــەوە ســەر ڕوو"[٥٨].

چەند پرسیارێك: ئایا گەڕانەوە بۆ "ڕۆحی ڕەسەن" (بەلای بەعسی عەفلەقیەوە) یان "غەریزەی گرێگر" (بەلای ناسیۆنال سۆسیالیزمی هیتلەریەوە) دەبێ چۆن بێت؟ کــێ

نوێنەرایەتی "ڕۆحی ئەسڵی" یان "غەریزەی گرێگـر" دەکـات؟ کـێ ئـەو"چالاکییـە شاراوەیە"(ئەوگورج و گۆڵیە شاراوەیە) دەژێنێتەوە؟

لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، بەعسی عەفلەقی هێشتا ڕاستەوخۆتره لەناسـیۆنال سۆسیالیزمی هیتلەری. ئەو" گەندەڵی و تێکچون و لادانە" کەتووشی نەتەوەکە بوون، هەستی پێویستی بۆ گۆڕان و بەرگری لەگـەندەڵی دەخولقێنن. بـەڵام "ئـەم هەستە بەشێوەیەکی ڕوون و هوشیار لەناو کەمایەتیەکی ڕۆڵەی ئەم میللەتـە گەشـە دەکـات"[٥٩]. تەنها ئـەم کەمایەتیـە دەتوانـێ بەرپرسـیتی قلـپ کـردن و گۆڕینـی بـارودۆخ وەربگرێ و ڕونی بکاتەوە بۆ میللەت لەپێناوی هوشیار کردنەوەی و پـەروەردەی بکـات و واقعی خۆی بۆ باس بکات و ڕێگەی راستی پێ پیشان بدات بۆخەباتێکی ڕێکخراو[٦٠]. زۆرینە کەئەم هەستەی نییەو ئەو"ڕۆحە کۆکەرەوەی تاکی" نییە، دەبێ باری کـردەوەی ئەم کەمایەتیە هەڵبگرێت و ملکەچی بێت. بەڵام ئایا، لەڕوانگەی بەعسـەوە، تەنـها ویستی کەمایەتیە کەبڕیار ئەدات و کـردەوەی شۆڕشـگێڕیی بـەڕێوە دەبـات؟ بـەڵێ، چونکە هێشتا میللەت خاوەنی هوشیاریەکی تەواو نییەو هێشتا ناتوانێ نوێنەرایـەتی ویستی زۆربەی گەل بکات و دەنگی بگەیێنێ.

لەهـەموو وولاتێـک و لای هـەموو میللـەتێك کـاری شۆڕشـگێڕی پەیوەسـتە بەکەمایەتیـەوە"[٦١]. بەڵام "جۆرێکـی تایبـەتی لەکەمایەتـەتی"، کەمایەتیـەك کەهوشیارە بەرامبەر واقعی میللەتەکەی"(اقلية من نوع خاص ،اقليـة واعيـة لواقـع امتها). ئەم کەمایەتیە بۆ نوێنەرایەتی میللەت دێتە پێشەوە پێـش ئـەوەی میللـەت بەشێوەیەکی راستەوخۆ مۆڵەتی ئەم نوێنەرایەتیەی بداتێ...[٦٢].

کورتەی (سینتەزەی) ئەم تێڕوانینەی ئایدیۆلۆژیای بەعسی بەشێوەیەکی پراکتیکـی لەم قەوارەیەی خوارەوە پێکهاتوە: بەعس بۆ دەوڵەتێکی ئیدیال خەبات دەکات و هـەوڵ دەدات کۆمەڵێك پێك بێنێت کە لەباری مۆراڵی و لەباری سیاسـیەوە یـەکگرتو بێـت. یـەکێتی نـاوخۆ پێویستی بەوەیـە کەزۆرینـە لەگـەڵ ئەوکەسـانەی کەنوێنەرایـەتی "پاشماوەی ڕۆحی ڕەسـەن" دەکـەن و"ئیلیمێنتـی ڕۆح"(عنصـر الـروح)[٦٣] پێکدێنـن

یەکبگرێ. واتا، نەتەوەی عەرەب کەپێویستی بەبزوتنەوەیەك هەیە بۆ نوێنەرایەتی کردنی "ئیلیمینتی ڕۆح"، پەنا دەباتە بەر ئەم "ئیلیمێنتی ڕۆحە" کە لەراستیدا بریتیە لە "حیزبی راستەقینە" (الحزب الحقیقی)، "حیزبی ژیاو" (الحزب الحی) و ئەمیش بە ئەرکی خۆی دەزانی کەدەوڵەت ملکەچ پێبکات بۆ بەدیهێنانی "ئامانجی مەزن"(الغایة الکبری). زۆرینە چەند پێگەیشتو بێت، توانای گەیشتنە ئاستی کەمایەتی نییە، چونکە توانای ئەوەی نییە بەقوڵی شت ببینێو بیر بکاتەوە[٦٤]. لەبەرئەوە مەحاڵە ئامانجی پیرۆزی نەتەوە تێ بگات. ئەم بێ توانایییە "سروشتیە"ی زۆرینە، ڕەنگدانەوەی خۆپەرستیو تەمەڵی وسستیو گەندەڵیو پۆخڵی (تلوس) ڕۆحیە. لەبەر ئەوە دەبێتە هۆی ئاستەنگێك لە ڕێی بنیادنانی ئەو "ئامانجە مەزنەی" کەبەعس پێشنیازی دەکات ئەگەر لەلایەن کەمایەتیەك کەهەڵگری ڕۆحی باوو باپیرە کۆنترۆل نەکرێت.

ئێستا تێدەگەین کەپەرچ دانەوەی (رەفز کردنی) "گەشەپێدانی خاو" کە بەگوێرەی دیدەی بەعسی بریتیە لە "چاکسازی ڕووکەشی"، واتای ئینکار کردنێکی ڕەهای پراکتیکی دیموکراسی دەگەیێنێ. ئەگەر" پەیامی نەمر" واتای کۆکردنەوەی هەموو عەرەبە لەتەنها یەك دەوڵەتو ئەنجامی کرداری دەستەبژێرێکە، بەلای بەعسەوە زۆر سروشتیە کە ویستی کۆی گشتی لەلایەن ئەم دەستەبژێرە نوێنەرایەتی بکرێ. تێبینی دەکەین کەبەعس هەر لەیەکەم قۆناغدا بیری دیموکراسی ڕەتدەکاتەوە: ئەو دیموکراسیەتەی کەدەوەستێتەوە سەر هەڵبژاردنی گەردوونیو فرەلایەنی سیاسیو یاساکانی بەلانسی دەسەلات. بەلای بەعسەوە، پەسەندکردنی پرینسیپی دیموکراسی، رازی بوونە بە "چاکسازیی ڕووکەشی" و لەئەنجامی ئەمەشەوە پێشێل کردنی ئەو "ئامانجە مەزنە"یە کەئەرکی یەکەمی بنیادنانی کۆمەڵێکی مۆراڵیو بەدیهێنانی پرۆژەیەکی گۆڕانی رادیکالیی سایکۆلۆژیای گشتیە. ئامانجو خەونی بەعس لەرێگەی گۆڕانێکی تەواوی ژیانی میللەتی عەرەب لەسستیەوە بۆ پیشکەوتنو لەنزمیەوە بۆ سەرکەوتن دێتەدی. پرینسیپی ئایدلۆژیای بەعسی ئەم مەرجەی خوارەوە دادەنێ:

"شۆڕش ناتوانێ پەیامی خۆی بگەیەنێ بەبێ دروست کردنو خولقاندنی کۆمەڵێکی نوێو بەبێ گۆڕینی سیستەمی بەهاکانیو بیر وباوەڕو هەڵسوکەوتی تاکەکان"[٦٥].

ئیتر، دەتوانرێ وێنا بکرێ کەویستو خواستی گۆڕینی ڕادیکال لەو سیستێمانە تێبینی دەکرێ کەمەبەستیان پەرتدانەوەی پرینسیپی دیموکراسییە بەهەموو ئاراستەکانیەوە. ئەگەر وانەبێ، چۆن، بەلای ناسیۆنالیزمی بەعسیەوە، میللەتێك دەتوانێ مومارەسەی مافی خۆی بکات، بەتایبەتی لەسەردەمێکدا کەئەم میللەتە نوقم بوە لەناو دواکەوتوییو ڕەشو سپیو باشو خراپ بەشێوەیەکی روون لەیەك جیاناکاتەوە. لەڕوانگەی بەعسەوە، میللەتی عەرەب لەدۆخێکی ئاوادا هەرگیز بەرژەوندی خۆی نازانێ. بەجۆرێك یان شێوازێك لەیوفێمیزم euphemism بەعس جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کە:"دیموکراسیەت زۆر پێویستە. . .، بەلام لەبەر نوقسانیو نارێكو پێکی لەپەروەردەداو تێکچونی خووڕەوشتو خراپ بوونی باری ئابوریو تەندروستی، میللەت بەشێوەیەکی شیاو توانای مومارەسە کردنی مافی خۆی نییە. ئێمە نیازمان نییە بێبەشی بکەین لەمافەکانی. بەپێچەوانەوە، دەبێ لەڕێگەی ئەوەوە خەبات بکەین.... بەلای ئێمەوە، (میللەت) هەم ئامانجو هەم ئامرازیشە. ئامانجی ئێمە خزمەتی میللەتە لەڕێگەی میللەتەوە"[٦٦]. وەك تێبینی دەکەین، باوەڕ نەکردن بەدیموکراسیەت لەئەنجامی تێڕوانینێك دێت کەمیللەت دەکات نەك وەك ئامانجێك خۆی لەخۆیدا، بەڵکو وەك ئامرازێك لەخزمەتی ویستێکی خۆیی. کاتێك کەئایدیۆلۆژیای بەعسی، میللەت دادەنێ بەئامرازو بەئامانج، مەبەستی ملکەچ کردنیەتی بۆ ویستی خۆی. میللەت وەك میللەت خۆی لەخۆیدا ئامانجێك نییە، بەلام ئامرازێکە لەخزمەتی ئەو "ئامانجە مەزنەی" کەعەفلەق باسی لێدەکات. هەر وەك ئێمانوێل کانت Emanuel Kant دەڵێ، کاتێك بوونی میللەتێك دەوەستێتەوە سەر ویستێکی خۆیی، ئەو میللەتە ملکەچە بۆ ئامانجێکی خۆیی[٦٧]. ئەمجا، کاتێك کەمیللەتێك دەبێ بەئامرازێكو ملکەچ دەبێ بۆ ویستێکی تایبەتی، ناتوانێ ویستی خۆی هەبێت. ئەو میللەتە هیچ ویستی نییە چونکە هەر وەکو بەعس دەڵێ، توانای مومارسەی مافی خۆی نییە

بەشێوەیەکی شیاو بەم شێوەیە، پرینسیپی "زۆرینەی ژمارە"، هەموو کاریگەریەکی خۆی وون دەکات. بەهۆی داوکەوتن و خراپ بوونی باری ئابووری و تەندروستی پەروەردە، هیچ پێویست ناکات، بەلای ناسیۆنالیزمی بەعسیەوە، تەماشایەکی پۆزەتیفی کێشەی دەنگی زۆرینە بکرێ و نرخێکی بۆ دابنرێ. ئەندامێکی بەعس کەحەننا بەتاتو ناوی نابات، لە ساڵی ١٩٦٣ واتا لەوکاتەی کەبەعس لەسەرحوکم بوو، تێبینی دەکات کەکاتێك بزووتنەوە شۆرشگێرەکان دەسەڵات دەگرنە دەست، ڕوو هەڵدەماڵن لەسەر ئەوەی کەدەبێ بەسەر بیروڕای جارانیاندا بچنەوە. بەڵام کاتێك کە لەقۆناغی خەباتی میللیدان، بانگەشە بۆ دیموکراسیەت دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن لەباشترین بارودۆخدا چالاکی خۆیان بکەن. ئەوکاتەی کەدەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، دەبینین کەدیموکراسیەتی بۆرژوازی خەتەرێکی گەورەیە بۆ شۆڕش"[٦٨]. هەرچۆنێك بێت، پێش یان پاش دەسەڵات گرتنە دەست، گرنگ ئەوەیە کە بەعس لەجەوهەری فەلسەفەی سیاسیداو بەتیۆری و بەپراکتیك، پرینسیپی ئەو دیموکراسیەتە بەشێوەیەکی پۆزتیڤ وەرناگرێ کە پێك هاتوە لەدەنگدانی زۆرینە. پرینسیپی زۆرینەی ژمارە، بەلای بەعسەوە، بەپێچەوانەی چەمکی بەرپرسێتی و قوربانی دان و پاڵەوانیە، چونکە ئەمانە سیماو خەسڵەتی تایبەتی دەستەبژێرن، هی ئەریستۆکراسیەکن کە هەڵگری "پاشماوەی ڕۆحی ڕەسەنە"، هی "پیاوی ئازادن کە هەڵگری چەکن". زۆرینە (جەماوەر، مێگەل)، تەنها کۆمەڵێکە لەو خەڵکانەی کە بێ لایەن و بێباکن و شیاوی ئەوەن کە بەنزم تەماشا بکرێن. بەلای ئایدۆلۆژیای بەعسیەوە، دیموکراسیەت ناتوانێ ئاستی ئەو"مێگەلە" بەرزبکاتەوەو بیباتە سەرئاستی نوێنەرایەتی نەتەوەیی و لەو دۆخەدا دەتوانێ زیان بەویستی خۆیی بگەیەنێ.

لەبارودۆخی دیکەدا، ناسیۆنال سۆسیالیزمیش گاڵتەی بەدیموکراسی دەکرد چونکە بەلای ئەویشەوە شتێکی ناماقوڵ بوو کەکەسێکی ئازاو ژیر لەدەنگدانی گشتی بێتە سەر ڕوو. ئەو ئازارە قوڵەی کە ئەڵمانیا بەدەستیەوە دەتلایەوە، بەسترابوەوە بەدیموکراسیەتی پەرلەمانیی تەنانەت لەفۆرم و سروشتی دەزگاکە خۆیدا. یاسای

"بڕیاری زۆرینه" و پرینسیپی فرەلایەنی سیاسی، بەلای هتلەرەوە، هەرلەبنەڕەتدا تۆری بەرپرسێتیو پالەوانی (کەنەتەوەی ئەڵمان پێویستی پێی هەیە) دەخنکێنێ. هیتلـــەر دەڵێ، "شانس زیاترە کەحوشترێك بـەکونی دەرزیـەکدا بچێـت وەك لـەوەی لەرێگـەی هەڵبژاردنەوە ڕوو لە پیاوێکی گەورە هەڵبمالرێ. هەر لەوەتـــەی کـە جیـهان جیهانـە، هەموو ئەوشتانەی کەکراون، لـەرێی کـرداری تاکەکانـەوە بەدیـهاتون"[٦٩]. لەبـەر چ هۆیەك؟ چونکە "بیری دیموکراسی جەماوەر، جگە لەکەراکتەرە ڕووکەشیەکەی" ناتوانێ کۆتایی بەلاوازیی نەتەوەی ئەڵمان بهێنێ"[٧٠]. ناسیۆنال سۆسیالیزم بـیری دیموکراسی پەرت دەداتەوە لەسەر بناغەی جیهان بینیەکی هاوسەنگ لەگەڵ ئەوەی بەعس. بـەلای نازیەتەوە هەروەها، زۆرینە پێکـهاتوە لـەوەی کـە بـەلاتینی پێـی دەوترێ ڤولگـوس پێکوس vulgus pecus(جەماوەری ئاژەڵ) یـان مولتیتـودۆ دیسسـۆلوتەmultitudo dissoluta (کۆمـەڵی هەڵوەشاو) یان ئیکلێزیە کۆنفوزە ecclesai confusa(کۆمـەڵی تێکەڵ و پێکەڵ). هیتلەر دەیگوت "مـەزنیی مرۆڤایەتی هەرگیز لەدەستی جەماوەردا نەبوە، بـەڵکو لەدەسـتی مێشـکی دروسـتکەردا بـوە"[٧١]. "میللـەت، خـۆی، دوورە لەدەربڕینی ئاواتی خۆی بەشێوەیەکی تەواوو خاوەنی بیرو باوەڕی گشتیەو بێ دەسەلاتە لەبەردەم هوشیاری بەرامبەر جەوهەری ئیدێیالو ناتوانێ تەمەنناى خۆی بەشێوەیەکی ڕوونو تەواوو دەر بڕێو رازی بکات"[٧٢].

ناتوانرێ چوارچێوەی ئەم مونازەرەیە تەواو بکـرێ بـەبێ ئـەوەی هێـڵ بـەژێر ئـەوەدا نەهێنرێ کە رۆمانتیزەکردنی قەوارەی دەستەبژێرەیی خەسڵەتێکی هاوبەشی فاشـیزمی مێژوییە. چونکە ئەم تێروانینە پێکهاتەیەکی سەرەکی فاشیزمی ئیتالیشە. موسۆلینی بەدەنگی بەرزەوە دەیگوت دیموکراسیەت "خەونێکی بێ کەڵکـە" یـان "بیرێکـە کـە پەیوەندی بەواقعەوە نییە" چونکە "نایەکسانی چاكو بەپیتو بێچارە لەناو پیـاواندا" ناتوانـــێ بەرهـــەمێکی چـــاك بێنێتـــە دی بـــۆ شـــتێکی وا" میکـــانیك"و دیاردەیەکی"دەرەکی" کە هەڵبژاردنی گەردونیە"[٧٣]. ئەریستۆکراتیزمی دیکتـاتوری

موسۆلینی وای لێدەکرد کەژمارە رەتبکاتەوە، واتا ژمارە وەك گوزارشتێکی نوێنەرایەتی کۆمەڵ.

فاشیزم، کاتێك دەستەبژێری دەخستە جێی زۆرینەی بێ ویست، خۆی بەرەو ادەکرد (خۆی بەشەرعی دەکرد) بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ویستی میللەتی ئیتالی بکات.

گومانی تێدا نییە کە لەسەر ئاستی جیهانبینیو فەلسەفەی سیاسی، بەعسو فاشیزمی ئیتالیو ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمانی، هەر چەندە لەهەندێ خاڵدا جیاوازن لەگەڵ یەکتری، دەیانەوێ، هەریەکەو بەشێوەی خۆی " ئۆلیگارکیەکی یارمەتیدەر" بەدیبێنن، بەواتایەکی دیکە دەیانەوێ فۆرمێکی حکومەت بخوڵقێنن کە لەناویدا ئەریستۆکراسیەتێکی ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتێکی رەها بسەپێنێ بەسەر ئەو زۆرینەیەی یان ئەو جەماوەرەی کە لەسروشتو پێکهاتەی ئۆنتۆلۆژی خۆیدا توانای مومارسە کردنی مافی خۆی نییەو نەزانو بێ ئاگایە لەئیدیالی خۆی. لەڕاستیدا لەم تێڕوانینەوە گرنگی بێهاوتای دەستەبژێرو تاك هەڵدەقوڵێ. هیتلەریش دەیویست سەرکردایەتی کۆمەڵ بدات بە " تاکە بەرزەکان"، بەو کەسانەی کە "باشترین مێشکیان" هەبوو."ئامانجی مەزنی" ناسیۆنال سۆسیالیزمو ناسیۆنالیزمی بەعسی ئیمپێرەتیڤانە پێویستیان بەو تاکانە هەبوو کە "بەشێوەیەکی تایبەتی ژیرو زیرەکن" ،کەڕزگاریان بوە لەناسەقامگیریو خاوو خلیچکییو دژی بێمێشکیو وورپی زۆرینەن: ئەوانە دەبێ جڵەوی دەسەڵاتو سەرۆکایەتی بگرنە دەست. هیتلەر دەیگوت: "کاتێك کەژمارەیەك لەو تاکانەی کەپڕن لەوزەو هێزی ئەکتیڤو بەتەواوی ڕزگاریان بوە لەوتەمەڵیەی کە جەماوەر دوچاوی بۆتەوە یەکتری دەگرن، ئەوانە دەبن بەخاوەنی میللەت"(٧٤).

ئایا ئەم هەڵبژاردەیە یان ئەم ژمارە کەمە کە لەناو باوەشی میللەتەوە دێتە دەرەوە وگوزارشت لەویستی میللەت دەکات، پێکهاتوە لە کێ؟

لەراستیدا ئەم دەستەبژێرە هیچ کیانێك ناگەیێنێ حیزب خۆی نەبێ. ئەم کەمایەتیە کەدەبێ دەسەڵات بگرێتە دەستو بەردەوام بێت لەمومارەسە کردنی

دەسەلات بەبێ دابەشکرنی لەگەڵ میللەتو کیانی دیکەداو هەڵگری "عەدالەتی ئیدێیاله"، بریتیه لەحیزب. ئەم کەمایەتیە لەهەمان کاتدا زۆرینەشە، چونکە بەگوێرەی "مەیوتیکی" maieutic بەعسو ناسیۆنال سۆسیالیزم گوزارشت لەهەستو نەستو ئومێدی میللەت دەکات.

بەلای بەعسیشەوە، لەبەرئەوەی ڕێکخەرو ئەرکی خستنەکاری ویستی ڕاستەقینەی میللەتی لەسەرە ، ئەم کەمایەتیە تەنها خۆی سنوور بۆ بەرژەوەندی گەل دادەنێ. لەبەر ئەوەی کاتێك کەنوێنەرایەتی ئامانجی ئێستاو پاشەڕۆژی گەل دەکات، ئەم کەمایەتیە خۆی لەخۆیدا زۆرینە پێکدێنێ. بۆ نمونە سەدام حوسەین دەڵێ: "هەموو حیزبێك، بەپارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستیشەوە، پێکهاتوە لەکەمایەتیەك ئەگەر بەراوردبکرێ بەکۆی خەڵکەوە (بەگشت دانیشتوانەوە). . . . بەلام کاتێك گوزارشت لەداخوازیو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی نوێنەرایەتی ویستی میللەت دەکاتو کاتێك کردەوەکانی لەگەڵ ئامانجەکانی میللەت لەحازرو داهاتودا دەگونجێن، ئەم حیزبە زۆرینە پێکدێنێ" (٧٥). دەبێ بوترێ کەئەم لۆژیکە هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی هیتلەر: "کەمایەتی نوێنەرایەتی زۆرینەی ویستو بڕیار دەکات"(٧٦).

ئایدیۆلۆژیە ناسیۆنالیستە تۆتالیتاریەکان هەرچەند جیاوازی هەبێت لەنێوانیاندا، بەگوێرەی جیاوازی کولتورو مێژوو و دروستبونی سایکۆلۆژی، لۆژیكو هەڵوێستیان بەرامبەر ئەم مەسەلەیە یەکنو یەکتری دەگرنەوە لەوەی کە، وەکو بۆمان روون بۆوە، میللەت بەکیانێکی بەتاڵ دادەنێنو لەبەر ئەوە میللەت ناتوانێ ویستی هەبێت. گشت فەلسەفەی بەعسو ناسیۆنال سۆسیالیزم لەم هەڵوێستەوە هەڵئەهێنجێنرێ (استنتاج دەکرێ): ئەگەر میللەت ویستی نەبێ، کرداری سیاسی، کردەوەی سیاسی، کاری سیاسی هیچ واتایەکی نییە. لەبەر ئەوە، پێویستە بەشێوەیەکی ئیجباری ویستێکی تایبەتی هەبێت کە لەپێشدا نوێنەرایەتی بکات: پێشینەیی ویستی تایبەتی خۆی دەسەپێنێ بەسەر ئەو بارو دۆخەی کە ویستی گشتی دروست دەکات. ئەم ویستە،

ویستی ئیلیتێکی ئایدیۆلۆژیە کە هاوشێوەیە لەگەڵ تەنها ویستێك: ئـەوەیش ویستی سەرۆکە.

کورتەی چیرۆکەکە : لێڤیەتانی بەعس

تێڕوانینی بەعس سەبارەت بە "ویستی میللـەت" دەمـان باتـە هـەمان لۆژیکـی لێڤیەتانی هۆبسی و لەوێوە بۆ ناسیۆنال سۆسیالیزم و فاشیزم. لەڕاسـتیدا، لێڤیـەتانی هۆبسی وەڵامێکی "بۆ دواوەتەماشاکەری retrospective" پێداویستەکانی سـەرۆکی بەعسیە. باپێش هەموو شتێك بیری تۆماس هۆبس Thomas Hobbes لەم بارەیەوە بـە کورتی ڕوون بکەینەوە لەبەر ڕۆشنایی پێشکەشکردنی "درۆی تەوراتیی" کە کتێبـی یەعقوب باسی لـێ دەکات و دەڵێت: "هیچ هێزێك نییە لەسـەر گـۆی زەویـدا بتوانـێ بەراورد بکرێ بەو"[٧٧]. هونەری ئادەمیزاد... ئەوەیە کە دەتوانێ ئاژەڵێکـی دەسـتکرد بەرهەمبێنێ. بەڵام بەلاسایی کردنـەوەی ئـەو کـارە ماقوڵـەو زۆر بەنرخـەی سروشـت کەمرۆڤە، هونەر هێشتا دورتر دەڕوانێ. ئەم هونەرەیـە، کـە ئـەم لێڤیەتانـە گەورەیـە دەخولقێنێ کە پێی دەڵێن کۆمار یـان دەوڵـەت (سـیڤیتاس بـە لاتینـی). ئەمـەش مرۆڤێکی دەستکردەو هەرچەندە باڵاو هێزێکی گەورەتری هەیە لەمرۆڤێکی ئاسـاییو، دروست کراوە وەك تەواوکەری ئەو بۆ بەرگری کردن لێی. لە کەسایەتی ئەودا سەروەری بریتیە لەڕۆحێکی دەستکرد چونکە ژیانو جوڵانـەوە بەهـەموو لـەش دەبەخشـێ .... پاداشتو سزا کە بەسەروەریەوە بەیەکەوە بەسراونەتەوە سـەرجەم ئـەندامان دەبزوێنـن لـەپێناوی جێبـەجێکردنی ئـەرکی خـۆی.... گەشەسـەندنو دەوڵەمـەندی سـەرجەم ئەندامە تایبەتیەکانی بریتین لەهێز. کاری پێکهاتوە لەپاراستنی گـەل...یەکسـانیو یاسا ئەقڵو ویستی دەستکردن، یەکێتی ڕاسـتەقینەو تەندروسـتی بـۆ دەخولقێنـنو کێشەی خەڵکی، نەخۆشیو شەڕی میللیو مردنی بۆ دروست دەکـەن. لـە کۆتـاییدا، پەیمانو ڕێککەوتن کە لەبناغەدا بۆ ئەوان جەستەی سیاسی بەرهەمهێنراون. ئەگـەر

پێکەوە کۆبکرینەوەو بکرێن بەیەك لەوە دەکەن کەکاتێك خوای بەخشندە ووتی با مرۆڤ لەکاتی خەڵقاندنی دنیادا دروست بکەین "[٧٨].

ئەم لیڤیەتانە کە بۆ سەر ئاستی چاودێریکەری گەورەی تەندروستی میللەت کە بەرزکراوەتەوە، دەبێ ببێ بەوەی کەگەرەنتی ئاشتی بکات لەناو کۆمەڵی دەستکرددا. خەڵکی، بەلای هۆبسەوە، ناتوانن لە"دۆخی سروشتیدا" پێکەوە بژین چونکە "هەموو کەس دژی هەموو کەسێکە". پێویستیان بەدەسەلاتێك هەیە کەبیان پارێزێ و لە لەناوچوون ڕزگاریان بکا. "لەوەوە بەشێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێ کە هەتا خەڵکی پێکەوە بژین لەژێر سایەی دەسەلاتێکی هاوبەش کەبەڕێزەوە ڕایان بگرێ، لەدۆخێکدا دەژین کە پێی دەوترێ جەنگ، ئەم جەنگەش بریتییە لەجەنگی هەموو دژی هەموو"[٧٩]. لەدۆخێکی وادا، هیچ جێگایەك نییە بۆ کۆمەڵێك لەئاشتیدا. یەکسانی یان نایەکسانی چەمکێکی بێ واتان چونکە دەسەلاتێکی هاوبەش نییە، یاسانییەو" لەو شوێنەی یاسا نییە، یەکسانی نییە "[٨٠]. لە دۆخێکدا کە " هیچ ناتوانێ نایەکسان بێ، " توندو تیژیو زۆرزانی" دەبن بەفەزیلەی بنەڕەتیی. لە "کۆمەڵێکی سروشتیدا" هەریەك ئازادە دەسەلاتی خۆی بەکار بێنێ بەگوێرەی ویستی خۆیو سەروەرە بەرامبەر خۆی چونکە لەدۆخی جەنگدا "هەریەك بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆی سەروەرە "[٨١]. لەدۆخێدا کە "مرۆڤ بوە بەگورگ بۆ مرۆڤ " homo homini lupus ، خەڵکی ناتونن بەشێوەیەکی هەمیشەیی بژین ئەگەر یەکتری لەناو نەبەن. غەریزەی خۆهێشتنەوە، ئیجباریان دەکات کەمەیلیان بۆ ئاشتی هەبێت. بۆ ئەوەی بەئاشتی بژین خەڵکی ناچارن پەیمانێك لەنێوان خۆیاندا ببەستن و ویستە تایبەتیەکەیان بدەن (بگوێزنەوە بۆ) بە یەکێکی دیکە. بەم شێوەیە کۆمەڵی دەستکرد لەئەنجامی پەیمانێك لەنێوان خەڵکی دروست دەبێ کە لەناویدا دەسەلات دەگوێزدرێتەوە بۆ یەکێکی دیکەو ئەمەش ئەو لیڤیەتانەیە کە مافی سروشتیی ڕەهای دەبێت بەسەر پیاوە دروستکراوەکان. ویستی تەنهاو دابەشنەکراوی ئەم لیڤیەتانە جێی ویستی هەموان دەگرێتەوە. ئەم لیڤیەتانە بەشێوەیەکی ڕەها لەدەرەوەی ئەو پەیمانەیە کەخەڵکی لەنێوان خۆیاندا دەیبەستن.

"ئەمەیە نەوەی ئەم لیڤیەتانە گەورویە ، یان بۆ ئەوەی بەڕێزەوە قسەبکەین، نەوەی ئەم خودایە کەنەمر نییەو دەمانپارێزیو ئاشتیمان بۆ مسۆگەر دەکات بەبێ پەنا بردنە بەر خوای نەمر. چونکە فەزیلەی ئەم دەسەڵاتە کە وەری گرتـوە لەهـەر یـەك لەتاكـەكانی كۆمارو ئەو جموجۆڵیەی کە پێی دراوە لەلایەن دەسەڵاتێكو هێزێكی بەم شێوەیەو ئەو ترسەی کەبڵاوی دەکاتەوە وایان لێدەکات کە هەموو پێکەوە ویستی خۆیان یەکبخـەن لەپێناوی ئاشتی ناوخۆو هاوکاری یەکتر دژی دوژمنی دەرەوە"[٨٢].

لەوەی کە تائێستا باسمان کردوە دەگەینە چ ئـەنجامێك؟ بـەلای هۆبسـەوە خـەڵكی هاوکات کاریگەری ئەقڵیان بەسەرەوەیە. بێگومان بەکارهێنانی ئەقڵ دەیانبـات بـەرەو ئاراستەی پەسەند کردنی ژیان لەکۆمەڵداو پێکـەوە ژیـان. ئەگـەر وانـەبێ، لـەدۆخی سروشـتیدا ، تـەماعو كێبڕكـێو خۆپەرستی دەسـت بەسـەر کەراکتـەریدا دەگـرن. کردەوەکانی " لە ڕێگەی حوکمدانی خۆیو حەزە تایبەتیـەکانی بـەڕێوە دەبرێـن"[٨٣]، هەریەکە خۆی لەگەڵ بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی دەگونجێنێ. لەبەر ئەوە پێویسـتە ویستێكی بـەهێز هـەبێت کەحـەزو تـەماعی بـەرەو دواوە بگەڕێنێنـەوە یـان ئەگـەر پێویستی کرد بیچەوسێنێتەوە یان لەپێناوی بەردەوام بوونی کۆمەڵ هێزبەکار بێنێ.

ئەم پەنۆرامەیە ئەوەمان پیشان دەدات کەکۆمـەڵ لـەدۆخێکدا دەژی کەنوسـەرێك Jules Monnerot وەسفی دەکات وەك هەسـتی تەنگانـەو تـەنیاییو بـێ هـێزی یـان "دۆخی دژوار"[٨٤] کە پێویست بەبوونی دەسەڵاتێكی یـەكگرتو دەكـات. دەسـەڵاتێك کەبتوانێ گرێ کوێرەوکێشە لەناو کۆمـەڵێکدا نـەهێڵێت کەدەیـەوێ بەئاشـتی بـژی. خۆی، ئەم "دۆخە دژوارەیە" کە سنوور بۆ کەراکتـەری سـۆتۆریۆلۆژی sotoriology سەرۆكو سەپاندنی ویستی ڕەهای سەرۆك دادەنێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئایدیۆلۆژیای بەعسی، دەتوانین بڵێین کە بەعسیش لەهەمان خاڵی دەستپێکردنو ڕوانگەی هۆبسەوە تێدەڕوانێ: ئەو خەتـەرە نزیکـەی کەخەریکـە نەتەوەی عەرەب دەفەوتێنێ پێویستی بە "هاتنی" ڕزگارکەرێك هەیـە. ئایدیۆلۆژیـای بەعسی وێنای "ژینگەیەکی دەرەکی دوژمنانەو دژواری بەردەوام" دەدات کـە خەریکـە

خۆی بەسەر نەتەوەی عــەرەبدا دەسـەپێنێ. ئـەم ژینگەیـە هـەر خـۆی لـەخۆیدا وەك دوژمنێك دێتە پێشەوە کەبەرپرسە بەرامبەر ئەو شتەی کەبوونی نییـە[٨٥]. بەرامبـەر ئەم دوژمنایەتیە، بیروڕای جیاوازو دووبەرەکی هێزی پاڵپێوەنەری نەتەوە لاواز دەکاتو لەچالاکیو بزێوی کەم دەکاتەوە. تەنها پاراستن لەم نەخۆشیە یەکگرتنی ناوخۆییە. بەم بۆنەیەوە، سەدام حوسەین تێبینی دەکات: "سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشـە واز نـاهێنین لەدووبارە کردنەوەی باسکردن سـەبارەت بـەو هـێزە دەرەکیانـەی کەڕاسـتەوخۆ پیـلان دادەنێن دژی ئێمەو دژی شۆرشـەکەمانو بەگشـتی دژی میللـەتی عـەرەبو گـەلانی نزیك، تەنها خۆپاراستی سەرەکی (لەم پیلانانە) پێك هاتوە لەبەرگری نـاوخۆیی"[٨٦].

بەلاّم کێشەو نەخۆشی نەتەوەکە تەنها لـەدەرەوە سـەرچاوەناگرن، بـەلکو لەناویشـەوە. میشیل عەفلەق کەباسی" تیرۆانینی ئەسلّی بەعس" دەکـات دەلـێ لـەکاتێکدا کـە "دەلّێن نەتەوەی عەرەب لەدۆخی جەنگدایە، (. . .) واتای ئەوەیە کەبـەعس هـەرگیز بێ ئاگا نەبوە بەرامبەر بـەو مەترسـیە ڕاسـتەقینانەی کـە دەورەیـان داوەو بەرامبـەر بەگەورەیی ئەو کارەساتانەش کە ئازاری دەدەن"[٨٧]. زیـاتر لـەوەش میشـیل عەفلـەق بەردەوامە لەئاماژەکردن بۆ" پێویستی پەروەردەکردنی هەموو یەکێك بـەگوێرەی ئـەم دۆخە سایکۆلۆژیە. شتێکی باشە کەجەخت بخرێتـە سـەر ئـەوەی کەشـەڕ لـەدوژمنی دەرەوەو دۆخی خراپی ناوەوە سەرچاوە دەگرێ[٨٨]. "دۆخی جـەنگ" کـە لەخەتـەری دەرەوەو ناوەوە هەلّدەقولّێ، پێش هـەموو شـتێك پێویسـتی بەیـەکگرتنێکی نـاوخۆیی هەیە یاخود پێویستی بەوە هەیە کەسەدام حوسەین پێی دەلّێ "مـەناعەی ناوخۆ".

لێرەدا چەند پرسیارێك خۆیان دەسەپێنن: کێ دەبێ ئەم بەرگریە ناوخۆییـە مسـۆگەر بکات، یاخود کێ دەبێ یەکگرتنی کۆمەلاّیەتی بخولقێنێ بۆ ئەوەی کۆی نەتەوایـەتی بتوانێ لەئاستیدا بژیو بەردەوام بێت؟ ئایا سنورێکی کـاتیی هەیـە بـۆ ئەمـە، واتـا تاکەی دەبێ بەردەوام بێت؟

هۆبس، وەکو ڕونمان کردەوە، وەلاّمی ئەم پرسیارانەی داوەتەوە: دەسەلاّتی تەنها تاکێك وئەم دەسەلاّتەش نەك "تەنها بۆ کاتێکی دیاری کـراوو سـنووردار"[٨٩]، بـەلکو هـەتا

هەتایە چونکە خەڵکی تەنانەت ئەگەر "لە ڕێگـەی هـەوڵ و تەقـەللا سـەرکەوتنیش بەسەر دوژمنی دەرەکیدا بەدی بێنن، (دوایی) لەژێر تـەوژمی جیـاوازیی بـەرژەوەندی، بەش بەش دەبنەوەو دیسانەوە دەست دەکەنەوە بەشـەڕ لـەنێوان خۆیـاندا"[٩٠]. هۆبـس مەبەستی لەوە بوو کەویستی ڕەهای تەنها تاکێك زۆر پێویسـتە چونکـە ئـەم ویسـتە ڕەهایە، لۆژیکانە، لەئەنجامی بێ هاوتای مەیلی مرۆڤ بۆ شەڕ دێتـە کایـەوە. لـەوەوە، بەرای ئەو، خێرا، گرنگیی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی پێویستی بـەبوونی ویسـتی ڕەهـای لێڤیەتان دەکرد "بۆ پاراستنی ئاشـتیو ئاسـایش و بەرهەڵسـتی کـردن دژی ئـاژاوەی ناوخۆو دوژمنایەتی لە دەرەوە"[٩١].

چۆن ئایدیۆلۆژیای بەعسی ئەم بابەتانە دەخاتە ڕوو؟ دەبا لەو پێناسـەوە دەسـت پـێ بکەین کە بەعس سەبارەت بە چەمکی نەتەوە دەیکات:

" نەتەوە بە ژمارە پێوانـە نـاکرێ بـەڵکو بیرێکـە لـە نـاو کۆمـەڵدا یـان لـە هەندێکیدا بەرجەستە دەبێت، میللەتانیش بە کەمی ژمارەیان لە ناو ناچن، بەڵکو بـە نەبونی بیرێك لە نێوانیاندا لە ناودەچن. کۆی ژمارەیی خۆی لە خۆیدا وەك ژمارە پـیرۆز نییە، بەڵکو پیرۆز بون و بەرجەستە بونی بیرە نەتەوەییەکەیە لەو ژمارەیەدا لە ئێسـتا بێت یان لە ئاینده، چونکە ئەو بیرە نەتەوەییە لەهەموو تاکێکی ناو کۆمـەڵدا وەك تۆو بونی هەیە بەڵام پێویستی بە نەش و نما و گەشەکردن هەیە تا بتوانێ بە ناوی کۆمـەڵەوە قسە بکات. سەرۆکیش لە کاتێکدا ئەم بیرە نەتەوەییە لاوازو لە پاشەکشەدا بێ، دیارە زۆرینەی لە گەڵدا نابێ بەڵکو نەیاران و دژەکانی زۆر دەبن، سەرۆکیش بـیر ناکـات بـە قوربانی ژمارە بەڵکو بە پێچەوانەوە ژمارە بەرەو بیر دەبـات. سـەرۆك کۆکـەرەوە نییـە بەڵکو لێدەرو ڕێکخەرە، واتا خاوەنی بیرێکە کە هەرچیەك پێی ناخۆش بێ یان جیـاواز بێ (لە گەڵیدا) لـێ جیا دەکاتەوە"[٩٢].

ئایا ئەم تێڕوانینە ویستی ڕەهای سەرۆکی بەعس بەردەوام پێناکات؟

با ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی دیکە بخەینە ڕوو. کاتێك کە دەڵێ حیزب نوێنەرایـەتی "ویستی میللەت" دەکات چونکە "کردەوەکانی لەگەڵ ئامانجەکانی میللەت لـەدژخی

ئێستاو پاشەڕۆژدا دەگونجێن"، ئایا ئایدیۆلۆژیای بەعسی کە ئەم ویستە بەویستی ڕەهای سەرۆکەوە دەلکێنێ، نایکات بەشتێکی هەمیشەیی؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە پۆزیتیڤ بێت کە بەراستی پۆزتیڤیشە، ئایا میللەت ویستی هەیە کە بەرێگەیەك یان بەرێگەیەکی دیکە بتوانێ گوزارشتی لێ بکات؟ بێ گومان دەکەوینە ناو پلیۆنازم pleonasm یان تۆتۆلۆژیەوە tautology ئەگەر دیسانەوە ئەم باسە دووبارە بکەینەوە. بەلام ئەوە روونە کە ئەگەر سەرۆك وەك سەرۆکێك کە هەڵگری "بیری پیرۆزی" نەتەوە بێت، هەڵگری "ویستی" نەتەوە نییە کە ڕاستەوخۆ نوێنەرایەتی دەکات. هەر لەبەر ئەوەشە کە لەلاپەڕەکانی پێشوودا هێڵمان بەژێر ئەوەدا هێنا کە "ویستی میللەت" بەو شێوەیەی کەبەعس پێناسەی دەکات، ویستێکی ڕاستەقینە نییە چونکە لەڕێگەی ئەم "بیرە" هێگلیەوە دێتە کایەوە: ئەم "بیرە" هێگلیە کە "ڕەهایە"و "خۆسنووردانەرە" "بۆ خۆی" و"خۆی لە خۆیدا" ئەگەر بمانەوێ هەمان زاراوەی هێگڵ بەکار بهێنین. میللەت بۆ بەعس ئەوەیە کە بۆ هێگل "بەشێکە لەدەوڵەت کە نازانێ چی دەوێت"[٩٣]. سەرۆك ئەو تاکەیە کە دەزانێ چی دەوێت: ئەو تاکەیە کەوا لەمیللەت دەکات کە ویستی هەبێت. بەم شێوەیە ئایدیۆلۆژیای بەعسی "ویستی میللەت" دەلکێنێ بەویستی سەرۆکەوە. نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێ کە بەلای بەعسەوە، هەروەها بەلای ناسیۆنال سۆسیالیزمو فاشیزمیشەوە، "ویستی میللەت" تەنها لەڕواڵەتێکی دادوەری گوزارشت ناکات چونکە لەراستیدا "ویستی میللەت" بوونی نییە. ئەوەی کەبوونی هەیە تەنها ئەو" بیرەیە" کە لەناو ویستی سەرۆکدا مەتێریالیزە دەبێت.

فاشیزمی ئیتالیش لەڕێگەی هەمان ئۆپێرەسیۆنی لۆژیکیەوە دەگاتە ئەوەی "ویستی میللەت" بلکێنێ بەویستی سەرۆکەوە. بەم بۆنەیەوە دەتوانێ بوترێ کە جیهانبینی بەعسی، لەم بارەیەوە، هیچ جیاوازیەکی وای لەگەڵ فاشیزمی ئیتالیدا نییە. کاتێك کەموسۆلینی دەوڵەت پێناسە دەکات، دەڵێ کەدەوڵەت[٩٤] " ژمارە نییە کەبریتی بێت لەکۆی ئەو تاکانەی کەزۆربەی میللەت پێکدێنین"[٩٥]. موسۆلینی دژی دیموکراسیەت

دەوەستێ چونکە لەڕوانگەی ئەوەوە دیموکراسیەت میللەت پێناسە دەکات وەك زۆرینەی ژمارە. موسۆلینی دیموکراسیەتی زۆرینەی ژمارە لادەباتو دیموکراسیەتی فاشی "ڕێکخراوو سەنترالیزە کراو وتۆتۆریتار(دەسەڵاتخواز)"[٩٦] دەخاتە جێگەی. بەلای موسۆلینیەوە دیموکراسیەتی فاشی بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو راستگۆ گوزارشت لە "ویستی میللەت" دەکات، چونکە "میللەت بەچۆنایەتیو بەچەندایەتی واتای ئەو بیرە بەهێزە دەبەخشێ کە لەناو میللەتدا وەك هوشیاریو ویستی ژمارەیەکی بچوك یان ویستی تاکێکی لێدێتو وەك ئیدێیالێك دەیەوێ ڕاستەوخۆ بچێتە ناو هوشیاریو ویستی هەموو"[٩٧].

وەکو تێبینی دەکەین، چەمکی بیری هێگلی جێی چەمکی ژمارە دەگرێتەوەو بۆ بەعسو فاشیزم، نەتەوە یان میللەت پێك نەهاتوە لەچەند خەڵکێك کەپێیان دەوترێ هاوولاتی بەو واتایەی کەتوانایان هەبێ هاوبەشی بکەن لەو کردەوە دادوەریە جیاوازانەی کە بەهۆیانەوە گوزارشت لەویستی میللی دەکرێ[٩٨]، بەڵکو پێك هاتوە لەو "بیرەی" کەدەچێتە ناو "ویستی" سەرۆکێك. "ویستی میللەت" پێکنەهاتوە لەگوزارشتێکی چەندایەتی گشتی چونکە میللەت ناتوانێ نزم بێتەوەو کەم بکرێتەوە بۆ قەوارەیەکی چەندایەتی. ئەگەر مەبەستمان لەچەندایەتی خستنەسەریەکی چەند "شتێکی بێ ڕۆح" بێت، ئەوا بەهیچ شێوەیەك ناتوانین مەسەلەی ویست بێنینە پێشەوە. نەتەوە پێکهاتوە لە "کۆیەکی" چۆنایەتی، پێکهاتوە لەو"بیرەی" کەچۆتە ناو ویستی ڕەهای سەرۆکەوە. سەرۆك ئەو تاکەیە کە خاوەنی ویستی ڕەهایە کە ژمارەکان بەیەك دەگەیێنێو دەیانگوێزێتەوە بۆ ناو "بیر".

پیرۆزیی نەتەوە، لەسەر ئاستی پراکتیکیدا، لەم "بیرە"وە هەڵدەقوڵێ کەچۆتە ناو ویستی سەرۆکەوەو ئەمیش بەرپرسێتی بەدیهێنانی "ئامانجی مەزنی" لەپاشەڕۆژدا وەرگرتوە. بۆ ئەوەی بناغەکەی بەهێز بکرێتو بگەشێنرێتەوە، دەبێ ئەندامەکانی ڕەفتاربکەنو خەریکی ئەو کردەوانە بن کە لەگەڵ ویستی سەرۆك بگونجێن. ئەگەر ئەم "بیرە" بەرەو لاوازیی بڕوات، واتا ئەگەر پیرۆزی نەتەوە بەرەو کز بوونەوە بڕوات، ئەوا

ئەرکی سەرۆکە کەدەسپێشخەری بکاتو کاری بۆ بکات. لەم بارو دۆخەدا سەرۆك پێویستی بەوە نییە کەبانگەشە بۆ جەماوەرو، بۆ میللەت بکات. مافی بێ هاوتای خۆی هەیە(ئەو مافەی کە ناتوانرێ مشتو مڕی لەسەر بکرێ) وەك "خاوەنی بیری بێ هاوتا" کەهێز بەکار بێنێ دژی هەموو کەسێك کەهەوڵ بدات بەرپەرچیبداتەوە.

گومانی تێدا نییە، ئەم تێڕوانینو هەڵوێستە، ئەو دەرسانەی هۆبسمان بیر دەخاتەوە بە بۆنەی "جەریمەی لیزمەژێستێ (جەریمە دژ بە مەزنیی سەروەر): "خەڵکی دەبێ ئاگادار بکرێنەوە سەبارەت بەگرنگیی تاوانەکانیان ئەگەر باسی خراپەی نوێنەری سەروەر بکەن(. . .) یان بەرهەڵستیو مناقشەی دەسەڵاتی بکەن، یان ئیتر بەڕێزەوە ناوی نەهێنن بەشێوەیەك کەببێتە جێی رقو کینەی رەعیەکەیو واز لەملکەچبوون بێنن کە بنچینەی ئاسایشی کۆمار پێکدێنێ. لێرەدا خاڵێکی ئەو عەقیدەیەمان لەپێش چاوە کە لەسەر ئاستی بەراورد کردن سێهەم فەرمانمان وەبیر دەخاتەوە"[٩٩].

ئایا بەعس چ سنورێك بۆ دەسەڵاتی سەرۆك دادەنێ لەکاتێکدا دەیەوێ لەپاشەڕۆژدا بیکات بەنوێنەری بیری پیرۆزی نەتەوە ؟ یاسای مۆرالیێ خاوەن "بیر" پێکهاتوە لەوەرگێڕانی ویستی بێ سنور بۆ هێز. تەنها سنوور ئەگەر هەبێ سنورێکی خۆییە کە لەلایەن خودی خۆیەوە وەکو خاوەن، دابین کراوە. "چونکە ئامانجی ئەم دەزگایە بریتییە لەئاشتیو بەرگری کردن لەهەموو کەسێك کەمافی ئەو ئامانجەی هەبێت، مافی رێگەشی (ئامرازیشی) هەیە. هەموو تاکێك یان هەموو کۆمەڵێ کەمتمانەی سەروەریی پێ درابێت مافی ئەوەی هەیە ببێ بەحاکمی ئەورێگایانەی کەپێوستن بۆ گەیشتنە ئاشتیو بەرگری کردن، لەهەمان کاتدا ببێ بەحاکمی ئەوەی کەبێزاری دەکاتو ئەوەی کەپێویستە بکرێت"[١٠٠].

ئایدیۆلۆژیای بەعسی کەدەیەوێ مۆدێلێکی ئیدێیال بۆ "کۆمەڵی بەعسی" بخوڵقێنێ، لەڕاستیدا دۆکترینی (عەقیدەی) "ئامانج پاساوی ئامراز دەکات" بەواتا نێگەتیڤەکەی بەکاردێنێ. بەم بۆنەیەوە دەتوانین بڵێین کە بەبێ هیچ گومانێك دیدی مەکیەڤێللی نوێنەرایەتی ئێتیکە هەرە گرنگەکانی پیاوی خوایی بەعس دەکات.

بابزانین بــه چ شێوەیەك. كێشـەی سیاسـی، نـاوەندی سـەرنجی بـیری مەكیـەڤێللی پێكدێنێ: چـۆن بەشـێوەیەكی تونـد "دەوڵـەتی نـوێ" بنیـاد دەنـرێو كـەبنیاد نـرا پارێزگاری دەكرێتو بەردەوامی پێ دەدرێت؟ بۆ ئەوەی سەروەر دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ، پێویستی بە "فەزیلە" هەیە. بـەڵام بـێ گومـان ئـەم فەزیلەیـە هیـچ پەیوەندیـەكی بەچەمكی فەزیلەی ئاینیەوە نییە چونكە ئامانجەكەی وڵاتی سەر زەویە نەوەك ئاسمـان. ئەو"فەزیلەیەی" كە مەكیەڤێللی باسی لـێ دەكات پەیوەندی بەهێزو توانـاوە هەیـە: سەروەر كە دەیەوێ دەسەڵات بگرێتە دەستو لەهەمان كاتدا پارێزگاری بكـات، دەبـێ پەنابەرێتە بەر هێزوتوانای خۆی بەبێ گوێ دانە ئیعتباراتی ئـەخلاقی. مـۆراڵ تەنـها لەباش یان لەخراپ جێ بەجێ كردنی توندو تیژیدا ئیعتباری بۆ دەكرێت. بەڵام تونـدو تیژی دەبێ باش بەكار بهێنرێ لـەكاتێكدا رەوا بێـت كـە بوتـرێ خـراپ باشـە(كـە بەخراپ بوترێ باش). هـەر وەكـو جـان جـاك شـڤەلیێ Jean-Jacques Chevalier تێبینی دەكات، هیتلەر "كە بەڕاستو چەپ خەڵكی لـە نـاو دەبـرد لـە ٣٠ حزیـران ١٩٣٤ لـەوە دەكـات ئـەم پرینسـیپەی بـەكارهێنابێ"(١٠١). ئیمپێرەتیڤـــە بوتـرێ كەبەعسو سەدام حوسەینیش هـەمان پرینسـیپیان بـۆ كوشـتنی خـەڵكی عـیراقیو میللەتی كورد بە تایبەتی بەكار دەهێنا.

سەروەر دەبێ لەپێناوی گەیشتنە ئامانجەكانی خۆی، هێزو توندو تیژی دژی سـەرجەم ئەوخەڵكە بەكار بێنێ كەهەوڵ دەدەن بەرپەرچی نەخشەكانی بدەنەوە. "(..) سروشـتی میللەتان سەقامگیر نییەو رازی كردنیان ئاسانە بەشتێك، بەڵام سـەختە لـە سـەرئەم رازیبوونە بیانهێڵیتەوە. دەبێ واباش حوكمیان بكەیت كـەكاتێ بـاوەڕ نەكـەن، بـەهێز وایان لـێ بكەیت باوەڕبكـەن"(١٠٢). لەئاسـتی لۆژیكـی سیاسیو پراكیتكیـدا ئـەم فۆرمولەیە بنچینەی ئایدیۆلۆژیای بەعسی پێكدێنێو لەوێوە ڕێگە پاك دەكاتەوە بۆ سەرۆك كەمومارەسەی توندو تیژی بكات لەهەموو كاتێكدا كەویسـتی خـودی خـۆی ڕێگەی پێ بدات. كاتێ باسی ململانێ دەكات لـەپێناوی یـەكێتی نەتـەوەی عـەرەب، ئایدیۆلۆژیای بەعسی بەم شێوەیە دیدی خـۆی دادەڕێژێ: "(. . .) لـەم ململانێیـەدا

ئێمە خۆشەویستی خۆمان دەهێڵینەوە بۆ هەموو کەسێك. کاتێ توندو تیژین بەرامبەر ئەوانی تر، دەزانین کە ئەم توندو تیژیە لەپێناوی ئەوەدایە کەبیان گەڕێنینەوە بۆ گیانو راستیەکانی خۆیان. . .[١٠٣].

ئەم هەڵوێستە باوکانەیەی بەعس کە بەشێوازێکی یوفیمیزم دەردەبڕێ، ڕێگە پاکدەکاتەوە بۆ توندوتیژیو بەشێوەیەك کەتێگوری پرینسیپی قەوارەی مۆڕاڵیی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە. ئاپەتێمی apophthegm (* بەعسی پەردە رادەماڵێ لەتێکەڵبوونی consubstantialisation** ویستی سەرۆك لەناو زەبرو زەنگی "پۆزیتیڤ". بەم شێوەیە ئامانج پاساوی ئامراز دەکات. بەم شێوەیە لەپێناوی گەیشتنە " یەکێتی ئیدێیال"[١٠٤]، ئایدیۆلۆژیای بەعسی بەئاشکراو تەنها هانی یەك ئامراز دەدات: زەبرو زەنگ. لەڕوانگەی بەعسەوە، توندو تیژی تەنها ڕێگەیە بۆ گوزارشت کردن لە "خۆشەویستی" چونکە ئامانجەکەی گەڕاندنەوەی "خۆی ڕاستەقینەیە" کە هەرەسی هێناوە. توندو تیژی بەعس دەبێ وەك باشیەك دەربکەوێ چونکە دەیەوێ "بیری مەزن" بهێنێتە دی کە بریتیە لەنەتەوە. توندوتیژی سەرۆك لەڕاستیدا باشیە: "دەتوانین، هەر وەکو مەکیەڤێللی دەڵێ، توندو تیژی بەچاکە لەقەڵەم بدەین ئەگەر بتوانین بەخراپ بڵێین باش(. . .)"[١٠٥]. بەلای مەکیەڤێللیەوە، میر کاتێ دەوڵەتی نوێ بنیاد دەنێ پێویستە خۆی وەك "بەبەزەیی"(بەڕەحم) دەربخات نەك وەك زاڵم. بەڵام ئەگەر پێویستی کرد "نابێ گوێ بداتە سومعەی خۆی سەبارەت بە خراپی توندوتیژی بۆ ئەوەی ڕەعیە پێکەوە کۆ بکاتەوەو وای لێبکات ملکەچی بن"[١٠٦]. کامیان باشترە: خەڵکی تۆیان خۆش بوێ یان لێت بترسن؟ خۆی، باشترە خەڵکی تۆیان خۆش بوێو لێت بترسن، بەڵام

---

* وتەیەك کە بەهای یاسایەکی مۆڕاڵی هەبێت.

** لەتیۆلۆژیدا ئەو عەقیدەیە دەگەیەنێ کە باس لە تێکەڵ بوونی جستەو خوێنی عیسا دەکات. ئەم وشەیە بەشێوەیەکی گشتی تێکەڵ بوون لەناو یەك جەوهەری هاوبەش یان یەك سروشتی هاوبەش دەگەیەنێت.

ئەگەر گرانو زەحمەت بێ کەهەردووکی بەدیبهێنێ، زۆر باشترە وابکەی کەلێت بترسن وەك لەوەی کەخۆشیان بوێی[١٠٧].

سەرجەم تیۆری ناسانی حوکمڕانی ڕەها پشتیان بەستوە بەو تیزەی کەدەڵێ بەدیهێنانی کۆمەڵێ ئیدیێالو پارێزگاری پەیڕەو و پەیوەندی جێگیرو بەردەوام لەنێوان سەرکردایەتیو ملکەچکردن، لەنێوان دەسەڵاتو رەعیە ناتوانن بێنە سەر ڕوو ئەگەر لەڕێگەی سەپاندنی ویستی ڕەهای زاڵمێك (تیرانێك) نەبێ. بەڵام هەر لەبەر ئەوەی نەیان دەتوانی متمانە بکەن بەویستی ئازادی هاوولاتیان، پێشنیازی هەموو ئامرازێکیان دەکردو هەموو ئامرازێکیان لەپێناو بەدیهێنانی بەکاردەهێنا. گرنگیی گرتنە دەستی دەسەڵاتو پاراستنی، پێویستی بەوە نەدەکرد کە لەپێناوی بەڕەواکردنی دەسەڵاتیان بەشوێن تەبابیو پەسەند کردنی هاوولاتیاندا بگەڕێن. تەنها پاساو بۆ هێزی قەسری تاکێك ئەوە بوو کە وەك خودای سەر زەوی پێناسە بکرێ. بەم شێوەیە پیاوی خودایی مافی بێهاوتای بەکار هێنانی دەسەڵاتی بێ سنووری هەبوو، مافی ئەوەی هەبوو کەزەبروزەنگ بەکار بهێنێ بۆ بلاوکردنەوەی پەیامە ئاسمانیەکەی. بەم شێوەیە، سەروەریی میللەت لەڕێگەی ویستی سەروەرەوە (میرەوە) دەردەبرا، جێگری خودای بەخشندە لەسەر زەوی.

ئەمجا، لەسەر ئەم ئاستە چ بەعس چ ناسیۆنال سۆسیالیزمو چ فاشیزم کەکۆڵەکەی بیروباوەڕیان بەندە بەناسیۆنالیزمەوە زۆر لەیەك دەچن. وەك ئایدیۆلۆژیا هەرسێکیان کە دەیانەوێ " بەسەروی بارودۆخەوە بن"[١٠٨]، ئامانجیان بەردەوامی دانە بەم ترادیسیۆنە. دەبێ بوترێ، ئابەم واتایەیە کە هەر سێ ئایدیۆلۆژیاو سەرجەم ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتاریەکان سەروەریی بۆ گەل دەگەڕێننەوە. هەر بەم واتایەشە کە "ویستی میللەت" دەگۆڕێو دەبێ بەویستی ڕەهای سەرۆك. بەم بۆنەیەوە هیتلەر بەم شێوەیە پێشبینی بوونی خۆی نەدەکرد؟ "لەناو جەرگەی ئەم جەماوەرە(. . .) پیویستەو هەر دەبێ ئەو پیاوە بێتە کایەوە کەهێزێکی پڕ باوەڕ بیبزوێنێو هەندێ پرینسیپی رەق دەخاتە سەر ڕوو(. . .) و جەماوەر دەلەرزێنێتەوەو خەباتی خۆی دەست پێدەکات

لەپێناوی سەپاندنی تاکە عەدالەتی ئەم پرینسیپانە، هەتا ئەو کاتەی دۆخی جیهانێکی ئازادی بیرو باوەڕ بەرز دەبێتەوە(...) لەپێناوی خزمەتی یەك باوەڕو یەك تاکە ویستی هاوکاریانە"[١٠٩].

چۆن کۆمەڵگەیەك دەتوانێ بوونی هەبێتو بەردەوامی بدات بەبوونی خۆی بەبێ ئەوەی ئەم "یەزدانە کەنەمر نییە" بەرز نەبێتەوەو نەگاتە سەر ئاستی ئاینی میستیك! هیتلەر نوێنەرایەتی سومبولو بەرجەستەی میللەتی خۆی دەکرد. هیتلەری "یەزدانکراو" بوو بوو بەوەی کە دەبوو بەشێوەیەکی نوێنەرایەتیانە بپەرسترێ[١١٠]. ئەمە بوو بەرهەمی ئایدیۆلۆژیای نایلیستی nihilist ناسیۆنالیزمی بایۆلۆژی نازیەت.

ئەی سەدام حەسەین؟ ئەویش بەرهەمی ناسیۆنالیزمی نایلیستی عەرەبییە، ئەویش "خاوەنی بیری بێ هاوتا"، بەرجەستەی بیری پیرۆزی نەتەوە بوو بەپەیامبەر: "قم للمعلم وفية التبجيلا كاد المعلم ان يكون رسولا"(هەڵسە بۆ مامۆستاکەتو ڕێزی پیشان بدە، مامۆستا خەریکە دەبێ بە پەیامبەر". ئەم هۆنراوەیەی هۆنەری میسری ئەحمەد شەوقی "ترانزپۆزە کراوە"(واتای ناوەڕۆکەکەی گوێزراوەتەوە بۆ ئاراستەیەکی دیکە) بۆ گەورە کردنی سەدام حوسەین. ئەمەیە ئەو بەیتەی کە هەڵبژێردرابوو و نوسرابوو لەسەر لافتەکانی عیراق بۆ "پیرۆزاندنی" "خاوەنی بیری بێ هاوتا". خاوەنی تەنها بیر کە "خەریکە دەبێ بە پەیامبەر" ناوی گەورەو مەزنیشی لێ دەنرێ: "سەرۆکی فەرماندە"، "سەرۆکی شۆڕشگێڕ" ، "ئەومۆدێلەی کەدەبێ دوای کەوی"، "سەرۆکی عەرەب"، "سواری نەتەوەی عەرەب"، "پاڵەوانی ڕزگاری خوازی نەتەوایەتی"، "الفارس المغوار"(سواری بەجەرگ)[١١١]. ئایا بەم شێوەیە ئەم"پیاوەی کە نمونەی نییە"، ئەم "یەزدانەی کە نەمرنییە"، بەرهەمی تێڕوانینێکی نایلیست بەشێوەیەکی ژیرو زیرەکیەکی بێنمونە کە بەزۆر خۆی دەسەپێنێ بەسەر جەماوەری بێباك، بەسەر "کۆی ژمارەیی"، ئایا ئەمە دەسەڵاتی ڕەها نییە؟

بانەختێکی دیکەش لەسەر ئـەم قەوارەیـە بدوێـین. وێنـەی سـەرۆك لـەناو هـەموو شەقامەکان هەڵواسرابو، لەناو هەموو خوێندنگەکان، لەناو بیناکانی بەڕێوەبەرایـەتی دەوڵـەت، لـە قۆمیسـەریای پۆلیـس، لـەبارەگا سـەربازیەکان، لەدوکانـەکان، لەگۆڕەپانەکان، تەنانـەت زۆر جـاریش لەماڵـەکان‌و لەبـەلکۆنی خانوەکـان، لـەجێی حەسانەوەو پشودان‌و ژوری میـوان...هتـد، لەچوونـە نـاو هـەموو لادێیـەکی عـیراق وێنەیەکی سـەرۆك بـەرزبوبوەوە. هیـچ کەسـێك دەر نەدەکـەوت لەبـەردەم کـامێرای تەلەڤزیۆن بەبێ ئەوەی کە لەپشتیەوە وێنەی سەرۆك دەرنەکـەوتبێ‌و لەهـەموو بۆنـەو خوتبەو قسەی خەڵکی ناوی دەهێنرا. بەکورتی لەڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، نـاو ووتـەکانی گوێ‌و چاوی هەموانی دەکردەوە [١١٢]. منداڵی بچوکی خوێندنگەکان فـێری هۆنـراوەی ڕێز گرتن لەشەرەف‌و چاکەی سەرۆك دەکران. وێنەی لەسـەر بـەرگی هـەموو کتێـب‌و دەفتەری خوێندنگەکان بوو و فەرمانەکانی لە سەر هەموو دەفتەرێك تۆمـارکرابوون‌و وێنـەی لەسـەر کاتژمێرەکـان هەڵدەکـەنرا[١١٣]. لـەکاتێکدا بەسـەر شـەقامەکاندا دەرۆیشت خەڵکی مەجبور بون بانگەشەی بۆ بکـەن‌و نـاوی بێنـن : "بـالدم بـالروح نفديك يا صدام"(بەخوێن‌و بەڕۆح خۆمـان فیـدا دەکـەین بـۆت ئـەی سـەدام). پیـاوە سیاسیەکان دەستیان جووت دەکردو چاویان نزم دەکردەوە لەکاتێکدا کە لەپێش ئـەوان دەردەکەوت‌و وەزیرەکـان هۆڵـی کۆبوونـەوەیان بـەجێ دەهێشـت بـەبێ ئـەوەی پشـتی لێبکەن[١١٤] و بەرپرسە سیاسیەکان‌و کارگێڕییـەکان قاچیـان نەدەخسـتە سـەر قـاچ بەرامبەر هەیبەتی سەرۆك.

لەمەوە دەتوانین پرسیارێك بکەین: یەکێتی عەرەب، دەوڵەتی عـەرەب، نیشـتیمانی عەرەب، نەتەوەی عەرەبی نەمر(امة العربيـة الخالدة) یـان فۆرمولـەی بەعسـی: امـة عربية واحدة ذات رسالة خالدة)کە لەسەر "ویستی میللەت" وەستاوەو ئەمیش لەسەر "ویستی ڕەهای سەرۆك" وەستاوە، ئەمانە چ واتایەکیان هەیە؟ سەدام حەسـەین دەڵـێ کە "مێژوو بەرئەنجامی نەتەوەیە. ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەوە بەسە گروپێـك لەخـەڵك کە لەسەر پارچەیەك زەوی بژیءو بڕیـار بـدات بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی فیعلـی ببـێ

بەنەتەوە. چونکە سروشت بەشێوەیەکی سەرەکی سنوور دادەنێ بۆ ئەوەی بزانین ئێمە نەتەوەین یان نا(. . .). لەسەر بناغەی ئەم پەیوەندیە: ئێمەی عەرەب، تەنها یەك نەتەوە پێکدێنین،. خاکی ئێمە گشت نیشتمانی عەرەب دەگرێتەوە"[١١٥].

هیتلەریش، داوای یەکێتی لەسەر بناغەی پرینسیپی مافی "چارەنووس" دەکرد کە لەسەر "ویستی گەلی ئەڵمان" دەوەستا[١١٦]. بەڵام ئەم ویستە، بۆ ئەویش، گوزارشتی لە ئەریستۆکراتیزمێکی دیکتاتۆری دەکرد کە بەسەریەوە سەرۆکێکی خودایی حوکم بکات. پیاوێك کەجارِ دەدات بۆ ئەوەی دەستی کردوە بەکاری سیاسی بەقەناعەتێکەوە کەرِۆژێك دەبێ بەرپسیێتیەکی نائاسایی وەربگرێ[١١٧]، ناتوانێ ئەو لیڤەتانەمان بیر نەخاتەوە کەهۆبس باسی لێدەکات. ناشتوانێ، بێگومان، هیتلەرمان بیر نەخاتەوە کەئەویش جارِی دەدا کەخودای بەخشندە پەیامی سەرۆکایەتی رایخی پێ بەخشیوە[١١٨]. مەترسی (خەتەری) ئەم بیرە تەنها ئەوە نییە کەوای لێدەکات وابلێ، بەڵکو ئەوەیە کە بەقەناعەتەوە وا بلێ. ئەی، کاری ئەم تاکە چیەو لەرِاستیدا خۆی بۆ چی تەرخان کردوە؟ تەنها توندو تیژی نییە؟ هەر وەکو ئاننە ئەرێندت Hannah Arendt دەڵێ توندو تیژی ئەنجامی رِاستەقینەو سروشتیی ئۆپۆزیسیۆنی تاکێکە دژی هەموو، "هی یەکێك دژی هەموو"[١١٩]. ئەمەیە ئەنجامی فەلسەفەی نایپلیست کەسەدام حوسەین هەوڵی دا دێرِ بەدێرِ جێ بەجێی بکات.

تاك و نەتەوەو ئۆپۆزیسیۆنی "برادەر-دوژمن"

لەرِوانگەی ناسیۆنالیزمی بەعسیەوە ، شوێنی تاك لەسەر بناغەی کەڵکی بۆ کۆی نەتەوایەتی دەپێورێ. لەو کاتەی کە سنوورە دادوەریەکان لەنێوان دەوڵەتو نەتەوە دادەمرکێنێو بەشێوەیەکی تەواو یەکەمیان ملکەچ پێ دەکات بۆ دوهەم، ناسیۆنالیزمی بەعسی نایەوێ دۆخی تاك لەسەر بنچینەیەکی ئەو پێناسە دادوەریە وێنا بکات کەسنوور بۆ ئەرکو مافی هاوبەش (متبادل) دادەنێ. بەم شێوەیە تاك ملکەچ پێ دەکات بۆ حوکمێکی ئێتیکی کەنەتەوە پێی دەبەخشێ. ئەمە چ ئەنجامێکی

لۆژیکی هەیە؟ ئەو پەیوەندیە بابەتیو گەردونیانەی کەماف لەنێوان کیانە فەردیو کۆییەکاندا دایدەنێ دەگۆڕێنو دەبن بەپەیوەندیەکی شەخسی لەگەڵ نەتەوە. ڕادەی بەوەفاییو دڵسۆزیو خۆبەستنەوەی چالاك بەنەتەوەوە، دەبێ بەتەنها پێوانە بۆ کەڵکی مرۆڤو هاوولاتی. بەم شێوەیە، پەیوەندی سیاسی تاك بەکیانی ئیتیکی کەبریتییە لەنەتەوە، جێی ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ دەبەستنەوە بەو ئۆرگانیزمە دادوەریەی کە دەوڵەتە. بەڵام ، هەروەکو ڕوون کرایەوە، ئەگەر نەتەوە بەسەرۆکەوە بلکێنرێ، واتا ئەگەر نەتەوە لەڕێگەی سەرۆکەوە پێناسە بکرێ، ئەم پەیوەندیانە دەگۆڕێنو دەبن بەبنچینەی ملکەچی بێ مەرج بۆ ویستی ڕەهای سەرۆك. دەبێ بیری خوێنەری بخەینەوە کەکاتێك نەتەوە دەکات بە "بیرێکی" پیرۆز یان کیانێکی ڕەهاو خودایی، ناسیۆنالیزمی بەعسی پێشینەیی دەدات بەو پەیوەندیەی کەتاك دەبەستێتەوە بەنەتەوە.

ئەم پەیوەندیە پێکهاتوە لەچی؟ دەبێ دووبارەی بکەینەوە کە ئەم پەیوەندیە لەقەوارەیەکی عاتیفی پێکهاتوە کەباوەش بەسەرانسەری بوونی تاکەکەسیدا دەکات: ناسیۆنالیزم. هەروەکو ناسیۆنالیزم گوزارشتی ڕاستەقینەی نەتەوەی خودابیە، ئەویش هەر خودابیە، واتا چ نەتەوەو چ گوزارشت لێی، هەردوکیان پیرۆزو خودایین. ناسیۆنالیزم پیرۆزە(١٢٠) چونکە بەرهەمی نەتەوەی پیرۆزە. لەبەر ئەوە ناسیۆنالیزم تەنها ئامرازە مرۆڤ بەرەو ڕێگەی بەرپرسیتیو قوربانی دانو ئەکتیڤیزم ئاراستە دەکات.

لەم تێڕوانینەوە، ئایدیۆلۆژیای بەعسی یاسای مۆراڵی خۆی دەخاتە سەر ڕوو و مرۆڤ دەکات بەداردەستێك بۆ خزمەتی ئامانجێك کەنەتەوەیە. هەموو دەرکەوتەکانی ژیانی تاکە کەسیی، ووزە بۆ بەدیهێنانی شەخسی، هەموو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەو هەموو کردەوە عەفەویەکان دەبێ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەشێوەیەکی هوشیار یان ناهوشیار، بەرەو یەك ئامانج ئاراستە بکرێن: نەتەوەی نەمر.

بەزمانی بەعسەوە میشێل عەفلەق دەڵێ: "ئێمە بەرهەمی نەتەوەکەمانین(. . .) دەبێ هەمیشە باوەڕمان بەوە هەبێت کەکردەوەو بیرکرنەوەو توانامان بۆ جێبەجێ کردنی

شتێك لەناو خۆماندا و لەناو كۆمەڵ، هیچ شتێك نییە تەنانـەت دەنگدانەوەیـەكی بـێ ڕەنـگ و ڕاسـتیەكی كـەموكورت نـەبێ ئەگـەر بـەراورد بكـرێ بەراسـتی نەتـەوە هەمیشەییەكەمان"[١٢١].

شارل موراس Charles Maurras ، ناسیۆنالیست و تیۆری ناسی حكومـەتی ڤیشـی فەرەنسی سەر بەئەڵمانیای هیتلەری و ڕەگـەز پەرسـت، وەك عەقلـەق دەیگـوت ئـەوەی كەبوونی هەیە و ئەوەی كەدەیبینین و ئـەوەی كـەخۆشمان دەوێ لەلایـەن نەتـەوەوە دابـین كراوە[١٢٢]. یاخود ناسیۆنالیستێكی هوشیار بەرامبەر ڕۆڵی خۆی، ئەو یاسا مێتۆدانـە پەسەند دەكات كەدەڵێن هاوولاتیەكی باش، بەرژەوەندی خۆی و سیستێمەكەی بۆ چاكی نیشتیمانەكەی ملكەچ پێدەكات[١٢٣].

بۆ بەعس نەتەوە ڕاستی و ڕۆح و مادەی تاكە. تاك ڕەنگدانەوەی نەتەوەیـە و نـابێت بـە بەشێك لەو ئەگەر بە بەبێ مەرج ملكەچی بۆ نەكات. بەهای مرۆڤ بەشێوەیەكی توندو مـەحكوم بەفەزیلـەی نەتـەوەوە بەسـراوەتەوە. لەبـەر ئـەوە دەبـێ، بەهـەموو لەخۆبوردنێكەوە، ڕەفتاری خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوە بگونجێنێ.

ئەگەر چاوێك بخشێنین بە سـەر ئـەو بیرەی هێردەر Herder سـەبارەت بەچـەمكی "ئۆرگانیزمی ژیاو" كە لەلایەن هیتلەرو ڕۆزێنبیگەوە ڕۆمانتیزە كراوە[١٢٤]، تێبینـی دەكەین كە ئایدیۆلۆژیای بەعسی، ئەویش، ئەم چەمكە دەسیاسەتێنێ، واتا بۆ ئامانجی سیاسی بەكاری دێنێ.

بەعس جەخت دەخاتە سەر ئەوەی كە نەتەوە "ئۆرگانیزمێكی ژیاوە كەئەندامـەكانی بەسراونەتەوە بەیەكەوە و هەموو شیكاریەكی جەستەیی و جیاكردنـەوەی ئەندامـەكانی دەبێتـە هـۆی مردنـی"[١٢٥]. ئـەو پەیوەندیـەی كـەمرۆڤ دەبەسـتێ بەنەتـەوە پەیوەندیـەكی "ئۆرگانیكـە"[١٢٦]. تـاك هیـچ واتایـەكی (بەهایـەكی) نییـە ئەگـەر سەربەخۆ بێت لەنەتەوە و ناتوانێ بگاتە پرپی ئامانجی خۆی بەبێ ئەوەی ئەندام نـەبێت. ئەگەر تاك بێ هەست بێ بەرامبەر ڕەگی نەتەوایـەتی، ژیـانێكی بـێ بەهـەرم دەباتـە سەر"[١٢٧].

کاتێك بوونی سەربەخۆیی تاك ئینکار دەکات، ئایدیۆلۆژیـای بەعسی دان بـەبونی تاکدا نانێ‌و مافە سروشتیەکانی دادەمرکێنێ، واتا کـەتاك ملکـەچ پـێ دەکـات بـۆ ئیمپیرەتیڤەکانی نەتەوەی نەمر (الامة الخالدة)، ئەرکی تـاك‌و مـافی نەتـەوە دەخاتـە چوار چێوەی جیهانێکی تایبەتی . چونکە چۆن هێزی قورسایی نەتەوە خودابیە، هەموو کردەوەکانی دەرکەوتەی قـەوارەی خودایـی گەورەییـەتی. بـەم شـێوەیە مـافی نەتـەوە بەسەروی مافی تاکەوەیەو یاسا بلندەکەی پێـش هـەموو بەرژەوندیـەکی تایبەتیـە. " دەبێ نەتەوە نمونەییەکەمان بخەینە پێش هەموو شتێك‌و سەرووی هەموو کەسێکەوە". بەڵام لە هەمان کاتدا " دەبێ حیزبەکەمان کەوێنەی نەتـەوە نمونەییەکەمانـە بخەینـە سەرووی کەس‌و سەرکردەکانی"[١٢٨]. بەهای تاکەکان ئەژمار دەکرێ "بەقەدەر ئەوانەی نوێنەرایـەتی ئـەم بـیرە دەکـەن‌و بەقـەدەر ئەوانـەی دەبـن بەوێنەیـەکی نزیـك بـەو گوزارشـتێکی حـەقیقی‌و گونجـاو لەگـەڵیدا، واتـا بەقـەدەر ئـەوەی کەملکـەچی بـۆ دەکەن"[١٢٩].

گومانی تێدا نییە کەکاتێك بەعس ئۆتۆتومی تاك بەرپـەرچ دەدات‌و وەك ئـامرازێك بەکاری دێنێ بۆگەیشتنە ئامانجێکی مۆراڵی، هیـچ دوو دڵـی پیشـان نـادات کەبـەم شێوەیە هەمان هێڵی لۆژیکی ناسیۆنال سۆسیالیزم‌و فاشیزم تەواو دەکات‌و بەردەوامی پێ دەدات.

دەبێ لەبیر نەچێتـەوە کەکاکڵـەی تـێروانینی نـازی وفاشیسـتیش لـەم جیهانبینیـە پێکهاتوەو پێکهاتە ئایدیۆلۆژیەکانی تاك‌و کـۆی نەتەوایـەتی بەیەکـەوە دەبەسـتێت‌و یەکەم ملکەچ پێ دەکات بۆ دووەم.

با لەنزیکترەوە ئەم جوێندنەوەیە تاقی بکەینەوە. بـەلای هیتلەریشـەوە "تـاك بوونـی نییە ئەگەر لە نـاو کۆمەڵگـەی ڕەگـەزیی خۆیـدا نـەبێ"[١٣٠]. هـەر وەکـو بـەعس، ناسیۆنال سۆسیالیزم پەیامێکی بێ هاوتا بەنەتەوە دەسپێرێ‌و سەربەخۆیی بوونی تـاك پێشێل دەکات‌و ملکەچی پێ دەکات بۆ ویستی نەتەوە. نەتەوە دەکات بەتەنـها واقعـی کۆمەڵایەتی کەتاك دەبێ پەنای بۆ بەرێ. بـەلای ناسـیۆنال سۆسیالیزمیشـەوە نەتـەوە

"واقعێكی گەورەیە"(١٣١) كەگوزارشت لەپەیوەندیەكی ناوخۆیی لەنێوان تاكو نەتـەوە دەكات، پەیوەندیەكی ئامرازو ئامانج: تاك وەك داردەست لەخزمەتی نەتەوەی ئـەڵمانو وەكو هیتلەر دەڵێ " بەواتای مەزنیی ووشە".

ئـەم شـێوە لۆژیكـە هاوبەشـە لـەنێوان سـەرجەم بزوتنـەوە ناسیۆنالیستە تۆتالیتاریاكانەوە. فاشیزمی ئیتـالیش بەهـەمان شـێوە كەراكتـەری پیرۆز بەنەتـەوە دەبەخشێو "مافی گشتیو تایبەتی دەخاتە ژێر رەحمەتی زلهـێزیی دەوڵـەت- نەتـەوەو دەسەڵاتدارەكانی. هەر وەكو ئەلفریدۆ رۆككۆ Alfredo Rocco ، وەزیری دادو رۆشنبیرو تیۆری ناسی فاشیزم دەڵێ "بۆ فاشیزم، كۆمەڵ پێكهاتوە لەوەی كەتاك وەك ئـامرازێك بۆ ئامانجە كۆمەڵایەتیەكانی بەكاربهێنێ "(١٣٢).

سەرنج راكێشەرە كە بەرێككەوتنێكی تەواو لەگەڵ تێروانینی ناسیۆنال سۆسیالیزمو فاشیزم، ئەم فۆرمولـە بەعسـیەی كەدەیـەوێ تـاك ژیـانی بـۆ نەتـەوەی "خودایـی"و "نەمر"، دواییش بۆ حیزبو سەرۆك تەرخان بكات، لەسەر ئاستی لۆژیكـیو ئـەدەبی سیاسـی بەعسـی دەمانباتـە چـەند ئاراسـتەیەكی دیكـە. ئـەم فۆرمولەیـە تەنـــها ناوەستێتەوە لەسەر ئەوەی كەتاك لەدۆخێكی ئاسایی بمێنێتەوە، واتا كەژیانی رۆژانـەی وەك هاوڵاتی بەرێتە سەر، بەڵكو داوای لـێ دەكات كەهاوبەشیەكی چالاكانە لەژیانی نەتەوەدا بكات.

پێویستە ئاماژە بەوە بكرێ كەبەعس ملكەچی چالاكانەی دەوێتو ئیتاعەی پەسیف (ناچالاك) رەتدەكاتەوە چونكە ئەمەی دوایی تەنـها تەسـلیم بوونێكو وازهێنـانێكو خیانەتێكە لەو پرینسیپە بەعسیانەی كـە لەسـەر بەرپرسـێتیو خـۆ بـەخت كـردنو خەباتو شەرو پاڵەوانیەتی وەستاون. فۆرمولەی بەعسی دەیەوێ تـاك بەتـەواوی خـۆی تەرخان بكـات بـۆ چـالاكی رۆژانـەی ژیـانی نەتـەوە. هـەر وەك سـەرجەم چوارچێوە ناسیۆنالیستە تۆتالیتاریەكان، دەیەوێ تاك ببێ بەنەتەوەو بەڵام ناتوانێ ببێ بەنەتـەوە ئەگەر بەشێوەیەكی ئەكتیف هاوبەشی لەبەرزكرنەوەو رێزگرتنی خودایی نەكات. بـەم شێوەیەو تەنها بەم شێوەیە مرۆڤی عەرەبو ئەوەی لەوڵاتی عەرەبدا دەژی سەربەسـتو

ئازادە، چونکە ئازاد نییە گەر هاوبەشی نەکات لەئازادی نەتـــەوە. ئـازادی کەسـایەتی دەبێ بەواقعێكو بەڕاستیەك تەنها لـەو کاتـەی کـەتاك هوشیاری نەتەوایـەتی خـۆی دەبەسـتێتەوە بەپێویسـتیی ئیدێیـالی نەتەوایـەتی. "لەیـەکێك بترسـن کەهەسـتی ناسیۆنالیستی تیادا خەبەری نەبوبێتەوە(. . .) ئەم کەسە چ پیاوێکە؟ بۆ چ مێژوویـەك دەگەڕێتەوە؟" (١٣٣). ئەم گوزارشتە ڕۆمانتیکیە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کـەتاك دەبـێ ئازاد بێ، بەڵام تەنها بەیەك مەرج: کە لەناو ئەو نەتەوە نەمرە بتوێتەوە کەبەعس خۆی چوارچێـوەی بـۆ دانـاوە. ئینتمـای چـالاك بـۆ نەتـەوە پاسـاو دەکـرێ لـەناو قـەوارە ئێتیکیەکەی چونکە نەتەوە واقیعو ڕاسیەکی مۆرالیە. تاك هیچ نییە تەنـها ئـەنجامی هێڵـە سـنووردانەرەکانی نەتـەوە نـەبێت، لەنەتـەوەوە کاریگـەریی کـردەوەی خـۆی وەردەگرێت، هەمووبایەغ پێدانێك لەناوچوار چێوەی ئەم بونەوەرە مۆرالیەدا دەپارێزرێ.

چۆن تاکێك دەتوانێ بیێ بە "پیاو"؟(بە واتـا ئەنترۆپۆلۆژیەکـەی). چـۆن دەتوانـێ بگەڕێتەوە بۆ مێژوو؟(مێژووی عەرەبی). دەبێ هەڵسوڕێنەرو پاڵ پێوەنـەری مێـژوو(مێژووی عەرەبی) بێت. "لە قۆناغی لاوازیو دواکەوتن بەرپرسێتی تاك زیاتر دەبێـت" و هەموو جووڵانەوەیەك دەتوانێ زیان بەنەتەوەی خۆی بگەیێنێ!(١٣٤). " گرنگیـدان بە ژیانو بەرژەوەندی تایبەتی خۆ، نەك تەنـها پشـتگوێ خسـتنی خزمـەتی گشـتیە، بەڵکو لەزۆر کاتدا دژی دەوەستێتەوە.(بەم شێوەیە) تاك نابێ بەشانەی (خلیە) لەشـی نەتەوە، چونکە لەسەر حیسابی ئەو خۆی دەژێنێ، بـەڵکو دەبـێ بـەدژی ئـەم لەشـەو لەئەنجامی لاوازیی ئەو بەهێز دەبێو لەسەر حیسابی برسیەتی ئەو قەڵەو دەبێ "(١٣٥).

شایستەی ئاماژەیە، کەلەم گۆشەیەوە، نەناسیۆنال سۆسـیالیزمو نەفاشـیزمیش بـەم شێوە ڕاستەوخۆیانە نەیانتوانیوە جەنگ دژی ئەوانە رابگەێنن کـەخۆیان لـەکاروباری "نەتەوەی سیاسی" گێل دەکەن. بەڵام ئایدیۆلۆژیای بەعسی لەم سنوورەدا ناوەستێتەوە. بۆ ئەوەی پاساوی ئەو دایکۆتۆمیە* dichotomy بکات لەنێوان "برادەرو دوژمـن"،

* واتا دابەشبوون یاخود دژار دژی نێوان دوو ئێلیمێنت یان دوو بیر.

پێش هەمووشتێك كۆمەڵی ناسیۆنال دابەش دەكات بەسەر دوو كەتیگۆری لەهاوولاتی، واتا دەیكات بەدوو كەرتەوە: "كاتێك كەجیاوازیەكان دەردەكەون لەنێوان جۆری راست لەهاوولاتیان، واتا ئەو جۆرەی كەخۆی رزگار كردوە لەبەرژەوەندیو ئارەزوەكانی خۆیو ئەو جۆرەی كە بەرژەوەندیەكان كۆیلانویێتی(كە كردویەتی بە كۆیلە)(. . .)، تەنها ئەم دابەشبوونە، تەنها ئەم روونكردنەوەیە لەسەر ئەم دوو جۆرە، نەتەوە لەو ئاڵۆزیەی كەتێدا دەژی رزگار دەكات "[١٣٦].

كاتێك كۆمەڵی ناسیۆنال دەكات بەدووكەرتەوە: "هاوولاتی تەواو" و " هاوولاتی ناتەواو"[١٣٧]، بەعس لەبیری دەچێتەوە كەدیسانەوە لۆژیكی ئیلیتیستی فاشیزمی مێژوویی بەكار دێنێتەوەو هەوڵ دەدات ئەو جیهانبینیە بخاتە كارو لەگەڵ واقیعی كۆمەڵگەی عەرەب بگونجێنێ. پێویستە بوترێ كە عەقیدەی فاشیزم كەتێكەڵیەكە لەسان سیمۆنیزم Saint-Simonism و پەرێتیزم Paretism ، دەیویست ئاراستەی بەرپرسێتی رێكخراوی كۆمەلایەتی بدات بە زاناكان. " دەولەتی كۆرپۆرەتیڤ corporative كە لەلایەن زاناكانەوە دەبوایە بەرێوە ببرایە " سەقامگیری بۆ رژێمێكی ئۆتۆكراسی مسۆگەر دەكرد كە لەرێگەی بەكار هێنانی هێزو توندو تیژی، ملكەچی هاوولاتیانی "هەمیشەیی دەكر" بۆ ویستی رەهای حیزب. كاتێك كۆمەڵی لەنێوان دوو توێژ دابەش دەكرد، كەمینەیەك كە لەلایەن ترادیسۆنو هەوەسی سەرۆكەوە تەزكیە دەكراو زۆرینەیەك كە بەكوتلەیەكی بێ توانا لەتێگەیشتنی بەرژەوەندیە راستەقینەكانی نەتەوە دادەنرا، فاشیزم، ئەویش، هاوولاتی " بەگوێرەی ترادیسیۆنی كۆنی ئەریستۆتالیسی دایكۆتۆمیزە" دەكرد: هاوولاتی" ئەكتیڤ (چالاك)"و هاوولاتی"ناچالاك (خامل)"[١٣٨]. ئەم تێروانینە "دایكۆتۆمیزەكەرە" تەنها وای نەدەكرد كە "مافی گشتیو تایبەتی هاوولاتیان لەژێر رەحمەتی زلهێزی" پارتی فاشیست بونایە، بەلكو وێنەی هەندەسەی دایكۆتۆمیكی "برادەر- دوژمن" ی كۆمەڵی ئیتالیشی دادەرشت. گومانی تێدا نییە ناسیۆنال سۆسیالیزمیش لەرێگەی هەمان دابەشكردنی دووفاقەییەوە بەراستو بەچەپ گشت ئەوانەی دوژمنی

"سروشتی" و ئایدیۆلۆژی خـۆی لـەناو دەبـرد. "بـەو شـێوەیە ڕووی دەدا کـەدەتگوت پێویستی بەدوژمنێك هەیە بۆ ورووژاندنی ویستو سەرکردایەتی کردن" بە ئاڕاسـتەی ئامانجی مەزن"[١٣٩]. هیتلـەر وای بـیر دەکـردەوە کـە بـۆ ئـەوەی ئـەم ئامانجـە مەزنـە بەدیبهێنێ، دەبوایە ئازادیو سەربەستی لەهاووڵاتیان وەربگرێتەوە. ڕایخی ناسیۆنال کـە دەیزانی چۆن "دانبنێ بە بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیانو بیانپارێزێ"، دەیتوانی (وەکو هیتلەر دەڵێ) "ڕێگە بەخۆی بدات ئازادی خەڵکی بەشێوەیەکی فراوان پێشێل بکـات " چونکە شتێکی سروشتی بوو کەئەم کاروبارانە لەپێناوی مـەزنیی نەتـەوە ئـەنجامی پێویستی بوون "[١٤٠]. بەڵام بەعس کەکۆمەڵ دەکات بەدوو بەشەوە، بـە دوو گرووپـی جیاوازەوە لەسنووری کلاسیکی چوارچێـوەی ناسـیۆنال سۆسـیالیزمو فاشـیزم دەچێتـە دەرەوە. تیۆری عەفلەق سەبارەت بەکۆمەڵی دووفاقەیی بەجێـهێنانی پراکتیکـی خـۆی لـەعیراقی بەعسـیدا خـۆی دەبینێتـەوە. سـەدام حوسـەین تەنـها نەیدەویسـت کـە دوژمنەکانی خۆی تەنها لـەنێو ئەوانـەدا هـەڵبژێرێ کەهەڵسـوکەوتیان دژی شۆڕشـە گشیتەکەی (تەواوەکەی) بەعسە، بەڵکو لەنێو ئەوانەشدا کە "نیەتێکیان" هەیـە: " شۆڕش دوژمنەکانی هەڵدەبژێرێو ئێمە دەڵێین دوژمنەکانی هەڵدەبژێرێ چونکە هەندێ دوژمـن هـەڵبژێردراون لەلایـەن (شۆڕشـەوە) لـەڕیزی ئەوانـەی کـەکردەوەیان دژی پرۆگرامەکەیەتیو هەوڵ دەدەن زیانی پێ بگەینن. شـۆڕش دوژمنـەکانی هـەڵدەبژێرێ لەنێو ئەوانەی کەنیەتیان لادانە لەپرینسیپە بنەڕەتیو ڕەسەنە ڕاستەقینەکانی. ئـەوەی پەیوەندی بەوانەوە هەبێت کە شۆڕش دەپارێزن، (شـۆڕش) هـەڵیاندەبژێرێ بـۆ ئـەوەی بیانکات بەبرادەری خۆی"[١٤١].

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

1- Benedetto Croce, in, Renzo de Felice, Le interpretazioni del fascismo, Editori Laterza, Bari, 1983, p. 29.
2- Jean Pierre Viennot, op. cit., p. 13.
3- Wafik Raouf, Nouveau regard sur le nationalisme arabe, Bath et Nasserisme, L'Harmatan, 1984, p. 15.
4-Louis Cavarre, La notion d'Etat dans le regime hitlerien, Travaux juridiques et economiques De l'universite de Rennes,Tome xiv, Rennes, 1935, p. 36.
5-Ibid. p. 33.

٦- میشیل عفلق، فی سبیل البعث، ل، ٥٥.

٧- هـ.، س.، ل، ٥٥.

٨- ل، ٥٥.

٩- ل، ٥٥.

١٠- ل، ٥٦.

١١- ل، ٥٦.

١٢- ل، ٨١.

13- Adolf Hitler, Mein Kampf, Nouvelles editions latines, Paris, p. 402, p. 403.
14-Ibid. p. 224.

١٥- میشیل عفلق، هـ.، س.، ل، ٦١.

١٦- ل، ٦١

١٧- ل، ٩٧.

١٨- ل، ٩٨.

١٩- ل، ٩٨.

٢٠- ل، ٩٩.

٢١- ل، ٨٣.

٢٢- ل، ١٠٠.

٢٣ - ل، ١٠٠.

٢٤- ل، ١٠١. بڕوانە هەروەها، ل، ١٠٢.

٢٥- ل، ١٠٣.

٢٦- ل، ١٠٢.

27- Adolf Hitler, Ibid., p.285.
28- Ibid., 286.
29- Ibid., 295.

٣٠- بڕوانە ئۆكسيمۆرۆنی بەعسی لە بەشی دوەم.

31- Kamel S. Abu Jaber, The Arab Bath Socialist Party, History and Organization, Syrcuse Universiry Press, 1966, p. 15.

٣٢-ميشيل عفلق، فی سبيل البعث، ل، ١٠٣.

٣٣- ميشيل عفلق، ل، ١٠٣-١٠٤.

34- Adolf Hitler, op. cit., p. 291.

٣٥- ميشيل عفلق، ل، ٦١.

٣٦- هـ.، س.، ل، ٥٦.

٣٧- هـ.، س.، ل، ٥٥-٥٦.

٣٨- مادەی سێ لە دەستوری حیزبی بەعس.

٣٩- ميشيل عفلق، ل، ٥٥.

40- Adolf Hitler, op.cit., p. 289.
41- Edmond Vermeil, Doctrinaires de la revolution allemande (1918-1938), Fernand Sarlot, Paris, 1939, p. 237.
42- Adolf Hitler, Ibid., p. 289.
43- Ibid., p. 289.
44- Ibid. p. 397.
45-Ibid., p. 396.

٤٦- ميشيل عفلق، ل، ٤١.

٤٧- ل، ٤١.

٤٨- ل، ٤١.

49- Gustave Le Bon, Psychologie des foules, puf, Paris, 1963, p. 17.
50- Ibid. p. 17.
51- William Montgomery MacGovern, From Luther to Hitler, The Histoty of Fascist-Nazi Political Philosophy, Cambridge, Massachusett, 1941, p. 427.
52- Michel Aflak, in, Jean-Pierre Viennot, op. cit., p. 162.

٥٣- ميشيل عفلق، فى سبيل البعث، ل، ٨١.

٥٤- ميشيل عفلق، ل، ٨١-

٥٥- ميشيل عفلق، ل، ٨١.

56-Adolf Hitler, op cit., p. 394.
57- Ibid. p. 395.
58- Ibid. p. 390.

٥٩- ميشيل عفلق، ل،٠ ٩.

٦٠-ميشيل عفلق، ل، ٩٠.

٦١- ميشيل عفلق، ل، ٩١.

٦٢- ميشيل عفلق، ل، ٩١.

٦٣- بروانه، ميشيل عفلق، ل، ٥٦.

64- Gustave Le Bon, op. cit., p. 56.

٦٥- الوقائع، ٢٠،العدد ٣٧، ايلول ١٩٧٧، ل،٢٠٨.

66- Hanna Batatu, op.cit., p. 734.

٦٧- بروانه:

Emanuel Kant, Fondements de la metaphysique des moeurs, Ed. Delagrave, Paris, 1982, pp. 111-179.
68- Hanna Batatu, op. cit., n. 48, p. 735.
69- Jean Jacques Chevalier, Les grandes oeuvres politiaues, de Macchiavel a nos jours, Librairie Armand Colin, Pqris, 1966, 360.
70- Adolf Hitler, Mein Kampf, op. cit., p. 442.
71- Ibid., p. 445.
72- Ibid., p. 506.
73- Benito Mussolini, Fascismo, in, Enciclopedia italiana di scienze e arti, edizioni istituto G. Treccani, vol. Xiv, 1966, p. 849.
74- Adolf Hitler, op. cit., pp. 397-398.

٧٥- سەدام حسێن لەناو :

Samir al-Khalil, op. cit., p. 189

76- Adolf Hotler,Ibid., p. 398.
77- Jean- Jacques Chevalier, op. cit., p. 53.
78- Thomas Hobbes, Le Leviatan, traite de la matiere, de la forme et du pouvoir de la republique ecclesiastique et civile, Ed. Sirey, 1971, pp. 5-6.
79- Ibid. p. 124.
80- Ibid p. 126.
81- Ibid p. 129.
82- Ibid. pp. 177-178.
83- Ibid. p. 174.

٨٤- بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە:

Jules Monnerot, Sociologie de la revolution, Mythologies politiques du Xxe siecle, Marxistes- Leninistes et Fascistes, La nouvelle strategie revolutionnaire, 1969, pp. 532-547, pp. 498-499.
85- Samir al-Khalil, op. cit., p. 115.

٨٦- سەدام حسێن لەناو :

Ibid., p. 192.
87- Michel Aflak, in, Ibid., p. 252.
88- Ibid., p. 252-253.
89- Thomas Hobbes, op. cit., p. 175.
90- Ibid. p.175.
91- Ibid. p. 184.

٩٢- میشیل عفلق، فی سبیل البعث، ل، ١٥٦.

93- Edmond Vermeil, op. cit., p. 256.

٩٤- لە روانگەی بەعسەوە، نەتەوە نەك دەوڵەت.

95- Benito Musolini, Fascismo, op. cit., p. 848.
96- Ibid., p. 849.
97- Ibid., p. 848.
98- Marcel Prelot et Jean Boulois, Institutions politiques et droit constitutionnel, Dalloz, Paris, p. 638.
99- Thomas Hobbes, op. cit., p. 362.
100- Ibid., p. 184.
101- Jean-Jaques Chevalier, op. cit., p. 21.
102- Nicolo Macchiavel, Le prince(De principatus), Librairie generale francaise, 1962, ch. Vi, pp. 46-47.

١٠٣- میشیل عفلق، فی سبیل البعپ، ل، ٦٤.

104- Samir al-Khalil, op. cit., p. 267.

105- Nicolo Macchiavel, op. cit., p. 66.

106- Ibid., p. 117.

107- Ibid., p. 118.

١٠٨- ئاماژە بە تێڕوانینی کارل مانهایم سەبارەت بە پێناسە کردنی ئایدیۆلۆژیا. بە لای مانهایمەوە ئایدیۆلۆژیا بریتیە لە کۆمەڵێك بیرو بۆچوون کە دەیانەوێ تەجاوزی دۆخی حازر بکەن، بەڵام لەراستیدا هەرگیز ناتوانن ناوەرۆکەکانیان بە دی بێنن، واتا یوتۆپین. بڕوانە:

Karl Mannheim, Ideologie et utopie, Librairie Riviere et Cie, Paris, 1956,

109- Jaseph Peter Stern, Hitler, le Fuhrer et le peuple, Flammarion, Paris, 1985, p. 92.

110- Edmond Vermeil, Hitler et le christanisme, Gallimard, Paris, 1939, p. 82.

111- Samir al-Khalil, op. cit., pp. 155-156.

112- Q.H. Ottinger, Culte de la personnalite et parti en Irak,in, Swiss Review of World Affaires, juin 1984, p.12.

ئەم نوسەرە دەڵێ کە لە کاتژمێرێك لە پەخشی سیاسی رادیۆ، ناوی سەدام لە نێوان ٣٠ بۆ ٤٠ جار دوبارە دەکرایەوە.

113- Samir al-Khalil, op. cit., p. 156.

114- Ibid., p. 157.

115- Charles Saint-Prot, Saddan Hussein, un “gaullisme” arabe, Ed. Albin Michel, Paris, 1987, p. 43.

116- Louis Cavare, La notion d’Etat dans le regime hitlerien, travaux juridiques et economeques de l’Universite de Rennes, Tome xiv, Rennes, 1935, p. 34.

117- Charles Saint-Prot, op. cit., p. 16.

١١٨- فرانسوا بایل بە شێوەیەکی رێك و پێك کۆمەڵێك لە ووتارەکانی هیتلەری کۆکردۆتەوە کە خۆی دەپیرۆزێنێ. بڕوانە:

Francois Bayle, Psychologie et ethique du national socialisme, etudes anthropologiques des dirigeants SS, Puf, Paris, 1952,pp. 380-392.

119- Hannah Arendt, Du mensonge a la violence, Essai de politique contemporaine, Calman-Levy, 1972,p. 142.

١٢٠- میشیل عفلق، فی سبیل البعث، ل، ١١١.

١٢١- میشیل عفلق، ل، ٣٦.

122- Raoul Girardet, Le nationalisme francais(Onthologie 1871-1914), Ed. Du Seuil, 1983, p. 198.

123- Ibid., p. 201.

١٢٤- هیتلەر دەیویست ئەم "میکانیزمە بێ ڕۆحە" کە دەوڵەتە، بکـات بـە "ئۆرگـانیزمێکی ژیاو" کە زامنی تواندنەوەی تاکی دەکرد مە ناو نەتەوەدا. بەم شێوەیە نەتەوەی دەکرد بە "یەك کیانی خوڵقێنەر" یان بە "کەسایەتی کۆیی" یاە بە "بلیمـەتی کۆیـی". هـەروەها بـە لای ڕۆزێنبێرگـەوە، میللەت بریتی بوو لە ئۆرگانیومێکی ژیاو کە لـە ڕێگەیـەوە خوێنـی تاکـەکان لـە نـاو لەشـیاندا دەسوڕایەوە. بڕوانە:

Alfred Rosenberg, Le myth du vigntieme siecle, Doctrinaire de la revolution allemande(1918-1938), op. cit., p. 250.

بڕوانە هەروەها:

Adolf Hitler, Mein Kampf, op. cit., p. 396.

١٢٥- میشیل عفلق، فی سبیل البعث، ل، ١٣١.

بڕوانە هەروەها:

Hanna Batatu, op. cit., p. 732.

126- Ibid. p. 732.

127- Ibid. p. 732.

١٢٨- میشیل عفلق، هـ، س.، ل، ٣٦.

١٢٩- میشیل عفلق، هـ، س.، ل، ٣٦.

130- Edmond Vermeil, Hitler et le christianisme, op. cit., p. 72.

131- Edmond Ver;eil, Doctrinnaires de la revolution allemande, op. cit., p. 336.

132- Alfredo Rocco, La dottrina del fascismo e il suo posto nella storia, Roma, 1925, p. 115.

١٣٣- میشیل عفلق، فی سببل البعث، ل، ١١٥.

١٣٤- هـ، س.، ل، ١٥٠.

١٣٥- هـ.، س.، ل، ١٥٠.

١٣٦- هـ.، س.، ل، ٦٤.

١٣٧- ئەریستۆتالیس دەڵێ کە " هاوڵاتی ناتەواو" ئەو تاکەیە کە پێناسە ناکرێ وەك هــاوڵاتی کە ئەرکی بریتیە لە جێ بە جێ کردنی وەزیفەی گشتی. بڕوانە:

Aristote, La Politique, Librairie philosophique J. Vrin, Paris, 1989, p. 171(iii,2), p. 189(iii,5).

138- Francesco Luigi Ferrari, Il regime fascista italiano, Edizioni di storia e letteratura, Roma, 1983, p. 94.

139- J. T. Delos, La nation, le nationalisme et l'ordre de droite, Editions de l'arbre, vol.ii, Montreale, 1944, p. 112.

140- Adolf Hitler, op. cit., p. 568.

141- Samir al-Khalil, op cit., p. 49.

بەشی پێنجەم

بیروڕای عەفلەق و نەسیۆنالیزمی ئەوروپی و سەردەمی فاشیست

بیروڕای عەفلەق و سەردەمی فاشیست:

کاتێك حەننا بەتاتو باس لەئەسلی بیری ناسیۆنالیستی دامەزرێنەری حیزبی بەعس دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە لەسەردەمی ژیانیدا لەپاریس، میشێل عەفلەق بەبایەخ و پەرۆشەوە مارکس و نیتچەو ئەندرێ جیدو دۆستۆیێفسکی و تۆلستۆی و رۆلاند رۆمان و بێرگسن و ئەنەتۆل فرانسی خوێندبووەوە[١]. لەشوێنێکی دیکەدا بەتاتو جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کەکاتێك دەویسترێ بیرۆکەی میشێل عەفلەق شیبکرێتەوە، بەرەنگاری چەند گرفتێکی لۆژیکی دەبینەوە کەسەرچاوە دەگرن لەئێکلێکتیزمێکی eclectism(* بێ پەیڕەو.

لەڕوانگەی بەتاتوەوە، بیرۆکەی عەفلەق لەتێکەڵیی ئەم چوارچێوە ئایدیۆلۆژیانەی خوارەوە پێکهاتوە: ناسیۆنالیزمی مرۆیی، هەندێ لایەنی تاکگەریی (فەردانیەتی) تەنویریەکان، دیموکراتیزمی یەعقوبیەکان، ئیدیالیزە کردنی گەنج لەڕوانگەی مەتزینیەوە، مارکسیزم، ئێلیتیزمی لینین لەگەڵ بەشێکی زۆر لەڕۆحیانەتی دیانیی و تەماشایەکی ناسیۆنالیستانە بۆ ئیسلام[٢].

زۆر لەنوسەران کاتێك بیرۆکەی عەفلەق و بەعس شیدەکەنەوە ڕەنگە نەیانەوێ وەڵامی پرسیارێکی زۆر گرنگ بدەنەوە: میشێل عەفلەق بۆ ماوەی چوار ساڵ لەفەرەنسا ژیاو خوێندنی مێژووی لەزانکۆ تەواو کردو گەڕایەوە بۆ سوریاو

* واتا هەڵبژاردنی چەند ئێلیمێنتێك لەجۆرەها سیستێمی بیری جیاواز.

بەهاوبەشی لەگەڵ هەندێ لەناسیۆنالیستە عەرەبەکان پارتی بەعسیان دامەزراند لەسەردەمێکدا کەمێژووی جیهان بەقۆناغێکی ئاڵۆزو دژواردا تێدەپەڕی.

کاریگەریی ئەم سەردەمە بۆ سەر بیری عەفلەق و جیهانبینی ئایدیۆلۆژیای بەعس چی بوو ؟ چی بوو کاریگەریی بیرو ڕای فاشیزم لەسەردەمێکدا کەبیری فاشیزم وەك لەکەی ڕۆن بەخێرایی بلاّو دەبووەوە؟ عەفلەق ناسیۆنالیستێکی بەجۆش و بەهەڵپە بوو، سروشتی خوێندنەکانی پتر لەهەموو کەسێك شیاوتر بوو بۆ کۆکردنەوەو هەڵبژاردنی بیروڕای فاشیزم و ئەو بیرو ڕایانەی کە لەسەر گۆڕەپانی ئەورووپی دەناسران. لەسەردەمێکدا کەفاشیزم لە ساڵی ١٩٢٦ ەوە لەسەر حوکم بوو و ناسیۆنال سۆسیالیزم بەرەو سەرکەوتن دەڕۆی، ئایدلۆژیاکانی "ڕاستیی ڕەها"(ناسیۆنالیزم) دەیانویست یان خواستیان ئەوە بوو ببن بە بەجێهێنەری مەزنی ویستی نەتەوە. " موسۆلینی دەیگوت : سەدەی بیستەم ، سەدەی کۆی نەتەوایەتیە ، سەدەی فاشیزمە"[٣]. هەر لەکۆتایی ساڵانی ١٩٢٠ زۆر حزبی فاشیست ڕووی دەکردە ئیتالیا بۆ ئەوەی چارەیەك بۆ کێشەو نەخۆشیەکانی "نەتەوەی پوخت" یان "ڕەگەزی پوخت" بدۆزێتەوە. ئیتالیای موسۆلینی بوو بوو بەیەکەم بەدیهینانی سیاسی عەقیدەی ناسیۆنالیزم، بوو بوو بە یەکەم بەرهەمی پراکتیکی بیری ناسیۆنالیزم. بیری ساری فاشیزم بلاّو دەبووەوەو وردە وردە دەگەیشتە ناو سنوورە سیاسیەکانی نەتەوەکان. لەهۆڵەندا ناسیۆنال سۆسیالیزمی بێویگونگی national-socialistische Bewegung موسرێت Musseret ، لە ئینگلستان یەکێتی فاشیزمی ئۆزڤالد موسلی Oswald Moseley ، لەڕۆمانیا حەرەسی ئاسنینی کۆرنێلیو کودرێنو Corneliu Codreano ، لەبەلچیکا بزووتنەوەی پادشایەتی (ڕێکسیزمی) لیێۆن دیگرێل Leon Degrelle... هتد، ئەمانە هەموویان بەشوێن ئامۆژگاریەکانی فاشیزم لەئیتالیا دەگەڕان. لەفەرەنسا کە عەفلەق چوار ساڵ تیایا مایەوە "ناسیۆنالیزمی ئینتێگراڵ"(تێکڕا)ی شارل مۆرراس Charles Maurrasوردە وردە زیاتر هوشیار دەبووەوە سەبارەت بەبوونی "خۆی نەتەوایەتی"و گوێ ڕایەڵ بوو بۆ ئەو شتەی کە لەودیو سنور ڕووی دەدا[٤]. لەهەموو شوێنێك

سروودی ژیاننەوەی نەتەوەو بەخەبەربوونی نەتەوەو یەکێتی نەتەوە بەدەنگی بەرز دووبارە دەکرایەوە. پەرستنی نیشتمانی نەتەوەیی لەهەموو شوێنێکدا بانگەشەی بۆ خولقاندنی پیاوی فاشیست دەکرد. " قەوارەی گەردوونیی ناسیۆنال"[٥] هاواری دەکرد بۆ پیاچوونەوە بەسەر رابوردوودا، بەسەر مێژوودا، داوای لەپیاوی فاشیست، لەمرۆڤی فاشیست دەکرد کەئاوڕ لەڕابوردوو بداتەوە و بەجۆش و چاوێکی ئاگرینەوە تەماشای مێژوو بکات.

پاشان، شۆڕشی ناسیۆنال سۆسیالیزم بوو بەتەواوکەری ئایدیۆلۆژیای ئینتەرنەسیۆنالی فاشیست. ئەڵمانیای نازی وورده وورده دەستی دەکرد بەپەیداکردنی سەنگێکی ئایدیۆلۆژی گەورەتر لەناو جیهانی عەرەبیدا. لەکاتێکدا کەئەورووپا بەدڵ گرانیەوە تەماشای ڕوخاندنی دیموکراسی دەکرد، تەماشای هەرەسهێنانی دیموکراسی دەکرد، هەندێ دەوڵەتی عەرەبی تەماشای هیتلەرو موسۆلینیو ئایدیۆلۆژیای فاشیستیان دەکرد وەك مۆدێلێکی ئیدێیالی "دیموکراسیەتی کۆمەلایەتی". پڕوپاگەندەی ناسیۆنال سۆسیالیزمو فاشیزم کارێکی زۆری کردە سەر بەتایبەتی گەنجی عەرەب کەڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر ویستی خۆی بۆ ناسیۆنالیزمو رقو کینەی بۆ ڕۆژئاواو دژ بەکۆلۆنیالیزم (فەرەنسا وئینگلستان) دەردەبڕی[٦]. لەسوریاو عیراق، لەفەلەستینو میسر چەندین ڕێکخراوو دیدەوانی وەرزشیو سەربازی دروست بوو بوون کەئەندامەکانیان کراسی تایبەتیان لەبەر دەکرد لەسەر وێنەی کراسە ڕەشەکانی هیتلەری. لەلوبنان فەلەنجی لوبنانی دروست بوو بوون[٧]، لەمیسر کراسە سەوزەکان کە لەژێر سێبەری دکتور مصطفی الوکیل کەیەکێك بوو لەنوێنەرە راستەوخۆکانی نازیەت خرۆشیان تێ کەوتبو[٨]. لەسوریا کوتلەی ناسیۆنالیست چەند دیدەوانێکی دروست کردبوو لەپێناوی ڕێکخستنی هێزەکانی نەتەوەی عەرەب. لەبارەگای هەموو پارتەکان گروپی گەنج سەریان هەڵداو بەدیسیپلینەوە مەشقی سەربازی خۆیان دەکرد. گەنجە ناسیۆنالیستەکان لەسەر بناغەی هونەری وەرزشیو سەربازی مەشقیان دەکرد و پرینسیپیان بریتی بوو لە سێ قاقەی "ملکەچی، دیسیپلین، خۆبەخت کردن"[٩].

ڕۆشنبیرو تازە دەرچوانی خوێندگەو پەیمانگاکان سەرقاڵی هوشیار کردنـەوەی ڕۆحـیو ڕۆشنبیریو فکری دیدەوانی گەنجان (کراسی ئاسنی)بوون. هەر لەمانگەکانی یەکـەمی ساڵی ١٩٣٧ واتا کەمتر لەساڵێك پاش دامەزراندنی، ئەم بزوتنەوەیە پێکهاتبوو لـەپتر لە ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار ئەندام کە سەرجەم توێـژە کۆمەڵایەتیـەکانی دادەپۆشـی[١٠].

تایبەتمـەندی گـەنجی ناسیۆنالیسـت بریتـی بـوو لەبـەرز کردنـــە[**]وەو ڕاوەشـــاندنی مەشخەڵێکی داگیرساو کەواتای گەیاندنی پەیامی گەنجیەتی دەبەخشـی کەپێکـهاتبو لەئازادی ، ماف، هێز[١١]. لە عیراق بە تایبەتی، ڕێکخراوە نەسیۆنالیسـتەکان لـەژێر کاریگەریی نەسیۆنال سۆسیالیزمو فاشیزم کاریـان دەکـرد بـۆ بەدیـهێنانی یەکیـەتی عەرەب: نادی المثنی، التجمع الطلابی القومی، جمعیة الجوال العربی، نظام الفتوه، کتلة الظباط القومیین .. هتد. بە تایبەتی الفتـوە بزوتنەوەیـەك بـوو کـە ئامۆژگاریـەکانی لەئەڵمانیای هیتلەریو ئیتالیـای فاشـی وەردەگـرت. هـەروەها جمعیـة الجوال العربی هەڵدەسا بەمەشق پێ کردنی ئەندامەکانی بە بـەکارهێنانی چـەكو سـواری ئەسـپو هەڵدەسا بە فێرکردنیان بۆ ملکەچ بوونو زەبتی سەربازیو پەیڕەو..هتد*.

لـەو سـەردەمەدا بـوو کەمیشـیل عەفلـەق بنچینـەی عـەقیدەی بەعسی دادەنـاو چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی پارتی بەعســی عــەرەبی سۆشیالیسـت بـەرەو دروسـت بـوون دەچوو. لەو سەردەمەدا نەك تەنها ناسیۆنال سۆسیالیزمو فاشیزم وەك فۆرمی حکومەت سەرنجڕویسـتی خـەڵکی ڕاکێشـا بـوو، بـــەڵکو تیـــۆری ناســـیۆنالیزم بەتایبـەتی ناسیۆنالیزمی فەرەنسیو ئەڵمانی کارێکی تایبەتی کردبوە سەر زۆر پیـاوی سیاسـیو ڕۆشنبیر کەدەیانویست دیسانەوە چاو بەسەر مێژوودا بخشێننەوەو بیخوێننەوەو تەماشای بکەن لەسەر بناغەی بیروڕاو نوسینەکانی تیۆری ناسانی کیانی کۆییو توندوتیژی. بەم بۆنەیەوە دەبێ بوترێ کەمۆسۆلینی بـەردی بناغـەی عـەقیدەی فاشـیزمی لـە سـەر بناغەی بیرو بۆچونەکانی سۆرێل (Sorel) وپێگوی (Peguy) و دلەگەردێل (De

Gardelle)و بەتايبەتی لەڕێگەی بەعەقلاّنی کردنی تیۆری دەوڵەت بەلای هێگڵـەوە دانابوو. ئەوەش زانراوە کەپەرێتۆ (Pareto)و مۆسکە (Mosca) و رێنـان (Renan) بەردی بناغەی تێڕوانینی ئەرسیتۆکراسیو دژ بەدیموکراسی موسۆلینیان پێکدەهێنـا. مۆسۆلینی زۆر بەجۆشەوە "پێشنیازە رۆشنکەرەوەکانی پێش فاشیزمی" رێنانی بـەرز دەنرخاندو بەزمانی رێنانەوە دەیگوت: " ئەقڵو زانست(. . .) بەرهەمی مرۆڤایـەتین. بەلاّم ئەوە خەوێکە ئەگەر ڕاستەوخۆ داوابکرێت کەئـەقل بـۆ میللـەتو لەمیللەتـەوە سەرچاوە بگرێ(. . .). دەترسم کە دوا ووشەی ئەو دیموکراسیەتەی کەباسی لـێ دەکـرێ دۆخێکی کۆمەلاّیەتی وا پێکبێنێ کە لەناویدا جەماوەرێکی نـەخۆش بـەبێ هیـچ دوو دلّیەك بەشوێن تێرکردنی حەزو ئارەزوە چەپەڵەکانی پیاوی نزمدا بگەڕێ "(١٢).

تێڕوانینی ئەریستۆکراسی، دژ بەیەکسانیو دژ بەدیموکراسـیەتو ڕەگـەز پەرستی هیتلەر سـەرچاوەی لـەبیروڕای گۆبینـۆ و Gobineau هۆسـتن سـتیوارتو Hoston Stewart شـەمبێرلینەوە Chamberlin . . هتـد. وەردەگـرت. بێگومـان، لـێرەدا مەبەست نییە لەئەسلی سیاسیو فەلسەفی ناسیۆنال سۆسیالیزم یان فاشیزمی ئیتالی بدوێین چونکە ئەوە لەسنوری بابەتەکەمان دەردەچێ، بەلاّم دەمانەوێ دەری بخـەین کـە لەسەردەمێکدا کەپەیوەندیەکی پێچەوانەیی لەنێوان توندوتیـژیو ئـازادیدا هـەبوو، لەسەردەمێکدا کەناسیۆنالیزم وەك تەنها نوێنەری جەوهەری کۆمەڵو دەوڵەت تەماشا دەکرا، لەو سەردەمەدا پیاوانی سیاسیو بیرەورو رۆشنبیران دەچونو بەشـوێن پێناسـەی ئامـانجی دەوڵـەتو پـەیوەندی نێـوان تـاكو کۆمـەڵ لەبـەر ڕۆشـنایی تیۆریـە کلاسیکیەکانی ناسیۆنالیزم دەگەڕان.

لەم سەردەمەدا بوو کەمیشێل عەفلـەق ڕێگـەی ژیـانی سیاسـی گرتبـو و بنـەمای ئایدیۆلۆژیای بەعسی دادەناو، پارتی بەعسی عـەرەبی سۆسیالیسـتیش بـەڕۆحی ئـەو سەردەمەوە بوو کەبەرنامەی سیاسیو فەلسەفیو ئایدیۆلۆژی دروست دەبوو و خـەباتی خۆی بەرەو پێشەوە دەبرد بۆ هاتنە سەر حوکمو جێبەجێکردنی تیوریەکانی دەوڵـەتو کۆمەڵگەی نەتەوەیی.

ئایا تەریبی لەگەڵ فاشیزمی مێژویی وامان لێ ناکات بڵێین کەبیرو ڕای عەفلەق‌و بەعس هیچ ڕەسەنایەتیەکیان تێدا نییە؟ چونکە زۆر لایەنی ئەم بیرو رایە لە ناو سیستمی جیهانبینی نەسیۆنالیزمی خۆرئاوایی دەدۆزرێنەوە. ئایا دەتوانین بڵێین کەمیشێل عەفلەق دوبارەو لاسایی لۆژیکێك دەکات کە نە لە سەر ئاستی کولتوری‌و نە لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژی‌و نە لەسەر ئاستی مێژوویی‌و نە لەسەر ئاستی سیاسی هیچ تەریبیەکی لەگەڵدا نییە؟ ئایا دەتوانین بڵێین کەمیشێل عەفلەق ئەم لۆژیك‌و جیهانبینیە لەگەڵ پێداویستەکانی سیستێمی کۆمەڵی عەرەبی دەگونجێنێ؟ لەوە دەکات کە عەفلەق هەوڵ بدات سینتەزەیەکی synthesis لۆژیکی نەسیۆنالیزمی خۆرئاوایی بکات. ترانسپۆزەکردنی transposition ناوەرۆکی تیۆریە ناسیۆنالیستەکانی ئەوروپی بۆ لۆژیکی عەرەبی، وا دەکات کە ئەو پاساوانە بهێنرێنە پێشەوە کەبەرگری لەو ئایدلۆژیایە بکەن کەبەرامبەر هەموو دۆخێك"، دژ دۆخێك" بدۆزنەوە. دەتوانرێ ئەوەی کە ژول مۆنرۆ Jules Monnerot سەبارەت بە نەسیۆنال سۆسیالیزم وفاشیزمی ئیتالی دەیلێ، سەبارەت بە بەعسیش هەمان شت بوترێ: "کەهەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ بیروڕادا وەك چۆن زیندەوەرێك هەڵسوکەوت لەگەڵ ژینگەی خۆی دەکات کاتێك کەخۆراك‌و گشت ئەوڕێگایانەی بۆ پەیداکردنی تەواو دەبن. ئەو زیندەوەرە لەوژینگەیە ئەوە وەردەگرێ (بخوێنەرەوە دەخوات) تەنها ئەوەی کەپێویستیەتی‌و ئەوی تر بەجێ دێلێ"[١٣]. دەمانەوێ بڵێین لەکاتێکدا عەفلەق (هەروەها سەرجەم نەسیۆنالیستە عەرەبەکان هەر لەسامی شەوکەت‌و ساطع الحصریەوە تا دەگاتە زکی الارسوزی) باوەش بەناسیۆنالیزمدا دەکات‌و ئالاکەی بەرز دەکاتەوە وەك تەنها گوزارشت بۆ ویستی کۆمەڵ، ناوەڕۆکی ئەم نەسیۆنالیزمە وەرناگرێ لەواقیعی سۆسیۆلۆژی‌و کولتوری‌و مێژووی میللەتی عەرەب، چونکە وەك تێبینی دەکەین گشت ئەو ناوەڕۆکە زۆر نزیکترە لەدەربڕینەکانی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی‌و ئەوەی کەنەسیۆنال سۆسیالیزم‌و فاشیزمی ئیتالی لەسالانی نێوان دوو جەنگدا دەیان ووت‌و باوەڕیان پێی هەبو و لە پراکیکدا خستیانە کار. جگە لەوەی کە تا ئێستا

هێڵمان بەژێردا هێنا، دەمانەوێ بەم بۆنەیەوە هەندێ تێڕامانی (تـأملاتی) contemplation ئایدیۆلۆژی عەفلەقی شیبکەینەوە بۆ ئەوەی باشتر لە "مەتەڵی" بەعسی عیراق تێ بگەین.

عەفلەق و ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی

لەبیرو دیدی گشتی عەفلەقدا تێبینی دەکەین کە بەشێوەیەکی سیستیماتیك‌و زۆر دووبارەکراو، عەفلەق هێرش دەباتە سەر دۆخی ڕوخاندن‌و خۆپەرستی‌و خەمساردی‌و هەرەسهێنان کەهەڕشە لەمانەوەی کیانی نەتەوەی عەرەب دەکەن. لەهەموو بۆنەیەکدا عەفلەق میللەتی عەرەب سەبارەت بەهەڕەشەی لەناو چوون (تهدد العرب بالانقراض) ئاگادرا دەکاتەوە. هەروەها دەبێ تێبینی بکرێ کەکاتێك ڕەخنە دەگرێ لەبۆگەن کردنی کیانی نەتەوەی عەرەب، چونکە لەبنچینەدا ڕەخنە دەگرێ لەفەوتان‌و بۆگەن کردنی ئەو ڕۆحەی، ئەو هێزە دروستکەرەی، ئەو ووزەو گورج‌و گۆڵیە شاراوەیەی کەجاران عەرەب خاوەنی بوون کە شانازیەك بوو بۆ مەزنیی ڕابوردوو. دەبێ بوترێ کە بەڕاستی زۆر سەرنج ڕاکیشە کە ئەم تێرمنیۆلۆژیە terminology ، جەوهەری بیری زۆر لەناسیۆنالیستە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی فیختەو Fichte مۆراس Maurras و ڕینان Renanو بەرێس Barres وەبیر دێنێتەوە. لەنێوان ئەم ناسیۆنالیستانە زۆر لەیەکچوون‌و ئەنالۆژی Analogy (لەیەکچوون لە نێوان چەند دیدێك کە لەڕەسەندا زۆر جیاوازن) تێبینی دەکرێن‌و ئەمانەش بە ڕاستی سەرچاوەی ئیلهامی بیری فاشیزمی مێژویی بوون. ئەگەر هەر یەکەو لەم نووسەرە ناسیۆنالیستانە وەربگرین، دەبینین هەموویان (بە جیاوازی بیروڕاو ژینگەی کولتوری‌و بارودۆخی مێژوویی) دژی بێگانە دەوەستنەوەو بە زێدرەویەوە شانازی بەرابووردووەوە دەکەن‌و بەتوندوتیژیەوە ڕەخنە لەدۆخی حازر دەگرن‌و وێنەی کارەساتێکی تراژیدی دەهێننە پێشەوە. ئەمانە پێکهاتەی سەرەکی هەموو ناسیۆنالیزمێکن کە لەژێر کاریگەریی تایبەتیدا ڕۆمانتیزە دەکرێن‌و

دەبن بەپاڵپشتێك بۆ فۆرمی حوکمی گشتگر. با لەنزیکترەوە ئەم ئەنالۆژییە دەستەواژەییانە شیبکەینەوە.

لەڕوانگەی میشیل عەفلەقەوە ناسیۆنالیزم لەپشت ئەو هێزەی کە خۆراك دەبەخشێ بەبەها پۆزیتیڤەکان (هێزی دروستکەر، ووزەی ژیاو، توندو تۆڵی شاراوە، ڕۆحی عەرەب، نەفسی عەرەب، عەرەبی نەمر، پەیامی نەمر..هتد.) دەوەستێتەوە.

میشیل عەفلەق دەیەوێ لەسەر وێنەی ڕابوردوو هێزی پاڵپێوەنەر بژێنێتەوەو وەڵام بۆ دۆخی نێگەتیڤ لەناو ناسیۆنالیزمدا دەدۆزێتەوە، ناسیۆنالیزمێك کە توانای ئەوەی هەبێت کۆتایی بەتێکچوونو هەڵوەشاندنەوەی بەها نەتەواییەکان بهێنێ، ناسیۆنالیزمێکی سەرەتاییو بەووزە کەبتوانێ سەرشۆڕیو نزمبوونەوەی مرۆڤی عەرەبی بچڕاو و دوور لەڕۆحی نەتەوەییو بێ بەشکراو لەکۆمەڵگەی نەتەوایەتی بەرپەرچ بداتەوە، ناسیۆنالیزم تەنها ڕێگەی ڕزگار بوون لەفەوتان. ئەم "بەرامبەریەکدانانە" دەستەواژەییە (ناسیۆنالیزم) - وەك بەر پەرچدانەوە دژی فەوتان، لەبیری زۆر نووسەری ناسیۆنالیستی ڕۆژئاوایی تێبینی دەکرێ: بەرێس Barres، مۆراس Maurras، تەین Taine ، دریومۆن Drumont ، فیختە Fichte..هتد. بەڵام تێڕوانینو تیۆریزە کردنی "قەوارەی هەرەسهێنانیی" عەفلەق نزیکترە لەوەی بەرێسو ڕێنان لەلایەکەوەو لەوەی فیختە لەلایەکی دیکەوە. بەڵام دەبێ ئەوە وەبیر بخرێتەوە کەنابێ ناسیۆنالیزمی عەفلەقی کەمبکرێتەوەو لەناو قەوارە دایکۆتۆمیەکەیدا تەماشابکرێ، واتا ناسیۆنالیزم وەك بەرپەرچ دانەوە بۆ هەرەسهێنان. ئەگەر بەم شێوەیە بیر بکەینەوە، واتا ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەفلەقی بخەینە سەر ئاستی سیلۆژیزمێکی سۆفیستیك sophistic syllogism : بەرێس، ڕێنان، فیختە بیری ناسیۆنالیستی دەوەستێنن بەرامبەر (دژ) هەرەسهێنانو فەوتانی ژیاویی نەتەوە ــ عەفلەق ناسیۆنالیزم بەرەنگاری پێدەکات دژی هەرەسهێنان، کەواتە عەفلەق لاسایی بەریسو ڕێنانو فیختە دەکاتەوە. ئەگەر وا بکەین، هیچ جیاوازیەك لەنێوانیان ناهێڵینو نرخ بۆ ڕەوتی مێژوویی و سیاسیو کولتوری..هتد دانانێین کە ئەم دیدە

دینێته کایەوە. هەرچۆنێك بێت، دەتوانین بڵێین کە پێکهاتەکانی تیۆری ناسیۆنالیزمی عەفلەقی لەو لایەنانەی کە تا ئێستا باسمان لێوەکردوە خاڵی هاوبەشیان لەنێوان یەکتریدا هەیە. ئەو خاڵە هاوبەشانەی نێوان ناسیۆنالیزمی بەعسی عەفلەقیو ناسیۆنالیزمی ئەوروپی چین؟ دەتوانرێت بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکرێنەوە: (١) هێرش بردنە سەر مەسەلەی خۆپەرستیو خراپ بوونی بارو دۆخی ژیانی نەتەوە،(٢) بانگەشە کردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم بارودۆخە نێگەتیڤە،(٣) بنچینەی سەرەکی ئەم چارەسەرکردنە بە زێدرەویەوە سەرچاوە لە شانازی کردن بەباوو باپیرانەوە دەگرێ،(٤) جەوهەری سۆزو پەرستنی باوو باپیر بریتییە لەناسیۆنالیزم. بەشێوە گشتیەکەی، لەم سکێمە عەقلیە، عەفلەقو ناسیۆنالیستەکانی دیکە پێناسەی پەیوەندی نێوان تاكو کۆی نەتەوایەتی دەکەن. بالەنزیکەوە ئەم خاڵانە ڕوون بکەینەوە.

مۆریس بەرێس Maurice Barres (کەیەکێك بوو لەنوێنەرە هەرە سەرەکیەکانی دژی جوولەکەو یەکەم دانەری بنچینەکانی فاشیزم) بانگەشە بۆ ناسیۆنالیزمێك دەکات کە توانای ڕەت دانەوەی نزم بوونو کەم بوونەوەی میللەتی هەبێتو دژی هەڕەشەی فەوتاندنی نەتەوەی فەرەنسی پاش بەزاندنەکەی ساڵی ١٨٧١ بوەستێ. سەرجەم تێڕوانینە مۆڕاڵیەکەی بەرێس پێکهاتوە لەبانگەواز بۆ گەورەییو بەرزیی نەتەوایەتی کەنوێنەرایەتی سەرکەوتنەکانی ڕابووردوو دەکەن. زاراوەی "ووزەی دروستکەر" لەراستیدا گوزارشت لەئەڤینو خۆشەویستی بۆ گەورەییو مەزنیی ڕابوردوو دەکات. بەم شێوەیە ڕەخنە گرتن لەبارو دۆخی هەرەسهێنانی فەرەنسا بەلای بەرێسەوە (هەر وەکو بەلای عەفلەقەوە سەبارەت بەهەرەسهێنانی نەتەوەی عەرەب، "بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی ڕەخنە گرتنە لەبۆگەن کردنی ووزەی دروستکەری نەتەوە"[١٤]. لەم تێڕوانینەوە بەرێس سکاڵای خۆی بەرامبەر وون بوونی کەسایەتی هاووڵاتی فەرەنسی دەردەبڕێ: " هەستدەکەم کەهاووڵاتیگەری فەرەنسی نزم بۆتەوە، فەوتاوە، واتا ئەو پاك وپوختیەی نەماوە کەپشت گیریمان لێ دەکات"، " ئەوەی کە تووشی بوین ئەوەیە کەبناغەی (پێگەی) ژیانمان، ڕاستی واقیعەکەمان، ووزەمان

نەماوە"[١٥]. بەرامبەر کۆی ناسیۆنال کە" هەڵوەشاوەتەوەو بەتاڵ کراوەتەوە"[١٦]، بەرێس بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم نوقسانیو نەخۆشیانە بدۆزێتەوە، پەنا دەباتەبەر گورو پاڵەوانیەتیو چالاکی هێزی جاران وهی ڕابوردوو. "ووزەی دروستکەر"و هەموو ئەو بەهایانەی کە پابەندن پێوەیەوە، هەمویان چارەسەرێکن بۆ لاواز بوونو دواکەوتنی نەتەوەو ڕێگەیەکن بۆ گەڕانەوە بۆسەرچاوە خۆییەکانی "منی نەتەوایەتی" کە مەزنیی "هێزی ڕابوردوو" نوێنەرایەتیان دەکات. کەڵکی سکالاّ دەربڕین لەهەڵوەشاندنەوەی "ووزەی دروستکەر" ئەوەیە کەڕێگەیەك نیشان دەدات بۆ لابردنی پەرستنی" منی" تاکەکەسو هێنانەوە کایەی "منی" نەتەوایەتی. ئەم "بەرامبەریەکەگەریە"، سەرجەم " هێزەکانی هەست" دەلەرێنێتەوە لەبەرژەوەندی نەتەوە. بێگومان، ئەو نەتەوەیەی کە وەك ڕاستیەکی پراکتیکی دێتە کایەوە، نەك نەتەوە بەواتا دادوەریەکەی یان وەك سیستێمێك لەبیروباوەڕ[١٧]. نەتەوەی فەرەنسی، بەرێس دەڵێ، کە دابەشبوەو توشی مەینەتی بوە، لەچەند تاکێکی تەنها (منعزل) پێکهاتوە کە توانای پێشخستنی بەرژەوەندی گشتیان نەماوە. "منی" تاکەکەسی کە بە"شێوەیەکی زۆر خراپ"[١٨] لە ناوچوە، دەبێ ڕەسەنیی خۆی لەبەردەوامبوونی نەوەکانی پێشودا بدۆزێتەوە. " ئێمە نەوەی باوو باپیرمانین(...). ئەوان لەناو دڵماندا بیرەکەنەوەو قسەدەکەن. گشت زنجیرەی میراتگرەکانمان یەك ڕەچەڵەك پێکدێنن(. . .). تاك لەناو گێژە لۆکەیەك نوقم بوەو بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێ کە خۆی لەناو خێزان، لەناو ڕەگەز، لە ناو نەتەوەدا بدۆزێتەوە"[١٩]. پێشینەیی لەپرینسیپی بنەڕەتی سەرچاوە دەگرێ کەبەرێس پشتی پێوەدەبەستێو "داهاتویی" دەبێ بەگۆڕەپانی کردەوەی پراکتیکی کیانێکی یەك پارچەیی کەرابوردوو و ئێستاو داهاتوو پێکەوە دەبەستێو دەیپارێزێ. "ئەوانەی ناگەنە ناو ئەم گەنجینە شاراوانەو ئەوانەی بەرێزەوەو بەخۆشەویستیو ترسەوە خۆیان ناناسنەوە وەك بەردەوامبوونی باوو باپیریان، چۆن دەتوانن ئاراستەکانی خۆیان بدۆزنەوە؟"[٢٠].

هەموو زانینێکی یەکسەریی (زوو بە زوویی) و چالاکی سایکۆلۆژی مرۆڤو تێڕوانینی بەرامبەر ژیان دەبێ بەدەوری ڕەچەڵەکدا (نسل) بسوڕێتەوە. هوشیاری

خێزانیی (واتا ئەوەی کە پابەندە بە باوو باپیرانەوە) دەبێ لەناو پەیوەندیەکانی بنەچە خۆی بدۆزێتەوە. "تێڕوانینی تێکڕای من، خۆی لەدەوری ئاکسێکدا دەدۆزێتەوە کەپێکهاتوە لەرەچەڵەك (نسل)". بەم شێوەیە بەرێس "خاڵی چەسپو شوێنی جێپێ" لە ناو "ڕابووردوو و داهاتودا" دەدۆزێتەوە[٢١].

بەڵام ئەوەی کەنزیکترە لەبیری میشیل عەفلەقو کارێکی زۆری کردۆتە سەر، بیروبۆچوونەکانی فریدریك فیختەیە. ناسیۆنالیزمی عەفلەق جێگایەکی پانو پۆڕ دەهێڵێتەوە بۆ تەوژمی بیری فیختە. دەبێ هێڵ بەژێر ئەوەدا بێنین کە ئەگەر چی کێشەی پەروەردە سەنتەری ئامۆژگاریەکانی فیختە پێکدێنێ، سکالاً دەربڕین بەرامبەر خۆپەرستیو تێکچونی مۆرالو کۆیلایەتیو لاوازیو گەندەڵی[٢٢] نەتەوە بەردی بناغەی ناسیۆنالیزمە زمانیو ڕەگەز پەرستیەکەی پێکدێنێ. سەبارەت بەئامۆژگاریەکانی بۆ نەتەوەی ئەڵمان فیختە دەڵێ:" خۆپەرستی گەیشتۆتە لوتکەی پایە. جگە لەحاڵەتی دەگمەن، خۆپەرستی تووشی گشت حوکمکراوانو حوکمکەران بوەو بوە بەتەنها جوڵێنەری بوونیان"[٢٣]. نەتەوەی ئەڵمان کە دوچاری بێگانە بۆتەوە، گشت شانازی بەیەکێتی نەتەوایەتی خۆی وون کردوە. کاتی ئەوە هاتوە کە سەردەمێکی نوێ دوا بە دوای خۆپەرستیو داگیرکردنی بێگانە بێتە ئاراوە. کاتی ئەوە هاتوە کە نەتەوەی ئەڵمان یەکێتیو پەیوەندی نەتەوایەتی خۆی بدۆزێتە. لەپێناوی ئەوەی کە نەتەوە بەتەواوی نەڕوخێ، زۆر پێویستە کە بەزووترین کات نەتەوەی ئەڵمان یەکێتی خۆی بژێنێتەوە[٢٤]. پێویستە نەتەوەی ئەڵمان " غیرەتی پیاوانەی" هەبێتو بەووردیەوە تەماشای کلۆڵی خۆی بکات[٢٥]. نەتەوەیەك کەبەم شێوەیە نزم بۆتەوە، ناتوانێ "خۆی بەدیبێنێ" و یەکێتی مسۆگەر بکات ئەگەر بانگەشە بۆ چارەسەرێکی ڕەها نەکات کە بریتیە لەخولْقاندنی پەیرەوێکی نوێی تەواو[٢٦]. پێویستە نەتەوەی ئەڵمان بتوانێ ببێ بەکەسایەتیەکی یەکگرتو، ئەگەر بیەوێ "لە نزمی ڕزگاری بێتوجارێکی دیکە بژێتەوەو هەستێکی بەرز بۆ خۆی بخولقێنێ"[٢٧]. لەدۆخی هەرەسهێناندا تەنها چارەسەرێك بۆ نەتەوەی ئەڵمان ماوەتەوە: ڕووهەڵماڵین لەو

پەیوەندیەی که "بەرژەوەندی تاکه کەس دیسانەوە دەبەستێتەوە بەکۆی ناسیۆنال"[٢٨].

ئەم پەیوەندیە لەچی پێك هاتوە؟ بێ گومان لەناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزمی فیختەیی که پابەندە بەئیدیالیزمی فەلسەفیەوە، سەروەریی و شانازی بەرۆحی ئەڵمانی دادەنێ بەرامبەر بە "رۆح بەتالی"، دۆخی ئێستاو ژیاننەوەی رۆح بەرامبەر بەهەرەسهێنان و ویستی پوخت و ئەخلاقیەتی پوخت و بیری هەمیشەیی و جەرمانیەت دژ بەحاڵەتی دابەشبوون و گەندەڵی و خۆپەرستی، بەوشەیەك ناسیۆنالیزمی سەرەتایی دژ بەهەڵوەشاندن و تواندنەوەی پەیوەندی نەسیۆنال. بەلای فیختەوە، ناسیۆنالیزم "گەشاندنەوەیەکی پوختترو تەواوترو گونجاوتر بەدی دێنێ لەناو پێشکەوتنێکی بەردەوامی پرینسیپی نەمرو خودایی لەجیهاندا"[٢٩]. بەم شێوەیە، ناسیۆنالیزمی "راستەقینەو تێکرا" دەبێ نەهێڵێ نەتەوە کرنووش بێنێ بۆ حاڵەتی شێواندن و هەپرون بە هەپرون بوونی ویست و ئارەزوی بەنرختر لەداگیرکەری بێگانە. ئەی ناسیۆنالیزم لەچیەوەو چۆن سەرچاوەی هێزی خۆی لەرابووردوو دەدۆزێتەوە؟. ئەو مرۆڤەی که خاوەنی هەستی خانەدانیە دەبێ "خۆی بژیێنێتەوەو بوونی خۆی دووبارە بکاتەوە لەناو گیانی منداڵانی خۆی بۆ ئەوەی پاش مردنی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەردەوامی بەبوونی خۆی لەسەر زەوی و بەژیانی میراتگرەکانی بەشێوەیەکی چاك و خانەدانانە بدات "[٣٠]. مرۆڤی ئەڵمان دەبێ لەرابووردوودا رۆحی راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوەو لەسەر بنچینەی رابووردوو دەبێ بەبێ وەستان هاوبەشی بکات "لە چاککردنی رەگەزەکەی ". نەمریی لەبەردەوامبوونی رابوردودایە. تەنها بەم شێوەیە، ئادەمیزادی ئەڵمان دەتوانێ لەدایك بێتەوەو "خۆی که نەمرەو دەتوانێ کارەکانی نەمر بن"[٣١]. باوەڕهێنان بەنەمری واتاکەی لە" میللەتدایە کەڕەسەنی خۆی تیادا دەدۆزێتەوەو لەباوەشیدا گەورە بووە"[٣٢]. نەمریی ئەنجامی ئەو یاسا تایبەتیەی سروشتی رۆحی میللەتێکە که لەناو دڵێ " ئەو پیاوانەیە که لەکۆمەڵدا دەژین و بەبێ وچان لەسەر ئاستی رۆحی و سروشتی بەرهەم بەیەکتری دێنن"[٣٣]. ئەو پیاوانەی ملکەچی ناکەن بۆ یاساکانی نەتەوەی نەمر، شیاوی ئەوە نین ناوی میللەتی خۆیان

هەڵگرن چونکە باوەڕ بەو ئێلێمێنتە سەرەتاییانە نـاهێنن کـە ناوەڕۆکیـان پێکدێـنیّ. کەسایەتی بەشێوەیەکی گشتگیر بریتیە لەگەشە پێدانی ئەو ئێلێمێنتە سـەرەتاییانەی کەپرینسیپی نەمری ئەبەدی تاکێك پێکدێننو وا لەتاك دەکـەن بـاوەڕ بەئەبەدیـەتی خۆی بهێنیّ.

بائێسـتا دەسـت بکـەین بەهەڵسـەنگاندنی بـیری میشـێل عەفلـەق سـەبارەت بەناسیۆنالیزم. لەڕوانگـەی عەفلەقـەوە ناسیۆنالیزم وەکـو نـاوی کەسـێك وایـە: "ناسیۆنالیزم وەك ناوێك وایە کە لەساتی لەدایکبوونمانەوە لەگەڵماندایەو وەك شـێوەی دەم وچاو وایە کەقەدەر بۆی نوسیوین تەنانەت پێش لەدایك بونمان کە لەباوو باپیرمـان بۆمان ماوەتەوە"[٣٤]. بەهۆی ناسیۆنالیزمەوە پیاوی عـەرەب ڕوو لەکەسایەتی خـۆی هەڵدەماڵێو ئەگەر مرۆڤی عەرەب بەرامبەر ئەم نازناوە هوشیار بێت، ئـەوا دەتوانـیّ لەژیانی پڕ لەڕواڵەت دەربچێتو بچێتـە نـاو بازنەیـەك کەگـەرمیو هـێز ببەخشـیّ بەژیانیو وەك ئەنجامێك، ئاراستەی ژیـانو سیمای پیـاوەتی لـیّ بنیشـیّ[٣٥]. بـەلای میشیل عـەفلەقەوە، هـەر وەك بـەلای فیختەشـەوە، نەسیۆنالیزم هـێزێکی مێژوویـی سیاسیە کە مۆرکی خۆی بەشێوەیەکی چەسپیوو لەسەر زنجیرەی ڕووداوەکـان دادەنـیّ. پیاوی عـەرەب کە باوەڕ بەم قەدەرە دێنیّ کە ناتوانیّ لێـی دورکەوێتـەوە دەبـیّ لەسـەر شانۆی ژیان کردەوەکانی بەگوێرەی ئەم قەدەرە پڕبێـت لەپاڵـەوانێتی[٣٦]. لەبـەر ئـەوە شـتێکی بێکـەڵك دەبێـت ئەگـەر مـرۆڤ هـەوڵ بـدات بێبـاك بێـت بەرامبـەر ئـەو پەیوەندیانەی کەچـەند سـەدەیەك ئـەویان بەنەتەوەکەیـەوە بەسـتۆتەوە "[٣٧]. پیـاوی عەرەب دەبیّ ڕەسـەنی خـۆی لـەڕابوردوودا بدۆزێتـەوە چونکـە ژیـانی حـازری تەنـها نائومێدیـەکی پوخـت دەنوێنـیّ. دەتوانـریّ بەڕاسـتی بوتـریّ کەناسـیۆنالیزمی "باووباپیرەیی" میشیل عـەفلـەق هێشـتا زۆر قوڵـترە لـەوەی بـەرێس یـاخود فیختـە. لەهەموو نوسینو بۆنەیەکدا، عـەفلەق بیّ دڵـیّ ناکـات لـەدووبارە کردنـەوەی ئـەوەی کەتاك هیچ شتێك نییە ئەگەر ژیانی بباتە سەر بەبیّ ئـەوەی بزانـیّ کـە لقێکـە لـەو ڕوەکەی کە لەناو جەرگەی رابوردودا ڕەگی داکوتاوە: تاکەکەس "تەمەنی خـۆی دەژیو

نازانێ کە ئەو لقێکە لە رووەکێك کە ریشەی بە ناو رابووردودا رۆچووەو پەلەکانی بە درێژایی چاخەکان درێژ دەبنەوەو نازانێ کە ئەو یەکێکە لە ملوێنان کەس کە بە دوای یەکدا لە سەدەکانو نەوەکانەوە هاتونو زەویان کێلاوەو شارستانیەتیان بنیاد ناوەو هزریان دروست کردوەو گیانان بەخت کردوەو جەنگاونو لەمەیدانی جەنگدا لە ناو چوون. هەموو ئەمانەش بۆ تۆمارکردنی مێژوی نەتەوەکەیان بوە دێڕ بە دێڕ، بنیاتەکەی بەرد بە بەرد بخەنە سەر یەكو بلیمەتی خۆیان دەربخەنو پەیامەکەیان بەردەوام بێت"[٣٨]. ئەندامانی نەتەوە لەماوەی چەند سەدەیەك پارێزگاری خۆیان کردو خەباتیان کردو بەرگریان لەبارودۆخی دژواری پڕ لەکەندو کۆسپ کرد لەپێناوی ئەوەی لەتاریکی نەبوون دەربچنو روناکی ژیان ببینن[٣٩]. هەولّو تەقەللای سەدەها نەوە ئەوە بوو کە شەرەفی بەرپرسێتی ڕابوردو بدەن بەئەندامانی[٤٠]. بەلاّم "لە سەردەمی لاوازییو زەلیلییو داکەوتنو پەرتبوون" ئەم بەرپرسێتیە ئەوەندە ئاسان نابێت[٤١] و هەرچەندە ئەم بەرپرسێتیە سەختو پڕ لەناخۆشیە بەلاّم حەکەمێکی ڕەوایە چونکە پالّەوانیەتی بەئەندازەی ژیانی سەخت دەپێورێ و(دەبێ بە ڕێگەیەك) بۆ ڕزگار بوون لەئیمپریالیزمی بێگانەو بەرهەلّستی بەرامبەر مەترسی دابەشبوون[٤٢].

وەکو تێبینی دەکەین، ناسیۆنالیزمی عەفلەقی بریتییە لەبەرپەرچ دانەوەیەك بۆ دۆخی قەیرانی سیاسیو بوونیی (وجودیی).

لەدۆخێکی ڕێگەلێتێکچونی کۆیی، ناسیۆنالیزم ئومێدی دلّنیایی ڕزگاربوون دەدات چونکە دەتوانێ هێزی "پاشماوەیی" ڕۆحی عەرەبی بهێلّێتەوەو واتایەك بەژیانی عەرەب ببەخشێ. وەك ڕوون کرایەوە بنچینەی ئەم ناسیۆنالیزمە بریتیە لەپەرستنی باوو باپیر. عەرەب دەبێ لەناو هەستو سۆزی باووباپیر بژین. دەبێ پشت بکەنە ئێستا (دۆخی حازرو) و لەسەر وێنەی هوشیاریی رابوردوو پاشەڕۆژ ببینن. مێتێمپسیکۆزی* ناسیۆنالیست، "بەخێزان کردنی" نەتەوە دەکات بەمەرجێك.

---

* ئەو عەقیدەیەی کە هێما دەکات بۆ ئەوەی کە هەمان گیان دەچێتە لەشی زیاتر لەمرۆڤێك یاخود ئاژەلّێك.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم لەیەکچونە دەستەواژەییە لەبیرو بۆچونی سەرجەم ئەو ناسیۆنالیستانە تێبینی دەکرێت کەئاماژەمان پێکردن. خۆی لەخۆیدا ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە دەبێ بە شتێکی سامناك کاتێك کە "دەسیاسەتێنرێ" یان "ڕۆماتیزە دەکرێ". قەوارەی "باوو باپیرەیی" شتێکی سروشیتە ئەگەر تەنها پەیوەندی تێزێکی مێژوویی تەرح بکات، بەلاّم کاتێك دەبەسرێتەوە بەکێشەی دەسەلاّتو خۆسەپاندن، ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێ. بەرێسیش دەیەوێ لەرێگەی ناسیۆنالیزمەوە چارەیەك بۆ تێکشکاندنی نەتەوە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هێزی هەستوسۆز بتوانێ ببێ بەشتێکی پراکتیك، پێویستە کەتاك ڕێگەی هەمیشەیی بگرێت لەسەر بناغەی هۆشیاری باوو باپیرەوە. بەم شێوەیە نەتەوە دەبێت بەیەك خێزان. هەروەها فیختەش "وەعدی ژیانێکی هەمیشەیی" لە ناو " گڕی قوتدەری نیشتمانیگەری مەزن" دەبینێ[٤٣]. بەلاّم ئەم "هێزەی خاك" خۆی لەرێگەی "مەتێریالیزە کردنی" هۆشیاری ئەو باوو باپیرانە دووبارە دەکاتەوە کە لەرابوردودا ڕەگیان داکوتیوە. رێنانیش هەروەها لەناو "بیرەوەریدا" (ذاکرة) پەیوەندی نێوان ئێستاو ڕابوردوو دەدۆزێتەوە. "پەرستنی باوو باپیر ڕەواترین شتە،. باوو باپیرانمان وایان کرد کە ئێمە واین"[٤٤]. بەم بۆنەیەوە میشیل عەفلەقیش هەمان شت دەلّێ، هەمان بیرۆکە دووبارە دەکاتەوە: "ناسیۆنالیزم بیرەوەریەکە (تذکر)، بریتییە لەبیرەوەریەکی ژیاو"[٤٥]. ناسیۆنالیزم " هەمان ئەو سۆزە پێکدێنێ کەتاك دەبەستێ بەخێزانەکەی چونکە نیشتیمان مالّێکی گەورەیەو نەتەوەش خێزانێکی فراوانە"[٤٦].

ناسیۆنالیزمی جۆرج ڤاشەر لەپووژ Georges Vacher Lapouge و ڕەگەز پەرستیە بایۆلۆژیەکەی‌و تێروانیە "هەلّبژاردەییەکەی" بۆ مێژوو و چەمکی " هەلّبژاردنی هاوئاراستەکەی" لەئەنجامی "جیهانبینیەکی بنەڕەتیی نەتەوەوە دێت"و وەك بەردەوامبوونێکی باوو باپیرانە سەرچاوە دەگرێ" [٤٧]. ناسیۆنالیزمی بایۆسیاسی bio-political لەپووژ لەناو چەمکی "نەتەوە ـــ خێزان" ڕەگی داکوتاوە کە لەناو نەوەکانی ڕابوردوودا خۆی دەدۆزێتەوە. بەم بۆنەیەوە لەپووژ دەلّێ "نەتەوە(. . .)

خێزانێکی گەورەیە کەسنوری خۆی هەیە. زیندەوەرەکان هاوکارن لەگـەڵ مردوەکـانو لەگەڵ ئەوانەی کە لەپاشـەڕۆژدا دێـن". " نەتـەوە پێکـهاتوە لـەخێزان، بەتـەواوەتی پێکـهاتوە لەچـەند خـێزانێکی هاوپـەیمان، نەتـەوە بریتییـە لەکۆیـەکی بـایۆلۆژی، لەشتێکی مەتێریال، نەك لە "خۆگێلکردنێکی" دادوەری"[٤٨].

لەپووژ هەوڵ دەدات " کەراکتەری ڕاستەقینەی نەتەوە" لەناو "واقعێکی بایۆلۆژی" پیشان بدات [٤٩]. نەتەوە وەکو کۆمەڵگەیەکی خوێن لەسەر مۆدێلی خێزانێکی گـەورە پێشکەش دەکرێتو کۆی ئەو کەسانەی کە لەڕەگەزی جیاواز جیاوازەوە دێنو یـەکتریان گرتوە لەرێگەی پەیوەندیە ئالۆزەکانی خێزانەوە لەلایەن باووباپیرەوە دەبـێ کاریـان تـێ بکرێ. لەبەر ئەوە نەتەوە زیندەوەری ئەمڕۆو مردووی دوێنێو ئەوەی پاشەڕۆژی کۆتـایی سەدەکان دەگرێتەوە چونکە نەتەوە ویستی "هەمیشەیی‌و گەردونیی" هەیە، واتا تەنها ئەوەی کە توانای مانەوەی هەیە بۆ بەرەوامی پێدانی باوو باپیران"[٥٠]. بەلای لەپووژەوە "بۆگەنکردنی" نەتەوە وەك کۆمەڵگەیەکی با یۆ مێژوویـی لەئـەنجامی تێکـەڵبوونو بەیەکداچوونی نێوان ڕەگەزەکانەوە پەیدا دەبێت. "خۆکوشـتن"و خۆلـەناوبردنی نەتـەوە لەئـەنجامی "زاووزێبونـی" بێگانەکانـەوە دێـت کـە تێکـەڵ بەدانیشـتوانی ئۆتۆکتۆن(دانیشتوانی ڕەسەنی خاك) دەبنو وەك ئەنجام دەبنە هـۆی" تەشەنەسـەندنی ئیلیمێنتی دیسژێنیك dysgenic (یـان کـاکۆژێنیك cacogenic) لـەناو دانیشـتوانی خاوەن ڕەگەزی ڕەسەن"[٥١]. لەم تێڕوانینە ڕەگـەز پەرسـتیەوە، لـەپووژ دەگاتـە ئـەوەی پێناسەی تاك بکات: "لە ڕێگەی بڕیاری سیاسیەوە مرۆڤ نـابێ بەئـەندامی خـێزانێك یاخود نەتەوەیەك(. . .). تاك لەلایەن ڕەگەزەوە پاڵ پشتی لێدەکرێ. خۆی بەتەنها هیـچ نرخێکی نییە. ڕەگەزو نەتەوە هەموو شتێکن". نەتەوە تەنها ڕاستی کۆمەڵایەتیەو تاك هیچ نییەو تەنها شتێکی ئەبستراکتە abstract ، تەنـها "خۆگێلکردنـە"[٥٢]. نەتـەوە سنوور بۆ ڕەسەنیی پەیوەندیەکانی نێوان تاکەکان دادەنێ، نەتەوە وێنەی ڕاسـتەقینەی تاك پێکدێنێ.

لەساڵی ١٩٤٠ میشێل عەفلەق ڕەخنە لەهەموو پێناسەیەکی تیــۆری ناسـیۆنالیزم دەگرێو هێرش دەباتە سەر ئەوانـەی هـەوڵدەدەن ناسـیۆنالیزم "بەڕۆشـنبیری" بکـەن. لەهـەوڵ دانیـدا بـۆ وەڵامدانـەوەی هـەموو دەستپێشـخەریەك بـۆ پێناسـەکردنێکی ڕۆشنبیریانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی میشێل عەفلەق دەڵـێ: "دەترسـم ناسـیۆنالیزم لای ئێمە هێندە کەم بکرێتەوە بۆ زانیاریـەکی ئـاوەزی (ڕۆشـنبیری) و لێکۆڵینـەوەی ووشەیی‌و بەم شێوەیە هێزی دەمارو وگەرمایی سـۆز وون بکـات(. . .). لـەوە دەکـات (گـەنج‌و خوێندکـار) باوەڕیـان بەبەسـتنەوە بەناسـیۆنالیزمەوە لەڕێگـەی ڕادەی پێناسەکردنیان بۆ ڕاستی یان هێزی ئەم پێناسەکرنەوە بێت هەرچەندە باوەڕ دەبێ پیش هەموو زانیاریەك بێت‌و گاڵتە بەهـەموو پێناسـەکردنێك بکـات. بـەلاَم ئـەوە (واتـا ناسیۆنالیزمـە) کە ڕێگە ڕوونـاك دەکاتـەوە بـۆ زانیـاری(. . .). ئـەو ناسـیۆنالیزمەی کەبانگەشەی بۆ دەکەین پێش هەموو شتێك بریتیە لەخۆشەویستی، بریتییە لەهەمان سۆز کەتاك بەخێزانەکەیەوە دەبەستێتەوە (. . .). هەر چۆن کەخۆشەویستی بوونی نییە ئەگەر نەبەسترێتەوە بەخۆبەخت کردن، بەم شێوەیەش ناسیۆنالیزم (بوونی نییە ئەگـەر نەبەسترێتەوە بە خۆ بەخت کردن). . . ئەوەی کەشتێکی خۆش دەوێ گوێ ناداتـە هـۆی خۆشەویستیەکەی‌و ئەگەر پرسیاریش بکـات (سـەبارەت بـەم خۆشەویسـتیە)، هیـچ هۆیەکی ڕوون نادۆزێتەوە. ئەوەی کەتوانای خۆشەویستی نییە بەبێ هۆیـەکی ئاشـکرا، واتای ئەوەیە کەخۆشەویستیەکەی نەماوەو تەواوبوەو مردوە"[٥٣].

ئەم دیـدو بۆچونانـەش زۆر نزیکـن لەوانـەی فیختـە سـەبارەت بەناسـیۆنالیزم. زۆر بەدڵنیایی فیختە ئەو کەسە بوو کەکاتێك خۆشەویستی بۆ ناسیۆنالیزم پێناسە کـرد وەك ڕێگەیەك بۆ هاندانی ئەڵمانیەکان بۆ خەبات دژی بێگانە، گۆڕەپـانی فەلسـەفەی بەجێ هێشت لەپێناوی چونەناو شانۆی سیاسی پوختەوە. بەلای فیختـەوە ناسـیۆنالیزم تەنها ڕێگە بوو بۆ ژیانەوەی یەکێتی پاش چەند سـەدەیەك لەناخۆشـی‌و ئەشـکەنجەو پارچە پارچە بوونی سیاسی. لەپێناوی دروستکردنی "ویستێکی چاك‌وچەسـپاو و بـە بەرهەم" و مسۆگەر کردنی "بـەردەوامیی نەتـەوەی ئـەڵمان" لـەناو ئەڵمانیـەکاندا،

فیختە ئەوەی پێشنیاز دەکرد کەخۆپەرستی ناسیۆنالو خۆشەویستی ناسیۆنال جێی خۆپەرستیو خۆشەویستی تاك بگرنەوە. "پێوستیتە کە دڵی هەموو ئەوانەی کە هاوبەشن لەڕەگەزی ئێمە، خۆشەویستیەکی دیکە کە ڕاستەوخۆ بەسراوەتەوە بەباشیەوە جێی ئەو خۆپەرستیە بێ کەڵکە بگرێتەوە"[٥٤]. بۆ ئەوەی ئەم خۆشەویستیە بتوانێ خانە ناوەکیەکانی تاکی ئەڵمانی بلەرێنێتەوەو زاووزێ بکات تابگاتە ناو "ناخی بوونیەوە"، دەبێ هەموو هێزەکانی بشەکێنەوە. نیشتمانپەروەری بریتیە لەخۆشەویستی تاك بۆ نەتەوەی خۆی[٥٥]. تاك خۆی لەخۆیدا دەبێ بەنەتەوەو کەسایەتیە ئەبەدیەکەی دەرجەکەوێ کاتێك " ئەو پەیوەندیە بە شێوەیەکی تەواو لە گەڵ نەتەوەدا دەچەسپێ ". نەمری نەتەوە لەپراکتیکدا لەئەنجامی خودایی ئەم پەیوەندیە سۆزدارەوە دێت. هەر خۆشەویستی نیشتمانە کە تاك دەکات بەئەندامێکی "چالاكو کاریگەر" کە توانای خۆبەخت کردنی لەپێناوی گەلەکەی هەبێت "[٥٦]. بۆ ئەوەی نەتەوەکەی ڕزگار بکات، تاکی ئەڵمانی دەبێ ئامادەیی خۆی دەربڕێ بۆ مردن لەپێناوی ئەوەی کە نەتەوەکەی بژیو خۆشی بەردەوامی بدات بەو بوونەی کەتەنها ئاواتی بووە[٥٧]. ئەگەر نا، چ شتێك پاڵ بەئەڵمانیەوە دەنێ خەباتی بێهاوتا بکاتو سەرکەوێت بەسەر "هێزی بەرگریکردن"؟ وەڵام: باوەڕهێنان بەو"ئێلێمێنتە ئەبەدیە" کەبریتییە لەنیشتمانپەروەری. باوەڕ (ایمان)، لە مێژووی میللەتی ئەڵماندا، ئەو شتە گرنگە بوو کە توانی بچێتە "ناو ناخی گیانی" ئەڵمانیەکانەوەو بوە "تەنها بنچینەی ئومێدیان بۆ بەدیهێنانی کامەرانیەکی ئەبەدی"[٥٨].

ناسیۆنالیزم و "چارەسەری چوار کوچکەیی" عەفلەقی

ناسیۆنالیزم باوەڕهێنانو خۆشەویستیە پێش هەموو شتێك. لەپشت ئەم تێڕوانینەوە دەتوانرێ تێبینی چ شتێك بکرێ ؟ کە دەوترێ ناسیۆنالیزم باوەڕهێنانە، واتای ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم بەرز دەکەینەوە بۆ سەر ئاستی ئاینو دوایی دایدەنیێن بەپرینسیپێکی مەزن کە پێویستە کۆمەڵگەی نەتەوایەتی متمانەیەکی تەواوو بێ مەرجو بێ هاوتای

پێ هەبێت. بۆچی؟ چونکە باوەڕهێنان لەجەوهەریدا فۆرمێکە لەزانیاری کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ لەرێگەی کۆنترۆلی ئەزمونیەوە یان لەرێگەی ئاراستەو چوارچێوەی لۆژیکیەوە مسۆگەر بکرێ. باوەڕهێنان کە بێ مەرجانە ملکەچی دەکات بۆ پێشبینیکردنی خۆیی زۆر دوورە لەوەی کەپێناسە بکرێت لەرێگەی پرینسیپی دەمەتەقێو سەلماندنەوە. لەم بارەیەوە میشێل عەفلەق مامەڵە لەگەڵ باوەڕی ناسیۆنالیستی وەك باوەڕی ئاینی دەکات، واتا باوەڕی ناسیۆنالیستی دەخاتە شوێنی باوەڕی ئاینی. بەلای ئەوەوە، ناسیۆنالیزم هەستێکە کە لەرێگەی باوەڕەوە نەبێت بەهیچ شتێکی دیکە تەئکیدی لێ ناکرێ. بەهای باوەڕهێنان دەگەڕێتەوە بۆ فۆرمو یاسای هەڵسوکەوت کە لەلایەن هێزی مێتافیزیکەوە پێناسە دەکرێنو سنوریان بۆ دادەنرێتو لەرێگەی ئەم هێزانەشەوە کۆمەڵگەی نەتەوایەتی بوونی زامن دەکرێ. "تەواویی" و یەکێتی ئەندامان لەلایەن ناسیۆنالیزمو داخوازیو پێشنیازەکانیەوە سنوریان بۆ دادەنرێ، چونکە کاتێك کە باوەڕ ناسیۆنالیزم دەخاتە باوەشی خۆی، بەهای خۆبەستن بەنەتەوەوە زیاد دەکاتو خۆبەخت کردن دەبێ بەئیمپێرەتیڤێکی ئەخلاقی. لێرەوە، پەسەند کردنی بێ مەرجانەی باوەڕی خودایی بەکۆی ناسیۆنال لەرێگەی نەبونی زانینو حوکمی لۆژیکەوە دەبینرێ. کۆمەڵگەی ناسیۆنال دەبێ خۆی لەسەر بناغەی بۆچونێك ڕێکبخات کەزانینو لێکۆڵینەوەی لۆژیکی نەتوانێ پاساوی بکات. میشێل عەفلەق دەڵێ "بنچینەی نەمری کارەکانمان کەناگۆڕێو هیچ شتێك جێی ناگرێتەوە بریتیە لەباوەڕو گەشبینیش شێوەیەکی ساکارە لەدەرکەوتەکانی باوەڕ"(٥٩).

ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشە، سەرجەم ناسیۆنالیزمە تۆتالیتاریەکان لەسەر بناغەی ئەم تێڕوانینە فەلسەفیە خۆیان ڕێکدەخەن. بۆ چی؟ چونکە بەلای ئەوانەوە پیرۆزیی خەبات دەبێ لەباوەڕهێنانەوە هەڵبقوڵێ. چونکە ئەمە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێ کە بەلێبوردەییەوە کاربکاتو ملکەچی بکات بۆ بیری ناسیۆنال لەچوارچێوەی ئەوەی کەئەوان لەم بارەیەوە دەیانەوێ. میشێل عەفلەق هەر وەکو هیتلەرو مۆسۆلینی دەیەوێ کۆمەڵ بۆ "کۆمەڵگەیەکی سیاسی بنچینەیی باوەڕ" بگۆڕێ. بەم شێوەیە نەتەوە

دەبێت بەکەتێگۆریەکی ئاینیی کە دەیەوێ هاوولاتی بخاتە سەر هەموو ئیعتبـــاراتێکی تایبەتی لەپێناوی خزمەتی ئیدیێالی ناسیۆنال. بـــۆ نمونـــە، موســـۆلینی بـــاوەڕ هێنـــان بەبناغەی کۆمەڵ دادەنێ کەتاك دەتوانێ لەرێگەیەوە گوزارشت لەرەفتارو بێ هەســـتی بەرامبەر بەئازار بکات. "ئەگەر فاشیزم بریتی نەبێ لەباوەڕ، چۆن دەتوانێ ستۆیسیزم stoicism* و غـــیرەت بـــدات بەئـــەندامانی"[٦٠]. بـــەلای فاشـــیزمەوە، کۆمـــەڵ وەك رێکخراوێکی رۆحی دەبێ لەکۆمەڵگایەکی سۆسیۆسیاسی پێکبێت کـــە ئەندامـــەکانی لەپەیوەندیەکی تەسکدا بن لەگەڵ یاسای مەزن کە بریتییە لەگوزارشتی کۆمەڵگـــەی باوەڕهێنـــان. هیتلـــەریش چـــەمکی "ڤۆلکیـــش" پێناســـە دەکـــات لەرێگـــــەی جیهانبینییێکەوە (weltanschaunng) کە بنچینەکـــەی بـــاوەڕە. "کۆمـــەڵگای کـــردەوەو خەبات"، وەکو دەیگوت، دەبوایە رەگی لەناو تـــێڕوانینێکی قوڵـــی ئـــاینیی داکوتایـــە. ئیدێیـــالی ناســـیۆنالیزم نـــەیدەتوانی دەرکـــەوێت (بـــەدی بێـــت) ئەگـــەر لەرێگـــەی کۆمەڵگەیەکی سیاسی باوەڕهێنان نەبوایە. "باوەڕ یارمـــەتی مـــرۆڤ دەدات کـــە بـــەرز بێتەوە بۆ سەرووی ئاستی ژیانی ئاژەڵییو لەهەمان کاتدا هاوبەشی دەکات لە بـــەهێز کردنیو مسۆگەر کردنی بوونی"[٦١]. "نەمریی گیانی ئەڵمانی، ژیانی ئەبەدی، بوونی مرۆڤی مەزن"، ئەمانە هەموی ووشەنو هیچ واتایەکی ڕاستەقینە نابەخشنو نـــاتوانن کـــار بکەنـــە ســـەر ئـــادەمیزاد ئەگـــەر هـــێزو گـــوڕی خۆیـــان لـــە "بـــاوەڕێکی ئەپۆدیکتیك" (apodicticus) وەرنەگرن، واتا ئەگـــەر هـــێزو گـــوڕی خۆیـــان ســـەرچاوە نەگرن لە باوەڕێك کـــە پێویســـتی بـــە ســـەلماندن نییـــە چونکـــە بـــێ مەرجانـــە راســـتە. "باوەڕهێنان ئامرازێکە هەموو کەلێنێك پڕ دەکاتەوەو رێگە پاك دەکاتەوە بۆ ناســـینی چەمکە ئاینیە بنەڕەتیەکان"[٦٢]. دەبێ ئامرازی خەبات مسۆگەر بکرێ بۆ کۆمەڵگای نەتەوایەتی بەشێوەیەك کە بتوانێ تاکەکان رۆحانیانـــە کۆبکاتـــەوە "لـــە نـــاو هـــەمان ئیعتقاد وهەمان ویست"[٦٣]. ئەگەر وا نەبێ بەهای پراکتیکی زانست یان زانیاری یان

---

* عەقیدەیەکی کۆنی فەیلەسوفەکانە کە دەڵێ بەختەوەری لەفەزیلەوە هەڵدەقوڵێ. بەڵام مۆسولینی ئەم ووشەیە بەواتای پاڵەوانێتی بەکاردێنێ.

سیستێمێکی فەلسەفی هیچ کەڵکێکی بۆ ژیانی میللەتێك نییە و دەبێ بەدۆگمێکی بێ کاریگەر. ئەو کێشە سەرەکیەی کە ناسیۆنال سۆسیالیزم دەبێ بەرنگاری بێتەوەو چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە بریتیە لە "گۆڕانی سیستێمێکی فەلسەفی ڕاستەقینە لەسەر ئاستی نمونەیی بۆ کۆمەڵگەیەکی باوەڕو خەبات کە بەتەواوی سنوری بۆ دانرابێ، کە بەشێوەیەکی رەق ڕێکخرابێ، کەجوڵێنەری تەنها یەك ئیعتقاد بێت"[٦٤].

با نەختێکی دیکەش لایەنەکەی تری تێڕوانین و جیهانبینی عەفلەقی شیبکەینەوە. ناسیۆنالیزم خۆشەویستیەو هەوڵدان بۆ "بەرۆشنبیری کردنی" ئەوە دەگەیەنێ کە بیکەین بەشتێکی ئەبستراکت‌و دوایش "دەماری ژیاوی لابەرین"و وای لێ بکەین تین‌و گوڕی سۆزی نەبێت. ئەمە واتای ئەوە دەگەیێنێ کە ناسیۆنالیزم دەبێ هێزی خۆی لەسۆزو هەستی کوێرانە، لەگوڕێکی ناوخۆیی کەڕەگی داکوتیوە لەناو قوڵایی نالۆژیکدا وەرگرێت. کەواتە میشیل عەفلەق تیۆری ناسیۆنالیزم لەسەر بنچینەی ئەو هێزو غەریزیە میکانیکیە بنیاد دەنێ کە مرۆڤ دەبزوێنێ تا ناو هەناوی گشت ڕۆحی. هەر وەك ئیمانویل کانت Emanuel Kant دەیگوت، سۆز یان حاڵەتی عاتیفی قووڵ هەستێکە "ناهێڵێ مرۆڤ بگاتە بیرکردنەوە" و فرێی دەداتە ناو جەرگەی بیرنەکردنەوە[٦٥]. ئەم بۆچونەی ئیمانوێل کانت کە لەبواری فەلسەفەی تێڕاماندا (تأملی) واتای قوڵی خۆی هەیە، لێرەدا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی نییە بەئامانجی بابەتەکەمان، بەڵام بیری سیاسی عەفلەقمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر لەم بارەیەوە چاوێك بخشێنین بەتێڕوانینی میشێل عەفلەق، دەبینین کە کاتێك ئاگری سۆز خۆشەوە دەکات، عەفلەق دەیەوێ بنچینەی بەکۆمەڵایەتی بوون بگۆڕێ‌و بیکات بەحاڵەتێکی عاتیفی بەهێزی خاوەن وەزیفەیەکی مۆراڵیی. بەدورخستنەوەی ناسیۆنالیزم لەزانیاری لۆژیکی، عەفلەق هەست‌و سۆز دەگۆڕێ بۆ ئامرازێکی بەهێزو دوایی دەیکات بەحەزو ئارەزویەکی مەکیەڤێللیانە کە لەکاتی گەیشتنی بۆناخی قەوارەی نالۆژیکدا، جۆشی فەزیلەی پاڵەوانیەتی‌و شۆڕشگێڕی هێرشبەر لەناو دڵی جەماوەر دەبزوێنێ. لەسەر بناغەی ووزەی جووڵانەوەی بێ سنوور، بەعس دەیەوێ پاڵ

بەتاکەوە بنێ تا کار بکات بۆ دروستکردنی نەخشەی کۆمەڵی نەتەوایەتی. لەرێگـەی ئەم هێزە جووڵێنەرەوە عەفلەق دەیـەوێ گیـانی میللـەتی عـەرەب بلەرزێنێتـەوەو بیر کردنەوەی لۆژیکی تیایدا بکوژێ بۆ ئەوەی فرێی بداتە نـاو باوەشـی هـێزی کوێرانـەی نالۆژیك. هیتلەریش هەروەها بەردی بناغەی عەقیدەی ناسـیۆنال سۆسـیالیزمی دانـا لەسەر بنچینەی "سۆزو هەستو ئەوینی (نۆستالژیای) بەجۆش نەك لەسـەر بناغـەی پانۆراما رۆشنبیریەکان"[٦٦]. ناسـیۆنالیزمە رۆحیەکـەی هیتلـەر دەبوایـە دوور بوایـە لەهەموو "رێکخستنێکی تیۆری" بۆ ئەوەی بتوانێ کاربکاتە سەر "فراوانترین هـێزی را کیشان"[٦٧]، (واتا ئەو هێزەی کە توانای راکێشانی خەڵکی هەیە بۆ ناو رێکخراوی ناسیۆنال سۆسیالیزم) و لە ناو قوڵایی مرۆڤدا حەزو ویست بـۆ توندوتیـژی ببزوێنـێ. ناسیۆنالیزمە سۆزدارەکەی نازیەت دەبوایە خزمەتی لەدایك بوونی" رۆحی نەتەوایەتی بەتەواوی هاوجۆر(هۆمۆجین)" بکردایە. دەبوایە خزمەتی ئەوەی بکردایـە کـە بەچـەك ئەو رۆحە ئامادە بکرایە بۆ بەدیهێانی سەرکەوتنی بـیری رەگەزپەرسـتیو راگـەیاندنی "جەنگ دژی پەیرەوی چەسپیو"[٦٨]. ئۆتۆ شتراسەر Otto Strasser هێرشی دەبردە سەر مارکسیەکان کە بەڕای ئەو، دەیانویست جەماوەر لەرێگەی دەمەتەقێو باسـی تیـۆری بێ کەڵك لەسەر ئاسـتی پراکتیـك بخلیسـکێننە نـاو باوەشـی خۆیـان. بـەلای ئـەوەوە مارکسیەکان تێ نەدەگەیشتن کە تەنها تـەوژمو هـێزی رۆح دەیتوانـی هـەموو شـتێك بجوڵێنێتەوە. بەم بۆنەیەوە دەیگوت: "ئێوەی مارکسی بە بەردەوامی بانگەشە دەکەن بۆ عەقیدەی کارل مارکس(. . .). ئەی کوا ڕاستی ئـەو ڕووداوانـە کـەپاش هەشـتا سـاڵ لەسەر ئاستی پراکتیك شۆرشی کۆمەلایەتی دەسـەلمێنن ؟ ئێـوە هەڵەیـەکی بنـەڕەتی دەکەن کاتێك نکوڵی لەگیانو ڕۆح دەکەن، کاتێك ئەوە پشت گوێ دەخـەن واتێناگـەن کە ئەمانەن هەموو شتێك دەبزوێنین"[٦٩].

بەم شێوەیەش ، ناسیۆنالیزمی بەعسی عەفلەقی بانگەشە بۆ تەوژمو هـێزی رۆحـی عەرەبی دەکات. بەلای عەفلەقەوە هەژاریی پێش هەموو شـتێك بریتییـە لەهـەژاریی ڕۆح، واتا هەژاریی ڕۆح پێش هەژاری کۆمەڵە. لەبەر ئەوە دەبێ کاربکرێتە سەر هـێزی

سۆز کەلەپشت ڕۆحی نەتەوایـەتی لـەدۆخێکی شـاراوە مـاوەتـەوە. هیـچ قەوارەیـەکی چوارچێوەدانەری ئایدیۆلۆژی دیکە بەو شێوە ڕاستەوخۆیەو بـەو شـێوە گـورج وگولێـە ناتوانێ وەك هێزی سۆزداری ناسـیۆنالیزمی "بـاوو باپـیرەیی ڕۆحـی" بچێتـە نـاخی هوشیاری سیاسیەوە. میشیل عەفلەق زۆر هوشیارەو دەزانـێ کەئایدیۆلۆژیایـەك هیـچ سەرکەوتنێکی بەو شێوەیەی کە بەعسی گشتگر دەیـەوێ بـەدی ناهێنـێ ئەگـەر ڕوو نەکاتە حاڵەتی جۆش و هەستی کۆمەڵ. بۆ بەعس و عەفلەق ئەوە گرنگە کە بەرنامەی ئامانجەکەی بەدیبێنێ: خوڵقاندنی کۆمـەڵی بەعسی. بەناوی ئەم ئامانجەیە کەعەفلەق هـێرش دەباتـە سـەر لێکۆڵینـەوەو وورد بوونـەوەی ڕۆشـنبیری لەسـەر ناسـیۆنالیزم. هیتلەریش بەهەمان شێوە دەیگوت: " تەکتیکی باش لەبواری سایکۆلۆژی جەماوەردا بریتییە لەدورکەوتنەوە لەهەموو شیکردنەوەیەك کە ئامانجی سەلماندنی ڕاستی شـتێك بێت و پێویستە تەنها ئامانجی کۆتایی گەورە بـاس بکـرێ"(٧٠). پـڕ کردنـی مێشـکی جەماوەر بەشیکردنەوەی بابەتیی و لەڕێگەی ئانالۆژی analogy (لەیەکچوون لـەنێوان دوو بابەت لەناوەڕۆك جیاواز) دوورودرێژ دەبێتە هۆی نەمانی ئەوەی کەئێمیل دورکـایم Emile Durkheimپێـی دەڵـێ "دۆخـە بـەهێزەکان و دیاریکراوەکـانی هوشـیاری کۆیی"(٧١). لەپێناوی گەیشتنە "ئامـانجی کۆتـایی گـەورە" پێویسـتە بـیر بکرێتـەوە لەیەکگرتن و ئامادەکردنی تەواوی ئەو ووزە پێکهێنەرانەی کـە ڕێگـە خۆشـدەکەن بـۆ بەرزکردنەوەی شەرەفی ڕۆحی عەرەبی(بەلای عەفلەقـەوە) و ڕۆحـی جـەرمانی (بـەلای هیتلەرەوە). بەڵام ئەمە ناکرێ ئەگەر لە ڕێگـەی ئـەوە نـەبێت کـە پسـپۆڕی مێـژووی نازیەت، مارتین برۆزات Martin Broszat پێـی دەڵـێ زیندوکردنـەوەو "بەسـەرەتایی کردنی primitivization هوشیاری کۆیی و ووزە نەتەوایەتیەکان"(٧٢).

شایستەی وەبیرخستنەوەیە کە بەئاینکردن (ئاینانـدن) و خودایی‌کردنی ناسیۆنالیزم و ڕەفز کردنی هەموو جۆرە بیر کردنەوەو بەرۆشنبیری کردنـی، ناسـیۆنالیزم دەچێتـە نـاو بواری ئەفسانەوە. چونکە ئەگەر بمانـەوێ تێرمینۆلۆژیـەکی ئیفلاتونـی بـەکار بێنـین دەتوانین بڵێین کە ئەفسانە بریتیە لەگێڕانەوەیەك کە پـەیوەندی بەخوداکانـەوە هەیـە،

پەیوەندی بەزیندەوەری خوایی‌و پاڵەوانەکانەوە هەیە. ئەفسانە هیچ پێویست بەسەلماندن یان شیکردنەوەی لۆژیکی ناکات. هەر بەڕاستی لەڕێگەی ئەفسانەوە عەفلەق دەیـەوێ واتایەك بەژیانی عـەرەب ببەخشـێ. "ئەفسـانە، جـۆرج سـۆرێل Georges Sorel ، دەیگوت بەدرۆ ناخرێتەوە، چونکـە لەبنـەڕەتدا جووتـە لەگـەڵ بـیرو بـاوەڕی گروپـداو گوزارشت لەجولانەوەی ئەم بیرو باوەڕە دەکات. لەبەئەوە شیتەڵ ناکرێتـەوەو بەشـەکانی یەکەیەك پێکدێنین بەشێوەیەك کەناتوانن بەکار بـهێنرێن لەسـەر ئاسـتی گێرانـەوەی مێژوویـی"[٧٣]. بـەلای سـۆرێلەوە "خـەڵکی کـە هاوبەشـی دەکـەن لەبزووتنـەوە کۆمەلایەتیـە بایـەغدارەکان، کردەوەکانیـان بـەگوێرەی ئەفسـانە دەڕەخسـێنن‌و ئـەو ئەفسانەیە هاندەرێکە بۆ ئازایەتی‌و پاڵەوانێتیان بۆ مسـۆگەر دەکـات"[٧٤]. ئەفسـانە وەك "چەند وێنایەك (تصور) وایە کە دەجولێتەوەو بەشەکانی بەیەکەوە بەسراونەتەوە" و ڕۆلی "جولانەوەی خولقێنەر" دەبینێ‌و مرۆڤ دەبزوێنێ[٧٥]. لـە بـەر ئـەوە پێویسـتە ناسیۆنالیزم وەك ئەفسانەیەك پێشکەش بکـرێ. ئەگـەر بـەهۆی زانیـاری ڕۆشـنبیری‌و شیتەلکردنەوەی ووشەیی ناسیۆنالیزم بخنکێـنرێ، ئەوسـا هـێزی ئەفسـانەی بەعسی دەفەوتێ. پێویستە پارێزگاری ئەم ئەفسانەیە بکرێ چونکە بەوون بوونـی، هـێزی ئـەو بزووتنەوەیـە دەفـەوتێ کـەخۆراك بـەئایدیۆلۆژیای بەعسـی عەفلـەقی دەبەخشـێ. لەڕاستیدا ئەم ئەفسانە ناسیۆنالیستەیە کە بەهایەکی مۆڕالا دەبەخشـێ بـە شۆڕشـی بەعسی‌و هەروەها ئەم ئەفسانە شۆڕشگێڕانە بوو (توندو تیژی) کە سۆرێل دەیویسـت بیکات بەجولێنەری "شۆڕشی ڕەها". سۆرێل دەیگوت: "دەتوانین بـە بـەردەوام باسـی ڕاپەڕین بکەین، بەلام ئەگەر ئەفسانەیەك نەبێ کە لەلایەن جەماوەرەوە پەسەند بکرێ، ئەم ڕاپەڕینە نابێتە هۆی بزووتنەوەیەکی شۆڕشـگێڕانە"[٧٦]. ئەفسـانە "ڕێگـە پـاك دەکاتەوە بۆ تێگەیشتنی چالاکی‌و هەست‌و بیری جەماوەری گەل‌و خۆی بـۆ خـەباتێکی بڕیاردەر ئامادە دەکات. ئەفسانە بریتیی نییە لەوەسفکردنی شت، بەڵکو گوزارشت لـە ویست دەکات "[٧٧].

ئەو ناسیۆنالیزمە سۆزداریەی کــە میشـێل عەفلـەق پێشـنیازی دەکـات‌و دەچێتـە سەرووی هەمـوو بۆچونێکی لۆژیکی، سروشتی خۆی دەگۆڕێ‌و دەبێ بــەجۆرێك لــەئاین: هەموو ڕەخنەیەك، هــەموو بەدرۆخســتنەوەیەك، هــەموو شــیکردنەوەیەکی بابــەتیی، هەمـوو دەمەتەقێیەکی مەعریفی، بەوشەیەك هەموو زانستێك کەسەرقاڵی باسـکردنی بێت، دەبێ بەکفرێك دژی دۆگمی ئاینی بەعسی. ناسیۆنالیزمی ڕۆحی -باوو باپـیرەیی، بەهۆی ئەم هێزە میستیکیەوە پاساوی ڕەهای زەبرو زەنگ دەکات. سەدام حوسەین دەڵێ "مەرجی بەردەوام" کە شۆڕشگێڕ پێویستە لەکاتی خەباتدا پێوەیەوە پابەند بێ بریتیە لــە "هێرشــبردن‌و بەرنگاربونــەوە"[٧٨]. ئـا بـەم شـــێوەیەیە کــە ناســیۆنالیزم وەك خۆشەویستی دەبێ "جۆشی خــەبات" فـراوان بکاتــەوە بــۆ ئــەوەی ئیدێیـــالی بەعســی سەرکەوێت. بەعسیەك دەبێ "سروشتێکی دڕندانەو مردن بەخشــی هــەبێت بەرامبــەر ئەو کەسەی کە هاوبەشی بۆچوونەکانی ناکات. بێ کەڵکە تەنــها خــۆی ببەسـتێنەوە بەخەبات دژی بیرو باوەڕی دوژمنەکانی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە تاکەکە خــۆی چونکــە ئەو بیرو باوەڕەی کەخەبات دەکرێ دژی هەرلەخۆیەوە نایەتە کایەوە بەڵکو بەرجەســتەی ئەو تاکە دەکات‌و لەبەرئەوە دەبێ لەناو ببرێ بۆ ئەوەی بیرو باوەڕەکەش نــەمێنێ"[٧٩]. هیتلەریش دەیگوت "کاتێك بیرکردنەوە (ئەقڵ) بێ دەنگ دەبێ، دوا بڕیار دەگەڕێتەوە بـۆ تونـدو تیـژی‌و هــێرش بــردن باشــترین چەکــە بــۆ بــەرگریکردن لـــەخۆ"[٨٠]. چ لەیەکچوونێکی سەرسوڕ هێنەر! چ باوەڕێکی ڕەها بە خۆ! چ باوەڕێکی ڕەهــا بــە زەبــرو زەنگ!

لەم تێڕوانینەوە، دەبێ ناسیۆنالیزمی هێرشبەرو ناسیۆنالیزمی دژەکـردار(ردفعـل)، بتوانێ مرۆڤ ببزوێنێ‌و بیجوڵێنێتەوەو ئامادەی بکات کە لەهــەموو کـاتێکدا هــێرش بەرێتە سەر ئەو کەسانەی کەدەبن بە ئاستەنگێك بۆ بەدیهێنانی بەهەشتی ناســیۆنال. کامەیە گەورەترین‌و بەکایگەرترین هێز کە دەتوانێ جەماوەر سەرخۆش بکات‌و گێــژی بکات؟ بێ گومان ئەفسانەی ناسیۆنالیزمی سۆزداریی. کەراکتــەری ئیبلیســی ئــەم ناسیۆنالیزمە ویستێکی ڕەها دێنێتە کایەوە کە لە "خەباتی بێ ووچانیدا"، ئامادەیــە

لەهەموو چرکەیەکدا ئەوی تر لەناو بەرێ هەر لەبەر ئەوەی ئەوی ترە: "کێ لەگەڵ ئێمە نییە دژی ئێمەیە"، "کێ لەگەڵ ئێمەیە، دەبێ باوەڕبێنێ بەو یاسا مەزنەی کە هەستی ناسیۆنالیزمی تیا دروست کردوین". ئەم تێڕوانینە تیۆریەی عەفلەقە کە لەعیراقی بەعسیدا، کە لەعیراقی سەدامدا جێبەجێ کرا: گوێ برینو زمان برینو کوشتنو برینو ئەنفالو هەڵەبجەو چەکی کیمیاویو گۆڕی بەکۆمەڵو وشك کردنی ئەهواری خواروی عێراق. . . هتد، ئەنجامی ئەم بیرو باوەڕەن.

نابێ لەیاد بکرێ کە پەیوەندیەکی دیالێکتیکی هەیە لەنێوان عەقیدەی فەلسەفیو ڕەفتاری مرۆڤ، لەنێوان تیۆریو پراکتیکدا. کامیان سنوور دادەنێ بۆ ئەوی تر؟ ئایا تێڕوانینی فەلسەفی سنوور بۆ ڕفتارو هەڵسوکەوت دادەنێ یان بەپێچەوانەوە؟ ئایا پێشینەییەکی تیۆری هەیە کە پاساو بدۆزێتەوە بۆ کردەوەیەکی دیاریکراو وەك ڕۆمانیەکان دەیانگوت: "post hoc, ergo propter hoc؟ (پاش ئەمە، ئەمجا بۆ ئەمە، واتا: دوا بە دوا هاتنی هەندێ بارو دۆخ دادەنرێ بەهۆکار بۆ چەند ئەنجامێك؟).

میشێل عەفلەق دەیەوێ تێڕوانینێکی گشتگیر بسەپێنێ بەسەر کۆیەکی مرۆڤایەتی. دەیەوێ مۆدێلێکی ژیانی نەتەوەیی بسەپێنێ لەسەر بناغەی بەرزڕاگرتنی قەوارەی نالۆژیکیو توندو تیژیو خەباتو خۆبەخت کردنو پاڵەوانیەتی میتۆلۆژیەکی هاوچوو لەگەڵ ئەوەی ناسیۆنالیزمەکانی سەردەمی نێوان دوو جەنگ. زیاتر لەمەش، کامەیە خەسلەتی سەرەکی تێڕوانینی بەعسو عەفلەق؟ خەباتو پاڵەوانیەتیو خۆبەخت کردن، لەپراکتیکدا، بەشێکن نەك تەنها لەتێرمنیۆلۆژی بەعسو فاشیزمی مێژوویی، بەڵکو پێکەوە هاوبەشیش دەکەن لەسەر ئاستی ئۆنتۆلۆژی. خەبات، بەو شێوەیەی کەدارێژراوەو داوا دەکرێ کەڕاپەڕێنرێو پراکتیزە بکرێ لەلایەن فەلسەفەی بەعسو ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتاریەکان، دەبێ گشت قەوارەی مرۆڤ بگرێتەوەو ببێ بەئامرازو ئامانجی هەموو هاوولاتیان کە کۆی نەتەوایەتی دروست دەکەن. "خەبات بۆ عەرەبێك تەنها ڕێگەیەك (شێوازێك) نییە، بەڵکو خۆی لەخۆیدا ئامانجێکیشە"[٨١]، چونکە پاراستنی "حیزب و شۆڕش" بە سەروی هەموو شتێکەو لە ناو بردنی ئەوەی

رای لە گەڵ ئـەو راسـتیە نییـە هاوبەشـە لـە گـەڵ خـودی شـێوازو ویسـتی حـیزبی شۆڕشگێڕ(٨٢). هیتلەریش هەمان تێڕوانینی هەبوو. هیتلەریش چوارچێـوەی پـەیڕەوی ناسیۆنال سوسیالیزمی دادەنا وەك "رێكخراوێك لەخەباتدا". كاتێك كەدەیویست خەوی "ئەڵمانیای ئەبەدی"(٨٣) بە دیبێنێ، هیتلەر دەیویست سەردەمی " سڕی وبێ جـوڵان" بگۆڕێو بیكات بە "سەردەمی خەبات"(٨٤). "ئەوە بەس نییە قەناعەت بێنین بـەنزمی ئەم بارودۆخە بۆ ئەوەی قەناعەت بچەسپێنین". ئەم قەناعەتە" ڕەگی خۆی داناكوتـێ ئەگەر لەچوار چێوەی خەبات بۆ داهێنانی بـارو دۆخێكـی تـازە نـەبێ، خـەبات وەكـو ئەركی بەرزی ژیان"(٨٥). فاشیزمیش ژیانو ئامانجی ژیان وەك خـەبات دەبینـی، " وەك خەباتێكی بەردەوامو هەمیشەیی"(٨٦)، بۆ ئەوەی نەتەوە خۆی بـەدی بـهێنێ پێویسـتە ئەو ئیتلێمێنتانەی كەپێكی دێنێ تجاوزی یـەكتری بكـەن . بـەلأم بـۆ گەیشـتنە ئـەم ئامانجە پێویستە هەموو شتێك بخەنە جولآنەوە، چونكـە جولآنـەوە هـێزی جولێنیـەری مێـژووە. ناسـیۆنالیزم "ژیلـە مـۆی" ئـەم جولآنەوەیەیـە. ئەمەیـە واتـای خـەباتو بەرەنگاری كردنو پاڵەوانی لەلای هیتلەرو موسولینیو عەفلەق.

میشێل عەفلەق دەڵێ نەتەوە دەتوانێ خۆی بەدیبهێنێ، دەتوانێ ئاماجی خۆی بپێكێ لە رێگەی بەرنگاربونەوەوە، بەتایبەتی كـاتێك ئـەم بەرنگاریـە كەراكتـەرێكی جدی وەردەگرێتو هـەموو چركەیـەك بەرامبـەر مـەرگ دەوەسـتیتەوە. بەرامبـەر مـەرگ، نائومێدیو ناچالاكی سەدەیی نامێننو جەهالەتو خۆپەرستی دەسڕێنەوە. ئەو پیـاوەی كە بەرەنگاری مەرگ دەبێتەوە پیاوێكی ڕاستەقینەیە. ئەو پیاوەی كە لەكاتی مردنیداو ئەو پیاوەی كە ئامادەیە ژیانی خۆی بەخت بكات، هەست بەبێ كەڵكیی ئـەو هێزانـە دەكات كە بـەندیان كـردوە (كـە بەسـتویانەتەوە(٨٧). ژیـانی بەعسیەك زۆر زیـاتر دەوڵەمەند دەبێو ویستەكەی بەهێزتر و فراوانتر دەبێ ئەگەر ئامادە بێت تەجاوزی خۆی بكات. مرۆڤی پاڵەوان ئەوكەسەیە كـە ووزەی ژینـداری لـێ دەڕژێـتو خـۆی بـەخت دەكات. بەرنگاری كردنو خەباتو پاڵەوانی، نـاتوانن رێگـەبدەن بـە" بـەدی هێنـانی ئامانجە بـەرزەكانو پێشـكەوتنێكی بـەواتا وشۆڕشـێكی بنـەڕەتی" ئەگـەر نرخێكـی

گەورەیان نەدرێنێ، واتا ئەگەر خۆبەخت کردنێکی گەورەی تێدا نەبێ[٨٨]. خۆشەویستی بۆ نەتەوە بەوشێوەیەی کە بەعس‌و عەفلەق باسی لێ دەکەن، ئەم خۆبەخت کردنەی دەوێ. ئەی چۆن مرۆڤی عەرەب دەتوانێ بەرنگاری چارەنوسی سەختی خۆی بێت‌و داخوازیە بەرزەکانی پاشەڕۆژ (داهاتوو) جێ بەجێ بکات ئەگەر لەپێناوی بەدی هێنانی ئەم ئامانجە مۆراڵیە بۆ مردن ئامادە نەبێت. موسولینی دەیویست کۆمەڵی فاشیست بنیاد بنێ، واتا کۆمەڵی فاشیست وەك کۆمەڵگەیەکی ڕۆحی لەسەر بناغەی خۆبەخت کردن." ژیانی مرۆڤێك بە نکەران زات‌و خۆ بەخت کردنی بەرژەوەندی تایبەتی‌و هەروەها بەمردن، بوونێکی ڕۆحی تەواو بەدی دێنێ‌و بەهای پیاوی پێ دەبەخشرێ"[٨٩]. پێشەکەوتنی کۆمەڵ‌و گەشەپێدانی، نەی دەتوانی ئاشتی‌و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی میللەتان‌و پەیوەندی مەدەنیانەو هاونیشتمانیانە بۆ کۆمەڵگای نەتەوایەتی مسۆگەر بکات. ئەکتیڤیزم(activism)وخۆبەخت کردن ئەو گەرەنتییەیان دەدا. هیتلەریش کاتێك دەیویست " ئەڵمانیای گەورە" بخولقێنێ، مەرامی ئەوە بوو کە لە دڵی ئەم ئەڵمانیایە تۆوی "یەکێتی ناوخۆیی ناسیۆنالیزم بچێنێ چونکە، لەڕوانگەی ئەوەوە، تەنها هێز بوو کە دەی توانی ئادەمیزاد پاڵ پێوەبنێ بۆ ئەوەی کۆتایی بەخۆی بێنێ." کێ میللەتی خۆی خۆش بوێ، بەوخۆبەخت کردنە نەبێت کە ئامادەیە فەرزی بکات بەسەر خۆیدا، ناتوانێ ئیسپاتی خۆشەویستیەکەی خۆی بکات"[٩٠] هیتلەر عەقیدەی ناسیۆنال سۆسیالیزمی لەسەر بنچینەی خۆبەخت کردن‌و بەرەنگار بون و پاڵەوانی پێناسەدەکردو دەیگوت "ناسیۆنال سۆسیالیزم عەقیدەی بەختەوەری‌و شانسی باش نییە، بەڵکو عەقیدەی ئیش‌و خەباتەو هەروەها عەقیدەی خۆبەخت کردنە"[٩١]." ئەفسانەی پاڵەوانێتی" کەپێك هاتبو لەخستنەکاری سیاسەتێکی دڕندانە، دەنگی لەناو ئەو بۆچونە دەدایەوە کە جۆزێف پیتەر ستێرن Joseph Peter Stern پێی دەڵێ کۆنیشانەی خۆبەخت کردن"(sacrifice syndrom)(٩٢). باوەڕ هێنان، خەبات(بەرنگاری کردن)، پاڵەوانی، خۆبەخت کردن: ئەمانەن پێکهاتەکانی ئەو تێترافارمەکۆزەی(عیلاجی

چوارفاقه tetrapharmakos) کە ناسیۆنال سۆسیالیزمو فاشیزمو بەعس داوای دەکەن: هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای نەتەوایەتی دەبێ پشت گیریان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن پسێکۆزی psychosis پەیامی ناسیۆنالیست بکەن بەپرینسیپی ئەبەدی ژیانی کۆمەڵ. بەو شێوەیە ئەندامانی کۆمەڵیان لە سەر بنچینەی بینینی حیزبی گشتگر وەك ئاینێکی سیاسی، لە سەر بنچینەی پەرستنی حیزبی گشتگر پەروەردە کرد. بەعسیەکان دەیانگوت: "باوەڕم بە بەعس هێنا وەك خوایەکی بێ شەریك و عەرەبایەتی (العروبە) وەك ئاینێکی بێ هاوتا"، یاخود " بەعس ئاینمەو عەرەبایەتیش ئاینزام"[٩٣].

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

1-Hanna Batatu, op. cit., p.725.
2- Ibid., pp. 733-734.
3- Benito Mussolini, Fascismo, Enciclopedia italiana di scienze, lettere e arti,
vol.xiv, Edizioni istituto G. Treccani, Rizzoli e C. Milano, 1932, p. 850.

4- Robert Brazillah, Notre avant-guerre, Librairie Plon, Paris, 1941, p. 234.
5- Ibid., 236.
6- Valeria Fiorani Piacentini, Le radici della crisi del Golfo, Dottrina coranica e legittima del potere militare, in, Politica internazionale, vol. Xviii, 1990, pp. 38-39.
٧-فەلەنجیە لوبنانیەکان کاری خۆیان دەکرد وەك بزوتنەوەی نەسیۆنالیستی فەلەستینی. بۆ زیاتر لە زانیاری بڕوانە:
Oriente moderno, xvi, 1936, pp. 264-265., Oriente moderno, xviii, 1937, p. 138, p. 234.

بڕوانە هەروەها:

Roger Faligot et Remi Kauffer, Le croissant et la croix gammee, les secrets de l'alliance entre l'islam et le nazisme de Hitler a nos jours, Editions Michel Albin, Paris, 1990, p. 58.

8- Ibid., p. 58..

بڕوانە هەروەها:

Oriente moderno, xiv, 1934, pp. 460-461, xvii, 1937, pp. 202-204, pp. 305-306.
9- Oriente moderno, xxi, n.3, 1941, p. 119.

10- Ibid. 119.
11- Ibid. 119.

* بۆ زانیاری دوورو درێژ سەبارەت بەم ڕێکخراوانەو کاریگەری فاشیزمو مێژوویی بۆ سەر ڕۆشنبیرانی عەرەبی عیراقی نێوان دوو جەنگ، بڕوانە: حازم المفتي، العراق بين العهدين، ياسين الهاشمي وبكر صدقي، مكتبة اليقضة العربية، ١٩٩٠، ص ١٤٢ – ١٦٢ . بڕوانە هەروەها:

Ettore Rossie, L'istituzione scolastica militare al- futuwwa, in, Oriente Moderno, apprile 1940 , pp. 297- 302 .

١٢-بڕوانە هەروەها:

Oriente moderno, xvi, 1936, pp. 264-66, xvii, 1937, pp. 300-301.

Benito Mussolini, La doctrine fasciste, Vallechi editore, Firenze, 1935, pp. 34-35.

١٣-ڕێنان لە ناو:

Jules Monnerot, Socioligie de la revolution, Mythologies politiques du xxe siecle, marxistes- leninistes et fascistes, La nouvelle strategie revolutionaire, Fayard, Paris, 1969, p. 572.

14-Pierre Andre Taguieff, Le nationalisme des nationalistes. Un probleme pour l'histoire des idees politiques en France, in, Theories du nationalisme: Nation, Nationalite, Ethnicite(ouvrage collectif), Editions Kime, Paris,1991, p. 94.

15- Raoul Girardet, Le nationalisme francais (1870- 1914), Ed. Du Seuil, Paris, 1983, p. 17.

16- Ibid. p. 184.

17-Jean Jacques Chevalier, Les grandi opere del pensiero politico, il Mulino, Bologna, 1968, p. 380.

18-Raoul Girardet, Ibid. p. 186.

19- Ibid. pp. 186-187.

20- Ibid. p. 188.

21- Ibid. pp. 188-189.

22- J.G. Fichte, Discours a la nation allemande, Alfred Costes editeurs , Paris, 1923, P. 1,8,9,15.

23-Ibid. p. 7.

24-Ibid. p. 4.

25- Ibid. p. 6.

26- Ibid. p. 9.

27- Ibid. p. 11.

28- Ibid. pp. 10-11.

29- Ibid. p. 126.

30- Ibid. p. 121.

31- Ibid. p. 122.

32- Ibid. p. 122.

33- Ibid. p. 123.

٣٤- میشیل عفلق، فی سبیل البعث، ل، ١١٤.

٣٥- هـ، س، ل، ١١٤.

٣٦- هـ، س، ل، ١١٤.

٣٧-هـ.س.، ل، ١١٤-١١٥.

٣٨- هـ.س.،ل، ١١٥.

٣٩- هـ.س.،ل، ١١٥.

٤٠- هـ.س.، ل، ١١٥.

٤١- هـ.س.،ل، ١١٥-١١٦.

٤٢- هـ.س.، ل. ١١٦.

43- Fichte. op. cit. p 128.
44- Ernest Renan, Qu'est-ce qu'une nation? In, Raoul Girardet, op. cit. p. 65.

٤٥- میشیل عفلق، هـ.، س.، ل، ١٢١.

٤٦- هـ.، س.، ل، ١١١.

47- Pierre Andre Taguieff, op. cit. p. 89.
48- Georges Vacher Lapouge, in, Pierre Andre Taguieff, ibid. p.92.
49- Ibid. p. 87.
50- Ibid. p. 88.
51- Ibid. p. 93.
52- Ibid. p. 90.

٥٣- میشیل عفلق، هـ.، س.، ل، ١١١-١١٢.

54- Fichte, op. cit. p. 22.
55- Ibid. p. 119.
56- Ibid. p. 124.
57- Ibid. p. 125.
58- Ibid. p. 130.

٥٩-لە روانگەی عەفلەقەوە پیرۆزیی خەبات لە باوەڕەوە هەڵدەقوڵێ، باوەڕ کە تاك هــان دەدات بــۆ ملکەچی بۆ "بیری" نەسیۆنال. بڕوانە، هـ.، س.، ل، ١١.

60- Benito Mussolini, op. cit. p. 57.

بڕوانە هەروەها: ل، ٢٧.

61- Adolf Hitler, Mein Kampf, op. cit. p. 377.

62- Ibid. p. 378.
63- Ibid. p. 379.
64- Ibid. 379.
65- Emmanuel Kant, Anthropologie du point de vue pragmatique, J. Vrin, 1964.
66- Martin Brozat, L'Etat hitlerien, l'origine et l'evolution des structures du troisieme Reich, Fayard, 1985, p. 48.
67- Ibid. p. 48.
68- Ibid. p. 423, p. 453, p. 532.
69-Otto Strasser, in, Wilhelm Reich, La psychologie de masse du fascisme, Payot,Paris, 1972, p. 30.
70- Adolf Hitler, in, Ibid., p. 63.
71- Emile Durkheim, De la division du travail, Puf, Paris, 1986, p. 47.
72- Martin Brozat, op. cit., p. 49.
73- Georges Sorel, Reflexions sur la violence, Librairie Marcel Riviere, Paris, 1946, p. 47.

بۆ زیاتر لەزانیاری سەبارەت بەرۆڵی ئەفسانەو کاریگەری بۆ سەر کۆمەڵ، بڕوانە : ارنست كاسير، الدولة والأسطورة، ترجمة احمد حمدي محمود، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٢٧٥ . بڕوانە هەروەها:

Mircea Eliade, Aspects du mythe, Gallimard, Paris, 1963.

74- Ibid. p. 32.
75- Raoul Girardet, Mythes et mythilogies politiques, Ed. Du Seuil, Paris, 1986, p. 13.
76- Georges Sorel, op. cit., p. 45.
77- Ibid., p. 46.
78- Saddam Husayn, in, Samir al-Khalil, op. cit, p. 113.
79- Hanna Batatu, op. cit., p. 739.
80- Adolf Hitler, op. cit., p. 488.

٨١- ميشيل عفلق، فى سبيل البعث، ل ٦٢.

٨٢-هانى الفكيكى، اوكار الهزيمة، تجربتى فى حزب البعث العراقى، مؤسسة المنار،الطبعة الاولى، لندن، ١٩٩٣، ل، ٢٧٦.

83- Edmond Vermeil, Hitler et le christianisme, Gallimard, Paris, 1939, p. 39.

84-Adolf Hitler, op. cit., p. 396., p. 488.
85- Ibid. p. 532.

86- Benito Mussolini, La doctrine du fascisme, op. cit., pp. 56057.
87- Michel Aflak, in, Parti bath arabe et socialiste(choix de textes de la pensee du fondateur du parti bath), Bol. Ind., " La Albarreja", Madrid, 1977, p. 92.
88- Michel Aflak, in, Samir al-Khalil, op. cit., p. 264.
89- Benito Mussolini, op. cit., p. 47.
90- Adolf Hitler, op. cit., p. 425.

هیتلەر لە ناو:

91- Joseph Peter Stern, Hitler, le Fuhrer et le peuple, Flammarion, Paris, 1984, p. 61.
92- Joseph Peter Stern, Ibid. p. 60.

٩٣- حسن السعيد، نواصير الغرب، صفحات من ملف علاقة اللعبة الدولية مـع البعـث العراقـي ١٩٤٨-١٩٦٨، مؤسسة الحدة للدراسات، بيروت، ١٩٩٢، ل، ٣٧.

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئیتالی لەسەر بەعسو ناسیۆنالیزمی عەرەبی

Abdulghani Jasim M., Iraq and Iran: The Years of Crisis, Baltimore: Johon's Hopkins University Press, 1984.

Aflak Michel ,Caracteristiques du socialisme arabe (trad.de l'arabe par Jean-Pierre Viennot),in ,Orient, n 29, 1er trimestre, 1968,pp.159-169.

Aflak Michel, (Interview with), Middle-East forum, February 1958,Tome II, PP.9-10 et p.33.

Aflak Michel, L'ideologie du parti socialiste de la resurrection arabe: Le Bath et l'islam (trad.de l'arabe par Jean-Pierire Viennot), in, Orient, n 35,3e trimestre, 1965,pp. 147-166.

Aflak Michel, Nortre nationalisme liberal face a la discrimination raciale, in, Orient , n. 28, 4e trimestre,1963, pp.185-195.

Aflak Michel, Notre point de vue sur la religion, (trad. Par P. Balta), in, trimestre du monde, n.12, 4e trimestre, 1990, pp.187-190.

Aflak Michel,L'ideologie du parti socialiste de la resurrection arabe,(trad. de l'arabe par Jean –Pierre Viennot),in, Orient, n29,ler trimestre,1968, pp.151-158.

Agami Fouad, The Arab Predicament, Arab Political Thought and Practice Since 1967, Cambridge University Press, Cambridge, 1981.

Al-Bitar Salah al-din, Nationalisme et socialisme, in, Orient, n 36, 4e trimestre, 1965, pp.163-167.

Al-Khalil Samir, La machine infernale, politique del'Irak moderne, (trad . de l'anglais par Nicole Archambaud), Editions Jean- Claude Lattes , 1991 .

Al-Khalil Samir, Monument, Art,Vulgarity and Responsibility in Iraq, University of California Press, Berkeley, Los Angeles , London , 1991.

Amazia Barm, Neo-triblism in Iraq: Saddam Hussein Tribal's policies 1991-1996, in, International Journal of Middle- East Studies, N. 29, 1997.

Anderson Lisa, The State in the Middle East and North Africa, in,

Comparative Politics, vol. xix, October, 1987, pp. 1-18.

Annual Abstract of Statistics, Republic of Iraq, Central Statistical Organization, Publication and Public Relations Department, Printing Dept. C.S.O., 1977.

Antonius Georges, The Arab Awaking The History of Arab National Mouvement, l'Harmattan, London , 1938 .

Babikian Norma Salem, "Michel Aflak, A Biography Outline, in Arab Studies Quarterly, Institute of Arab Studies and A.A.U.S., Vol II, n 2, 1980.

Babikian Norma Salem, A Partial Reconstruction of Michel Aflak's Thought, The Role of Islam in the Formulation of Arab Nationalism, in, The Muslim World , oct. 1977 , pp . 280-294 .

Balta Paul, Iran – Irak, une guerre de 5000 ans, Editions Anthropos, Paris, 1987.

Balta Paul, Le Bath et les bathismes, in, trimestre du monde, n.12, 4e trimestre, 1990, pp . 181-184 .

Baram Amazia , Mesopotamian Identity in Bathi Iraq, in, Middle-East Studies, vol. xix, fasc. iv, 1983, pp. 426-455 .

Baram Amazia, National Integration and Local Orientation in Iraq under the Bath, in, Gerusalem Journal of international Relations, vol.9, fascicule 3, 1987 , pp.38-51 .

Baram Amazia , The Ruling Political Elite in Bathi Iraq, 1968 – 1986: The Changing Features of a Collective Profile, in, International Journal of Middle East Studies, Vol. 24, fasc 4, 1989 , pp.447 -492 .

Baram Amazia, Culture in the Service of Wataniyya: The Treatment of Mesopotamian Inspired Art in Bathi Iraq, in, Asian and African Studies, 17, 1-3, nov. 1983, pp. 265-315 .

Baram Amazia, Qawmiyya and Wataniyya in Bathi Iraq: The Search for a New Balance, in, Middle Eastern Studies, vol.xix, fascicule ii, 1983, pp.188, P.200.

Baram Amazia, The June 1980 Election to the National Assembly in Iraq, in, Orient, 27, No. 3, 1981.

Baram Amazia, The June 1980 Elections to the National Assemly in Iraq: An Experiment in Controlled Democracy, in Orient, September 1981, pp. 391-412.

Barker A.J., The Neglected War, Mesopotamia 1914-1918, Faber and Faber London, 1967.

Batatu Hanna, The Old Social Classes and the Revolutionary Movement of Iraq, A Study of Iraq's Old Landed and Commercial Classes and of its Communists, Bathists, and Free officers, Princeton

University Presses, Princeton, New Jersey, 1978 .

Bengio Ofra, Saddam Hussein's Quest for Power and Survival, in, Asian and African Studies, no.15, 1981, pp.343-341.

Bengio Orfa, Bathi Iraq in Search of Identity: Between Ideology and Praxis, in, Orient, vol.xxviii, 1987, pp. 511-518.

Berger M.,The Arab World today, 1962.

Berger Morroe, Les regimes militaires du Moyen-Orient, in, Orient, 4e annee, 3e trimestre, n.15,1960, pp.21-69.

Berque Jacques, LesArabes d'hier a demain, Ed.du seuil, Paris,1960, pp.21-69.

Beyssade Pierre, La ligue arabe, une communaute d'interets, Le reve arabe, Paris, Ed.Planete, 1968.

Bill James and Leiden Carl, Politics in the Middle East, Boston, 1984.

Birks J.S. and Sinclair C.A, Arab Manpower, Croom Helm, London, 1980.

Blindly Geoffrey, The Causes of War, London, Macmillan,1988 .

Bullock John and Morris Harvey, Saddam's War: The Origins of the Kuwait Conflict and the International Response, London, Faber and Faber,1991.

Carre Oliver, La legitimtion islamique, in, Socialismes arabes, Paris, Presses FNCP, 1979.

Carre Olivier, Le nationalisme arabe, Fayard, Paris,1993.

Casnot Michel, La Doctrine Bathiste, in, Afrique et Asie modernes, vol.166, aout 1990, pp.87-108.

Chaliand Gerard (sous la direction de), Les Kurdes et le Kurdistan (ouvrage collectif), Francois Maspero, Paris,1978.

Chebel Malek, La structure du "leadership" arabe, in, Revue des deux mondes, n.2, fevrier 1993, pp.33-48.

Ciafaloni Francesco, Nazionalismi totalitari,in,"Politica ed Economia",anno xxii,terza serie, n.3,marzo, 1991, pp.7-9.

Cleveland William,The Making of an Arab Nationalism and Thought of Sati al-Husri, Princeton Universty Press, Prineton, New Jersey, 1971.

Cobban Alfred, Dictatorship: Its History and Theory, New York, Haksel House, 1971.

Communique du VIII Congres Natinoal du parti al–bath ,4 mai 1965, in, Orient, IXe annee, n.34,Damas,1965, pp.197-210.

Cooley John K., Conflict within the Iraqi Left, Problems of Communism,vol. 29, (January-February), 1980.

D' Harcourt Robert, Ambitions et Methodes allemandes, Ferndard Sarlot, Paris, 1939.

D'Haricourt Robert, Ambitions et methods allemandes, Fernard Sarlot, Paris, 1939.

Dann Uriel, Iraq under Qassem .A Plitical History,1958-1963, New York, 1969.

Darwish Adel and Alexandre Gregory, The Secret History of Saddam's War: Unholy Babylon, London, Victor Gollany, 1991.

-Dawisha Adeed and Zartman William (eds), Beyond Coercion: The Durability of Arab State, London, Croom Helm, 1988.

Devlin John, The Bath Party and Metamorphosis, in,The American Historical Review, vol.96, n. 5 decembre 1991, pp.1396-1407.

Devlin John, The Bath Party, A History from its Origins to 1966, Hoover Institution Press, Stanford, California,1976.

El-Basri Abdel-Gawad Daoud, Aspects of Iraqi Cultural Policy, Studies and Documents on Cultural Policies,Unesco, Paris,1980.

Ernest Dawn C., From Ottomanism to Arabism, 1973.

Falligot Roger et Kauffer Remi, Le croissant et la croix gammee, les secrets de l'alliance entre l'islam et le nazisme de Hitler a nos jours, Editions Michel Albin, Paris,1990.

Farah Elyas, Parti Bath Arabe et Socialiste, Eevolution de l'ideologie arabe revolutionnaire, La pensee nationale, Michel Aflak, Minuesa, Madrid (Espagne), mai 1978 .

Flory Maurice, Les regimes politiques arabes (ouvrage collectif dirige par Maurice Duverger), PUF, Paris,1990 .

Galletti Mirella, Sviluppi del problema Kurdo 1976 – 1978, in, Oriente Moderno, n. 58, 1978, pp. 463 – 474..

Gallman, Waldemar, Iraq Under General Nuri, Baltimore: John Hopkins University Press, 1964.

Genocide in Iraq , The Anfal Campagne Against the Kurds, A Midde East Report, Human Rights Watch, New York, 1983.

Genocide in Iraq, The Anfal Campagne Against the Kurds, A Middle East Report, Human Rights Watch, New York,1933.

Ghareeb Edmund. The Kurdish Question in Iraq, Syracuse: Syracuse University Press, 1981.

Gowan Peter, The Gulf war, Iraq and Western Liberalism, in, New Left Review, n.187, june 1991 , pp.29-70 .

Guerreau A: Le Sycomore,1978.

Haim Syivia G., Arab Nationalism: An Anthology, University of California, Berkeley and Los Angeles,1962.

Hakim Halkawt (sous la direction de), les Kurdes par–dela l'exode (ouvrage coollectif), L'Harmattan, Paris,1992.

Hghighat Chapour, Historire de la crise du Golfe, des origines aux consequences, Editions Complexe,1992.

Hinnebush Raymond, Syria Under the Bath: State Formation in a Fragmented Society, in, Arab Studies Quarterly, vol.4, n.3, Summer 1992, pp.100-102.

Hirszowicz Lukasz,The Third Reich and the Arab East, Univerity of Toronto Press, Toronto,1966.

Hitti Philip K, Makers of Arab History, Princeton, New York Harper and Row, 1968.

Hitti Philip K., Capital cities of Arab Islam, Minneapolis: University of Minnesota, 1973.

- Henderson Simon, Instant Empire: Saddam Hussein's Ambition for Iraq, San Francisco, Mercuryes House, 1991.

Hourani Albert, Arabic Thought in the Liberal Age (1798-1939), Oxford University Press, London, New York, Toronto, 1962.

Hourani Albert, Histoire des peuples arabes (trad. de l'anglais par Paul Chemla), Ed. du Seuil, mars 1993.

Hoveyda Ferydoum, Que veulent les Arabes?, First, Paris , 1991.

Issa Albert, I Kurdi e i regimi politici che governano il Kurdistan, in, Politica ed Economia, Anno xxii, Terza serie, n.12, dicembre 1991, pp. 23-25.

Jaber Kamel S.Abu, The Arab Bath Socialist Party, History and Organization, Syracuse University Press, 1966.

Jargy Simon, Le declin d'un parti, in, Orient, n. xi, 3e annee , 3e trimestre, 1959, pp.21-39.

Jawad Saad, Iraq and the Kurdish Question 1958-1970, Itacha Press, London, 1981.

Jawad Saad, Iraq and the Kurdish Question, 1958-1970, London: Ithaca Press, 1981.

Karpat kemal H., Political and Social Thought in the Contemporary Middle-East, New York, 1968.

- Karsh Efraim and Rautsi Inari, Saddam Hussein: A political Biography, London, Futura, 1991.

- Keinle Eberhard, Bath Versus Bath: The Conflict between Syria and Iraq1968-1989, London, Tauris, 1990 .

Karsh Efraim and Rautsi Inari, Saddam Husayn, A Political Biography, BPCC Wheaton, London,1991.

Kaylani Nabil H., The Rise of the Syrian Bath, 1940-1958: Political Success, Party Failure,in, International Journal of Middle –East Studies, Vol. iv, fasc . III, 1972, pp.3-23.

Keddie Nikki, An Islamic Response of Imperialism, Berkeley, 1968.
Kedouri, Arab Political Memoirs, 1974.
Kedurie Elie, Continuity and Change in Modern Iraqi History, in, Asian Affairs (London), June1975, pp.140-146
Kelidar Abbas, Iraq: The Search for Stability, in, Conflict Studies (London), 59, July 1975, pp.1-22.
Kelidar Abbas, The Integration of Modern Iraq, New York: St. Martian's Press, 1979.
Kelidar Abbas, The wars of Saddam Hussein, Middle East studies, N. 28 /4, 1992.
KelidarAbbas. The Integration of Modern Iraq, New York: St. Martin's Press, 1979.
Kerr M. H, The Arab cold War, 1971.
Khadduri Majid, Political Trends in the Arab World, The Role of Ideas and Ideals in Politics, Baltimore: John Hopkins University Press, 1970.
Khader Bichara, Le parti bath (Center de recherche sur le Monde Arabe contemporain, Institut des pays en developpement, Unversite catholique de Louvain, Cahier v, (s.d).
Khalil M., The Arab States and the Arab League, 2 Vol., 1962.
Kirk George, The Middle East in the War, Survey of International Affairs, 1936–1946, Oxford University Press, London, New York, Toronto, (Third Edition), 1954 .
Kishtainy Khalid, Saddam Hussein on Current Events in Iraq, London, 1977.
Kodmani-Darwish Bassma et Chartouni-Dubarry May, Golfe et Moyen–Orient, Les conflits, IFRI, Paris, 1991.
Koveyda Ferydoun, Que Veulent les Arabes, Paris,1991.
Kuschera Chris, Le mouvement national Kurde, Flammarion, Paris, 1979.
L'Irak aujourdhui, Bimensuel politique et culturel, n.113-5, janvier 1981, Ministere de la Culture et de l'Information, Departement de la Traduction et de Publication en Langues Etrangeres, Bagdad, pp.30-34.
L'Irak aujourdhui, Bimensuel politique et culturel, n.114-20, janvier 1981, Ministere de la Culture et de l'Information , Departement de la Traduction et de Publication en Langues Etrangeres, Bagdad, pp. 3-34.
L'Irak aujourdhui, Bimensuel politique et culturel, n.116-20, fevrier 1981, Ministere de la Culture et de l'Information , Departement de la Traduction et de Publication en Langues Etrangeres, Bagdad, pp.3-34.
L'Irak aujourdhui, Bimensuel politique et culturel, n.117-5, fevrier 1981, Ministere de la Culture et del'Information, Departement de la

Traduction et de Publication en Langues Etrangeres, Bagdad, pp.3-34.
L'Irak aujourdhui, Bimensuel politique et culturel, n.118-20, fevrier 1981, Ministere de la Culture et de l'Information , Departement de la Traduction et de Publication en Langues Etrangeres, Bagdad, pp.3-34.
L'Irak aujourdhui, Bimensuel politique et culturel, n.119-5, fevrier 1981, Ministere de la Culture et de l'Information , Departement de la Traduction et de Publication en Langues Etrangeres, Bagdad, pp.3-34.
L'Irak aujourdhui, Bimensuel politique et culturel, n.120-20, fevrier 1981, Ministere de la Culture et de l'Information, Departement de la Traduction et de Publication en Langues Etrangeres, Bagdad, pp.3-34.
L'Irak aujourdhui, Bimensuel politique et culturel, n.122-20, fevrier 1981, Ministere de la Culture et de l'Information, Departement de la Traduction et de Publication en Langues Etrangeres, Bagdad, pp.3-34.
L'Irak aujourdhui, Bimensuel politique et culturel, n.123-20, fevrier 1981, Ministere de la Culture et de l'Information , Departement de la Traduction et de Publication en Langues Etrangeres, Bagdad, pp.3-34.
L'Irak aujourdhui, Bimensuel politique et culturel,n.115-5, fevrier 1981, Ministere de la Culture et de l'Information , Departement de la Traduction et de Publication en Langues Etrangeres, Bagdad, pp. 3-34.
L'Irak, le petrole et la guerre, in, Peuples Mediterraneens,n.40, Revue trimestrielle, juin-sept. 1987, p.173.
Laipson Ellen et autres, After Saddam, What then?, in, Middle East Policy, volume 6, N. 3, fevrier 1999.
Laurens Henry, Arabisme et islamisme de 1798 a 1945, Armand Colin, Paris,1993.
Laurens Henry, Le contentieux territorial entre l'Irak e le Koweit, Maghreb-Machrek, N.130, (Classement 355) .
Luisard P.J: La formation de l'Irak contemporain, Presses du CNRS, 1991.
Luizard Pierre-Jean, Il y avait un pays, qui s'appelait l'Irak, in, Revue des mondes musulmans et de la Mediterranee, N. 81/82, Edisud, 1998.
Mac Donald R.W., The League of Arab State, 1968.
Mansfield Peter, The Arabs, London, Penguin, 1992.
Marr Phebe, Iraq's Leadership Dilemma: A Study in Leadership Trends, 1948-1968, in, Middle East Journal, 24, No. 3, Winter–Autumn 1970, pp. 283-301.
Marr Phebe, Saddam Hussain and the Iraqi Bath: The Question of Legitimacy, Georgetown University, 1982.
Marr Phebe, The Modern History of Iraq, Boular, Colorado: Westview Press, 1985.

Marr Phebe, The Modern History of Iraq, Westview Press, London, 1985.
Marr Phebe, The Political Elite in Iraq, in , George Lenczowski (ed.), Political Elites in the Middle East, Washington American Enterprise Institute, 1975, pp. 109-49.
Marr Phebe,The Modern History of Iraq, Boulder, Colorado: Westview Press, 1985.
Martin Pierre, Les Chiites dI'rak de retour sur la scene politique, Maghreb-Machrek N. 132, avril-juin, 1991.
Matar Fouad, Saddam Hussein ou le devenir irakaien, le sycomore, Paris,1980.
Menon N.C., Mother of all Battles: Saddam's Folly, Delhi, Konark Publishers Ltd., 1991.
Middle East Forum , Forum Interview, Michel Aflak, Tome III, february 1958, pp.9-10 and p.33.
Miller & Mylrole, Saddam Hussein, Presses de la cite, 1990.
Miller Judith and Mylaroie Laurie, Saddam Hussein and the Crisis in the Gulf, Random House, Inc., New York, 1990.
Minganti Paolo, I movimenti politici Arabi, Astrolabio-Ubaldini, Roma, 1971.
Moore Jean, Aux racines de la guerre du Golfe, Le trimester du monde,1990.
More Christian , Les Kurdes aujourdhui, Mouvement national et partis politiques, L'Harmattan, Paris,1984.
Moss-Helms Christine, Iraq Eastern Flank of the Arab Word, The Brookings Institutions, Washington, D.C.,1984.
Muslih Muhammad and Augustus Richard, The Need for Democracy, in, Foreign Policy, vol. 83, 1991, pp.3-19.
Niblock Tim, Iraq: The Contemporary State, New York: St. Martin's Press, 1982.
Niblock Tim, Iraq: The Contemporary State, St. Martin's Press, New York, 1982.
Nuseibeh Z., The Ideas of Arab Nationalism, 1956.
Nyrop Richard F., Iraq, A Country Study, The American University (Third Edition), Washington, D.C., 1979.
O'Balance Edgar, The Kurdish Revolt, 1961-1970, Hameden, Connesticut: Archon Books, 1973.
Pelletiere Stephen, The Kurds: An Unstable Element in the Gulf, Boulder, Colorado: Westview Press, 1984.
Penrose Edith and E.F. Penrose, Iraq: International Relations and

National Development . Boulder, Colorado: Westview Press, 1978.
Penrose Ernest Francois, Essai sur l'Irak, n, Orient, n. 35, 3e trimestre, 1965, pp.33-63.
Penrose Ernest Francois, L'Irak en 1963: Une annee de coups d'Etat, in, Oreint, n 28, 4e trimestre,1963, pp.17-36.
Primakov Evgueni, Missions a Bagdad: histoire d'une negociation secrete (trad. du russe par Fabienne Mariengof et Francois Olivier), Editions du Seuil, Paris,1991.
Qubain Fahim, Education and Science in The Arab World, John Hopkins University Press, Baltimore, 1966.
Rabinovich Itamar, Syria Under the Bath 1963-66, The Army–Party Symbiosis, Israel University Press, Jerusalem, 1972.
Raouf Wafik, Nouveau regard sur le nationalisme arabe, Bath et Nasserisme, Editions L'Harmattan, Paris,1984.
Risler Jacques, La civilisation arabe, les fondements, son apogee, influence sur la civilisation occidentale.Le declin, le reveil et l'islam, Paris, lere edition,1955.
Rodinson Maxime, Les Arabes, PUF, (4e edition), Paris,1991.
Rondot Philippe, L'Irak, PUF (lere edition),1979.
Rondot Philippe: L'Irak,Que sais-je? PUF,1995.
Rondot Pierre, Quelques remarques sur le Bath, in, Orient,n.31, 3e trimestre, 1964, pp.7-19.
Rossi Pierre, L'Irak des revoltes, editions du Seuil, Paris, 1962.
Roy Delwin ,The Educational System of Iraq ,in, Middle Eastern Studies, n 29, 1993, pp. 167-197.
Saddam's Iraq: Revolution or Reaction ?, A Report by CARDi (Committee against Repression and for Democratic Rights in Iraq), London, Zed Books, 1986.
Safy Louay, Nathionalism and the multinational state, in, American Journal of Islamic Social Sciences, 9(3), Point. 92, pp.338-350.
Saint Prost Charles: Histoire de l'Irak de Sumer a Saddam Hussein, Editions l'Ellipse, Paris 2001.
Saint-Prot Charles, Saddam Hussein, un "gaullisme" arabe? Albin Michel, Paris,1984.
Salinger Pierre et Laurent Eric, Guerre du Golfe, Le dossier secret, Olivier Orban, Paris, 1991.
Sallam K., Le Bath et la Patrie arabe, Ema, 1982.
Sallam Said Kassim, Le Bath et la patrie arabe, editions du Monde arabe, Paris, 1982.
Seal Patrick, The Struggle for Syria, A Study of Post War Arab Politics

(1945-1958), Oxford University Press, London, New York, Toronto, 1965.

Shafik A., Al–Samarraie, Le parti Bath et son role dans la politique arabe depuis sa creation a nos jours (These de doctorat), Faculte de droit et des sciences economiques, Universite de Nice, nov.1976.

Sharabi Hisham, Arab Intellectuels and the West, The Formative Years, 1875-1914, The Johns Hopkins Press, Baltimore and London West, 1970.

Sharabi Hisham, Gouvernments and Politics of the Middle – East in the Twentieth Century, New York, 1962.

Sharabi Hisham, Nationalism and Revolution in the Arab World, Princeton, New Jersey, New York, 1966.

Sharabi Hisham, Nationalism in the Arab World, 1966.

Shwadran Benjamin. The Power Struggle in Iraq, New York: Council for Middle Eastern Affairs Press, 1960.

Slugglett Marion-Farouk and Sluglett Peter, The Historiography of Modern Iraq, in, The American Historical Review, vol.96, n.5, Decembre 1991, pp.1408-1421.

Sluglett Marion-Farouk and Sluglett Peter, Iraq since 1968, From Revolution to Dictatorship, Short Run Press Ltd., London, 1987.

Sluglett Peter and Sluglett Marion Farouk, Some Reflexion on the Sunni Shii Question in Iraq, in, British Middle Eastern Studies Bulletin, vol 5, n. 2, 1978, pp.79-87.

Spingborg Robert, Baathism in Practice: Agriculture , Politics and Political Culture in Syria and Iraq, in, Middle Eastern Studies, 17, Frank Cass, London, 1981, pp. 190-209.

Statistical Pocket Book, 1977, Republic of Iraq, Ministry of Planning, publication and Public Relations Department, Bagdad, 1977.

Tahir Alaa, Irak aux origines du regime militaire, L'Harmattan, Paris, 1989.

Tarbushi Mohammad, The Role of the Military in Politics, A Case Study of Iraq, Kegan Pual International, London, 1982.

The 1968 revolution in Iraq Experience and Prospects, The Political Report of the Eighth Congress of the Arab Bath Socialist Party, January 1974, Ithaca Press, London, 1979.

The Integration of Iraq, (ouvrage collectif edite par Abbas Kelidar, Croom Helm Ltd . London, 1979.

The Interim Constitution and Its Amandments, Minstry of Culture and Guidance, Government Press, Baghdad, 1967.

Tibi Bassam, Arab Nationalism, Critical Enquiry, 1971.

Torey Gordon and Devlin John, Arab Socialism, in, International

Affaires, n.1, 19, 1965.

Torrey Gordon H., The Bath–Ideology and Practice in the Middle – East Journal, vol. 23, 1969, pp. 445-470.

Tutsh H., Facets of Arab Nationalism, 1962.

Vanly Ismet Cheriff, Le Kurdistan irakien entite national, Etude de la revolution de 1961, Editions de la Baconniere, Neuchatel (Suisse), 1970.

Vernier B: L'Irak aujourdhui, Armand Colin,1963.

Vernier Bernard, L'Irak d'aujourdhui, Librairie Armand Colin, Paris, 1963.

Viennot Jean–Pierre, "Le Role du bath dans la genese du nationalisme arabe: Quelques remarques sur sa positon vis-à-vis de l'iIslam, in, Orient, 9e annee, 3e trimestre, n 35, 1965, p. 65 a 79.

Viennot Jean–pierre, Le Bath entre la theorie et la pratique, in, Orient, n 30, 2e trimestre, 1964,pp.13-27.

Wright Claudia, Iraq: New Power in the Middle East, in, Foreign Affairs, 58, Winter 1979-1980, pp. 257-77.

Wright Claudia, Iraq: New Power in the Middle East, in, Foreign Affarirs, n 58,1979-1980, pp. 257-277.

Yan Dam Nicolaos, Middle Eastern Political Cliches, and "Sunni Rule" in Iraq; Alawi Rule in Syria, in, Orient, January 1980, pp. 42-57.

Youssef Bassil, Les droits de l'homme dans la pensee du parti Ba th Arabe et Socialiste (Etude comparee), dar al–mamun traduction et publication Ministere de la Culture et de l'Information, Bagdad,1982.

Zein Nour ud–din Zeine, The Emergence of Arab Nationalism, With a Background Study of Arab-Turkish Relations in the Near East, (revised edition), Khayyats, Beirut, 1966.

Zeine Z.N., Arab–Turkish Relations and the Emergence of Arab Nationalism, 1958.

Zeine, The Struggle of Arab Independence, 1960.

سەرچاوەکان لە سەر نەسیۆنال سۆشیالیزم و فاشیزم

Altari Paolo, Le origini del fascismo, Editori Riuniti, Roma, 1956.
Abel T., Why Hitler came to Power, New York, 1938.
Acqarone Alberto, L'organizzazione dello Stato fascista, Giulio Einaudi Editore, S.P.A., Torino, 1965.
Angel Pierre, Hitler et les Allemands, Editions sociales, Paris, 1982.
Arendt Hannah, La nature du totalitarisme (trad. de l'anglais par Michelle–Irene B. de Launay), Payot, Paris,1990.
Arendt Hannah, Les origines du totalitarisme, Le systeme totalitaire, (trad. de l'americain par Jean–Loup Bourget, Robert Davreu et Patrick Levy), Editions du Seuiel, 1972.
Armstron H.F., Hitler's Reich, The First Phase, New York, 1933.
Aron Raymond, Democratie et totalitarisme, Gallimard, Paris, 1965.
Aron Raymond, Les guerres en chaine, Gallimard (13e edition), Paris, 1951.
Ashton E. B., The Fascist, His State and His Mind, New York, 1937.
Aycoberry Pierre, La question nazie, Les interpretations du national-socialisme 1922–1975, Editions du Seuil, 1979.
Barbu Zevedi, Democracy and Dictatorship, Their Psychology and Patterens of Llife, Grove Press, New York, 1956 .
Bayle Francois, Psychologie et ethique du national-socialisme, Etude anthropologique des dirigeants S.S., (These de doctorat), PUF, Paris, 1952.
Berr Henri, Le mal de la jeunesse allemande, Editions Albin Michel, Paris, 1946.
Berstein Serge, Le Nazisme, MA Editions, Paris, 1985.
Bettelheim Bruno, Survivre (trad . de l'americain par Theo Carlier), Editions Robert Laffont, Paris, 1979.
Birnbaum Pirerre, Critiques du "totalitarisme ", in, Nouvelle histoire des idees politiques, Hachette, 1987, pp.722-733.
Blackburn Gilmer, Education in the Third Reird, A Study of Race and History in Nazi Textbooks, State University of New York Press, Albani, New York, 1985.
Bouhler P., Adolf Hitler, Berlin,1938.

Bourderon Roger, Le fascisme ideologie et pratique: essai d'analyse comparee, Editions sociales, Paris, 1979.

Bracker Karl Dietrich, La dictature allemande, Naissance, Structure et consequences du national-socialisme, (trad .de lallemand par frank Strschitz), Editions Privat, Toulouse, 1986.

Brady R., The Spirit and Structure of German Fascism, New York, 1937.

Brasillach Robeert, Notre avant-guerre, Librairie Paris, 1941.

Broszat Martin, L'Etat hitlerien, L'origine et l'evolution des structures du troisieme Reich (trad .de lallemand par Patrick Moreau), Fayard, Paris, 1985.

Brown Book, War and Nazi criminals in West Germany, National Council of the National Front of Democratic Germany.

Browning Christopher, Nazi Resettlement policy and the Search for a Solution to the Jewish Question, 1939-1941, in the Paths to Genocide, Cambridge, 1992.

Burleigh Michael and WippermannWolfgang, The Racial State: Germany 1933-1945, Cambridge, 1991.

Burleigh Michael Ethics and Extermination, Reflexions on Nazi Genocide, Cambridge University Press, 1997.

Burrin Philippe, "Autorite ", in, Nouvelle hitorie des idees politiques, Hachette, 1987, pp. 520-527.

Cavare Louis, La notion d'Etat dans le regime hitlerien, Travaux juridiques et economiques de l'Universite de RENNES, Tome xiv, Librairie Plihon, Rennes, 1935 .

Chakotin Serge, The Rape of Masses, The Psychology of Totalitarian Political Propaganda, The Fortean Society, New York, 1940.

Childs.H.L., The Nazi Primer, New York, 1938.

Copfermann Emile Problemes de la jeunesse, Petite collection, Maspero, 1968.

Costamagna C., Storia e dottrina del fascismo, Torino, 1938.

De Felice Renzo, Le interpretazioni del fascismo, Editori, Editori Laterza, (nona edizione), Roma, 1983.

Delannoi Gil et Tagueff Pierre–Andre (ouvrage collectif sous la direction de), Theories du Nationalisme, nation, nationalite, Editions Kime, Paris, 1991.

Delos Joseph T., Le probleme de civilisation, La Nation, Le Nationalisme et l'ordre de droite, vol. II, Editions de l Arbre, Montreal, 1944.

Dupeux Louis , L'hitlerisme et ses antecedents allemands, in, Nouvelle

histoire des idees politiques, Hachette, 1987, pp.539-551.
Dutch O., Hitler's Twelve Apostles, London, 1939.
Ebenstein W., Fascist Italy, New York, 1939.
Ebenstein W., The Nazi State, New York, 1943.
Edel F., German Laber Service, Berlin, 1937.
Ermarth F., The New Germany, Washington, 1936.
Feder G., Hitlers Official Progrmme and Its Fundmental Ideas, London, 1934.
Ferrari Francesco Luigi, Il regime fascista italiano, Edizioni di Storia e letteratura, Roma, 1983.
Fichte J.S., Discours a la nation allemande, (trad . de l'allemand par J. Molitor , pref. de Charles Chabot), Alfred Costes Editeurs, Paris, 1923.
Finer H., Mussolini's Italy, New York, 1935.
Floriski M. T., Fascism and Natiomal-Socialism, New York, 1936.
Forceville Isaie, L'orientation pedagogique de l'allemagne actuelle, Librairie de la Mesance, Strasbourg,1937.
Frankel, The Dual State: A Contribution to the Theory of Dictatorship, New York, 1941.
Frercks R., German Population Policy, Berlin, 1938.
Friedrich Carl J. and Brzeziski Zbigniew K., Totalitarian Dictatorship and Autocracy, Friedrich A.Praeger Publishers, (2nd edition), New York, Washington, London, 1966.
Gellateley Robert, The Gestapo and German Society. Enforcing Racial Policy 1933-1945, Oxford, 1990.
Geve Thomas, Youth in chains, Mass, Jeruslem, 1981.
Girardet Raoul, Le natioalisme francais: Anthologie 1871-1914, (Textes choisis et presentes par), Editions du Seuil, Paris, 1983.
Girardet Raoul, Mythes et mythologies politiques, Editions du Seuil, Paris, 1986.
Gorgolini Pietro, Il fascismo nella vita italiana (pref . Benito Mussolini), Biblioteca di propaganda et cultura fascista, Silvestrelli e cappelletto, Torino, 1923.
Gox Henri, Le texte unique des lois sur l'instruction elementaire, code de l'enseignement primaire italien (These de doctorat), Faculte des Lettres, Universite de Paris, Librarie Pierre Roger, Paris, 1926.
Hallgarten George W.F., Why Dictators , The Causes and Forms of Tyrannical Rule since 600 B.C., Mac Milan, New York, 1954 .
Heiden H., Hitler, A Biography, New York, 1936.
Hitler Adolf, Mein Kampf, (trad . de l'allemand par J. Gaudefroy-Demombynes et A. Calmettes), Nouvelles Editions latines, Paris, (sans

date).
Hohne Heinz, L'ordre noir, Histoire de S.S., (trad . de l'allemand par Bernard Kreiss), Casterman, Tournai, 1968.
Koch Hanns Joachim Wolfgang, The Hitler Youth. Origins and Development 1922-1945, Mac Donald and Janes, London, 1975.
Koontze Claudia, Les meres–paries du troisieme Reich, Les femmes et le nazisme (trad . de l'americain par Marie-Claude Colson), Lieu Commun, 1986.
Kurdistan in the Time of Saddam Hussein, (Staff Report to the Committee on Foreign Relations of the U.S. Senate),Washington, 1991.
La Rochelle Drieu, Socialisme fasciste, Gallimard, (lere edition), Paris, 1941.
Lenczoski George, The Middle East in World affairs, Cornell University Press, Itach, New York, 1956.
Lichenberger Henri, L'Allemagne nouvelle, Flammarion, Paris,1936.
Lichtenberger h., The Third Reich, New York, 1937.
Lion A.,The Pedigree of Fascism, London, 1927.
Lowenstein K., Hitler's Germany, New York, 1940.
Manoilesco Michail, Le parti unique, 1936.
Marx F. M., Government in the Third Reich, New York, 1937.
Michel Winock), (ouvrage collectif, introd. De), Les annees trente, De la crise a la guerre, Editions du Seuil, Paris, 1990.
Milza Pierre et Berstein Serge, Le fascisme italien 1919-1945, (reedition de l'ouvrage L'Italie fasciste, Armand Colin, 1970), Editions du Suiel, Paris,1980.
Milza Pierre, Le fascisme italien, in, Nouvelle histoire des idees politiques, Hachette, 1987, pp.528-538.
Monnerot Jules, Sociologie de la revolution, Mythologie politique du xxe siecle, Marxistes-Leninistes et fascistes, La nouvelle strategie revolutionnaire, Fayard, Paris, 1969.
Montgomery Mc Govern William, From Luther to Hitler, The History of Fascist-Nazi Political Philosophy, The Riberside Press Cambridge, Cambridge, Massachussetts, 1941.
Morgan G. A., What Nietzsche means, Cambridge, 1941.
Mowrer E. A., Germany Puts the Clock Back, 2end ed., New York, 1937.
Mussolini Benito, Fascismo, in, Enciclopedia italiana di scienza ed arti, edizioni Istituto G. Treccani, vol. xiv, 1932, pp. 847-884.
Mussolini Benito,La doctrine du fascime, Vallechi Editore, Firenze, 1935.

Neumann Beemoth, The Structure and Practice of National-Socialism, 1933-1944, 2end ed., New York, 1944.

Nolte Ernst, Le fascisme dans son epoque, 3e vol., Juillard, 1970.

Ory Pascal, (ouvrage collectif sous la direction de), La nouvelle droite de la fin de siecle, Nouvelle histoire des idees politiques, Hachette, 1987, pp. 457-467.

Ostenc Michel, Intellectuels et fascisme, Payot, Paris, 1983.

Ostenc Michel, L'education en Italie pendant le fascisme, publications de la Sorbonne, Universite de Paris, 1980.

Polantzas Nicos A., Fascisme et dictature, Editions du Seuil, Paris,1970.

Prelot Marcel, L'empire fasciste, les tendances et les instutions de la dictature et du corporatisme italien, Sirey, 1936.

Prelot Marcel, Les principes du gouvernement fasciste, Recueil Sirey, Paris,1934.

Rauschning H., The Revolution of Nihilism, New York, 1939.

Reich Wilhelm, La psychologie de masse du fasciste (trad. de l'allemand par Pierre Kamnitzer), Payot, Paris,1972.

Rempel Gerhard, The Misguided Generation, Hitter Youth and SS 1933-1945, Phil. Diss, 1971.

Richard, Le nazisme et la culture, Maspero, Paris, 1978.

Rossi Angelo, La naissance du fascisme, L'Italie de 1918 a 1922, (6e edition), Gallimard, Paris, 1938.

Salvatorelli Luigi e Mira Giovanni, Storia del fascismo, l'Italia dal 1919-1945, Edizioni di Novissima, Roma, 1952.

Salvemini G., Under the Axe of Fascism, New York, 1936.

Schinnerer E., German Law and Legislation, Berlin, 1938.

Schneider H. W., Making the Fascist State, New York, 1928.

Schuman F.L., Nazi Dictatorship, New York, 1936.

Sigman Jean, Quest–ce qu'un nazi, Etudes de la division de l'education publique, (sans date).

Sillani T., What is Fascism and Why, London, 1931.

Stachura Peter D., The Ideolgy of the Hitler Youth in the Kampfzeit, in, Journal of Contemporary History, 1973, vol. 8, pp.155-167.

Steiner H. A., Government in Fascist Italy, New York, 1938.

Steinr Marlyse, Hitler, une biographie, Fayrd, 1990.

Stern Joseph Peter, Hitler, le Fuhrer et le peuple (trad. de l'anglais par Suzanne Lorme, pref. de Pierre Aycoberry), Flammarion, Paris, 1985 .

Sternhell Zeev, Les convergences fascistes, in, Nouvelle histoire des idees politiques, Hachette, 1987, pp.552-564.

Vermeil Edmond, Doctrinaires de la revolution allemande 1918-1938,

Fernand Sarlot, Paris, 1939.

Vermeil Edmond, Hitler et le christianisme, Gallimard, (6e edition), Paris, 1939.

Vialatoux Joseph, La cite totalitaire de Hobbes , theorie naturaliste de la civilisation. Essai sur la signification de l'existence historique du totalitarisme, Chronique sociale de France, Lyon, 1952.

Volpe h., Histoire du movement fascist, Rome, 1935.

Walker D. Lawrence, Hitter Youth and Catholic Youth1933-1936, A Study in Totalitarian Conquest, The Catholic University of American Press, Washingtion, 1970.

Walter Jones J., The Nazi Conception of Law, The Oxford University Press, London, 1939.

War and Nazi Criminals in West Germany (Brown Book) , State, Economy, Administration, Army, Justice, Science, National Council of the National Front of Democratic Germany.

Weidling P.J., Health, Race and German Politics between National Unification and Nazism, Camberidge, 1989.

Wilhelm T., and Graefe G, German Education Today, Berlin, 1937.

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی

احمد الزبيدي، ازمة القيادة في العراق، دار الرافد، لندن، ١٩٩٣.

احمد حسن بكر، الانسان العربي و تحديات وجوده القومي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

احمد حسن بكر، الثورة في مرحلة الانطلاق، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٤.

احمد حسن بكر، منهج ثابت في التعامل مع الجماهير، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٦.

اسماعيل صادق، ماذا تبقى من صدام للتاريخ، الزهرا، للاعلام العربي القاهرة، ١٩٩٤ .

اسماعيل صبري مقلد، الاستراتيجية و السياسة الدولية، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٧٩.

البعث العربي الاشتراكي : مبررات وابرز سماتة ، المؤسسة العربية، بيروت ، ١٩٧٥.

البعث و تحديات المستقبل(نص الكلمة التي وجهها الرفيق القائد المؤسس، الامين العام الى جماهير الامة في اذاعة و تلفزيون بغداد في ٦,٤,١٩٧٧. بمناسبة الذكرى الثلاثين لانعقاد المؤتمر الاول للعرب، دار الحرية، بغداد ، ١٩٧٧.

التجربة النضالية لحزب البعث العربي الاشتراكي ، مطبعة المؤسسة العربية، بيروت ، ١٩٧٥.

الدستور المؤقت و تعديلاتها، وزارة الاعلام العامة، دار الحرية للطباعة، بغداد ، ١٩٧٦.

الدستور المؤقت وتعديلاتها، وزارة العدل، قسم الاعلام القانونى، مطبعة وزارة العدل، بغداد، ١٩٨٣.

الدكتور مسلم بن علي بن مسلم، لماذا غزا صدام الكويت، دار الساقي، لندن، ١٩٩٥.

الدكتور منيف الرزاز، ازمة اليسار العربي، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٣.

الدكتور منيف الرزاز، لماذا الاشتراكية الان، المرحلة الاولى في بناء الاشتراكية، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٧٣.

العقيد الركن احمد الزبيدي، ازمة القيادة في العراق، دراسة عسكرية، دار الرافد، لندن، ١٩٩٣.

المنهج القومي العربي لفريق الشبان العرب المؤمنين : الرسالة الاولي، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٣٥.

الياس فرح، الفكر العربي الثوري : امام تحديات المرحلة، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٣.

الياس فرح، في سياسة العربية الثورية : قبل النكسة وبعدها، دار الثقافة، بغداد، ١٩٧٠.

الياس فرح، تطور الايديولوجية العربية الثورية، ط٢، بيروت ،المؤسسة العربية للدراسات، بيروت، ١٩٧٢.

الياس فرح، تطور الفكر الاشتراكي للبعث ،حزب الطبقة العاملة، دارالطليعة، بيروت، ١٩٧٣.

الياس فرح، الفكرالعربي الثوري،دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٥.

الياس فرح، الابعاد الفكرية و النظالية لتاسيس البعث المؤسسة العربية، بيروت،١٩٧٤.

الياس فرح، في السياسة العربية الثورية قبل النكسة وبعدها، وزارة الاعلام، بغداد، ١٩٧٠.

الياس فرح، مستقبل العمل الثوري العربي،دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٣.

ايام بارزة في نضال حزب البعث العربي الاشتراكي ، الموسسة العربية، بيروت ، .
باقر ابراهيم، صفحات من النضال، دار الكنوز، بيروت، ١٩٩٧.
باقر ياسين، تاريخ العنف الدموي في العراق، دار الكنوزالادبية، ١٩٩٩ .
برزان التكريتي، محاولات اغتيال الرئيس صدام حسين، بغداد ، ١٩٨٢.
جعفرالحسني، على حافة الهاوية، العراق ١٩٦٨- ٢٠٠٢ ، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٣ .
جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧١.
جلال الطالباني، كوردستان و الحركة القومية الكردية ، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٧١.
جمعية الحقوقيين العراقيين (تقديم احمد رائف) ، بلاد الخوف وارض الرعب، دراسة في جمهورية صدام، الزهراء للاعلام العربي، ١٩٩١.
حزب البعث العرب الاشتراكي، المنهج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، دار الحرية لطباعة، بغداد ، ١٩٧٧ .
حزب البعث العربي الاشتراكي، المنهاج الثقافي المركزي، دار الحرية للطباعة، بغداد ، ١٩٧٧ .
حزب البعث العربي الاشتراكي، نضال البعث في القطر العراقي ١٩٥٨-١٩٦٣ ، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٢.
حزب البعث العربي الاشتراكي، نضال البعث، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٢.
حسن السعيد، نواطير الغرب، صفحات من ملف علاقة اللعبة الدولية مع البعث العراقي (١٩٤٨-١٩٦٨) ، مؤسسة الوحدة للدراسات، بيروت، ١٩٩٢.
حسن العلوى، التاثيرات التركية في لعراق، دار الزوراء، لندن، ١٩٨٨ .
حسن العلوي، اسوار الطين في عقدة الكويت و ايدولوجية الظلم، دار الكنوز الادبية، بيروت، ١٩٩٥.

حسن العلوي، اسوار الطين في عقده الكويت و ايدولوجية الظلم، دار الكنوز الادبية، بيروت، ١٩٩٥.

حسن العلوي، التاثيرات، التركية في المشروع القومي العربي في العراق، منشورات الشريف ، دار الزوراي، لندن، ١٩٨٨ .

حسن العلوي، العراق دولة المنظمة، السرية، دار النشر، بيروت، ١٩٩٠ .

حسن العلوي، عبدالكريم قاسم، رؤية بعد العشرين، منشورات دار الزوراء، لندن، ١٩٨٣.

حول منطلقات النظال العربي الثوري، دارالحرية، بغداد ، ١٩٧٣.

خليل ابراهيم حسين، الغز المحير عبد الكريم القاسم، دار الحرية للطباعة، الجزء السادس، بغداد ، ١٩٨٩.

د. حلمي محمد القاعود، هتلر الشرق و بلطجي العراق ولص بغداد ، دار الاعتصام للنشر، القاهرة، (بلاتاريخ) .

د. عبدالعزيز الدوري، الجزور التاريخية للشعوبية، دار الطليعة، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٨٠.

د. علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث . ج٢ . دار كوفان للنشر، لندن، ١٩٩٢.

د. علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث . ج٥. القسم الاول، بغداد ، ١٩٧٧ ، القسم الثاني، بغداد ، ١٩٧٨.

د. علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث . ج٦ . بغداد ، ١٩٧٦.

د. علي كريم سعيد، عراق ٨ شباط، من حوار المفاهيم الى حوار الدم، دار الكنوز الادبية، بيروت، ١٩٩٩.

د. وميض جمال عمر نضمي، الجذور السياسة و الفكرية و الاجتماعية للحركة القومية العربية في العراق، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٨٤.

رياض نجيب الريس، جواسيس العرب، رياض الريس للكتب و النشر، لندن، ١٩٨٧.

زكي الارسوزي، العبقرية العربية في لسانها، مطبعة الحياة، دمشق، (بلاتاريخ) .

زيد حيدر ، البعث وعدم النحياز، دار الثورة، بغداد، ١٩٧٧ .

سامي الجندى، البعث، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٦٩

شبلي العيسمي، احاديث في القومية والتقدم ،ط٢، دارطليعة، بيروت ، ١٩٧٤.

شبلي العيسمي، الوحدة العربية من خلال التجربة، هيد لبرج، لندن، ١٩٧١.

شبلي العيسمي، حول الوحدة والضامن والتسوية، دار الاداب، بغداد، ١٩٦٢.

شبلي العيسمي، في الثورة العربية، المؤسسة العربية في الدراسات والنشر ، بيروت، ١٩٧٥.

شبلي العيسمي، في الوحدة والحرية والاشتراكية، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٦.

شيبلي العيسمي، حزب البعث العربي الاشتراكي، مرحلة الاربعينات التاسسية، ١٩٤٠-١٩٤٩، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٥.

صدام حسين ، التعبير النظري عن واقع حي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

صدام حسين ، العطاء المتجدد تاج الماضي المجيد، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

صدام حسين ، المرونة في العمل الثوري ،اسلوب للتقدم ام طريق للتراجع، دارالحرية، بغداد ، ١٩٧٧.

صدام حسين، احاديث في القضايا الراهنة، دار الطليعة، بغداد، ١٩٧٤.

صدام حسين، الاعلان القومى، استجابة لدواعي المسؤولية القومية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.

صدام حسين، العرب والدور القيادي لرسالة الاسلام، دار الحرية الطباعة، بغداد، ١٩٨٣.

صدام حسين، المفهوم البعثي للقانون و العدالة، دار الحرية للطباعة و النشر، بغداد، ١٩٧٩.

صدام حسين، خطب وتصريحات، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٢.

یەکێتیی	١٤٦
ئازادی	١٥٥
سۆسیالیزم	١٥٨
شۆڕشی بەعس	١٦٥
ئۆکسیمۆرنی بەعسی: نەسیۆنالیزمی ئیسلامی یان ئیسلامی نەسیۆنالیست	١٧٥
پەراوێزەکانی بەشی سێهەم	١٨٧
بەشی چوارەم: بەعس و فاشیزمی مێژوویی	١٩٥
بەعس و نەسیۆنال سۆسیالیزم	١٩٥
دەوڵەتی نەسیۆنالی بەعسی و نەسیۆنال سوسیالیزم	١٩٨
تیۆری دەوڵەتی بەعس	١٩٩
بەعس و تیۆری دەستەبژێر	٢١٣
کورتەی چیرۆکەکە: لیقیەتانی بەعس	٢٢٥
تاک و نەتەوە و ئۆپۆزسیۆنی " برادەر - دوژمن"	٢٣٨
پەراوێزەکانی بەشی چوارەم	٢٤٦
بەشی پێنجەم: بیروڕای عەفلەق و نەسیۆنالیزمی ئەورووپی و سەردەمی فاشیست	٢٥٣
بیروڕای عەفلەق و سەردەمی فاشیست	٢٥٣
عەفلەق و نەسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی	٢٥٩
نەسیۆنالیزم و "چارەسەری چوار کوچکەی " عەفلەقی	٢٧٠
پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم	٢٨٢
سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتاڵی	٢٨٧
سەرچاوەکان لەسەر نەسیۆنال سۆشیالیزم و فاشیزم	٢٩٨
سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی	٣٠٤

١٩٨٤.

طالب الحسن، حكومة القرية، فصول من سلطة النازحين من ريف تكريت، الجزء الاول، دار الزوراء لندن، ٢٠٠٢ .

طه ياسين رمضان، صدام حسين الرفيق والاخ والقائد، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩ .

عبد الرحمن البزاز ، هذه قوميتنا ، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٥٥ .

عبدالحميد العباسي، صفحات سوداء من بعث العراق، مطبعة دار التراث، لندن، ١٩٨٨.

عبدالرحمن البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال ، دار البرق، لندن، ١٩٩٧.

عثمان الرواندزي المحامي، استجواب صدام حسين رجل المتناقضات، الدار الاندلسية، لندن، ٢٠٠٢.

عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٨٤.

علي عباس مراد، الطبقات والصراع الطبقي الايديولوجية العربية الثورية ، دار الحرية، بغداد، ١٩٨٤.

فائز اسماعيل، بدايات حزب البعث في العراق، دمشق، ١٩٩٧.

لطيف يحي، كنت ابنا للرئيس، نوركا للطباعة والنشر، النمسا، ١٩٩٤.

ليث عبدالحسن الزبيدي، ثوره ١٤ تموز في العراق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩ .

ليث عبدالمحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

مجيد خدوري، العراق الاشتراكي، دار المتحدة للنشر، بيروت، ١٩٧٣.

مجيد خدوري، العراق الاشتراكي، دار المتحدة للنشر، بيروت، ١٩٨٥.

مجيد خدوري، عرب معاصرون، دار المتحدة للنشر، بيروت، ١٩٧٣.

محمد السماك، من هو صدام التكريتي، صوت الرافيدين،(بلا تاريخ).
محمد جابر الانصاري، تحولات الفكر والسياسة في الشرق العربي (١٩٣٠-١٩٧٠)، الكويت، سلسلة عالم المعرفة، (٣٥)، ١٩٨٠.
محمد سعيد النجدي، الانقلابات الثورية في بعض الاقطار العربية، دار امية، ١٩٦٦.
محمد سعيد النجدي، حصيلة الانقلابات الثورية في بعض الاقطار العربية، دار امية، ١٩٦٦.
محمود الحلاح، الاراء الصريحة لبناء قومية صحيحة ، مطبعة دار الاسلام، بغداد .
محمود القاضي، العروبة وجهاد ، مظبعة النجاح، بغداد ، ١٩٦٠.
مصطفى دندوشلي، حزب البعث العربي الاشتراكي، الايدولوجيا و التاريخ السياسي، بيروت، ١٩٧٩.
من خطب و احاديث الرئيس صدام حسين في معركة قادسية صدام، مطبعة التوجيه السياسي، بغداد ، (بلا تاريخ) .
منزر الموصلي، القضية الكردية في العراق، البعث والاكراد ، دار المختار، دمشق، ٢٠٠٠.
منيف الرزاز، التجربة المرة، دار غندور، بيروت، ١٩٦٧.
ميشل عفلق، نقطة البداية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٤.
ميشيل عفلق، النضال ضد تشويه حركة (الثورة) العربية، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٥.
ميشيل عفلق، الثورة صراعات الحاضرو المستقبل ، بيروت .
ميشيل عفلق، في سبيل البعث، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الرابعة عشر، بيروت، ١٩٧٥.
ميشيل عفلق، مختارات من اقوال مؤسس البعث، سلسلة الثقافة الثورية، بيروت .
ميشيل عفلق، نضال في سبيل البعث، دار الطليعة ١٩٥٦. نضال البعث في سبيل الوحدة، الحرية، الاشتراكية، وثائق حزب البعث العربي الاشتراكي ١٩٤٣-١٩٤٩ من

پێرست

پەیڤێك	٣
پێشەکی	٥
پەراوێزەکان	١٨
بەشی یەکەم: میشێل عەفلەق و بەعسی عەفلەقی لەعیراق	٢١
عەفلەق و حیزبی بەعس	٢١
پارتی بەعسی عەرەبی لەعیراقدا	٣٩
یەکەم رژێمی بەعس	٤٨
دووەم رژێمی بەعس	٥١
بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز	٥٧
لەلیڤیەتانی دوو سەرەوە بۆ لیڤیەتانی یەك سەر	٦٧
پەراوێزەکانی بەشی یەکەم	٧٩
بەشی دووەم: میکانیزمی کارکردنی رژێمی بەعسی عیراقی	٩١
رێکخراوی حیزبی بەعس و پۆلیسی سیاسی	٩١
سوپای عیراقی	١٠٦
میلیشیای بەعس: سوپای میللی	١٠٩
هەندێ دەزگای پەرەسەربازی دیکە	١١٣
سەربازاندنی لاوان و پەروەردەی منالآن	١١٣
پەراوێزەکانی بەشی دووەم	١٣٥
بەشی سێهەم: ئایدۆلۆژیای بەعسی	١٤٥
بەعس چییە؟	١٤٥
سێ کوچکەی بەعس	١٤٦